زەردەشت و ئاڤێستا
و
فەلسەفەی یەکتاپەرستی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد عەبدولحەمید (پەهلەوان)

MUKIRYANI

زەردەشت و ئاڤێستا
و
فەلسەفەی یەکتاپەرستی

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی
فەرهاد عەبدولحەمید(پەهلەوان)

MUKRIANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر - ٢٠١٣

Kurdistans Zarathustiska Samfund
Stockholm • Sweden

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **زەردەشت و ئاڤێستا و فەلسەفەی یەکتاپەرستی**
- کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد عەبدولحەمید(پەهلەوان)
- نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: ڕێمان عەبدولجەبار
- پێداچونەوە: ئەحمەد ئازاد عەبدولحەمید
- ژمارەی سپاردن: (٦٠٦) لەساڵی ٢٠١٣
- نرخ: (١٠٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١٣
- تیراژ: ١٠٠٠
- چاپخانە: موکریانی (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٨٠١)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

Kurdiska Läraförbundet Stockholm • Sweden

بیری چاك

(هومت)

وتەی چاك

(هوخت)

كرداری چاك

(هورشت)

پێرست

- پێشەکی..... ٩
- بنەماڵەی زەردەشت و پەیڕەوەکانی ٢٢
- مانای وشەی زەردەشت ٢٥
- کات و سەردەمی پەیدابوونی زە ردەشت ٢٧
- بیرۆکە و بۆچوونی یەکەم ٢٧
- بیرۆکە و بۆچوونی دووەم ٣٢
- بیرۆکە و بۆچوونی سێیەم ٣٤
- زێدی لەدایکبوون و کورتەیەك لە ژیانی زەردەشت..... ٤٢
- ئارامگای زەردەشت ٦٢
- بیر و سیما و ڕوخساری زەردەشت لە وتەکانیدا..... ٦٤
- فەلسەفەی ئایینی زەردەشتی ٩٦
- ژیان چییە؟..... ٩٨
- چاکە و خراپە، دیالەکتیکی ڕە وان و ئەندێشە لە باوەڕی زەردەشتدا..... ١٠٠
- یەکتاپەرستی و ئایینی زەردەشتی ١١٢
- ئاهورامەزدا ــ (پەروەردگاری دانای مەزن)..... ١١٩
- کارتێکردنی ئایینی زە ردەشتی لە سەر ئایینە یەکتاپەرستییەکانی دیکە... ١٣١
- ئەمشاسپەندان (نەمرەپیرۆزەکان)..... ١٣٦
- ئێزەدەکان ١٥٦
- ئاڤێستا:Avest..... ١٧٦
- کورتەیەك لە سەر گوزشتە و بەسەرهاتی ئاڤێستا..... ١٨٤
- ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکان..... ١٩٦
- ئاڤێستای ئێستاکێ..... ٢٠١
- یەسنا..... ٢٠١
- گاتا..... ٢٠٤

- خوردەی ئاڤێستا (ئاڤێستای چکۆڵە) یا (وردە ئاڤێستا)..... ٤٧٣
- بڕێك لەو زانیارییانەی پێویستە دەربارەی ئایینی زەردەشتی بیزانین..... ٤٨١
- ئاگر و هۆی ڕووکردنە ڕووناکی لای زەردەشتییەکان ٤٨٢
- فرە وە هر..... ٤٩٣
- سدرە و کشتی (ژێرکراس و پشتوێنی تایبەتی)..... ٤٩٨
- پاداش و سزا، بەهەشت و دۆزەخ لەم جیهانە و پاش مەرگ..... ٥٠١
- هاوسەر خواستن لە ئایینی زەردەشتیدا ٥١٤
- نوێژ و ڕۆژوو لە ئایینی زەردەشتیدا ٥٢٢
- ئاشتی و ئاسایش..... ٥٢٤
- گوناه لە ڕوانگەی زەردەشتییەوە ٥٢٦
- زەند و پازەند..... ٥٢٨
- مەجووس (مەگووش، مۆغ)..... ٥٣٠
- پێشەوایانی ئایینی زەردەشتی ٥٣٣
- زەردەشت و شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئابووری ٥٣٤
- ڕاستی ٥٣٧
- پەیمان..... ٥٣٩
- پاکی و پاکدامەنی..... ٥٤٠
- ئازادیی هەڵبژاردن ٥٤١
- مافی مرۆڤ..... ٥٤٤
- کار و کۆشش..... ٥٤٦
- ژینگەپاراستن..... ٥٤٨
- کشتوکێڵ و پەروەردەی ئاژەڵ..... ٥٤٩
- پەراوێزەکان..... ٥٥١
- سەرچاوەکان..... ٥٧٧
- وێنەکان..... ٥٨٣

پێشکەشە بە:

نەتەوەی زەردەشت،
ئەو نەتەوەیەی ئێستا پارچە پارچەکراوە
خاکی بێ نەخشە و کیشوەرە!

بە ڕەوانی پاکی شەهیدانی
ڕێگای ڕاستی و دروستی،
ڕێگەی بیر و باوەڕی پاك و پیرۆزی کوردایەتی

ئەم پەیامە بێ ڕابەرە
پێشکەشە
بەو کەسانەی بێ دەنگن و
گەروویان پڕ لە هاوارە
بە زەردەشتییانی نوێی ئەم میللەتە....

پێشــــــــــەکی

مەبەست لە کۆکردنەوە و نووسینی ئەم باسە ئەوە یە، کە نەوەی نوێی نەتەوەکـەمان زانیارییـەکی پوخت و دروستیان دە ربارەی گرنگترین و دێرینترین کەلەپووری نەتەوایەتیمان هەبێت.

سەربەرزی و پێشکەوتنی هەر نەتـەوە یـەك، دەگەڕێتـەوە بـۆ بـاوە ڕ بـە خـۆکردنی تـاك تـاکی ئەندامانی ئەو نەتەوە یە. کاتێك ئـەو بـاوە ڕە زێـتر دەبێـت، کـە خـەڵکی ئاگـاداری رابـردووی پـڕ لەشانازی، ئازایەتی، زانستی، هونەر و مێژووی دێرینی خۆیان بن.

ئەم گاداری و زانینە، پاڵ بەو کەسانەوە دە نێت کـە هەسـتی نەتەوایـەتیان پـتر بێـت و هـەوڵ و کۆشش بدەن بۆ پێشخستنی نەتەوەکەیان، بۆئەوەی بیسەلمێنن بۆ هەموو جیهان، کـە ئەمانـە رۆڵـەی شایستە و لێهاتووی باوك و باپیرانیـانن، هـەروە هـا هانیـان دەدات بۆئـەوەی سـوود لـە ئـەزموونی شارستانییەتی رابردووی پێشینانیان وە ربگرن و پەند لەو نشێویانە وە ربگـرن، کـە رۆژگـار و خـودی خۆیان بوونەتە هۆی. ئەو ئەزموونانە خۆیان لە خۆیاندا دە بنە رۆشنکەرە وەی ڕێگەی تاریـك و شـەوە زەنگی نەتەوەکەمان بۆ گەیشتنە کاروانی شارستانییەتی نوێ، کە چەندین سەدەیە بە هـۆی نـەزانین و دەستدرێژی بێگانە و ژێردە ستیدا لێی وەدوورخـراوین. بێگومـان ئـەو زانسـت و فەلسـەفە دێرینـەی باپیرانمان، باشترین و بەهێزترین ژێرخان و کۆڵەکەن بۆ چارەنووسی دیوەخانی کۆمەڵگای نەتەوەکـەمان. چەندە ئەو بناغەیە بەهێزتر و پتەوتر بکەین، پاشەڕۆژمان رۆشنتر و گەشتر دەبێت.

خوالێخۆشبوو (ئیحسان نوری پاشا) لە پێشەکی کتێبە بەنرخەکەیدا (تاریخ ریشـە نـژادی کـرد) ل-٢ دەبێژێ:

(بێ ئاگایی لـە رابـردوو، دەبێتـە هـۆی بایەخنـەدان بـە داهـاتوو. دەبێـژن شـانازی بـە بـەردی سەرگۆڕەکان ناکرێت. وەلێ لە نێوان سەرهەڵدان و بـەهێزکردنی هەسـتی پاراسـتنی ئـازادی لـە نێـو میللەتاندا، لە تەك زانینی هەڵسوکەوت و کرداری پڕ لە شانازی باو و باپیرانمان پەیوەندییـەکی بـەهێز هەیە. دە بێ لێرەدا ئەوە بگوترێت کە ئەو شانازیانە چرا و رێنمایی ڕێگەی مەزنایەتی میللەتانە.)

دە ربارەی زەردەشت و پەیام و ئایینەکەی، کتێـب و نووسـینی جۆراوجـۆر بـە گـەلێ لـە زمانـە زیندووەکانی جیهان نووسراونەتەوە. هەر یەکە لەو نووسەرانە پاڵیان داوەتەبەر بڕێـك بەڵگـە بۆئـەوەی

ڕاستی قسه و بۆچوونی خۆیان بسەلمێنن. مەخابن، زۆر لەو نووسەرانە، دە مارگیرێتی کارێکی وای کردۆتە سەر نووسینەکانیان و کەوتوونەتە نێو گێژاوێکی وا کە بە هیچ کلۆجێك نەیانتوانیوە خۆیانی لی قوتاربکەن، بەتایبەتی نووسەرە موسلمانەکان کەوتوونەتە نێو باسێکی نازانستیانە دەربارەی زەردەشت و باوەڕ و ئایینەکەی، لەلایەکەوە تاوانباری دەکەن بە ئاگرپەرست و لەلایەکی دیکەوە دەبێژن: زەردەشت باوەڕی بە بوونی لە خوایەك پتر هەبووە. هەروە ها دە ربارەی رە چەڵەك و نەژادی ئەم پەیامبەرە مەزنە دووبارە کەوتوونەتە هەڵەوە، بۆ وێنە (ابو جعفر محمد جریر طبری ٢٢٤-٣١٠ کۆچی) بە هۆی دەمارگیری ئایینییەوە دەیەوێت بە زۆرە ملە بیسەلمێنی، کە زەردەشت عەرەب بووە و لە (بیت المقدس) هاتۆتە ئێراق و لەوێشەوە بەرەو (بەڵخ) رۆیشتووە...

بڕێکی دیکەیان نووسینی پیاوە ئایینییەکانی پاش زەردەشتیان لەتەك ئەفسانەکانی سامییەکاندا ئاوێتەکردووە، تەنانەت زەردەشتیان لەتەك هەندێ لە پەیامبەرەکانی بەنی ئیسرائیل بەیەك زانیوە و لە بیر و خەیاڵی کرچوکاڵی خۆیاندا داستانیان بۆ داڕشتووە.

لێرەدا ئەوە ندەی لە توانا و وزە مدا بێت و ئاگاداری بم و خوێندبێتمەوە بڕێك بەڵگە و زانیاری بۆ خوێندە وارانی هێژا دە هێنمەوە دە ربارەی یەکتاپەرستی ئەم ئایینە پیرۆزە و هەروە ها دەربارەی نەژاد و نەتەوە و شوێنی لەدایکبوونی ئەم پەیامبەرە نەمرەی ئەم هەسارە یەی نێوی زەوییە، کە بەدەگمەن گەورە پیاوی وەك ئەوی دیوە.

لە قورئانی پیرۆزدا (سورە فرقان..ئایەتی-٤٠) خوا دەفەرموێت: (وعادا و ثمود و اصحاب الرس١ و قرونا بین ذلك کثیرا) هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە لەلایەن خواوە بۆ پەیامبەری ئیسلام محەمەد (د.خ) ئەوە بوو، کە عەرەبەکان دە یانویست دژی پەیامبەر و ئایینەکەی بوەستن، بۆیە خوای گەورە دڵخۆشی دەداتەوە و دە فەرموێت: ئەی پەیامبەر هیچ غەمگین مەبە و نیگەران مەبە، چونکە لە پێش تۆشدا میللەتی نوح و خەڵکی ثمود و رە س پەیامبەرەکانیان بە درۆزن ناودە برد، بەڵام هەموویان بە سزای کرداری خۆیان گەیشتن.

هەروەها لە (سورە ق — ئایەتی ١٢)دا دە فەرموێت: (کذبت قبلهم قوم نوح و اصحاب الرس و ثمود) ئەم وشەی (رس)ە، کە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی لێبراوە بە گوێرەی بۆچوونی بڕێك لە راڤەوانانی ئایەتەکانی قورئان هەمان ڕووباری ئاراسە و (اصحاب الرس) بە مانای خەڵکی ناوچەی ئاراسە و ئەو شوێنەیە، کە پەیامبەری نەمر، زەردەشتی تێدا لەدایکبووە.

لە کتێبی (مجمع البحرین) (معاني الاخبار) دەربارەی وشەی (رس) دەبێژێ: ﴿خەڵکی (رس) نەتەوەیەك بوون، کە لە دە وروپشتی ڕووبارێك بە هەمان ناوەوە دەژیان و ئەم ڕووبارە کەوتۆتە

رۆژهەڵاتی زەمین﴾. لە کتێبی: (جغرافیای تاریخی: شهر بزرگ هگمتـان وانشـان) نووسـینی: (جـواد صدقی) ل: ٣ دەبێژێ:

لە چوار کلیۆمەتری رۆژئاوای شاری رضائیه (ورمێ) گوندێکی دێرین هەیە بە نـاوی ئـارواج – ئاریاویج، هەمان ناوچەیە کە لە ئاڤێستادا باسی لێکراوە، سـنووری ئـەم گونـدە بـەم شـێوەیەیە: لـە باشوورەوە ڕووباری ئارواج، لە باکوورەوە بناری کێوی جودلر، لە رۆژئاواوە بە زەوییـەکانی دێـی خنیـە (خنرس) و لە رۆژهەڵاتەوە زەوییەکانی گوندی سەنگەری (فرامرزخان)ە.

دەربارەی گوندی خنیه (خنرس) دەبێژێ:

﴿هەر لە سەرەتای پاشایەتی هۆشەنگ شای پێشدادییەوە تا کۆتایی پاشایەتی فـەرە یـدوون شـا، سەرزە مینی ئێران بە ناوی حەوت دەڤەرە (ناوچە) ناودە بـرا و بـە ناوبـانگترینی ئـەو حەوتـدە ڤـەرە خنرس (خنیه)ی ناوبووە، بە گـوێرەی نووسـینەکانی پەهلـەوی، ئـابینی زە ردەشـت لـەو ناوچـەیەدا پەیدابووە و لە ئایەتی (٤٠)ی سورەی (فرقان) و ئایەتی (١٢)ی سورە (ق) لـە قورئـانی پـیرۆزدا بـە ناوی اصحاب الرس (خنرس) ناوی لێنراوە.﴾

خوالێخۆشبوو پورداود لە کتێبی یەشتەکاندا بەرگی یەکەم پەراوێزی لاپەڕەی ٤٣٣ دە بێژێ: ﴿لـە ئاڤێستادا دەربارەی وڵاتی خونیرەس (خنرس) زێتر لە وڵات و دەڤەرەکانی دیکە ناوی لێـبراوە، چـونکە ئەم وڵاتە پیرۆزترین بەشی سەر زەوی ئاریایەکانە (٢) و شەش نەژاد تیایدا ژیاون، ئەم وڵاتە (دەڤـەرە) بە تەنیا بەرانبەر شەش دەڤەرەکەی دیکەیە، لەوانەیە مانای خونیرەس (خنـرس) خـاوەنی گەردوونـەی خاس بێت.

ئەو رۆژگارەی کە تیشتەر(٣) لافاوی بەرپاکرد، نیوەی زە وی کەوتە ژێر ئاو لـە زە ویـدا، حـەوت دەڤەر هاتەئارا، ئەو دە ڤەرەی لە ناوە ڕاستدایە پێی دەبێژرێ خونیرس (خنرس) و خۆی بە تەنیایی بـە ئەندازەی شەش دە ڤەرەکەی دیکەیە.

بەشێك لە زە ریای فراخکرت دە وروبەری (خونیرس)ی گرتووە، خونیرس لـە هـەموو دە ڤـەرەکان جوانتر و خاسترە، ئەهریمەن لەم دە ڤەرەدا زە رە ر و زیانێکی یەکجار زۆری گەیانـدووە، چـونکە دیـتی کە لەم ناوچەیەدا (کەیانییەکان) و پیاوە دلێر و ئازاکان دە رکەوتوون، ئابینی پاکی خواپەرسـتی لێـرە وە دە رکەوت و بەرە و دەڤەرەکانی دیکە تەشەنەیکرد و لە ئاکامدا رزگارکـەری جیهـان (سوشـیانس) هەر لەم ناوچەیەدا دە ردەکەوێ و خراپە (ئەهریمەن) لە ناودەبا..﴾

شایانی باسه کەیخەسرە و کوڕی سیاوەش کوڕی کەیکاووس کوڕی کەیقوباد، کە (شا) یا (شالیاری) دە ڤەری خونرەس بووە، بە گوێرەی نووسینەکانی پەهلەوی لە پاکی و پیرۆزیدا وەك پەیامبەر وابووە.

گرنگترین کارەکانی بریتی بووە لە:

١. خاپوور و وێرانکردنی هەموو بتخانەکانی دە وروبەری گۆڵی چئچست (ورمێ).

٢. کوشتنی ئەفراسیاوی تۆرانی.

دە ربارەی ئاریاویج یا (ئیران ویج)، موبد فیروز ئازە ر گوشەسب لە کتێبی (بخشي از فرهنط اوستا تطبیق ان با فارسی و کردی) لاپەڕەی ٥ دا وشەی (ئائیرینە ڤەئیجە Airyane Vaeja)ی بەم شێوە یە لێکداوەتەوە:

(ئایران ڤیج — وڵات و نیشتەجێی ئاریاییەکانە، لە ئاڤێستادا فرە بەڕێزە وە باسی لێکراوە و درود و سڵاوی بۆ نێردراوە، ئێران ڤیج، ناوی ناوچەیەکە ئاریاییە ئێرانییەکان پاش ئەوەی لە برا هیندییەکانیان جیابوونەوە، تیایدا نیشتەجێبوون و ئەم ناوچەیەیان کردە نیشتەجێی وڵاتی خۆیان، هەندێ لە رۆژهەڵاتناسان لەو باوە ڕەدان، کە ناوچەی ئازە ربایجان هەمان ناوچەی ئێران ڤیج بووە و زەردەشتی پەیامبەری ئێرانی دێرین لە نزیك ﴿ گۆلی دەرەجە﴾، کە هەر ئەم (گۆڵی ورمێ)یەیە لەدایك بووە.

هەروەها خوا لە سورەی حەج — ئایەتی ١٧ی قورئانی پیرۆزدا دە فەرموێت:

﴿ أن الذين امنوا و الذين هادوا و الصابئين و النصاري و المجوس و الذين اشركوا أن الله يفصل بينهم يوم القيمة. أن الله على كل شيء شهيد﴾.

ئەگەر خاس بڕوانینە ئەم ئایەتە، دە بینین سێ کۆمەڵ لە یەکتری جیاکراونەتەوە، کۆمەڵی یەکەم، بریتییە لەوانەی باوەڕیان بە ئیسلام هێناوە، واتە موسڵمانەکان، کۆمەڵی دووەم بریتین لە یەهودی (جوولەکە) و صابئی و فەلە و مەجووس (زەردەشتییەکان)، کۆمەڵی سێیەمیش بریتین لە وانەی بێباوە ڕن، ئەگەر خاس سەرنج بدەینە ئەو سێ کۆمەڵەی کە لە ئایەتی ناوبراودا لە یەکتر جیاکراونەتەوە، دە بینین هەر یەکەیان بە وشەی (الذين)، کە بریتییە لە (اسم الموصول) لە یەکتر جیاکراونەتەوە، ئەو چوار دەستەیەی کە لە کۆمەڵی دووەمدان بە پیتی (و) بەیەکتر لکاون، (واتە بە حرف الوصل).

کەوایە ئەوەی لەو ئایەتەدا ئاشکرایە ئەوەیە لە قورئاندا، موسلمانەکان لەلایەکەوە و یەهود و فەلە و صابئی و زەردەشتی لەلایەکی دیکە و بێ باوە ڕەکانیش بە جیا لەلایەکی دیکەوە دانراون. ئەم

سێ کۆمەڵە بە وشەی (الذين) لە یەکتر جیاکراونەتەوە، واتە مجوس (زە ردەشتییەکان) لە ئاستی ئایینە خاوەن کتێبەکان دانراون.

لە ئایینی ئیسلامدا پاش قورئانی پیرۆز، کە وتەی خوایە: وتەکانی پەیامبەر موحەمەد (د.خ) و پیاوە گەورە ئایینییەکان جێی متمانە و باوەڕن، بۆیە لێرەدا بۆ بەڵگە بڕێك لەو گوتارانە دەخەینە بەرچاو:

لە کتێبی (فجر الاسلام) نووسینی احمد امین، لاپەڕەی ١٠١ نووسەر دە بێژێ:

﴿وقد عاملهم المسلمون في الفتح معاملة اهل الكتاب، وعدوا كتابهم كانه كتاب منزل، وجري (عمر) علي ذلك لما روي له الحديث سنوا بهم سنة اهل الكتاب_واته رە فتارتان لە تەکیاندا هەروەك رەفتارتان لە تەك خاوەن کتێبەکان بێت. (واته خاوەن کتێبە ئاسمانییەکان).

هەروەها لە کتێبی (بحار الانوار — ج ٥ — ل —(٣٧٩) هاتووە:

قال علی علی المنبر:

﴿ سلوني قبل ان تفقدوني. فقام اليه الاشعث بن قيس فقال يا امير المؤمنين كيف تؤخذ من المجوس الجزية ولم ينزل عليهم كتاب ولم يبعث اليهم نبي؟ فقال: بلي يا اشعث قد انزل الله عليهم كتابا و بعث اليهم نبيا.). واته:

عەلی لە سەر مینبەر گوتی:

﴿تا زیندووم هەر پرسیارێکتان هەیە لێم بپرسن، ئەشعەس کوڕی قەیس هەڵسایە سەر پێ و گوتی: ئەی میری موسڵمانان، چلۆن جزیە لە مەجووسەکان وە ردەگیرێت لەکاتێکدا نە کتێبێکیان لە ئاسمانەوە بۆ هاتووە و نە پەیامبەرێکیان بۆ نێردراوە؟

وەڵامی دایەوە و فەرمووی: بۆچی نا، ئەی ئەشعەس، خوا کتێبی ئاسمانی بۆ ناردوون و پەیامبەریشی بۆ ڕە وانەکردبوون..﴾

لە هەمان کتێبدا (بحار الانوار) دە بێژێ:

﴿ سئل ابو عبدالله (ع) عن المجوس أكان لهم نبي ؟ فقال نعم، أما بلغك كتاب رسول الله الي اهل مكة ان اسلموا و الا نابذتكم بحرب فكتبوا الي النبي (ص) ان خذ منا الجزية و دعنا علي عبادة الاوثان، فكتب اليهم النبي (ص) اني لست اخذ الجزية الا من اهل الكتاب. فكتبوا اليه يريدون بذلك تكذيبه زعمت انك لا تأخذ الجزية الا من اهل الكتاب ثم اخذت الجزية من مجوس هجر،

فكتب اليهِ النبي (ص) ان المجوس كان لهم نبي فقتلوه و كتاب احرقوه اتاهم نبيهم بكتاب في اثني عشر الف جلد ثور...﴾

واته : دەربارەی (مجوس) پرسیاریان لە ابو عبدالله (سلاوی خوای لێبێت) کرد، کە ئایا پەیامبەریان هەبووە؟

گوتی: ئەرێ، ئایا دە ربارەی نامەی پەیامبەری خوا بۆ خەڵکی مەکە هیچت پێڕانەگەیەنراوە، کە بۆی نووسیبوون، کە خۆتان بە دە ستەوە بدە ن و باوە ڕ بە ئیسلام بێنن، دە نا دە بێ شەڕمان لەتەکدا بکەن، نامەیان بۆ نووسی کە وازمان لێبێنە و جزیەمان لێوە ربگرە و با هەر لە سەر ئایینی بتپەرستی خۆمان بین. پەیامبەر (د.خ) بۆی نووسین کە ئەز تەنیا لە پەیڕە وانی کتێبە ئاسمانییەکان جزیە وە ردەگرم، ئەوانیش وەڵامیان بۆ نووسی و دە یانویست بەدرۆی بخەنەوە:

دە بێژێت گوایا جزیە لە کەس وە رناگریت مەگەر ئەوانەی کە کتێبی ئاسمانیان هەبێت، بەڵام دە بینین کە جزیەت لە مەجووسەکانی هەجر (هەجر یەکێکە لە شارەکانی یەمەن و لە سەردە می ساسانییەکاندا زۆریان بووبوونە زەردە شتی) وە رگرتووە، دووبارە پەیامبەر (د.خ) نامەی بۆ نووسینەوە و تیایدا دە بێژێ: مەجووسەکان پەیامبەریان هەبوو و کوشتیان و کتێبی ئاسمانیان هەبوو و سووتاندیان، پەیامبەرەکەیان کتێبی ئاسمانی بۆ هاوردوون و لەسەر پێستی دوانزە هەزار (گا) نووسرابوو...

سەبارە ت بە نەژاد و نەتەوەی ڕە ردەشت زۆربەی زۆری مێژوونووسەکان و شارە زایانی ئاڤێستا لەو باوە ڕەدان کە زە ردەشت، لە نەژادی ئاریيە و لە ناوچەی ورمێ لە دایکبووە.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدە ینە مێژوو و جوگرافیای نەتەوەی کورد لە دێر زە مانەوە، واتە لە سەردە می پێش مادەکانیشەوە ٤ (گوتی، کوسی، خالدی، نایری، سوباری..) بۆمان دە ردەکەوێت کە ورمێ و دە وروپشتی هەمووی زێد و زەوی باوك و باپیرانی نەتەوەی کورد بووە.

داریوش شای هەخامەنشییەکان لە سەر بەردە نووسراوەکانی بێستووندا دە ربارەی شاری (رەی) نزیك ورمێ، کە بە شوێنی لەدایکبوونی زە ردەشت دادەنرێت دە بێژێ:

(رەگا یەکێکە لە شارەکانی ماد)، رەگا بە مانای رەی گەورەیە.

مشیر الدولة حسن پیرنیا لە کتێبی (تاریخ ایران) — لاپەڕەی ٥٨ دە بێژێ:

(زەردەشت خەڵکی ناوچەی مادەکان بووە، بەڵام لەبەرئەوەی نەیتوانی لەو دە ڤەردا ئایینی یەکتاپەرستی بڵاوبکاتەوە، ناچاربوو بەرە و رۆژهەڵات کۆچ بکات).

دکتۆر منوچهر – منوچهر پور له کتێبی (بدانیم و سربلند باشیم)، کـه بریتییـه لـه کورتهیـهك دەربارەی ئایینی زەردەشتی له ل- ٢٥دا دە بێژێ:

﴿زەردەشتییەکان باوەڕیان بەوەیە، کە زەردەشت لە رۆژئاوای ئێران (ئازەربایجانی رۆژئاوای ئێسـتا) لەدایکبووە و لەوێوە بەرە و رۆژهەلاتی ئێران (بەلخ) کە پایتەختی گوشتاسەب شا بـووە کۆچـیکردووە بەلام بریتك لە زانایان دە بێژن: زە ردەشت لە دە ڤەری خۆراسان رۆژهەلاتی ئێران لەدایکبووە﴾.

رۆژهەلاتناسی بەناوبانگی فەرەنسی دارمستتەر دە بێژێ: ئاڤێستا کتێبی پـیرۆزی زە ردەشـت بـە زمانی مادەکان نووسراوەتەوە و دەبێژێ: ئەگەر رۆژێ لـە رۆژان نووسـراوەکانی مادەکـان بدۆزرێنـەوە، راستی ئەم بـاوە ڕە م ئاشـکرادە بێـت. هـەروەها دە بێـژێ کـە زمـانی کـوردی و زمـانی پشـتۆیی ئەفغانەکان، هەمان زمانی مادەکانە و گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە (ل – ٧٧ کتێبی تأریخ ریشـه نـژاد کرد – ئیحسان نوری) و (تاریخ مردوخ ل ٤١) کتێبی (تاریخ دوهزار و پانصد ساله ایـران – بـەرگی یەکەم لاپەڕە ٣٨ نووسینی دکتور عباس پرویز. سیسیل جی ئەدمۆنز دە بێژێ:

بە بۆچوونی خۆم، بە گـوێرەی هـەموو لایەنـەکانی جوغرافیـایی و زمانـەوانی دە تـوانین بێـژین: کوردەکانی ئەورۆ نوێنەرانی مادەکانن، کە سێیەمین ئیمپراتۆرییەتی گەورەی رۆژهەلاتی بوون (کتـێبی کردها، ترك ها، عرب ها، ل ١٣).

هەروەها لە هەمان کتێبدا ل ١٣ ئەدمۆنز دە بێژێ:

(مینۆرسکی، لەو باوە ڕەدایە ئەو زاراوانەی ئێستا لە زمانی کوردیدا هەیـە، گشـتیان دە چـنەوە سەر رە چـەلەکێك و لـە سەرچـاوە و پایەیـەکی بـەهێز و کۆنـەوە هەلـدەقولێن کـە ئـەویش زمـانی مادەکانە).

بارتلومە دە بێژێ: کە زەردەشت بۆ یەکەم جار ئایین و باوە ڕەکەی لەنێو کەسوکاری خۆیدا لە سـەر زە مینی ماد بلاوکردە وە.

سایکس لە کتێبی (التاریخ العام للمورخین ج ٢) دەبێژێ: (مادەکان، هۆزێکی کورد بوون کەوا لـە رۆژهەلاتی ئاسوورییەکاندا دە ژیان و سنوری دەسەلاتیان دەگەیشتە خواروی دەریای قەزوین، زۆربـەی ئەم میللەتە لەلایەن زمانەوە لە میللەتانی هیند_ئـەوروپی بـوون و لەلایـەن رەگـەز و خوێنـەوە لـە نەژادی ئاریاییەکان بوون).

سیرولسن لـە کتـێبی (مێژۆپۆتـامی ١٩١٧- ١٩٢٠ ، ل -١٢٧) دە بێـژێ: (مادەکـان بـاپیرە گەورەی کوردەکانن).

خوالێخۆشبوو ئیحسان نوری له ل — ٣٠-٧٨-٨٢ کتێبەکەیدا (تـاریخ ریشـه نـەژادی کـرد) ده بێژێ:

((له بەر رۆشـنایی نووسـینەکانی ئاڤێسـتا وا ده ردەکـەوێت کـه نـاوی سـەرۆك، شـا و گـەوره پیاوەکانی ئەو سەردەمەی که رووداوەکانی تێدا رووبداوه و هەروەها ناوی زۆربەی شوێنەکانیش بـریتین لەو ناوانەی که له سەرده می پێش مادەکاندا له ناوچەی رۆژئاوا و سەرووی ئیرانـدا بـاوبووه. زۆربـەی ناوچەی رووداوەکان له ده وروبەری گۆلی چیچیست (ورمێ) و گـۆلی هیئوسـرەوه (وان) بـوون، واتـه شوێنی لەدایکبوونی حەزره تی زه ردەشت پەیامبەری ئاریایەکانه..

هەروه ها ده بێژێ:

زەردەشت ئەو پیاوه زانا و مەزنه پەیامبەر ئاری و خەڵکی مـاد و لـه خێڵـی مـاژبووه. چـینی رۆحانییەتی زه ردەشتی، که (مـوغ) یـا (مـاژوس) یـان پێدەبێـژرا. لـه نـاوی خێڵـی زه ردەشـتەوه وەرگیراوه، موگ (MOGE) مۆژ یەکێکه لەو شەش خێڵانەی که به قسـەی هـیرۆدۆت، مادەکـانی لێپێکهاتووه)).

دیاکۆنۆف پاش ئەوەی باسی سەرزه مینی ماد دەکات و باسی ئەو دوانـزه ده ڤـەره جوگرافیایـه دەکات، که مادەکانی تێدا جێگیربوون، ده بێژێ که ئـەو دوو ده ڤـەره نـاوه ندییـەی سـەرزه مـینی مادەکان بریتین له سەراسەری ئەو ناوچەیەی که له گۆلی ورمـێ تـا بـاکووری ڕووبـاری دیالـه، واتـه شارەکانی (میاندو ئاو_بانه_سلێمانی_زه هاو و سنه (سنندج) تاوەکو باکووری ڕووبـاری دیالـه، ئـەم دەڤەره وەکو سێ چوکلەی شارەکانی ئێستا (سلێمانی_زەهاو_سنه)ی لێپێکهـاتووه. (کتـێبی تـاریخ ماد ل ٨٧- ا.م. دیاکونوف)

ئەحمەد ئەمین له کتێبی فجر الاسلام ل ٩٩ ده بێژێ:

(.. وقـد ألـف الاسـتاذ جاکسـون (JACKSON) کتابـا قیمـا في حیاتـه اسمـه: (LIFE OF ZOROSSTER) کان له اثـر کـبیر في تـرجیح کفـة المثبـتین لوجـوده، وقـد وصـل في بحثـه الی أن زردشت شخص تاریخي لا خرافي، وانه کان من قبیلة میدیا ((في الجـزء الغربـي الشـمالي مـن فـارس)) وانه ظهر امره نحو منتصف القرن السابع قبل المیلاد و مات نحـو سـنة (٥٨٣ ق. م) بعـد ان عمـر ٧٧ سنة وان موطنه کان اذربایجان، ولکن اول نجاح ناله کان في بلخ و علی اثر دخول الملك بشتاسب في دینـه (...

واته: مامۆستا جاکسۆن له ژیانیدا کتێبێکی بەنرخی نووسیوه به ناوی (ژیـانی زه ردەشـت)، کـه کاریگەرییەکی گەورەی هەبووه بۆ سەلماندنی ئەوەی زه ردەشت مرۆیەکی مێـژوویی بـووه و داسـتان و

ئەفسانە نەبووە. لە خێڵی مادەکان بووە (لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای فارسدا) و لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی پ.ز خۆی ناساندووە و لە ساڵی ٥٨٣ پ.ز کۆچی دوایی کردووە، پاش ئەوەی ٧٧ ساڵ ژیاوە، شوێنی لەدایکبوونی ناوچەی ئازەربایجان بووە، بەڵام یەکەمین سەرکەوتنی لە (بەڵخ) بەدەستهێناوە پاش ئەوەی شا بشتاسەب (گوشتاسەب) ئایینەکەی پەسەندکردووە.

کاتێك کە زە ردەشت لەدایکبوو، دە مێك بوو جەور و ستەم باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو.. کاتێك بوو کە دزی، جەردەیی، درۆزنی، ناپاکی، ناتەبایی، خراپەکاری و نەزانین بڵاوبووبۆوە. خەڵك گیرۆدەی ئەم دە ردانە بووبوون و پابەندی ئەفسانەی جۆراوجۆر بوون و بە هیچ کلۆجێك نەیانده توانی خۆیان رزگاربکەن، ئەم دە ردانە لەلایەك و لەلایەکی دیکە، دە ردی ئەو کەسانەی خۆیان بە پێشەوایانی ئایینی دە زانی، ژیانی خەڵکی کلۆڵیان زێتر تاڵ و ئاڵۆزکردبوو.

لەو سەردە مەدا بۆ هەموو شتێك خوایەکیان داتاشیبوو، خوای ئاسمان، خوای زە وی، خوای با، خوای باران، خوای ئاو، خوای ئاگر، ... هتد، خەڵك ناچاربوون بۆئەوەی دڵی ئەم هەموو خوایانە ڕابگرن و خۆیان لەقین و سزایان بپارێزن، قوربانیان بۆ بکەن، ئەم پێشەوا ئایینیانە وایان لە خەڵك گەیاندبوو، کە ئەمان نوێنەری خواکانن و خەڵکی بە هۆی ئەمانەوە دە توانن دەنگیان بگەیەننە خواکان و بۆ وەدیهێنانی ئەو کارە گرنگە، پێویستە قوربانی بدەن و خوێنی ئاژەڵ بڕێژن و کوپەڵەی مەی نایاب و دیاری بەنرخ پێشکەش پێشەوایانی ئایینی بکەن.

بەڵی هەزارەها ساڵ لەمەوبەر ئەم پەیامبەرە نەمرە لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی وە هادا پێی ناوەتە ئەم جیهانە بۆئەوەی شەوە زەنگی ژیانی مرۆڤ ڕووناك بکاتەوە و ئەفسانە و بیر و کرداری خراپ لە کۆمەڵگا ڕامالێت.

کاتێك تەمەنی گەیشتە ئەوەی بیربکاتەوە ڕاپەڕینێکی وە ها ڕاپەڕی، کە هەتاهەتایە لە یادی ئادە میزادی ژیر و دانا دەرناچێت.

زە ردەشت داوا لە خەڵك دەکات، کە دووربکەونەوە لەو جۆرە کردارانە و تاوێك تێبفکرن و بیربکەنەوە و ڕێگای ڕاست و دروست هەڵبژێرن و واز لە پەرستنی چەند خوایەکی جیاواز بهێنن، تەنی خوای تاك و تەنیا بپەرستن.

بەڵام خەڵکی هەروە ك چلۆن پاش هەزاران ساڵ بتپەرستە عەرەبەکان بەرپەچی پەیامبەری ئیسلامیان دایەوە، ئەوانیش هەروا وەڵامی زە ردەشتیان دایەوە و دە یانگوت: باو و باپیرانی ئێمە گشتیان لە سەر ئەم ئایینە بوون، ئێمەش لە سەر ئەم ئایینەین و باوە ڕمان پێیەتی و تۆش دەبێ وەك ئێمە بیت.

زه ردەشت زێتر بیردەکاتەوە و دە چێتە شوێنێکی تەنیایی و چۆڵ و خەڵوەت بۆئەوەی فرە تر جڵەو بۆ بیری خۆی بەرەڵابکات.. دەستدەکا بە پرسیارکردن:

_ کێ ئەم خۆر و هەسارانە دە چەرخێنێ؟

_ بە هۆی کێیە هەمیشە مانگ کزدە بێ و دەگەشێتەوە؟

_ کێ ڕاگری زە وی و ئاسمانەکانە؟

_ ئافەریدەی ئاو و درەخت کێیە؟

_ کێ (با) و هەور دە جوڵێنی؟

_ کێیە بەدیهێنەری ڕووناکی و تاریکی؟

_ کێ خەو و هوشیاری بە مرۆڤ بە خشیوە؟

_ کێ بەیانی و نیوە ڕۆ و شەوی دروستکردووە؟

زەردەشت هێشتا پرسیارەکانی سەبارەت بە یاسای سروشت تەواونەکردبوو، کە دێتە سەر پرسیارکردن سەبارەت بە باری کۆمەڵایەتی و پرسیاردەکات:

_ چ شتێکە وا لە فەرزەند دەکات پەیڕە وی لە باوکی بکات و خۆشەویستی فەرزەندی خستۆتە دڵی دایك و باب؟

_ چ هێزێکە خەڵکی یەك خێزانی پێکەوە بەستووە؟

_ کام توانایە ڕێگا پێشانی خەڵك دەدات تا خێزان پێکەوە نێن، گوند دروستبکەن و شار ئاوەدان بکەن و بۆ خۆیان دەقەرێکی بەرین پێکەوەنێن؟

_ چارە نووسی ئەو کەسانەی پاڵیشتی ڕاستین چییە؟

_ پاشەڕۆژی ئەو کەسانەی درۆ و خراپەیان کردۆتە پیشە چییە؟

_ لەم جیهانەدا چ ڕوودەدات و ڕۆژی پەسڵان چ دە بێت ؟

زە ردەشت بە چاوی خۆی دە بینی، ئەو کەسانەی خراپەکاری دەکەن و درۆ و کرداری خراپ بڵاودەکەنەوە، ژیانێکی خۆشیان هەیە، خواردنی باش دە خۆن، جلوبەرگی جوان لەبەردەکەن و خۆشگوزەرانی دەکەن و دە پرسێت:

کام ڕێگە لەم دوو ڕێیە خاسترە ڕێگەی ئەو کەسانەی کە خراپە بۆ خەڵك دە خوازن، یاخود ڕێگەی ئەو کەسانەی کە کرداری چاك دەکەن؟

چلۆن ئەو کەسانەی کە جیهانیان پڕ لە جەور و ستەم کردووە دە بنە مرۆڤی خاس و پێشەوایانی چاك؟

_ کێیە وەدیهێنەری ڕاستی؟

_ کێیە وەدیهێنەری بیری خاس؟

بۆئەوەی وەڵامی ئەم هەموو پرسیارانەی بۆ ڕۆشن بێتەوە و بگاتە ئەنجامی پرسیارەکانی، تێدە فکرێ و بیردەکاتەوە بۆئەوەی ئەم نهێنییە گەورەیەی بۆ ڕوون و ئاشکرابێت.. دە ڕوانێ و دە بینێ ئەم جیهانە بە هۆی یاسایەکی نەگۆڕ و بێخەوش دە سوڕێت، ئەم یاسایە، یاسای ڕاستی و دروستییە، کە سەر و سامانێکی بەم جیهانە داوە، زە ردەشت بەمە دە بێژێ (ئاشا). واتە: ڕاستی و دروستی، بەڵام ئایا زەردەشت وەڵامی گشت پرسیارەکانی وە رگرتووە؟

تێدەفکرێتەوە و بیردەکاتەوە بێگومان نا! دە پرسێت، باشە ئەم یاسایە لە کوێوە هاتووە و سەرچاوەکەی کێیە و کوێیە؟؟

دووبارە بیردەکاتەوە، ئەگەر هەموو کارێك لەم جیهانەدا لە ڕووی ڕاستییەوە بێت، بێ هیچ چەند و چۆنێك دەب ێ بیرێکی زانستیانە ئەم ڕاستییە رابەری بکات..

لێرەدا دەگاتە (وەهومنە)، واتە بیری خاس کەوایە (ڕاستی) لە سەرچاوەی بیرێکی خاسەوە هەڵدە قۆڵێت، زە ردەشت ئۆقرە ناگرێت و تێدە فکرێتەوە و ئەم پرسیارە بە بیریدا دێت:

_ کێ ڕاستی وەدیهێنا؟

_ کێ بیری چاکە (وە هومنە)ی هاوردە ئارا؟

لێرەدا زە ردەشت دەگاتە پاکترین و بێخەوشترین دوندی بیرکردنەوە.. بەڵی لێرەدا زە ردەشت دەگاتە ئەو ڕاستییەی، کەوا تەنیا هێزێك کە بتوانێ وەڵامی ئەم هەموو پرسیارانەی بداتەوە، ئافەریدەگارێکی تەنیایە کە زۆر ژیر و دانا و توانایە.. خوای ژیان و زانستە ئاهورامەزدایە. ئاهورامەزدا، بیری زە ردەشتی ڕۆشن کرد، ڕاستی نهێنییەکانی بۆ ئاشکراکرد، وەڵامی گشت پرسیارەکانی دایەوە، فێریکرد چلۆن دە توانێ خۆی و هەموو خەڵك ڕزگاربکات بۆئەوەی پێش کۆتایی هاتنی ئەم جیهانە ڕێی ڕاستی و دروستی گەیشتنە مەبەست، کە بریتییە لە ژیانێکی پڕ لە ڕاستی و پاکی و دوور لە هەموو خراپە و درۆ و ناپاکییەك پێشان گشت مرۆڤ بدات، پاش ئەوەی زە ردەشت بە بیری پاك و دروستەوە خوای تاك و تەنیا و دانا و میهرەبانی ناسی و وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بۆ ئاشکرابوو، ئەوسا داوا لە ئاهورامەزدا دەکا، کە هێز و توانا و بیری خاسی بداتی، بۆئەوەی بتوانێت ڕێنمایی خەڵك بکات و لە ڕێی خراپەوە دووریان بخاتەوە و بیانگەیەنێتە ڕۆخی دەریای خۆشی و ئاسایش.

زه ردەشت بە بیرێکی پاکەوە پەیامی ئاسمانی دەگەیەنێتە خەڵك، پەیامی پەیامبەر، پێش هەموو شتێك ڕاگەیاندنە بە خەڵك کە خوا یەکە و دانا و توانایە و هەرگیز پێویستی بە قوربانی و مەراسیمی جۆراوجۆر نییە. پەیامی زە ردەشت یاسای ڕاستییەکە لەنێویدا هیچ شتێك یا ڕووداوێك نە نائاساییە، نە بێهودە یە و نە بێمانا و نە ڕێکەوتە، هەموو شتێك ڕێگە و ڕاستییەکی تایبەتی خۆی هەیە. لە بچووکترین گەردیلەوە تاوەکو گەردەشی کەشکەڵان، پەیامی زە ردەشت گرێکوێرەی چاکە و خراپە وە ها دەکاتەوە، کە تا ئەو کاتە هیچ کەسێك نەیتوانیبوو کاری وا بکات، ئەم پەیامە پیرۆزە، جێگەی ئەفسانە و جادووگەرێتی و پەرستنی خوایانی جۆراوجۆری تێدا نابێتەوە و دە رگای دوکانی بازاڕی داوا پووچەکانی بازرگانانی ئایینی و پێشەوا درۆزنەکان دادە خات.

ئەم پەیامبەرە نەمرە، نامە پیرۆزەکەی تەنێ دە ربارەی ئایینی خواپەرستی و نیاز و نیایشی خوای تاك و تەنیا نەبووە. بەڵکو دە ربارەی هەموو بوارەکانی ژیانە، وەك: رامیاری، ئابووری، یاسای ژیان و خوو و ڕەوشت و.. بە بەرزترین شێوە باسکردووە، زە ردەشت بیردەکاتەوە، کە بۆ رزگارکردنی کۆمەڵگا لەو بارە ناهەمواره و بۆ وەدیهێنانی ژیانێکی خاستر بۆ خەڵك، دە بێ هانیان بدات کار و کۆشش بکەن، لە ژیانی نێو خێوەت و بیابانگەردی و کۆچەرێتی بەرە و نیشتەجێی و کشتوکێڵ هەنگاو هەڵبێنن و بڕۆن.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدە ینە کتێبی ئایینی زە ردەشت (ئاڤێستا)، بەتایبەتی سرووودەکانی زە ردەشت خۆی، بە راستی و دروستی وە ریانبگرین، دە بینین لە زۆر شوێندا ئەم ئامۆژگاریانەی پێڕاگەیاندووین:

پێویستە ڕق و کینە لە دڵمان وەدە رکەین. بەرامبەر جەور و ستەم دە بێ بەرگری بکەین.

پاش سەرکەوتن و بەهێزبوون پێویستە چەکەکانمان دابنێین و هەوڵبدە ین ژیانێکی پڕ لە خۆشی و ئاشتی و ئاسایش دابین بکەین. پێویستە بە ئازادی بژین و لە بیرکردنەوەدا ئازادبین.

خوا بیر و هۆشی پاك و راست و دروستی بە ئادە میزاد بەخشیوە، ئادە میزادی بیر چاك تەنیا ڕێگەی راست و چاك هەڵدەبژێرێ نەك ڕێگەی چەوت و خراپ.

ئەوانەی خاوەنی بیر و کردار و وتەی خاسن، خۆشەویستی خوان لە هەر شوێنێك بن لە جیهاندا.

یەك ڕێگە هەیە لە جیهاندا ئەویش ڕێگەی راستییە و هەر کەسێك ڕێگەیەکی دیکە بگرێتەبەر گومڕاییە.

پەرستن و ستایشت کردنی ئافەریدگار، تەنیا لە ڕێگەی بیر و کردار و وتەی چاکەوە یە.

ژیانی پڕ لە ئاسایش و تەبایی و خۆشی لە ڕێگەی کار و کۆششەوە دێتەدی.

خوا ڕووناکی و چاکی تەواو سەنگە و لەنێو هەموو مرۆڤێکدا بەشێك لەم سیفەتانە هەیە.

مرۆڤی خاس ئەو کەسەیە، کە ئەم سیفەتانە پەروە ردەبکات و دوورنەکەوێتەوە لێیان.

راستی باشترین چاکەیە، چاکە هیچ شتێك نییە جگە لە راستی.

زە ردەشت ئەم پەیامبەرە نەمرە، ئەم مرۆڤە بێ وێنەیە، پەیامەکەی لە سەر سێ بنچینەی گرنگ دارشتووە:

بیری چاك (هومت)، وتەی چاك (هوخت)، کرداری چاك (هورشت).

فەرهاد

بنەماڵەی زەردەشت و پەیڕەوەکانی

لە شاری (ڕەگا) لە باوکێك بە ناوی (فراهیم ڕەوا) و دایکێك بە ناوی (فەرنو) کیژۆلەیەك لە دایکبوو ناویان نا (دوغدو) ٥

ئەم دۆتە، هەر لە هەڕەتی لاوێتیدا بەربەرەکانی لە تەك نەرێتی ناپەسەندی خەڵکی دەوروبەری خۆی و ململانێی لە تەك هەڵسوکەوت و دەستبڕینی پیاوە ئایینییەکان دەکرد، تا ڕادەیەك بووە هۆی مەترسی بۆیان، بڕێك لەو پیاوە ئایینیانە بڕیاریاندا کە لە ناویبەرن، (فەرنو) ناچاربوو دەستی کچەکەی بگرێت و خێڵ بەجێبهێڵێت و پەنابەرێتەبەر خێزانی (پیترسب).

پاش ماوەیەك ئەم کیژە (دغدو) بووە هاوسەری یەکێ لە کوڕەکانی پیترسب بە ناوی (پوروشسب) و کوڕێکیان بوو ناویان نا زەردەشت.٦ زەردەشت لە ئاڤێستادا بە زەرەتوتشترە (Zaratoshtre) نووسراوە و لە کتێبەکانی پارسیدا بەم شێوانە نووسراوە:

زەردەهشت، زارهشت، زەراتشت، زەرادوشت، زەرتشت، زەردەشت، زەرەدشت، زارتهوشت، زەراهوشت، زەرەهوشت... بە زمانی یۆنانی (Zoroaster)ی پێدەبێژن.

ناوی باوکی زەردەشت پوروشسب یا پوروش ئەسپە (Purushasb). دایکی ناوی دوغدو (Doghdu) یا دوغدڤە (Doughdova) بووە، خێزانەکەی ناوی (هووی) (Hvovi) و لە بنەماڵەی (هوگرە) Hvoguo و کچی فرەوەشتر (فرەشەهوشتر) بووە.

زەردەشت سێ کوڕ و سێ کیژی هەبووە.

* کوڕەکانی ناویان: ئیسود و ئەستێر (Isod- vaster)، ئوروەتەدنرا (Orvatad-nar)، هورەچیترا (خورشیدچهرە) (Hvare – chitra).

* کچەکانی ناویان: فرەنی (Freni)، تریتی (thriti)، پوروچیستا (Puruchista) ئەم سێ ناوە لای زەردەشتییەکان بەفرین، تهرت، پوروچسپ ناودەبرێن. زەردەشت چوار برای هەبووە، کە دوانیان لە خۆی گەورەتر و دوانیان لە خۆی بچووکتربوون، گەورەکان ناویان ڕەتوشتەر (Ratushtar)، ڕەنگوشتەر (Rangushter) بووە، دوو برا بچووکەکەی ناویان نودەریگا (Nodariga) و تیڤیدیش (Nividish) بووە.



زەردەشت، پشتاوپشت دەگاتەوە سەر فەرەیدوونی کوڕی ئابتین بەم شێوەیەی خوارەوە:

زەردەشت — پوروشەسب — پیتەرەسپ — ئەردوئەسب (ئەهوروەئەسب)— هیچە دەست (هەیئچە دەسپ) — چەخشنوش — پیتەرەسپ (پەئی تیراسپ) — هەردورەشن — هەردار (هارتار)- ئەسپیتمان (سپی تامان) — ویداشت (وەئیدیشتو) — هایزم (فریش) — رەجشەن، ئاریژ، ئەرج — دوران سرون (دوراسروب) _ مەنوش چهر (منوچهر) — خورنەر — فریدون — ئابتین.

لە(گاتا)کاندا۷ کە سرووودی خودی زەردەشتن، باسی میدوماه (میدیومانگهه Maidyo_Maong – ha) کراوە و ناوی لێبراوە، کە یەکێکە لە بنەماڵەی ئەسپیتمان. بە قسەی نووسەری (فروردین یشت) و نووسراو و داستانەکانی زەردەشتییەکان، ئەم میدیوماهە ئامۆزای زەردەشت بووە، بە یەکەمین کەسانێك دەژمێردرێت، کە باوەڕی بە قسە و ئایینی زەردەشت هێناوە، پیتەرەسب، دوو کوڕی هەبووە، یەکێکیان پوروشەسب و ئەوی دیکەیان ئیراستی (ئاراستی) بووە، زەردەشت، کوڕی پوروشەسبە و میدیوماه کوڕی ئاراستی (لەوانەیە مدیو مانگهە لە دوو وشەی

مدیو به مانای ماد، مانگهه به مانای مانگ بێت، کـه ماناکـەی بەسـەریەکەوە دەبێتـە ((مـانگی ماد)))لە فەروەردین یشت بەندی ٩٥ نووسراوە:

(... سلاو بۆ ڕەوانی پاکی میدیوماهی پیرۆز کوڕی ئاراستی کە یەکەمین کـەس بـوو بـاوەڕی بـە ئایینی زەردەشت هێنا).

لەسەرەتادا ئەو کەسانەی باوەڕیان بە قسەکانی زەردەشت هێنا و پەیڕەوییان لە ئایینەکـەی کـرد و داکۆکیان لێکرد، کەمبوون، هەوەکو گوتمـان، میـدیوماهـ کـە، ئـامۆزای زەردەشـت بـوو، یەکـەمین کەسێك بووە، کە باوەڕی بە ئایینی زەردەشت هێناوە و یەکێك بووە لەو کەسانەی لە تـەك زەردەشـتدا وڵات و کەسوکاری خۆیان بە جێهێشتووە و بەرەو ڕۆژهەڵات کۆچیان کردووە.

پاش میدیوماهـ بەناوبانگترین کەسێ، کە ڕێگەی راستی هەڵبژارد و هاتە سەر ئایینی زەردەشـت، گوشتاسەب بـوو، کـە پاشایەکی هاوچەرخی زەردەشت بووە و لـە ئاڤێسـتادا بـە نـاوی ویشتاسـەب (Vistaspwea) ناوی لێبراوە، کە بە مانای خاوەنی ئەسپی ڕەسەنە. لە گاتاکانـدا (٧) باسـی دوو کەسـی دیکـەش کـراوە کـە بـرا بـوون، بـەناوی جاماسـپ (jamaspa) و فرەشوشـتەر (Frashoshtra)، کە لـە بنەماڵـەی هوگـوا (Hvogva) بـوون و باسـی ژیـرێتی و چـالاکی و زیرەکیان کـراوە، جاماسـپ کچـی زەردەشـت بـە نـاوی پوروچیسـتای مـارەکرد، زەردەشـت کچـی فرەشوشتەر بە ناوی هووی مارەکردووە، لە یەسناکاندا (کە یەکێکە لە پێنج بەشەکانی ئاڤێسـتا و لـە پاشاندا باسی لێدەکەین) ناوی چەند کەسێکی دیکەش براوە، کە هاتوونەتە سەر ڕێی ڕاست و ئـایینی یەکتاپەرسـتیان پەسـەندکردووە، وەکـو: ئـەسموخوەنوەنت (Asmo xvanant)، ئەشـنوخوەنوەنت (Asno xvan vant)، گەوەینـە (Gavayana)، پەرشـەت گـاو (Persat Gao)، وەهوەستی (Vohvasti)، ئیسوەنت (Isvant).

لەوە دەچێت زەردەشت دوو یا سێ جاریش ژنی خواستبێت، یەکەمین ژنی کە پێش کۆچکردنی بـۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران زەمین بووە، نەشزانراوە ئایا لە تەکیدا بووە یا نا، بەڵام زێتر لەوە دەچـێت، کـە پـێش کۆچکردنی مردبێت یاخود لە تەکیدا نەڕۆیشتبێت، چونکە هیچ باسێکی لێنەکراوە.

مانای وشەی زەردەشت

کەیخوسرەوی شاهرخ لە پەرتوکی (ائینە ائین مزداپرستی) ل — ٨ دەبێژێ:

زەردەشت بە مانای دانا و راستگۆیە و بە مانایەکی دیکەش خاوەنی وشتری زەرد و پیرە، هەندێ لە ئاڤێستاناسان وەك پرۆفیسۆر بورنیف وشەی زەرتشتر (Zarathushtra) دەکەن بە دوو بەشەوە:

زەرەث zarath . بە مانای زەرد یاخود پیر

ئوشتر Ushtra . بە مانای وشتر

واتە مانای زەرتشتر دەبێتە وشتری زەرد یا خاوەنی وشتری زەرد یاخود وشتری پیر.

بڕێکی دیکە لە ئاڤێستاناسان وەکو تاراپوروالا، مانای زەرتشتر بەم شێوەیەی لای خوارەوە لێکدەدەنەوە:

Zaratha: مانای زێڕین

Ushtra: لە بنچینەی ئوش ushی دەزانن، کە بە مانای درەخشان و رووناکییە، بەم شێوەیە مانای زەرتشتر دەبێتە رووناکی زێڕین، ئەم لێکدانەوەیە کاڵای پڕ بە باڵای زەردەشتە، چونکە ئەم پەیامبەرە مەزنترین پیاوە لە جیهاندا، کە ڕووناکییەکی وەهای خستۆتە نێو ئەم جیهانە کە هەتاهەتایە لە درەوشانەوەدایە.

توێژەرانێکی دیکەش هەن ناوی زەردەشت بەم شێوەیە لێکدەدەنەوە:

Zara بە مانای زێڕین

Thastra بە مانای هەسارە (ئەستێرە)

ماناکەی بە سەر یەکەوە دەبێتە هەسارەی زێڕین

خوالێخۆشبوو ئیحسان نوری لە کتێبی (تاریخ ریشە نژادی کرد) ل ٧٨ دەبێژێ:

(زەرتوش راسپی تمە) بە زوانی کوردی مانای (دەستەیە تیشکی زێڕینی خۆرە) و بەم شێوەیەی لای خوارەوە ماناکەی لێکداوەتەوە:

مادی	کوردی	فارسی
زر	زەر (زێر)	زرد، طلائي
تش	تیش ، تیشك	شید، شعاع

را	**را، رو، رۆژ، خۆر**	**افتاب**
سیی	**سیی**	**سفید**
تمه	**تم، تیم**	**دسته، تیم**

نووسەری ناوبراو دەبێژێ: مانای ئەم وشەیە (ناو) نییە، بەڵکو بریتییە لە نازناو. حەیبوڵڵا نەویەخت، کە کتێبی (تاج)ی جاحظي گۆڕیوەتە سەر زمانی فارسی دەبێژێ:

(.... دەربارەی ناوی زەردەشت ئەوەی پتر لە راستی نزیکترە دەبێ (زاراتشترا) بێت، ئەم وشەیە نە بە مانای خاوەنی وشتری زەرد یا سوورە، کە بڕێك لە ئاڤێستاناسان باسیان کردووە و نە بەمانای پرشنگی ئاگرە و نە بە مانای هەسارەی زێڕینە، بەڵکو بە گوێرەی ئەو چل و پێنج ساڵەی کە لێکۆڵینەوەم دەربارەی مێژووی زەردەشت هەبووە و بۆم روونبۆتەوە، کە:

زەردەشت جگە لەوەی کە پەیامبەر بووە، یەکی لە خۆنکارە مەزنەکانی (ماد) بووە و ناوەکەشی بریتییە لە سی بەش:

١. زارا
٢. تەشت
٣. را

زارا : بە مانای دەریایە لە کوردیدا زەریایە.

تەشت: بە مانای دەشتە.

را: بە مانای خۆنکار یا (شا)یە.

کەوایە مانای زاراتشترا دەبێتە خۆنکاری دەشت و دەریا، کە بە زمانی عەرەبی دەبێتە: (سلطان البر و البحر).

بێگومان مانای وشەی زەردەشت هەرچییەك بێت، گەر وشتری زەرد بێت یا وشتری پیر، هیچ شتێك لە مەزنایەتی و پایەبەرزێتی ئەم پەیامبەرە کەمناکاتەوە، بە تایبەتی کە بزانین ئەم ناوەی کە دایك و بابی بۆیان داناوە، لەو سەردەمەدا باوبووە و فرە لە (شا) و پیاوە گەورەکان و پاڵەوانەکان، ئەو جۆرە ناوانەیان هەبووە وەکو:

جردگو (گای پیر) — جرداس (نۆکەری پیر) — جردوکش (دردەختی پیر) — فرشوشتەر (وشتری گەنج) — ئەواروشتر (بێچووە وشتر) — گەرشاسەپ (ئەسپی لەڕ) — گەرشیوز (بی توانا) — گەرشانگ (لەڕ و بی توانا)...

کات و سەردەمی پەیدابوونی زەردەشت

بەر لەوەی دەستبکەین بە باسکردنی کات و سەردەمی پەیدابوونی زەردەشت دەبێ دان بەوەدا بنێین، کەوا تا ئێستا مێژووی ڕاست و دروستی پەیدابوونی زەردەشت نادیارە و ناتوانین بە بەڵگە و شێوەیەکی دروست و تەواو بێژین، کەوا پەیامبەر لە فلان ساڵ هاتۆتە دنیا، چونکە مێژوونووسەکان هەر لەمێژەوە تا ئێستا ئەوەندەی بۆچوون و باوەڕی جیاوازیان هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە، کە دژوارە بتوانین مێژووییێکی تەواوەتی بۆ دابنێین.

گەلی لە مێژوونووسان لەدایکبوونی زەردەشت بە سەدەی شەشەم یا حەوتەمی (پ.ز) دادەنێن، لەکاتێکدا هەندێکی دیکەیان ئەم مێژووە دەگەیەننە نزیکەی هەشت هەزار ساڵ (پ.ز)

ئاڤێستاناسەکان و ڕۆژهەڵات ناسەکانیش هەندێکیان پاڵپشتی دەستەی یەکەم و بڕێکیان پاڵپشتی دەستەی دووەمن، دەستەیەکی دیکەیان پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر باوەڕی هەردوو دەستەکە بە ڕاست نازانن و لە بەر ڕۆشنایی مێژوودا کاتی پەیدابوونی زەردەشتیان داناوە، بە پێویستی دەزانم کورتەیەك دەربارەی هەر سی بۆچوونەکان بخەمە بەرچاو:

بیرۆکە و بۆچوونی یەکەم:

زۆربەی زۆری زەردەشتییەکان و فرە لە نووسەرە ئیسلامییەکان لەو باوەڕەدان کە مێژووی پەیدابوونی زەردەشت، دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری شەش سەد ساڵ (پ.ز).

١. زادسپرم، موبدی سیرکان (سیرجان)، کە برای (منوچهر)ی گەورەی موبدان بووە لە شیراز و پارس و نووسەری کتێبی (داستان دینی) و (نامەهای منوچهر)ە و لە سەردەمی مەئموونی خەلیفەی عەباسیدا ژیاوە، لەو باوەڕەدا بووە ماوەی نێوان پەیدابوونی ئایینی زەردەشت تا ڕوخاندنی دەوڵەتی پاشایەتی ئێران بە دەست ئەسکەندەری مەقدۆنی و کوشتنی داریوشی سێیەم (دارا) نزیکەی ٣٠٠ ساڵ دەبێت.

٢. لە بەشی یەکەمی کتێبی (ئەردای ویراف نامە) نووسراوە:

((پاش ئەوەی زەردەشتی پاك ئایینی یەکتاپەرستی لە ئاهورامـەزدا وەرگـرت، بـە نـاو خەڵکـدا بڵاویکردەوە، ئەم ئایینە ماوەی ٣٠٠ ساڵ بە پاکی و بێدەسکاری مایەوە، خەڵکی هیچ جـۆرە گومـان و راڕاییەکیان لێی نەبوو، تاوەکو لە ئەنجامدا ئەهریمەنی ناپاك بۆئەوەی دوودڵی و راڕایی بخاتە نێـودڵی خەڵکەوە ئەسکەندەری مەلعونی رۆمی هاندا کە هێرش بەرێتە سەر ناوچەی ئێـران و وێرانـی بکـات، شای ئێران بکوژێت و پایتەختەکەی خاپووربکات..))

لەم داستانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ماوەی نێوان پەیدابوونی زەردەشت و هێرشی ئەسـکەندەر بۆ سەر ئێران ٣٠٠ ساڵ بووە.

٣. نووسەری (بندهش) ماوەی نێوان کاتی پەیدابوونی زەردەشت تا وەکو مردنی ئەسکەندەر بـە ٢٧٢ ساڵ دادەنێت و دەبێژێ:

لەبەرئەوەی ماوەی فەرمانڕەوایی ئەسکەندەر تەنیا ١٤ ساڵ بووە، دەبێ ماوەی پەیدابوونی زەردەشت تا ڕوخاندنی دەوڵەتی هەخامەنشی ئێران بە دەست ئەسکەندەر ٢٥٨ ساڵ بووبێت.

٤. مەسعودی لە کتێبی (مروج الذهب الجزء الثاني، ص ٢٣٠)دا دەبێژێ:

(وزعمت المجوس أن من وقت زرادشت بن اسبيمان نبـيهم الـي الاسـكندر مـائتين و ثمـانين سـنة، و ملك الاسكندر الي ملك اردشير خمسمائة سـنة و سـبع عشـرة سـنة، ومـن ملـك اردشـير الـي الهجـرة خمسمائة سنة و اربع و ستون سنة.)

بە گوێرەی نووسـینەکانی مەجووسـەکان (زەردەشـتییەکان) لەسـەردەمی زەردەشـتی کـوڕی ئەسپیتمانی پەیامبەریان، تاوەکو هێرشی ئەسکەندەر ٢٨٠ ساڵ بووە.

بەڵام هەمان نووسەر (مەسعودی) لە کتێبێکی دیکەدا (التنبيه و الاشراق)دا دەڵێت: ئەم ماوەیـە ٣٠٠ ساڵ بووە.

ئەبورەیحانی بیرونی کە نووسەرێکی دیکەی ئیسلامە ماوەی نێوان ئەم دوو رووداوە بـە ٢٥٨ سـاڵ دادەنێت، لەبەرئەوەی ئەسکەندەری مەکدۆنی لە ساڵا ٣٣١ (پ.ز)دا هێرشـی کردۆتـە سـەر ئێـران و داریوشی سێیەم کە دوا شای هەخامەنشییەکانی بووە، لە ساڵی ٣٣٠ پ.ز کوژراوە، هـەروەها لەبـەر ڕۆشنایی باوەڕی ئەو نووسـەرانەی ناومـان بـردن دەبـێ کـاتی پەیـدابوونی زەردەشـت یـا ٦٣٠ سـاڵ (٣٣٠+٣٠٠) یاخود ٥٨٨ ساڵ پ.ز (٣٣٠+٢٥٨)بێت.

ئەمیانووس مارسـلینووس(Ammianus Marcellinus)ی رۆمـی، کـە لـە ٣٣٠ زایـنی ژیاوە، پاڵپشتی ئەم باوەڕە بووە و دەبێژێ:

((ئایینی موغ زانیارییەکە کە زەردەشتی بەڵخی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی گوشتاسەبی باوکی داریوشدا بڵاویکردۆتەوە..))

کۆنترین نووسراوێك لەم بارەوە کە لە یۆنانییەکانەوە ماوەتەوە، بریتییە لە داستانی گفتۆگۆی نێوان فیپاغورس (پیتاگوراس Pitagoras) لە تەك زاراتاس Zaratas یا زابراتاس Zabratas ، کە لە بابل و شوش چاویان بە یەکتر کەوتووە. ئەم زاراتاسە یا زابراتاسە لە سەردەمی کەمبوجیە (٥٢٢-٥٢٩) و داریوشدا ژیاوە و لە سەردەمی کەمبوجیەدا، بە هۆی ناکۆکی لە تەك موغەکاندا، لە وڵات دوورخراوەتەوە و لە سەردەمی داریوشدا، لە بابلەوە گەڕاوەتەوە بۆ شوش، ئەگەر ئەم داستانە ڕاست بێت، ئەم زاراتاسە هەمان زەردەشت بووبێت، سەدەی شەشەمی پ.ز بە سەردەمی لەدایکبوونی زەردەشت دەژمێرێت.

دیاکونوف لە کتێبی (تاریخ ماد) دەبێژێ:

بە بۆچوونی ئێمە ئەوەی کە زێتر لە ڕاستی نزیکترە ئەوەیە مێژووی لەدایکبوونی زەردەشت دەگەڕێتەوە بۆ +_٧٠٠ پ.ز.

لە ڕۆژهەڵاتناسان و ئاڤێستازانانی ئەم چەرخە، (جاکسۆن Jackson)ی ئەمریکی و (وست West)ی ئینگلیزی و (میلەر Meller)ی فەرەنسی لە تەك ئەم بۆچوونەدان و دەبێژن، کە زەردەشت لە سەردەمی گوشتاسەبی باوکی داریوشی گەورەی هەخامەنشی دەرکەوتووە.

ئەم باوەڕ و بۆچوونانە، هەرچەندە لایەنگیرانێکی زۆریان هەیە، بەڵام لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە، لەلایەن زۆربەی زانایان بەرپەچ دراونەتەوە:

١. ڕاستە لە گاتەکاندا زەردەشت فەرموویەتی: لە سەردەمی حوکمڕانێتی گوشتاسەب، پەیامی ئاسمانی خۆی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئەو گوشتاسەبەی ئەو باسیدەکات جیاوازە و ئەو گوشتاسەبەی باوکی داریوش نییە، ئەم دوانە لە بەر ڕۆشنایی ئەم سی خاڵەی لای خوارەوە دوو کەسی جیاوازن:

أ. ئەو گوشتاسەبەی لە سەردەمی زەردەشتدا فەرمانڕەوایەتیکردووە، هەروەك لە ئاڤێستادا نووسراوە، کوڕی ئەرودئەسپ (ئورت ئەسپا)یە Aor vat aspa و لە شانامەی فردەوسی بە ناوی لهراسب ناوی لێبراوە، ((کەی گوشتاسەب (کاوئوستاسپە) کوڕی لهراسب (ئورت ئەسپا) کوڕی کەیخوسرەو (کاوا هوسراوا) کوڕی کەیکاوس(کاوی ئوسا) کوڕی کەیقوباد (کاوی کواتا))) و لە کەیانی(٨) یەکان بووە، کە لە ئاڤێستا بە ناوی کەوی ویشتاسەب Kaviwshtaspa ناوبراوە یانی

کەی گوشتاسەب. فردوسی و دەقیقی دوو شاعیری بەناوبانگی فارسن، پاڵپشتی ئەم باسەن و بە یەکێك لە (شا)کانی کەیانیانی دادەنێن.

ب. لە کتێبی (تاریخ ادبیات ایران در عصر هخامنشی) نووسینی پرۆفیسۆر عەباس مهرین، دەقی بەشێك لەو نووسینەی کە داریوش گەورەی هەخامەنشی لە سەر بەرد لە کێوەکانی بێستون هەڵیکۆڵیوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە باس دەکات.

(ادم داریەواوش خشیەتییە و زرگە خشیەتییە، خشیەتییە نام خشیەتییە پارسائی خشیەتییە دهیو نام ویشتاسپهیا پوترە ارشمهیاتییە). ماناکەی:

((منم داریوش شای گەورە، شای شایان، شای پارس، شای سەرزەمینی پورویشتاسەب (گوشتاسەب) کوڕەزای ئارشام))

گوشتاسەبی باوکی داریوش هەخامەنشی و لە بنەماڵەی هەخامەنشییە. داریوش دەبێژێ:

((باوکی من ویشتاسبە باوکی ویشتاسب ئەرشامە، باوکی ئەرشام ئەریەرمنە، باوکی ئەریەرمن چشەپش و باوکی چشەپش هەخامەنشە، بۆیە بە ئێمە دەبێژرێت هەخامەنشی)).

ج. زەردەشت لە گاتاکاندا کە ناوی کەی گوشتاسەب دەبات، بە (شا) ناوی دەبات و پێی دەبێژێ کەی گوشتاسەب و ئەم گوشتاسەبە (شا)یەکی بەهێز و توانابووە، لەکاتێکدا باوکی داریوش (شا) نەبووە، بەڵکو فەرمانڕەوای تەنیا ناوچەی (پارث) بووە و لە دەوروبەری سەدەی شەشەم پ.ز ژیاوە.

هەخامەنش(دامەزرێنەر و سەرۆکی خێڵ)



سەرچاوە: کتێبی (ایران باستان) بەشی یەکەم ل- ٢٣١ ، نووسینی حسن پیرنیا

تێبینی: لە بەرامبەر ئەو ناوانەی فەرمانڕەوایەتی ناوچە بوون، ژمارە دانراوە

٢. ئەگەر زەردەشت لە سەردەمی گوشتاسەبی باوکی داریوش پەیدابووبێت، دەبوایە شاگەورەکانی هەخامەنشی وەك کۆرشی گەورە، کە سەر زنجیرەیان بووە، هەروەها کەمبوجیا و داریوش، لە کتێبی ئاڤێستادا ناویان لێببرایە، بەڵام لە هەموو بەشەکانی کتێبی ئاڤێستادا نە ناوێك

لە شاکانی ەخامەنشی و مادەکان براوە و نە باسێکیش دەربارەی تەختی جەمشید و هەمەدان (ئەکباتان)، کە پایتەختی ئەو دوو دەوڵەتە گەورەیە بوون کراوە، وابزانم ئەمە گەورەترین بەڵگە بێت بۆ سەلماندنی ئەوەی کە زەردەشت زۆر لە پێش گوشتاسەبی باوکی داریوش بووە.

٣. هیرۆدۆتس (Herodotus) ، مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانی، کە لە ساڵا ٤٨٤ پ.ز ژیاوە و گوایا گەشتێکی بە نێو ئێراندا کردووە، لە کتێبێکدا باسی گەلی لە شاکانی میدیای کردووە وەك، دیاکۆ، فرەوەرتی وەهو خەشترە، ئاستیاك، هەروەها باسی چوار لە شاکانی هەخامەنشی کردووە: (کوروش، کەمبوجیا، داریوش، خەشایارشا) و باسی چۆنێتی ژیانی ئەو سەردەمەی ناوچەی ئیرانی کردووە، بەڵام لە کتێبەکەیدا بە هیچ جۆرێك باسێکی لە زەردەشت نەکردووە و ناوی نەبردووە.

ئاشکرایە ئەگەر زەردەشت وەکو دەبێژن لەو سەردەمەدا پەیدابووبێت، دەبوا ئەو مێژوونووسە بەناوبانگە پەنجەی بۆ ڕاکێشایە، چونکە باس و رووداوێکی وەها گرنگ چون لە خامەی وا مێژوونووسێك دەکەوێت، یا لە یادی دەچێت باسێکی لێبکات و چەندین لاپەڕەی کتێبەکەی پێ نەڕازێنێتەوە.

بیرۆکە و بۆچوونی دووەم:

بۆچوونی دووەم بریتییە لە بیرو ی زۆربەی نووسەر و مێژوونووسەکانی یۆنانی، کە دەربارەی سەرزەمینی ئێران و ئایینی زەردەشتی فرە شتیان لە کتێبەکانیاندا نووسیوە، ئەمانە مێژووی پەیدابوونی زەردەشت دەگێڕنەوە بۆ ٨٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، واتە ٦٠٠٠ ساڵ پ.ز.

١. یەکەمین کەسێك کە دەربارەی زەردەشت شتی نووسیوەتەوە ئەکزان توس (کسانتوس Xantus) بووە، کە لە سەدەی پێنجەمی پ.ز لە شاری (سارد)ی پایتەختی لیدی ژیاوە و هاوچەرخی خەشایارشا (٤٨٥ -٤٦٤) چوارەمین شای هەخامەنشی بووە.

ئەو کتێبەی کسانتوس نووسیوێتی ئێستا نەماوە، بەڵام دیوژنس لرتیوس (Diogeues Leartius)ی یۆنانی، کە لە ساڵانی ٢١٠ پاش لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا ژیاوە، لە کتێبێکدا دەربارەی خستانووس، چەند شتێکی نووسیوە و لە زمان ئەوەوە دەبێژێ، کە زەردەشت ٦٠٠٠ ساڵ پێش هێرشی خەشایارشا بۆ سەر یۆنان ژیاوە (ئەم هێرشە لە ساڵی ٤٨٠ پ.ز رووبداوە) لە بڕێك لە ژمارەکانی ئەو کتێبە لە بریتی ٦٠٠٠ ساڵ، ٦٠٠ ساڵ نووسراوە. تا ئێستا ئاشکرا نەبووە کە

کامیان راستتره، (لەو سی نوسخەیەی کە لـە کتـێبی نـاوبراو ماوەتـەوە، یـەکێکیان سـاڵی ٦٠٠ و دوانەکەی دیکەیان ساڵی ٦٠٠٠ نووسراوە).

٢. پلینووس Plinius نووسەری رۆمـی (٢٣-٧٩ز) کتێبێکـی گـەورەی هـەبووە بـە نـاوی Naturalis – Historia، کـە لـە بەشـی ٣٠ سـێیەمیدا نووسـیوێتی ئەرسـتۆ و ئەدکسوس Eudoxus، کە هەردووکیان لە قوتابیانی ئەفلاتوونی فەیلەسـووفی بـەناوبانگی یۆنـانین، مێژووی ژیانی زەردەشت بە ٦٠٠٠ ساڵ پێش مردنی مامۆستای خۆیان دەزانن.

پلینووس لە هەمان کتێبدا دەبێژێ: هرمیپوس (یـەکێك لـە زانـا مەزنـەکانی یۆنـان بـووە و لـە ساڵانی ٢٥٠ پ.ز دا ژیاوە، ژیانی زەردەشتی بە ٥٠٠٠ ساڵ پێش شـەڕی تـەرواده (ترویـا Troy)، کە لە ساڵی ١١٨٤ پ.ز رووداوە، داناوە. پلینووس دووبارە دەبێژێت، کە موسا چەند هـەزار سـاڵێك پاش زەردەشت هاتووە.

٣. دیوژنس لرنیوس کـە لەمەوبـەر ناومـان بـرد، لـە کتێبێکـدا دەربـارەی یـەکێکی دی لـە شـاگردەکانی ئـەفلاتوون دەدوێـت بـە نـاوی هرمـودوروس Hermodoros و دەبێـژێ: ئـەم هرمودوروسەش مێژووی ژیانی زەردەشتی بە ٥٠٠٠ ساڵ پێش شەڕی تەرواده داناوە.

٤. پلوتارك مێژوونووسی یۆنانی (٤٦-١٢٥ز) مێژووی ژیانی زەردەشت بە ٥٠٠٠ سـاڵ پـێش شەڕی تەرواده دادەنێت.

٥. سوئیداس Suidas (٩٧٠ز) کتێبێکی فەرهەنگی هـەبووە، کـە تیایـدا لـە ژێـر وشـەی زەردەشت نووسیوێتی کە ئەم پەیامبەرە لە ٥٠٠٠ ساڵ پێش شەڕی تەرواده لە دایکبووە.

٦. زانای ئەڵمانی بارۆن بون سـن Baron Bunsen لـە کتێبێکـدا بـە نـاوی Egypts place in universal History سەردەمی ژیانی زەردەشت بە ٦٥٠٠ ساڵ پێش لـەدایکبوونی عیسا دەژمێرێت.

٧. ڤۆلتێر Volter ی فەرەنسی سەردەمی ژیانی زەردەشت بـە ٦٠٠٠ سـاڵ پـێش کـوروش دادەنێت.

لەبەر ڕۆشنایی باوەڕی ئەو نووسەر و مێژوونووسـانەی ناومـان بـردن ئـەم خاڵانـەی خوارەوەمـان وەدەستدەکەوێت:

أ- زۆربەی نووسەرانی یۆنان و رۆمی، کات و سەردەمی پەیدابوونی زەردەشت بـە ٥٠٠٠ سـاڵ پێش شەڕی تەرواده دادەنێن و لەبەرئەوەی ئەو شەڕە لە ساڵی ١١٨٤ پ.ز ڕوویداوە کەواتـە دەتـوانین

بێـژین مێـژووی پەیـدابوونی زەردەشـت بـە بـاوەڕی ئـەو نووسـەرانە دەبێتـە ٦١٨٤ سـاڵ پ.ز (١١٨٤+٥٠٠٠).

ب- دوو کەس لە قوتابیانی ئەفلاتوون (ئەرستۆ و ئەدکسۆس)مێژووی پەیدابوونی زەردەشت بە ٦٠٠٠ ساڵ پێش مردنی مامۆستای گەورەی خۆیان دەزانن، ئەفلاتوون لـە سـاڵی ٣٤٧ پ.ز کۆچـی دوایکردووە.

کەواتە بە قسەی ئەرستۆ و ئەدکسۆس، دەبـێ کـات و سـەردەمی پەیـدابوونی زەردەشـت سـاڵی ٦٣٤٧ پ.ز بووبێت (٦٠٠٠+٣٤٧).

ت- لەبەرئەوەی هێرشی خەشایارشا بۆ سەر یۆنان لـە سـاڵی ٤٨٠ پ.ز ڕوویـداوە، بـە قسـەی خستانووس دەبێ کاتی پەیدابوونی زەردەشت ساڵی ٦٤٨٠ پ.ز بووبێت (٦٠٠٠+٤٨٠).

ڕۆژهەڵاتناسان و ئاڤێستا زانان بەرپەچی ئەو کەسانە دەدەنەوە، کە مێژووی ٦٠٠٠ سـاڵ پ.ز بـە کاتی پەیدابوونی زەردەشت دادەنێن و بەڵگەیان ئەوەیە، کەوا مێژووی ئێران زەمین تەنیا لە سـەردەمی مادەکانەوە ئاشکرابووە و ئەوانەی پێش ئـەمان ژیـاون، تـا ئێسـتا مێـژوویان ڕوونەبۆتـەوە و هـیچ ئاسەوارێك لەشاکانی پێشدادی و کەیانییەکان، کە لە ئاڤێستا و شانامەی فیردەوسی، باسیان لێکـراوە نییە، زۆربەی زۆریان ئەم شایانە بە داسـتانی ئەفسـانەیی دادەنـێن، بـەڵام هیـوادارین کـە بـە هـۆی توێژینەوەی زانستی ڕۆژێك بێت کە ئاسەوار و خشـتە نووسـراوە شـاراوەکان لـەنێو جەرگـەی خاکـدا بدۆزرێتەوە و بە شێوەیەکی زانستانە دەربارەی مێژووی دێرینی میللەتانی ئاری بـە تایبـەتی نەتـەوەی کورد و پەیامبەری مەزن و نەمرمان زەردەشت ئەو شتانەی ون و نادیارن ئاشکرابن و پـەردە لـەڕووی ئەم ڕازە گەورەیە ڕابماڵرێت.

بیرۆکە و بۆچوونی سێیەم:

زۆربەی ئاڤێستاناسان و ڕۆژهەڵاتناسانی ئەم چەرخانەی دوایـی، کـە دەربـارەی مێـژووی دێـرینی ئێران، توێژینەوەیان بووە و دەربارەی کات و سەردەمی پەیدابوونی زەردەشت، لێکۆڵینەوەیەکی فرەیـان بووە و گەیشتوونەتە ئـەو ڕاسـتییەی، کـەوا بۆچـوونی دووەم پەسـەندنەکەن، لەبەرئـەوەی کـەوا ئـەو مێژووەی دایانناوە، زۆر کۆنە و دەکەوێتە پێش زانیاریمان دەربارەی مێـژوو، تـا ئێسـتا هـیچ شـتێکی زانستی دەربارەی ئـەو کاتـە نـەزانراوە، هـەروەها بۆچـوونی یەکـەمیش پەسـەندناکەن لەبەرئـەوەی مێژووەکەی زۆر لەوە نزیکترە، کە ڕاستی پاڵپشتی بکات هەروەکو لەمەوبەر باسمان کرد.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم باوەڕ و بۆچوونی بڕێك لەزانایانی ئەم چەرخە بخەمە پێش چاو:

خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر پورداود، کە یەکێکە لە هەرە بەناوبانگترین ئـەو کەسـانەی کـە زۆربـەی ژیانی خۆی تەرخانکردبوو بە لێکۆڵینەوە دەربارەی مێژووی ژیانی زەردەشت و ئـایینی خواپەرسـتی و زمانی ئاڤێستا، ناوبراو لـە کتێبـەکانی خۆیـدا، پـاش یاداشـتکردنی بـاوەڕی زۆربـەی نووسـەرەکان گەیشتۆتە ئەو راستییەی، کەوا مێژووی پەیدابوونی زەردەشت چەرخی هەشتەمی پ.ز و ژوورتر بووە، زێتر بە ١٠٨٠ ساڵ پ.ز دادەنێت، شاپورشەهبازی، کە یەکێکە لە توێژەرە بەناوبانگـەکانی سـەردەم، سەبارەت بە داستانە مێژووییـەکان و مێـژووی خـەوارەزم و سـیاوەش سـاڵی ١٠٨٠ پ.ز بـە سـاڵی لەدایکبوونی زەردەشت دەژمێرێ و دەبێژێ:

(بە گوتەی — بیرونی — خوارەزمییەکان کاتی هاتنی سیاوەش کوڕی کـەیکاووس بـۆ خـوارەزم و فەرمانڕەوایەتی ئاسیای ناوەندیان کردۆتە مێژوو و رۆژی نەتەوەیی خۆیان، ئەم ڕووداوە لـە ٨٨٨ سـاڵ پێش ئەسکەندەری مەکدۆنی. واتە ١٢٠٠ ساڵ پ.ز بووە، بە گوێرەی ئەوەی کە لە شانامەدا هاتووە، فردەوسی چوار نەوە لەنێوان سیاوەش و زەردشت دەستنیشان دەکات، کەوایە بە گوێرەی ئـەم بۆچـوونە ئایینی زەردەشـتی دەبـێ نزیکـەی ١٠٨٠ پ.ز بلاوبووبێتـەوە، لەبەرئـەوەی بیرونـی خـۆی خـەڵکی خەوارەزم بووە، خەوارەزمییەکان بە (کەلتوورپەرستی) بەناوبانگ بوون، دەشـی ئـەم مێـژووە ڕاسـتتر بێت لە مێژووەکانی ساسانییەکان).

ویلهام گیگری ئەڵمانی، بارتلومە، ریخلت Reikhlt و ئانـدریا Andrea F.C. رۆژهەڵاتناسـی ئەڵمانی تیل C.P. Tieleی هۆڵەندی کلیمن C.Clemen توێژەری فەرەنسەیی، لە نووسـینەکانی خۆیاندا، کات و سەردەمی پەیدابوونی زەردەشت، بە چەرخی نۆهەمی پ.ز دەزانن. دکتۆر دالا کـاتی پەیدابوونی زەردەشت بە ١٠٠٠ ساڵ پ.ز دادەنێت. ذبیح الله بهروز، پاش لێکۆڵینەوەیـەکی یـەکجار زۆر و بە هۆی ژمارەگەرییەکی ئەستێرەناسینەوە گەیشتۆتە ئـەو بـاوەڕەی، کـە بـە تـەواوەتی کـاتی لەدایکبوونی زەردەشت بە نەورۆزی ساڵی ١٧٦٨ پ.ز دادەنێت.

پرۆفیسۆر میلز، زانای ئینگلیزی و مامۆستای زمـانی ئاڤێسـتایی و وەرگێـڕی گاتاکـان، کـاتی پەیدابوونی زەردەشت بە زێتر لە ١٥٠٠ ساڵ پ.ز دادەنێت، ئەم زانایە (میلز) دەبێژێ:

تا چەند ساڵێك لەمەوبەر، وامدەزانی کە نابێ کاتی پەیدابوونی زەردەشـت زێـتر لـە ١٥٠٠ سـاڵ پ.ز بێت، بەڵام پاش لێکۆڵینەوە و خوێندنـەوەی سەرچـاوەکان، بـۆم روونبـۆوە کـە هەرچـەند کـاتی پەیدابوونی زەردەشت لە ١٥٠٠ ساڵ پ.ز، پێشـتر و مـەنتیقی (لـۆژیکی)ترە، چـونکە هـەر کاتێـك زمانی گاتاکان بە پێش سەردەمی خۆرپەرسـتن بـزانین، دەتـوانین ئـەم کتێبـە ئاسمانییـە بـە کـۆنترین کۆنووسی خەتی بزانین کە تا ئێستا گەیشتۆتە دەستمان، بەڵام بە گـوێرەی هـەموو ئـەو ڕاسـتیانە بـە

تایبەتی مێژووی دێرینی ئێران و ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی کە بە سەر زمانە ئاریایەکان هاتووە و هەروەها نەبوونی ناوی (مهر) و (هوم) لەنێو گاتاکاندا (مەبەستمان لەو دوو ئیزەددیە، کە لە ئاڤێستای نوێدا و لە رێگ وید بە دوورودرێژی باسیان لێکراوە).

ئەمانە هەموو وا پیشان دەدەن کە ماوەیەکی یەکجار زۆر و ساڵانی فرەی خایاندووە تاوەکو ئایینێك کە هیچ جۆرە ئەفسانە و دەمارگیرێتی تێدا نەبووە ئا بەم جۆرە تووشی نشوست بێت، بێگومان ئەو ئیزەدە هاوبەشانەی کە لە (یەشت)ەکان و رێگ وید باسیان لێکراوە، فرە کۆنن، کەوایە ئەگەر کات و سەردەمی گاتاکان بە پێش پەرستنی ئەم ئیزەدانە بزانین (چونکە لە گاتاکاندا بە هیچ جورێك باسی ئەمانە نەکراوە). ناتوانین مێژووییکی دیاریکراو بۆ دێرینێتی گاتاکان دابنێین.

فیروز ئازەر گوشەسب موبدی زەردشتییەکان، لەو باوەڕەدایە، کەوا کاتی پەیدابوونی زەردەشتی نەمر و پاك، دەگەڕێتەوە تا ٣٠٠٠ ساڵ پ.ز و بەرەو ژوورتریش.

پرۆفیسۆر رامپیسی ئەڵمانی لە رووی بەراوردکردنی وشەی ئاهورامەزدا، کە لە گاتاکاندا و هەروەها لە کتێب و نووسینەکانی سەردەمی هەخامنشییەکاندا باسکراوە، درکی بە دێرینی سەردەمی زەردەشت کردووە، ئەم زانایە دەبێژێ:

(لە سەرانسەری گاتاکاندا وێڕای ئەوەی کە زێتر لە ٢٠٠ جار ناوی ئاهورامەزدای تێدا هێنراوە، وەلی زۆربەی زۆری بەشێوەی مەزدائاهورا، یاخود بە شێوەی جیاجیا وەك مەزدا، ئاهورا ناوبراوە، کەچی لە سەر بەردە نووسراوەکانی هەخامەنشییەکانی هەمیشە ناوی خوا بە ئورمزد (هورمزد) ئاهورامەزدا براوە، ئەم باسە وادەگەیەنێت، کەوا ماوەیەکی یەکجار زۆری خایاندووە و دەتوانین بێژێن هەزارەها ساڵی پێچووە بۆئەوەی ناوێکی وا کە رۆژانە چەندین جار، لەسەر زمانی خەڵك بووە، ئا بەم شێوەیە بگۆڕێت یانی لە شێوەی مەزدائاهوراوە بگۆڕێت بۆ ئاهورامەزدا و ئورمزد، گۆڕینی زمان بەم شێوەیە زۆر مەحاڵە لە ماوەیەکی کورت و کەمدا ڕووبدات، مەگەر ئەوەی چەند سەدەیەکی بەسەردا تێپەڕێت)، بە گوێرەی ئەو قسانەی رامپیس دەبێ کاتی پەیدابوونی زەردەشت دەوروبەری ٣٥٠٠ ساڵ پ.ز بێت.

قازی صاعد الاندلوسی (٤٢٠-٤٦٢ ه.ق) لە کتێبی (التعریف بطبقات الامم) ل ١٦١ -١٦٢ ، دەربارەی خونکارانی ئێران و ئایینی دێرینی ئەو ناوچەیە و گوشتاسەب شا و باوەڕ و کاتی پەیدابوونی زەردەشت باس دەکات و دەبێژێ:

زەردەشت ١٣٠٠ ساڵ پێش کوشتنی یەزدەگوردی سێیەم (دوا شای ساسانییەکان) پەیدابووە.

ئەدورا مایر دەبێژێ:

سەردەمی پەیدابوونی زەردەشت دەگەڕێتەوە بۆ ١٠٠٠ ساڵ پ.ز ناوبراو ئاماژە بۆ ئەو نووسینانە دەکا، کە لە خۆنکارەکانی ئاسووری لە چەرخی هەشتەمی پ.ز بەجێماوە و تیایدا ناوی مەزدکۆ Mazdako، کە یەکێك بووە لە شازادەکانی ماد، براوە. ناوبراو دەبێژێ کە ئەم ناوە، لە مەزداپەرستییەوە وەرگیراوە، کە لەنێو مادەکاندا لایەنگیرانێکی فرەی هەبووە، مایر، دەبێژێ کە مەزداپەرستی پێش چەرخی هەشتەمی پ.ز لەنێو مادەکاندا بووە و پاشان بەرەو (پارس) ڕۆشتووە.

گولدنەر، سەرەتا مێژووی لەدایکبوونی زەردەشتی وەك بۆچوونی یەکەم زانیوە، پاشان باوەڕی بەوە هێناوە، کە زەردەشت لە ١٠٠٠ ساڵ پ.ز لەنێو مادەکاندا هاتۆتە جیهان و ئایینی مەزداپەرستی بڵاوکردۆتەوە.

بارتلومە لەدایکبوونی زەردەشت بە ٩٠٠ ساڵ پ.ز دادەنێت، ویسن دونك wesen donck، لەدایکبوونی زەردەشت بە ٩٠٠ تا ١٠٠٠ ساڵ پ.ز دادەنێت.

مولتون، لەدایکبوونی زەردەشت بە ٩٠٠ تا ١٨٠٠ ساڵ پ.ز دادەنی، پرۆفیسۆر هومل Hummelی ئەڵمانی سوودی لە خشتە نووسراوەکانی ئاسوورییەکان وەرگرتووە، کە لە ١٠٠٠ ساڵ پ.ز نووسراوە و تیایدا ناوی ئاسوورا – مازا Assors – Mazza بە مانای ئاهورامەزدا لێکداوەتەوە و دەبێژێ کە سەردەمی پەیدابوونی زەردەشت دەگەڕێتەوە بۆ پێش هەزارەی یەکەمی پ.ز.

پرۆفیسۆر هیپل Hippel پسپۆری زمانەوانی ئەڵمانی بە هۆی زانستی زمانەوانی نوێوە لەو باوەڕەدایە کە زەردەشت بە لایەنی کەمەوە ١٠٠٠ ساڵ پ.ز لە دایکبووە.

پرۆفیریۆس Prophyrius نووسەرێکی یۆنانی بووە و لە سەدەی سێیەمدا ژیاوە ئەم نووسەرە فیثاغورسی زانای بەناوبانگی یۆنانی (٤٩٧ – ٥٨٢ پ.ز) بە قوتابی زەردەشت دەزانێت و لەو باوەڕەدا بووە، کە فیثاغورسی زۆر نهێنی لە موغەکانەوە فێربووە. ئەم نووسەرە لە زمان فیثاغورسەوە دەبێژێ:

موغەکان دەربارەی خوایەك بە ناوی (ئەرومازسی) دواون، کە لەشی لە ڕووناکییەکی (بی خەوش – خالص) پێکهاتووە، ڕۆحی ئەم خوایە تەنیا باوەڕی بە راستی هەیە و دژی درۆ و خراپەیە.

سن سیلوس و پانودوروس، دوو نووسەری رۆمی بوون و مێژووی زەردەشت بە ١٢٠٠ ساڵ پ.ز دەزانن.

هەخامەنش دامەزرێنەری بنەماڵەی هەخامەنشی، سەرەتا لەژێر چاودێری مادەکان و ئیلامییەکاندا، دەوڵەتێکی دامەزراند، لە پاشاندا کوڕەکەی چیش پیش (٦٤٠-٦٧٥ پ.ز) خۆی لە دەست ئیلامییەکان رزگارکرد و ناوچەی (پارسا و ئەنشان)ی خستە سەر وڵاتەکەی، پاش ئەمە وڵاتەکەی لەنێوان دوو کوڕەکانی دابەشکرد، ئاریارامش Ariaramaes (٦٤٠-٥٩٠) و کۆرشی یەکەم (٦٠٠-٦٤٠) شایانی باسە، سینییەکی زێڕین لە ئاریارامش بەجێماوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی حەوتەمی پ.ز لەم سینییەدا نووسراوە:

((ئەمە خوای مەزن هورمزدە، کە ئەم وڵاتە و ئەم خونکارییەتییەی بە من بەخشیوە..))

ئەم نووسینە وادەگەیەنێت، کە لە چەرخی حەوتەمی پێش زایینـدا ئایینی زەردەشتی لەو ناوچەیەدا رەخنەی کردبوو، کەوایە دەتوانین بێژین کە پەیدابوونی زەردەشت فرە پێش هەخامەنشییەکان بووە.

دکتور جیهانگیر ئۆشیدەری (موبدی موبدان) بە بۆنەی ساڵیادی شەهادەتی زەردەشت لە (هۆڵی بەهمەن)ی ئەنجومەنی زەردەشتییەکانی تاران، لە ئاخافتنێکدا کە لە رۆژنامەی (صبح امروز) ژمارە ٢٩٩ رۆژی دووشەممە ٢٧ دیسەمبەری ١٩٩٩ (٦ی دەی مانگی ١٣٧٨) دەبێژێ:

(.... زەردەشت لە تەمەنی سی ساڵیدا، پاش ئەوەی دە ساڵ لەخەڵوەتدا بووە، بیری لە چۆنێتی باری ژیان و هەڵسوڕاندنی کردۆتەوە، کتێبی ئاڤێستای پی ئیلهام کراوە و بە پەیامبەرێتی هەڵبژێردراوە، هەنووکە ٣٧٣٧ ساڵ بەسەر ئەو رووداوە تێپەڕدەبێ، ناوبرا و درێژە بە قسەکانی دەدا و دەبێژێ، زەردەشت لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا واتە ١٦٩١ ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح لە تەك ٧٢ کەس لە پەیرەوەکانیدا شەهیددەبن...)

ئەوە بوو کورتەیەك دەربارەی باوەڕی هەندێ لە زانایان سەبارەت بە کات و سەردەمی پەیدابوونی ئەم پەیامبەرە نەمرە، لێرەدا دەمانەوێ بێژین، هەرچەندە هەموومان دەخوازین و پێمان خۆشە، رۆژی لەدایکبوون و شوێن و کات و هەموو شتێك دەربارەی ژیانی پەیامبەرەکان بە گشتی بزانین.

بە تایبەتی گەورەترین شانازی نەتەوەکەمان، زەردەشت، کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئادەمیزاد بانگی پەرستنی خوای تاك و تەنیای داوە، بەڵام دەبێ باوەڕمان بەو راستییە هەبێت، کە نەزانینی ئەم زانیاریانە هیچ لە گرنگی و پلە و پایەی ئەم ئایینە کەم ناکاتەوە، هیچ گەردێك ناخاتە سەر گەورەیی و پێڕۆزی و پێویستی ئەم پەیامە، هەروەك چلۆن دەزانین و بۆمان ئاشکرایە کە (خۆر)، هەموو رۆژێك لە رۆژهەڵاتەوە هەڵدێت، بە تیشکی بەتین و زێڕینی خۆی زەوی رووناکدەکاتەوە و

گەرمایی پێدەبەخشی و مایە و هۆی ژیانێتی، رووناهی و گەرمایی بە شێوەیەکی وەها یەکسان بڵاودەکاتەوە، کە لە گشت لایەکەوە سوودی لێوەربگیرێت..

ئەم زانیاریانە و سەدانی دیکەش دەربارەی ئەم خۆرە بزانین، بەڵام تەنێ یەك شتی لێ نەزانین ئەویش ئەوە بێت، کە کەی و چلۆن پەیدابووە، کەی لەنێودەچێت یا نەزانین ئەم هەموو تیشك و گەرماییە لە کوێوە دەهێنێت و بە چ شێوە و رژێمێك (سیستەمێك) ئاوەها بە یەکسانی دابەشیان دەکات... ئایا ئەم نەزانینەمان دەربارەی خۆر هیچ شتێك لە ڕووناکی و گەرماییەکەی کەمدەکاتەوە؟ یاخود لە نیاز و پێویستیمان بۆی کەمدەکاتەوە؟ بێگومان نا لەبەرئەوە فرە گرنگ نییە بزانین یا نەزانین فلان پەیامبەر کەی و لە کوێ لەدایکبووە، بەڵکو ئەوەی گرنگە زانینی بنچینەی ئەو ئایینەیە، کە بزانین لە سەر چ راستییەك بناغەی داڕێژراوە، ئایا پەیامی ئەو ئایینە رێگەی خۆشی و بەختەوەری و پێشکەوتنی ئادەمیزادی تێدا دیاریکراوە؟

دەتوانین هۆی نەزانینی سەردەمی لەدایکبوونی زەردەشت بە کورتی لە چەند خاڵێکدا باس بکەین:

یەکەم هۆ: دەگەڕێتەوە بۆ دێرینێتی سەردەمی لەدایکبوونی زەردەشت، هەروەکو گوتمان، مێژوونووسەکانی یۆنانی و رۆمی، ئەو مێژووە دەگەڕێننەوە بۆ ٨٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، هەروەها رۆژهەڵاتناسەکان و ئاڤێستاناسانی ئەم چەرخانەی دواییش، کاتی پەیدابوونی زەردەشت بە لە پێش دروستبوونی ئیمپراتۆرییەتی ماد دادەنێن، کە ئەویش دەکاتە نزیکەی ٣٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، ئەم دێرێنێتییەی مێژوو و نەبوونی هیچ بەڵگەیەکی زانستی دەربارەی ئەو سەردەمە، وایکردووە کە بە تەواوی نەزانرێت کەی زەردەشت لە دایکبووە، تەنانەت سەبارەت بە شوێنی لە دایکبوونیشی بیروڕای جیاواز هەبێت.

دووەمین هۆ: بە ئەم گرفتە دەتوانین بێژین کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو کارەساتە دڵتەزێنانەی کە بەسەر ئەم ناوچەیەدا هاتووە، گرنگترینیان هێرشەکانی ئەسکەندەری مەکدونی و عەرەبە موسوڵمانەکان بووە، کە بوونەتە هۆی سووتان و لەناوچوونی هەموو ئەو کتێب و زانیاریانەی دەربارەی زەردەشت و ئایینەکەی نووسرابوون، یەکێ لەو کتێبانەی لەو هێرشانەدا سووتاوە نێوی (سپندنسك) بووە، کە بەشێك بووە لە بیست و یەك بەشی کتێبی ئاڤێستا و تیایدا باسی ژیانی زەردەشت و کات و شوێنی لەدایکبوونی کرابوو.

سێیەمین هۆ: دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی چاپ و چاپەمەنی... هەروەکو دەزانین لەو سەردەمانەدا گەر بیانویستایە شتێك بنووسنەوە، یا لە سەر پێستی ئاژەڵ یا لە سەر گەڵای درەخت و ئێسکی

ئاژەڵ و لە پاشان لە سەر خشت دەیاننووسی، کە بێگومان ئەوە خۆی لە خۆیدا ئەرکێکی فرە گەورە بوو، ئەگەر بویسترایە دەقێکی دیکە لە باسێك بنووسرێتەوە، ئەوا ئەو کەسەی دەینووسییەوە، بە ئارەزوو و بۆچوونی خۆی، شتی دەخستە سەر یا لێی لادەبرد.

گرنگی، پیرۆزی و سوودبەخشینی ئەم ئایینە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە ئەندازەیەکە، کە زۆربەی ئەو زانایانەی خەریکی توێژینەوە سەبارەت بەم ئایینە بوون و بە شێوەیەك ئەوینی ئەو پەیامبەرە پیرۆزە لە دڵیان چەسپیوە، کە خۆیان باوەڕیان بە هەر ئایینێکی دیکە بووبێت، باسی مەزنێتی و پیرۆزی ئایینی زەردەشتیان کردووە، بۆ وێنە:

ویتنی Whitney زانای ئەمریکی لە کتێبی Life and teaching of Zoroaster دەبێژێت:

((بەڵام بەش بە حاڵا عیسا چلۆن دەتوانی بەرانبەر ئایینێك کە زەردەشت فرە لە پێش ئەودا چەندین جار باسی بیر، وتە و کرداری چاکی کردووە، ئایینێکی خاستر رووبەڕووبکاتەوە؟ ئایا ئەم سێ وشەیە بنچینەی هەموو کارێکی باش بۆ گشت ئایینەکان نییە؟ ئایا هیچ پەیامبەرێك دەتوانی بۆ هەموو بوارەکانی ژیان شتێکی زێتری بخاتەسەر؟ لەوانەیە کەسگەلێك بێژن، ئەری، ئەویش ئەوینی عیسایە، کە دەتوانین بیخەینە سەر ئەم رەچەڵەکانە! وەلێ کەسێك کە بیری چاك و پاك بێت، نەك تەنیا عیسا، بەڵکو هەموو جیهان و ئافەریدەی جیهانیشی خۆشدەوێت، کەسێك کە بیری چاك و پاکی هەبێت، بێگومان دڵپاکیشە هەمیشە بیری چاك بنچینەی ڕاستی و وتەی خاس و کرداری چاکە.))

رابندرات تاگور، هەستیار و فەیلەسووفی بەناوبانگی هیند دەبێژێ:

((زەردەشت مەزنترین پەیامبەرە کە لە مێژووی دێرینی ئادەمیزادا پەیدابووە، بە هۆی فەلسەفە و بنەڕەتەکانی ئایینەکەی ئادەمیزادی لە بارودۆخێکی فرە نالەبار و دژوار رزگارکردووە.))

ساموئل لنگ زانای گەورەی ئینگلیسی لە کتێبی Amodern Zorostrian لە بەشی سیانزەهەمدا دەربارەی ئایینی زەردەشت دەبێژێ:

((ئەز لەم باسەدا گەرەکمە بیسەلمێنم کە راستی ئایینی زەردەشت لە پاش چەند سەدەیەکی یەکجار زۆر، گەر بمانەوێت لە تەك زانستی ئیمرۆدا بەراوردی بکەین، دەبینین چون یەکن، زۆر نوێ دەنوێنێ، گشت ئەو جیاوازی و ناکۆکیانەی لەنێوان ئایینەکان و زانستدا هەن، تێکرا لادەبات.))

هەروەها دەبێژێت:

((لە تەك ئەوەی لەمێژەوە زەردەشت پـەیامی خـۆی راگەیانـدووە، بـەڵام هەنووکـەش دەتوانێـت پێویستییەکانی مادی و مەعنەوی ئیمرۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وەدیهبێنێت.))

پرۆفیسۆر جیمزدارمستتەر دەربارەی ئایینی زەردەشت دەبێژێ:

((ئایینی زەردەشت بە مانایەکی فراوان بریتییە لە ئایینی ژیان، ئەم ئایینە دوو شتی بۆ مـرۆڤ بـە خەڵات هێناوە:

یەکەمیان ئاکار و دووەمیان هیوایە، هەر کەسێك بـەم دوو چـەکە چـەکدار بێـت، دەتوانێـت بـە ئارامی بڕوانێتە ژیان و چارەنووس، بەسەر گشت کێشە و گرفتەکانی ژیاندا سەربکەوێت.))

پرۆفیسۆر جان راچر دەبێژێ:

((زەردەشت بایەخێکی زۆری بە ئازادی دەربڕینی ویست و باوەڕ دەدا لە روانگـەی ئـەوەوە، مـرۆڤ ئازادە ڕێگەی راستی (ئاشا) هەڵبژێرێت یاخود ڕێگەی درۆ بگرێتەبەر. مرۆڤ لێپرسـراوی بەختـەوەری خۆیەتی.))

چترجی دەبێژێ:

((ئایین و شەریعەتی زەردەشت، نیشاندەری دوندی فەرهەنگی ئاکـاری ئاریاییـە، لـە یـەك ئانـدا بەهرەبردن لە ژیان و دنیاپەرست نەبوونە، لە مەیدانی جەنگدا دلاوەر بـوون و لـە هـەمان کاتـدا دژی شەڕوشۆڕ و هەراوهوریا بوونە.))

پرۆفیسۆر میلز دەبێژێ:

((دەربارەی تایبەتکارییەکانی ئەم مامۆسـتای مرۆڤایەتییـە، دەتـوانین بێـژین کـە ئامۆژگاریـە بەنرخەکانی کە لە گاتاکاندا باسیکردووە، لە هیچ کات و چەرخێکدا و لە هـیچ شـوێنێکی جیهانـدا، ئەوەی تا ئێستا بیستراوە، بێژراوە، بینراوە، کەسێك نەبووە کە بەم شێوەیە ژیر و دانا بێت، هەرچـەندە ئیمرۆکە بڕێك لەو بیر و وتە بەنرخانە وەك فەلسەفەیەکی ئایینی و ئاکاری جێـی خـۆی لـە کۆمـەڵگا کردۆتەوە، بەڵام لەو کاتانەدا و لەو رۆژانەدا هیچ کەس لەم جۆرە قسانەی نەکردبوو، ئەو بیرە فرە نـوێ بوو بۆ ئەو رۆژگارانە.))

زێدی لەدایکبوون و کورتەیەك لە ژیانی زەردەشت

لەبەر رۆشنایی نووسراو و داستانی زەردەشتییەکان، پەیامبەر لە یەکێ لە رۆژانی وەرزی بەهار لەدایکبووە، ئەو رۆژەش، رۆژی شەشی خاکەلێوە (نەورۆز) بووە، کە دەکاتە ٢٦ی مارت، لەو رۆژانەدا (لوهراسەب)ی کوڕەزای کەیقوباد، خونکاری ئەو ناوچەیە بووە.

کتێبی دینکرد (٩)و کتێبە ئایینییەکانی دیکەی زەردەشتییەکان دەبێژن:

لەکاتێکدا زەردەشت لەدایکبووە، بە پێچەوانەی هەموو منداڵێك کە بەدەم گریانەوە دێنە دنیا، ئەم منداڵە بە پێکەنینەوە(١٠) چاوهەڵدێنێ، بە گوێرەی نووسینەکانی زەردەشتییەکان، وادەردەکەوێت، زەردەشت لە شوێنێك بە ناوی (رەگا) رەغا Ragha یا رغە لەدایکبووبێت، ئەم وشەی (رەغە)یە ئیمرۆ پێی دەبێژن (رەی)، فرە لە مێژوونووسان و ئەوانەی زمانی پەهلەوییان بە زمانی فارسی وەرگێڕاوە، لەو باوەڕەدان کەوا شاری رەغە، هەمان شاری رەی ئازەربایجانە، هەندێکی دیکەیان دەبێژن، کە شاری رەی نزیك تارانی ئێستایە... بە کورتی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لەو سەردەمەدا دوو شار هەبوون بە ناوی (رەی)، یەکێکیان لە ناوچەی ئازەربایجان بووە (نزیك شاری ورمێ) و ئەوەی دیکەیان ئەم (رەی)ەیە، کە کەلاوە کۆنەکانی نزیکی شاری تارانە، لە سەر بەردە نووسراوەکانی بێستون، کە لە داریوشی گەورەی هەخامەنشی بەجێماوە، تیایدا باسی شاری (رەگا) دەکات و تیایدا دەبێژێ: ئەم شارە یەکێکە لە شارەکانی ماد.

عوبەیدوڵڵا بن خردابە کەوا لە دەوروبەری ساڵانی ٢٠٠ کۆچیدا ژیاوە لە کتێبی: (الممالك و المسالك)، ل — ١١٩ ، کە باسی شارەکانی ئازەربایجان دەکات، شاری ورمێ بە شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت دادەنێت، هەروەها زۆری دیکەش لە نووسەرانی ئیسلام وەك مەسعودی، کە لە ساڵی ٣٤٥ کۆچی ماڵئاوایی لە ژیان کردووە، هەمزەی ئیسفەهانی (٢٧٠-٣٥٠ یا ٣٦٠ کۆچی) یاقوتی حەمەوی (٥٧٥-٦٢٦ کۆچی) بلادەری (ساڵی ٢٧٩ کۆچی کۆچی دوایی کردووە) ابن فقیە، قەزوینی، ابو النداو.. گشتیان لە باسی زەردەشتدا دەبێژن: خەڵکی ناوچەی ئازەربایجانە و لە دەوروبەری گۆڵی ورمێ لەدایکبووە. بەڵام (ئەمین ئەحمەد رازی) لە کتێبەکەیدا بە ناوی: (حەوت هەرێم) دەبێژێ:

((... شیز(١١) شارێکە لەنێوان مەراغە و زنجان، ئاتەشکەدەی ئازەر گوشەسب لەوێدا بووە. ئەم ئاتەشکەدەیە لای ئێرانییەکان فرە پیرۆز بووە، بەتایبەتی خونکارەکان رێزێکی تایبەتیان بۆی هەبووە. زەردەشت لەو شارە لەدایکبووە و لەوێوە بەرەو کێوی سەبەلان رۆیشتووە و لەوێدا کتێبی ئاڤێستای نووسیوە و بردوویەتی بۆ لای گوشتاسەب شا)) هەندێ لە نووسەر و مێژوونووسان وەك شەهرستانی، بۆئەوەی لەنێوان ئەم دوو بۆچوونە، باوەڕی خۆیان دەربڕن، دەبێژن کە باوکی زەردەشت خەڵکی ئازەربایجان بووە و دایکی خەڵکی (رەی) بووە، ئەوەی ئیمڕۆ زۆربەی زانایان و ئاڤێستاناسان باوەڕیان پێیەتی و دەیسەلمێنن، ئەوەیە کە زەردەشت لە کوردستان لە ناوچەی ورمێ لەدایکبووە، بەڵام دەربارەی ناوی ئەو شارەی تیایدا لەدایکبووە ڕاو بۆچوونی جیاواز و جۆراجۆر هەیە، هەروەکو گوتمان بڕێکیان شاری شیز یا گنجك بە شوێنی لەدایکبوونی دادەنێن و هەندێکی دیکەیان شاری ورمێ و چەند کەسێکی دی شاری مەراغە و دەبێژن مەراغە لە دوو وشە پێکهاتووە (مە +راغە) کە بنچینەکەی مەرغە بووە و ماناکەی رەغەی گەورەیە یاخود رەی گەورە.

لە بەشی یەشتەکاندا کە کۆنترین بەشی ئاڤێستای تازەیە دەبێژێ، کە زەردەشت لە سەرزەمینی ئیرا ویج Ariya vaeja و لە کەناری ڕووباری دائی تی ١٢ ستایشی خوای دەکرد.

خوالێخۆشبوو گیو مرکریانی لە (ل_١٢)ی گیونامەدا دەبێژێ:

زەردەشت کوڕی پوروشەسبە، ناوی دایکیشی دغدوە ٥٦٢ ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح لە شاری سەردەشتدا هاتۆتە جیهان..

موید فەیروزی ئازەرگوشەسب لە کتێبی: (بخشی از فرهنگ اوستا، ل ٤٤.) دەربارەی ڕاڤەی وشەی چچست Chechast دەبێژێ:

(چچست ناوی ئاڤێستایی گۆلی ورمێیە، کە لە رۆخی ئەم گۆلەدا زەردەشتی پاك پەیامبەری ئاریاییەکان لەدایکبووە، ئەم وشەیە لە شانامەی فردەوسیدا بە خنەخست ناوبراوە)

تا ئێستا دەربارەی ژیانی منداڵی زەردەشت زانیارییەکی پوخت و تەواومان نییە، تەنێ ئەو نووسراوەمان لەبەر دەستدایە، کە دەربارەی چۆنێتی لەدایکبوون و باسی ژیانی سەردەمی منداڵی زەردەشت و موعجیزەکانی (پەرجۆکانی) دەکات، ئەویش کتێبی (زراتشت نامە)یە، کە زەرتشت بەهرام بژدو ١٣ لە ساڵی ١٢٧٨ ز دا بە ١٥٧٥ چامە نووسیوێتی، لەو کتێبەدا نووسەر دەبێژێ کتێبێکی لابووە بە زمانی پەهلەوی نووسراوەتەوە و تیایدا باسی سەرگوزشتەی جیهان و چۆنێتی دروستبوونی هەواڵی پێشینیان، باسی گەورە پیاوان و هەروەها باسی ئاڤێستا و زەندی تیا بووە، لە

تەك باسی ژیانی زەردەشت، هەروەها دەبێژێ بۆئەوەی خەڵك زێتر لەم باسانە ئاگاداربن، ئەم نووسینەی بە چامە گۆڕیوەتە سەر زمانی فارسی...

نووسەر دەبێژێ:

لە سەردەمێکدا کە جیهان پڕبوو لە خراپە و پیاوخراپان، کۆمەڵگا نوقمی دەریای نەزانین و دواکەوتوویی بوو، هیچ کەس نەبوو ڕێبەرێتی خەڵك بکات و بەرەو ڕۆخی دەریای ئاسوودەیی و چاکی و ئاسایش بەرێت، خەڵك سەر لێشێواو و گومڕێ بوون و دوورکەوتبوون لە ڕاستی و دروستی، بەمە دڵی ئەهریمەنی سەرۆکی دێوان خۆشوەش بوو، خوای گەورە فەرمانی دەرکرد: دغدو دووگیان بێت لە پوروشەسب کوڕی پیترسب، کە لە نەژادی پاکی فەرەیدون کوڕی ئابتینە.

دغدو دووگیان بوو و پێنج مانگە بوو بە کوڕەکەی، شەوێك خەوێکی فرە ترسناك دەبینێت، لە خەویدا پەڵە هەورێکی چڵکن وەك دوو باڵی دال، هەموو ئاسمانی خانووەکەیانی بە چەشنێکی واگرتەوە، کە ڕووی خۆری لێگرتن و ڕۆژی ڕووناکیان لێبووە شەوەزەنگ، لەنێو ئەو پەڵە هەورەدا، دەعبای جۆراوجۆر وەك باران دەباری، هەموویان بە ددان و چنگی تیژەوە، دەهاتنە سەربانی خانووەکەیان، یەکێ لە هەرە ترسناکترین و ناشیرینترین و تیژدانترینیان بە پڕتاو هاتوو سکی دغدوی هەڵدڕی و منداڵەکەی ڕفاند... دغدو دەبێژێ، لەم ئازارەدا بووم و لە ترسان هاوارم دەکرد، لە پڕ منداڵەکە هاتۆتە قسە و بە دایکی گوتووە، کە خەفەت نەخوا و نەترسێت و ئارام بگرێت، چونکە ئەمانە بە هیچ کلۆجێك توانای ئازار پێگەیاندنیان نییە و توانایان بەسەریدا نییە، یەزدان پاڵپشت و چاودێرێتی..

دغدو دەبێژێت:

لەپڕ چاوم بە فریشتەیەك کەوت لە شێوەی لاوێکی شۆخوشەنگ وەك مانگی چواردە، بە دەستێکییەوە لقە دارێکی ڕۆشنی پێبوو، نامەیەکی ئاسمانی بە دەستەکەی دیکەیەوە بوو، ئەم فریشتەیە هەڵیکوتایە سەر دەعباکان، گشتیان بە پڕتاو خانووەکەیان بە جێهێشت و ڕایانکرد، تەنیا سیانیان نەبێ، فریشتەکە هاتەخوارەوە بۆیان و بە پرشنگی ڕووناکی لقە دارەکە هەر سێ جانەوەرەکەی سووتاند، ئەجا منداڵەکەی هەڵگرت و خستییەوە شوێنی خۆی و بە دایکی گوت: هەرگیز ترسی ئەم دوژمنانە نەچێتە دڵییەوە، چونکە گیانی ئەم منداڵە پیرۆزە هەمیشە رزگاری دەبێ لە خراپە و مژدەی پێدا، دڵشاد و بەختیار بێت بەمنداڵەکەی، کە لە پاشەڕۆژدا دەبێتە پەیامبەری یەزدان. داد و خۆشی و ڕاستی لەنێو جیهاندا بڵاودەکاتەوە و ئادەمیزاد ڕزگاردەکات.

دغدو دەبێژێ پاش ئەوەی فریشتەکە ئەم قسانەی کرد ئیدی لە بەر چاوم نەما و لە خەو راچڵەکیم...)

گەر بێت و بە وردی چاوێك بخشێنین بەسەر لاپەڕەکانی مێژوودا دەبینین، گشت یا زۆربەی زۆری پەیامبەران و پیاوچاکان و قارەمانانی داستانە ئەفسانەییەکان، چۆنێتی لەدایکبوونیان هاوجووت بووە لە تەك بڕێك رووداوی سروشتی و یا ناسروشتی، کە بە پەرجۆ (معجزە) دەژمێرێت و هەمووی دەبەستنەوە بە هێزێکی ئاسمانی. زەردەشتیش لەم دیاردەیە وەدەرنییە.

لە بەر ئەمە، چ بەر لەدایکبوونی و چ لە کاتی ژیانیدا بڕێك پەرجۆ و ئەفسانەی خراوەتە پاڵ.

لەنێو بەشێك لە لاپەڕەکانی ئاڤێستادا، باسی بڕێك رووداو کراوە و بێژراوە، کە لە کاتی لەدایکبوونی پەیامبەر سروشتیش، هاوجووت لە تەك مرۆڤدا، خۆشی و شادی خۆی دەربڕیوە. گشت درەخت و ڕووبارەکان. زەوی و ئاسمانەکان، هەموویان شاد و خۆشحاڵ بوون. تەنێ ئەهریمەن و دار و دەستەکەیەتی، کە لە ترسا دەچنە ناخی زەوییەوە و خۆیان حەشاردەدەن. بەڵام ئەوەی سەرنجڕادەکێشی ئەوەیە، لە گاتاکاندا کە نووسینی زەردەشت خۆیەتی، بە هیچ جۆرێك باسی پەرجۆی تێدا نەکراوە، نووسەری کتێبی: (زراتشت نامە)، باسی چەند پەرجۆیەك دەکات، کە لە سەردەمی کۆرپەیی و مێردمنداڵی زەردەشت رووداوە، نووسەر لە کتێبەکەیدا دەبێژێ:

((... پاش لەدایکبوونی زەردەشت یەکەمین پەرجۆی ئەم پەیامبەرە ئەوە بوو، کە وەك هەموو منداڵێکی ئاسایی بە گریانەوە لەدایکنەبووە، بەڵکو کاتێك هاتۆتەدنیا دەم بەپێکەنینەوە بووە، پێکەنینەکەی بە شێوەیەك بوو، کە گشت دانیشتوانی ماڵەکە، کە لەوێدا بوون هەستیان پێکردووە.))

پەرجۆی دووەم:

(لە سەردەمی لەدایکبوونی زەردەشتدا (دوران سرون) ناوێك گەورە و مێری ناوچەکە بووە، ئەم پیاوە، فرە بێویژدان و ستەمکار بوو، هەرکە دەنگوباسی لەدایکبوونی زەردەشت دەبیستێ و بۆی ڕووندەبێتەوە کە ئەم منداڵە دەبێتە پیاوێکی بلیمەت و مەزن، جادوو و درۆ و دەلەسەی هەموویان پووچدەکاتەوە، بڕیاردەدات هەرچی زووترە بیکوژێ، بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە ماڵی پوروشەسب، دەچێتە سەر (لانکەی) زەردەشت و هەڵیدەگرێت، خەنجەرەکەی لە کێلان ڕادەکێشێ بۆی، بەڵام هەرکە دەستی بەرزدەکاتەوە، بە فەرمانی ئاهورامەزدای توانا، دەستی سڕدەبێ و لەکاردەکەوێ، بەم جۆرە ناتوانێ مەرامی گڵاوی خۆی ئەنجام بدات و ئەم کۆرپە پیرۆزە بکوژێت، ناچاردەبێ زەردەشت دادەنێتەوە شوێنی خۆی).

پەرجۆی سێیەم:

پاش ئەوەی جادووکەران ئەم رووداوەیان بە چاوی خۆیان دی، هەراسان بوون و کەوتنە جموجۆڵ و بیری خۆیان خستەگەڕ بۆ دۆزینەوەی پیلانێك بۆ لەناوبردنی ئەو منداڵە، ئەمجارە بڕیاردەدەن زەردەشت بڕفێنن، دەیڕفێنن و دەیبەنە چۆڵاییەك و لە وێرا دار و چیلکەیەکی زۆریان خڕکردەوە و ئاگریان تێبەردا، زەردەشتیان خستە نێو ئاگرەکە، ئەمجارەش بە فەرمانی ئاهورامەزدا زەردەشت لە سووتاندن ڕزگاریبوو، گڕی بەتینی ئەو ئاگرە بووە فێنکایی بۆ ئەو منداڵە پیرۆزە، جادووکەرەکان شێت و هەراسان بوون، گشتیان هەڵاتن و بە هەڵەداوان گەڕانەوە بۆ لای دوران سرون، هەر لەم کاتەدا دایکی زەردەشت هەست بە ڕفاندنی منداڵەکەی دەکات و خێرا بەرەو ئەو شوێنە دەڕوات، زەردەشت دەبینێت هەروەك مانگی چوارده گەشاوەتەوە، دەیگرێتە ئامێزی و دەیباتەوە ماڵەوە.

پەرجۆی چوارەم:

پاش ئەوەی دوران سرون لە پیلانی سێیەمیشدا شکستی خوارد و سەرنەکەوت، فەرمانی دا بە جادووکەرەکانی، کەوا ئەمجارەش زەردەشت بڕفێنن و بیبەنە سەر ڕێگەی گاگەلێك، کە زۆر باریك و تەنگ بوو، بۆئەوەی لە ژێر پێ و سمی گاکاندا بپلیشێتەوە، کاتێك گاڕانەکە بە **رەو** هاتن، یەکێ لە گاکان کەوتە پێش هەموویانەوە، هەرکە گەیشتە ئاست زەردەشت، ڕاوێستا و کاڕێکی وایکرد، کە منداڵەکە لەنێوان هەر چوار پەلی خۆیدا جێگیربێت و بوو بە پەرژین بۆی، بەم شێوەیە، نەیهێشت گاکانی دیکە پێشێلی بکەن، بەم جۆرە دووبارە زەردەشت لە دەست پیاو خراپان و جادووگەران ڕزگاری بوو.

پەرجۆی پێنجەم:

ئەمجارەیان، بڕیاریاندا زەردەشت بخەنە سەر ڕێگەیەکی فرە باریکتر لە جاری پێشوو، کە سەرەڕێی ئەسپگەلی ئەو ناوچەیە بوو، ئەمجارەش هەروەك جاری پێشوو ڕزگاری دەبێت..

پەرجۆی شەشەم:

پاش ئەوەی هەموو ئەو پیلانانە بۆ کوشتنی زەردەشت شکستیان خوارد، دووبارە ئەم بێویژدانانە کەوتنە ڕاوێژ و بیرکردنەوە لەناو خۆیاندا بۆ دۆزینەوەی پیلانێکی کاریگەرتر و باشتر بۆ کوشتنی. دوران سرون پێی گوتن، بگەڕێن بە شوێن دەڵە گورگێك، کە تازە بێچووی بووبێت، لەکاتێکدا کە دایکەکە لە کولانەکەی نییە، بێچووەکان بکوژن و زەردەشت بخەنە جێگەی... هیچ گومانی تێدا

نییە، کە گورگەکە دەگەڕێتەوە و دیمەنی کوشتنی بێچووەکانی دەبینێ و پەلاماری ئەم منداڵە دەدا ونجڕ ونجڕی دەکات...

کاتێك دەڵە گورگەکە گەڕایەوە و ئەو دیمەنە دڵتەزێنەی دی، کە بێچووەکانی کوژراون و ئەو کۆرپەیە لە جێگەیاندا بەجێماوە و دەگری و پەلەقاژی دەکا، دانە تیژەکانی جێرکردەوە و بە دڵێکی پڕ لە قین و توورەییەوە ویستی پەلاماری بدات و پارچە پارچەی بکات، بەڵام ئاهورامەزدای دانا و ژیر و میهرەبان، بە جۆرێك دڵی ئەم جانەوەرە درندەیەی نەرمکرد، کە زۆر بە هێمنی و ئارامییەوە هاتە سەر منداڵەکە و دەستیکرد بە لێستنەوەی و شیرپێدانی. تا ماوەیەك هەروەك بێچووەکانی خۆی ڕەفتاری لە تەکدا کرد. هەر لەم کاتەدا دایکی زەردەشت دەم بە گریان و هاوارەوە، دەشت و کێوی خستبووە ژێرپێ و بە شوێن کۆرپەکەیدا دەگەڕا، لەپڕ لە دوورەوە چاوی دەڵە گورگەکەی وەدیکرد، چووە پێشەوە لێی و وایدەزانی، کە ئەم گورگە منداڵەکەی خواردووە و گەرەکی بوو بیکوژێت، بەڵام هەرکە چاوی بەو دیمەنە کەوت، سوپاس و ستایشی خوای کرد، بەوەی کە ئەمجارەش جگەرسۆزەکەی رزگارکردووە.

پەرجۆی حەوتەم:

زەردەشت لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، تووشی نەخۆشییەك دەبێت، ئەم هەواڵە زۆر بە زوویی دەگاتە گوێی جادووگەران، ئەوانیش بە پەلە دەکەونە خۆیان و بڕیاردەدەن، کە ژەهر بکەنە نێو ئاو بە ناوی دەرمانەوە دەرخواردی زەردەشتی بدەن، لێ خوای میهرەبان، نهێنیی ئەم پیلانە بۆ زەردەشت ئاشکرادەکات و ئەویش دەرمانەکە دەڕێژێت و سەرزەنشتی جادووگەرەکان دەکات و پێیان دەبێژێ: بە فەرمانی ئاهورامەزدا، هیچ جۆرە جادوو و دەرمانی ئێوەی بێفەر کارناکاتە سەر من و خوای تاك و تەنیا و دانا، ئەز لەم نەخۆشییە ڕزگاردەکات، هەروەکو لەمەوبەر باسمان کرد، بە هۆی دەسەڵاتی فراوانی جادووگەران لەو رۆژانەدا گشت خەڵکی گیرۆدەی جادووگەرێتی بووبوون.

یەکی لەوانە، باوکی زەردەشت بوو، کە ئەویش هەروەك خەڵکی دیکە ئەفسوونی جادووگەران بووبوو.. رۆژێ لە رۆژان، جادووگەرە گەورەکان بانگدەکات بۆ ماڵی خۆیان بۆ نانخواردن، دوای نانخواردن و پشوودان، داوایان لێدەکا بڕێك جادووگەرێتی و چاوبەستی بۆ بکەن، بە تایبەتی بۆئەوەی زەردەشت بە چاوی خۆی ببینێت، پاش تەواوبوونی ئەو نمایشە باوکی زەردەشت فرە ئافەرینی گەورەی جادووگەرەکان دەکات و پێی دەڵێت: باشترین و زیرەکترین و بە تواناترین کەسە، لەم کاتەدا زەردەشت دەستدەکا بە ئاخاوتن لە تەك باوکیدا و پێی دەبێژێ: ئەو رێگەیەی ئەو و جادووگەران گرتوویانەتەبەر،

راست نییە ر ەیانگەیەنێتە دۆزەخ و داوای لێدەکا، کە ئەو کردارانە بخاتە لاوە و وازیان لێبێنێت و ڕێگەی راست و هەق، کە ڕێگەی خوای تاك و تەنیایە بگرنەبەر.

جادووگەرەکان دەکەونە دەمەتەقێ لە تەك زەردەشتدا، بەڵام زەردەشت بەرپەچی درۆودەلەسەی گشتیان دەداتەوە، ئیدی جادووگەرەکان بە سەرشۆڕی و سەرسوڕماوی لە ژیری و دانایی ئەو منداڵە و بە دڵشکاوی و عاجزی و بێ توانایی و شەرمەزاری خۆیان ماڵەکە بەجێدێڵن، زەردەشت کە گەیشتۆتە تەمەنی پانزە ساڵی، ئیش و کار و هەڵسوکەوتی پیاوانەی لێوەشاوەتەوە و هەمیشە یارمەتی بێدەرامەت و دەستکورت و بێدەسەڵاتانی داوە، لە چاکە بەولاوە هیچ کارێکی دیکەی نەکردووە، هەمیشە بە فریای ئەو کەسانە کەوتووە، کە پێویستیان بە یارمەتی هەبووە و دەستی یارمەتی بۆ درێژکردوون.

داستانەکان وا دەگێڕنەوە، کە زەردەشت لەنێوان تەمەنی حەوت ساڵی تا پانزە ساڵیدا لە ژێر چاودێری پیاوێکی زانا و ژیر بە ناوی بەرزین کورس پەروەردەبووە و فێری ئوسولی ئایینی و کشتوکێڵ و چارەسەرکردنی نەخۆشی بووە، بە هۆی ژیری و داناییەوە، هەر لەو تەمەنەدا چووەتە ڕێزی پیاوە گەورەکانی ئەو سەردەمە و لە ناو کۆمەڵگادا پێگەیەکی تایبەتی بۆ خۆی کردۆتەوە.

هەر لەو کاتانەدا بووە کە تۆرانییەکان، هێرشیان بردۆتە سەر ناوچەکەیان و زەردەشتیش وەك هەموو لاوێکی ئەو ڕۆژگارە چەکی هەڵگرتووە و چۆتە نێو گۆڕەپانی شەڕ بۆ بەرگری لە ناوچەکەی دژی سوپای هێرشکەر، ئەو جەنگ ر بگرەو بکوژە، ماوەیەکی زۆری خایاندووە، لەو کاتەدا زۆر شتی نالەبار سەرنجی ڕاکێشاوە، وەك کوشتار و ئازاری برینداره‌کان، درۆزنی و پیلانگێڕان و سك هەڵدڕینی یەکدی... لەو دیمەنانە فرە ڕەنجاوە و بڕیاریداوە، کەوا دەست بکات بە یارمەتیدانی زامارەکان و مەلهەمکردن و تیمارکردنی برینداره‌کان، بۆئەوەی ئێش و ئازارەکانیان کەمکاتەوە... شەڕ کۆتایی دێت، بەڵام شوێن پەنجە و ئاسەوارە خراپەکانی هەروا دەمێننەوە، وێرانی و سووتانی زەویوزار و کشتوکێڵ و بڵاوبوونەوەی هەمەجۆرە نەخۆشییەك باڵیان بە سەر ناوچەکەدا کێشاوە... برسێتی و ماڵوێرانی، خەڵکی بە تەنگ هێنابوو، زەردەشت بە هەموو توانایەکییەوە دەستدەکا بە هەوڵ و کۆشش بۆ یارمەتیدانی خەڵك، ژیانی خۆی تەرخاندەکا بۆ سارێژکردنی برینەکانی کۆمەڵگا، هێدی هێدی ئاسەواری شەڕ کەمتر دەبێتەوە، زەردەشت دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی، بەڵام هەمیشە بیری لەوە کردۆتەوە چلۆن بتوانێت ڕێگە و ڕەوشێك بدۆزێتەوە بۆ ڕزگارکردنی خەڵك لەو بارودۆخە ئاڵۆز و نالەبارە، باوکی هەست بەم گۆڕانکاری و تێفکرینەی کوڕەکەی دەکا و ئامۆژگاری دەکات و هانیدەدا، کە خەریکی کشتوکێڵ بێت و بیر لە پێکەوەنانی خێزان بۆ خۆی بکات و سەر و سامانێك بگرێت.

زەردەشت، گوێڕایەڵی ئامۆژگاری باوکی دەبێت و هاوسەر بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و ژیانێکی ئارام پێکەوەدەنێ، بەڵام هەست و بیری لای کێشەیەکی فرە بەرزتر و پیرۆزترە، بەرەبەرە هەست بەوە دەکات، کە خوا بۆ ئەنجامی کارێکی دیکە دروستیکردووە، نەك بۆ ژیانێکی وا ئاسایی. بیر لەوە دەکاتەوە چلۆن رێگەیەك بدۆزێتەوە، کە ئازاری خەڵکی پێ کەم بکاتەوە، ئەم حەشاماتە لە بیری وێرانکردن و خراپە وەرگێڕێ و بیانخاتە سەر رێگەی راستی و دروستی و چاك بیرکردنەوە و ئاوەدانی.

زەردەشت لە تەمەنی سی ساڵیدا بەرەو کێوی ئوشی دەرنە Oshidarena دەڕوات، (بڕێك لە زانایان و مێژوونووسان وەك ئیمام زەکەریا بن مەحمود قەزوینی، نووسەری کتێبی: (آثار البلاد و اخبار العباد) ئەو کێوە بە کێوی سبلان دەزانن و هەندێکی دیکە کێوی ئۆشی دەرنە بە کێوی ئاویەر (١٤) دەزانن، کە دەکەوێتە خواروی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان. دەبێژن: لەوێراوە بەرەو (بەڵخە)ی ناوچەی هەورامان ڕۆیشتووە، بۆئەوەی لە بارودۆخێکی ئارام و دوور لەقڕە و جەنجاڵی خەڵکییەوە، بکەوێتە بیرکردنەوە و تێفکرین لە نهێنییەکانی سروشت، دەیویست بنەمای چاکە و خراپە بزانێت، دەربارەی سروشتی ئادەمیزاد بزانێت بۆچی بڕێك جار باشن و هەندێ جار خراپ، ئاگاداربێت لە ڕاز و نهێنی (بوون) (سر الوجود) و فەلسەفەکەی... رێگەی راستی ژیان بزانێت و تێبگات چلۆن مرۆڤ دەتوانێت ئەو رێگەیە بگرێتەبەر بۆئەوەی هەمیشە دووربێت لە خراپە...، بە کورتی گەرەکی بوو هەموو شتێك دەربارەی باری کۆمەڵایەتی بزانێت. ماوەی ئەم بیرکردنەوە و تێفکرینە، بە گوێرەی نووسینی پەرتووکە ئایینزاکان دە ساڵی خایاندووە (هەندێ دەبێژن حەوت ساڵی خایاندووە). بەڵێ، دە ساڵێك زەردەشت بە تەنیایی لەنێو ئەشکەوتەکاندا خەریکی بیرکردنەوە بوو، بەڵام هێشتا ئەو شتەی عەودالی بوو پێی نەگەیشتبوو.

هێندەی نەمابوو وەرس بێت و بەدبینی بەسەریدا زاڵبێت و بگەڕێتەوە بۆ نێو ژیانی ئاسایی، ئێوارەیەکیان، لەکاتێکدا بەسەر دوندی کێوەکەوە دەپڕوانییە دوا تیرۆژی خۆر لە کاتی ئاوابووندا، لەپڕ پرشنگی راستییەکی فرە مەزن و بە شکۆ، هەموو بیر و هۆشی گرتەوە و گەیشتە ئەو راستییەی کە عەودالی بوو. بۆی دەرکەوت هەروەکو چلۆن کات (زمان) پێکهاتووە لە شەو و رۆژ، تاریکی و رووناکی، هەرگیز شەو و رۆژ کۆتاییان پێنایەت، هەروەها لە جیهانیشدا، ناحەزی و ناشیرینی هەیە و جوانیش هەیە، خراپە هەیە و چاکەش هەیە. کەوتە بیرکردنەوە لەوەی، کەوا هەر بەو شێوەیەی لە رۆژدا هەمیشە رووناکی هەیە و تاریکی ناتوانێت، زەفەری پێبەرێت، شەویش هەمیشە تاریکە و رووناکی سروشتی دەستی پێناگات، چاکە هەمیشە چاکە و خراپەش هەر خراپەیە...

بەم شێوەیە، زەردەشت بۆی دەرکەوت کە خراپەکاران و رەوشت نزمان ناتوانن لە رێگەی خوای گەورەوە، کە دیاردەی چاکەیە، خراپە بلاوبکەنەوە و یاخود دەستبەدامێنی ئەهریمەن بن بۆ چاکەکردن، زەردەشت بۆی دەرکەوت کە دوو هێزی دژ بە یەکتر، ئەم جیهانە دەچەرخێنن، یەکێکیان (موجب) و چاکە و خێرە و ئەوی دیکەیان (سالب) و خراپە و شەڕە.

یەکەمیانی ناونا سپەنتامینو Spenta Mainyu، واتە بیر و رەوشتی خاس و پیرۆز، دووەمیشیان ئەنگرەمینو Angra Mainyu یانی بیر و رەوشتی خراپ، کە دواتر بە ئەهریمەن ناونرا.

ئەمە، قۆناغ و پلەی یەکەمی ئەو راستییە بوو، کە هەمیشە عەودالی بوو بۆ گەیشتنە ئەنجامی بیرکردنەوەکانی، کەوتە بیرکردنەوە لەوەی کە بۆچی ئەم دوو هێزە هاتوونەتە گۆڕێ و خەڵك دەبێ چ بکەن بۆئەوەی رزگاریان بێت لەم ئێش و ئازار و ژیانە نالەبارەی هەیانە و رێگەی رزگاری کامەیە و چلۆن وەدەست دێت؟ ماوەیەکی زۆری دیکەش هەر لە تێفکرین و بیرکردنەوەدا بوو، زۆر شتی دیکەشی بۆ روون و ئاشکرابوو.

بە گوێرەی گوتەی نووسەری (دینکرد) لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا زەردەشت حەوت جار لە تەك ئاهورامەزدا گفتۆگۆی کردووە و زۆر شتی ئاڵۆزی بۆ روونبۆتەوە، دەبێژێ: دوا چرکەکانی گۆشەگیری و تێفکرین و بیرکردنەوە هێدی هێدی، بەرەو کۆتایی دەچوو.

زەردەشت، لە دەروونیدا، هەستی بە گۆڕانکارییەکی نائاسایی کرد، هەروەك گیانێکی نوێ چووبێتە نێو قاڵبی لەشییەوە. نەیدەزانی چی رووداوە، بەرەو ڕووباری دائی تی دەکەوێتەڕێ. لەوێڕا گشت بنەما و پێکهاتەکانی سروشت، لە گژوگیا، با، ئاوی ڕووبار پێکەوە جوانترین دیمەنی سروشتیان وەدیهێنابوو. هەرکە ئاسۆ دەرکەوت، باڵندەکان کەوتنە جریوە و چریکاندن و زێتر دیمەنی سروشتیان دڵڕفێن کرد. ئا لەم کاتەدا فریشتە (وەهومەن)ی چاوپێکەوت، کە داردەستێکی زێڕینی وەدەستەوەبوو. بەرەو رووی دەهات. وەهومەن لێی نزیکبۆوە، بە رێزێکەوە کە شایانی ئەو زاتە بەڕێز و مەزنە بێت، داوای لێکرد کە لە قاڵبی لەشی ئادەمیزادییەوە بێتەدەر، پاشان وەهومەنی فریشتەی بارەگای خوای تاك و تەنیا، رۆحی ئەو گەوهەرە (١٥) رۆشن و بێ هاوتایەی لە تەك خۆیدا بردە بارەگای ئاهورامەزدای هەمیشە زیندوو.

لەوێدا زەردەشت لە خزمەت ئاهورامەزدا و فریشتەکانیدا ڕادەوێستێت و کرنۆش بۆ ئاهورامەزدا دەبات.

نووسەری کتێبی: (زرادشت نامە) دەربارەی ئەو رووداوە دەبێژێ: (... لەکاتێکدا کە زەردەشت لە کەناری دەریایی دائی تی راوێستابوو تارماییەك دەبینێت، کە سەرتاپای بریتییە لە رووناکی، تارماییەکە لە زەردەشت نزیك دەبێتەوە و پێی دەبێژێت: ئەز فریشتە وەهومەنم. داوای لێ دەکات، کە بۆ چرکەیەك چاوی دابخات. زەردەشت دەڵێت، هەرکە چاوم قوچاند رۆحم وەك باڵندەیەك سووك بوو و لە لەشم جیابۆوە و لە تەك ئەم فریشتە پاکەدا، بەرەو ئاسمان کشام. کاتێك چاوم هەڵبڕی، روانیم لای ئەنجومەنێك راوێستاوم. ئەوەندە بریسکەیان لێدەهات چاوم رێشکەوپێشکەی دەکرد. تەنێ نزیکەی بیست و چوار هەنگاوێك لێیانەوە دووربووم. یەکە یەکە فریشتەکان دەهاتن و بە رووخۆشییەوە تەماشایان دەکردم، ئەمجا زەردەشت باسی ئەوە دەکات، کە چلۆن وتوویژی لە تەك ئاهورامەزدا کردووە و پرسیاری لێکردووە و وەڵامەکانی وەرگرتووە.

یەکەمین پرسیاری زەردەشت لە ئاهورامەزدا، ئەوە بووە، کە خاسترین کەس لەم جیهانەدا کێیە؟

خوای دانا و ژیر، وەڵامی زەردەشت دەداتەوە و دەفەرموێت: باشترین کەس لە جیهاندا، ئەو کەسەیە کە راستگۆیێت و هەرگیز راستی نەشارێتەوە و راستی و دروستی پیشەی هەمیشەیی بێت و هەرگیز و بە هیچ کلۆجێك دژی راستی نەبێت و دڵی میهرەبان بێت.

ئەوسا ئاهورامەزدا، دەستدەکات بە باسکردنی بنەمای چاکە و خراپە و باسی ئەهریمەن بۆ زەردەشت دەکات. هەروەها دەربارەی چۆنێتی هەڵسوراندنی زەوی و ئاسمانەکان، رۆژ و هەسارەکان، زانیاری تەواوەتی پێدەدات. پرسیاری دیکەی زەردەشت، دەربارەی چۆنێتی پەرستنی ئاهورامەزدا و بە جێهێنانی نوێژ و قیبلە و... یە.

ئاهورامەزدا لە وەڵامدا دەفەرموێ: لە کوێرا رووناکیتان دی، بەرەو ئەو شوێنە دەتوانن راوێستن و نوێژ و ستایشت بکەن. دەفەرموێ، لە شوێنی رووناکیدا، خراپە هەرگیز خۆی راناگرێت، ئەز، گشت شتێکم لە رووناکی و چاکە دروستکردووە.

ئاهورامەزدا، دەستوور و فەرمانەکانی خۆی بە زەردەشت رادەگەیەنێت، زەردەشت، پەیامی ئاسمانی وەردەگرێت و دەبێتە پەیامبەری خوا، ئاهورامەزدا رۆحی زەردەشت مەرەخەس دەکا کە بگەڕێتەوە سەر زەوی. پاش وەرگرتنی پەیامی ئاسمانی، ئەمجا یەکەیەکە، فریشتە نزیکەکانی بارەگای ئاهورامەزدا دێنە لای زەردەشت. هەر یەکەیان پەند و ئامۆژگاری و راسپاردەکانی خۆیان بە پەیامبەر رادەسپێرن. لە پێش هەمواندا فریشتە (وەهومەن) دێتە خزمەتی حەزرەتی زەردەشت. فەرمانەکانی ئاهورامەزدا، کە پەیوەندی بەوەوە هەیە، دەربارەی ئاژەڵ و چۆنێتی ماڵیکردنیان و بە خێوکردنیانی پێراوەگەیەنێت. وەهومەن دەبێژێ لە ئێستا بەدواوە، هەرچی ئاژەڵی سوودمەند هەیە لە ژێر چاودێری

تۆدایە. پێویستە بە خەڵکی رابگەیەنیت کەوا بە چاکی و باشی چاودێری لە ئاژەڵ بکەن، بە تایبەتی (مەڕ). چونکە هەموو جیهان سوود و قازانج لەم گیان لە بەرە وەردەگرن و داوایان لێبکە کە هەرگیز بەرخ و مەڕی دوو گیان سەر نەبڕن، هەرگیز زێدە لە پێویست ئەم ئاژەڵانە نەکوژن.

پاشان فریشتە (ئاشاوەهیشتا)، دێتە خزمەت پەیامبەر و دەبێژێ: پێویستە ستایشی ئاگر بکرێت و رێزی لێبگیرێت، چونکە مەڵبەند و سەرچاوەی رووناکی و پاکییە، پێویستە لە هەر شوێنێك خواپەرستی تێدا بێت، ئاتەشکەدە دروست بکرێت بۆ پاراستنی ئاگری پیرۆز، کە نیشانەی رووناکی و نوری ئاهورامەزدایە. ئەمجا باسی سوودەکانی ئاگر دەکات بۆ گشت ئادەمیزاد. پاش ئەم فریشتە (خشترەوەئیریە) دێتە خزمەتی، باسی کانەکان و نهێنییەکانی و سوودی هەمەجۆرە بەردێك بۆ پەیامبەر دەکات.

ئەوسا نۆرە دێتە سەر فریشتە (سپەندارمت) و دەبێژێ، بە فەرمانی ئاهورامەزدا، پێویستە زەوی بە پاکی و خاوێنی رابگیرێت، نابێ هەرگیز خوێن و پیسایی و لاشەی مردوو تێکەڵ بە خاك بێت. هەروەها دەبێژێ، ئەو شوێنانەی کشت و کێڵی تێداناکرێت، پێویستە ئاوی بگەیەنرێتی و ئەو شوێنانە زیندووبکرێنەوە و کشتوکێلیان تێدا بکرێت، چونکە لەسەر زەوی ئاوەدان، خەڵك سوود و بەهرە دەبینن.

پاشان فریشتە (هەئورتات) دێتە خزمەتی و هەرچی ئاوی سەر رووی زەوی و ژێر زەوی هەیە، گشتی دەسپێرێتە پەیامبەر و دەبێژێ: ئاوی کانی و کارێز و رووبار و دەریاکان هەمووی پێویستە بە خاوێنی رابگیرێت و هەرگیز پیسایی تێدا فڕێ نەدرێت و لیخن نەکرێن، چونکە بە هۆی ئاوەوەیە، ژیان بەردەوام دەبێت. ئەمجا دەست دەکات بە ژماردنی سوودەکانی ئاو و داوا لە زەردەشت دەکات، کە بە هەموو خەڵکی رابگەیەنێت چاودێری و ئاگاداری لە ئاو بکەن.

لە کۆتاییدا فریشتە (ئامرتات) دێت و دەربارەی گژوگیا و درەختەکان و کێڵگەکان دەدوێت و باسی سوودەکانیان دەکات، چ بۆ ئادەمیزاد و چ بۆ ئاژەڵ بە تێکڕایی و داوا لە زەردەشت دەکات کە بە خەڵکی ڕابگەیەنێت بە بێهودە ئەمانە لە ناو نەبەن.) حاجی میرزا عەبدولمەمەد خان نووسەری کتێبی (زردشت باستانی و فلسفە او)، کە لە ساڵی ١٩٣٣ لە میسر لە چاپدراوە لە لاپەڕە ٦٩ دا دەبێژێ:

((پێویستە ئەوە بزانین کە ئەم چاوپێکەوتنانەی پەیامبەر لە تەك فریشتەکاندا، لە یەك کات و یەك شوێندا ڕووینەداوە، بەڵکو لە ماوەی دوانزە ساڵ و لە شوێنی جیاجیا رووبداوە، ئەوەی کە ئێستا

ئاشکرابووە، ئەوەیە کە زۆربەی ئەم چاوپێکەوتنانە لە ناوچەی ئازەربایجان (کوردستان) و دوانیان لە رۆخی گۆڵی ورمێ رووياندا‌وە.))

پەیامبەر، پاش ئەوەی فەرمانەکانی ئاهورامەزدا وەردەگرێت پێی ڕادەگەیەنرێت، کە بچێتە نێو خەڵکییەوە و رێگەی راستی و دروستی ئایینی خواپەرستییان پێشان بدات.

زەردەشت، لە تەمەنی چل ساڵیدا و لە رۆژی شەشی خاکەلێوەدا (نەورۆز)، کە دەکاتە ٢٦ی مارت، لە کێوی (ئەشیدەرنە)، بە فەرمانی ئاهورامەزدا دێتەخوارەوە و دەچێتە نێو خەڵکییەوە و ئامۆژگاریان دەکات کە رێگەی ڕاستی بگرنەبەر. بانگیان دەکات کە ئایینی خواپەرستی هەڵبژێرن.

نووسین و داستانەکانی زەردەشتییەکان، وارادەگەیەنن کە لە رۆژانی یەکەمی بانگەوازەکەیدا خەڵکێکی فرە کەم، لە دەوری کۆدەبنەوە. زۆربەی زۆری خەڵك هیچ گوێ نادەنە ئامۆژگاری و وتە پیرۆزەکانی، ئەوانەی لە دەوریدا کۆدەبنەوە، گوایە بە پەنجەی دەست دەژمێرێن. بەڵام لە راستیدا، دەبێ بەو جۆرە نەبووبێت، چونکە ناتوانین باوەڕبکەین کە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی وەك ئەو کاتە، هەروەکو لەمەوبەر باسمان لێکرد، زۆروستەم و خراپە، باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو، خەڵکی چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد، کە یەکێك بێت و لەو بارە ئاڵۆزە رزگاریان بکات، ئێستا ئەو کەسە هاتبێت و ئەو هەموو پەند و ئامۆژگارییانە بڵاوبکاتەوە و هەموو لایەك دڵنیابکا، کە ڕزگاریان دەکا لە خراپە، کەچی بە گوێی نەکەن. دەتوانین بێژن، کە دەبێ سەرەتا خەڵکێکی فرە، بە تایبەتی لە چینی هەژار و کەم دەرامەتەکان دوای ئەم ئایینە کەوتبن و باوەڕیان بە وتە پیرۆزەکانی پەیامبەر هاوردبێت، بەڵام پێشەوا ئایینییە درۆزنەکان و فەرمانڕەوا گەورەکان و جادووکەرەکان کە هێز و دەسەڵات و توانایەکی زۆریان هەبووە، هەست بەوە دەکەن، کە ئەستێرەیان بە هۆی ئەم ئایینە تازەیەوە خەریکە بەرەو ئاوابوون دەڕوات، بە زۆر و هەڕەشە وا لە خەڵکی هەژار و بێ دەسەڵات دەکەن، کە واز لەم رێگەیە بێنن و بگەڕێنەوە سەر ئایینی باوك و باپیرانیان و پشتی زەردەشت بەربدەن.

سێ چوار ساڵێك بەم شێوەیە، زەردەشت خەریکی بڵاوکردنەوەی دەستوورەکانی ئاهورامەزدا دەبێت، بەڵام بە داخەوە - بزماری پۆڵایی بەرد کون ناکات - و هەموو هەوڵ و کۆششەکانی تا ئەندازەیەك بەفیڕۆدەچێت. یەکەمین کەسێك کە لەوماوەیەدا بە دڵ و بە گیان، باوەڕ بە ئایینی نوێ و پەیایەکەی زەردەشت دێنی، ئامۆزاکەی خۆیەتی بە ناوی (میدیوماه) کوڕی ئاراستی. .

هەروەکو گوتمان پیاوە ئایینییە درۆزنەکان و خاوەن دەسەڵاتەکان و دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە، ئاڵای دژایەتی بەرامبەر پەیامبەر هەڵدەکەن، بە شێوەیەك دژایەتی و ململانێی لە تەکا دەکەن، کە ناچاردەبێ نیشتمانی بە جێهێلێت و بەرەو رۆژهەڵات کۆچ بکات، ماوەیەك ئاوارە و سەرگەردان

دەبێت لە تەك دایك و باوك و منداڵەكانی و ئامۆزاكەی و ژمارەیەكی كەم لەوانەی بڕوایان پێهێنابوو بێگومان ئەم كارەساتەی بەسەر زەردەشت هاتووە، یەكەمین و دواجار نەبووە لە مێژوودا، فرە لە پەیامبەرەكان هەمان كارەساتیان بەسەرهاتووە، بۆ وێنە پەیامبەری ئیسلام (د.خ) ئەویش كەسوكاری خۆی پاش ئەوەی دژایەتیان كرد و ئازار و ئەشكەنجەیان دا ناچاریان كرد نیشتمانی خۆی بەجێبهێڵێت و كۆچ بكات بۆ شوێنێكی دیكە، خوای گەورە و میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا وەی پەیامبەر بەرزدەكاتەوە و دڵنیای دەكا و داوای لێدەكات كە ئارام بێت، چونكە لەمەوبەریش زۆربەی زۆری پەیامبەران، بەرهەڵستیان لێكراوە و دوژمن و نەیاریان هەبووە و دەفەرموێ:

((وكذلك جعلنا لكل نبي عدوا من المجرمين و كفي بربك هاديا و نصيرا))
سورەتی فرقان — ئایەتی ٣٠

پاش چوار ساڵێك زەحمەت و رەنجكێشان ئیدی بۆی ئاشكرادەبێ، كە ئەمانە نایەنە سەر ڕێی ڕاست و دەبێ هەروا بە گومڕایی بمێننەوە، بۆیە ڕوودەكاتە لای سەرداران و خونكارانی تۆران، بەڵام ئەوانیش لە دەستەی یەكەم باشتر نابن و بەڵگە و نیشانەكانی ئەو پەیامبەرە پایەبەرزە، دڵی ئەو ستەمكارانەش نەرم ناكات و پەیڕەوی لێناكەن.

بەڵێ، زەردەشت لە یەكەمین تاقیكردنەوەیدا كە ڕووبەڕوو لە تەك خەڵكدایە، سەركەوتوونابێت ئەو باسی چاكە و خراپە دەكات، دەربارەی ئازادی دەربڕینی بیروڕا، ئازادی لە هەڵبژاردن دەكات، بانگەوازی خەڵك دەكا بۆ هاتنە سەر ڕێی ڕاست، پەیڕەوی لە بیر و وتە و كرداری چاك و... بەڵام كۆمەڵگا، كۆمەڵگایەكی دواكەوتووە، ئەم وتە و باوەڕانە ئەزم ناكا، چونكە بابەتێكی تازەیە، زەردەشت لەكاتێكدا باسی خوای تاك و تەنیا دەكا، كە ئەوان خوایانی جۆراوجۆر دەپەرستن، لەكاتێكدا باسی ئازادای و هەڵبژاردن دەكات، كە ئەوان لە ژێر باری ستەمی پێشەوا درۆزن و جادووكەرەكاندا وزەی بیركردنەوەیان لێبڕاوە، كاتێك باسی نیشتەجێی و دروستكردنی گوند و شار و كشتوكێل و ئاوەدانی دەكا، كە خەڵكی خوویان بە كۆچەرێتی و خێوەتنشینی گرتبوو. زۆرداران، لە گەورە پیاوانی ئەو كاتە هەست بەوە دەكەن كە ئەم بیروباوەڕە تازەیەی زەردەشت هاوردوویێتی پلە و پایە و جێگەیان پێ لێژدەكات، بۆیە دەكەونە ئازاردانی خۆی و ئەو خەڵكەی باوەڕیان پێهێنابوو، خەڵكی لێ تەردەكەن و ناچاری دەكەن ڕەوبكات و ناوچەكەیان بۆ بەجێبهێڵێت. زەردەشتی پاك و نەمر ئەم ماوەیەی ژیانی لە گاتاكاندا بەدەم سكاڵاوە باس دەكات و دەبێژێ:

((روو لە کام سەر زەوی بکەم؟
بۆ کوێ کۆچ بکەم؟
لە کەسوکار و یارەکانم دوورم دەکەنەوە،
دڵخۆشییەکم نە لە هاوکارەکانم هەیە،
نە لە شالیارەکان کە پەیڕەوی درۆ و خراپەن،
ئەی مەزدا ئاهورا،
چلۆن دەتوانم رەزامەندی تۆ وەدەست بێنم؟))

(یەسنا٤٦ بەندی١) پاش ماوەیەك دەربەدەری و ئاوارەیی و سەرگەردانی بە فەرمانی ئاهورامەزدا بەرەو شاری (بەڵخ) لە رۆژهەڵاتی ئێران، کە پایتەختی گوشتاسەب شای کەیانی بووە، دەکەوێتەرێ. میهردادمهرین نووسەری کتێبی (دین بهی – فلسفه دین زردشت) ل- ١٧ دەبێژێ: ((...زەردەشت ناچاردەبێت لە هاوولاتییەکانی خۆی لە ئەترۆپاتگان، رەشبین بێت و بەرەو شاری (بەڵخ) دەڕوات. ئەوەی ئاشکرابووە شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت لە شوێنێك لە نزیك گۆڵی ورمێ بە ناوی (گزن) بووە)).

هەر لە یەکەم چاوپێکەوتندا، زەردەشت بە هۆی وتە جوان و راستەکانی دڵی گوشتاسەب شا وەدەست دێنێت، شا فەرمان دەدات، کەوا کۆڕێك لە پیاوە زانا و دانا و ژیرەکان پێکەوەنێن و هەرچی پرسیارێکیان هەیە لە زەردەشتی بکەن.

لە یەکەمین کۆڕدا هەرچی پرسیارێکیان بوو لە زەردەشتیان کرد. دەربارەی ژیانی رابردوو و ژیانی پاش مردن (پەسڵان)، نهێنییەکانی بوون، حیکمەت و فەلسەفە و...

زەردەشت وەڵامی گشت پرسیارەکانیانی داوەتەوە. ئەو رۆژە، شا فرە دڵشاددەبێت. بەڵام پیاوەکانی بارەگاکەی لە دڵەوە یەکجار زۆر مات و مەلوول و کەسەر دەبن، چونکە لە بەردەم شادا شەرمەزاربووبوون. ئەوەی ئەم پەیامبەرە باسی لێوە دەکرد، هەرگیز ئەمان نەیانزانیبوو و نەیانبیستبوو تاوەکو باسی لێوە بکەن. داوایانکرد بۆ رۆژی دوایی کۆڕێکی دیکە بگرن. زەردەشت سوپاسی ئاهورامەزدای کرد، کە ئەو توانایەی پێبەخشی کە بە سەر ئەمانەدا زاڵبێت..

بۆ رۆژی دوایی، دووبارە زەردەشت لە کۆڕەکەدا وەڵامی گشت پرسیارەکانی دایەوە کە لێی کرابوو. بە شێوەیەك وەڵامی دانەوە، کە هەموو زاناکانی حەپەساندبوو و نەیاندەزانی دەبێ چی بکەن!

زەردەشت بە گوشتاسەب شا دەبێژێ، کە دەیەوێت بۆ ڕۆژی داهاتوو هەرچی زانا و دانا و پیاوە گەورەکان و سەردارانی سوپا هەیە، گشتیان لە کۆڕێکدا ئامادەبن، چونکە گەرەکێتی ڕاستییەکیان بۆ باسبکات، کە تا ئەو کاتە باسی نەکردووە.

گەورە پیاوانی بارەگای شا و زاناکان هەموو کەوتنە خۆیان و چوونە ناخی بیرکردنەوەیەکی قووڵ. زۆریان پێ ناخۆش بوو کە کەسێکی وا هیچ کەس نایناسێت و بێگانەیەکی وەها، کە نازانن لە کوێوە هاتووە، جێگەیان پێ لێژ بکات، لەبەرئەوە هەموویان بڕیاریان دا، کە بڕۆنەوە ماڵەکانیان و بیربکەنەوە و بۆ ڕۆژی داهاتوو هەموویان پێکەوە بەرەنگاری ئەم بێگانەیە بن.

بۆ ڕۆژی دیاریکراو گشت پیاوە ژیرەکان و سەردارانی سوپا لە بارەگای شا ئامادەبوون. زەردەشت هات و دەستکرا بە گفتوگۆ، ئەمجارەش وەك ڕۆژانی پێشوو، زەردەشت سەرکەوت و هەموویانی بەزاند و وەڵامی پرسیارەکانی دانەوە، ئیدی هیچ پرسیارێك بێ وەڵام نەمایەوە.

گوشتاسەب شا، زەردەشتی هاوردە لای خۆیەوە و لە ژوور گشت پیاوەکانی بارەگا داینا، ئەوسا زەدەشت ڕوویکردە گوشاسەب و گوتی: ئەز پەیامبەری ئاهورامەزدا خوای تاك و تەنیام، ئەو خوایەی کەوا لە هەمووان مەزنترە، زاناتر، دانا و ژیرترینە، ئەو خوایەی کەوا حەوت ئاسمان و زەوی دروستکردووە و تۆی خستۆتە سەر تەختی پاشایەتی، ئەو خوایەی تۆی لە هیچ ئافراندووە و بە فەرمان و ویستی ئەو گەیشتوویتە ئەم شوێنە، ئەو خوایەی ڕۆح و لەشی هەموو زیندەوەرێکی دروستکردووە، ئەو خوایەی هەموو شتێك لەوە و بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە...

ئەمجا زەردەشت ئاڤێستا بۆ (شا) دەخوێنێتەوە و دەبێژێ ئەمە پەیامی خوایە کە بە هۆی منەوە بۆ گشت ئادەمیزادی ناردووە.

پاش ئەوەی پەیامبەر، قسەکانی تەواوبوو، گوشتاسەب داوای لە زەردەشت کرد بۆ سەلماندنی ڕاستی قسەکانی بەڵگە بهێنێتەوە. پەیامبەر لە وەڵامدا دەبێژێ کە باشترین و ڕاستترین بەڵگە بۆ قسەکانی پەیامی ئاڤێستایە، کە نهێنی و ڕازی هەردوو جیهانی تێدایە و تا ئەوسا هیچ کەسێك پێی نەزانیوە و زانیارییەکیان دەربارەی نەبووە. لەبەرئەوەی گوشتاسەب شا نەیتوانی لە یەکەمجاردا ناوەڕۆکی ئەو پەیامە پیرۆزە ئەزم بکات، خاس لێی تێبگات، چونکە فەلسەفەکەی لەوە قووڵتر و بەرزتربوو، کە بە یەکجار خوێندنەوە هەمووی ئەزم بکرێت، بۆیە بە زەردەشتی گوت کە ناتوانێت بڕیاری تەواوەتی خۆی بدات و ڕای دەربڕێت بەرامبەر ئامۆژگارییەکانی پەیامبەر، ئایا پەیڕەوی لەو ئایینە تازەیە دەکا یا نا. گوشتاسەب شا داوا لە زەردەشت دەکا، کە ئاڤێستای لا دابنێت بۆئەوەی هەر ڕۆژەی چەند بەشێکی لێبخوێنێتەوە. پێی دەبێژێ تۆ هەموو ڕۆژێ وەرە بۆ ئێرە بۆئەوەی سوود

لە قسە و ئامۆژگارییەکانت وەربگرین. بەڵام ئایا پیاوەکانی بارەگای شا، زاناکانی ئەو سەردەمە و گەورە جادووکەرەکان، کە بە چاوی خۆیان دەبینن، بێگانەیەك هاتووە و بە زیرەکی و دانایی و لێهاتوویی خۆیەوە، خەریکە جێگەیان پێ لێژدەکا، هەروا چوارمشقی دادەنیشن و دەست بە ئەژنۆی خۆیانەوە دەگرن؟

بێگومان نا، بۆیە لەنێو خۆیاندا کۆبوونەوەیەك رێکدەخەن و بڕیاردەدەن کە زەردەشت بکوژن و لە ناوی بەرن، وەلێ دوانیان کە لە هەموو ئەوانی دیکە ژیرتر بوون، بەم پیلانە قایل نابن و دەبێژن کە نابێ ئەم کارە بکەن. بەڵکو پێویستە بیر لە پیلانێکی خاستر بکەنەوە، کە ببێتە هۆی ئەوەی لە ناوچەکە دەربکرێت یاخود بخرێتە زیندان.

پاش بیرکردنەوەیەکی ئەهریمەنانە پیلانێکی نوێ دادەڕێژن و دێن لە تەك قاپییەوانی ئەو ماڵەی کە بۆ حەسانەوەی زەردەشت تەرخانکرابوو، رێکدەکەون و کلیلی خانووەکەی لێدەستێنن. ئەوجا، بڕێك پیسایی ئاژەڵ، خوێن، موو، لاشەی ئاژەڵی تۆپیو و کەللە سەری سەگ و سەلکە پشیلە و ئێسقانی مردوو و.... دەخەنە نێو سەرین و تووڕەکە و لە ژوورەکەی زەردەشتدا دەیشارنەوە. ئەوجا پێکەوە دەچنە بارەگای شا، لەوێرا شا و زەردەشت دانیشتبوون، گوشتاسەب خەریکی خوێندنەوەی ئاڤێستا بوو، لەوکاتەدا چووبووە ناخی دەریایی پڕ لە زانیاری ئەو پەیامە پیرۆزە. ئەو تاقمە پیلانگێرە پاش کڕنوش بردن بۆ (شا) دەبێژن، کە زۆر خۆی بەو کتێبە هیلاك و ماندوو نەکات. چونکە هەمووی بریتییە لە جادوو و جادووگەرێتی و ئەو پیاوەی کە خۆی بە پەیامبەر دەزانیت و کەسیش نایناسێت، کەس نییە جگە لە جادووگەرێك، کە بە قسەی زل و بریقەدار دڵی (شا)ی نەرمکردووە، بۆئەوەی بە مەرامی تایبەتی خۆی بگات. گوشتاسەب، فەرمانی پشکنینی ماڵەکەی زەردەشت دەردەکات. پاسەوانەکان هەرچی ئەو شتانەی پیلانگێرەکان دایاننابوو دەیهێننە بارەگای شا.

گوشتاسەب بە بینینی ئەو شتە پیسانە چاوی دەپەڕێتە تەوقی سەرییەوە و دەست دەکا بە سەرزەنشتکردنی زەردەشت و قسە پێگوتنی و پێی دەبێژێ:

ئەتۆش جگە لە جادووگەرێکی پیس و چەپەڵ، هیچی دیکە نیت، هەرچەندە زەردەشت داکۆکی لە خۆی دەکا، بەڵام بێسوود بووە، چونکە ئەو کەل و پەلانەیان لە نێو ژوورەکەیدا دۆزیبۆوە.

(شا) فەرمانی دا کە زەردەشت ببەن و بیخەنە زیندان. زەردەشت ماوەی هەفتەیەك لە زیندان دەبێت. گوشتاسەب شا ئەسپێکی رەشی فرە جوان و ڕەسەنی هەبووە، کە یەکجار زۆر خۆشیویستووە، رۆژێك بەیانی زوو مەیتەرەوانەکەی شا وەك هەمیشە دەچێتە نێو تەویلەی ئەسپەکان، ئەسپە ڕەشەکە وەك جاران سەرنجی ڕادەکێشێ، بەڵام ئەمجارەیان بە شێوەیەکی دیکە. ئەسپەکە، بە

شێوەیەکی زۆر سەیر و نائاسایی بە سەر زەویدا کەوتووە، دەچێتە پێشەوە و لێی نزیك دەبێتەوە دیمەنێکی سەیر دەبینێت. لێی وردەبێتەوە، تەماشای دەکا، چوار پەلی ئەسپەکە سڕبووە و بە سکییەوە نووساوە. بە پڕتاو بەرەو بارەگای شا دەچێت و کێشەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، (شا) دێت و ئەو دیمەنە دەبینێت، غەم و پەژارە دایدەگرێت و فەرمان دەدا، کە هەرچی زانا و پزیشك و پسپۆرەکان لەو ناوچەیەدان کۆببنەوە و چارەسەرێکی ئەو دەردە بکەن. هەموو کۆدەبنەوە، بەڵام هیچیان لە دەست نایەت و هەرچییەك دەکەن بێسوود دەبێ.

بە هۆی پاسەوانی زیندانەکەیەوە، زەردەشت ئەم هەواڵە سەیرە دەبیستێت، پێی دەبێژێ بچۆ بۆ خزمەت شا و پێی بێژە زەردەشت دەڵێ من دەتوانم ئەسپە ڕەشەکەی لەم نەخۆشییە رزگاربکەم.

بە بیستنی ئەم ڕاسپاردەیە، (شا) دەنێرێ زەردەشت لە زیندان دەهێنن و پێی دەبێژێ، تا ئێستا قسەی زۆرت بۆ کردووین، بەڵام هیچ شتێکی وەهات نەنواندووە و بە کردەوە هیچت پیشان نەداوین کە بڕوات پێ بکەین. ئەگەر راست دەکەیت و پەیامبەر و راسپاردەی ئاهورامەزدایت، ئەمە ئەرز و ئەوە گەز، دەبێ بتوانیت ئەم ئەسپەم لەم نەخۆشییە بۆ رزگاربکەیت. زەردەشت بۆ چاککردنەوەی ئەسپەکە، چوار مەرج دادەنێت و بە شا دەبێژێ کە ئەگەر ئەم چوار مەرجە بەدیبهێنێت، ئەوسا هەر چوار پەلی ئەسپەکە ڕەهادەکات و خاس دەبێتەوە.

(شا) دەڵێ، چیت گەرەکە بڵێ. زەردەشت دەبێژێ، یەکەمین مەرجم ئەوەیە بە دڵ و بە زمان باوەڕم پێبکەیت، کە ئەز پەیامبەری ئاهورامەزدام، پێویستە گوتنەکەت بە باوەڕەوە بێت، دەنا هیچ سوودێکی نابێت و بێهودەدەبێ. گوشتاسەب شا، بەڵێن دەدات. ئەمجا زەردەشت دەچێتە لای ئەسپەکە و دەست دەکا بە نیایشکردنی ئاهورامەزدا و داوای یارمەتی لێدەکات کە فریای بکەوێت. کتوپڕ دەستی راستی ئەسپەکە لە سکی جیادەبێتەوە. (شا) دڵخۆش دەبێ و خەندە دێتە سەر لێوی.

دووەمین مەرجی زەردەشت، ئەوەیە کە ئەسفەندیاری کوڕی شا لە بەردەمی هەمووواندا، بەڵێن بدات کەوا بە هەموو هێز و توانایەوە ئایینی یەکتاپەرستی بڵاوبکاتەوە و ببێتە پاڵپشت و پشتیوانی زەردەشت. ئەسفەندیار بەڵێن دەدات، کە بە هەموو هێز و توانایەکییەوە، پاڵپشتی زەردەشت بێت و داکۆکی لە ئایینی یەکتاپەرستی بکات و لە هەموو لایەکدا بڵاوی بکاتەوە، هەر کەسێك دژی ئەم ئایینە بێت، دژایەتی بکات.

ئەمجا زەردەشت دەست دەکات بە پاڕانەوە لە ئاهورامەزدا. قاچی راستی ئەسپەکە لە سکییەوە جیادەبێتەوە، هەموو ئەوانەی لەوێ ئامادەبوون ئافەرینی زەردەشت دەکەن.

سێیەمین مەرجی زەردەشت بریتی بووە لەوەی شابانو(ئاتوسا) دەبێ لە کانگای دڵییەوە باوەڕ بە ئایینی یەکتاپەرستی بهێنێت. پاشان زەردەشت دەچێتە دوای شابانوو و قسەی بۆ دەکات. ئەوسا ئەو ئافرەتە پاکەش ئایینی یەکتاپەرستی بە دڵەوە پەسەنددەکات و باوەڕدەهێنێ.

زەردەشت دەگەڕێتەوە لای ئەسپەکە، دەستدەکاتەوە بە پاڕانەوە لە ئاهورامەزدا تاوەکو قاچی چەپی ئەسپەکە وەك جارانی لێدێتەوە. چوارەمین و دوا مەرجی زەردەشت لە شا ئەوەیە کە فەرمان بدات قاپییەوانی ماڵەکەی بهێنن. شا دەستوور دەدا قاپێوانەکە بێنن. زەردەشت داوای لە شا کرد، کەوا پێشەکی لە قاپییەوانەکە ببوورێت و لێی خۆشبێت بە مەرجێك لە راستی بەولاوە هیچ نەبێژێت. ئەوسا لێی دەپرسێت کە ئەو هەموو کەل و پەلە پیسانە چلۆن گەیشتوونەتە ژوورەکەی. قاپییەوانەکە ناچاردەبێت ڕاستی بڵێت. ئەوسا زەردەشت دەستدەکات بە دوعاکردن تا دەستی چەپی ئەسپەکە لە سکییەوە جیادەبێتەوە. ئەسپە ڕەشەکە، بە پڕتاو هەڵدەستێتە سەر چوار لۆق. شا زۆر دڵخۆش دەبێت، هەڵدەستێ و ناوچەوانی زەردەشت ماچدەکا و داوای لێبوردنی لێدەکات بۆ هەڵسوکەوتی ئەو دواییەی. گوشتاسەب، فەرمان دەردەکات، چوار لەو کەسانەی بوونەتە هۆی بەدیهێنانی ئەو کارەساتە هەڵواسن و سزای کرداری ناشیرین و چەپەڵی خۆیان وەربگرن. ئەمجا، شا، شاژن و ئەسفەندیار بە دڵ و بە گیان ئایینی یەکتاپەرستیان پەسەندکرد، باوەڕیان پێهێنا، هەموو هێز و توانای خۆیان و کیشوەرەکەیان خستەگەڕ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ئایینە و بوونە باشترین پاڵپشت بۆ زەردەشت و پەیامەکەی.

ئەوەی لێرەدا شایانی باس بێت، ئەوەیە کە بە گوێرەی باوەڕی نووسەری کتێبی (شش هزار ساڵ تاریخ) گوشتاسەب شا لە ساڵی ١٧٢٥ پ.ز، دوو هەفتە پێش دەستپێکردنی وەرزی بەهار، ئەم ئایینەی پەسەندکردووە. بە گوێرەی ئەو نووسینە، وتووێژی نێوان زەردەشت و گوشتاسەب شا نزیکەی دوو ساڵی خایاندووە.

پاش ئەوەی گوشتاسەب شا باوەڕی بە ئایینی خواپەرستی هاورد، داوای لە زەردەشت کرد، کەوا چوار ئارەزووی هەیە و دەیەوێت بێتەدی. لەبەرئەوە بە زەردەشتی گوت کە داوا لە ئاهورامەزدا بکات بۆئەوەی ئەم داوایانەی بۆ بێنێتەدی. داخوازییەکانی بریتی بوون لە:

یەکەم: بۆی ئاشکرابێت پاشەڕۆژی چلۆن دەبێ و لە پەسلاندا شوێنی لەکوێ دەبێت.

دووەم: بە هیچ جۆرێك تیغ لەشی نەبڕێت، بە تایبەتی لە کاتی جەنگدا، بۆئەوەی زێتر بتوانێت تێبکۆشێت و هەوڵ بدات بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی یەکتاپەرستی.

سێیەم: دەربارەی غەیبەوە زانیاری تەواوی پێبدات.

چوارەم: داخوازیشی ئەوە بوو کە هەرگیز نەمرێت.

زەردەشت لە وەڵامی شادا پێی گوت، کە لەم چوار داخوازی و ئارەزووەی تەنیا یەکێکیان هەڵبژێرێت، چونکە ئاهورامەزدا هەرگیز ئەم چوار بەهرەیە بەیەك کەس نادات. (شا) گوتی گەرەکمە بزانم پاش مردنم شوێنم لە کوێیە. پاشان زەردەشت لە ئاهورامەزدا دەپاڕێتەوە ئەم ئارەزووەی گوشتاسەب بەدیبهێنێت. بە فەرمانی ئاهورامەزدا، زەردەشت خواردنەوەیەکی تایبەتی دروست دەکا و دەیدا بە شا بیخواتەوە. پاش ئەوەی شا خواردنەوەکە دەخواتەوە، خەوی لێدەکەوێت و ڕەوانی لە لەشی جیادەبێتەوە و بەرەو بە هەشتی بەرین دەڕوات و لە وێڕادا جێگەی خۆی دەبینێت.

بە گوێرەی داستانەکانی زەردەشتییەکان، ئاهورامەزدا زەردەشتی ئاگادار کردۆتەوە لەو شتانەی کە لە پاشەڕۆژدا ڕوودەدەن و دێنەدی، بە تایبەتی ئەو کارەساتانەی کە بەسەر ئایینی یەکتاپەرستیدا دێت، هەروەها دەربارەی پەیدابوونی پەیامبەرانی پاش خۆی، سەبارەت بە ئاوارەبوون و دەربەدەربوونی پەیڕەوانی ئایینەکەی لە دیار و نیشتمانی خۆیان. دەربارەی هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی و خاپوورکردنی زەوی و زار و لەناوبردنی پەیڕەوانی ئایینی ڕاستی، هەروەها دەربارەی دووبارە پەردەسەندنەوە و بڵاوبوونەوەی ئایینی یەکتاپەرستی لە سەردەمی ئەردەشێری ساسانی و هێرشی عەرەبەکان و ڕوخاندنی ئاتەشکەدە و ئازاردانی زەردەشتییەکان، زانیاری تەواوی داوە بە پەیامبەرەکەی.

گوشتاسەب شای کەیانی و شابانو ئاتوسا، ئەسفەندیار و پشوتن کوڕانی گوشتاسەب و گشت ئەندامانی خێزانی شا، جاماسب و فرەشوشتەر، کە دوو برای دانا و ژیر بوون و لە وەزیرانی گوشتاسەب بوون، لە تەك هەموو ئەو زانا و ژیرانەی، کە لە کۆڕەکاندا ئامادەبوون، ئایینی یەکتاپەرستیان بە دڵ و بە زمان پەسەندکرد.

لەم کاتەدا تەمەنی پەیامبەر ٤٢ ساڵ بوو، پاش ئەمە، هەموو خەڵکی ناوچەکە، هاتنە سەر ئایینی یەکتاپەرستی. ئەم ئایینە، لە ناوچەش تێپەڕی کرد و بەرەو میللەتانی دراوسێش بڵاوبۆوە و تەشەنەی کرد.

لەو کاتانەدا، تۆرانییەکان هێز و توانایەکی یەکجار زۆریان هەبووە، کەیانییەکان باجیان دەدا بە تۆرانییەکان. ئەرجاسەب شای تۆران، فرە لەوە زویربوو کە گوشتاسەب دەستبەرداری ئایینی دێرینی بابوباپیرانی بووە، باوەڕی بەم ئایینە تازەیە هێناوە. نوێنەرێك دەنێرێتە سەری و دەستووری پێدەدا، کە واز لەم کردارەی بێنێت و بگەڕێتەوە سەر ئایینی خۆیان.

گوشتاسەب شا، پیاوە گەورەکان و زاناکانی ناوچەکە کۆدەکاتەوە و دەربارەی ئەو هەڕەشەیەی تۆرانییەکان گفتوگۆیان لەتەکدا دەکات...

زەردەشت، لەو کۆڕەدا ئامادەدەبێت و دەبێژێ: سەرانە و خاوە و باجدان و قبوڵکردنی ستەم، کارێکی نارەوا و ناشایستەیە و دەبێ دەستی ستەمکاری و بێدادی کورت بکرێتەوە، ئادەمیزاد هەرگیز بە ویستی خۆی و ئارەزوو و ئازادی باج و سەرانە بە کەس نادات. مرۆڤ دەبێ ئازاد بژی و لەپێناوی ئازادیدا بجەنگێت و خۆی ڕێگەی ژیانی خۆی دیاری بکات.

هەموو زانا و پیاوە گەورەکان پشتگیریان لە وتەکانی زەردەشت کرد. گوشتاسەب شا، بە هۆی پەیامنێرەکەی ئەرجاسبەوە وەڵامی نامەکەی دەداتەوە و پێی ڕادەگەیەنێ:

" ..... ئەگەرچی گشت کوڕەکانم، براکانم، کەسوکار و پیاوە گەورەکان و هەروەها خێزانەکەم بکوژرێن، هێشتا من پەیڕەوی لەم ئایینە پاکە دەکەم و دەستبەرداری نابم. ئەو شتەی لە ئاهورامەزدا وەرمگرتووە لەدەستی نادەم. "

سوپا ئامادەی جەنگ دەبێت دژی ستەمکاران بۆ ئازادی وەدەسهێنان. شەڕ زۆر زۆری خایاندووە. هەمیشە سوپای کەیانییەکان سەرکەوتووبوون، تا ڕۆژێ لە ڕۆژان، گوشتاسەب شا لە تەك زۆربەی زۆری سووپاکەی لە شار دەردەچن (گوایە بەرەو ناوچەی سیستان دەچن).

ئەرجاسەبی تۆرانی، ئەمەی بە هەلزانیوە و هێرشێکی کتوپڕ دەکاتە سەر بەلخ و لە تەك ئەو سوپا کەمەی، کە لەوێدا مابوونەوە دەکەوێتە جەنگێکی خوێناوی.

زەردەشتی پاك، مەردانە سەرکردایەتی ئەو سوپا کەمە دەکات. بەڵام سوپای دوژمن بێشومار بوون.

زەردەشت لەتەك هەندێ لەسەردارانی سوپاکەی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە دەچنە نێو ئاتەشکەدەی شار. تۆرانییەکان هێرش دەکەنە سەر ئاتەشکەدەکە و ئەمانیش بەرەنگاریان دەبنەوە. یەکێ لەسەردارەکانی تۆرانییەکان بە ناوی توربراتور (براترکرش) هەلی لە پەیامبەری خوا هێناوە و توانیوێتی ئەو مرۆڤە پاك و دانایە کە بووبووە چرایەك بۆئەوەی تاریکە شەوی کۆمەڵگاکەی و هەموو جیهان ڕووناك بکاتەوە، شەهیدبکات.

ئەو ڕۆژە شوومە، ڕۆژی ٥ی مانگی بەفرانباری ساڵی ٥٨٣ پ.ز بووە. حەزرەتی زەردەشت لەو کاتەدا تەمەنی ٧٧ ساڵ و ٤٠ ڕۆژ بووە کەڕۆحی پیرۆز و نەمری بەرەو لای ئەوینی ڕاستەقینەی خۆی پەرواز دەکات.

لەم شەڕەدا، لوهراسەب (باوکی گوشتاسەب شا)، ئەویش شەهیددەبێت، (لوهراسەب، کاتی خۆی لە شایەتی کەنارەگیری کردبوو بۆ کوڕەکەی) کاتێك هەواڵ دەگاتە گوشتاسەب شا، بە پەلە خۆی

دەگەیەنێتەو (بەڵخ). بەڵام کارلەکارترازابوو، شار وێران و خاپوور، ئاتەشکەدە سووتاو و ڕوخابوو... زەردەشت شەهیدکرابوو....

گوشتاسەب و لەشکرەکەی بۆ تۆڵەسەندنی زەردەشت، کارێکی وا بە تۆرانییەکان دەکەن کە هەتا هەتایە ئیدی نەوێرن بەرەو ئەو دەڤەرە هێرش بەرن، هەروەها دەگەڕێت بەشوێن بکوژی پەیامبەر و لەناویدەبات.

پاش شەهیدبوونی پەیامبەر، جاماسەب جێگەی دەگرێتەوە و دەبێتە جێنشینی پەیامبەر، زەردەشت، لە پاش خۆی کتێب و پەند و ئامۆژگاری وای بەجێهێشتووە، تا ئێستاش کە هەزاران ساڵی بەسەرداچووە، هێشتا زانا و داناکانی هەموو لایەکی جیهان سوودی لێوەردەگرن. ئەو سێ بنچینانەی ئەو داینابوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی، بیر و کردار و وتەی چاك، ئەوسا و ئێستاو هەتا هەتایە و بۆ هەمیشە، باشترین و بەهێزترین کۆڵەکەن بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بەختیاری جیهانی.

ئارامگای زەردەشت

بێگومان لەشارێکی گەورەی وەك (بەڵخ)ی ئەوسەردەمە، کەچەندین خونکاری گەورەی کەیانی وەك گوشتاسەب شای تێدا بووە، دەبێ گۆڕستانێکی تایبەت بۆ گەورەپیاوان بووبێت. هەروەکو گومان، پاش ئەوەی گوشتاسەب شا دەگەڕێتەوە بەڵخ و شار لە داگیرکەرەکان پاکدەکاتەوە، بێگومان دەبێ جەستەی زەردەشت و لوهراسەب و پیاوە گەورەکانی لەو گۆرستانەدا ناشتبێت.

کتێبی (فضائل بلخ) کە لەلایەن ابوبکر عبد الله بن داود البلخي لە ساڵی ٦١٠ی هیجریدا بە عەرەبی نووسراوە،لەلایەن عبد الله بن محمد بن قاسم الحسینی لە ساڵی ٦٧٦ی هیجریدا وەرگێراوەتە سەر فارسی (ئەم کتێبە حەوت ساڵ پێش هێرشی جەنگیزخانی مەغۆل بۆ سەر شاری بەڵخ نووسراوەتەوە). لەم کتێبەدا باسی شاری بەڵخ دەکات و تیایدا دەبێژێت کە ئەو کاتەی عەرەبەکان ئەم شارەیان داگیرکرد، ئارامگای شاکانی کەیانی و گەورە پیاوانی ئەو سەردەمە، بە تایبەتی گوشتاسەب شاو زەردەشت و جاماسەب و... جێ نزرگەی خەڵك بووە. بەڵام پاشان بەهۆی دەمارگیری عەرەبەکان مەزاری ئەو پیاوە گەورانە، ناوەکانیان گۆڕا بۆ ئەیوب، هابیل و حەزرەتی ئادەم و..... (لەوانەیە ئەو پیلانە، کاری ئێرانییەکان خۆیان بووبێت بۆئەوەی ئەو مەزارانە بپارێزن و لە دەست وێرانی و

خاپوورکردنیان ڕزگاریـان بکـەن) ئارامگاکـان تـا کـاتی هێرشـی مەغۆلـەکان بـۆ سـەر ناوچـەکە، بەشکۆمەندی مابۆوە و جێی ڕێزی خەڵك بووە، کە ئەویش وەك هەموو شـوێنەکانی دیکـە لـە لایـەن مەغۆلەکانەوە خاپوورکرا.

ئەوەی شایانی باسە لەو کتێبەدا، ئەوەیە کە بە شاری بەڵخ بێـژراوە (مدینـة الجبـارین والمتکـبرین). لەو کتێبەدا هاتووە کە عبد الله بن عمر گوتویەتی :

" بالمشرق مدینة یقال لها بلخ ، وهي مدینة الجبارین والمتکبرین وهي ثانیة مـداین الـدنیا. لم یکـن قبلها مدینة الا مدینة بناها آدم علیة السلام بارض الهند یقال لهـا (اوق). والثانیـة مدینـة بلـخ بناهـا قابیل قاتل هابیل . وقبره في میدان یقال لها میدان گشتاسب، لاتـاهم العـذاب قـبلا، ولکـن یـدفع الله البلاء عن تلك المدینة بذلك القبر ". واتە:

" .... لە دەڤەری ڕۆژهەڵاتدا، شارێك هەیە پێی دەبێژرێ بەڵخ. ئەم شارە، شـاری زۆردار و لـووت بەرزەکانە. ئەم شارە دووەمین شاری جیهانە. پێش ئەم شارە هیچ شارێکی تر نەبووە جگە لـەو شـارەی حەزرەتی ئادەم (د.خ) لەسەرزەمینی هیند دروستی کردووە و پێی دەبێژرێ (ئوق). دووەمین شار، هـەر ئـەم شـارەیە کـە قابیـل بکـوژی هابیـل دروسـتی کـردووە. ئارامگـای هابیـل لـەم شـارەدایە و لەگۆڕەپانێکدایە کە پێی دەگوترێت گۆڕەپانی گوشتاسەب، ئەگەرەکو ڕێز و حورمـەت و شـکۆمەندی ئەم خاکە پیرۆزە نەبوایە، لەمێژەوە بوو دووچاری ئەشـکەنجە بووبـوون. بـەڵام خـوای گـەورە بەبۆنـەی پیرۆزی ئەو ئارامگایە، بەڵا لەو شارە دووردەخاتەوە."

هەروەها، لە زمانی حەسـەنی بصـری (٢١ — ١١٠ کۆچـی) بێـژراوە کـە گوتویـەتی، مـەزاری حەزرەتی ئەیوب (زەردەشـت) لـە گۆڕسـتانێکە لـە گۆڕەپـانی (سـەرتەل) لـە شـاری بـەڵخ و لەتـەك گوشتاسەب پێکەوەن.

ئەوەی پتر سەرنجڕادەکێشی و شایانی باسە ئەوەیە کە، شـاری بـەڵخ و گۆڕەپـانی مـەزاری گـەورە پیاوەکانی جێ نزرگە و کەعبـەی زەردەشـتییەکان بـووە و لەکاتـە تایبەتییەکانـدا وەك ڕۆژی شەشـی خاکەلێوە (ڕۆژی لەدایکبوونی زەردەشت)، بۆ زیارەت دەچوونە ئـەوێ. ئـەم دەنگوباسـانە تـا سـەدەی شەشەمی کۆچی، لەلایەن نووسەر و مێژوونووسەکانەوە باسی لێدەکرا.

ابو عبد الرحمن عبد الله بن شوذب البلخي (١٥٦ کۆچی) دەبێژێ:

" بەڵخ لەلایەن عەجەمەکان وەك کەعبە وابـووە و نزرگـەی مۆغـەکان بـووە، لـە ڕۆژی نـەورۆزدا خەڵکێکی زۆر لە طخرستان، هند، ترکسـتان، ئێـراق و شـام، پیـاوە گـەورەکان و شـازادەکان بـۆ زیارەت بەرەو ئەو ئەو شارە دەچن و ماوەی حەوت ڕۆژان بە چەژن و خۆشی رادەبوێرن. "

دەبێژرێت، کە حەزرەتی ئیبراهیم (د.خ) چۆتە شاری بەلخ و لەوێدا لەسەر مەزاری زەردەشت نوێژی کردووە.

لەم بارەیەوە پێغەمبەر محەمەد (د.خ) دەفەرموێت:

وهو ما قال رسول الله (ص): (مر ابراهيم خليل الله صلوات الرحمن عليه ب (بلخ) حتي صار بالاسبريس وهي ميدان مدينتها. فقال للملك الذي كان معه وهو الملك الموكل بالارض واسمه صلصائيل (وفي روايات اخري صرصرمائيل) ما هذه البقعة؟ فقال ياخليل الله انزل فانها بقعة مباركة يكون فيها قبر نبي. فنزل ابراهيم عليه السلام من جناحيه وقت صلوة الفجر وصلي ركعتين. فلما سلم التفت الي بلخ فقال : اللهم اعزز، وفي راويه غرز أنهارها وأثمر أشجارها وبارك عليها واكثر فقهائها).

ئەوەی بۆ ئەم باسە، لەم وتەیەدا سەرنجڕاکێش و گرنگە ئەوەیە کە ئەو مەزارە (کە بێگومان مەزاری زەردەشتە). زۆر لە پێش حەزرەتی ئیبراهیم بووە، خۆی لە خۆیدا پەرپەرچی ئەوانە دەداتەوە، کە دەبێژن زەردەشت و ئیبراهیم یەك کەس بوون.

بیر و سیما و ڕوخساری زەردەشت لە وتەکانیدا

کورتەیەك لە ژیانی زەردەشت، سەرگوزشتەی چۆنێتی لەدایکبوون و بڕێك لەو داستان و ئەفسانانەی کە دەربارەی ئەو پەیامبەرە مەزنە نووسراوەتەوە، باسمان کرد.

زەردەشت، هەر لەسەرەتاوە کە خەریکی ڕاگەیاندی پەیامەکەی بوو، ڕێباز و ئامانجێکی تایبەتی هەبوو، سروودەکانی هەمووی دەربارەی چۆنێتی وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بووە. لە چۆنێتی هاتنەئارای چاکە و خراپەوە دەستپێدەکا و بەهۆی هۆش و بیر و دانایی و تێگەیشتنی ئادەمیزاد، ڕادەی ڕاستی و دروستی دامەزراندووە. خەڵکی هانداوە بە هۆی ئازادی هەڵبژاردن و ئیرادە و ویستی خۆیانەوە، خەریکی کاری خاس و سازەندەبن.

هەروەها داوایکردووە دژی بتپەرستی و ئەفسانە و دابونەریتی ڕوخێنەر و کۆنەپەرستی بن ئەمانە گشتیان بۆ ئەو ئامانجانەیە، کە مرۆڤی ڕاست کردار و بیر خاس لە کۆمەڵگادا ئامادەبن. زەردەشت، مەبەستی لە پەرستنی ئافەریدەگاری تاك و تەنیا، هەرگیز ئەوە نەبووە بەو هۆیەوە ئاهورامەزدا رازی و خۆشحاڵ بکات، چونکە دەزانێت کە ئەو نە پێویستی بە نوێژ و نیایش و پاڕانەوە و وێردی ئافەریدەکانی خۆی هەیە و نە پێویستی بەوە هەیە کە خەڵك بیناسن، مەبەست و ئامانجی ئایینی یەکتاپەرستی لای زەردەشت، پەروەردەی ئادەمیزادە، مرۆڤی کارا، هەڵسوڕێنەر، سوودبەخش و...

زەردەشت، پتر لە سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر، پڕ بەدەم هاواریکرد، ئەی ئادەمیزاد تۆ هۆش و هەست و بیرت هەیە، سوود و بەهرە لەم نیعمەتە مەعنەوییە وەربگرە، کە ئافەریدەگار پێی داویت، بگەڕێوە سەر رەسەنێتی خۆت و مرۆیەکی فەرزانەبە، ویژدانی پاك و رۆشنی خۆت بکەرە مەشخەڵی ڕێ رۆشنکەرەوەت و ژیانت، دوورەپەرێزبە لە دابونەریتی نارەسەن و زیانبەخش. دڵنیابە کە بە کار و کرداری خاس و دروستکەر، لە ڕێگەی راستی و یاسای هەق، ئافەریدەگار لە خۆت رازی و خۆش وەش دەکەیت. پشت بە خۆت ببەستە و کار و پیشەت بکە بە ئامراز بۆ گەیشتن و نزیکبوونەوە لە ئافەریدەگار. بانگەوازێکی دیکەی زەردەشت ئەوەیە، کە پێویستە سوود و بەهرە لە خۆشییەکانی ژیان وەربگرین، ئەم ژینەی بۆی تەرخانکردووین بە باشترین شێوە بەهرەی لێوەربگرین. هەروەها پێمان رادەگەیەنێت، کە تەنیا ئەنجامدانی کاری خاس بەس نییە، بەڵکو پێویستە ئەوانەی بەهەڵەداچوون و ڕێی چەوتیان گرتۆتەبەر بەپەند و ئامۆژگاری بیانخەینە سەر ڕێی راست و دروست. زەردەشت کەسایەتییەکی بەتوانا بوو، پەیامبەرێك بوو، کە وەحی و ئیلهامی بە بیردا دەهات، کە بە شێوەی پەیا مێك بەخەڵکی رابگەیەنێت، کەسایەتییەکی ئاکاری هەڵکەوتوو بوو، بە راستی و دروستی ئامۆژگاری دەکرد و دژی درۆ و فریو و قسە هەڵبەستن بوو.

ئێستاکە گەر عەودالی ئەوە بین، کە باشترین و راستترین زانیاری دەربارەی کەسایەتی ئەم پەیامبەرە بزانین، دەبێ فرە بە وردی لە وشە بە وشەی گاتەکان بکۆڵینەوە و هەست و باوەڕی ئەو پیاوە نەمرەی مێژوو لەنێو ئەو سروودانەدا بەدەستبێنین. لە یەکەمین سرودی گاتاکاندا، دەبینن کە زەردەشت پەنا دەباتەبەر ئاهورامەزدا و داوای یارمەتی لێدەکات، کە یاریدەی بدات تا بە هەموو بیر و باوەڕییەوە، خۆشی و ئارامی لەنێو خەڵکیدا بڵاوبکاتەوە. ئەوسا باسی ئامانج و مەرامەکانی خۆی دەکا و دەبێژێ:

...ئەز، ئەو کەسەم کە رادەپەڕم بۆ خزمەتکردنی تۆ ئەی ئاهورامەزدا...

زەردەشت لە بەرنامەکانیدا، بە گوێرەی بۆچوونەکانی دەربارەی ئاکارەکانەوە دەزانێ، کە رووداوە مادی و مەعنەوییەکان هەردوو هاوجووت پێکەوە دەتوانن ئامانجەکانی بەدیبێنن. لەبەرئەوە بە چاوی سووکایەتی نارڕوانێتە هیچ لایەنێکیان، دەزانێت هەردوو پێکەوە دەتوانن تەواوکەری گۆڕین و شۆڕشی کۆمەڵایەتی بن.

دەبێژێ.. ...تاهێز و توانام هەبێت. وزەم تیامابێت خەڵکی هاندەدەم و فێریان دەکەم کە راستی بکەنە پیشەیان و راستگۆین...

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئـەم پەیامبـەرە، کـە ئەوینـداری مرۆڤایەتییـە، کەمتەرخـەمی بەرامبەر ئەو کەسانەی لە رێی راست لایانداوە ناکات، بەڵکو هەوڵدەدات، کـە هـەمووان بخاتـە سـەر رێی راست و دروست. دەبێژێ:

هیوادارم بە زمانی ئەقل و بە هۆی ئەم ئایینەوە، گومڕایان و خراپەکاران بـەرەو ئـەو کەسـەی لـە هەمووان مەزنترە رابکێشم و رێنماییان بکەم.

هیوا و گەشـبینی بـە پاشـەڕۆژ و بڵاوکردنـەوەی دادپـەروەرێتی و چـاکە بەسـەر رۆح و ڕەوانـی زەردەشتدا زاڵە. هەرچەندە جارجـار ڕەشـبینییەکی کـاتی بەسـەریدادێت و لـە سـروودەکانیدا خـۆی دەنوێنێ، بـەڵام نابێتـە هـۆی ئـەوەی بـاوەڕی بـە پەیامەکـەی کەمبێتـەوە. هەرچـەندە پـەیڕەوان و لایەنگرانی ئایینەکەی بە ژمارە کەمن، هێزی بەرگریشیان لاوازە بەرامبەر بە هێزی چـەتە و پیـاوکوژ و درۆزنەکان، بەڵام زەردەشتی ورە بەرز و خاوەن بـاوەڕ و نـەترس، دەسـت لـە تێکۆشـان و ململانـی هەڵناگرێت و دەچێتە نێو خەڵکەوە و بە دەنگی بەرز و بێترس داوایان لێدەکات بێنە سەر رێـی راسـت و ئاهورامەزدای تاك و تەنیا بپەرستن. لەنێو سروودەکاندا، دوو وتار هەیە، کەوا پێشـاندەدا زەردەشـت لەنێو خەڵکدایە و قسەیان بۆ دەکات. راژەی ئەم دوو سروودە وەك دوو وتـار دەخەینـە بـەر چـاو، لـە پاشاندا لە باسی گاتاکاندا دەقی سروودەکان دەخەینەڕوو:

وتاری یەکەم: یەسنا هات٣٠

((...گەلۆ، ئێوە کە هاتوونەتە ئێرە و کۆبوونەتەوە بۆئەوەی گوێ لە قسەکانم بگرن، دەربارەی ئـەو دوو شێوەی ژینە قسەتان بۆ دەکەم، گوێم بۆ رابگرن. ئەو کەسانەی گوێیان لێمە، با بـیر لـە قسـەکانم بکەنەوە و هەڵیسەنگێنن. سوپاس و ستایشی ئاهورامەزدا دەکەم بۆ ئـەو هـەموو چـاکی و راسـتی و روونـاکییەی پێی بەخشیوین. گوێ بۆ قسەکانم شل بکەن. بە بیرێکی رۆشـن تێـی بـڕوانن، ژن و پیـاو دەبێ بە بیری خۆیان راوێژبکەن و رێگەی خۆیان هەڵبژێرن. ئەمەیە ئامۆژگارییەکانم:

لە تەك بوونی ئادەمیزاددا، هەر لەو کاتەوە کە ژیان و بوون هاتـە کایـە و مانـای پەیـداکرد، دوو گەوهەری هاوجووت لە تەکیدا دەرکەوتن. ئەو دوو گەوهەرە یەکێکیان خۆی لـە بـیر وتـار و کـرداری خاس نواند، ئەوی دیکەیان بیر و وتە و کرداری خراپ بـوو. لـەنێو ئـەو دوو گەوهـەرەدا، خـەڵك بـە داوەرییەکی ژیرانە، دەبێ رێگەی چاك هەڵبژێرن، نە رێگـەی خـراپ. هەرکـە ئـەم دوو هێـزە یـەکیان گرت، ژیان و نەبوونیان بەدیهێنا. ئەم ململانێیە تا رۆژی پەسلان بەردەوام دەبـێ. لـە پاشـاندا ژیـانی خۆشی و بەختەوەری لە هەردوو جیهاندا بۆ کەسانێك دەبێت، کـە خاسـترین بـیر و رێگـەی راسـتیان

هەڵبژاردووە. ئەوانەی کە ڕێگەی ناڕاستیان هەڵبژاردووە و درۆیان کردۆتە پیشەی خۆیان، دووچاری خراپترین چارەنووس دەبن. لەنێوان ئەو دوو گەوهەرە، درۆزنەکان خۆیان خزانە نێو ڕێگەی خراپ و پیس و بوونە هاوڕێی خراپە و کرداری خراپ. بەڵام لایەنگرانی ڕێگەی راستی، بیری چاك و کرداری خاسیان هەڵبژارد. لەنێو ئەم دووانەدا دێوپەرستان (بتپەرستان) ڕێگەی راستیان هەڵنەبژارد و عەودالی ڕێگەی درۆ و فریو بوون، ڕێگەی رق و قینیان هەڵبژارد بۆئەوەی ئازاری خەڵکی بدەن. ئێستا ئێمە کە عەودالّ و شەیدای ڕێگەی راستین، هێز و توانای بیری چاك فریامان دەکەوێت. بەڵام درۆزنەکان لە ئاکامدا دووچاری گرفتارییەکی خراپ دەبن، سزای گوناه و خراپەکانیان دەبینن، ئەوسا ئەی خوای گیان و هۆش، سزای خراپەکانیان بدەوە. بەم شێوەیە ئێمە لە تۆ و بۆ تۆ دەبین، لەو کەسانە دەژمێرێین کە سوودمەندن بۆ ئەم بوونە مەزنە، دۆست و ئەویندارى ئاهورامەزدای بێهاوتادەبین و لە جیهانی پاش مەرگدا، میوانی هەمیشەیی و نەمری خانەخوێی مەزن دەبین. ئەوسا لە پەسڵاندا ئەوانەی پەیڕەوییان لە درۆ دەکرد، هەرزڵ و دۆشداماو دەمێنن، ئەو سایەکە هاوبیران و هاوڕێیانی بیری چاك (وەهومەن) و لایەنگرانی راستی (ئاشا) سەردەکەون. پاداشتی ئەو گشت چاکانەی کردوویانە وەردەگرن و دەچنە کۆشکی هەمیشەیی و نەمری.

ئیدی خەڵکینە، با خاس بڕوانینە ئەو ئایینەی ئافەریدەگاری گیان و هۆش بۆتانی ناردووە، خاس بیربکەنەوە، دەستوور و فەرمانەکانی بەجێبێنن، بڕواننە ڕەنج و خۆشی ئەم جیهانە. بە بیرێکی ورد و قوولەوە لە پاداش و سزای چاکە و خراپە بکۆڵنەوە، ئەو سایە کە ئەم ڕێگەیە هەڵدەبژێرن، ئەو ڕێگەیەی جووت یەکە لە تەك ژیانی نەمری و خۆشی، مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەوێ.))

وتاری دووەم: هات ٤٥:

((...ئێوەگەل، ئەی ئەو کەسانەی لە ڕێی دوور و نزیکەوە هاتوون بۆئەوەی گوێ بۆ گوفتارەکانم رابگرن، گەرەکتانە ئایینی راستی و دروستی هەڵبژێرن گوێم بۆ رابگرن، بە بیرێکی خاس و پاکەوە بڕواننە قووڵایی باسەکە، گەپی من ئاشکرا و روونە، ئاهورامەزدا خوای گیان و هۆشە، خوای مەزن و بێهاوتایە، هەر کات بە هۆی هۆش و لە کانگای دڵتانەوە تێبفکرن و بیربکەنەوە بۆتان دەردەکەوێت و تێدەگەن، کە ئەو لە هەموو شوێنێکدا هەیە و ئاشکرایە. خەڵکینە، ئاگاداربن نەوەکو ئەو پێشەوا درۆزن و و فێڵبازانە، هەمیسان بە هۆی فێرکردنی خراپە لە ڕێ وەدەرتان بکەن و گومڕێ بن و ژیانی راستەقینەتان لێ چەوت و چەواشەبکەن و تووشی خراپە و گوناهتان بکەن.

ئێستا ئیدی گەرەکمە دەربارەی ئەو دوو گەوهەرە قسەتان بۆ بکەم کە بوونیان لە تەك بوونی ژیاندا هاوجووت بووە. ئەو دوو گەوهەرەی کە یەکێکیان پاك و خاسە، ئەوی دیکەیان چەپەڵ و خراپە. گەوهەرە پاکەکە بەوی دیکەیانی گوت: ئێمە هەرگیز پێکەوە نامانسازێت نە لە بیرکردنەوە، نە لە فێربوون، نە لە ویست و خواست و ئیرادە، نە لە ئایین و کردار و گوفتار. ئێستا، ئەو شتەی کە لە ئایینی یەکتاپەرستی هاتووە پێتان رادەگەیەنم، ئەم شتانەم بە هۆی ئەقڵ و هۆشەوە لە ئاهورامەزدای داناوە وەرگرتووە. هەر کەسێك ئەم وتانە ببیستێت و گوێڕایەڵی نەبێت و هەڵسوکەوتی خۆی لە تەکیدا یەکنەخات، لە پاشان پەشیمان و دووچاری سەرگەردانی دەبێ. ئێستا گەرەکمە ئاگادارتان بکەم لە باشترین زانیارییەکانی ئایینی پاك و راست و دروست. مەزدایە، کە جیهانی نەمر و هەمیشەیی دروستکردووە، هەر ئەوە کە ئەم زەوییە بارداره، کە هەروەك کیژۆڵەیەکی پاکی خۆیەتی، ئافراندووە مەزدا، هەروەك باوکێکی میهرەبانە بۆ جووتیاران، مەزدا ئاگاداری هەموو شتێکە و هەرگیز هیچ کەس ناتوانێت فریوی بدات.

دەمەوێت قسەتان بۆ بکەم، دەربارەی ئەو شتانەی کە لەو پاکترین و مەزنترینەوە فێربووم، دەربارەی ئەو شتانەی کە بۆ خەڵك خاسترین زانیارین، ئەمەم لە ئاهورامەزدا وەرگرتووە، کە هەڵبژاردەی ئەوم و لێوەی فێربووم ئەوانەی پەیڕەوی لە من دەکەن، ئەو کەسانەن کە رێگەی راستی و خاسی ئاهورامەزدایان هەڵبژاردووە، ئەو رێگەیەی کە بیر و کرداری باش لە مرۆڤدا دەبوژێنێ، دەبزوێنێت و پەروەردەی دەکات. بیر و کرداری خاس، مرۆڤ دەگەیەنێتە پایەبەرزێتی و نەمرێتی.

گەرەکمە قسەتان بۆ بکەم، دەربارەی ئەو کەسەی لە مەزنان مەزنترە، خاسترینە، ئەی ئاشا- ئەی راستی، دەربارەی ئەو ئاهورامەزدایەی، کە بوونی لە تەك خاسیدا هاوجووتە و چاکەی بۆ هەمووان دەوێت. مەزدا ئاهورا، بە هۆی ژیرێتی و دانایی و رەوانی پاکی خۆیەوە گوێی لە هەموو ئەو ستایشانەیە، کە پیاوچاکان دەیکەن و لێیان دەبیسێت.

ئەز کە زەردەشتم، بە هۆی بیری خاسەوە، شێوە و چلۆنایەتی سوپاس و ستایشی ئەوم بۆ ئاشکرا و روونبۆوە (کە بریتییە لە پێشکەشکردنی بیر و وتە و کرداری چاکە بۆ بارەگای ئەو). هەروەها ئەوە کە لە زانیاری بێ پایانی خۆی، خاسترین وانەکانم پێ ئیلهام دەکات. ئەوە کە بە گوێرەی کرداری هەر کەس، سوود و زیانیان بۆ رەچاودەکات. ئەمەیە ئەو شێوەیەی کە بۆ هەمووان بەکاردەگیرێت.

گشت ئەو کەسانەی بوون و هەن و لە مەودوایش دەبن، ئەوانەی کە چاکی و راستی هەڵبژێرن، لەم جیهانەدا شاد و بەختەوەر و لە پەسلاندا کامیار و رزگاردەبن. ئەوانەی کە رێگەی درۆ هەڵدەبژێرن

دووچاری رەنج و بەڵایەکی زۆر دەبن و لە جیهانی پاش مەرگیشدا شادی و کامەرانی نابینن... ئەمەیە ویستی ئاهورامەزاد.

پێویستە لە سەر هەمووان، بە هۆی بیر و کردار و وتەی خاسەوە، ئاهورامەزدا لە خۆتان رازی و خۆشنود بکەن، چونکە ئەوە مایەی شادمانی و خۆشی هەمیشەیی، کرداره خاسەکانتانە، کە دەتوانی ئێوە بگەیەنێتە لای ئەو، بەهرە لەو ژینە خۆشە هەمیشەییە وەربگرن. لەسەر هەمووان پێویستە کە بیناسین و سوپاس و ستایشتی بکەین و عەودالّی ئەو رێگە راستە بین، کە مایەی رزگاریمانە. بە هۆی بیری خاسەوە، داوای لێبکەین کە یارمەتیمان بدات لە رێگەی کار و کۆشش و کشتوکێڵ و پەروەردەی ئاژەڵەوە ژیانێکی پڕ لە خۆشی و ئاسوودەییمان پێببەخشێت. هەمووان لە سەرمانە بێفیز و خۆبەزلزانین و بە هۆی سروودەکانەوە، باوەڕ بێنین بە مەزنێتی مەزدا ئاهورا، کە هەبووە و هەیە و نەمرە، چونکە لە تێرۆژە هەرە گرنگ و بەنرخەکانی خۆی، کە بریتین لە وەهومنە- بیری چاك - و ئاشا —راستی- ئێمەی بەهرەمەند کردووە و مژدەی داوینەتێ، کە لە جیهانی نەمری پاش نەبوونی مادیدا، لەنێو باوەشی رووناهییەکانی خۆیدا جێگیرمان بکات.))

لێرەدا بۆئەوەی زێتر بتوانین لە روانگەی وتەکانی زەردەشت خۆیەوە- کە لە گاتاکاندا باسکراوە- سیما و روخسار و کەسایەتی و بیر و باوەڕ و بۆچوونەکانی ئەم پەیامبەر مەزنە، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پێشان بدەین، زۆر بە کورتی پوختەی چل وتە لە گوفتارەکانی دەخەینەبەرچاو:

١. زەردەشت، هۆی هەڵبژاردنی بە پەیامبەرێتی دەگەڕێنێتەوە سەر دژە کرداری خۆرسکی کۆمەڵگا بەرامبەر بەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کە هەیبووە لە رووی بواری رەوشتییەوە. هەروەها وەڵامدانەوەی یاسای ئافراندن، بە خواست و ویستی خەڵکی، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە:

((ئەی خوای مەزن، گیانی گیانداران سکاڵا و گلەیی خۆیت عەرزدەکات:

بۆچی ئەمنت دروستکرد و ئەم لەشە مادییەت بە من بەخشی ؟

هەموو شوێنێك پڕ بووە لە دزێتی و جەردەیی،

دەستدرێژی و ستەم باڵی بە سەر هەموو لایەکدا کێشاوە.

لە تۆ زێتر هیچ کەسێکم نییە، تەنی تۆ پشتیوانمی،

کەوابوو، کەسێك کە شیاوی ئەوە بێت،لەم بارە ئاڵۆزە رزگارم بکات پێم بناسێنە.))

یەسنای٢٩بەندی١

٢. زەردەشت، بە هۆی هێزی بیر و ئەقل و هۆشی خۆیەوە دەگاتە ئەوەی ئاهورامـەزدا (خـوای گیان و هۆش) بناسێت:

((ئەی مەزدا، ئەو کاتەی کە بە ئەندێشەوە تۆم ناسی،
بۆم روونبۆوە کە،
تۆ، سەرەتا و پاشێنەی هەموو بوونی،
تۆی سەرچاوەی بیری خاس،
ئەو کاتەی کە بە دیدی دڵەوە تۆم دی
زانیم کە تۆی ئافەریدەگاری راستەقینەی راستی،
تۆی داوەری کرداری هەموو خەڵك.))
یەسنا ٣١ بەندی ٨

٣. زەردەشت باوەڕی بەوە هەیە، کە تەنیا ئاهورامەزدایە هەموو گێتی ئافراندووە، تـەنیا ئـەوە داهێنەری هەموو کەشکەڵان:

((ئەی مەزدائاهورا، پرسیارێکم هەیە، گەرەکمە بزانم:
کێ هێزی دڵفراوانی و میهرەبانی لەنێو خەڵکیدا ئافراند؟
کێیە بە هۆی ئەقل و زانیاری خۆیەوە، خۆشەویستی باوکی خستۆتە نێو
دڵی زارۆڵەکانییەوە؟
ئەی خوای ئەقڵ و هۆش، بە هۆی بیری خاس و عەقڵ و هۆشەوە،
ئەتۆ بە داهێنەری هەموو شتێك دەزانم.))
یەسنا٤٤ بەندی ٧

٤. زەردەشت، خوا بە ڕووناکییەکی وەها دەژمێرێت، کە گشت کون و قوژبنی جیهانی بـوونی روونـاك کردۆتەوە. بە واتایەکی دیکە، ئاهورامەزدای داهێنەر بـە تـەنیایی گـێتی ئافرانـدووە و هـیچ هاوکارێکی نەبووە.

((ئەو یەکەمین بیرەوەرێکە
کە لە سەرەتاوە، لە روونـاهی خۆیەوە،
گشت کەشکەڵان و جیهانی بوونی روونـاك کردۆتەوە.

بە هۆی هۆش و ئەقلی خۆیەوە یاسای ڕاستی بەدیهێنا،
بۆئەوەی هەمیشە پاڵپشت و یاوەری بێر خاسان بێت.
ئەی مەزدا ئاهورا، کە هەمیشە نەگۆڕ و یەکسانی
بەهۆی ڕۆحی پیرۆزی خۆتەوە،
هێزی باوەڕ لە دڵماندا پتر و پتەو بکە.))
یەسنای ٣١ بەندی ٧

٥. زەردەشت، دەبێژێت: خوای ئەقڵ و هۆش –ئاهورامەزدا-هەموو جیهانی بە شێوە و یاسایەکی وەها نەگۆڕ دروستکردووە کە هەمیشە (بوون) لە ژێر فەرمانی خۆیەتی.
ئاهورامەزدا بەو یاسا وردبین و نەگۆڕ و هەمیشەییەی، کە بەسەر گشت (بوون)دا فەرمانڕەوایە، دەبێژێ:
((ئەی مەزدا ئاهورا،
بە بیری خاس و دڵێکی ڕۆشنەوە ڕووت لێدەکەم،
لە ژێر سایەی ڕاستییەوە،
پێمان ببەخشە،
پاداشتی ژیانی مادی و مەعنەوی
ئەو پاداشتەی کە ئیمانداره‌کان بەختەوەردەکات.))
یەسنا٢٨ بەندی ٢

٦. لەروانگەی بیری زەردەشتەوە، ئافراندنی ئەم جیهانە-لەسەر بنچینەی یاسای ڕاستی و بە ویستی ئاهورامەزدا- بە هۆی دوو هێزی هاوەل دوانەی (هاوزاد) دژبەیەکدی، وەدیهاتووە:
((ئێستا ئیدی، بۆ ئێوە،
ئەی عەودالانی زانیاری، قسەدەکەم،
بۆ ئێوە ئەی مرۆ ژیرەکان
دەربارەی دوو گەوهەری(دیاردە)مەزن،
هەروەها شێوەی ستایشتی
ئاهورا و بیری خاس (وەهومەن)

زانستی خاس و ئایینی ڕاستی (ئاشا)
تا لە ڕووناکی ڕاستەقینە تێبگەن،
بگەنە پلەی پوختەیی و بەختەوەری))
یەسنا ٣٠ بەندی ١

٧. بە گوێرەی جیهانبینی زەردەشت، ئەو دوو گەوهەرە دژبەیەکەی لەبووندا هەیە، تەواوکەرەوەی یەکدین، هیچ کامێکیان بە تەنیایی بایەخی (خاس بوون) یان (خراپ بوون)یان نییە، واتە، خوای دانا و ژیر (ئاهورامەزدا) بە شێوەیەکی تەواو سەنگ (چاکە)ی ئافراندووە و بە هیچ جۆرێك (خراپە)ی تێدا نییە. بەڵام ئەو دژایەتی و دووبەرەکی و ململانێیەی لە بووندا هەیە، کاتێ کە لەبیری ئادەمیزاددا خۆی بنوێنێ، ئەوسا (چاکە) و (خراپە) دێنەکایەوە. بە واتایەکی دیکە،(خێر) و (شەڕ) یا (چاکە) و (خراپە)، لەبیری ئادەمیزاد خۆیەوە هەڵدەقوڵێت، واتە دروستکراوی ئادەمیزاد خۆیەتی، ئەم دوانە بە هۆی بیری ئادەمیزادەوە، بۆ کردار و گوفتار ڕێی خۆیان خۆشدەکەن. بەم شێوەیەی چاکە و خراپە لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا پەرەدەستێنێت:

((ئێستا،
ئەو دوو گەوهەرە هاوڵ دوانە دژبەیەکە کە هەر لە سەرەتاوە،
لەنێو بیر و خەیاڵی مرۆڤدا دەرکەوتن، یەکێکیان چاکە دەنوێنێ و ئەوی دیکەیان خراپە،
لەم دوانە،
مرۆڤی ژیر و دانا، ڕاستی و دروستی هەڵدەبژێرێت و
نەزان و بێهۆش خراپە هەڵدەبژێرێ.))
هات ٣٠ بەندی ٣

٨. زەردەشت، باوەڕی بەوە هەیە، کە مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی ڕێگەی ڕاست یا ناڕاست (چەوت)، واتە بە ویستی خۆی دەتوانێ ڕێگەی ڕاست یا چەوت هەڵبژێرێت. ئەم ئازادی هەڵبژاردنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرپرسیاریێت لە جۆری هەڵبژاردنەکەی:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
بۆم ئاشکرابوو و تێگەیشتم کە
ئارمەئیتی و پاکیش لە تۆوەیە

تۆی ئەو ئەقڵ و هۆشە مەعنەوییەی جیهانت دروستکرد
تۆ، ئازادی هەڵبژاردنی ڕێگەت بە خەڵك داوە
تا ڕابەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن،
لە رابەرە درۆزنەکان دووربکەونەوە.))
یەسنای ٣١ بەندی ٩

٩. زەردەشت، ئادەمیزاد بە لێپرسراوی هەڵبژاردەی خۆی دەزانێت (چاکە بێت یا خراپە)، لەو بوارەدایە کە ئەنجامی بیر، کردار و وتەی هەر کەسێك کە ئاکامەکەی دەبێتە مایەی شادی یا بەدبەختی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسە خۆی:

((ئەو کەسەی ڕاستی هەڵدەبژێرێ و ڕوودەکاتە ڕاستبێژان،
جێگە و مەڵبەندی، کۆشکی ڕووناکی دەبێت.
ئەو کەسەش درۆزن و خراپەکارە،
تاماوەیەکی زۆر
دۆشداماو دەبێ و شیوەن و زاری پیشەی دەبێت و
لە تاریکیدا دەژی.
دووچاری ئاکامێك دەبێت کە
بە هۆی دید و ویژدان و خراپەکارییەکانی خۆیەوە پێی دەگاتەوە)).
یەسنای ٣١ بەندی ٢٠

١٠. بە بۆچوون و باوەڕی زەردەشت، بەهەشت بریتییە لە پاداشتی کار و کرداری خاسی ئادەمیزاد، دۆزەخ، سزای کار و کرداری خراپی مرۆڤ خۆیەتی، کە لەم جیهانەدا پاداشت یا سزای خۆی دەبینێت، پاش مردنیش لە تەك ڕۆحیانەتیدا، هاوجووت دەبێت. بە واتایەکی دیکە، بە باوەڕی زەردەشت، خوا بەهەشت و دۆزەخی بۆ ئادەمیزاد نەخولقاندووە، بەڵکو ئەمە ئادەمیزاد خۆیەتی کە لەم جیهانەدا بەدەستی خۆی و بۆ خۆی، بەهەشت یا دۆزەخ دەخولقێنێت، پاش مردنیش لەتەك خۆیدا (لەتەك ڕۆحی خۆیدا) بۆ پەسڵانی دەبات:

((ئەوسا،
کە لەسەرەتای ژیاندا،

ئەو دوو گەوهەرە، لەنێو بیردا گەیشتنە یەکدی،
ژیان و نەبوونیان هاوردەئارا.
تا کۆتایی (بوون) هەر بەم شێوەیە دەبێت کە:
خاسترین بیر و باشترین ژیان بۆ پەیڕەوانی ڕاستی،
خراپترین حاڵەتی دەروونی بۆ لایەنگرانی درۆ دەبێت.))
یەسنای ٣٠ بەندی ٤

١١. زەردەشت، دۆز و مەبەست لە ئافراندنی ئادەمیزاد بە خەباتی بێوچان دژی درۆ (گشت خراپییەکان) دەزانێت. یەکەمین هەنگاوی ئەم خەباتە بریتییە لەوەی هەرکەسێك بۆ خۆی هەوڵبدات و واز لە درۆ بهێنێت، ڕاستی بکاتە پیشەی خۆی. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێز و توانای چاکە یا (خێر) پتربێت، توانای خراپە (شەڕ) بەرە و نەوی بڕوات:

((لەم دوو گەوهەرە،
لایەنگری درۆ، خراپترین کردارەکان هەڵدەبژێرێت،
ئەوەی پاکترین بیری هەیە،
بە تیشکی ڕووناهی هەمیشەیی ڕازاوەتەوە،
ئەوەی کە بە باوەڕی پتەو و کرداری دروستەوە،
مەزدا ئاهورا خۆشحاڵ دەکات،
ڕاستی هەڵدەبژێرێت.))
هات ٣٠ بەندی ٥

١٢. زەردەشت، تەنانەت هاریکاری لە تەك درۆزنان و یا ئاشکرانەکردنیان بە هەڵەیەکی گەورە و لاوازکردنی بەرەی ڕاستی و بەهێزکردنی بەرەی درۆ دەزانێت:

((ئەی ئاهورا،
پرسیارت لێدەکەم:
سزای ئەو کەسەی کە خراپەکار و بەدکار بە هێز و پتەو دەکات
چییە؟
کەسێکیش کە لە ژیانیدا

جگە لە ئازاردانی ڕابەری دروستکردار
دوورخستنەوەی خەڵکیش لێی، کارێکی دیکەی نییە
چ سزایەکی بۆ ڕەچاوکراوە؟))
یەسنا ٣١ بەندی ١٥

١٣. زەردەشت، دوا هەنگاوی خەبات و ململانێی مرۆڤ دژی خراپە و چەوتی بە خەباتی ڕوبەڕوویی و ململانێکردن لەتەك نەیاران دەزانێت:
((کەوایە نابێ هیچ کەسێك لە ئێوە،
گوێبیستی
فەرمان و گوفتاری خراپەکاران و درۆزنان بێت،
چونکە بێگومان درۆزنان
ماڵ و گوند و شار وێرانەکەن.
کەوایە، بەرامبەر ئەم جۆرە کەسانە ڕاوێستن، ململانێیان لە تەکدابکەن.))
یەسنا ٣١ بەندی ١٨

١٤. زەردەشت، لەو خەباتە هەمیشەییەی مرۆڤدا مژدەی سەرکەوتنی چاکە بەسەر خراپەدا دەدات:
((ئەو کاتەی کە،
درۆ و خراپە شکست دەخوا و تێدەشکێ،
ئەو کەسانەی بە خۆشناوی تێکۆشاون،
بەخاسی ناویان دەرکردووە،
لە کۆشکی پڕ لەخۆشی بیری خاسی مەزدایی و ڕاستیدا،
هیوا و ئارەزوویان،
دێتەدی)).
هات٣٠ بەندی ١٠

١٥. زەردەشت، لەو باوەڕەدایە کە مـرۆڤ لـە خەباتیـدا دژی خراپـە، لـەپێناوی بڵاوکردنـەوەی ڕاستیدا، پاداشتەکەی بریتییە لە بەختەوەری و ئارامی گیان، کە بە هۆی کـار و کـرداری ئـەو کەسـە دێتەدی:

((خەڵکینە،

هەر کاتێك لەم یاسایەی مەزدا بڕیاری لەسەر داوە، تێبگەن و بزانن کە ڕەنجی درێژخایان

سزای درۆزنان و بەدکارانە، خۆشی و بەختەوەری هەمیشەیی پاداشتی

پەیڕەوانی ڕاستییە، ئەوسا بە هۆی ئەم یاسایەوە

دەگەنە بەختەوەری و ڕزگاری ڕاستەقینە)).

هات ٣٠ بەندی ١١

١٦. بە گوێرەی باوەڕی زەردەشت، دوا پاداشتی پەیڕەوانی ڕاستی بریتییە لە پاداشـتی هـەموان پێکـەوە و بەکۆمـەڵ. ئـەم پاداشـتە بریتییـە لـە گەیشـتنی گشـت مـرۆڤ بـۆلای ئاهورامـەزدا و نزیکبوونەوەیان لێی لە ڕۆژی پەسلاندا. (ڕۆژی پەسلان ئەو کاتەیە کە بە هـۆی خـەبات و تێکۆشـانی گشت مرۆڤ پێکەوە، درۆ واتە هەموو خراپەکان لە ژیانی ئادەمیزاددا پاك دەبێتەوە و ڕاستی و خاسـی و پاکی تەشەنەدەکا و هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە):

((ئەی مەزدا ئاهورا،

پرسیارت لێدەکەم:

کەسێك کە بەدانایی و بیری خاسەوە،

تێدەکۆشێت بۆ،

بڵاوکردنەوەی ئایینی ڕاستی وئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگا.

کەی وچۆن دەتوانێت لێت نزیك بێتەوە و بگاتە لات ؟))

هات ٣١ بەندی ١٦

١٧. لە ڕوانگەی بیری زەردەشتەوە، ئەهریمەن بریتی نییە لە بوونەوەرێکی تایبـەتی بـە شـێوە و ڕوخسارێکی دیاریکراو. ئەهریمەن بریتییـە لـە (بـیری خراپـەکاری) — وشـەی ئەهریـمەن لـە زمـانی ئاڤێستاییدا بەشێوەی ئەنگرەمینو هاتووە، ئەنگرە، مانای ناشیرین، خراپ، پـیس یـان گومڕاکردنـە. مینو بەمانای (بیر) هاتووە. کەواتە ئەنگرەمینو ماناکەی دەبێتە (بیری خراپ و گومڕا):

((لەنێوان ئەم دوانەدا،
بیر خراپ و گومڕاکان، ڕاستی هەڵنابژێرن،
چونکە لەکاتێکدا کە ڕارا و دوودڵن،
تەفرەدەخۆن،
دەچنە ڕیزی بیر خراپان،
پەنا دەبەنەبەر، تووڕەیی و ڕق و قینە،
ژیانی خەڵك دەشێوێنن.))
هات ٣٠ بەندی ٦

١٨. بە باوەڕی زەردەشت، هیچ مرۆڤێك خۆی لەخۆیدا بەخراپی نایەتە دنیا، خراپە لە بیری کرچوکاڵی ئادەمیزاد خۆیەوە وەدیدێت، بە واتایەکی تر، خراپە، هەڵقوڵاوی سەرچاوەی نەزانین و تێنەگەیشتنی مرۆڤە لەو یاسایەی کە بەسەر بووندا فەرمانڕەوایە، واتە یاسای ڕاستی:

((لەنێوان مرۆڤی پاك وناپاکدا،
کامیان ڕێبازی دروستیان هەڵبژاردووە؟
مرۆڤی دانا و ڕووناکبین دەبێ
خەڵك هۆشیار بکاتەوە و ڕێگەی ڕاستیان بۆ ڕۆشن بکا،
بۆئەوەی ئەو بێ فەرە لادەرانە نەتوانن
خەڵك تەفرەبدەن و گومڕایان بکەن،
ئەی مەزدا ئاهورا،
تۆ بۆ ئێمە
مامۆستا و ڕێنمای بیری خاس بە.))
هات ٣١ بەندی ١٧

١٩. زەردەشت، بەختەوەری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبەستێتەوە بە زانیاری و هۆشیاری یەکە یەکەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە، بۆیە هانی دانا و زانایان دەدات، کە ئەو کەسانەی زانیاریان کەمە فێریان بکەن:

((خاسترین جۆری پاداشتەکان و باڵاترین پلەی بەختەوەری،

بۆ ئەو دانایە دەبێت،
کە پەیامە ڕاستەقینە و ئامۆژگارییە پاکەکانم،
کە خەڵك بەرەو پوختەیی و نەمرێتی دەبات،
بە هەموان ڕادەگەیەنێت.
مەزدا ئاهورا،
بە هۆی بیری خاسەوە
هێز و توانای ئەو کەسانە پتر دەکات.))
هات ٣١ بەندی ٦

٢٠. بەبۆچوونی زەردەشت، لەبەرئەوەی خراپە، هەڵقوڵاوی بیری کرچوکاڵی ئـادەمیزاد خۆیـەتی، کەوابوو، گشت لادراوان لە ڕێی ڕاست و خراپەکاران، دەکرێ پەروەردە و فێری ڕاستی بکرێن.
((ئەو کاتەی کە،
گومڕاکان سزای خۆیان دەبینن،
ئەوسا، ئەی ئاهورامەزدا،
شالیاریت، بە هۆی بیری خاسەوە (وەهومەن)،
بۆیان ئاشکرادەبێت،
تێدەگەن کە،
چاوۆن واز لە ڕێی چەوت بێنن و ڕێبازی ڕاستی بگرنە بەر.))
هات ٣٠ بەندی ٨

٢١. زەردەشت، بیر و هۆشی ئادەمیزاد، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بە باشترین پێوانە دادەنێـت بۆ هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردن. تەنیا دانایان و مرۆڤانی ژیرن، کـە بـە هـۆی بـیری پوختـە و هۆشـی خۆیان، یاسای ڕاستی بـە دروسـتی تێدەگـەن، بـە هاوئاهـەنگکردنی بـیر و کـردار و و وتـە لەتـەك (ڕاسـتیدا)، تێگەیانـدن و هۆشـیارکردنی خـەڵك، کۆمـەڵکای مرۆڤایـەتی دەگەیەننـە بەختـەوەری ڕاستەقینە.
((ئەی مەزدا،
ئەو بەختەوەرییەی کە لەژێر سایەی رووناکی مەعنەوی،

بە هۆی پەیڕەوی لە ڕاستی و پاکییەوە،
مژدەیت بە هەردوو دەستە داوە (دانا و نادان)،
ئەو بڕیارەی کە بۆ مرۆی ژیر و دانا، داوە
بە هۆی ئامۆژگارییەکانتەوە،
بۆ ئاگاداریمان، بۆمان ئاشکرابکە،
بۆئەوەی هەموو خەڵك بەرەو ئایینی ڕاستی داوەتبکەین.))
هات ٣١ بەندی ٣

٢٢. بە باوەڕی زەردەشت، بیر و هۆشی مرۆڤ، بایەخ و پلە و پایەیەکی فرە بەرز و تایبەتی هەیە. لەبەرئەوە، پێویستە هەموو کەسێك ئازادبێت تا پاش ئەوەی هەمەجۆرە ڕێگەیەکی هەڵسەنگاند، بەبیرێکی ڕۆشن و هۆشێکی دروستەوە، ڕێگەی خۆی بە ئازادی هەڵبژێرێت:

((کەواتە،
گوێڕایەڵی خاسترین وتەکان بن،
بەبیرێکی ڕۆشنەوە هەڵیسەنگێنن،
هەر یەکە لەئێوە بۆخۆی،
لەم دوو ڕێبازە، یەکێکیان هەلبژێرن،
پێش ئەوەی ڕووداوی مەزن ڕووبدات (ڕۆژی پەسڵان)،
هەر یەکەتان بەدروستی ئاگاداربن،
لەم ئایینە تێبگەن و بڵاوی بکەنەوە.))
هات ٣٠ بەندی ٢

٢٣. زەردەشت، ئازادی دەربڕینی باوەڕ بە مافی ڕەوا و سروشتی هەموو مرۆڤێك دەزانێت. هەر کەسێك دەبێ بتوانێ بەشێوەیەکی ئازاد باوەڕی خۆی دەربڕێ تا بتوانێ ڕاستی و دروستی هەڵسەنگێنێ و هەڵبژێرێت:

((بەم شێوەیە، هەر کەسێك،
چ ڕاست بێژ بێت یان درۆزن،
چ زانا بێت یان نەزان،

ئەوەی لە بیر و مێشکیدایە
بە شێوەیەکی ئازادانە ئاشکرای دەکا و دەیبێژی،
هەر کاتێك کە
ئەندێشە گیرۆدەی دوودڵی و ڕارایی بوو،
لەنێوان ئەم دوو باوەڕەدا حەپەساو قەتیس ما،
ئەوسا، ئارمەئێتی (بیری چاك و پوختە) بەدەم هاواریانەوە دێت و
ڕێنماییان دەکات.))
هات ٣١ بەندی ١٢

٢٤. زەردەشت، لەو باوەڕەدایە کە مرۆڤ دەبێت ئەوەندە ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی ڕێبازی ژیانی خۆی، تەنانەت ئایینی خۆشی بەشێوەیەکی ئازادانە هەڵبژێرێت، واتە هیچ زۆرەملییەك لە هەڵبژاردنی ئایینداا نەبێت:

((ئەی مەزدا،
هەر لەوساتەوە و لەسەرەتاوە کە،
بە بیر و هۆشی خۆتەوە،
ژیان و ویژدان و هۆشت بۆ دروستکردین،
ڕۆحت کردە نێو لەشمان،
توانایی گفتوگۆ و کارکردنت پێ بەخشین،
هەر لەو کاتەوە ویستت کە ئێمە بە شێوەیەکی ئازاد،
باوەڕ و ڕێ و ڕەوشی ئایینی خۆمان هەڵبژێرین.))
هات ٣١ بەندی ١١

٢٥. زەردەشت، بۆ ڕێنماییکردنی درۆزنان و لەڕێی لادەران و خستنیانە سەر ڕێی ڕاست، سوود، لە هێزی ڕەوانبێژی و دەم پاراوی وەردەگرێت. تەنێ چەکی دەستی پەیامبەر بۆ بەرهەڵستی و دژایەتیکردنی درۆ و ناڕاستی، قسە ڕەوانەکانی و شێوەی دەربڕینیانە:

((ئەی دیاردەی ڕاستی و پاکی (ئاشا)،
کەی بە دیدارت شاد دەبم؟
ئەی دیاردەی بیری خاس (وەهومەن)

کەی بە هۆی دانایی و هۆشەوە دەتوانم بتناسم؟
ئەی ئاهورای توانا، کەی ڕێگەی گەیشتنە لای تۆ دەدۆزمەوە؟
کەی زایەڵەی دەروونی مەزدایی دەبیستم؟
هیوادارم کە
بە یاریدەی وتەی پیرۆز (سروودی پیرۆز) و هێزی دەم پاراوی،
ڕێنمایی گومڕاکان بکەم
بیانخەمە سەر خاسترین ڕێگە کە
ڕێی ڕاستی و یەکتاپەرستییە))
هات ٢٨ بەندی ٥

٢٦. زەردەشت، دژی جەنگ و هەراوهوریا و خوێنڕێژییە و لێیان وەڕسە و بێزارە. لەو باوەڕەدایە کە پەیامبەران و چاکسازانی ڕاستی، دەتوانن بە هۆی میهرەبانی و دلۆڤانییەوە، برایەتی و دۆستایەتی و یەکێتی لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا وەدیبێنن:

((ڕاستی-ئاشا- وەڵامی ئاهورامەزدای دایەوە:
لەنێو ئەم خەڵکەی جیهاندا کەسی وا ناناسم
کە بتوانێت ئەم ئازارە لە کۆڵیان بکاتەوە،
یاریدەی پیاوچاکان بدات دژی خراپەکاران.
لەنێو ئەم خەڵکەدا،
ئەو کەسە، دەبێ لە هەموان، بەهێزتر و تواناتر بێت،
تا هەر کاتێك داوای یارمەتیکرد
فریای بکەون و یاریدەی بدەن.))
هات ٢٨ بەندی ٣

٢٧. زەردەشت، دژی کۆنەپەرستییە، مرۆڤێکی پێشکەوتوخوازە، باوەڕی بەوەیە کە بیر و هۆشی مرۆڤ، لەش و گیانی ئادەمیزاد، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ژینگە، بەواتایەکی دیکە شارستانییەت، فەرهەنگ و ئاکاری مرۆڤ، دەبێ هەمیشە بەرەو پێشەوە و خاستر و بەرزتر بگۆڕدرێت:

((ئەی مەزدائاهورا،
هیوادارم کە،

خزمەتگوزاری تۆ بین،
لەو کەسانە بین کەهەموو جیهان و ژیان نۆژەندەکەنەوە.
با:
کاتێك بیر و هۆش گیرۆدەی سستی و خۆڕانەگرتن دەبێ،
ڕاستی (ئاشا) یارمەتیمان بدات،
بیرمان لە یەکدی نزیك بکاتەوە.))
هات ٣٠ بەندی ٩

٢٨. زەردەشت، باوەڕی بە پەرجۆ (معجزە) نییە، گەورەترین پەرجۆی خۆی لە پاراوی وتەکانی کە دەچێتە نێو ناخی دەروونی خەڵکەوە و بیروباوەڕیان دەبزوێنێ، دەزانێت، کە بە هۆی بیری خاسەوە توانیویەتی بگاتە ئەو ڕادەیە:
((ئەی مەزدائاهورا،
ئەی ڕاستی (ئاشا) و ئەی بیری خاس (وەهومەن):
ئەز، سروودی وەهاتان بۆ دەهۆنمەوە
کە تا ئێستا کەس نەیبیژاوە.
هیوادارم توانایی مەعنەوی و پاکی (خشە ترا)
لە دەروونمدا پتر بێت، بەسەر زاتمدا زاڵ بم.
تکا و ئارەزوومان بەدیبهێنن،
بەختەوەری و شادیمان پێببەخشن.))
هات ٢٨ بەندی ٣

٢٩. زەردەشت، ژینگە و پارێزگاری و چاودێریکردنی، بەیەکێك لە ئاکامەکانی بیری خاس دەژمێررێت. بە پێچەوانەوە، چاودێری نەکردنی بە (ناڕاستی) و گومڕایی و کارێکی خراپ هەژمار دەکات:
((بەڕاستی ڕابەرە بەد و بیرخراپەکان،
کە گوتارە ئایینییەکان چەواشە و ئاڵۆزدەکەن،
بەچاوی ڕێزەوە ڕوانینە زەوی و خۆر

بە کارێکی فرە ناڕەوا و گوناه دەزانن.
بیر خاسان بەرەو گومڕایی دەبەن،
زەویوزار و کێڵگەکان وێرانەدەکەن،
دژی بیرخاسان چەك بەکاردێنن.))
هات ٣٢ بەندی ١٠

٣٠. زەردەشت، قوربانیکردنی ئاژەڵ، بە کارێکی ناپەسەند و ئەفسانەیی دەزانێت. بە نیشانەی نەزانین و دواکەوتویی و گومڕایی دەژمێرێ:
((زۆر لەمێژە،
گرەهما(١٦) بە هاوکاری لەتەك کاوی(١٧)ەکاندا،
هێز و توانا و بیری خۆیان،
گەرخستووە،
بۆئەوەی پەیامبەرەکەت وەڕس بکەن و بیخەنە داوەوە.
ئەوانە،
هێز و توانای خۆیان لە درۆزنان و گومڕایان،
وەدەست دێنن و دەبێژن،
دەبێ هەموو جیهان تێکبدەن و گیرۆدەی خراپەی بکەن،
تا هوم(١٨)ی نەمر بگا بەدەم هاواریانەوە.))
هات ٣٢ بەندی ١٤

٣١. ڕوانگە و دیدی زەردەشت، کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە. ئەو هەمیشە و لە هەموو کات و شوێنێکدا ئارەزوی ئەوەیە، کە گشت خەڵك بەختیار وخۆشبەخت بن. هەر لەبەر ئەوەیە داوا لە هەمووان دەکات، کە بەهەموو توانایەکیانەوە، هەوڵبدەن یەکدی بەختەوەربکەن:
((مەزداناهورای فرە توانا
بڕیاریداوە کە،

کەسێك بەختیارە
کە خەڵکی دیکە بەختەوەر بکات.
ئەی ئافەریدەگار،
ئەز بۆ جێگیر کردن و پەرەسەندنی ئایینی ڕاستی،
داوای هێز و توانای لەش و گیان دەکەم.
ئەی ئارمەئێتی، ئەی دیاردەی خۆشەویستی و باوەڕ،
ئەو تیشکە یەزدانییەی کە،
پاداشتی ژیانی پڕ لە بیرخاسییە،
پێم ببەخشە.))
هات ٤٣ بەندی ١

٣٢. لە ڕوانگەی بیری زەردەشتەوە، ئاهورامەزدا، هەموو مرۆڤێك –بە تایبەتی ئەگەر پـەیڕەوی ڕێی ڕاست بێت- بەچاوی دۆست تەماشادەکات:
((مەزدا ئاهورا،
بە هۆی عەقڵ و هۆشی تەواو سەنگی خۆیەوە،
پوختەیی و نەمرێتی،
ڕاستی و توانایی مەعنەوی و بیری خاس
بە کەسێك خەڵات دەکا و دەبەخشێت
کە لەڕووی بیر و کردارەوە، دڵی پێببەستن))
هات ٣١ بەندی ٢١

٣٣. زەردەشت، باوەڕی بەوە هەیە کە، بۆ گەیشتنە دروشمی (ڕاستی)، مرۆڤ دەبـێ لـەخۆبوردوو بێت و گیانی خۆی لەو ڕێیەدا بەخت بکات:
((ئێستا ئیدی زەردەشت،
هەموو لەش و گیان،
هەڵبژاردەیەکیش لە بیری خاسی خۆی،
پێشکەش بە مەزدا دەکات،

خاسترین کردار و وته و فەرمانبەری لە دەستوورەکانی ئاهورایی،
هەموو هێز و توانای مەعنەوی خۆی،
پێشکەش بە ڕاستی (ئاشا) دەکات.))
هات ٣٣ بەندی ١٤

٣٤. زەردەشت، مافی یەکسان بۆ هەموو کەس –بە ژن و پیاوەوە- ڕەوا دەبینێ. یەکەمین کەس بوو، کە مافی ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەری بۆ کچان دا. بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر، تەنیا دوو مەرجی بنەڕەتی دانا : (ئەوینی پاك) و (زانیاری تەواو و باش). لێرەدا ڕوودەکاتە کچەکەی خۆی (پوروچیستا)وە پێی دەبێژێ:
((ئەی پوروچیستای ئەسپەنتمان هیچدسپ
ئەی جوانکیلەترین کیژۆڵەکانی زەردەشت،
مەزدا ئاهورا،
مرۆیەکی بۆ هاوسەرێتی تۆ هەڵبژاردووە کە،
پابەندی بیری خاس،
پاکی و ڕاستییە،
کەواتە، لەتەك بیری خۆتدا ڕاوێژ بکە،
بە پاکی و بە زانیارییەکی خاسەوە ڕەفتار بکە.))
هات ٥٣ بەندی ٣

٣٥. زەردەشت، بەختەوەری خێزان و ژیانی ژن و مێردایەتی لەوەدا دەبینێت، کە هەر یەکەیان هەوڵ و کۆشش بدات بۆ پەیڕەوی لە ڕاستی و بیر و وتە و کرداری خاس:
((ئەم گوفتارانە ئاڕاستەی ئێوە دەکەم،
ئەی تازە بووك وزاوایان،
بەبیرێکی خاس، گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانم ڕابگرن،
بە هۆی ویژدانی خۆتان هەڵیسەنگێنن و بەکاری بێنن:
هەمیشە بە بیری خاس وەخۆشەویستییەوە بژین.
هەر یەکەتان لە ڕاستیدا پێشبڕکێی لە یەکتری بکەن،

تا ژیانێك و خێزانێکی خاس پێکەوە بنێن))
هات ٥٣ بەندی ٥

٣٦. زەردەشت، بۆ بەرزێتی خووڕەوشت و پوختەبوونی هۆشی مرۆڤ، کە ئاکامەکەی پتەوتربوونی هێزی (ڕاستی) و لاوازبوونی هێزی (درۆ)یە لەجیهاندا، پتەوبوونی لەش و خۆشی و شادی ژیانیش بە پێویست دەزانێت.

زەردەشت، باسی مردن ناکات، هەمیشە بیر لەژیان دەکاتەوە:

((ئەی مەزدا،
ئاسایش و خۆشییەکانی ژیان کە ئێستا بووە و هەیە و دەمێنی
گشتیان لە تۆوەیە،
بە میهرەبانی خۆت، ئەمانەمان پێ ببەخشە،
لەژێر سایەی بیری خاس و هێزی مەعنەوی و ڕاستی،
تەندروستی و بەختەوەریمان پتر بکە))
هات ٣٣ بەندی ١٠

٣٧. زەردەشت، کار و کۆشش لەژیاندا بەیەکێك لە هەرە گرنگترین و کاریگەرترین هۆکانی ئاوەدانی و پێشکەوتن و شادومانی و بەختەوەری مرۆڤ و کۆمەڵگا دەژمێرێ. ئەو، کار و کوشش، هاوئاهەنگ لەتەك (یاسای ڕاستی) و هەڵقوڵاو لە (دانایی) و (بیری خاس) دەزانێت:

((بە بیری خاسەوە،
مەزدا ئاهورا، خۆش وەش دەکەین،
ئەو کە بەویستی خۆی،
شادی و کاری بۆ ئافراندوین.
هیوادارین، مەزدا ئاهورا،
بە توانایی خۆیەوە
هێزی کارکردنمان پێ ببەخشێت،
تابتوانین، بە هۆی بیری خاس و ڕاستی و زانستی ڕاستەقینەوە،
تێبکۆشین بۆ پێشخستنی خەڵك و کۆمەڵگا.))

هات ٤٥ بەندی ٩

٣٨. زەردەشت، ڕاستی و دروستی کردار، بە تەنیا هۆیەك بۆ بڵندی و پلەبەرزێتی مرۆڤ دەزانێت، گەندەڵ و درۆزنان ئەگەرچی خاوەنی توانا و دراویش بن، بەبێ بایەخ و هیچ و پووچ دەزانێت.

ئەوانەی پەیڕەوی ڕاستین، ئەگەر بێ دەسەڵات و هەژاریش بن، بە شیاوی ڕێزگرتن دەزانێت:

((ئەی مەزدا،
درۆزن و خراپەکارانێك کە
ڕوو لە بیری خاس وەردەگێڕن،
تووشی ڕەنج و ئازار و ئەشکەنجە دەبن.
خاسان و ڕاستکردەوەکان، کە ئەم کارە ناکەن، گیرۆدەنابن.
ڕاستکردەوە، هەرچەندە هەژاریش بێت و هێز و تواناشی کەم بێت،
لای ڕاست کردەوەکان، بەڕێزە.
درۆزن و خراپەکار، ئەگەر توانا و بەدەسەڵاتیش بێت،
بێ بایەخ و بێ نرخە))

هات ٤٧ بەندی ٤

٣٩. زەردەشت، لەو باوەڕەدایە کە چارەنووسی هەرکەسێك بەدەست خۆیەتی:

((ئەی مەزدا،
بەم سروودە ستایشگەرانە،
وە لەڕێی ڕاستی
بە هۆی ئەو کارانەی کە لە بیری خاسەوە هەڵقەڵاوە،
بەرەو لای خۆت دەگەڕێمەوە
لەتەك ئەوەی کە دەزانم
ویستی خۆم بەسەر چارەنووسمدا زاڵە و فەرمانی پێدەدات
تا ئەو کاتەی بە لوتکەی ئامانجەکانم دەگەم
هەروا داواکاری زانستی خاسم لێت))

هات ٥٠ بەندی ٩

٤٠. زەردەشت، خەڵك ئاگادارده‌كاتەوە، دووربكەونەوە لەو كەسانەی پرۆپاگەندەی خراپ بڵاوده‌كەنەوە و خەڵكی گومڕاده‌كەن. لەو باوەڕەدایە، كە ئەو جۆرە كەسانە، بە هۆی ئەو قسانەی ده‌یكەن. بیری خەڵك و دروشمی ژیانیان، ئاڵۆز و چەواشەده‌كەن:

((پێشەوا بیر خراپەكان،
ئامۆژگارییە ئایینییەكان ئاوەژوو و ئاڵۆزده‌كەن و
بە ئامۆژگارییە هەڵەكانیانەوە،
ڕێی ڕاست و مەبەستی سەره‌كی و ڕاستەقینەی ژیان
لە خەڵك چەواشەده‌كەن.
بەم شێوەیە،
وا لە خەڵك ده‌كەن كە دوورەپەرێزبن
لە خاسترین سەرمایەی ژیان كە بریتییە لە
ڕاستی و دروستی و پاكی.
ئەی مەزدا و ئەی ڕاستی (ئاشا)،
لە كانگەی دڵمەوە سكاڵای خۆمتان بۆ ده‌رده‌بڕم،
پەناتان بۆ ده‌بەم.))
هات ٣٢ بەندی ٩

لەنێو ئایینە كۆنەكاندا، وێنای ئەم ئایین و باوەڕە پاكە، كەمتر وەدیده‌كەوێت. ئایینێك كە بە هیچ كلۆجێك باوەڕی بەئەفسانە، سیحر و جادوو، قوربانیكردنی ئاژەڵ، پەرستنی خوای جۆراوجۆر نەبووە.

زەردەشت ئەم كارانە هەمووی بەكاری خراپ و بەد ده‌زانێت. زەردەشت هەڵسایە سەرپێ و ڕاپەڕی بۆئەوەی ئەفسانەكانی نێو كۆمەڵ لە تەوێڵی مرۆڤایەتی پاك بكاتەوە و كۆت و زنجیری دیلێتی بپچڕی و لەمل خەڵكی بكاتەوە.

لەنێو چارەسەركردنی بارودۆخە كۆمەڵایەتییەكانیدا، ڕۆحی جوامێری و بەرگری بەرانبەر بە ستەم ده‌رده‌كەوێ. هەروەها ڕێزگرتن لە یەكێتی خێزان، كار و كۆشش، بایەخدان بە ژیانی مادی، ئازادی ده‌ربڕینی بیروباوەڕی مرۆڤ، یەكتاپەرستی و.. ئەمانە هەمووی بەشێوەیەكی فرە گەشبینیانە

بەخەڵك ڕادەگەیەنێت. دەربارەی الاهیات زۆر نەدەچوە بنجوبناوانو قووڵایی باسەکەوە، بەشێوەیەکی تەواو سەنگ، باسی لێنەدەکرد . بەڵام زۆر بە ڕاشکاوی بانگەوازی بۆ خەڵك دەردەکرد، کە تەنها خوای تاك و تەنها (ئاهورامەزدا) بپەرستن. .

هەوڵی دەدا کە کێشەی کشتوکێڵ و موڵکایەتی زەوی، ستەمی پیاوە ئایینییەکانی ئەو سەردەمە و ستەمکاران بۆ خەڵك باس بکات و چارەسەری کێشەکانیان بکات. داوێن پاکی و خوا پەرستی لە چوارچێوەی ڕۆژووگرتن و دەروێشی و کونجی قەناعەتکردن، نەدەدی. سوالکردن، بێکاری و تەمەڵی و گۆشەگیری، لای زەردەشت کارێکی ناپەسەندە. لە فەلسەفەی زەردەشدا، (ویستی مرۆڤ) خۆیەتی، کە دەیگەیەنێتە بەرزی و بڵندی، زۆرەکی (جبر) لە ئارادا نییە، زەردەشت مرۆڤدۆست بوو، ئەو خوایەی زەردەشت باسی دەکات، لە تەك بیر و زانستی ئیمڕۆی ئەم چەرخەشدا دەگونجێ.

زەردەشت، بە هۆی سروودە دڵڕفێنەکانییەوە، داوا لە ئاهورامەزدا، دەکات کە ڕێگەی ڕاست و دروست پیشان خەڵك بدات. ئیدی نە داوای خۆشی بەهەشت دەکا و نە داوادەکا کە لە ئاگری دۆزەخ بیانپارێزی، بەڵکو تەنیا دەخوازێ ڕێگەی ڕاست و چاکەیان بۆ ڕوونـاك بکات. ئایینی خۆی لەسەر بنچینەی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵایەتی و ئاکاری خەڵك دادەمەزرێنێت.

ئەم بیر و باوەڕو هەڵسوکەوتە تەنیا کەسێك دەتوانی پێی هەڵسێت وبەئەنجامی بگەیەنێت، کە خاوەنی بیر و هۆشێکی یەکجار بەرز و مەزن بێت و ژیر و دانا بێت. پاش وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو چل وتانەی زەردەشت کە کەسایەتی و ڕوخساری بە ئاشکرا بۆ هەموان ڕۆشن بوو، لێرەدا بە پێویست دەزانرێت کە ئەم پەیامبەرە نەمرە، پتر خۆی بناسێنێ.

دەفەرموێت:

پاش چاوپێکەوتنێکی لەتەك فریشتە (وەهومەن) کە بریتییە لە (سیفەتی بیری چاکی مەزدا)، لێی دەپرسێ ئەی زەردەشت تۆ کێیت و ئەگەرە کو لێت بپرسن لە چ بنەماڵەیەکی و پلەو پایەت چییە، وەڵامت چ دەبێت؟

زەردەشت دەبێژێ، پێم گووت: پێش هەموو شتێك، ئەز زەردەشتم، تا ئەو شوێنەی توانام هەبێت و پێم بکرێت، دوژمنی سەرسەختی درۆ و درۆزنانم و پاڵپشت و هاوکارێکی بە توانا بۆ هاوەڵانی ڕاستیم-ئەوسا پێی دەبێژێ چیت گەرەکە و ئاواتت چییە بێژە-

وەڵامدەداتەوە، پاش ئەوەی دەربارەی ئایینی یەکتاپەرستی ئاگادارکرام، پەیامم پێڕاگەیەندرا، هەرچەندە لە سەرەتاوە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکە و چارەسەرکردنی کێشەکان، دووچاری مەینەتی

بووم، کارەکە فرە دژوار بوو. بەڵام ڕێگەم نەدا ترس بەسەرمدا زاڵ بێت و وردم بەر نەدا. هەنووکەش داوات لێدەکەم وەك هاوڕێ و هاوبیرێك یارمەتیم بدەیت و ئەوەندە توانام پێ ببەخشیت، کە بتوانم لە ئیش و کار و کۆششەکانم سەرکەوتووبم، گۆڕینێکی تەواوەتی و بنچینەیی لە ساختاری یاسایی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدەم. خراپەکاران و ئەوانەی ژیانی ماددی بەرەو خراپە ڕادەماڵن و ئەفسانەپەرستەکان و چەتە و ڕێگرەکان و ستەمکاران لە کۆمەڵگادا بخەمە سەر ڕێی ڕاست.

ئەمەیە کەسایەتی زەردەشت، ئەو کەڵە پیاوەی مێژوو، کە تەنیا ئارەزووی لە ژیاندا ئەوە بوو، کە ڕێگەی ڕاست و دروست نیشانی خەڵك بدات. کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی پاك و دوور لە خراپە وەدی بهێنێت.

کاتێك کە ئیدی تەمەنی درێژدەبێت، زەردەشت هەست بەوە دەکات کە ژیانی لەسەر ڕووی زەوی بەرەو کۆتایی دەڕوات... ئەوسا بۆ جارێکی دیکە، سیما و ڕوخساری ڕاستی خۆی بە وردی پیشان دەدات، لە کانگای دڵییەوە و بە هەموو بیر و باوەڕی پاکییەوە، بە باوەڕێکی پاك و بێخەوش کە بە ئاهورە مەزدای هەیە، پاش ئەو هەموو کۆششەی کردوویەتی، پاش دیتنی بەرزی و نەوییەکانی ژیان، ئیدی گەرەکێتی پشوو بدات بۆ هەمیشە، بۆیە ڕوودەکاتە ئەوینی ڕاستەقینەی خۆی، کە هەمیشە پەنای بۆ دەبات، دەبێژێ:

((ئایا پاش مردنم، ڕەوانم دەتوانێت هیوای بە کەسێك بێت پەنای بۆ بەرێت، دڵنیام ئەو کەسە جگە لە (ڕاستی) و (بیری چاك) و (تۆ) ئەی مەزدا، کە لەم جیهانەشدا وەڵامی ویست و خواستەکانم دەدەیتەوە و یارمەتی خۆم و لایەنگرانم دەدەیت، هیچ کەسێکی دیکە نییە.))

ئەگەر باش بیر و باوەڕی زەردەشت لێکبدەینەوە و بچینە ناخی فەلسەفەی ئەم پیاوە مەزنەی مێژوو، دەبینین جگە لەوەی کە مامۆستایەکی ئێجگار گەورەی ئاکاری مرۆڤایەتی بووە، ویست و خواستی ئەو ئەوە بووە، کە کۆمەڵگایەکی ئایدیایی پڕ لە ڕاستی و دروستی و ئاکاری بەرز و جوان دابمەزرێنێت. ئەرکی سەرشانی خۆی بەوە زانیوە، کە دەبێ دژی ئەو سیستمە دواکەوتووە ڕاپەڕێت، کە شۆڕشگێڕێکی نەترس و ئازا چاکی مەردایەتی لێ بکا بەلادا و یاسایەکی نوێ لەسەر بنچینەی بیر و کردار و گوتەی خاس و ڕاستی و دروستی لەم جیهانەدا دابمەزرێنێت. ئەم ڕاپەڕینەی زەردەشت بۆ ئەوە نەبووە، کە تەنها سیستەمێکی کۆنەپەرستی وەك ئەو سەردەمە بگۆڕێت بە سیستەمێکی دیکە کە تەنێ دەم و چاوەکان بگۆڕێن، بەڵکو دەیخواست کە بیر و کردار و گوتەی خاس فەرمانڕەوا بێت بەسەر کۆمەڵگادا.

ڕاستی و دروستی دروشمی ڕاستەقینە و خۆشەویستی و بەختەوەری هەموو خەڵك و دادی کۆمەڵایەتی، ئاوات و ئامانج بێت. شکاندنی بتێك و داتاشین و دروستکردنی بتێکی دیکە نەبووە، بەڵکو ئامانجی لەناوبردنی کردەی بتپەرستی بووە. بەکورتی دەتوانین بڵێین، کە بزووتنەوەی زەردەشت شۆڕشێکی کوێر کوێرانە نەبووە، کوشتار و ئەشکەنجە و کۆکوژی و جەردەیی و دزی و خۆپەرستی نەبووە، شۆڕشێکی زانستیانە و ژیرانە بووە بۆ دروستکردن و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی پڕ لە داد و خۆشەویستی و ئازادی...

کۆمەڵگای ئایدیایی لە ڕوانگەی گاتاکاندا بریتییە لەوەی کە گشت ئەندامانی ئەو گۆمەڵگایە پەیڕەوی لە ڕاستی بکەن و دوورەپەرێز و دژی درۆ بن. بۆ دابینکردنی یاسای ڕەوا، بەپاکی وخۆشەویستی ویەك دڵی ودلۆڤانی خزمەتی کۆمەڵگا بکەن، تێبکۆشن بۆ پێشخستن و بی خەوشێتی خێزان وشار و وڵات. دەمارگیرێتی و رق و کینە و نەفرەت لە خراپییەکانی درۆیە. هەر کۆمەڵگایەك خەڵکەکەی هاوڕی بن لەتەك راستی(ئاشا)وە هاوبیربن لەتەك بیری خاس (وەهومن) و بێفیزی و پاکیژەیی بکەنە پیشەی خۆیان، بێگومان ئەوکۆمەڵگایە لە دەمارگیرێتی و قین و و نەفرەت و گەندەڵی وە دوور دەبێ. ئەم جۆرە کۆمەڵگایە ئایدیاییە، بەڵام دەشی ئەم بزووتنەوەیە دەست پی بکرێت.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە ڕاو بۆچوونی بڕێك لە زانا و مێژوونووسەکان و ئەوانەی زۆر بە وردی گاتاکانیان خوێندۆتەوە و توێژینەوەی قووڵیان هەبووە دەربارەی کەسایەتی زەردەشت و بیروباوەڕ و پەیامەکەی نووسیویانە بەتایبەتی زیاتر کات و دەوروبەری ئەو سەردەمەیان ڕەچاوکردووە بخەمە بەر چاو:

ئەدوارد مایەر دەبێژێ:

((تەنێ ئەو کەسایەتییە راستەقینانەی کە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی کۆن خۆیان ناساندووە بریتین لە پەیامبەرەکان و ئەوانەی پایەی ئاینییان دامەزراندووە. زەردەشت و پەیامبەرانی ئیسرائیلی و هەروەها (چاکسازی) میسڕی و ئیخناتونیش لەو کەسانەن)).

زولتسر:

((زەردەشت پەیوەندیی خۆی لەتەك خوای خۆیدا زیاتر لەسەر بنچینەی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی دامەزراندووە. داوای یارمەتی و هاریکاری لە خوا دەکا هەروەك چۆن هاوڕێیەك داوای یارمەتی لە هاوڕێکەی خۆی دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی (بێفیزی) و ڕێز بە شێوەیەك ئیتاعەتی دەکات، کە خۆی بە ئافەریدەی ئەو دەزانێت)).

جاکسون:

((چلۆن ڕێز لە پلەوپایەی ئەو کەسانە دەگیرێ کە عەودالی ڕووناکی و نوور بوون وەك بودا، کۆنفسیوس و سوقرات، دەبێت هەر بەو شێوەیەش ڕەفتار لەگەڵ زەردەشتدا بکرێت، تەنانەت دەتوانم بێژم بڕێك لەو بیر و بۆچوونە مەزنانەی ئایینی مەسیحی لە وتەکانی زەردەشتدا دەبینرێ. زەردەشت کەسایەتییەکی مێژوویە و یەکێکە لە هەرە مەزنترین مامۆستایانی ناوچەی خۆرهەڵات بە گشتی)).

داوسون:

((لە ئایینی زەردەشت، فرە بۆچوون و شێوە و ڕێنمایی ئایینی دەبینرێت کە کاری کردۆتە سەر ئایینی مەسیحیەت و یەهودیەت و جێ پەنجەکانی تیایاندا بەدیدەکرێن. ئەم ئاسەوارانە چەندین سەدە پێش پەیدابوونی مەسیحیەت و یەهودیەت، زەردەشت جاڕی بۆداوە لەڕاستیدا ئەمانە ئاسەواری پیرۆز وکۆنن، کە لەمانە بۆ ئایین وئایینزاکانی یۆنان، ڕۆم، ئەڵمان..... بەکورتی بێژین بۆ گشت ناوچەکانی ئەوروپا، ئەمریکا، ئوستورالیا و شوێنانی دیکە، ڕۆیشتووە و سوودیان لی وەرگرتووە)).

(پرۆفیسۆر س.ج.شاو)ی ئینگلیزی:

((زەردەشت فرە باوەڕی بە ئۆمانیزم (مەکتەبی ڕەسەنێتی ئادەمیزاد) هەبووە و کاڵای بە باڵای پەیامبەرێکی ڕاستەقینە بووە. لە پەیامەکەیدا مەزنێتی ئەم پیاوە زۆر بەئاشکرا دەردەکەوێ هەرگیز خوا لەخۆی بەدوور نابینێت. ئەم پەیامبەرە ئێرانییە بەشێوەیەکی وەها باسی ڕاستی و دروستی دەکا دەڵێی لەتەك ئاهورامەزدا بەرامبەر بەیەکتر دانیشتوون)).

زهنر:

((زەردەشت پەیامبەرێك بوو کە لەلای خوای گەورە و داناوە نێردرابوو ڕاستی و دروستی ئامانجی بوو، دۆستی خوا بووە، پەیوەندی نێوان خۆی وخوای خۆی پەیوەندی نۆکەرایەتی نەبووە، بەڵکو هەمیشە وەك هاوڕی و دۆست باسی دەکا و داوای یارمەتی لێدەکات)).

تاگور (زانای بەناوبانگی هندی)

((زەردەشت گەورەترین پەیامبەرێکە کە لەسەرەتای مێژووی ئادەمیزاددا دەرکەوتووە، بە هۆی فەلسەفەکەیەوە، ئادەمیزادی لەو بارە قورسەی سەرشانی ڕزگارکرد، ئەو بارەی کە بریتیبوو لە

مەراسیمی جۆراوجۆری ئایینی و قوربانیکردن و بادەنۆشی و... زەردەشت زۆر مەردانە و بی ترس ململانێیکردووە بۆ لەناوبردنی ئەفسانە و بنچینەی ئایین وباوەڕی خۆی لەسەر ئامۆژگاری و خوڕەوشت دامەزراندووە... زەردەشت ڕاستییەکی وەهای بەشێوەیەکی ساده و سەرنجڕاکێشەر ئاشکراکرد، کە دوندی پایەی فەلسەفەیی و ئاکارییە، لەکاتێکدا زەردەشت دەرکەوت کە ئادەمیزاد زانیارییەکی وەهایان نەبوو دەربارەی نهێنییەکانی سروشت و پلەوپایەی مەعنەوی ڕۆح ، هیچ شتێکیان دەربارەی ئەم سەرچاوە مەعنەوییە و نووری مەزداییەی کە لە بونیاندایە نەدەزانی، پەیوەندی نێوان خۆیان و ڕاستییان نەدەناسی. لە کات و سەردەمێکدا کە ترس و ئارەزوو بزوێنەری گشت هەست و باوەڕیان بوو، ئەمانە هەموویان پاڵیان پێوە دەنا، کە دووچاری ئەفسانە و خەیاڵ و بیری پووچ بن، ئا لەم کاتەدا زەردەشت دەردەکەوێت و لەنێو ئەم بیروباوەڕانەدا ئامۆژگارییەکانی خۆی لەسەر بنچینەیەکی وەها مەزن و گرنگ دادەمەزرێنێت، کە دوورە لە هەموو جۆرە ئەفسانە و بیری پووچ و خەیاڵاوی، ئامۆژگارییەکانی دەتوانرێت بەخاسترین دەستووری چۆنێتی ژیان بۆ ئادەمیزاد دابنری)).

وتین ئەمریکایی:

((ستایشی ئامۆژگرییەکانی زەردەشت دەکات لەو باوەڕەدایە کە عیسا پەیڕەوی لەو کردووە دەبێژێ : ئەو سێ کۆچکەیە (بیر و کردار و وتەی خاس) بنچینەی گشت ئایینە گەورەکانن، نە تەنها عیسا هیچ شتێکی زیادەی نەخستۆتە سەر ئەم سی بنچینەیە، بەڵکو هیچ پەیامبەرێکی دیکەش نەیتوانیوە لەمە زیاتر لە پەیامەکەیدا باس بکات)).

مێلز:

((تایبەتکارییەکانی ئەم مامۆستا مەزنەی مرۆڤایەتی بریتییە لەو ئامۆژگاریانەی کە لە کتێبی گاتاکاندا و لەنێو سروودە بی هاوتاکانی ئەم پەیامبەرە دارێژراوە. لە هیچ کات و سەدەو لە هیچ کون و قوژبنێکی ئەم جیهانەدا- تا ئەو شوێنەی بەڵگە و نیشانە هەبی- کەسایەتییەکی وەها نەبووە کە بەم شێوەیە هۆشمەندانە و زانستیانە ئاوەها قسە بکات، هەرچەندە تائێستا ئیدی بڕێك لەو بیروباوەڕە بەرزانە شێوەی فەلسەفە و ئایینی و ئاکاری بەخۆوە گرتووە، بەڵام لەو کات و سەردەمەدا ئەم جۆرە باس و بیرکردنەوانە باو نەبووە وە ئەم جۆرە قسانە هیچ کەس نەیکردبوو. ئەگەر هەر وەك چۆن زۆر بەی زۆری ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە ڕۆحی ئادەمیزاد نەمرە، دەبێ ڕۆحی زەردەشت لەسەروو

هەموو ڕۆحەکانی ئادەمیزادی پاش ئەو هەرچەندە فرەش بن بدرەوشێتەوە. ئەوەی فرە سەرنجڕاکێش و سەرسورهێنەرە ئەوەیە کە لەو سەردەمە کۆنەدا وە لەو باری ژیانە سادەیەدا، کەسێك ئەم وتانە ببێژێت.)).

مێلز، لە شوێنێکی دیکە دەبێژێ:

((جگە لە سەرۆ (الهام) و (وحی) ئاسمانی، کە لە بیر و ئەندێشەی قووڵ کار دەکەنە سەر زەردەشت، لەنێو گاتاکاندا بە هیچ جۆرێك باسی پەرجۆ و کەرامات نەکراوە.

کارایی و هەڵسوکەوتی ئادەمیزاد بە دەوری تێکۆشان و هەوڵ و (غەریزەی سروشتی) بۆ ژیان و ڕەنج کیشان دەخولێتەوە. ئاڤێستا زانێك گەر سەرەتا گاتاکان بخوێنێتەوە وە لێی وردبێتەوە و ئەوسا یەشتەکان و ڤە ندیداد بخوێنێتەوە، لە جیهانی واقعییەت پێ دەنێتە سەر زەمینی ئەفسانە کۆنەکانی ئەو ساتە.

لە گاتاکاندا چاوی بە پەیامبەرێك دەکەوێت، کە خەریکی هەوڵ و تێکۆشانە وخۆڕاگرە بەرامبەر ئەشکەنجە و ناخۆشییەکانی ژیان، بەڵام لە یەشتەکاندا هەر ئەم کەڵە پیاوە بە شێوەیەکی نیوە خوایەکی ئەفسانەیی دەبینێت.))

هومباخ:

((ئایا ئەم بیروباوەڕە پیرۆز و بەرزە، کە زەردەشت دەخاتە ڕیزی یەکێ لە گەورەترین و مەزنترین دامەزرێنەرانی ئایین لە جیهاندا چییە؟ بەڕاستی دەبێ بگوترێ کە ئەم باوەڕە بریتییە لەجاڕدان دەربارەی هاتنە گۆڕێی دەستپێکردنی دوا هەنگاوی ژیانی ئادەمیزاد، کە لەم هەنگاوەدا چاکە و خراپە لە یەکتری جیادەبنەوە.

زەردەشت خەڵکی فێری ئەوە کرد کە هەموو کەسێك ئەو هێز و توانایەی هەیە و دەتوانی بەشداربێ لە لەناوبردنی خراپە و فریو و ڕیاکاری و قەڵەمڕەوی یەزدانی بەرپابکات، کە تیایدا هەموو مرۆڤێك یەکسان بژی و بەهەشتی ڕاستەقینە لەسەر ڕووی زەوی بەدیبهێنێت.))

ویل دورانت:

((ئایینی زەردەشت، ئایینێکی بە شکۆ بووە و کەمتر لە ئایینەکانی دیکە باوەڕی بە ئەفسانە و بتپەرستی و خوێنڕێژی بووە، ئەم ئایینە شایانی ئەوە نەبوو، کە بەم جۆرە کزو لاواز بێت. هۆی

سەرەکی ئەم لاوازییە بریتییە لەوەی کە ئادەمیزاد زێتر ڕوو لە شعر و خەیاڵ دەکاتەوە تا (لۆژیك) و ناتوانن دوور لە ئەفسانە بژین.

زەردەشت دەستوورێکی زێڕین دەداو دەبێژێ ئەو شتەی بۆخۆتت گەرەك نییە بۆ خەڵکیش بەڕەوا مەبینە، ئەرکی سەرشانی ئادەمیزاد سی شتە، ڕەفتارت لەتەك دوژمنان وەها بێت کە بەرەبەرە ببێتە دۆستت، مرۆڤی خراپ بەرەو ڕاستی ودروستی ڕێنمایی بکە، نەزان زانا بکە)).

ئلمستد:

((نەپێویستمان بە ئەفسانەی چۆنێتی لەدایك بوونی زەردەشت هەیە کە بە نیشانە ئاسمانییەکان ڕازابێتەوە ونە بەژیانێکی پڕ لە پەرجۆ و نە بەمردنێکی سەربەرزانە بۆئەوەی گەورەیی و مەزنێتی بسەلمێنین. تەنی لە وتەکانی خودی زەردەشت دەتوانین چۆنێتی ژیان و بی کەمایەتی بیروباوەڕی بنەخشێنین.

ئێمە هەستمان بە بەرزێتی و گەورەیی ڕۆحی زەردەشت کردووە و کارایی وەهایی لی دەبینین، کە هەرچی زیاتر لێی وردبینەوە پتر خۆشمان دەوی و ڕێزی لێدەگرین و مرۆڤایەتی زێتری تیا بەدیدەکەین)).

ئەشتینر (زانا و توێژەری ئەڵمانی)

((زەردەشت یەکێکە لەهەرە گەورەترین کەسایەتییەکان کە ڕۆڵێکی پێشڕەویان هەبووە لە گۆرین و پێشخستنی بیر و شارستانییەتی ئادەمیزاد، لە ڕیزی ئەو کەسانەیە کە بە بیری خۆیان گەیشتوونەتە ڕاستی و حیکمەتێك کەفرە لە کات و سەردەمی خۆیان پێشتر بوون)).

سرپرسی سایکس:

((بەش بەحاڵی خۆم لەو باوەڕدام، دژوارە کەسێك بتوانێت ئامۆژگاری گرنگتر و مەزنتر لە ئامۆژگارییەکانی زەردەشت بۆ ئادەمیزاد بهێنێت.)).

فەلسەفەی ئایینی زەردەشتی

هەر لەو ساتەوە ئادەمیزاد پێی ناوەتە نێو جیهانی بیر و بیرکردنەوە، عەودالی ئەوەبووە، کە بزانێت ژیان چییە؟، چاکە و خراپە چین؟، ڕێگەی ڕزگاری و سەرفرازی کامەیە؟

مرۆڤ، لەسەراسەری مێژووی ژیانیدا تێکۆشاوەو هەوڵیداوە بە هۆی بیرکردنەوەوە ئەم ڕازو نهێنییەی بۆ ئاشکرابێت، کە سەرچاوەی بوون و ژیان لەکوێڕاوە هەڵقوڵاوە. لەم ڕێبازەدا، دووچاری ڕەنج و ئەشکەنجەو ناخۆشییەکی یەکجار زۆر بووە. پەیامبەرەکان، فەیلەسووفەکان، مامۆستایانی ئاکار، رابەر و پێشەوا ئایدیالیستەکان، زاناکان، نووسەران، هونەرمەندان و.... هەر یەکە، بە شێوەیەك ئەم پرسیارانەیان لەبیری خۆیاندا هەڵسەنگاندووە، بە گوێرەی بۆچوونی خۆیان وەڵامی تایبەتییان داوەتەوە. وەلێ، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، زەردەشت پتر لەهەموان، بە وردی و بەبیرێکی زانستانە، لەچوارچێوەیەکی فرە سادە و لەهەمان کاتدا فەلسەفی، وەڵامی داوەتەوە. ئەم وەڵامە جێگەو پلەو پایەیەکی تایبەتی هەیە کە لەنێو ئاڤێستادا(گاتەکان)، هەزاران ساڵ لەمەوبەر، ئازایانە و ژیرانە، بۆ ئەوکاتەو ئێستا و پاشەڕۆژیش، بۆتە خاسترین ڕێنما بۆ ئادەمیزاد.

زەردەشت، بۆ هەر یەکێ لەو پرسیارە گرنگ و بنەڕەتییانەی دەربارەی بوون و ژیان، چاکە و خراپە و ڕێگەی ڕزگاری کە ئادەمیزاد بیری لێدەکاتەوە، پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر، وەڵامی تایبەتی داوەتەوە. سەرەتا، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کە (بوون) چییە؟ زەردەشت، سوودی لەدیاردەکانی سروشت وەرگرتووە و بە بیرێکی قووڵ و زانستیانە هەڵیسەنگاندون، بڕێ پرسیاری لەم بارەوە لە خۆی کردووە، پاش توێژینەوە، وەڵامەکانی بۆ ڕوونبۆتەوە.

دەتوانین بێژین بنچینەی فەلسەفەی ئایینی زەردەشتی، ئالێرەدا خۆی دەنوێنێ، کە گشت ڕێ و ڕەوشەکانی ئەم ئایینە لەقووڵایی بیری مرۆڤ خۆیەوە هەڵقوڵاوە.

زەردەشت، پاش ئەوەی بە وردی سەرنجی ژینگەی خۆی دەدا، بیر لەدیاردەکانی سروشت دەکاتەوە، دەچێتە نێو قووڵایی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، پاشان دەبێژێ:

((پرسیارت لێدەکەم ئەی ئاهورامەزدا، ئەم ڕاستییەم بۆ ڕوون و ئاشکرابکە، کە لەسەرەتای دروستبوونی ژیانەوە، داهێنەری (ڕاستی) کێیە؟ کێیە ئەو کەسەی چۆنێتی سوراندنەوە و گەردەشی

بە(خۆر) و هەسارەکان داوە؟ کێیە ئەو کەسەی بە هۆی ئەوەوە (مانگ) بـڕێ جـار گـەش و هەنـدێ جاریش کزدەبێ؟

ئەی مەزدا، ئەمانە و هەندێ شتی دیکە هەیـە دەمـەوێت بیـزانم. لـەتۆ دەپرسـم ئـەی ئـاهورا، بەڕاستی بۆم ڕوون و ئاشکرابکە، کێیە ئەو کەسەی چاودێری ئەم زەوییە دەکات، کە لە شـوێنی خـۆی ڕاگیربێت؟ و ئاسمانی لەو سەرەوە ڕاگرتووە و ناهێڵێـت بـەرەو نـەوی بکشـێت؟ کـێ ئـاوو گـژوگیای ئافراند؟ کـێ هەور و(با) دەجولێنێ؟ ئەی مەزدا، کـێ بیری چاکی ئافراند؟ لەتۆ دەپرسم ئەی ئـاهورا، بـە ڕاسـتی ئاگـادارم بکـە، کـێیە بـە بووهێنـەری ڕوونـاکی سـوودمەند و تـاریکی؟ کـێیە وەدیهێنەری(خەو)ی ئارامبەخشو هوشیاری؟ کـێیە کە بەرەبەیان، نیـوەڕۆ و شـەوی وەدیهێنـا؟ لـەتۆ دەپرسم ئەی ئاهورا، بەراستی ئاگادارم بکە کـێیە کە بە هۆی ئەقڵ و زانیاری خۆیـەوە، خۆشەویسـتی و ڕێزلێنانی باوکی خستۆتە نێودڵی زارۆلەکانییەوە؟ ئەی مەزدا، ئەز تێدەکۆشم و هەوڵدەدەم، بە هـۆی بیری پیرۆزەوە، ئەتۆ بەئافەریدەی تەواوی هەموو بزانم.))

لەفەرهەنگی زەردەشتیدا، بۆ ناسین و تێگەیشتنی (ژیان) و (بوون)، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هـەموو پرسیارانەی بەبیری ئادەمیزادا دێـت، بـۆ جیـاکردنی دروسـت لەنادروسـت (ڕاسـت لەچـەوت)، پـەنا نابرێتەبەر خەیاڵ و سۆزو مشتومڕ، بەڵکو، هەموو شتێك بە پێوانەیەکی زانستیانە دەپێـورێ و سـوود لەسروشت و ژینگەو ئەو شتانەی بەچاو دەبینرێن وەردەگیرێ و ئەزموون و بیرکردنەوە بەکاردەهێنرێت.

لە وتەکانی زەردەشت، کە لە گاتاکانەوە وەرگیراوە، تێدەگەین کە ئەو پیاوە مەزنە، بـۆ گەیشـتنە ئـەو ڕاسـتییەی کـە عـەودالی بـووە، بـۆ تێگەیشـتنی ڕازی چـۆنێتی دروسـتبوونی کەشـکەڵان و زیندەوەرەکان، تەنیا پەنا دەباتەبەر سروشت، ئادەمیزاد بەرەو ئەو ڕووناکییە تەواوسەنگە و تـاك تـاکی ئەو دیاردانەی، کە لەو ڕووناکییەوە وەدیهاتوون، دەبات.

زەردەشت، بە هۆی ناسین و ستایشکردنی ئەم دیاردانە وا لە ئادەمیزاد دەکـات، کـە زێـتر بچـێتە ناخی چۆنێتی دروستبوونیان و بیرکردنەوە لە دروستکەر و سەرچاوەی ئەم هەموو بوونە.

ئەمە خۆی لەخۆیدا شێوە و ڕەوشـێکی ژیرانـە و دروسـتە، کـە بـەڕوانین و وەرگـرتن و پێوانـە و یەکاڵاکردنەوە دەست پێدەکا و بە گەیشتنە زانین و تێگەیشتن کۆتایی دێت.

ژیان چییە؟
ژیان چۆن پێکهاتووە و مەبەست و ئامانج لەژیان چییە؟

ئەمە دژوارترین پرسیارێکە کە هەمیشە لەنێو خەڵکیدا باسدەکرێت و هەر کەسێکیش لەخۆی دەپرسێت، بۆچی هاتۆتە ئەم جیهانە و مەبەست لەژیان چییە؟ لەم بارەوە، وەڵامی جۆراوجۆر دراوەتەوە و هەرکەسە بە بۆچوونی خۆی لەڕووی ماکی (مادی)و مینۆکی (مەعنەوی)یەوە بڕێك هۆی باسکردووە، بەڵام با بزانین زەردەشت چی دەبێژێ:

بە باوەڕی زەردەشت، لەجیهانی (بوون)دا هەموو کار و کاردانەوەیەك و بزووتن و جولانەوە و جموجۆڵ و پێگەیاندنێك کە هەیە، پێی دەبێژرێ ژیان. بە گوێرەی ئەم باوەڕە، ژیان تەنیا بۆ ئاژەڵ و ئادەمیزاد نییە، بەڵکو هەرشتێك کە بتوانێت کار بکاتە سەر شتێکی دیکەو بەردو پێگەیاندن و مەزنایەتی بەرێت، بە زیندوو دەژمێرێت. لەبەر ئەمە بە گوێرەی بۆچوونی زەردەشت، گشت دیاردەکانی بوون، کە رووناکی، بنەماکان (عناصر)، گژوگیا، گیان لەبەر و..... هەمویان زیندوون و لەڕووی ژیانەوە یەکسانن. لە وتەکانی زەردەشتدا کاتێك کە باسی (خۆر) و (مانگ) و (ئاو) و (گژوگیا) و هەموو دیاردەکانی سروشت دەکات، بە شێوەیەك باسیان دەکا وەك ئەوەی کە هەموویان زیندوون و گیانیان هەیە.

ژیان و زیندوویەتی تەنیا بریتی نییە لە خواردن و نووستن و بیرکردنەوە. ژیان مانای هاتنەبوون و گەشەکردن و پشکوتن و لەدایکبون و مردنە. لەنێو ئەم جیهانی بوونەدا، هیچ شتێك نییە کە لەم تایبەتمەندیانە وەدەربێت، ئەو تاشە بەردەی کە بە ڕواڵەت بابەتێکی بێ گیان دێتەبەرچاو، لەدەروونیدا پڕە لەجموجۆڵ و نیشانەی ژیان. ئەگەر ئەو تاشە بەردە بشکێنرێت و وردوخاش بکرێت و ببێتە خۆڵ، تێکەڵ بە خۆڵی دەوروبەری بکرێت، ئەوسا ئاوپژێن بکرێت و (تۆ)وی تێدا بوەشێنرێت، پاش ماوەیەك دەبینین(تۆو)ەکە دەڕوێ و گەشەدەکا و دەپشکوێ، ئەمە هەمووی ئەوە دەگەیەنێت کە هێز و توانایەك لەنێو دڵ و دەروونی (بوون)دا شاراوەتەوە، هێزی دروستکردن و گەشەکردن.

زەردەشت دەبێژێ:

((ئـەو یاسـا و بەرنامەیـەی کـە جیهـانی بـوون دەسـوڕێنێ، ژیـان و سروشـتی ئادەمیزادیشـی بەدەستەوەیە. خاوەنی بیری خاس کە سێکە کە پەیڕەوی لە یاسا و بەرنامـەی جیهـانی بـوون بکـات، خاوەنی توانای راست و دروست کەسێکە، کە بەسەر ویسـت و هـەوا و ئـارەزووە نارێکوپێکییـەکانی خۆیدا زاڵبێت. (ڕاستی)، یاسای جیهانی بوونە. (راستی) مایەی بەختەوەرییە.))

بە گوێرەی ئەو وتانە، جیهانی بوون، بریتییە لەجیهانێك کە بە شـێوەیەکی (سیسـتەماتیك)، بـە هۆی یاسایەکی داڕیـژراو دەسـوڕێ و هـەموو هۆکارەکـانی وەك ئەڵقـەی زنجـیر پێکـەوە بەسـتراون و تەواوکەرەوەی یەکدین.

لەسیستەمی (بوون)دا، کە سیستەمێکی مەزن و بەشکۆ و داهێنەرە، هەموو شـتێك تیایـدا لـە حاڵەتی دروستبوون و لەناوچوون و لەیەکپچڕاندن و پێکەوە بەسـتنە. لـەم سیسـتەمەدا، نیشـانەکانی (بوون)، بە شێوەی جۆراوجۆر خۆیان دەنوێنن. بڕێ جار لەشـێوەی رووناکی و هەنـدێ جـار لەشـێوەی وزە، بنـەما، گـژوکیا، زینـدەور و هەنـدێ جـاریش بـە شـێوەی ئـادەمیزاد. گشـت ئـەم نیشـانانە، پەیوەندییان پێکەوە هەیە و کاردەکەنە سەر یەکدی و ئەو شتەی لەنێو هەمویانـدا هاوبەشـە، بریتییـە لە (بوون) و هاتنە گۆڕێ (لەدایکبوون) و پەرەسەندن و مردن. هەرچەندە هەموو نیشانەکان بە ڕواڵەت لەیەکتر جیاوازن و هەر یەکە بۆ خۆی قەوارەیەکی تایبەتی هەیە، بەڵام لەدەروەوندا و لەزاتـدا گشـتیان یەکن، هەر یەکە بۆ خۆی ڕووناکییەکی هەیە، کە بەشـێکە لـەرووناکی ئـەو زاتـەی کـە خولقێنـەری گشت(بوون)ە.

کەوایە، بە گوێرەی فەلسەفەی ئایینی زەردەشتی، ژیان مانای ئافرانـدن (خولقانـدن) و جموجـۆڵ و پێگەیاندنە. مانای نیشاندانی ئەقڵ و هۆشی (بوون)ە، واتە نیشانەی ئاهورامەزدایـە کـە بریتییـە لـە گەوهەری (بوون). بە مانایەکی دیکە، بریتییە لەئەڵقەی زنجیری لە یەکنەپچڕاوی خولقێنـەری توانـای (بوون)ە، کە لەرووناکییەوە دەستپێدەکات، لەئاکامدا دەگاتەوە رووناکی.

چاکه و خراپه، دیالەکتیکی ڕەوان و ئەندێشە لەباوەڕی زەردەشتدا

ئایینی زەردەشت بۆ وەڵامدانەوە و شیکردنەوەی ئەو پرسیارانەی دەربارەی ژیان دەکرێت، شێوەیەکی زانستانە و ڕەوشی دیالەکتیکی هەڵبژاردووە، ژیانی ئادەمیزادی لەسەر ئەم کۆڵەکەیە (دامەزراندووە) زەردەشت، کاتێك دەیەوێت دەربارەی چۆنێتی پەیدابوونی ئەم جیهانە بدوێت، دەبێژێ:

((هەرکە ئەم دوو گەوهەرە هاوال دوانە(هاوزاد) دژ بەیەکە بەیەکگەیشتن، بوون و نەبوونیان هێنایەئارا.))

هەروەکو لەمەوبەر گوتمان، یەکێ لەگرنگترین بنچینەکانی جیهانبینی زەردەشت، ئەوەیە کە باوەڕی بە دوو گەوهەری هاوڵ دوانەی دژ بە یەك هەیە لەم بوونەدا، دژایەتی ئەم دوو گەوهەرە هاوڵ دوانە، لەبیری ئازادی مرۆڤدا خۆی دەنوێنێ.

زەردەشت لە گاتاکاندا (یەسنای ٣٠ بەندی ١) دەبێژێ:

((ئێستا ئیدی بۆ ئەو کەسانەی ژیرن و دەیانەوێت بزانن و تێبگەن، دەربارەی دوو گەوهەری بوون کە ئافەریدەی ئاهورامەزدان دەدوێم. هەروەها لەمەڕ ستایشی ئاهورامەزدا و (بیری خاس) و(زانستی چاك) کە لەسەرچاوەی ڕاستییەوە هەڵقوڵاون قسە دەکەم، تا بە تێگەیشتنێکی ڕاست و دروست بەهرە لەروونا کی بەختەوەری وەربگرن.)).

لەو سروودەی سەرەوە، ئەوەمان بۆ ئاشکرادەبێت کە: زەردەشت دەیەوێت دەربارەی چۆنێتی دروستبوونی ئەم جیهانە و گەوهەری (بوون)، بۆ خەڵك بدوێت. بەڵام پێش ئەوەی دەست بە ئاخافتن بکات، خۆی دەزانێت و گەرەکێتی بە خەڵك ڕابگەیەنێت کە بۆ تێگەیشتن و زانینی ئەم باسە، پێش هەموو شتێك دەبێ ئەو کەسە شەیداو عەودال و ژیر و هۆشمەند بێت. زەردەشت، بۆ ئەم جۆرە کەسانە، سەبارەت بە دوو گەوهەری(بوون) دەدوێت، کە پایە و بنچینەی ئافراندنن. ئەم دوو دیاردە بنچینەییە، لەڕووی ساختار و هەڵسوکەوتدا، دژ بە یەکدین، ئەم دژایەتییە لەپاشاندا لەسروودەکانی دیکەی زەردەشت زێتر ئاشکرادەبن.

ئەوەی شایانی باس بێت ئەوەیە کە ئەم دوو گەوهەرە بنچینەییەی (بوون)، هەردووکیان ئافەریدەی مەزدان، واتە خوای ئەقڵ و هۆش ئەم دوو دیاردەیەی پێکەوە ئافراندووە، یا بە شێوەیەکی دی بێژین کە: خوای تاك و تەنیا ئەم دوو گەوهەرە دژ بە یەکەی لە ئەقڵ و هۆشی بالای خۆیەوە ئافراندووە و ئەوسا گێتی لەسەر پایەی ئەم دوو گەوهەرە بنچینەییە دارێژراوە و شێوەی خۆی وەرگرتووە و بەرەو پێشکەوتن دەڕوات.

ئەم دوو گەوهەرە هاوجووت و دژ بەیەکە، لەزانستی ئیمرۆدا، لەبچووکترین گەردیلە پێیان دەبێژرێ (پرۆتۆن) و (ئەلەکترۆن). ئەو هێز و وزانەی کە لێیان دروست دەبێت ـ کە بەشێوەیەکی مخالف کاردەکەنە سەر یەکتر ـــ پێیان دەبێژرێت (ئەرێنی) و (نەرێنی). ئەم دوو گەوهەرە لە گشت گرێدەدات گەردیلەدا (زەرّە ،ئەتۆم) بنچینەییەکانی جیهانی مادی و گشت دیاردەکانی (بوون)، لەگچکە تا گەورە، ماکی و مینۆکی، هاوجووت پێکەوە ـ نە جیاواز لەیەکتر ـ کاردەکەن، ئەو هێز وزانەی کە لێیان دروست دەبن، لەسەراسەری جیهانی بووندا، لە کار و گەردشدان. ئەم دوو گەوهەر و هێزە بوونەتە هۆی ئەوەی کە هەموو شتێك لەم جیهانەدا لەباری گەردەشو جولانەوە و پێشکەوتندا بن ـــ بە هەر شێوە و چۆنێتی و چەندایەتییەك بێت.

لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینە بەرچاو کە کۆمەلا لەزانا و توێژەران، ئەم دوو گەوهەرەی (بوون) یان بە(چاکە و خراپە) یا (خێر و شەر) لێکداوەتەوە. ئەم بۆچوونە هەلەیە، چونکە ئەم دوو گەوهەرەی (بوون)، بە گوێرەی وتەی گاتەکان، ئافەریدەی مەزدان، بە گوێرەی بۆچوون و قسەکانی زەردەشت کە لە گاتاکاندا باسکراوە، بەدیهاتنی ئەم (بوون)ە لە ئەقڵ و هۆشی بالا و بەرزی ئاهورامەزدا و لەسەر بنچینەی (ڕاستی) تەواوسەنگییەوە ئەنجام بووە. لەبەر ئەمە، کەموکوڕی و ناڕاستی تێدانییە، کەوایە، لەنێو ئافەریدەکانی مەزدادا، هیچ جۆرە خراپە یا شەرێك نییە.

هەروەکو لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد، لەڕوانگەی بیری زەردەشتەوە، کە لەسەر بنچینەی (وحدە الوجود) دارێژراوە، هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئەم جیهانە، دوو گەوهەری هاوال دوانەی دژ بەیەك لەئارادابوون، یەکێکیان ڕوخێنەر و ئەوی دیکەیان دروستکەر و ئاوەدانکەرەوە بووە، یەکێکیان هۆیە بۆ لەدایك بوون و پەرەسەندن و پەروەردەی بوونەکان، ئەوی دیکە هۆیە بۆ کەمکردن و شکست و لەناوبردنیان. یەکێ هۆیە بۆ ساغلەمی و تەندروستی و توانایی جەستەو بەختەوەری ژیان و تەمەن درێژی، ئەوی دیکەیان هۆیەکە بۆ دەردو ئازارو ئەشکەنجەو نەخۆشی و نەمان. بارودۆخی سروشتیش هەربەم جۆرەیە. ئاو،خاك، هەوا، وزە و ڕوناهی خۆر، هۆن بۆ دروستکردن و گەشەپێدان، بڕێکی دیکە وەك قارچەکان، بەکتریاکان، میکرۆب و ڤایرۆسەکان، کەڕوو... هۆن بۆ لەناوبردن. جیهانی بوون

هەمیشە لەحاڵەتی دروستکردن و وێرانکردنە. تووڕەیی و هەڵچوون و دژایەتیکردنی سروشتیش لەتەك ئەو هەموو جوانییەی هەیەتی و خۆشی و شادیمان پێدەبەخشێت، هەرکە لێمان زیزدەبێت، دەبێتە بێ بەزەییترین و ترسناکترین شت بۆمان، دەسووتێنێ، دەخنکێنێ، دەکوژێ و وێران و خاپووردەکات.

کارگەرێتی ئەم دوو فاکتەرەی (بوون) و (نەبوون) یا دوو گەوهەرە هاوەڵ دوانە دژ بە یەکترە تەنیا لەسەر گۆی زەوی نییە، بەڵکو زەوی و هەموو هەسارەکان و کەشکەڵانەکانیش هەمیشە دووچاری ئەم گۆڕانکارییانەن، هەر یەکەیان پاش ماوەیەکی دیاریکراو دەتەقێنەوە و پارچەکانیان لەنێو بۆشایی ئاسمانی بی سنووردا پە خش و بڵاودەبنەوە و هەمیسانەوە بە هۆی وزەی ڕاکێشەر(جاذب)، ئەم پاچە سەرگەردانانە کۆدەبنەوە و یەك دەگرنەوە و هەسارەی دیکە پێك دەهێنن. ئەم دوو گەوهەرەی باسمان کرد، هەر یەکەیان ڕۆڵ و کارایییەکی تایبەتیان هەیە و ناوی جیاجیایان هە یە وەك ڕاکێشە رو پاڵنەر، ئەرێنی و نەرێنی، ماددە و وزە، ماددە و ڕۆح ، تێز و ئەنتی تێز و...

هەر یەك لەم دوو وزەیە بەشێوەیەکی بی سنورو ڕەها، چاك یان خراپ نین، بەڵکو هەردووکیان تەواوکەرەوە و گرێدراوی یەکترن و بنچینە و پایە و سوڕانەوە و هەمیشەیی ئافراندن، لەسەر کۆڵەکەی ئەم دووانە دارێژراوە.

هێزی ئاوەدانی و دروستکردن لەبیری (سپەنتامینو)دابووە و هێزی وێرانی و ڕوخێنەر لەبیری ئەنگرەمینو (ئەهریمەن)دایە ـ لەپاشاندا باسی ئەم دوانە دەکەین.

ئێستا ئیدی دەتوانین بە کورتی بێژین: ئەگەرکو خاس لەوتەکانی زەردەشت وردبینەوە و لێبکۆڵینەوە، دەبینین کە دەتوانین تەنیا لەوشەیەکدا مانای (چاکە) لێکبدەینەوە، ئەویش وشەی (ڕاستی)یە، واتە چاکە و چاکێتی هیچ شتێك نییە جگە لە (راستی)، خراپە و خراپی تەنیا(درۆ)یەو هیچی دی.

زەردەشت، بە ئەقڵ و بیری خۆی و لەو روانگەیەوە، خوای ناسیوە و بە خەڵکی ناساندووە، ئەو خوایەی کە زەردەشت ناسیوێتی، بریتییە لە: ڕاستی، پاکی، بیری خاس، دانایی، ژیری، میهرەبانی، دادگەری، توانایی، ئاوەدانی و چاکی. بەهیچ جۆرێك و کلۆجێك: خراپە، فریو، تووڕەیی، تێکدەری، ناپاکی، بێ هێزی و خراپە لەزاتی ئەودا نییە. کەواتە ئەم شتە خراپانە لەوەوە نییە و لەوێشەوە دەرناچێت. واتە، زۆر بە سادەیی بێژین کە (خراپە) ئافەریدەی مەزدا نییە. کەوایە، ئەو دوو گەوهەرە بنچینەییەی (بوون) کە مەزدا دروستیکردوون، بریتی نین لە چاکە و خراپە یا خێر و شەڕ، بەڵکو هەروەکو گوتمان مەبەست لەو دوو گەوهەرە، هەر ئەو دوو دیاردە دژ بەیەکەیە کە بنچینە و کۆڵەکەی

ئافراندنن، هەموو شتێك لەسەر ئەو دوانە داڕێژراون و پێشكەوتون و ڕێگەیان بەرەو پوختەبوون پێواوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كە، یەكێ لەتایبەتكارییەكانی پەیامە نەمرەكەی زەردەشت ئەوەیە كە فرە خۆی ناخزێنێتە نێو ئەو باسانەی پەیوەندییان بە میتافیزیكەوە هەیە، ئەگەر زۆر پێویست بكات و ناچاربێت لەبەر بڕێك هۆ ئاماژە بۆ هەندێ لەو باسانە بكات، پێش ئەوەی بیری خەڵك ئاڵۆزبكات و دووچاری پەرێشانی بیر و ڕاڕایان بكات، زۆر ژیرانە و وەستایانە كێشەكە دەگەڕێنێتەوە سەر شەقامی واقعییەت.

پەیامی زەردەشت، پەیامێكە بۆ پەروەردەكردنی بیر و ئەقڵ و هۆشی مرۆڤ، بۆ پێگەیاندن و بەرزێتی تایبەتكارییە چاك و پەسەندەكان و ڕێك وپێك كردنی ئاكاری ئادەمیزاد. هەوڵ و كۆششی زەردەشت بۆ ئەوەیە كە بە ڕاگەیاندنی پەیامەكەی، بیر و وتەو كرداری خەڵك بگەیەنێتە دوندی پوختەیی و بێ كەمایەسی، كە بەم هۆیەوە جیهانێك بۆ مرۆڤ بڕەخسێنێ كە ئادەمیزادی هوشیار، ئازا و ژیر بە پەیڕەوكردن لە یاسای ڕاستی و دروستی تیایدا بژین، ڕق و قینە و تووڕەیی تێدا نەبێت. كەوایە پەیامی زەردەشت، پەیامی چاككردنی هەڵسوكەوتی مرۆڤ و پەیوەندییەكانی نێو ئادەمیزادە لەم جیهانەدا. لەم ڕووەوە، زەردەشت زۆر وەستایانە و ژیرانە، بێ ئەوەی بچێتە بنج و بناوانی میتافیزیكەوە، باس و گفتوگۆ دەربارەی ئەم دوو گەوهەرە دژ بەیەكە بە شێوەیەكی جوان دەكێشێنێتە نێو بیری ئادەمیزاد، بە باسكردنی دژێتی بیركردنەوە، چۆنێتی وەدەیهاتنی(چاكە) و (خراپە) دەخاتەبەرچاو، ئەوسا ئاكامی هەڵبژاردنی ڕێگەی (خاسی) یا(خراپی) ئادەمیزاد بە ڕۆشنی باسدەكات.

بەم شێوەیە هانی مرۆڤ دەدات تا بەشێوەیەكی هوشیارانە و ئازادانە ڕێگەی (چاكی) هەڵبژێرن، دژی (خراپە) ململانێ بكەن...

زەردەشت، بە باسكردنی بوونی ئەم دوو گەوهەرە دژ بەیەكە لەجیهانی (بوون)دا، یەكسەر باسی پەیوەندی نێوان ئەم دوانە لەلایەكەوەو لەلایەكی دیكە كاردانەوە و بەهرە وەرگرتنیان لەبیری مرۆڤدا، دەكات.

بەم جۆرە، بە باسكردنی شوێنەوار و ئاكامەكانی ئەم باسە لەژیانی مرۆڤدا، بابەتەكە لەچوارچێوەی بیركردنەوەدا دەباتە نێو گۆڕەپانی واقعییەت و كارایی..

هەروەکو لەمەوبەر باسمان کرد، گشت پەیامبەرە ڕاستەقینەکان لەپاش زەردەشت، باوەڕیان بەوە هەبووە و سەلماندوویانە، کە خوای دانا و ژیر، تەنێ چاکە، ڕاستی و ئاوەدانی بۆ خەڵك ئافراندووە. واتە خراپە، درۆ و ناڕاستی، لەزاتی خواوە نەخوڵقاوە.

یانی: لەچوارچێوەی ئافراندنی خوای تاك و تەنیا، دیاردەیەك بە ناوی (خراپە) نییە، بەڵام کە دەڕوانینە دەوروبەرمان دەبینین، لەنێو کۆمەڵگادا، بمانەوێ یا نەمانەوێت، ئەم دیاردەیە هەیە (دیاردەی خراپە)، بەچاو دەبینرێت، دەبیسترێت و هەستیان پێدەکرێت، درۆ، دووڕوویی، فریو، ستەم، کوشتار، خیانەت، جەردەیی و... ئەمانە هەمویان لەنێو کۆمەڵدا هەن و دەزانین کە خراپن، ئەی ئەم خراپیانە چین و لەکوێوە هاتوون و چلۆن پەیدابوون؟

دروستکەری ئەم جیهانە کە تاك و تەنیایە، جگە لەو هیچ دروستکەرێکی دیکە نییە، ئەم دروستکەرەش، جگە لە (چاکە) هیچی دیکەی بۆ ئادەمیزاد نەئافراندووە و خراپییەکان لەوەوە نین، بەڵام هەن، ئەم خراپیانە بە شێوەیەك هەست بە بوونیان دەکرێت کە بەهیچ کلوجێك ناکرێت بوونیان بەرپەچ بدرێتەوە یاخود لە بوونیان دوودڵ و ڕاڕا بین.

هەر لەمێژە، باس و بوونی (خراپە) لەجیهاندا، سەرنجی زۆر لەزانا و فەیلەسووفە گەورەکانی ڕاکێشاوە، هەر یەکە هەوڵی داوە بە گوێرەی بۆچوون و بیری خۆی، ئەم دیاردەیە باس بکات.

((زەردەشت، هۆی بوونی ئەم خراپیانە لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی دیالەکتیکی هەڵدەسەنگێنێت، هەر لەو ڕوانگەیەوە بنەڕەتی چاکە و خراپە لەبیری ئادەمیزاددا دەپشکنێ و بەم شێوەیە باسی دەکات: هەرکە ئەم دوو گەوهەرە هاوال دوانە دژ بەیەکە، لەبیری ئادەمیزاددا دەرکەون، چاکە و خراپە دێنەئارا، ئەوسا مرۆڤی ژیر و دانا، چاکە هەڵدەبژێرێت، نەزان و گەوج خراپە هەڵدەبژێرێن...))

- یەسنا ٣٠ - بەندی٣ -

بە بۆچوونی زەردەشت، ئادەمیزاد بە گوێرەی یاسای ڕاستی (ئاشا) کە یاسای ئافراندنە، توانای هەڵبژاردنی هەیە، واتە، مرۆڤ، ئازاد خوڵقاوە، کەواتە، ئازادە لەبیرکردنەوە و هەڵبژاردندا.

ئەم ئازادی بیرکردنەوە و هەڵبژاردنە بەرپرسیاری دەکات بەرامبەر چۆنێتی بیرکردنەوە و هەڵبژاردنەکە. بە واتایەکی دی، بە گوێرەی یاسای دژە کردار ـ کە زەردەشت فرە جەختی لەسەر کردووە ـ ئاکام و هەڵگەرانەوەی ڕەفتاری ئادەمیزاد، هەر بەو شێوەیەی کە هەیە بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە، چاکە بێت یا خراپە.

یاسای دژەکردار و گەڕانەوەی ئاکامی کار وکرداری مرۆڤ بـۆ خـۆی، کێشـەی بەهەشـت و دۆزەخ لەجیهانبینی زەردەشتدا، زۆر بەجوانی رۆشندەکاتەوە. لەپاشاندا دەربارەی دەدوێین.

زەردەشت، ئازادی مرۆڤ لەچلۆنایەتی بیرکردنەوە و هەڵبژاردن بەم شێوەیە بەیان دەکات:

((بۆم ئاشکرابووو تێگەیشتم کە بیری پێگەیشـتوو بێخـەوش لـە تۆوەیـە، ئـەتۆی ئـەو ئـەقڵ و هۆشەی جیهانی دروستکرد، ئەی خوای ئەقڵ و گیان، ئەم دیاردەیەش لـە تۆوەیـە، کـە ئازادیـت داوە بەخەڵك و ڕێگەت پێداون، کە ئەگەر گەرەکیان بێت ڕێگەی ڕاستی هەڵبژێرن و یاخود بچنە سەر ڕێـی چەوت و ناڕاست.))

- یەسنای٣١ ـ بەندی٩ -

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێ کە بە باوەڕی زەردەشت، ویست و ئیرادەی خوا یا (یاسـای ئافرانـدن). وایداناوە و دایڕشتووە، کە ئادەمیزاد هاوجووت لەتەك دیاردەی بیرکردنـەوەدا ئافەریـدەبێت. هـەروەها ئەم بەهرەیەی پێبەخشیوە کە ئازادبێت بۆئەوەی بە ئـازادی بیربکاتـەوە و هەڵبـژێرێت. کەوایـە مـرۆڤ ئازادە، باش یاخراپ بیربکاتەوە. بە واتایەکی دیکە، بە گوێرەی یاسای نەگۆڕی (ڕاستی) ــ ئاشـا ـــ کە ویستی خوایە، ئەو دوو گەوهەرە هاوآڵ دوانە دژ بەیەکە کە لە(بوون)دا هەیـە، لـەبیری مرۆڤیشـدا کارسازن، ئەم دژایەتییە کە بنچینەی ئافراندنن، لێرەدا، یانی لەبیری ئادەمیزادا، دەتوانـێ زێـتر خـۆی بنوێنێ و بایەخداربێت و چاکە و خراپە وەدیبهێنێت. دەتوانین بـە شـێوەیەکی سـادەتر بێـژین: لەهـەر قوژبنێکی ئەم جیهانی بوونەدا، ئەگەرکو زینـدەوەرێکی ژیـر و ئـاقڵی وەك ئـادەمیزادی تێدانـەبێت، بێگومان بایەخێك بە واتەی (چاکە) یا(خراپە)یش لەئارادا نابێت.

بیرکردنەوە لەم راستییە فرە سادەیە، چـونکە ئەگـەر لەسـەر ڕووی گـۆی ئـەم زەوییـە ئـادەمیزاد نەبوایـە، یـاخود هەبوایـە بـەڵام وەك ئاژەڵـەکانی دیکـە بوایـە و بـەم شـێوەیەی ئێسـتای، توانـای بیرکردنەوەی نەبوایە، بێگومان (چاکە) و (خراپە)یەکیش لەئارادا نەدەبوو. ئەو گیان لەبەرانەی توانـای بیرکردنەوەیان نییە، تەنیا بە هۆی غەریزەوە ڕەفتاردەکـەن، لـەو ژیانـە تـۆبزی و غەریزەییـەدا، هـیچ شتێك بایەخدار نییە، گشت هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکان، بە شێوەیەکی ڕۆتـین دەڕوا. هـیچ شـتێك یـا ڕەفتارێك خراپ نییە، چـونکە (خراپـە) لـەئارادا نییـە. کەواتـە (چـاکە)ش بێ‌مانایـە، لەبەرئەمـە لەجیهانێکدا کە ئادەمیزاد بەم شێوەیەی ئێستای تێدا نەبێت، هەموو شـتێك تەواوکـەرەوەی یەکـدین (لازم و ملزوم) و هیچ بایەخێکی (چاك) یا (خراپ) لەئارادا نابێت.

(چاکە) و (خراپە) لەلایەن بیری ئادەمیزادەوە دێتـەئارا، پـاش بیرکردنـەوە، ئەوسـا ئـەم (چـاکە) یا(خراپە)یە لەوتەو کرداریدا خۆی دەنوێنێ. هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە زەردەشت پلەوپایـە بایـەخێکی

تایبەتی بۆ بیرکردنەوە داناوە. بەم شێوەیە چاکە و خراپە، لەنێو کۆمەڵگادا خۆی پێشاندەدات. بە بۆچوونی زەردەشت، ئادەمیزاد لەم قۆناخەدا، کە قۆناخی هەڵبژاردنە، دەبنە دوو دەستە، دەستەیەکیان کە زانیاری، ئەقڵ و هۆش و توانای بیرکردنەوەی پێویستیان هەیە، ئەمانە (چاکە) هەڵدەبژێرن، بەشی دووەمیان، بەهەر هۆیەك بێت لەو تایبەتکارییانە بێ بەهرەن و فریودەخۆن و ڕوودەکەنە خراپە و لەئاکامدا پاش ئەوەی پەیڕەوی لە خراپە دەکەن و خۆیان دەخەنە نێو باوەشی دیاردەکانییەوە، ئەوسا هەموو ژیانیان بەرەو خراپەکاری ڕاپێچ دەکرێت.

زەردەشت لەو باوەڕەدایە کە هەڵبژاردنی ڕێی ڕاست یا چەوت، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چلۆنایەتی و چەندایەتی بیر و هۆشی ئادەمیزادەوە هەیە. مرۆڤی ژیرودانا، بە شێوەیەکی ئاگایانە ڕێگەی ڕاست هەڵدەبژێرێت، مرۆڤی نەزان، نەزانانە دەکشێتە سەر ڕێگەی چەوت و ناڕاست. ئالێرەدایە کە ئەم پەیامبەرە مەزنە پێویستی سەرشانی ئادەمیزاد لەگۆڕەپانی ئەم ململانێ بێ وچانەی نێوان (چاکە) و (خراپە) کە خۆی ئافراندویەتی، دیاریکردووە. ئەرکی سەرشانی هەر کەسێك بریتییە لەخەبات و تێکۆشانی بێ ووچان دژی خراپە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە، پەیوەندی لەنێوان ئازادی هەڵبژاردن لای ئادەمیزاد، لەتەك هێز و توانای تەواوسەنگ و بێ ڕادەی ئافەریدەگار، هەمیشە یەکێ لە گەورەترین گرفتەکان بووە لەنێو هەموو ئایین و ئایینزاکانی جیهان بە درێژایی مێژوو، هەر یەکە لەمانە بە شێوەیەکی تایبەتی خۆیان، بەرەنگاری ئەم گرفتە بوونەتەوە. بڕێك لەم ئایینانە، چارەنووسی مرۆڤیان بێ چەندو چۆن بەدەست و ئیرادەی خوا داناوە و دەڵێن، کە خوا خۆی خۆشی یا ناخۆشی بە مرۆڤ دەبەخشێت، هەندێکیان دەخاتە سەر ڕێگەی ڕاست و بڕێکیان گومڕادەکات. بۆ بەختەوەربوون لەجیهانی پاش مردندا (پەسلان)، دەبێ لێی بپارێنەوە و ستایش و نوێژی بۆ بکەین و قوربانی پێشکەش بکەین تا لە کردەوەمان ڕازی بێت، هەروەها دەبێ ڕێز لە نوێنەر و دەڵاڵەکان بگرین. بێگومان ئەم بۆچوونانە لەتەك ئازادی هەڵبژاردندا دژ بە یەکدین. لەپەیامی زەردەشتدا، مانا و دیاریکردنی خێر و شەڕ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەتەك (شعور) و دانایی مرۆڤدا هەیە.

بە بۆچوونی بڕێکی زۆر لەتوێژەرانی جیهان، زەردەشت یەکەمین پەیامبەرێك بووە کە ڕێ و ڕەوشێکی فرە سەرنجڕاکێشەری بۆ ئەو گیروگرفتەی باسمان کرد، داناوە. زەردەشت لەهات ٣٠ وەڵامی بڕێ لەم گرفتانەی بە شێوەیەکی وەستایانە داوەتەوە و چەندین مەسەلەی بنچینەیی خستۆتەڕوو باسیکردووە و ئامادەیکردوون و لەپاشاندا هەر یەکە لەوانەی گەیاندۆتە ڕادەی تێگەیشتن.

١- خێر و شەڕ، دوو فاکتەری بیر و ئەندێشەن و پەیوەندییان بە بیری ئادەمیزادەوەیە.

٢- ڕادەی زانیاری و تێگەیشتنی مرۆڤ، جیاکەرەوەی چاکە لە خراپەیە.

٣- بێ ئیراده و ئازادی هەڵبژاردن، خێر و شەڕ بێ مانایە.

٤- مرۆڤی دانا و هۆشیار و بە ویژدان کە لەتەك (ئاشا)دا (واتە ڕاستی و یاسای هەق و یاسای سروشت)، هاوئاهەنگە، ڕێگەی ڕاست و دروست هەڵدەبژێرێ و خۆی لەتەك یاسای سروشتدا هاوجووت دەکات و لەدرۆ و فریو دووردەخاتەوە. مرۆی نەزان و تێنەگەیشتوو لەڕێی ڕاست دووردەکەوێ.

٥- ستایشی ئاهورامەزدا هاوئاهەنگ لەتەك بیری چاك (وەهومەن) و ڕاستی و دروستی (ئاشا)یە، کە ئادەمیزاد بەرەو بارەگای ڕووناکی هیدایەت دەکات.

٦- (بوون و نەبوون)، بزووتن و نەجوڵانەوە، بە هۆی لێکدانی خێر و شەڕەوە دێنەئارا. ژیانی گەشەدار لەژێرسایەی خێر و خاسییەوە دێتەدی، شەڕ و خراپە، کە بە هۆی درۆ و فریوو ڕیاوە دێتەدی، مایەی (نەبوون) یا (سکون) دەبێت.

٧- لایەنگرانی ڕاستی و دروستی (ئاشا)، خاسترین بیر و ئەندێشەیان هەیە، لایەنگرانی درۆ خراپترین بیر و ئەندێشەیان هەیە.

٨- ئەم ئەسڵە تا دوا چرکەکانی ژیانی ئادەمیزاد بەردەوامە، لێکدانی خێر و شەڕ ڕێبازی ئادەمیزاد ڕووندەکاتەوە.

٩- ڕەزامەندی خوا بە هۆی کرداری ڕاست و دروستی ئادەمیزاد ڕەچاودەکرێت.

١٠- مرۆڤی نەزان کە بەخراپترین جۆر بیردەکەنەوە و خۆیان گیرۆدەی ڕق و کینە دەکەن، دەبنە هۆی گومڕاییکردنی خەڵکی و لەڕێ وەدەرکردنیان.

١١- بە هۆی ویژدانێکی ئارام و ئاسوودەوە، لێبوردن و بەخشین بەدەست دێت. ئەو کەسەی لەدەروونەوە چاکە، دەگاتە بەختیاری ڕاستەقینە و ئەو کەسەی لەدەروونەوە بێ ئۆقرەیە و خاوەنی بیری خراپ و ڕەشبینە، هەرگیز ناگاتە بەختەوەری١٩.

ئەوەی کەپتر لەم پەیامەی زەردەشتدا سەرنجڕادەکێشێ ئەوەیە کە (نەزانین)، هۆی سەرەکی ڕاکێشانی مرۆڤ بەرەو خراپەیە.

کەوایە، یەکەمین مەرجی ئەم خەباتە پیرۆزە ئەوەیە کە هەمیشە هەوڵ و کۆشش بدرێت بۆ پترکردنی زانیاری و هۆشی ئادەمیزاد هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە زەردەشت لەیەسنای ٣١ بەندی ١٧ یەکەمین و گرنگترین ئەرکی سەرشانی ئادەمیزاد بە خەبات لەڕێی بڵاوکردنەوەی زانیاری، هۆشیارکردنەوەی خەڵك، خۆفێرکردن و فێرکردنی خەڵك دەزانێت.

گووتمان كه لەئايين و باوەڕی زەردەشتدا، ئادەمیزاد لەلایەنی خواوە، ئازاد خولقاوەو دەتوانێ چاكە یا خراپە بە ویستی خۆی هەڵبژێرێت. هەروەها ئاماژەمان بۆ ئەوەكرد كە لە یاسای ئافراندندا كە بە (یاسای ڕاستی) ناوی لێبرا، ئاهورامەزدا تەنیا (چاكە)ی ئافراندووە و ئەمە ئادەمیزاد خۆیەتی كە بەبیرێكی خراپەوە (خراپە)ی خولقاندووە.

كەوایە، بەم جۆرە (خراپە) لە كرداری خوادا نییە و لەبیری چەوتی ئادەمیزاد خۆی هەڵقوڵاوە. لەبەرئەوە لەبریتی ئەوەی بێژین (چاكە) و (خراپە) لەئارادایە، خاستروایە بێژین (باش بیركردنەوە) و (خراپ بیركردنەوە) لەئارادایە ــ ئەم دوو وشەیە لە ئاڤێستادا بە شێوەی سپەنتامینوو ئەنگرەمەینو، هاتووە ــ

{مەینو، بە واتەی (بیر)ە سپەنتا بەمانای (خاس)، (دروستكەر) و (زێتركردن)هاتووە. ئەنگرە، مانای (كەمكردن)، (تێكدەر) یاخود (خراپە)یە. كەواتە سپەنتامینو، دەبێتە (بیری خاس و دروستكەر)، ئەنگرەمینو، دەبێتە (بیری خراپ و تێكدەر)

وشەی ئەنگرەمینو، كە وشەیەكی ئاڤێستاییە، بە درێژایی رۆژگار گۆڕاوە و بۆتە (ئەهریمەن).

كەوایە، لەڕاستیدا، ئەهریمەن لەفەرهەنگی ئاڤێستاییدا (بوون) و شێوەیەكی تایبەتی نییە، بەڵكو بە مانای بیری (خراپ و تێكدەر) هاتووە. لەوتەكانی زەردەشت، ئەوەی كە پتر سەرنجڕادەكێشێ ئەوەیە كە ئەم پەیامبەرە مەزنە، پێش هەموو شتێك دیالەكەتیك لە(بوون) و(ژیان)دا پێشان دەدات، پاشان بنچینەی بیر و بۆچوونەكانی ئادەمیزاد لەسەر ئەم شێوەیە (دیالەكتیك) دادەمەزرێنێ.

بەڵام بەداخەوە، بە درێژایی مێژوو، بەتایبەتی لەسەردەمی دواینەكانی دەوڵەتی ساسانییەكان و پاش ئەوان (دەتوانین بێژین تا ئێستاش)، دەربارەی بیری زەردەشت ـ هەروەكو لەمەوبەر باسمان كرد كە زێتر لە گاتاكاندا خۆی دەنوێنێ، زۆر بە چەواشەوە باسكراوەو ئەوەی كە لێی وەرگیراوە زۆربەی زۆری راست نین.

ئەو بۆچوونە دیالەكتیكەی زەردەشت دەربارەی ئادەمیزاد و ژیان و بوون لەو سەردەمەدا هەیبووە، زۆر ناژیرانە گۆڕاوە و شێوەی شەڕ و هەراو نەبەردی هەمیشەیی لەنێوان ئاهورامەزدا و ئەهریمەنی بەخۆیگرتووە، لەكاتێكا ئەگەر خاس وردبینەوە لە گاتاكان دەبینین ئەوەی باسی لێكراوە بریتییە لە نەبەرد لەنێوان سپەنتامینوو ئەنگرەمینو. واتە بە گوێرەی بیری زەردەشت، شەڕ و نەبەرد لەنێوان بیری خاس و دروستكەر و پاك، لەتەك بیری ناپاك و خراپ و روخێنەرە. كەوایە زەردەشت هەرگیز باسی شەڕ و نەبەرد لەنێوان ئاهورامەزدا و ئەهریمەنی نەكردووە، یاخود بە هیچ جۆرێك باسی دوو خوایی نەكردووە كەبڕێ كەس ئێستاش باسی لێدەكەن.

ئەڵبەتە هەروەکو گووتمان، ئاکامی بیرکردنەوەی خاسی ئادەمیزاد، وتەی خاس و کرداری خاسە. بە پێچەوانەی پاشینەی بیرکردنەوەی خراپی ئادەمیزادیش، وتەی خراپ و کرداری خراپە. ئەمانە گشتی لەکۆمەڵگای مرۆڤدا خۆیان دەنوێنن. کەوایە، خاستر وایە بێژین:

(مرۆڤی خاس) و (مرۆڤی خراپ)، واتە، لەراستیدا، (چاکە) و (خراپە) لەجیهاندا نییە، بەڵکو ئەمە (مرۆڤی خاس) و (مرۆڤی خراپ)ە کە لەم جیهانەدا پەیدادەبێت.

لێرەدا لەوانەیە بۆ هەموو کەسێك ئەم پرسیارە بێتە گۆڕێ کە بۆچی ئەندێشە، ڕەوشتی خراپ وەدیدەهێنێت، ئایا ئەندێشە ناتوانێت هەمیشە (چاکە) بێنێتەئارا؟ لەوەڵامدا دەگوترێ کە لەڕاستیدا (خراپە) لە(بوون)دا نەبووە، لەبەر ئەمە دروستکەرێکیشی نییە، چونکە شتێك کە نەبێت، ناتوانێت دروستکەری هەبێت. (خراپە) بریتییە لەبەشی بۆشایی یا نەرێنی (چاکە)، بە واتەیەکی دیکە بە بۆشایی یا سێبەری چاکە لەئەندێشەدا دەگوترێ (خراپە).

ئەم نموونەیەی لای خوارەوە، ئەم باسە پتر ڕۆشندەکاتەوە:

ژوورێکی بێ دەرگا و پەنجەرە بێنە بەرچاو کە بە هۆی چرایەك(ڕووناکی=چاکە) بۆتەوە، تا ئەو کاتەی چراکە داگیرساوە، دەبێژین کە دروستکەر و پێکهێنەری ڕووناکی ژوورەکە چراکەیە. ئێستا چراکە بکوژێنەوە، دیارە ژوورەکە تاریك دەبێت، لێرەدا، ئایا دەتوانین بێژین کێ دروستکەر و یا پێکهێنەری تاریکییەکەیە؟ بێگومان هەرچی تێ بفکرین ناتوانین. دروستکەر یا بەدیهێنەری تاریکییەکە بناسین (چونکە تاریکی لەئارادا نییە تا دروستکەریکی هەبێت)، تەنێ دەتوانین بێژین کە پاش ئەوەی ڕووناکییەکە نەما(چراکە کوژایەوە)، تاریکی جێگەی گرتەوە، واتە تاریکی بۆشایی نەبوونی ڕووناکی پڕکردەوە. ئێستا کونێ لەبریتی ڕووناکی، چاکە، (ڕووناکی_چاکە) ولەبریتی تاریکی، خراپە (تاریکی = خراپە) ڕەچاوبکەین، لەم حاڵەتەدا، دەبێژین کە هەرچی شتێکی خاسە خوا دروستیکردووە، بەڵام خراپە هەروەکو تاریکی ناتوانێت خوایەکی هەبێت، بەڵکو بە هۆی نەبوونی چاکە، خراپە دێتەئارا.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسە بهێنین وایبەباش دەزانم زۆر بەکورتی بێژم:

بە گوێرەی گوتەی گاتاکان، خوا، ئادەمیزادی وەك زیندەورێکی هۆشمەند و ئاگا و خاوەن هەست (شعور) ئافراندووە و هێز و توانای تێگەیشتن و هەڵبژاردنی پێبەخشیوە بۆئەوەی بە ئاسانی بتوانێت ڕێگەی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت و چارەنووسی خۆی دیاری بکات.

لە گاتاکاندا بە هیچ جۆرێك ئاماژە بۆ چۆنێتی ئافراندن، سەرەتا و دواییەکەی، هەنگاوەکانی و... نەکراوە، خوا، وزە و هێزی بزوێنەری جیهانە و لەجیهان جیا نییە. کات (زەمان) و شوێن(مکان)، بە شێوەیەکی نادیار (مبهم) پێکەوە ئاوێتەبوون کە بەهیچ جۆرێك ناتوانرێت وەسفی بکرێت.

هەرچی شتێك لە گاتاکاندا باسی لێکراوە بریتییە لەژیان و بەس، باسی ئافراندن تەنیا بەشێوەیەکی لاوەکی ئاماژەی بۆ کراوە. ئایینی زەردەشت بریتییە لە یاسای شێوەی ژیان، کەمتر باسی سەرو سرووشت (ما وراء الطبیعة) کراوە، بەڵکو خۆی لەسەر ڕووی گۆی زەوی دەبینێ و باسی ئادەمیزاد و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەکات.

زەردەشت بە زمانێکی پاراو و بە شێوەیەکی فرە سادە و شیرین ویستوێتی بە خەڵك ڕابگەیەنێت، ئەگەرکو بە چاوێکی ڕووناکبینانە و گوێی کراوە بڕوانینە راستییەکان، دەگەینە ڕاستییەکی فرە مەزن، ئەویش ئەوەیە کە چارەنووسی ئادەمیزاد بەدەست خۆیەتی، خێر و شەڕ دروستکراوی بیری خۆیەتی، دانایی و تێگەیشتن، گرنگترین هۆن بۆ جیاکردنەوەی چاکە لە خراپە. ئەو کەسەی دانا و ژیرە، ڕێگەی راست و دروست هەڵدەبژێرێت و ئەو کەسەی گەوج و نەزانە بەرەو ڕێگەی چەوت و خراپە دەڕوات. ئەوانەی کە بەرەو ڕق و کینە کە دیاردەی خۆپەرستی، تووڕەیی، دەمارگیری، زەبروزەنگ و کوشتار، دووڕوویی و ناپاکییە، دەڕۆن، کۆمەڵگا بەرەو وێرانی و ئادەمیزاد بەرەو هەڵدێر دەبەن. بەڵام ئەوانەی ڕوودەکەنە راستی و دروستی و یاسای سروشتی، داوێنپاکی و کاری خاس، جیهان پڕدەکەن لەخۆشی و بۆ کۆمەڵگاش بەختەوەری و شادی دەهێنن.

بەشێوەیەکی گشتی، فەلسەفەی زەردەشت و مەزد یەسنا (مەزداپەرستی _ خواپەرستی)، بریتییە لە تێکۆشان و ململانێکردنی توند دژی شەڕ و خراپە. زەردەشت بەو ڕەوشەی گرتبویە بەرو خستبویە بەرچاو کە بریتییە لە ڕێکنەکەوتن لەتەك خراپە و ناڕاستی، ئەوەی ڕوونکردۆتەوە و سەلماندوویەتی کەهەرگیز لەتەك بیری ئەهریمەنی سازش ناکات.

لەئایینی زەردەشتیدا، هەرکارێك و هەوڵێك ببێتە هۆی ئەوەی ژینگەی گۆی زەوی ئاوەدانترو جوانترو چاکە بەهێز و خراپە و ناڕاستی لاوازتر بکات، بەسەرکەوتن هەژمار دەکرێت.

زەردەشت، باس لەپەیوەندی نێوان ئادەمیزاد لەتەك ئەم جیهانە پڕ لە نهێنییە و باسی ئەرکی سەرشان و پێویستییەکانی و چارەنووس و چلۆنایەتی سەرکەوتن بەسەر گرفتەکانی ژیان دەکات.

بەپێچەوانەی بڕێك لە فەیلەسووفەکان، زەردەشت سەبارەت بە خۆشبینی تونڕەوی ناکات، دەبێژێ ئەم جیهانە بێ خەوش نییە، بەڵکو بەرەو بی خەوشییەتی دەڕوات، ئێمە کە خۆمان بەژیرترین

و وشیارترین ئافەریدە لەسەر ڕووی زەوی دەزانین، دەبێت بەردەوام تێبکۆشین و هەوڵ بدەین بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا تابگەینە بی خەوشییەتی.

زەردەشت سەلماندویەتی کە ئەم جیهانە، جیهانی گەشەو پێگەیاندنە، مرۆڤ چارەنووسی خۆی بەدەست خۆیەتی. بۆیە بەیەکەمین کەسێك دەژمێردرێت کە ئایینی پاك کردۆتەوە لەسیحرو جادوو و ئەفسون و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی هەڵە و باوەڕ بە ئەفسانە و بەرپەچی هەموو ئەمانەی داوەتەوە، ئەوسا ئایینی لەسەر بنچینەی ئاکار دامەزراندووە.

مۆڵتن، سەبارەت بەمە لە کتێبی Early Zoroastrianism دەبێژێ:

((زەردەشت لەو بیرمەندە پێشڕەوانەیە، کە ئایین و پەیامەکەی خۆی لەسەر بنچینەی ئاکاری دامەزراندووە. ئەو عەودالی ئاسمانێکی نوێ و زەوییەکی نوێ بوو، کە لەسەرەتا و پاشێنەکەیدا، ڕاستی و دروستی فەرمانڕەوا دەبێت.))

زەردەشت، ئاکار و خووڕەوشتی بەرزی بەگرنگترین و بەنرخترین ئامانجی ژیان هەژمارکردووە و بە ڕاشکاوی بە خەڵك دەبێژێ: تەنیا بیر و کردار و گوفتاری خاسە، کە دەتوانێت وەڵامی پێویستییەکانی ئاکاری بداتەوە و ژیانی مرۆڤ بەرەو پێشەوە بەرێت و گەشەی پی بکات. ئەو بە هۆی بانگەشەی ئەم ڕاستییە کەسەختترین سزای خراپەکاران بریتییە لە نائارامی ویژدان، ئەوەی پێشان داوە کەتا چ ئەندازەیەك چۆتە نێو قووڵایی ڕۆح و دەروونی ئادەمیزاد، ئاگایی لەنهێنییەکانی بووە.

یەکتا پەرستی و ئایینی زەردەشتی

ئایین (دین)، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە بۆ ئاسوودەیی ئادەمیزاد هاتۆتەئارا، پشتاوپشت لەوەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە هاتۆتە خوار.

وشەی (دین) لەوشەی ئاڤێستایی (دەئنا)وە وەرگیراوە کە بەمانای ویژدان یا توانایی ئادەمیزادە بۆ بیرکردنەوە و جیاکردنەوەی چاکە لە خراپە.

ئیمرۆ وشەی (دین) بەمانای ڕێ و ڕەوش بەکاردێت، واتە ئایین یا (دین) ڕێ و ڕەوش یاخود دەستوور و یاسایە کە بۆ گەیشتنە ژیانێکی خاستر و بەختەوەرتر و پێشکەوتوتر و گەیشتنە دوندی مرۆڤایەتی لە گشت بوارەکانی ژیاندا. واتە ڕزگاربوون لە هەموو ئەو بەرهەڵستانەی ڕێگە لەگەیشتنە رزگاری دەگرن. ئایین بریتییە لەکۆمەڵێك یاسا و فەرمان کە لەسەرو گشت یاسا و فەرمانە کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و ئابوورییەکانە. بڕێ لەزانایان دەبێژن: ئەم تاریفە هەمیشە و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەم شێوەیە و چون یەك نین. دەبێژن مەرج نییە هەموو فەرمانە ئایینییەکان لەسەرووی یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا بن، بەڵکو: ئەو فەرمان و یاسایانە لەسەرووی یاسا کۆمەڵایەتییەکانن کە لە هەموو کات و شوێنێکدا شایانی بەکارهێنان و جێگەی ڕەزامەندی خەڵك بن. ئەم تاریفە دەربارەی یاسا ڕەوشتییەکان دروستن، واتە ئەو یاسایانەی دەربارەی پەیوەندی نێوان تاکە کەس لەتەك کۆمەڵدا دەدوێن وەك: ڕاستی، دروستی، میهرەبانی، فیداکاری و.... بەڵام فەرمانو یاساکانی دیکە کە خۆیان دەقورتێنە نێو تایبەتکارییەکانی کەسی وەك: پەیوەندی ژن و مێردایەتی، دابەشکردنی میرات، کارە پیشەیی و بازرگانییەکان، یاساکانی سزا و تۆڵە و..... لەم تاریفە بەدەرن و بە گوێرەی شوێن و کات و کۆمەڵگا دەگۆڕێن.

بۆ بەراوردکردنی ئایینەکان و هەڵسەنگاندنیان، دەبێ بێژین کە:

لەکۆمەڵگای ئیمرۆی مرۆڤایەتیدا، ئەو ئایینە زێتر پەسەند و پلە و بایەخێکی بەرزی بۆ دادەنرێت کە یاسا ڕەوشتییەکانی پتربێت. وکەمتر خۆی بەئیشوکارە تایبەتییەکانی ئادەمیزادەوە خەریك کردبێت. ئەو جۆرە ئایینانە هەمیشە و لە هەموو کات و شوێنێکدا شایانی ئەوەن، کە بە ئایینێکی ڕێنما و ڕاست پەسەندبکرێن.

لێرەدا پێویستە بێژین کە ئەگەرکو ئامانجی ئایین گەیشتنە بەهەشت و دوورەپەرێزی لەدۆزەخ بێت، ئەنجامدانی ڕێورەسمی تایبەتی ئامرازێك بێت بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجە، ئەوسا دەبینین لەبریتی

ئەوەی ئایین ڕێنما و هاندەری ئادەمیزادبێت بۆ گەیشتنە چاکەکارییەکانی مرۆڤایەتی بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی مایەپووچی و دواکەوتن و ڕیایی و مەعامەلەکردن. ئامانجی ئایینی ڕاستی بریتییە لەپێشاندانی ڕێگەی ڕاست بۆ گەیشتنە بەختیاری و ئارامی ویژدان و بەهەشتی دەروونی کە هیچ پێویستییەکی بە دەڵاڵ و ناو جیگەر و تکاکار نییە، بەڵکو تەنیا دەبێ لە ڕێگەی پتەوکردن و بەهێزکردنی ئەم چاکەکارییانە بین و هەوڵ و کۆشش بدەین بۆ گەشەپێکردن و پەرەسەندنی کۆمەڵگا.

دەربارەی ئەم ئایینەی ئیمرۆ بە ناوی ئایینی زەردەشتی دەیناسین، دەتوانین بێژین کە لەتەك ئەوەی لە هەموو ئایینە یەکتاپەرستییەکان کۆنترە، لەم ڕووەوە پتر لەزۆربەی ئایینەکانی دیکە شایانی سەرنجە، چونکە تیایدا بە تەواوەتی دەربارەی ڕەوشت و گشت ئەو باسو مەسەلانەی کە لە یاسا نەگۆڕەکانن، لە هەموو کات و شوێنێکدا باسی لێکراوە.

لەم ئایینەدا، بە دیدێکی زانستیانە هەموو پرسێکی تێدا ڕەچاوکراوە و گفتوگۆی لەسەر کراوە و هەڵسەنگێردراوە، پاشان ئەوەی بەسوودی کۆمەڵگا بووبێت، هاندراوە کە ئەنجام بدرێت و ئەوەی بە زیانی کۆمەڵ بووبێت دوورەپەرێزی لێکراوە، بەڵام سزای تایبەتی بۆ دانەنراوە، چونکە سنوردانان و چۆنێتی و چەندایەتی سزا لەو رستە یاسایانەن کە لەتەك گۆڕینی کات و شوێندا دەگۆڕێن (زیاد یاخود کەم دەبن).

بۆ نموونە: زەردەشت دەبێژێ: دزیکردن کارێکی خراپ و ناپەسەندە و پێویستە هەموو کەسێك لێیەوە دووربێت، بەڵام چۆنێتی و چەندایەتییەکی تایبەتی بۆ سزادانی ئەم کارە خراپە دانەناوە. چونکە سەرەتا هەوڵی داوە ئەم کارە ئەنجام نەدرێت و هیچ کەس پێویستی بەوە نەبێت دزی بکات، واتە دزێتی بنبڕبکرێت. بەڵام ئەگەر کەسێك دزیکرد، ئەوا شوێن و کات و کۆمەڵگای ئەو سەردەمە بڕیار لەسەر شێوەی سزادەدات.

هەروەکو لەمەوبەر باسمان کرد، نەتەوە ئارییەکان لەپێش زەردەشتدا فرەخوایی بوون Polytheisme، واتە باوەڕیان بە چەندین خوا هەبووە کە بۆ هەر یەکەیان بەجیا قوربانییان دەکرد، بۆئەوەی لە ڕق و تووڕەییان کەم بکەنەوە و بۆ ئەم مەبەستە پێویستیان بە کەسانێك بو کە ببنە نوێنەریان، واتە لەنێوان خەڵك و خواکاندا دەڵاڵی بکەن و لەتەك قوربانیکردندا خەریکی وێردخوێندن بن. ئەم دەڵاڵیەتە و دابونەریتە تایبەتییە کە پڕبوو لە ئەفسانەی جۆراوجۆر، بە شێوەیەك کاری کردبووە سەر کۆمەڵگا و خەڵك، کە بەتەواوەتی لەکاری خستبوون و توانای بیرکردنەوەیانی لێ زەوتکردبوو، لەڕاستییەکانی ژیان وەدووری خستبوونەوە، چارەنووسی خۆیان بەستبۆوە بە ویست و ئارەزووی خواو هێزە سەروو سروشتییەکان، بۆ وەدیهێنانی ئارەزووەکانیان پەنایان دەبردە بەر ئەو

تکاکار و دەڵاڵانە، ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان خەڵکیان دادەدۆشی و هەوڵیان دەدا خەڵکی لەو بارەدا بهێڵنەوە بۆئەوەی بیر لە هیچ شتێکی نوێ نەکەنەوە.

ململانێ کردنی زەردەشت لەتەك نەریتی فرەخواپەرستی، پتر لەوەدا خۆی نواندوە کە بە ڕاشکاوی گشت ئەو خوا جۆراوجۆرانەی پووچکردەوە و بانگی بوونی خوایەکی تاك و تەنیا و ژیری بە گوێی خەڵك دادا و داوای لێکردن، کە دەست لەو بیرە پووچانە هەڵگرن و پەنابەرنە بەر هۆش و ئەقڵی خۆیان بۆئەوەی ڕاستییان بۆ ئاشکرابێت.

ئیدی بەرەبەرە بازاڕی دەڵاڵەکان کزبوو، خەڵك هوشیاربوون و ڕاپەڕین و ڕێی ڕاستیان گرتەبەر.

لەڕوانگەی بیروباوەڕی زەردەشت، مرۆی خاوەن ئیمانی ڕاستەقینە، ئەو کەسەیە کە پەیڕەوی لە ڕاستی دەکا و ڕێبازی ڕاستی و دروستی دەگرێتەبەر، هەڵسوکەوتی بە گوێرەی بیر و کردار و گوفتاری خاسە.

بە پێچەوانەوە، مرۆی بێ باوەڕ کە پێی دەبێژرێ (کافر)، ئەو کەسەیە کە پەنا دەباتەبەر درۆ و دەڵەسەو هەمو جۆرە خراپییەك.

زەردەشت، دژی ئەفسانە و دابونەریتی کۆنەپەرستی بو کە دژی کۆمەڵگا بوون. قوربانیکردنی ئاژەڵ بۆ هەر خوایەك بێت بەکارێکی نارەوا و ناشیرینی دەزانێت.

لەبەر ئەوەی زەردەشت تەنیا بیری لەخۆشی و تەبایی و پەرەسەندنی کۆمەڵگا دەکردەوە، دەیویست مرۆڤ باش بیربکاتەوە، هەموو هێز و توانای خۆی لەم ڕێبازەدا بەکارهێنا، بۆیە زۆر بەتوندی دژی هەموو ئەو دەڵاڵانە (کاوی و کەرپن)ەکان ڕاوێستا و ململانێیەکی یەکجار سەختی لەتەکا کردن.

خوالێخۆشبوو پورداود لەم بارەوە دەبێژێ:

(زەردەشت بە ئاشکرا بانگیدا کە مەزدائاهورا پێویستی بەقوربانی و خوێنی (گا) و (پەز) نییە، تەنیا نیایش و پەرستنێك کە دەتوانێ بگاتە بارەگای خوا و پەسەندی بکات، بریتییە لە ڕاستی و بەس. هەرکەسێك زەوی بکێڵا و کشتوکێڵ بکات و ئاژەڵی سوودمەند بەخێوبکات، لەم جیهانە و ڕۆژی پەسلان خوا لەخۆی ڕازی دەکات.)

جەلاڵەدینی ئاشتیانی، زۆر جوانی پێکاوە کە دەبێژێ:

((یەکێ لەهەرە گرنگترین شاکارەکانی زەردەشت ئەوەیە کە چەندین نێوانجی ڕەوشتی و مەعنەوی لەنێوان ئادەمیزاد و خوا هەڵبژاردووە. بۆ نزیکبوونەوە لە خوا، لە بریتی ئەوەی دەست بە دامانی کاهن و کەشیش و ڕابەرانی ئایینزاکان بین، لێیان بپارێینەوە، دەبێ خۆمان بەو ئاکارە

(صفات) خواییانـه برازێنینـەوە وەك: راستی(ئاشـا)، بـیری خاس(وەهومەنـە)، توانـایی (خەشـترا)، خۆشەویستی (ئارمەئیتی)و....

ئەمانە پردێکن لەنێوان ئادەمیزاد و خوادا کە نە پەرستشگایەکیان هەیە و نە کاهن و کەشـیش و نە ڕێورەسمێکی تایبەتی، تەنانەت هیچ شێوە و ڕوخسـارێکی مادیشـیان نییـە، ئەمانـە بـریتین لـەو فەزیلەتانە کە دەتوانین بەهۆیانەوە خوا بناسین و هەرکە پێگەیشتین لە خـوا نزیـك دەبینـەوە و دەبینـە ئاهورایی، چونکە ئەمانە خودی ئاهوران).

دەزانین، گشت ئایینە یەکتاپەرستییەکان باوەڕیان بەوە هەیە کە خوا هەموو شتێکی ئافرانـدووە و ئاگاداری گشت شتێکە. بەڵام لەتەك ئەمەشدا سـوپایەکی بێشـومار لەکەشـیش و لاوی و مـەلاو... دروست بووە بەبەهانەی ئەوەی نێوانجی نێـوان خـواو خـەڵکن، سـواری سـەری خـەڵکی نـەفام و بـێ ئاگابوون و کۆمەڵگایان بەردو هەڵدیر بردووە.

زەردەشت زۆر ئازایانە و هۆشیارانە و بێ پەروا، بەرەنگاری ئەو سوپا دژ بە مرۆڤایەتییە وێسـتاوە و جارێ داوە کە ئەمانە درۆزنن و دژ بە مرۆڤایـەتین و هـیچ جـۆرە پەیوەندیـەکیان لەتـەك ڕاسـتی و خواپەرستیدا نییە.

لەمێژووی ئایینەکانی جیهاندا، دەبێ زەردەشت بەکەسـێك دابنـێین کـە گـەورەترین گۆڕانکـاریی بەدیهێناوە، کە بریتییە لەباوەڕ بە خوایەکی تاك و تەنیا کە تایبەت بەهیچ نەتەوە و تـاقم و خێڵێکـی دیاریکراو نەبووە، لە هیچ شوێنێکی تایبەتی نەبووە و لە هەموو شوێنێکدا هەیـە، بـووە و هەمیشـە دەبێت، ئافەریدەگاری گشت کەشکەڵان و بوونە.

زەردەشت، بە خەڵك ڕادەسپێرێ، کە لەبریتی پەنابردنە بەر ئەو هەموو ئەفسانانە و خـاوە دان بـە پیاوە ئایینییە درۆزنەکان، لەبری گریان و لەخۆدان و دوعا و نزاکردن، دەبـێ پشـت ئەسـتوور بـەکار و کرداری خۆمان بین، بۆ سەلماندنی پەرستنی ڕاستەقینەی خوا، پێویستە بە کردەوە و بـاوەڕ بەراسـتی و دروستی بیسەلمێنین. وەك مرۆیەکی ڕاست و ئازاد، لەڕێی ڕاستیدا هـەنگاو هـەڵبێنین، مرۆڤـی ئـازاد پێویستی بە لغاوو پەنا نییە. پشتوپەنای ڕاسـتی ئـەو جـۆرە مرۆڤانـە تـەنیا کـار و کـردار و بـیری خاسیانە.

تاگور لەم بارەوە دەبێژێ:

((زەردەشت خەڵکی فێری ئەوەکرد کەهیچ جۆرە دوعا و نزا و گریانێك جگە لەسـوپاس و کـرداری خاس، لەبارەگای ئاهورامەزدا پەسەند ناکرێت)).

ئـەم جـۆرە پەروەردەکردنـە لەلایـەن زەردەشـتەوە، دوکـان و بـازاڕی دەسـتگاکانی پیـاوە بـەناو ئایینییەکانی ئەو سەردەمەی بێ مشتەری کرد، بۆیە زۆر بە توندی بەرەنگاری زەردەشت بوونەوە.

توێژەری بەناوبانگی ئەلمانی، شدر، دەبێژێ:

((زەردەشت، تەنیا دامەزرێنەری ئایینێکی نوێ نییە، بەڵکو کەسێکە کـە دژی ئـایین و ڕەوشـتی ئەو سەردەمە وێستاوە، شۆڕشگێڕێکە کە بۆ بەرژەوەندی هەژاران و بێ دەرامەتان، دەنگی خـۆی بـەرز کردۆتەوە.))

ئەدولف راپ Adolf Rapp، ئێران ناسی ئەلەمانی، لەو باوەڕەدایـە کـە دەسـتێوەردانی پیـاوە ئایینییەکان (روحانییەت) و خۆتێهەڵقورتاندنیان لەئیشوکاری ڕامیاریدا، هـەر لەکۆنـەوە بۆتـە هـۆی ئەوەی ڕێگە لەپێشکەوتنی کۆمەڵگا بگیرێت، ئەم کارە لەئایینی زەردەشتیدا وەبەرچاو ناکەوێـت.

گیگر، دەربارەی یەکتاپەرستی زەردەشتەوە، زۆر جوانی بێژاوە:

((.... پەیامی زەردەشت، مەسەلەی ئـەو دوو هێـزە کاریگـەرە کـە دیارگـەی چـاکە و خراپـەی تەواوسەنگە، بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون لێکداوەتەوە. مەخابن لەپاش هێرشـی عەرەبـەکان بۆسـەر زەمینی ئێران و ڕەوکردنی زەردەشتییەکان بۆ خـاکی هینـدو سـەرزەمینی چـین، نـەیارەکانی ئـایینی زەردەشت ئەم دیارگەی چاکە و خراپەیەیان بە پەرسـتن و بـاوەڕ بـە بـوونی دوو خـواکردو ئەهریمـەنیان بەرامبەر بە ئاهورامەزدا دانا. ئەمە لەکاتێکدا کە دەبینین یەکتاپەرستی و ئاهوراپەرستی لـە ئـایینی زەردەشتدا لەسەراسەری گاتاکاندا ئاشـکرایە و هـەر ئـەم یەکتاپەرسـتییە وەك ئەسـتێرەیەکی گـەش لەسەر تەوێڵی درەخشانی ئەم ئایینە دەدرەوشێتەوە.))

دکتور پور والا دەبێژێ:

((... زەردەشت دەربارەی دوو گەوهەر ئاخـافتووە، بـەڵام فەلسـەفەکەی بـەهیچ جۆرێـك مانـای پەرستنی دوو خوایی نەبووە. ئەم دیاردەیە (پەرستنی دووخوا) لەقۆناغەکانی فـرە دوایـی دا کـە ئـەم ئایینە بڵاوبۆتەوە ئاوێتە بە ئایینی زەردەشت بووە، لەسەردەمی خودی زەردەشتدا، بـاوەڕ بـەدوو خـوا بەهیچ جۆرێك لەم ئایینەدا نییە و نابینرێت.))

دکتور پور والا لە لێکدانەوەی گاتاکاندا (هات ٣٠ بەنـدی ١و هـات ٤١ بەنـدی ٩) ئەمـەی بـۆ ڕووندەبێتەوە کە سپەنتەمینوو ئەنگرەمینو، هـەردووکیان ئافەریـدەی مـەزدان و لەبەرئـەوەی خۆیـان ئافەریدەن، هەرگیز ناتوانن ئافەریدەگاربن. ئەمانە دوو ڕووی جیاوازی ئافرانـدنن کـە بـریتین لـەژیان و مردن، دوو قۆناخی کردەی توانایی خوان، کە هەمیشە پێکەوە و دژ بە یەك، لەنێو خۆیانـدا خـەریکی ململانێن.

زەردەشت، هەموو جیهان بە گۆڕەپانێك دەزانێت کە تیایـدا ململانێـی هەمیشـەیی لـەنێوان دوو هێزی دژ بەیەك، واتە سپەنتامینوو ئەنگرەمینو بەردەوامە. دەبێژێ:

ئەم دوو هێزە هاوال دوانە دژ بەیەکە، لەهەمان کاتدا کە لەتەك یەکدیدا (مخالفن) و دژی یەکـدین، تەواوکەرەوەی یەکترن. بوونی ئەم دوانە پێکەوە (بوون) یان وەدەیهێناوە، بـۆ نموونـە وزەی (موجـب) و (سالب)، لەهەمان کاتدا کە مخالفی یەکترن، بـەڵام پێکـەوە دەبنـە هـۆی دروسـتبوونی کارەبـا. وزەی (جاذبه) و(دافعه) دەبنە هۆی ئەوەی هەموو هەسارەکان لە کەشکەڵاندا لەجێی خۆیانـدابن و لەسـەر هێڵێکی تایبەتی بسوڕێنەوە، ئەم یاسایە بە نەگۆڕی بمێنێتەوە.

چاکە و خراپە، جوانی و ناشیرینی، پەیوەندییان بە شێوەی بیرکردنەوەی خۆمانـەوە هەیـە. ئـەوەی کە بەسوودمانە بەجوانی دەزانین، ئەوەی بەزیانمان بێت پێی دەبێژین خراپ و ناشیرین.

لەروانگەی بیری زەردەشتەوە، هەرچی شتێك لەم جیهانە هەیە ئافەریـدەی ئاهورامەزدایـە، خـۆی لەخۆیدا خاسە و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دروستکراوە. بەڵام ئەوە ئێمەین کە خراپ بـەکاری دێـنین. بۆ نموونە، تریاك، مادەیەکە ئەگەر بەخاسی سوودی لێوەربگرین، لەزۆر لەدەرمانەکانـدا بـەکاردێت بـۆ چارەسەرکدنی نەخۆشییەکان، بەڵام ئەگەر فرە بەکاربێت، ئەوا ژارێکی کوشەندەیە.

ئەنگرەمینو، لەسەردەمی ساسـانییەکاندا بـە شـێوەی (ئـەخرەمینو). و(ئـەهرمنو) و لەپاشـاندا (ئەهریمەن)ی لێهاتووە.

ئەم ئەنگرەمینویە ناتوانێت خراپە و وێرانی دروست بکات و بەرامبەر ئاهورامـەزدا ڕابوێسـتێت. ئەهریمەن لەدەروونی مرۆڤدایە و بەهیچ جۆرێك بوونێکی ئازادو سەربەخۆی نییە، بەڵکو پەیوەنـدی بـە بیری خراپی بڕێ کەسەوە هەیە. دەتوانین بێژین سپەنتامینوو ئەنگرەمینو بریتین لـەخوی فریشـتەیی و سیفەتی ئەهریمەنی کە هەردووکیان لەنێو بیر و دەروونی ئادەمیزادەیە.

زەردەشت لە(هات ٣٠ بەندی ٣) دەبێژێ کە مرۆڤی نەزان دووچاری هەڵە دەبێـت و دوی ئـارەزوی مـادی دەکـەوێت و ڕێـی ناڕاسـت دەگرێتەبـەر. لەئاکامـدا کـاری خـراپ و دژ بـە مرۆڤایـەتی لێدەوەشێـتەوە، بەرەبـەرە خـوو رەفتـاری نامرۆڤانـە لەڕەوشـتیا دەردەکـەوێت و دەبێـتە نموونـەی ئەهریمەنێکی ترسناك لە لەشی ئادەمیزاددا. بەڵام مرۆڤی ژیر و دانـا ڕێگـەی راسـت هەڵدەبـژێرێت و بەسەر ئارەزووە مادیەکانی خۆیدا زاڵدەبێت و بە هۆی کردارە خاسەکانییەوە، خوو رەفتاری فریشـتانەی دەبێـت لە لەشی ئادەمیزاددا.

ئێستا ئیدی زۆربەی توێژەران و زانایانی گەورە و بەنێوبانگی جیهان لەو بـاوەڕەدان کـە بنچـینەی ئایینی زەردەشت (لەرووی ئیلاهیاتەوە) لەسەر بناغەی یەکتاپەرستی دارێژراوە.

بەڵام لەرۆژگارانی کۆندا بە هۆی باسی خێر و شەڕ، یا چاکە و خراپە. لەنێو ئەم ئایینەدا، وای لەتوێژەران کردبوو کە بکەونە هەڵەیەکی گەورە، بێژن ئەم ئایینە باوەڕی بە دوو خوای جیاوازی دژ بەیەك بووە. یەکێ لەو هۆیانەی کە ئەو توێژەرانەی لەم بارەوە خستبووە هەڵەوە، دەتوانین بێژین کە بەداخەوە ڕەفتاری خودی پیاوە ئایینییەکانی ئەم ئایینەبوون، بەتایبەتی لەسەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ساسانییەکان کە ئەم ئایینە پیرۆزە سەردەمی نشوستی خۆی دەپێوا و بەرەو نشێوی دەڕۆیشت.

پاشان نووسەرە ئیسلامییەکان بە گوێرەی ئەو بەڵگەناپەسەندانەی ساسانییەکان، پتر پروپاگەندەی ناجۆریان دەربارەی ئەم ئایینە بڵاودەکردەوە کە گوایا ئەم ئایینە باوەڕی بە زێتر لە خوایەك هەیە.

لەسەرەتای چەرخی ئاڤێستاناسیدا، رۆژهەڵاتناسەکانیش لەبەرئەوەی تازەکاربوون و دەربارەی ئەم ئایینە زانیارییەکی تەواویان نەبووە، ئەوانیش گیرۆدەی هەڵەدەبوون و وایان بڵاوکردەوە. کە ئایینی زەردەشتی، ئایینێکی دوو خواییە Dualisme ئەو سەردەمەش بەسەرچوو. لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ورد و قووڵ بە شێوەیەکی زانستیانە دەستی پێکرد و بە بەڵگەی زانیاری و ئەقڵ پەسەند سەلماندیان کە شێوە سەرەتاییەکەی ئایینی زەردەشت، باوەڕکردن بە خوایەکی تاك و تەنیا بووە، زەردەشت یەکەمین کەسێك بووە کە بانگەوازی لەنێو خەڵکدا داوە و باسی یەکتاپەرستی کردووە.

ئاهورامەزدا ــ (پەروەردگاری دانای مەزن)

خوای یەکتا و بێ هاوتای ئایینی زەردەشت، ئاهورامەزدایە. ئەم نێوە لە(گاتا)کاندا بەم شێوانەیە: ئاهورامەزدا، مەزدا ئاهورا، ئەهورمەزد، مەزدا وە ئاهورا، بڕێ جار کورت کراوە و بۆتە: ئورمزد. هورمزد. ئاهورا، مانای سەروەرو پەروەردەگارە. مەزدا پێك هاتووە لە (مەز + دا)، مەز بەمانای مەزنە،(دا) مانای دانایە. واتە (مەزدا) دەبێتە (دانای مەزن) یاخود (دانای تەواوسەنگ). کەواتە، وشەی ئاهورامەزدا، مانای (پەروەردگاری دانای مەزن)ە. گەر باش سەرنج بدەینە مانای ئەم وشەیە، دەبینین لەنێو هەموو ئەو ناوو سیفەتانەی بۆ خوا دانراوە، تەنیا دوو سیفەت لەوانە بۆ ناوی خوا هەڵبژێراوە، شایانی باسە لەنێو گاتاکاندا ئەم دوو سیفەتە هەرگیز پێکەوە نەهاتوون، بەڵکو لەبەشەکانی دیکەی ئاڤێستادا (ئاهورا) و (مەزدا) پێکەوە لکاون.

بە بۆچوونی فرە لەزانا کۆمەڵایەتییەکان، سیفات و تایبەتکارییەکانی خوای هەر نەتەوەیەك، نیشانەی بۆچوون و بیر و هۆش و زانیاری ئەو خەڵکەیە، کە پەیامبەرەکانیان بە نوێنەرایەتییان لەچوارچێوەی فەلسەفەیەکی داڕێژراو بوونێك لەوێنەی نییە، هیچ شتێك جودا لەونییە، بە تەنیا وەدیهێنەری گشت بوونە، درەخشانترین ڕووناکییەکانە، دوندی گشت بلندییەکانە، کۆنتر لە هەموو کۆنەکانە، باشتر لە هەموو خاسەکانە، بێ هاوتایە، بێ ڕەقیبو بەتواناترین و کاملترینە، نەگۆڕە، بووە و هەیە و هەردەمێنێ، بزوێنەری هەمووانە، شایانی ستایشت و پەرستنە، بەخشەندەی شادی و خۆشی و کامەرانییە، لە مەزنان مەزنترە، فەرمانڕەوایە، یاسادانەرە، داناترینە، ئاگاداری هەموو شتێکە لە ئاشکرا و نهێنی، مامۆستا و ڕابەرە، فریوناخوا، بەدیهێنەری ڕاستییە، بیری خاسی هێناوەتەدی، لێبوردەیە، بەخشەندەی ڕۆشنبیری و هۆشمەندی خاسە بۆئەوەی هەرکەس بە شێوەیەکی ئازاد ڕێگەی خۆی هەڵبژێرێت، میهرەبانە، بە ئەندازەیەك میهرەبانە کە هەموو کەس دەتوانێ خۆی بگەیەنێتی و بە باوك و براو دۆستی خۆی بزانێت، یار و یاوەری گشت کەسێکە، هەموو ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە خۆشیان گەرەکەو هەروەك هاوەڵێك بەدەم هاوڕێکانییەوە دەچێت، هەرگیز لە ئافەریدەکانی خۆی تووڕە و زویرنابێت و خراپە و بەدبەختی و نەخۆشییان بۆ ناهێنێت، هەرگیز داوای کۆیلێتی و پەرستنی کوێر کوێرانە لەئافەریدەکانی خۆی ناکات، بێزارە لە قوربانیکردن و

گۆشــەگیری، (لەڕوانگــەی ئاهورامــەزداوە، گۆشــەگیری و عیبــاداتی کــوێر کوێرانــە هــەرگیز چــاکە نابەخشن، بەڵکو پەرستن لای ئەو بریتییە لە پەیڕەویکردن لە بیر و کردار و وتەی خاس).

ئاهورامەزدا، لەوزەی هۆشــی خۆیــەوە ئــادەمیزادی فێــری زانیــاری و حیکمــەت کــرد بۆئــەوەی نهێنییەکانی جیهان و چۆنێتی ئافراندن بزانن. ئەوانــە بــڕێ لەتایبەتکارییــەکانی ئاهورامــەزدان، ئــەو خوایەی کەوا هەزاران ساڵە پەیڕەوەکانی لەم جیهانەدا تــا ئێســتاش نیشــانەی میهرەبــانی، دۆســتی، راستی و دروستی، ئاشتی و تەبایی و برایەتی بوون و هەن.

ئەم تایبەتکارییانــەی ئاهورامــەزدا، کــە گشــتی لــە ئاڤێســتادا باســیلێکراوە، بــۆ ئەوەیــە کــە ئاهورامەزدا بە خەڵك بناسێنێ، بەڵام بە گوێرەی سروودی گاتاکان، پێویستە ئاهورامــەزدا بــە چــاوی دڵەوە بناسین، چونکە ئەو شتەی کە لەڕادەبەدەرە، ناتوانرێت بە وشەو سیفاتی دیاریکراو بــاس بکرێــت و ناوبرێت.

زەردەشت، ئاهورامەزدا بە دیاردەی زانست و هۆش، ڕاستی و تەکوزی هەق و سەرچــاوەی ژیــان و پێگەیاندن دەزانێت. سەرانسەری گاتاکان بخوێنینەوە، تەنیا بۆ یەکجاریش باسی تووڕەبوون، زیزبــوون، تۆڵەسەندن و ڕك و کینەی ئاهورامەزدای تێدا نابینین.

لەبانگەوازەکانی زەردەشتدا، کار و ئەرکەکان بە تۆبزی و تــووڕەیی و هەڕەشــەوە بەســەر خەڵکــدا نەسەپێنراوە، بەڵکو هەمیشە لەسەرەتاوە بە دڵێکی فراوانــەوە، باســەکە ئاشــکرادەکات و پاشــان بــۆ هەڵبژاردنی ڕێگــەی راســت و هاتنەســەر ئــایینی خواپەرســتی، خــەڵکی بــەئازادی دەهێڵێتــەوە بــۆ هەڵبژاردن. ئاهورامەزدا، چارەنووسی لەناوچەوانی کەسدا نەنووسیوە. کرداری ئادەمیزاد خۆی ڕێگــەی ڕاست یا هەڵە هەڵدەبژێرێت،... بۆیە زەردەشت فرە بە ڕاشکاوی و ئاشکرا دەبێژێ: ئادەمیزاد چــۆنێتی هەڵسوڕاندنی ژیان و بــەرزێتی و ســاماندارێتی و ڕێــز و...ی خــۆی بەدەســت خۆیــەتی. لــەم ڕووەوە دەتوانین بێژین: نە تەنیا لەم بوارەدا زەردەشت فەلســەفەیەکی تــازەی ئاشــکراکردووە و بــەس، بــەڵکو جێگەو پایەیەکی تایبەتی بۆ ئادەمیزاد داناوە و بەرزی کردۆتەوە.

مرۆڤ بەلای زەردەشتەوە بایەخێکی تایبەتی هەیە. لــە قوتابخانــەی بــیری زەردەشــتدا، پەیوەنــدی نێوان ئاهورامەزدا و مرۆڤ، پەیوەندییەکی فرە ناسك و دۆستانەیە. زەردەشت هەروەك هاوڕێیەکی دانــا دەڕوانێتە ئاهورامەزدا، نەك وەك ئەرباب و ئاغایەکی ستەمکار و تووڕە. زەردەشــت بەچــاوی ڕێــزەوە دەڕوانێتە ئاهورامەزدا و کڕنۆش بۆ مەزنایەتی و شکۆمەندی دەبــات، بێئــەوەی خــۆی ســووك و بــێ بایەخ بکات و وەك مرۆڤێك کەسایەتی خۆی پێشێل ناکات.

ئاهورامەزدا، نە ستەمکارە و نە تووڕەیە، بەڵکو بریتییە لە ڕووناکی و چاکەی تەواوسەنگ. زەردەشت، هەمیشە داوا لە ئاهورامەزدا دەکات: (ئەو خوایەی هەمیشە یەکسان و نەگۆڕە)، کە بە هۆی ڕووناکی پیرۆزییەوە هەناومان ڕۆشن بکاتەوە.

ئەگەرکو خاس بڕوانینە ئەم داخوازییە، دەبینین گشت نهێنییەکانی ئافراندنی تێدا ڕەچاوکراوە، کلیلی پێگەیاندنی مرۆڤە، گەڕانەوە بۆ خۆو پەنابردنە بەر هەناوی مرۆڤایەتی خۆ، ڕووناکی ئاهورامەزدا هەمان سیفاتی پێگەیاندنی ڕاستییە. ئەگەر هەناو و بیر و هۆشی ئادەمیزاد بەم ڕووناکی و سیفەتانە ڕۆشن بێتەوە، ئادەمیزاد دەبێتە خوامانەند.

زەردەشت، لەنێو گاتاکاندا هەر لەسەرەتاوە ڕێگەی یەکتاپەرستی (خواپەرستی) بۆ خەڵك ڕوونکردۆتەوە. تەنیا لە ڕێگەی ئەو کارانەی کە بە هۆی ڕاستی و دروستییەوە ئەنجام دەبێت دەتوانین ڕەزامەندی خوا وەدیبهێنین. بیری خاس، باشترین ئامرازە بۆ نزیکبوونەوە لە خوا، تەنیا لەژێر سێبەری ڕاستییەوەیە، کە خەڵك دەتوانن بگەنە بەختەوەری لەژیاندا و پاداشی ئەم جیهانە و جیهانی پاش مەرگ وەربگرن.

زەردەشت هەر لەسەرەتاوە دژی گەندەڵی، بەرتیل، فدیە و خەڵات و بڕێك دابونەریتی کۆنەپەرستی ئایینی بە مەبەستی وەرگرتنی پاداشت لە خوا بووە. لەم بارەیەوە مولتون دەبێژێ: ((ئەم باوەڕە کە خوا و ڕاستی، هەردووکیان یەکێکن، لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بۆ یەکەمین جار لەلایەن زەردەشتەوە، ڕاپەڕینێکی مەزن بڵاوبۆوە....))

بارتلومە دەبێژێ:

((ئەو شتە نوێیەی کە زەردەشت لەپەیامی خۆیدا بۆ هەموو مرۆڤی هێناوە ئەوەیە کە لەبریتی ئەو هەموو خوا جۆراوجۆرانەی ئەو سەردەمە، تەنیا یەك خوای دانا و ژیر یا ئاهورامەزدای بە خەڵك ناساند.))

هرتسفلد، لەو باوەڕەدایە کە زەردەشت گشت ئەو خوا کۆنانەی وەك: میترا، وە هرام، ئاناهیتا، وارونە و... کە لەو سەردەمەدا دەپەرستران، هەمویانی پووچەڵکردەوە و لەخانەی دێو داینناون.

رودولف، بۆ بەرپەچ دانەوەی بڕێ لەو زانایانەی گوتویانە کە خوای زەردەشت(ئاهورامەزدا)، هەر لەکۆنەوە، واتە لەپێش زەردەشتدا، لەنێو نەتەوە ئاریاییەکاندا دەپەرسترا، دەبێژێ: هیچ یەکێ لەو زانایانە کە خاوەنی ئەم بیرۆکەیەن بەڵگەیەکی زانستیانەیان نەبووە، لەبەر ئەمە دەتوانین بێژین کە ئەم خوایە (ئاهورامەزدا) خوای زەردەشتەو بۆ یەکەمین جار لە گاتاکاندا باسی لێکراوە.

(دوش گمین)، وتەکانی ناوادیا، توێژەری هیندی بەراست دەزانێت و دەبێژێ: (.... ئەگەرکو ئاهورامەزدا لەپێش پەیدابوونی زەردەشت، لەنێو ئاریاییەکاندا دەپەرسترا، دەبوایە وەك خواکانی دیکە بۆ یەکجاریش بوایە سروودێکیان پێدا هەڵبەستایە، هەروەك چلۆن بۆ میترا، ئاناهیتا، تیشتریا و.... یان بێژابوو. لەبەرئەوەی هیچ سروودێك و باسێك لەو بارەیەدا نەبووە، کەوایە دەتوانین بێژین، هیچ خوایەك بەناوی ئاهورامەزدا یا ئاهورا یا مەزدا، لەپێش زەردەشتدا نەبووە.....)).

پروفیسور گرەی (Gray)، توێژەری ئینگلیزی دەبێژێ:

ئایینی زەردەشت فرە دوورە لەدوو خواپەرستی Dualisme بەڵکو لەڕاستیدا ئایینێکی یەکتاپەرستییە Honotmeisme.

ئەشپیگلو ویندیشمن دەبێژن:

((ئەگەر بە وردی سەرنجی گاتاکان بدەین، ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرادەبێت، کە ئایینی زەردەشت ئایینێکی یەکتاپەرستییە و مانای وشەی ئاهورامەزدا لە گاتاکاندا هاوجووتە لەتەك بەرزترین و مەزنترین بایەخەکان، تەنێ خوای ئایینی زەردەشتییە، هەروەك چلۆن (یەهوە) لەتەورات و (اللّٰه) لەئایینی ئیسلامدا دیاردەی هێز و توانایی یەکتاپەرستییە.))

مارتین هاوگ M. Haug، رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی دەبێژێ:

((زەردەشت ئایینێکی یەکتاپەرستی وەهای بڵاوکردەوە کە فرە لەیەکتاپەرستی عیبرانییەکان بێخەوشترە.))

هینتس، مانای ئاهورامەزدای بەسەروەری دانا لێکداوەتەوە و دەبێژێ:

((لەنێو گاتاکاندا، ئاهورامەزدا بە شێوەیەکی یەکجار مەزن و بێهاوتا باسکراوە و دەربارەی یەکتابوونیدا لە گشت سروودەکانیدا خۆی دەنوێنێ. بە بۆچوونی زەردەشت، ئاهورامەزدا فرە مەزن و ڕاستی و بێخەوشە، خوا لەئایینی زەردەشتدا (لەنێو گاتاکاندا) نیسبەت بە ئایینە گەورە و جیهانییەکانی دیکە کە باوەڕیان بە یەکتاپەرستییە، لەڕووی رۆحییەوە فرە دەوڵەمەندترە. تەنیا پیاوێکی وا مەزن توانیویەتی پەیامێکی وا مەزن بڵاوبکاتەوە.))

ئێستا بابزانین زەردەشت چلۆن ئاهورامەزدای ناسیوە، بەباوەڕی ئەو زانا و رۆژهەڵاتناسانەی کە دەربارەی ئاڤێستا و ئایینی زەردەشت توێژینەوەیان هەبووە، سروودی(٤٤)ی گاتاکان، یەکێ لەشاکارەکانی ئاسەواری بیر و هۆشی ئادەمیزاد بووە لەسەردەمی کۆندا، زەردەشت، لەو بەشە لەپەیامە نەمرەکەیدا هەوڵ و کۆششی داوە نهێنییەکانی ئافراندن بە شێوەیەك باس بکات کە هەموو خەڵك لێی تێبگەن.

ئەو پرسیارانەی کە لەوەدیهێنەری زەوی و ئاسمانەکان دەکات دەربارەی نهێنینەکانی ژیان و ئافراندن، سروشت، کۆمەڵایەتی، زانستی و.... بە شێوەیەکی وەها زانستانەیە کە وەڵامەکانی لەخودی پرسیارەکاندا وەدەستدەکەوێت، زۆر بە ڕاشکاوی دەبێژێ:

((ئەی دادگەری مەزن و داهێنەر، بە بیرێکی بێخەوش و پاك و بە هۆی هۆش و ئەقڵەوە، تۆ بە داهێنەری گشت دروستکراوەکان دەزانم و دەناسم.))

لەم سروودەدا بە شێوەیەکی تەواوسەنگ، ئاهورامەزدا بە داهێنەری گشت زەوی و ئاسمانەکان و هەرچییەکی تێدایە و هەرچی ڕوودەدات، دەزانێ. هەروەها لەم سروودەدا بە هیچ جۆرێك باسی یاریدەدەر یا هاوبەش (شریك) بۆ ئاهورامەزدا نەکراوە.

زەردەشت، دیسانەوە لەسروودی ٣١ بەندی ٨ دا دەبێژێ:

((ئەی مەزدا،
ئەوکاتەی کە بەئەندێشەوە تۆم ناسی،
بۆم ڕوونبۆوە کە
تۆ، سەرەتا و پاشینەی هەموو ((بوون))ی،
وتۆی سەرچاوەی بیری خاس.
وئەوکاتەی کە بە دیدی دڵەوە تۆم دی،
زانیم کە تۆی ئافەریدەگاری ڕاستەقینەی ڕاستی
تۆی دادوەری کرداری هەموو خەڵك...))

((ئەو (ئاهورامەزدا)، یەکەمین بیرکەرەوەیە کە ڕووناکییەکەی گشت ئاسمانەکانی گرتۆتەوە و بە هۆی هێز و توانای بیر و هۆشییەوە یاسای هەمیشەیی ڕاستی ئافراندووە، بۆئەوەی ببێتە یار و یاوەری بیرخاسان. ئەی سەروەری دانا، کە هەمیشە یەکسانی. بە هۆی ئەو ڕووناکییە پیرۆزەتەوە، هەناومان ڕۆشن بکە.))

لەو سروودەدا، زەردەشت، ئاهورامەزدا بە سەرەتاو ئاکامی بوون دەزانێت، ئەو بوونەی کەوا بەچاوی ئاسایی نابینرێت، بەڵکو بە هۆی بیر و هۆشەوە هەستی پێدەکرێت. ئەگەرکو بەچاوی دڵ و هەناو بڕوانین، یەکەمین بیرکەرەوەیەك دەبینین کە گشت ڕووناکی و پڕشنگەکانی ئاسمانەکان لەبیر و ڕووناکی ئەو پێکهاتووە. ئەو بە هۆی هێز و توانا و وزەی خۆیەوە، یاسای سروشت و ژیان کە بریتییە

لە راستی(ئاشا) و بیری خاس (وەهومەن)ی ئافراندووە. ئەمانەی کردۆتە رووناکی بـۆ رۆشـنکردنەوەی ڕێگەی ئادەمیزاد.

ئاهورامەزدا، لەڕوانگەی زەردەشتەوە بریتییە لەدیاردەی چـاکە، پـاکی، ئـەڤین و خۆشەویسـتی. هاوڕێ لەتەك ئـەم سـیفەتانە و سـیفەتەکانی پێشـوو، کـە ئاماژەمـان بـۆکردن، ئـەوەمان زێـتر بـۆ ڕووندەبێـتەوە کە ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەی زەردەشت لەو سەردەمەدا بـەرپایکرد، کـۆت و زنجـیری ئەفسانەکانی لە دەستوپێی خەڵك پچراندو مرۆڤـی ئـازادکرد، سـێ بنچـینە و ڕەچـەڵەکی نـوێی بـۆ ئایینەکەی دانا کە بریتی بوون لەبیری چاك، وتەی چاك و کـرداری چـاك کـە هەرکەسـێك بـە تۆزێـك لەخۆبوردنەوە ئەنجامیان بدات، دەبینین پەیوەندی نێوان ئادەمیزاد دەگاتـە بـەرزترین و باشـترین پلـە، دەتـوانین بگەینـە کۆمەڵگایـەکی پـڕ لەخۆشـی و ئاسـایش و تـەبایی، بێگومـان بـۆ بـەرێوەبردن و ئەنجامدانی ئەم ئایینە تازەیە لەو سەردەمە کۆنەدا، دەبوا خوایەکی دانـا و بـەتوانا سەرپەرشـتی ئـەم ئایینە تازەو شۆڕشگێڕانەی بکردایە. خوایەك کە شیاوی ئەم باوەڕە پیرۆزەبێت. بەم شێوەیە، بـە بـیر و هۆشی خۆی، ئاهورامەزدای سەروەر و دانا و بەتوانا. بە دروستکەری هـەموو کەشـکەڵان دەناسـێت. ئاهورامەزدا لەتەك گشت خواکانی پێشوو جیاواز بـوو، ئاهورامـەزدا، خوایەکـە کـە ئـەم جیهانـەی ئافراندووە و یاسایەکی تایبەتی بۆ هەڵسوڕاندنی دانـاوە، کـە لەتـەك سروشـت و سـازگاری وزەکـانی بەرقەرار ماوە و دەمێنێ.

ئاهورامەزدا، دەربارەی باسەکانی سەر و سروشت (ماوراء الطبیعه) وردەکارییەکانی کـە دێنـە گۆڕێ، هیچ جۆرە پلان و نەخشەیەك و پێش داوەرییەکی پێش رووداوی دانەناوە.

ئاهورامـەزدا، توانـای هەڵبـژاردنی بـە خـەڵك داوە کـە لـەنێو ڕاسـتی و درۆ، چـاکە و خراپـە بەشێوەیەکی ئازادانە و بە هۆی هۆش و ژیریتی خۆیانەوە، یەکێکیان هەڵبژێرن و چارەنووسی خۆیـان و هەڵسوکەوتیان بەدەست خۆیانەوەبێت، تـەنیا کارێـك کـە پێـی هەڵدەسـتێت ئەوەیـە کـە بـە هـۆی هەڵبژاردەی خۆی (زەردەشت) ڕێگەی راستی و دروستی پێشانی خەڵك دەدات و ئیدی خۆیـان ئـازادن بۆ هەڵبژاردن. واتە، چارەنووسی هەرکەس وەدەست خۆیەتی چ دەکات.

ئالێرەدا، مەزنایەتی ئەم ئایینە دەردەکەوێت. دەست تێهەڵنەسوراندن لەئیشوکاری سروشت، قایـل بوون بە هەڵبژاردن و چارەنووسی هەرکەسـێك بەدەسـت خـۆی و باسـنەکردن و نەچـونە بنجوبنـاوانی چۆنێتی ئافراندن، ئەمانە هەموی بۆتە هۆی ئەوەی بڕوبیانوو (چلۆن) و (بۆ)کان دەربارەی ئاهورامـەزدا لەم ئایینەدا بنبڕبکـات. ئاهورامـەزدا ئـەقڵ و هۆشـی جیهانـە، بەبوهێنەرێکـە کـە تـەنیا چـاکەی ئافراندووە، هەمیشە خەڵك هاندەدا ڕێگەی راستی و دروستی هەڵبژێرن و خەریکی کار و کۆشش بن.

لەیەسنا (هات ٣١ بەندی ٧) دەبێژێ:

((ئەو کەسەی هەر لەسەرتاوە بیری لەروونا‌کی و درەوشانەوەی ئەم جیهانە کـردووە، کەسـێکە کـە لە وزە و توانای هۆشی خۆیەوە (ڕاستی) دروستکرد.))

هەروەها لەیەسنا (هات ٣١ بەندی ١١) دەبێژێ:

((ئەی مەزدا،

هەر لەو ساتەوە و لەسەرەتاوە کە،

بەبیر و هۆشی خۆتەوە.

ژیان و ویژدان و هۆشت بۆ دروستکردین،

گیانت کردە نێو لەشمان،

توانایی گفتوگۆو کارکردنت پێبەخشین،

هەر لەوکاتەوە ویستت کە ئێمە بە شێوەیەکی ئازاد

باوەڕ و ڕێ و ڕەوشتی ئایینی خۆمان هەڵبژێرین.))

بڕێ ڕووداوی سروشتی و کۆمەڵایەتی و... بـۆ زەردەشـت جێگـەی پرسـیارە، بۆیـە ڕووی دەمـی دەکاتە ئاهورامەزدا و ئەم پرسیارانەی لێدەکات کـە تیایـدا لـەقاڵبێکی فەلسـەفی باسـی کێشـەکانی جیهان و چۆنێتی ئافراندن دەکا:

ئەی مەزدا ئاهورا

پرسیارت لێدەکەم

ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،

کێیە ئەو کەسەی،

لە خوارەوە زەوی، لەسەرەوە ئاسمانی بە بێ نشێوی

ڕاگرتووە؟

چ کەسێکە

ئاوو گژوگیای ئافرندووە؟

کێیە و کەسەی
تیژڕەوی بە (با) و (هەور) داوە؟
وئەی مەزدا، کێیە ئەو کەسەی
ئەندێشەی خاسی هێناوەتەئارا؟ (هات ٤٤ بەندی ٤)

ئەی مەزدا ئاهورا،
پرسیارت لێدەکەم،
ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،
چ کەسێك،
هێز و توانای مەعنەوی (خەشترا) لەتەك پاکیدا(ئارمەئیتی) ئافراند؟
چ کەسێك بە داناییەوە
خۆشەویستی منداڵی خستە دڵی بابەوە؟
ئەز، هەمیشە تێدەکۆشم، ئەی مەزدا،
بەم پرسیارانە و بە بیری پاکەوە،
تۆ، بەئافەریدەگاری هەموو (بوون) بزانم (هات ٤٤ بەندی ٧)

هەرکە بۆی ڕووندەبێتەوە کە جگە لە ئاهورامەزدا، خوای گەورە و دانا، هیچ کەسێکی دیکە نییە کە ئافەریدەی ئەم شتانە بن، بۆیە لەیەسنا (هات٣١ بەندی ٨) دەبێژێ:

((ئەی مەزدا،
ئەو کاتەی کە بەئەندێشەوە تۆم ناسی،
بۆم ڕوونبۆوە کە
تۆ سەرەتا و پاشینەی هەموو بوونی،
تۆی سەرچاوەی بیری خاس.
ئەوکاتەی کە بە دیدی دڵەوە تۆم دی،
زانیم کە تۆی ئافەریدەگاری راستەقینەی ڕاستی،
تۆی دادوەری کرداری هەموو خەڵك.))

ئەمەیە باوەڕی زەردەشت بە ئاهورامەزدا، خوای تاك و تەنیا.

ئا لێرەدا دەبێژین، ئەگەر ئەم باوەڕ و بۆچوونە، هاوار و بانگەوازی خواپەرستی و باوەڕ بە تەنیا خوایەك نەبێت دەبێ چی بێت؟!

بەڵێ، زەردەشت لەڕووی ئەقڵ و هۆش و بە هۆی ژیرێتی و هۆشیارییەوە گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە تەنیا ئاهورامەزدای دانا و توانا دەتوانێت ئەم جیهانەی وەدیهێنابێت، هیچ هێزێکی دیکە ناتوانێ هاوبەشی بێت یا ڕێ لە کارەکانی بگرێت.

هەروەك لەمەوبەر ئاماژەمان بۆکرد زەردەشت بە هۆی ئەقڵ و لە ڕێگەی هۆشەوە، خوا بە خەڵك دەناسێنێت. خراپە لەزاتی خوای زەردەشت (ئاهورامەزدا) نییە، ئاهورامەزدا دوورە لە تووڕەبوون، گرژبوون، زیزبوون، تۆڵەسەندن، بوغزو کینە، زەبروزەنگ و زۆرداری. ڕێگەی ڕاستی و دروستی پێ نیشانداوین، ئەوانەی کە ڕێی ڕاستی هەڵە دەکەن بە گوێرەی یاسای سروشتی دووچاری ڕەنج و کێشە دەبن، ئەمە تۆڵەی ئاهورامەزدا نییە، بەڵکو بە گوێرەی یاسای سروشت، میوەی کرمۆڵی دەسترەنجی خۆیان دەخۆن و وەبەرهێناوی بیری کرچو کاڵی خۆیانە.

لێرەدا پێویستە ئەوە دووپات بکەینەوە کە: باوەڕ بە بوونی دوو خوا و پەیڕەوکردن لە ئایینێك یا باوەڕێکی وەها، دەبێ لایەنگرانی ئەم باوەڕە چلۆن ڕێز لەهێزی چاکە یا خێر دەگرن و نیایش و نزای بۆ دەکەن، هەروا بۆ هێزی شەڕ یا خراپەش، هەمان کاربکەن. بەڵام ئەگەر بێتو هەموو گاتەکان بخوێنینەوە، بۆ یەکجاریش ئەم شتەی تێدا نابینین. بە پێچەوانەوە، هەمیشە زەردەشت دژی خراپە و درۆ قسەی کردووە و خەڵکی هانداوە، کە دژ بە درۆ و خراپە ڕاوەستن، لەڕاستیدا ئەو شۆڕشەی زەردەشت بەرپایکرد هەر بۆ ئەم مەبەستە بوو، کە ڕەگوڕیشەی خراپە و درۆ لە لەشی کۆمەڵگا دەرکێشێت، ئیدی فرە ڕونو ئاشکرایە کە ئەم ئایینە ناتوانێ ئایینێکی دوو خواپەرستی بێت.

بەڵام بابزانین بۆچی ئەم باوەڕە وا بڵاوبۆتەوە کە ئایینی زەردەشتی ئایینێکی دوو خوا پەرستییە Dualisme

ئەم بۆچوونەی هەندێ لەنووسەران و توێژەران لەوەدایە کە بەهەڵە واتێگەیشتوون ئەهریمەن Ahrimam یا ئەنگرەمینو Angra Mainyu هێزێکە بەرامبەر ئاهورامەزدا و بەربەرەکانی و ململانێی لەتەکا دەکات.

ئێستا ئیدی ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوونبۆتەوە کە لە گاتاکاندا هەرگیز ئەهریمەن یا ئەنگرەمینو بەرامبەر بە ئاهورامەزدا دانەنراوە، بەڵکو، هەروەکو چۆن باسی چاکە کراوە، هەروا باسی خراپەش

کراوه. له گاتاکاندا سپەنتامینۆ بریتی بووه لەبیری خاس و پاك و پیرۆز و ئەنگرەمینو، بیری خراپ و بەده. ئەم دوانه لەتەك بوونی ئادەمیزادا، بوون و هەن.

زەردەشت لەیەسنا (هات ٤٥ بەندی ٢٧) دەبێژێ:
ئێستا دەربارەی دوو گەوهەر دەئاخافم،
کە لەسەرەتای ژیاندا، بوون.
لەو دوانه، گەوهەری پاك بەوی دیکەی گووت:
لەنێوان هەردووکماندا،
نە ئەندێشەو نە ئامۆژگاری، نە هۆش و نە باوەڕ،
نە گوفتار و نە کردار و نە ویژدان و نە ڕەوانمان،
پێکەوه هاوجووت و سازگار نین.))

هەروەها لەیەسنا (هات ٣٩ بەندی ٤) دەبێژێ:
((هەرکە ئەم دوو گەوهەرە گەیشتنە یەك، ژیان و نەبوونیان لێدروست دەبێت.))
واتە، لەتەك ئافراندنی زەوی و جیهان و ئادەمیزاد لەلایەن ئاهورامەزداوه، پەیدابوونی ئەم دوو گەوهەرە، ژیانی مادی و جیهانی هاتە کایە(واتە خولقاوی جیهانی مادییە). هەمیشە لەنێویاندا ململانێ، بەردەوامە، چونکە فەلسەفەی ئایینی خواپەرستی (زەردەشتی) لەسەر گەشبینی دامەزراوه. لەبەرئەوه دەبینین باسی ئەم ململانییە و هەراو هوریایە، بەسەرکەوتنی سپەنتامینو یا بیر و ئەقلی چاك بەسەر ئەنگرەمینو کۆتایی دێت و ئاهورامەزدا هەر لە شوێنی خۆیەتی وەك پەروەردەگار و ئەقلی گشتی و تەواوسەنگ.

ئاهورامەزدا کە دیاردەی چاکە و میهرەبانی و دڵۆڤانییە، لەجێگەی خۆی دەمێنێ و جودا لەم دوو هێزە دەروونییەیە، خراپە یا ئەهریمەن کە دژی چاکەیە لەکۆتاییدا دەشکێ و هێز و توانای نامێنێ، ئەم دوو هێزە لەنێو گاتاکاندا تەنیا وەك دوو هێزی (غیر مادی)ن. واتە، هێزێکی دەروونین کە کاردەکەنە سەر بیری مرۆڤ.

زەردەشت ئەوەندە هۆشمەندانە و ژیرانە ئەم کێشەیەی هێناوه، لێی وردبۆتەوه، لیکیداوەتەوه و شیکردۆتەوه و بە جۆرێکی وەها باسیکردووه کە ئۆبالی خراپەکاری و درۆ و دەلەسەی لەملی ئاهورامەزدا وەدوورخستۆتەوه و گشت ئەمانەی خستۆتە ئەستۆی ئادەمیزاد خۆی.

بە پێچەوانەی تیۆرییەکانی ئایینە ئیبراهیمییەکان کە (خوا) هەموو شتێکی لە (هیچ) و(نـەبوون) دروستکردووە، لەئایینی زەردەشتیدا، ئاهورامەزدا لەزاتی خۆی و لەوەی کـە هەیـەتی ئافەریـدەکانی دروستکردووە، لەبەر ئەوەیە کە بە گوێرەی فەلسەفەی ئەو ئایینە، (بوون) فرە کۆنە و هەمیشە لەتـەك ئاهورامەزدا و لە ئاهورامەزداوەیە،

لەئایینی زەردشتیدا، ئاهوراموزدا هەرگیز پێویستی بە قوربانی و دابونـەریتی جۆراوجـۆر نییـە. مرۆڤی ڕاست و خواپەرست دەتوانێت بە بیر وکردار و وتەی چاکی خـۆی، خـوا دڵخـۆش و خۆشـنودو ڕازی بکات، هەروەها لەم جیهانە و لەپەسلاندا خۆی خۆشەویست بکات، بۆیە لە گاتاکانـدا بـە هـیچ شێوەیەك باسی قوربانیکردن نەکراوە.

ئاهورامەزدا، داوا لەئافەریدەکانی ناکات شەوو رۆژ واز لەئیشوکار بێنن و خەریکی پەرسـتن و نـزا و نیایش بن، چونکە چاکە بەم جۆرە کردەوانە نایەتەدی، بەڵکو بە بیر وکردار و وتـەی چـاك وەدەسـت دێـت. بێگومان کەسێك کە گۆشەگیری و دەروێشی بکاتە پیشەی خۆی، هەرگیز سـوود و قـازانج بـە کۆمەڵگا ناگەیەنێـت، جا ئەم جۆرە هەڵسوکەوت و کردەوانە کە سوود بەخش نین، هەرگیز خـوا پێـی رازی نابێت بۆیە زەردەشتیش بە باشی نازانێت و هەمیشە دژێتی.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسە (باسی ئاهورامەزدا) بێنین، بە پێویستی دەزانم زۆر بەکورتی ئامـاژە بۆ خوای ئایینە یەکتاپەرستییەکانی سامییەکان بکەین، واتە ئایینەکانی جوولەکە، فەلـەو ئیسـلام وە ڕۆڵی ئایینی زەردەشتی لەم ئایینانەدا.

ئەگەر چاوێك بە تەورات، ئینجیلو قورئاندا بخشێنین، دەبینین بنەما و کۆڵەکەی ژێرخانی هەرسـێ ئایینە یەکتاپەرستییە سامییەکان بریتییە لەباوەڕ بەوەی ئافەریدەگار و سورێنەری هەموو کەشـکەڵان، خوایەکی تاك و تەنیایە. ئەم خوایە لەتەوراتدا (یەهوە) و لەئینجیلدا (بـاوکی ئاسمـانی) و لەقورئانـدا (اللّٰه)ی ناوە. لەنێو هەرسێ ئەم کتێبە ئاسمانیانـەدا هـەموو (بـوون) و دروسـتبوونی یەکـەمین مـرۆڤ (ئادەم) لەلایەن ئەم خوایەدا وەك یەك باسکراوە. بەڵام کاتێك دێنەسەر باسی خوا و هەڵسـوکەوتی لـە ئاسمان و زەویدا، دەبینین بە شێوەیەك ڕەفتار و کرداری لـە هـەر یـەك لەئایینـەکان جیـاوازە، کـە زۆر چەتوونە باوەڕبکرێت، کە ئەم سێ خوایە لەڕاستیدا یەکێکن.

نیازم نییە لێرەدا یەکە یەکە ئەم ئایینانـە شـیبکەمەوە و ئـەو باسـانەی لەمـەڕ خـوا کردوویانـە بیخەمە بەرچاو. تەنیا شتێك کە لێرەدا پێویستە باسی بکەم ئەوەیە کە خوا لای ئەم ئایینانە بڕێ جـار

بەترسناك، تۆڵەسێن، فێڵباز، رژد، گرژ، بێبەزەیی.... وهەندێ جاری دیکە میهرەبان، دادگەر، بەخشەندە، پاکدڵ،.. باسکراوە.

گەلێ جار، خوا خۆی لەشێوە و سیمای ئادەمیزاددا دەنوێنێ و دێتەلای پەیامبەرەکانی و لەتەکیاندا خواردن دەخوا و قسەدەکات، زۆرانبازی دەکا و بڕێ دەستوور دەدا کە باسکردنیشی چەتوونە. بێ فەرمان و دەستووری خوا، خۆشی و ناخۆشی بە کەس ناگات، هەموو سەرکەوتنێك لەوەوەیە و گشت نەوییەکانیش لەلایەن ئەوەیە، هەرکەسێك ڕزگاری بێت، ئەو ڕزگاریکردووە و هەرکەسێکیش تووشی گێژەدەبێت و گومڕا، ئەو کردوویەتی، هەرکەس باوەڕ بە بوونی خوا بێنێت، کاری ئەوە و هەر کەسێکیش بەکافرێتی بمێنێتەوە ویست و خواستی ئەوە. لەبڕێ شوێندا لەم ئایینانە نووسراوە کە مەرام و مەبەستی خوا لەم رووداوانەی کە رووددەدات (چاك یاخراپ) و خەڵك خۆیان هۆکەی نازانن، بریتییە لە ئەزموونکردنی ئەندازەی باوەڕیان، لەکاتێکدا دەبێژن باوەڕ یا بێ باوەڕی هەرکەسێك بەستراوە بە ویست و ئارەزوی خودی خواو هیچ کەسێك بۆ خۆی ئیختیاری نییە. بەڵام هەندێ جار دەبێژن کە چاکە و خراپە لەئاکامی کار و کرداری ئەو کەسە خۆیەتی یا(بۆ ئادەمیزاد جگە لەو شتانەی کە بە هۆی تێکۆشانی خۆی ئەنجامی داوە، بەرهەمێکی دیکە نییە(لیس للانسان إلاّ ماسعی) لەئایینە سامییەکاندا، چارەنووسی ئادەمیزاد لەپێشەوە بۆی دیاریکراوە، ئەو هەڵبژاردنەی کە ئادەمیزاد خۆی دەیکات، پێشەکی لەناوچەوانی نووسراوەو ئادەمیزاد خۆی هیچ توانایەکی بەسەرییەوە نییە (٢٠). ئەم یاسایە یاسایەکی زۆرەکی تەواو سەنگە (بە پێچەوانەی ئایینی زەردەشتی کە تیایدا مرۆڤ کەسێکە کە لەتەك هێز و توانای بیرکردنەوە و ئەقڵدا خولقاوە. لەبەرئەوە توانای ئەوەی هەیە بیربکاتەوە و ئازادانە لەنێوان (خێر و شەڕ) و(ڕووناکی و تاریکی) بۆ ژیانی خۆی یەکێکیان هەڵبژێرێت، هەروەها بە ئەندازەی ئەو ئازادییەی هەیەتی لێپرسراوی کرداری خۆیەتی. تەنیا شتێك کە ئافەریدەگار لێی دەوێ ئەوەیە، ڕێگەی ڕاستی و دروستی هەڵبژێرێت.)

فریمن کلارك، کە توێژەرێکی بەنێوبانگی مێژووی ئایینەکانە و نووسەری کتێبی (مذاهب بزرگ)ە دەربارەی ئەم سێ ئایینە سامییە، بەکورتی دەبێژێ:

((خوای موسا، هێز و توانایەکی ترسێنەری هەیە و هەمیشە لەنێو ئافەریدەکانی خۆیدا دەژی و هاوبەشی گشت کارە دروست و چەوتەکانیانە. خوای عیسا هەم لەسەرووی ئادەمیزادە و هەم لەنێو دەروونیاندایە. خوای محەمەد تەنیا لەسەرووی ئادەمیزادەوەیە و وەك فەرمانڕەوایەکی تەواوسەنگ قسەدەکا و هەرگیز لەعەرشی خوایی خۆی نایەتەخوارەوە.)

کارتێکردنی ئایینی زەردەشتی
لەسەر ئایینە یەکتاپەرستییەکانی دیکە

لەسەدەی نۆزدەهەمدا، بە هۆی ئەو هەڵەیەی کە توێژەران تێی کەوتبوون، دەربارەی شوێن و کاتی لەدایکبوونی زەردەشت، هەروەها دەربارەی دێرینێتی تەورات، ئەم بیرۆکەیە زێتر لەبەرەودا بوو، کە گوایا ئایینە بابلییەکان و عیبرییەکان کاریگەریێتییەکی تەواویان بووە لە پەیدابوونی ئایینی زەردەشتیدا، بەڵام ئێستا ئیدی بە تەواوەتی ئەوە ڕوونبۆتەوە کە زەردەشت زۆر لەپێش جوولەکەکان ئایین و پەیامی خۆی بڵاوکردۆتەوە. یەکێ لەگرنگترین جیاوازییەکان لەنێوان بیروباوەڕی زەردەشت و پەیامی تەورات باسی ئاهورامەزدا و یەهوەی خوای زەردەشت و جوولەکەیە. لەتەوراتدا یەهوە وەك کەسایەتییەکی مرۆڤانە و ئەفسانەیی باسی لێدەکرێت کە زۆر تووڕە، ڕژد، چاوچنۆك و گرژ و حەسوودە، تەنیا تایبەتی بەنی ئیسرائیلە کە دەبێ قوربانی بۆ بکرێت ئەویش بە ڕێورەسمێکی(٢١) تایبەتی. بەڵام هەروەکو لەمەوبەر گوتمان گاتەکان بەتەواوەتی دژی ئەو هەموو ئەفسانانەیە کە لەتەوراتدا هەیە و ئاهورامەزدا خوای هەموو جیهانە و تەنیا بۆ ناوچە یا گەلێکی تایبەتی نییە، گشت خەڵك بە ئازادی لەدایکبوون و ڕێگەی خۆیان بە ئازادی هەڵدەبژێرن، چارەنووسیان بەدەست خۆیانەو هەموو کردار و گوفتاریان، بەهەشت یا دۆزەخیان بۆ دابین دەکا و ویژدانی ئارام گەورەترین پاداشتەو دڵڕەشی و بێقەراری باڵاترین سزایە بۆ ئادەمیزاد. کەوایە، تائێرە دەتوانین بێژین کە لەنێوان پەیامی زەردەشت و ئایینی جوولەکە هیچ جۆرە نزیکییەك نابینین. بەڵام، بە گوێرەی ئەو توێژانەی لەسەدەی بیستەمدا بە وردی ئەنجامداوە، ئاشکرابووە کە پەیامی زەردەشت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو نا ڕاستەوخۆ کاریکردۆتە سەر ئایینەکانی دیکە.

لەساڵی ١٨٦٦ دا، (Alexander Kohut) نووسەری کتێبی

über die judische Angeologie in ihre □

Abhangkeit Vom Parsismus

کە خۆی خاخامێکی جوولەکە بووە و لە گەورەترین توێژەرانی مێژووی ئایینەکان بووە، ڕوونیکردۆتەوە، هەموو ئەو بۆچوونانەی تەورات، کە دەربارەی فریشتەکان و ئەهریمەن باسکراوە، یادگاری ئەو سەردەمە بووە کە جوولەکەکان لەلایەن بابلییەکانەوە شکستیان خواردووە و بە دیلێتی

گـیراون و براونەتـە بابـل، واتـە سـەردەمێك کـە جوولەکـەکان لەتـەك ئـایینی زەردەشـتدا لـەبابل ئاشنایەتییان پەیداکردووە و لەنزیکەوە ئەو ئایینە کاری کردۆتە سەربیر و باوەڕیان.

دەزانین پاش ئەوەی کورشی هەخامەنشی بـابلی گـرت، هـەموو دیلـەکانی ئـازادکرد، لەوانـەش جوولەکەکان بوون کە فرەیان گەرانەوە بۆ ئورشـەلیم (قـدس). جوولەکـەکان، ئـەو زانیاریانـە و بـیر و باوەڕانەی لەئایینی زەردەشتیدا فێربووبوون، لەتەك خۆیاندا بردیانە وڵاتی خۆیـان. هـەروەها لـەماوەی ئەو دوسەد ساڵەی کە ئیسرائیل بە شێوەیەکی نـا ڕاسـتەوخۆ لـەژێر ڕکێفـی دەوڵـەتی هەخامەنشـی دابوو، جوولەکەکان زێتر ئاشنایەتییان لەتەك بیروباوەڕی ئایینی زەردەشتیدا پەیـداکرد، زۆربـەی زۆری ئەو زانیاریانەیان لەناو ئەو تەوراتانەی کە لەو سەردەمەدا نووسراوەتەوە و نووسـیوە، ئـەو زانیارییانـە لەنێو کتێبە ئایینییەکانی دیکەی دوای تەوراتیش بەرچاودەکەوێت، بەتایبەتی ئەو باسـانەی دەربـارەی مانەوەی ڕۆح، جیهانی پـاش مـردن، هەڵسـەنگاندنی کـار وکـرداری ئـادەمیزاد لـەرۆژی پەسـلاندا، بەهەشت و دۆزەخ، ئەهریمەن و فریشتەکانو... لەتـەك بـڕێ گۆڕانکاری(زیـادکردن یـا کەمکردنـەوە)، ئەمانە هەموی لەئایین و بیروباوەڕێ زەردەشتیدا وەرگیراوە. بۆ نموونە:

ناوی شەیتان (ئەهریمەن) بۆ یەکەمین جار لەتەوراتدا لەکتێبی(ئـەیوب) وەبەرچـاو دەکەوێـت کـە لەسەدەی پێنجەمی پ.ز نووسراوەتەوە. ناوی جوبرەئیلو میکائیل بۆ یەکەمین جـار لـەکتێبی(دانیال) لەسەدەی سێیەمی پ.ز نووسراوە. ئاماژەی ئینجیل بۆ ئەو حەوت فریشـتەیەی کـە تـەختی خوایـان هەڵگرتووە(مکاشف یوحنا، باب الاول ـ ٤) و هەروەها لەقورئاندا کە باسی هەشـت فریشـتە دەکـات کە عەرشی خوایان بەسـەر شـانەوەیە (سـورە الحاقـە ـ ایـە ١٧)، ئەمانـە لـەوتارەکانی (ڤەندیـداد) وەرگیراون کە یەکێکە لەپێنج کتێبەکانی ئایینی زەردەشتی، کە دەبێژێ: (ئاهورامەزدا لەسەر تـەختی زێـڕینی خـۆی دانیشـتووە و حـەوت فریشـتە (ئەمشاسـپەند) دەوریـان داوە). هـەروەها لەمـەڕ زیندووبوونەوەی مردووان و ڕۆژی پەسلان، یەکـەمین جـار لەتەوراتـدا لـەکتێبی ئەشـعیا (بـاب ٢٦) وکتێبی (مکابیان باب ٧) نووسراوەتەوە کە هـەردووکیان لەسـەردەمی هەخامنشـییەکاندا بـووە کـە ئایینی ڕەسمیان ئایینی زەردەشتی بووە.

لەم بارەوە، لەنووسینەکانی ئاڤێستادا (پاش گاتاکان) هاتووە:

(لەو ڕۆژەدا واتە ڕۆژی پەسلان، کار و کرداری هەموو کەسێك ــ چاك و خـراپ ـ بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانە هەڵدەسەنگێرێت. دینکرد فصلی ٢٥، بنـدهش ٣٠، داتسـتان دینیـك بـاب ٢٣ ــ وە تەرازوی ژمێریار بە ئەندازەی تۆزقاڵێك لە چاکە یا خراپەی کەسێك سەروژێر ناکات، نە بـۆ خاسـان و نەبۆ خراپەکاران، نە بۆ شا و نە بۆ گەدا(مینوك خرد ــ کتێبی دووەم).

هەر لەم بارەوە، خوا لەقورئاندا دەفەرموێ: ((ولەو رۆژەدا کار و کرداری هەرکەسێك لەتەرازوودا دەپێورێت، تەرازوو بە ئەندازەی دانەیە هەرزن بەسوود یا زیانی کەسێك قورس نابێت ــ سورە ئەنبیا ئایەتی ٤٧)).

(فون گال)، زانای رۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی ئەڵمانی کە کتێبی تەورات و ئاڤیستای شیکردۆتەوە، لەکتێبی Basileia ton Theon، چاپی بۆن ١٩٢٦ دەبێژێ:

(.... ئەگەر ئایینی جوولەکە پاش ئەوەی لەدیلێتی ڕزگاریان بووو لەسەردەمی کورش گەڕانەوە ئۆرشەلیم، بڕێ گۆڕانکاری باشی تێدا پەیدابوو، هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە سەر کارتێکردنی بیروباوەڕی زەردەشتی). لەڕوانگەی توێژینەوەی (فون گال)، جوولەکەکان پێش دوورخستنەوە بۆ بابل، بەهیچ جۆرێك باوەڕیان بەوە نەبووە کە رزگارکەرێك یا(مەسیح)ێك دێت، بەڵام ئەم باوەڕەیان لە زەردەشتییەکان وەرگرت کە دەڵێن(سوشیانس) یا رزگارکەری جیهان دێت و جیهان پڕ لەتەبایی و ئاسایش دەکا. ئەم بیرۆکەیەیان بە شێوەیەکی وەها پەروەراند کە سەرئەنجام بووە هۆی دەرکەوتنی مەسیح. بە واتەیەکی دیکە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، مەسیحییەتیش لەبیرۆکەی ئایینی زەردەشتییەوە وەرگیراوە.

کاردینال فرانتس کونیگ کە ئەسقەفی گەورەی کلێسای کاتولیك لەنەمسابووە، لەساڵی ١٩٦٤ دا لەکتێبێکی خۆیدا کە توێژینەوەیەکی وردی لەم بارەیەوە ئەنجام داوە، پتر لەسەد بەڵگەو بۆچوونی توێژەران و زانایان و تەورات ناسانی جیهانی رۆژئاوای باسکردووە کە تیایدا باسی کارتێکردنی بنەڕەتی ئایینی زەردەشتی لەئایینەکانی جوولەکە، فەلە و ئیسلام دەکات.

میلز، لەو باوەڕەدایە کە ئایینی زەردەشت کاریکردۆتەسەر ئایینی جوولەکە بەتایبەتی لەکاتی دوورخستنەوەی جوولەکەکان بۆ بابل، ناوبراو دەبێژێ کە (فریسی)یەکان چینێکی بەناوبانگی جوولەکەکان بوون کە زێتر ئایینی ئێرانییەکان کاری کردبووە سەریان، ئەم ڕاستییە پتر دەتوانین لە بیروباوەڕیاندا ببینین، هەر بە هۆی ئەم (فریسی)یانە وە ئایینی زەردەشتی چۆتە نێو ئایینی فەلەو کاریکردۆتە سەر.

گیمن و برێکی دیکە لەتوێژەران لەو باوەڕەدان کە(پردی چینوت) یا پردی پاداشت و سزا لەلایەن جوولەکەکانەوە لەزەردەشتییەکان وەرگیراوە، لەپاشاندا لەئایینی ئیسلامدا بۆتە پردی سیرات).

ویل دورانت، لەو باوەڕەدایە کە بیرۆکەی بەهەشت و دۆزەخ و پاداشت و سزا و ململانێی نێوان چاکە و خراپە و سەرکەوتنی چاکە بەسەر خراپەدا، جوولەکەکان لە زەردەشتییەکانیان وەرگرتووە.

بڕێ لەتوێژەران دەربارەی ئەو حەوت فریشتەیەی بارەگای یەهوە، کەپاش دوورخستنەوەی جوولەکەکان بۆ بابل کەوتۆتە ناو ناوان لایان، واتە جوبرەئیل، میکائل، روفائیل، ئیسرافیل، ئیزرائیل، ئوهبلو ئوریل ڕەنگدانەوەی ئەمشاسپەندەکانی زەردەشتییەکانە، وئەو چوار فریشتە نزیکانەی بارەگا بە چوار دیاردە سەرەکییەکانی ئایینی زەردەشتی دەزانن، واتە: ئاشا وە هومەتە، خەشترا و ئارمەئیتی (لەپاشاندا بە دوور و درێژی باسیان لێدەکەین).

دەربارەی پاداش و سزا لەرۆژی پەسلاندا باوەڕی زەردەشت کاری کردۆتە سەر ئایینی فەلە، ئەوە نەبێت کە بەهەشت و دۆزەخێك کە لەئایینی فەلە باسی لێکراوە لەتەك ئەوەی گاتاکاندا جیاوازییان هەیە.

فیلسین شالە دەبێژێ: ((ئایینی زەردەشت تا ئێستاش کاری کردۆتە سەر ئایینی جین بودا، ئازادی هەڵبژاردن، دوورەپەرێزیکردن لەقوربانیکردن، رێزگرتن لەزیندووان، ئەم سێ باوەڕە لەباوەڕی زەردەشتن)).

ویدن گرن: ((لەو باوەڕەدایە کە باوەڕی مەزداپەرستەکان (زەردەشتییەکان) دەربارەی رۆح و ژیانی پاش مردن و پاداشت و سزا لەرۆژی پەسلاندا کاری کردۆتە سەر ئایینی جوولەکە و تێکەڵ بە تەورات بووە)).

داوسون: ((لیستێکی بلاوکردۆتەوە کە زێتر لەسەد(تەوەری)ی تێدا باسدەکات، کە ئایینی زەردەشتی لەتەك ئایینی جوولەکە و فەلە چون یەکن. زۆربەی زۆری ئەمانە پاش هێرشی بابلییەکان بۆسەر ئۆرشەلیم و بەیەخسیرگرتنی جوولەکەکان و هێنانیان بۆ بابلو پاشان گرتنی بابل لەلایەن کورشەوە، روویداوە. دوایی ئەم باوەڕانە هاتوونەتە نێو ئایینی فەلە.

فرە لەتوێژەران وەك: ایزلر، ریتن اشتین، شدر، یگر و.. لەو باوەڕەدان کە بیروباوەڕی زەردەشت کارێکی زۆری کردۆتە سەر بیرەوەرە یۆنانییەکان و تەنانەت دەبێژن، کە ئەفلاتوون زۆربەی بۆچوونەکانی خۆی لەزەردەشتییەکان وەرگرتووە.

هەروەها دەربارەی تیۆری ململانێی دژەکان (نظریة نزاع الاضداد) کە لەنێوان حەکیمەکانی یونان زۆر باوبووە و کەسانێکی وەك: اناکسیماندر، هراکلیت، فیثاغورس، سقراط، هزیودو... باوەڕیان پێێ بووە، لە بنەڕەتدا بەکارتێکردنی ئایینی زەردەشتی دەزانن، کە لەململانێی نێوان خێر و شەڕ یا چاکە و خراپەی زەردەشتەوە وەرگیراوە.

هەراکلیت باوەڕی بەوە بووە کە گەوهەری یاسای جیهان یا(نوموس ـ Nomos)و (لوکوس ـ Logos)بریتییە لەئاگر، لەبەرئەوەی لە ئاڤێستادا ئاگر نیشانەی یاسای ئافراندن

و ئاشا بووە، بێگومان ئەم باوەڕەی هراکلیت لە ئاڤێستاوە وەرگیراوە (دەربارەی ئاگر و پەیوەندیان لەتەك باوەڕی زەردەشتدا لەپاشاندا بە دووروودرێژی باسی لێدەکەین). ئەوەی سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە، کە ئەم(بیرەوەرە) لەگەڵ ئەوەی لەو سەردەمەدا قوربانیکردن بۆ خواکان باوبووە، بەڵام ئەم دژی قوربانیکردنی ئاژەڵ بووە و دژی ئەوەش بووە، کە مردو بەخاك بسپێرێت کە ئەمانە هەموویان لەتەك ئایینی زەردەشتدا چون یەك بووە.

ئەمشاسپەندان (نەمرە پیرۆزەکان)

هەر زیندەوەر یا گیاندارێك، توانایی و سیفاتی تایبەتی خۆی هەیە کە بە هۆی ئەوانەوە دەناسرێن و لەیەکدی جیادەکرێنەوە. دەتوانین ئەم سیفەتانە بە نیشانە یا تایبەتخۆی ئەو زیندەوەرە دابنێین. بۆ نموونە، باڵندەکان بریتین لەگیانلەبەرانێك کە بە هۆی سییەکانیانەوە هەوا هەڵدەمژن، لەشیان بە پەڕ داپۆشراوە، بۆ زاوزێ هێلکە دەکەن، پلەی گەرمایی لەشیان لەتەك گۆڕینی پلەی گەرمایی دەوروبەریاندا نەگۆڕە، لە بریتی دەست باڵیان هەیە، لە جێی لێو و دان و دەم دەنوکیان هەیە و....، کەواتە هەموو باڵندەیەك ئەم سیفەتانە یا ئەم نیشانانەیان هەیە. یاخود دەتوانین بێژین هەر زیندەوەرێك هەموو ئەم سیفەت و نیشانانەی هەبێت، باڵندەیە. بەڵام ئەگەر زیندەوەرێك بڕێك لەم سیفەتانەی تێدا بێت، مەرج نییە باڵندە بێت. بۆ نموونە، ئەگەر زیندەوەرێك هێلکە بکات لەوانەیە باڵندە نەبێت، چونکە ماسیش هێلکە (گەرا) دەکات.

بڕێ جار سیفەتێك یا چەندین سیفەت تایبەتە بۆ زیندەوەرێك و هیچ زیندەوەرێکی دیکە ئەو سیفەتە یا سیفەتانەی تێدا نییە. ئەم جۆرە سیفەت و تواناییە تایبەتین بۆ زیندەوەرێکی تایبەتی. بۆ وێنە (جولانەوە و بزووتن) بە مانا زانستییەکەیەوە، یەکێکە لە تایبەتکارییەکانی زیندەوەر، چونکە هیچ بوونێك کە زیندوونەبێت ئەم تواناییەی نییە (توانای جولانەوە و بزووتن)، بە واتەیەکی دیکە دەتوانین بێژین، هەر زیندەوەرێکی زیندوو دەجولێتەوە یاخود هەر شتێك توانای جولانەوەی هەبێت، زیندووە.

کەواتە هەر سیفەتێك، لە تایبەتییەکانی بوونێك نەبێت، بە تەنیایی دەتوانێت بۆ ناسینی ئەو (بوونە) بەس بێت بەڵام هەر سیفەتێك کە لەتایبەتییەکانی (بوونێك)بێت، بە تەنیایی دەتوانێت بۆ ناسینی ئەو (بوونە) بەس بێت.

(روناکی) لەتایبەتییەکانی (نور)ە، کەواتە (نور)، روناکە، هەرچی شتێك روناك بێت، (نور)ە. لەسەر ڕووی زەوی (بیرکردنەوە)، لەتایبەتییەکانی ئادەمیزادە، کەواتە ئادەمیزاد بیردەکاتەوە. وەهەر ئافەریدەیەك لەسەر ڕووی زەوی بیربکاتەوە، ئادەمیزادە.

بـــەم شـــێوەیە، تایبەتییـــەکانی هـــەر (بوونێـــك)، تایبـــەتین بـــۆ ئـــەو (بوونـــە). ئافرانـــدن، لەتایبەتکارییەکانی خوایە، کەواتە خوا خولقێنەرەو هەر شـتێك بتوانێـت بخولقێنـێ، خوایـە، لەبـەر ئەوەی ئافراندن لەتوانا تایبەتییەکانی خوایە، کەواتە خوا لەم تایبەتکارییەدا، تەنیایە و هیچ شتێك یـا کەسێکی دیکە ئەم تایبەتییەی نییە.

خوا، بێ ئەندازە سیفات و توانایی جۆراوجۆری هەیە، کە هەر یەکە لەمانە لـەزاتی خـوادا تـەواو سەنگ و ڕەها و بێ بڕانەوەن وەك: ئافراندن، ڕاستی، بیری خاس، میهرەبانی، بەخشین، نەمرێتی،....

لە (گات)ەکاندا ــ سروودەکانی زەردەشت ــ، پەیامبـەر بـە هـۆی (بـیری خـاس)و هۆشمەنـدی خۆیەوە، پەی بە بوونی ئاهورامەزدا دەباو دەیناسێت.

یەکـێ لەتایبەتکاری و توانایەکانی زەردەشت ئەوەیـە کـە بـە هـۆی ئـەقڵ و هـۆش و ژێـریتی خۆیەوە، خوای ناسیوە. بۆیە هەوڵدەدات کە بەشێوەیەکی زۆر سـادە و ئاسـایی نیشـانەکانی خـوا بـە خەڵکی بناسێنێ.

بڕێ لەم نیشانانە، تایبەتی خوان، بەڵام هەندێکی دیکەیان هەرچەندە لەبوونی خوادا تەواو سـەنگ و بێ بڕانەوەن ــ لەم ڕووەوە لەتایبەتکارییەکانی خوان ــ وەلـێ بـە گـوێرەی یاسـای ئافرانـدن، کـە یاسـای ڕاسـتی (ئاشـا)یەو ویسـتی خوایـە، ئـادەمیزادیش بـە شـێوەیەکی ڕاژەیـی دەتوانێـت ئـەو توانایەتییەی هەبێت، ئەم تواناییە خۆی یەکێکە لەتایبەتکارییەکان کە بە ویستی خـوا و بـە گـوێرەی یاسای ئافراندن هەر لەو کاتەوە کە ئادەمیزاد ئافەریدە بووە، ڕەچاوکراوە.

لەدیدی زەردەشتەوە، ئادەمیزاد نە تەنیا دەتوانێ ـ بەڵکو دەبـێ بتوانێـت ـ بـڕێ لـەو سـیفەت و تواناییانە بە شێوەیەکی ئاگایانە لەخۆیدا بەدیبهێنێت و هەمیشە بەهێزتر و پتەوتر و زێتریـان بکـات. زەردەشت لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر ئادەمیزاد بوونی خۆی بەم نیشانانە و ئەم سـیفەتانە بڕازێنێتـەوە و هەوڵ و کۆششی بێوچان بدات بۆ پەرەسـەندنیان، مرۆڤایـەتی گەشـەدەکا، گەشـەکردنی مرۆڤایـەتی دەبێـتە هۆ و مایەی سەربەرزێتی و پەرەسەندنی خوو ڕەوەشت و چاکە و ڕاستی و دروستی لەجیهانـدا و دەرئەنجام ژیان لەسەر بنچینەی ئایینی ڕاستی پێشدەکەوێت، پێشـکەوتنی بـەردەوام و هەمیشـەیی ژیان لەم جیهانەدا لەسەر بنچینەی ڕاستی و دروستی، ئارەزووو ئارمانی زەردەشتە.

زەردەشت، بۆ گەیشتنی ئادەمیزاد بەو ئارەزووە، باشترین ڕێگەی بە ڕازاندنـەوەی ئـادەمیزاد بـەو سیفات و نیشانانە داناوە، کە بەشێوەیەکی تەواوسەنگ و بێبڕانەوە لە زاتی ئاهورامەزدا هەیـە، بـڕێ لەو سیفەتانە ــ وەك بیری خاس ــ بە بنەما و بنچینە بۆ ئـادەمیزاد دەزانـێ، بۆیـە زێـتر جـەختیان لەسەر دەکات.

زەردەشت، شەش سیفەت لەسیفەتەکانی ئاهورامەزدا، بۆ گەشەکردنی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی ئادەمیزاد و پەرەسەندنی ئاکاری تایبەتی و کۆمەڵایەتی بە پێویست دەزانێت و ئەم شەش سیفەتانە بریتین لە:

وەهومەن (بیری خاس)، (ئاشا) (راستی)، (خشەترا) (توانایی)، (ئەرمەئیتی) (خۆشەویستی و لەخۆبوردن)، (هەئور وەتات) (پوختەیی)، (تەندروستی و پێگەیشتوویی)، (ئەمرتات) (نەمرێتی).

بەم جۆرە، بە بۆچوونی زەردەشت و دەربڕینی ئەم راستییە کە ئادەمیزاد دەتوانێت بڕێ لەو سیفەتانەی خوا لەنێوخۆیدا پەروەردە بکات، پەیوەندییەکی پتەوو دۆستانە لەنێوان خوا و ئادەمیزاد دروست بێت، بە ڕادەیەك ئەم پەیوەندییە بەهێزدەبێ کە ئادەمیزاد پلەوپایەی خۆی لەئافراندن دا ــــ لەلایەن خواوە ــ فرە مەزن و باڵا دەبینێ، بە شێوەیەك ئیدی خوا بەستەمکار و کوشندەو.... نابینێ، بەڵکو هەست بەوە دەکات کە خوا دۆستێکی زۆر دڵسۆزو نزیك بە خۆیەتی، خۆی بە کۆیلە و بەندەی خوا نازانێت، خوا بە دۆستی خۆی و خۆی بە هاوەڵی خوا دەزانێت. ئەم نزیکبوونەوە و دۆستایەتییە وا لەمرۆڤ دەکات ئیدی بۆئەوەی نزیکتر بێتەوە لە خوا پێویست بە ئەنجامی ئەو هەموو مەراسیمە ئایینییانە نەکا، تەنیا هۆیەك بۆ پەیوەندیکردن لەتەك خوا هەر ئەو سیفەت و ردوشتانە بێت و بەس.

لێرەدا پێویستە هەر یەکە لەو سیفەتانە هەروەکو چۆن لەگاتەکاندا باسی لێوەکراوە، هەر بەو شێوەیە و بەکورتی و پوختەیی باس بکرێت:

- وەهومەن: vohumana یا سیفەتی بیرکردنەوەی خاس:

ئەم سیفەتە زێتر بە شێوەی وشەی (وەهومەتنگها)، وەهو = خاس، مەنتگها = بیر)و (وەنیگئوش مەنگهو)و (وەهومەنو)هاتووە کە مانای تێکرای هەمووی دەبێتە بیری خاس یا بیرکردنەوەی خاس، ئەم وشەیە لەبنچینەدا ئاڤێستاییە، بەرەبەرە لەفارسیدا بۆتە (وەهەمەن) وپاشانیش بووە بە (بەهمەن).

بیری خاس یەکێکە لەسیفەتەکانی زاتی خوا، ئەرکی سەرشانی ئادەمیزاد ئەوەیە لەسەراسەری ژیانیدا هەوڵ بدات ئەم سیفەتە لەنێو خۆیدا پەروەردە بکات و زیادی بکات. زەردەشت لەزۆربەی سروودەکاندا دەربارەی بیری خاس وتوویژیکردووە و نرخ و بایەخێکی تایبەتی پێداوە.

هیچ جێگەی رارایی و گومانی تێدانییە کە بیری هەر کەسێك بنەما و بنچینەی وتەو و کرداری ئەو کەسەیە. دووپاتکردنەوەی کردار و گوفتاری هەموو کەسێك بەرە بەرە دەبێتە خو(عادەت).

دەتوانین بێژین کە خوورەوشتی ئـادەمیزاد لەچـۆنێتی بیرکردنـەوەی ئـەو کەسـە دێتـەدی، بۆیـە زەردەشت بیری خاس بە سەرچاوەی هەموو کار و کرداری خاسی مرۆڤ دەزانێت. بۆئەوەی بزانین کە ئـەم سیفەتە بەلای زەردەشت چەند گرنگ بووە، دەبێژین کە لە تێکـرا ۲۳۸ بەنـد لەسـروودەکانیدا، ۱۲۹ جار باسی گرنگێتی و بایەخی بیری خاسی کردووە.

- ئاشا، نیشانە یا سیفەتی راستی:

ئەم سیفەتە (ڕاستی)، لەنێو گاتەکاندا زێتر بەشێوەی ئەم وشانە هاتووە (ئاشا، ئەشـم، ئەشـەهیا، ئاشاوەهیشتا(ئاشا بە مانای راستییە، هیشتا بەواتەی چـاکترینە)ە، ئاشاوەهیشـتا، دەبێتـە چـاکترین راستی.

(ئەم وشەیە لە زمانی فارسی نوێدا بۆتە اردیبهشت).

راستی یا چاکترین راستی لەزاتی خوادا بریتییە لە یاسا و رێکـوپێکی تـەواو سـەنگ و توانـایی داڕشتنی سیستەمێکی بێ خەوش کە بە شێوەی یاسایەك فەرمانڕەوایەتی گشت (بوون) و سروشـت و کەشکەڵان دەکات و خۆی لە چاکترین راستیدا دەنوێنێ.

ئەم نیشانەیە لەنێو ئادەمیزادیشدا بریتییە لەتوانایی بە تەکوزیدان بە کردار بـە گـوێرەی راسـتی، یاخود بێژین، بریتییە لەهاوئاهەنگ کردنی بیر و کردار و وتار لەتەك یاسای راستیدا، پێویستە لەسـەر هەموو کەسێك هەمیشە ئەم تواناییەی خۆی پەروەردەبکات کـە کردارەکـانی خـۆی لەتـەك راسـتیدا هاوئاهەنگ بکات و هەرگیز لەڕێی راستیدا لانەدات، هەمیشە باوەڕی بـە یەسـنای هـات ۷۲ بەنـدی ۱۱ پتەوبێت کە دەبێژێ:

((تەنیا یەك رێگە هەیە و ئەویش راستییە))

- نیشانەی توانایی (خشەترا)

لەنێو گاتەکاندا زێتر بە شێوەی (خشەترا، خشـەپیرم، خشـەپرەهیا) هـاتووە. ئـەم وشـەیە لـەنێو ئاڤێستای دواییدا بۆتە (خشەپرەوەئیریە) و لەفارسیدا بۆتە(شهریور).

توانایی بە شێوەیەکی تەواو سەنگ، بێ ڕادەو بێ بڕانەوە لەزاتی خوادا هەیە. توانـایی وەدیهێنـان و دروستکردن (ئافراندن) یەکێکە لەتواناییەکانی تایبەت بە خوا. توانـایی خـوا ـــ خـاس بیرکـردن، راستی، دلۆڤانی، کەمال و نەمرێتییە، لەبەر ئەوە تواناییەکی دروستکەرە نەڕوخێنەر.

لەروانگەی پەیامی زەردەشتەوە، ئەگەرچی خوا توانای بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێ، بەڵام ئـەم توانایەی جگە لەڕێی ڕاستی وەدیهێنانی شتی خاس و بەخشەندەیی بەکار ناهێنێت.

نیشانەی توانایی لـەنێو ئـادەمیزادا، لەراسـتیدا بریتییـە لـەبڕێ لەتوانایـەکانی زاتـی خـوا بـە شێوەیەکی ڕادەدار و بڕانەوە (متناهی)، کـە ئـادەمیزاد دەتوانـێ ئەمانـە لـەنێو زاتـی خۆیـدا وەدی بهێنێت و پەروەردەی بکا و پەرەی پێ بسێنێت، کە: توانایی لێبوردن، میهرەبانی، کونترۆڵی ویسـت و خواست و ئارەزوو و ڕەفتاری خۆی بە هۆی هاوئاهەنگکردنی نێوان ویست و ئـەقڵ، توانـایی پـەیڕەوی لە یاسای ڕاستی، توانایی بەرگری لەهەق و دژایەتیکردنی درۆ، توانایی ئازادبوون و ئازاد بیرکردنـەوە. بە کورتی بێژین، گشت تواناییەکانی ڕەوشتی و مەعنەوی، هەرکەسێ، خـۆی بـە نیشـانەی توانـایی (خشەترا) ڕازانبێتەوە، ئەم ڕاستییە بزانێت کە تواناییەکانی بریتین لە پرشنگێك لەتواناییـەکانی خـوا، بێگومان ئەو تواناییانەی تەنیا لە ڕێگەی بەختەوەری مرۆڤ، ئاوەدانکردنی جیهان و پێشخستنی ژیـان لەم جیهانەدا بەکاردێنێت.

- نیشانەی دلۆڤانی (میهرەبانی) و (خۆشەویستی) و لەخۆبوردن ــ ئەرمەئیتی

ئەم نیشانەیە لەگاتەکاندا زێتر بە شێوەی (ئەرەمـەئیتی، ئەرەمـەئی تـیش) هـاتووە، ئـەم وشـە ئاڤێستاییانە لەتەك سیفەتی (سپێنتا) لەفارسیدا بۆتە (سپندارمند) یا (ئەسفەند).

دلۆڤانی یەکێکی دیکە لەنیشانەکانی زاتی خوایە. خوا گشت دروستکراوەکانی خۆی بـێ ئەنـدازە خـۆش دەوێ و میهرەبانـە بۆیـان. هـەموو نیشـانەکانی خـوا، بـێ بڕانـەوە و بـێ ڕادەن، کەواتـە خۆشەویستی، میهرەبانی و لێبوردن و بەخشەندەگیش هەروا بێ ئەندازەن. کەوایە خۆی لەخۆیدا زۆر و ستەم لەکەس ناکات، لە کەس تووڕە و زویرنابێت و نارەنجێت، کەس فریونادات، تۆڵە لـە هـیچ کـەس ناسێنێت.

بە بۆچوونی زەردەشت، ئادەمیزاد بەردەو کۆیلەی خوا نـین، بـەڵکو خـوا هـەموو ئادەمیزادــ بـە تایبەتی ئەوانەی پەیڕەوی ڕاستی بن ــ بە چاوی دۆست تەماشادەکات و ئامادەی دۆستایەتییانە.

پەیوەندیی نێوان ئادەمیزاد و خوا بە بۆچـوونی زەردەشـت، لەسـەر بنـەمای دۆسـتی و دلۆڤـانی دامەزراوە نە بە هۆی ترس و هەراس. لەم ڕوانگەیەوە ئادەمیزادیش دەبـێ تێبکۆشـێت تـا هەمیشـە نیشانەی خۆشەویستی لەخۆیدا پەروەردەبکا و گەشەی پێبدات. پرشـنگەکانی نیشـانەی دلۆڤـانی لـە ئادەمیزاد بریتین لە: لێبـوردن، میهرەبـانی، خۆشەویسـتی، خـەمخواری، بەخشـندەیی، دادپـەروەری، خۆشبینی و بێ فیزی و...

- نیشانەی پێگەیشتن و پوختەیی (کمال ــ بلوغ)

لەگاتەکاندا پتر بە شێوەی وشەی (هەئورواتا، هەئوروەتو، هەئوروائوس) هاتووە، ئەم وشەیە لەفارسیدا بۆتە (خرداد) پوختەیی، لەو نیشانە بێ هاوتا و تەواو سەنگانەی خوایە، بەڵام هەروەکو لەمەوبەر گوتمان، ئادەمیزاد دەتوانێ بە شێوەیەکی ڕاژەیی خۆی پێ بڕازێنێتەوە. ئاشکرایە کە بۆ گەیشتن بە پوختەیی یاخود بێژین گەیشتن بە (ژیانێکی بێ خەوش) دەشێ لەپێش هەموو شتێکدا مرۆڤ چەندین پلە و قۆناغی بڕیبێت، واتە پێشەکی خۆی بە نیشانەکانی (بیری خاس) (راستی)، (توانایی)، (دلۆڤانی) ڕازانبێتەوە. بە واتەیەکی سادەتر، (پێگەیشتن و پوختەییش) هاوڕی لەتەك گەشەپێکردن، نەشونما و پەرەسەندنی نیشانەکانی دیکە کە باسمان کردن لە ئادەمیزادا بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ پەرە دەسێنێت و بەرەو مرۆڤی ئیدەئال و ئارمانی نزیك دەبێتەوە، هیچ گومانی تێدانییە، کە مرۆڤی بێ خەوشە کە دەتوانێ کۆمەڵگا و ژیانێکی بێ خەوش و دەرئەنجام جیهانێکی ئیدەئال و ئارمانی دامەزرێنێت، واتە سەرچاوەی کۆمەڵگا و جیهانێکی ئیدەئال و ئارمانی مرۆڤی بێخەوشە.

- نیشانەی نەمرێتی

لە گاتەکاندا زێتر بە شێوەی وشەی (ئەمیریتاتا، ئەمیریتاتەس چا، ئەمیریتەتام) هاتووە. ئەم وشەیە بە فارسی بۆتە (ئەمرداد، مرداد) بێگومان وشەی نەمر بە مانا وشەییەکەیەوە تەنیا تایبەتە بە خوا، بەڵام ئادەمیزادیش بە گوێرەی ئەو یاسایەی کە بۆ بوونی ئەو ڕەچاوکراوە دەتوانێت بە شێوەیەکی دیکەو ڕاژەیی بگاتە ئەو نەمریتییە.

بە باوەڕی زەردەشت، ئادەمیزاد بە گوێرەی یاسای ئاشا(راستی) ــ کە یاسای ئاهورایی فەرمانڕەوایەتی هەموو بوونە ــ هاوجووت لەتەك هێز و توانای بیرکردنەوەدا خولقاوە. لەم ڕووەوە ئەم هێز و توانای بیرکدنەوەیە کە پلەوپایەی ئادەمیزادی لە ئاژەڵ و زیندەوەرەکانی دیکە بەرزتر کردۆتەوە. بە واتایەکی دیکە مرۆڤایەتی ئادەمیزاد بەوەیە کە دەتوانێت بیربکاتەوە. کە دەبێژین فلان مرۆ، مرۆیەکی خاسە، واتە خاس بیردەکاتەوە یا بیرکردنەوەی باشە، کاتێ دەبێژین مرۆیەك بەختەوەرە، مانای ئەوەیە کە لە بیریدا هەست بە ئارامی و ئاسایش، شادمانی و بەختەوەری دەکات. کەسێك راست دەبێژێ، چونکە راست بیردەکاتەوە، یا کەسێك یارمەتی کەسێکی دیکە دەدات، ئەوە بیری ئەو کەسەیە کە هانی دەدا بەم کارە هەڵسێت.

ئادەمیزاد بەدوو شێوە ڕەفتاردەکا، شێوەیەك لەڕەفتارو کردارەکانی (سرشتی)ن ــ غریزی ــ، ئەم شێوەیە لەنێو ئادەمیزاد و زیندەوەرەکانی دیکە چون یەکن، شێوەی دووەم، ئەو کردارانەن کە تایبەتن

بۆ ئادەمیزاد، لەتوانای بیرکردنەوەیەوە هەڵدەقوڵێت، بۆیەکا دەتوانین بێژین کە ئادەمیزاد بەرابەرە لەتەك بیرکردنەوە و ئەندێشە.

لەم روانگەیەوە، کاتێك کە دەبێژین ئادەمیزاد دەگاتە پلەی بێ خەوشێتی، ئەمە بە مانای ئەوەیە کە بیری ئادەمیزادە دەگاتە بێ خەوشێتی.

یەکێ لەتایبەتکارییە هەرە زەقەکانی بیری بێ خەوش بریتییە لەدروستکردن و ئاوەدانی. لەنێو بیری بێ خەوشدا، هۆکانی کەمکردن و ڕوخاندن و ڕماندن ـــ کە دژی زێدەکردن و دروستکردن و ئاوەدانییە ـــ نابینرێت و نییە.

کەوایە، بیری بێ خەوش هەمیشە لەگەشەکردن و پێشکەوتن و سەرفرازییە. ئەم جۆرە بیرانە دەبنە هۆی گەشەکردن، پێشکەوتن و سەرفرازی بیرەکانی دیکە.

بەرهەمی پێگەیشتن و بێ خەوشێتی بیرەکان، بە شێوەیەکی زێدەو هەمەگیر بەردەوام و هەمیشەیی دەبن. بیرێك کە بتوانێت ببێتە هۆی گەشەپێکردن و پێشکەوتنی بیرەکانی دیکە، هەرگیز لەنێو ناچێت و هەمیشە نەمرە.

بەم جۆرە کارتێکردنی بیرە بێ خەوشەکان لەسەر ژیانی ئادەمیزاد، هەمیشەییەو و دەمێنێتەوە. بە واتەیەکی دیکە، دەتوانین بێژین کە بیرە بێخەوشەکان، نەمر و هەمیشە زیندوون، نهێنی نەمرێتی ئادەمیزدایش ئا لەم ڕاستییە دایە.

بە گوێرەی ئەوەی تا ئێستا باسمان کرد، دەتوانین بێژین کە ئادەمیزاد لەدوندی بێ خەوشێتی خۆیدا، دەگاتە نەمرێتی، ئا لەم ئاستی بینایی و عیرفانە کە بەراستی بۆی ڕووندەبێتەوە، کە وەك خوای لێهاتووە و دەتوانێ پڕ بە دەم هاواربکات و ئەم ڕاستییە بدرکێنێ کە (گەیشتوومەتە پلەی خوایەتی) یان (وەك خوام لێهاتووە).

ئەوەی تا ئێستا لەم بارەوە باسمان کرد زۆر بەکورتی بریتییە لەوەی کە نیشانەکانی (خاس بیرکردنەوە)، (راستی)، (توانایی)، (دلۆڤانی)، (بێ خەوشێتی) و (نەمری) بە شێوەیەکی تەواو سەنگ، بێ ڕادە و بێ بڕانەوە، لەزاتی خوادا هەیە و ئادەمیزاد دەتوانێ بە شێوەیەکی ڕاژەیی هەر یەکێ لەمانە یاخود هەمویان وەربگریت و لەخۆیدا پەروەردەیان بکات و گەشەیان پێ بدا. بۆ نموونە ئەگەر کەسێك تەنیا نیشانەی (خاس بیرکردنەوە) تا نزیك بە (بێخەوشێتی) لەخۆیدا پەروەردەبکات، دەتوانین بێژین، ئەو کەسە لە ڕووی خاس بیرکردنەوەدا، لە خوا نزیکبۆتەوە. یاخود بێژین لە ڕووی خاس بیرکردنەوەدا وەك خوای لێهاتووە یا لەو ڕووەوە گەیشتۆتە خوایەتی. بەڵام ئەگەر کەسێك

نیشانەکانی (خاس بیرکردنەوە)، (راستی)، (توانایی)، (دلۆڤانی) بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ لەخۆیدا پەروەردەبکات و تەشەنەی پێبدات، بەرەبەرە دەگاتە (بێخەوشێتی) و (نەمری).

زەردەشت لەگاتەکاندا(یەسنا ٤٥ بەندی ١٠) دەبێژێ:

((بە باوەڕێکی پاکەوە، ستایشی دەکەین و بە گەورەی دەزانین،
ئەو، کە هەمیشە، ئافەریدەگار و دانای مەزنە
بە هۆی(ئاشا)راستی و (وەهومەن) بیری خاس،
وبە شالیاری خۆیەوە
مژدەی پوختەیی و نەمرێتی بە خەڵك دەدات،
وتەندروستی و تواناییمان پێ دەبەخشێت.))

کەوایە دەتوانین بێژین: ئادەمیزاد لەقۆناغی (بێخەوشێتی) و (نەمری)دا، بە راستی لە خوا نزیك دەبێتەوە یا دەگاتە خوا یا وەك خوای لێدێت.

هەروەها زەردەشت دووبارە لەگاتەکاندا (یەسنا ٤٤ بەندی ١٧) دەبێژێ:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
پرسیارت لێدەکەم،
ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،
چلۆن، بە هۆی ڕێنمایی تۆوە؟
ئاواتم دێتەدی و دەگەمە خزمەتت؟
کەی وتەکانم جێگەی خۆیان لەنێو دڵی خەڵك دەکەنەوە،
تا بەو پەیامەی کە لەسەرچاوەی راستییەوە هەڵدەقوڵێت،
خەڵك،
بەرەو پاکی و بێخەوشێتی و نەمرێتی ڕێنمایی بکەم.))

ئەوەشمان گوت کە خوا بڕێ تایبەتکاری هەیە ــ کە کەم نین ـ کە ئادەمیزاد ناتوانێ ئەنجامی بدات وەك نیشانەی ئافراندن کە لەتایبەتکارییە هەرە تایبەتییەکانی خودی خوایە و هیچ زیندەوەرێکی دیکە یا هێزێکی دی ناتوانێت و توانای ئەوەی نییە کە ئەنجامی بدات. کەوایە هیچ بوونێك ناتوانێت ببێتە خوای تەواو سەنگ. کەوایە باسی ئەوەی کە ئادەمیزاد ببێتە خوا باسێکی بێ ماناو خەیاڵاوییە.

بە بۆچو ن زەردەشت، ئادەمیزاد دەتوانێ بە هۆی پەروەردەکردنی ئەو شەش نیشانەیەی کە باسمان کرد، لەنێو خۆیدا، لە خوا نزیك بێتەوە یا وەك خوای لێبێت، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز هیچ هێزێك یا کەسێك ناتوانێت ببێتە خوا یا بگاتە خوایی، تەنیا (خوا) خوایە، هیچ زیندەوەرێك توانا و شیاوی خوایەتی نییە.

زەردەشت، لەپەیامە نەمرەکەیدا، (گاتاکان) ــ پلەوپایەیەکی تایبەتی مادی و جیاوازی بۆ ئەو شەش نیشانانەی باسمان کرد، دانەناوە بەڵام کاتێك لەمانای سرووەکانی وردەبینەوە، دەبینین کە (خاس بیرکردنەوە)ی بە بنەماو سەرەتای پێگەیشتنی مەعنەوی ئادەمیزاد داناوە، هەرکەس بۆ گەیشتنە بە بێخەوشێتی و نەمرێتی دەبێ نیشانەکانی (راستی)، (توانایی) و(دلۆڤانیش) لەخۆیدا پەروەردە بکات. لەسرووەکانی زەردەشت بڕێ جار باسی یەکێ یا دوو نیشانە بە تەنیا یا پێکەوە بە گوێرەی بابەت کراوە، هەندێ جاریش باسی هەر شەش نیشانەکانی پێکەوە کردووە.

بۆ نموونە لە یەسنا ٣٤ بەندی ١٣ بە تەنێ باسی (خاس بیرکردنەوە)ی کردووە، لە یەسنا ٥١ بەندی ٨ باسی (ڕاستی) کردووە. لەیەسنای ٢٨بەندی ١٠ نیشانەی (خاس بیرکردنەوە) و(راستی) پێکەوە باسیکردووە، لەیەسنا ٤٤ بەندی ٩ باس (خاس بیرکردنەوە)، (راستی) و(توانایی) پێکەوە کردووە، لەسێ سرووەیشا باسی هەر شەش نیشانەکانی پێکەوە باس کردووە وەك لەیەسنا ٤٧ بەندی١ دەبینین

((مەزدا ئاهورا،

بە شالیاری و دلۆڤانی خۆیەوە،

بە کەسێك، کە کردار و گوفتاری

بە هۆی ئەندێشەی خاس و باشترین بیر،

ولەسەر بنەمای راستیدا بێت

پوختەیی و نەمرێتی دەبەخشێت.))

پاش زەردەشت، یەکێ لەشاگردەکانی هەولێکی فرەی داوە رێبازی مامۆستاکەی بگرێتەبەر، لەبەرئەوە بڕێ لە بۆچوون و ئەندێشەکانی زەردەشتی لەحەوت سرووداً (راژە) کردووە. ئەم حەوت سرووده بریتین لە یەسناکانی ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١ کە بە(هفت هات) یا (هفتن یشت) بەنێویانگن. بۆ یەکەمین جار لەنێو ئەم سرووداندا، هەر یەکە لەو نیشانانەی کە باسمان کردن شێوەیەکی مادی بەخۆوە گرتووە و بۆ هەر یەکەیان (ئەمشاسپەند)ێکیان داڕشتووە، کە دەبنە

فریشتەکانی نزیك بە بارەگای ئاهورمەزدا (لەپاشاندا لەباسی ئاڤێستادا باسی ئەم حەوت سرووده دەکەین).

پاشان لەنێو ئاڤێستای نوێدا، ئەم شەش نیشانەیە بە تەرتیبێکی تایبەتییەوە بەم شێوەیە ڕێکخراون:

خاس بیرکردنەوە ـ راستی ـ توانایی ـ دلۆڤانی (خۆشەویستی) ـ بێخەوشێتی ـ وەنەمری.

ئەم شێوازی تەرتیبە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئادەمیزاد بۆ گەیشتنە دوا پلەی بێخەوشێتی لەرووی مەعنەوییەوە کە بریتییە لە بێخەوشێتی و نەمرێتی، پێویستە خۆی بە نیشانەکانی دیکە واتە (خاس بیرکردنەوە، راستی، توانایی، دلۆڤانی) بڕازێنێتەوە، بە واتەیەکی دیکە، ئادەمیزاد پاش ئەوەی ئەو هەنگاوانە هەڵدێنێ و یەکە یەکە ئەو قۆناغانە دەبڕێ، ئەوسا دەبێتە مرۆیەکی بێخەوش و ئارمانی و بۆ گەیشتنە هەر پلەیەك پێویستە لەسەری پلەی پێشووی ببڕێت.

باسی ئەمشاپەسند (یاخود فریشتە) لەئایینی زەردەشتدا، باسێکی فرە ورد و سەرنجڕاکێشەرە، چونکە کەس گەلێك لە ڕووی نەزانینەوە بوونی ئەم ئەمشاسپەندانە لە تەنیشت ئاهورامەزدا بە نیشانەی شەریکدانان بۆ خوای تاك و تەنیا دەزانن، لەباسی ئاهورامەزدا دا باسمان کرد کە ئایینی خواپەرستی زەردەشتی لەسەر بنەمای یەکتایی خوا دامەزراوە، ئیدی پێویست ناکات لەم بارەوە زێتر بدوێین. وشەی ئەمشاسپەندان لەسێ بەش پێکهاتووە: ئە ــ مشا ــ سپەنتە،

ئە: نیشانە (نا)یە واتە(نفی) (ئامرازی نەفیە)

مشا (مشە): بە مانای مردنە: کەواتە ئەمشا بە مانای(نەمر)ە

سپەنتە: مانای پاك و پیرۆز (مقدس)

ئەمشاسپەنت دەبێتە نەمری پاك یا نەمری پیرۆز (مقدس)

وشەی ئەمشاسپەندان لەهیچ یەکێ لەسروودەکانی زەردەشت لەنێو گاتەکاندا وەك بوونێکی مادی ئاماژەی بۆ نەکراوەو باسی لێنەکراوە، بەڵکو هەروەکو لەمەوبەر باسمان کرد باسی نیشانەکانی ئاهورامەزدا کراوە. لەنێو ئاڤێستای نوێدا، کە مەخابن پڕبووە لە ئەفسانە ئەم ئەمشاسپەندانە وەك فریشتە هاتوونەتەگۆڕێ و بەرەبەرە هێز و توانایان بۆ دیاریکراوە و وەك نیوە خوایەکیان لێهاتووە و بە شێوەیەك گەورەکراون، کە بڕێ جار لەتەك ئەوەی خۆیان دروستکراوی ئاهورامەزدان بەڵام دەیانگەیەننە ڕادەیەك ئەمانیش دەبنە دروستکەر و ئافەریدەگار.

ئەوەی کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە دەبێ پێش ئەوەی باسی ئەمشاسپەندان ــ بەو شێوەیەی کە تازە خراونەتە نیو ئاڤێستادا ــ بکەین، دەبێ بێژین کە ئەم ئەمشاسپەندانە بەهیچ

جۆرێك مەبەستی زەردەشت و باوەڕی ئەو پیاوە مەزنە نەبووە و نییە و هەرگیز لەئەندێشەی ئەودا نەگونجاوە.

هەروەکو گوتمان لە(هفتن یشت)دا بۆ یەکەین جار ئەمشاسپەندان لەشێوەی رۆحانی و مەعنەوی و نیشانەکانی ئاهورامەزداوە گۆڕاون و شێوەی مادییان بەخۆوە گرتووە و بوونەتە فریشتەکانی بارەگای ئاهورامەزدا، بەرەبەرە لەتەك تێپەڕینی رۆژگاردا، هەرچەندە لەمردنی زەردەشت دووردەکەوینەوە، لەبەشەکانی دیکەی ئاڤێستادا ئەم باسە زێتر بەرەو ئەفسانە دەڕوا و ئەمشاسپەندان بە کارگوزارانی ئاهورامەزدا دادەنرێن، بۆ هەر یەکێکیان سەرپەرشتی بەشێك لەئیشوکاری سەر زەوییان پێ سپێردراوە، یەکێ سەرپەرشتی ئاژەڵ، یەکێکی دی پارێزەری گژوگیایە، یەکێکی تر سەرپەرشتی ئاو دەکا و ئەوی دیکەیان ئاگاداری کانەکان دەکات و..... لەنووسینەکانی (پهلوی)دا ئیدی بە تەواوەتی مەسەلەکەیان چەواشەکردووە، چونکە ئەمشاسپەندەکانیان بە وەزیرانی ئاهورا داناوە، کەوا لەچەپ و راستیدا ڕاوێستاون و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن. ئەم شێوە باسە کارێکی زۆری بە شێوەیەکی راستەوخۆ کردۆتە سەر ئایینە سامییەکان (جوولەکە، فەلە، ئیسلام) وە بێگومان جوبرەئیل، میکائیل، ئیزائیل، ئیسرائل، ئیسوافیل و..... کە بە فریشتە نزیکەکانی خوا دادەنرێن، لەئەمشاسپەندانی ئایینی زەردەشتی وەرگیراوە.

هەروەکو لەمەوبەر باسمان کرد ئەمشاسپەندان لەبەشە ڕەسەنەکانی ئاڤێستادا (ئاڤێستای کۆن) تەنیا وەك نیشانەکانی (یا سیفەتەکانی) ئاهورامەزدا باسکراون، بەڵام بۆچی لەپاشاندا نەخش و رۆڵی مادییان بۆ دیاریکراوە و لەشێوەی چاودێر و بەرپرسیارێتی(عناصری) سروشتی پێشان دراون، ئەمە خۆی لەخۆیدا هانمان دەدا کە بزانین ئەو شتانەی کە ئەم ئەمشاسپەندانە بوونەتە چاودێریان چین؟ دەبینین ئەم شەش شتە فرە پیرۆز و سوودمەند و گرنگن بۆ ژیانی ئادەمیزاد و پێشکەوتنی شارستانییەت وەك: ئاژەڵ، ئاگر، کانەکان، ئاو، خاك و گژوگیا.

هەموو دەزانین کە لەدێرزەمانەوە تاوەکو ئێستاش هەرشتێك کە ڕەنگ و بۆنی ئایینی یا ئایینزایی و مەعنەوی پێوە بوویێت زێتر چۆتە نێو دڵی خەڵك و باشتر پەسندیان کردووە و هەر لەو رووەوە بووە، کە پێشەوا ئایینییەکان هەرکاتێك گەرەکیان بوایە و هەنووکەش، کە بیانەوێت سەرنجی خەڵکی بۆ شتێك رابکێشن، رەنگ و بۆنی ئایینی پێوە دەکەن بۆئەوەی خەڵك بێ هیچ (چەندوچۆنێك) ئەو شتە پەسەندبکەن.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی ساسانییەکاندا، بە هۆی ئەو بایەخ و گرنگێتییەی ئایینی زەردەشت بوویەتی دەربارەی ژیان و ژینگەی ئادەمیزاد، هەروەها گرنگێتی چاودێریکردنی سروشت و پاراستنی

لە پیسکردن، خراپکردن و تێکدانی، بیریان لەوە کردۆتەوە کە هەر یەکە لەو هۆ سروشتییە گرنگانەی لەژیانی ئادەمیزاددا کاران، بەهەر جۆرێك بێت بیبەستنەوە بە یەکێك لەو نیشانانەی، کە ناوی ئەمشاسپەندیان پێوە لکێنرابوو. بەم هۆیەوە توانییان سوود لەباوەڕی خەڵك وەربگرن بۆ پاراستنی سروشت،و یاسا مانەندێکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دابڕێژن.

ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی پەیوەندیەکی مەعنەوی پتەو لەنێوان ئادەمیزاد و سروشت دا پێك بهێنرێت. ژمارەی ئەم ئەمشاسپەندانە شەشن، کە هەر یەکەیان لەجیهانی روحانیدا رۆشنگەری یەکێ لەنیشانە یا سیفەتەکانی ئاهورامەزدان، بەڵام بۆ جیهانی مادی بۆ هەر یەکەیان کەسایەتییەکی تایبەتیان پەیداکردووە و لە گەشەپێکردن و هەڵسوڕاندنی جیهاندا رۆڵێکی تایبەتییان بۆ تەرخانکراوە.

بڕێ جار لەهەندێ لەنووسینەکانی زەردەشتییەکان ژمارەی ئەم شەش ئەمشاسپەندانە دەبنە حەوت ئەوەش بە هۆی ئەوەیە کەوا ئاهورامەزدا دەخەنە سەر و هەموویانەوە و هەندێ جاریش سپەنتەمینۆ دەخەنە سەرووییانەوە و بەوەوە دەبنە حەوت ئەمشاسپەند، ئەوەش بۆیە دەکەن، چونکە ئاهورامەزدا خۆی هۆی چاکە و باشییە و لەبەرئەوەی ئەم شەش ئەمشاسپەندانە سیفاتی ئاهورامەزدان، بۆیە خۆی دەخەنە سەرووی ئەم دەستەیە.

ئەم شەش ئەمشاسپەندە بریتین لە:

١- وەهومەن Vohumana

وەهو = خاس ـ چاك

مەنا = بیرکردنەوە

وەهومەنە یاخود بیری خاس، رۆشنگەری نیشانە و سیفەتی پیرۆزی، توانایی، ژیرێتی و هۆشمەندی، یەکەمین ئافەریدەی ئاهورامەزدایە.

بۆ هەڵسوڕاندنی ئیشوکاری مادی، ئەم ئەمشاسپەندە سەرپەرشتی و چاودێری گشت ئاژەڵە سوودمەندەکانی سەر ڕووی زەوی پێ سپێردراوە. گرنگێتی لێپرسراوێتی ئەم ئەمشاسپەندەمان کاتێك بۆ رۆشن دەبێت، کە گرنگێتی ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی زەردەشت بەرپایکردبوو بزانین. زەردەشت هەوڵی دا کە ژیانی کۆچەریی بگۆڕێت و خەڵکی نیشتەجێ بکات و هانیان بدات خەریکی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ بن و گوند و شار دروست بکەن. بەخێوکردن و چاودێریکردنی ئاژەڵە سوودمەندەکان لەسەرچاوەی بیرێکی خاسەوە هەڵدەقوڵێت، کەوایە گشت ئاژەڵە سوودمەندەکان پەیوەندی راستەوخۆیان لەتەك نیشانەی (بیری خاس) دەبێت کە نوێنەرەکەی ئەمشاسپەند وەهومەنەیە. بەم جۆرە، ئەم کارە بووە هۆی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە پیرۆزەی کە زەردەشت بەرپای

کردبوو لەبواری کۆمەڵایەتی، ئابوری و ئاکارییەوە، بۆیە وەهومەنە، کە لەبواری مەعنەویدا نیشانەی بیری خاسی ئاهورامەزدایە، لێپرسراوێتی ئەم کارەشی خراوەتە ئەستۆ.

بێگومان ئاگاداریتی و سەرپەرشتی مرۆڤیشی لە ئەستۆیە. پلەی وەهومەنە لە ئەمشاسپەندەکانی دیکە گرنگتر و بەرزترە بەجۆرێك ئەوانەی ئەمشاسپەندان بەشالیارانی ئاهورامەزدا دەژمێرن پلەی وەهومەنە سەرەك شالیاریان دادەنێن.

ئاهورامەزدا، بە هۆی وەهومەنە ئەقڵ و ژیریتی و هۆش بە ئادەمیزاد دەبەخشێت، بەم جۆرە وەهومەنە ئادەمیزاد لە ئاهورامەزدا نزیك یا دووردەخاتەوە. یەکێ لە کارەکانی وەهومەنە ئەوەیە کە ئادەمیزاد فێری وتەی خاس دەکات و دووری دەخاتەوە لە قسەی خراپ و نالەبار. بە گوێرەی داستانی زەردەشتییەکان، وەهومەنە ئەو ئەمشاسپەندەیە، کە رۆحی زەردەشتی گەیاندۆتە بارەگای پڕ شکۆی ئاهورامەزدا، لەم ڕووەوە وەهومەنە وەك فریشتە جبرئیل وایە لە ئایینی ئیسلامدا.

٢- ئاشا وەهیشتا AŞa – VahiŞta

ئاشا، بە مانای ڕاستی و دروستی، پیرۆزی، یاسا و پاکییە. ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا فرە بەکارهاتووە و باسکراوە، بۆ نموونە تەنیا لە گاتاکاندا کە پتر لە ٨٩٦ چەکامە یە، ١٨٠ جار وشەی ئاشا بەکارهاتووە. وەهیشتا بە مانای باشترینە. کەواتە مانای ئاشاوەهیشتا دەبێتە باشترین راستی و دروستی. لەجیهانی رۆحی و مەعنەویدا ئاشاوەهیشتا نوێنەری نیشانە یا سیفەتی راستی، پاکی، پیرۆزی ئاهورامەزدایە. لەجیهانی مادیدا سەرپەرشتی هەموو ئاگرەکانی زەوی پێسپێردراوە. لەوانەیە ئەم ئەرکەی بۆیە پێ سپێرابێت، چونکە ئاگر خۆی پلەوپایە و گرنگییەکی تایبەتی هەیە و نیشانەی پاکی و چاکییە.

هەر کەسێك پەیڕەوی ئایینی خواپەرستی زەردەشتییە پێی دەبێژن ئاشەوەن AŞavan و لە ئاڤێستادا بە زەردەشت دەبێژن ئاشوزەردەشت، واتە زەردەشتی پاك و پیرۆز.

٣- خشەترەوەئیریە KhŞathra – Vairya

بەمانای شالیاری و توانایی فەرمانڕەوایەتی و حوکمڕانێتی و (وڵاتی ئارەزوو) (المدینه الفاضله) یاخود وڵاتی نەمری ئاهورامەزدایە، ئەو سەر زەمینەی کە هەرگیز لەنێوناچێت، واتە بەهەشتی بەرین و فراوانە، ئەو شوێنەی کە لە جێگەی مەزنان مەزنترە، واتە جێگەی ئاهورامەزدایە، ئادەمیزاد دەبێ رەفتار و کرداری لە ژیاندا بە شێوەیەك بێت کە پاش مردنی شیاوی ژیان لەو وڵاتە نەمرە بێت.

خشـــەترەوەئیریە لـــەجیهانی مەعنەویـــدا نیشـــانە و ســـیفەتی هێـــز و توانـــای فەرمانڕەوایـــەتی ئاهورامەزدایە.

نەقش و رۆڵی کانەکان (فلزات) لە پێشخستنی ژیانی ئادەمیزاد و شارستانییەت و پیشەسازیدا بـــۆ هـــەموان ئاشـــکرایە. لەلایەکـــەوە پشـــکنین و دەرهێنـــانی کانـــەکان و خـــاس بـــەکارهێنانیان و بەفیڕۆنەدانیان و چاودێریکردنیان نیشانەیەکە لە نیشانەکانی توانایی بیر و زانیاری تەواوی ئـــادەمیزاد، لەلایەکی دیکەوە کان(فلز) نیشانەی توانایی، هێز، خۆڕاگرتن و بەرگرییە. لەبەرئەوە (کان) پەیوەنـــدی تەواوەتی لەتەك نیشانەی تواناییدا هەیە، بۆیە نوێنەرایەتی ئـــەم ئەرکـــەی خراوەتـــە پـــاڵ و لـــەجیهانی مادیدا بۆتە سەرپەرشت و چاودێری هەمەجۆر بەرد و کانەکان لە رووی زەویدا.

٤- سپەنتەئارمەئیتی Spenta Armaiti

(سپەندامەند)، ئەسفەند

سپەنتە= پاك، ئارمەئیتی= ئەوین و دلۆڤانی

ئەم نیشانەیە(ئەمشاسپەند) لە جیهانی رۆحیدا دیاردەی خۆشەویســـتی و دلۆڤـــانی و دڵفراوانـــی و بێ فیزی ئاهورامەزدایە.

یەکێ لە هۆکانی بـــەردەوامبوونی ژیـــانی ئـــادەمیزاد و گشـــت زینـــدەوەرەکان لەســـەر رووی زەوی ئەوەیە، کە خاکی زەوی بە پاکی بمێنێتەوە و کارێك بکرێت کە بە هیچ شتێك پیس نـــەکرێت بۆئـــەوەی بتوانێت وەك دایکێکی دڵســـۆز بـــە میهرەبانییـــەوە بەرهەمـــەکانی خۆیـــان پێببەخشـــێت، لەبەرئـــەوە دەتـــوانین بێـــژین کـــە زەوی نموونـــەی خۆشەویســـتی و لەخۆبوردنـــە بـــۆ هـــەموو زینـــدەوەرەکان، بۆیـــە پەیوەندییەکی تایبەتی هەیە لەتەك نیشانە و سیفەتی خۆشەویستییەکی پـــاك و راســـت، لەبەرئەوەیـــە لەجیهانی مادیدا چاودێری و سەرپەرشتی زەوی پێسپێردراوە، کە بـــە ئـــەرکی سەرشـــانی هەڵســـێت و هەمیشە زەوی بـــە پـــاکی و بـــە پیـــت و بەرەکـــەت بهێڵێتـــەوە و چـــاودێری و سەرپەرشـــتی زەوی پـــێ سپێردراوە کە بەئەرکی سەرشانی هەڵسێت و یارمەتی ئـــەو کەســـانە بـــدات خـــەریکی کشـــتوکێڵکردن دەبن.

٥- هەئورەتات Haurvatât

بە مانای بێخەوشێتی و پوختەیی و تەندروســـتییە، لـــە ڕووی مەعنەوییـــەوە ئـــەم ئەمشاســـپەندە هەمیشە خێر و خۆشی و شادی و ئاسایش بەرۆحی چـــاکان دەبەخشـــێت. چـــاودێریکردنی ئـــاو، پـــیس نەکردنی و سوود وەرگرتن لێی، نیشانەی بێخەوشێتی بیر و هۆشی ئادەمیزادە، لەبەرئەمـــە پەیوەنـــدی

دەبێت لەتەك نیشانەی هەئورەتات، بۆیە ئەم سیفەتە لە ڕووی مادییەوە کراوە بەسەرپەرشتی ئاوو چاودێری گشت جۆرە ئاوەکانی سەر زەوی و ژێر زەوی.

٦- ئەمرتات Ameretât

بە مانای (نەمر)یە. نیشانەی هەمیشەیی و نەمرێتی ئاهورامەزدایە. گژوگیا، دار ودرەخت لەسەر زەوی نیشانەی بوونی ژیانە، بە شێوەی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ مایەی بەردەوامبوونی ژیانی ئادەمیزاد و هەموو زیندەوەرێکە. لەناوچوونی گژوگیا، مانای لەناوچوونی ژیانی زیندەوەرانە لەسەر زەوی، پارێزگاریکردنیان و هەوڵدان بۆ گەشەپێکردنیان دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی ژیانی زیندەوەران. کەواتە گژوگیا پەیوندییەکی پتەوی لەتەك نەمرێتیدا هەیە، بۆیەکا ئەمشاسپەند ئەمرتات لەجیهانی مادیدا کراوە بە سەرپەرستی گژوگیا و درەخت و کێڵگەکان.

لەپەیامی زەردەشتدا، هەمیشە ئادەمیزاد هاندراوە کە لەژیانیدا تێبکۆشێت خووڕەوشتی راستی و دروستی ئاهورایی بکاتە پیشەی خۆی وە ها پاك و ڕێك وپێك و بیرخاس بێت کە بگاتە سیفەتی خاس بیرکردنەوە، خۆشەویستی و خۆ بەزل نەزانین و دڵفراوانی دەبێ بە تەنیا مایەی رزگاری خۆی دابنێت. کاتێ کەراستی و دروستی بووە ئارەزووی مرۆڤ، ویژدان و دەروونی پاك و بیری بێگەردبوو، دلۆڤانی و بێ فیزی کردە پیشەی خۆی، بێگومان ئەوسا دەگاتە ئەو دوو سیفەتانەی دیکەی ئاهورایی کە بریتین لەبێ خەوشێتی و نەمرێتی. هەرکە ئەو سیفەتانەشی وەچنگ هێنا ئیدی فەرمانڕەوایی و هێز و توانای ئاهورایی دەیخەنە ژێر رکێفی خۆیان و لەوڵاتی نەمری و کیشوەری رۆحانی خوای دانا و مەزن، لەبارەگای ئافەریدەگار بۆ هەمیشە پشوو دەدات.

بە کورتی بۆ زێتر رونکردنەوەی کارتێکردنی ئەم شەش سیفەتانە بۆ سەر ژیانی ئادەمیزاد، دەتوانین شەش قۆناغ ڕەچاوبکەین، کە لە هەر یەکە لەم قۆناغانە، ئادەمیزاد دەبێ یەکێ لەو سیفەتانە بۆخۆی وەدەست بهێنێت و لەخۆیدا پەروەردەی بکات.

ئەم شەش قۆناغە بریتین لە:

- قۆناغی یەکەم: بیری خاس (وەهومەن)

بێگومان بۆئەوەی ژیانێکی خاس و بەختیارمان هەبێت، پێش هەموو شتێك پێویستیمان بە بیرێکی خاس و پاك هەیە. کەوایە دەبێ خاس بیربکەینەوە.

- قۆناغی دووەم: خاسترین ڕاستی و پاکی ((ئاشاوەهیشتا))

ئەم قۆناغە هەوڵدانە بۆ گەیشتنە پاکی و راستی، پاکی دەروون (واتە بیرکردنەوەی خاس) و پاکی رواڵەت (واتە پاکی لەش، جلوبەرگ، خواردن و ژینگە)

- قۆناغی سێیەم: توانایی فەرمانڕەوایەتی و حوکمڕانێتی

ئاشکرایە هەر کەسێك خاس بیربکاتەوە و لەڕووی دەروون و ڕواڵەتەوە پاك بێت، ئەوسا خەڵك قسەکانی پەسەندەدەکەن و گوێی بۆ ڕادەگرن. لەتەك وەدیهێنانی دوو سیفەتی بیری خاس و راستی و پاکێتی و گەیاندنی ئەم دوو سیفەتە تا پلەی بێخەوشێتی، ئادەمیزاد دەگاتە سێیەمین سیفەت یا سێیەم قۆناغ کە بریتییە لەتوانایی کۆنترۆڵی دەروون و ئارەزوەکانی و بەم شێوەیەی کە دەخوازێ ژیان دەباتە سەر.

- قۆناغی چوارەم: خۆشەویستی "دلۆڤانی" سپەنتەئارمەئیتی

توانای خۆشەویستی کاتێك دەتوانێ جێگیر و هەمیشەیی بێت کە ئادەمیزاد بتوانێت بە باشترین شێوە سوود لەو سیفەتەی پێشوو بگرێت، چونکە بیرێکی خاس دەتوانێ وا لەمرۆڤ بکات کە بەراستی و میهرەبانی لەتەك خەڵکدا رەفتار بکات و هێز و توانایی دروست دەتوانێ ئادەمیزاد بەسەر دەروون و ئارەزووەکانی زاڵبکات و هانی بدات بەختەوەری و ئاسایش بە خەڵك خەلات بکات و خۆیشی سوودی لێوەربگرێت و ئەویندارى گشت خەڵکی جیهان بێت.

- قۆناغی پێنجەم: بێخەوشێتی (کەمال)، هەئورتات

لەم قۆناغەدا، ئیدی ئادەمیزاد لە هەموو ڕوویەکەوە بێخەوشە، واتە خاس بیردەکاتەوە، لە گشت ڕوویێکەوە پاك و راستی کردۆتە پیشە، خەڵکی خۆشیان دەوێ و ئەویش خەڵکی خۆش دەوێت، بە میهرەبانی و بێفیزییەوە سوود لەم سیفەتانە وەردەگرێت بۆ پێشخستنی خۆی و کۆمەڵگا.

- قۆناغی شەشەم: نەمرێتی، ئەمرتات،

دەربارەی نەمرێتی گیان (ڕەوان)، زەردەشتییەکان باوەڕیان وایە کە ڕەوان هەتاهەتایە دەمێنێ و لەناوناچێ و هەرکەسێك گەیشتە پلەی بێخەوشێتی ئیدی ناوونیشانی هەمیشە زیندوو نەمرە و پاش مردنیشی نێوی لەنێو خەڵکدا بە باشی دەمێنێ.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم باوەڕ و بۆچوونی بڕێ لەتوێژەران و زانایان دەربارەی ئەمشاسپەندان باس بکەم:

بارتلومە:

ئەم شەش نیشانە و سیفەتانە، کە فریشتەکان لەئایینەکانی جوولەکە و فەلە دادەنێت و لەو باوەڕەدایە کە چلۆن بوونی ئەو فریشتانە لەو ئایینانەدا هیچ لەیەکتاپەرستێتی خوا کەم ناکاتەوە، ئایینی زەردەشتیش بە بوونی ئەمشاسپەندان لە یەکتاپەرستییەکەی کەمنابێتەوە، چونکە لەگاتەکاندا ئەمە تەنیا ئاهورامەزدای دانایە، کە هێز و توانای هەیە و باوك و پارێزگەری گشت یاسای جیهانە و تەنیا ئافەریدەگارێکە.

بارتلومە دەبێژێ: ((ئەم نیشانە و سیفاتی خواییە کە لەپاشاندا ناوی لێنراوە ئەمشاسپەند، هیچ جۆرە کەسایەتییەکی تایبەتییان نەبووە، ئەمانە نە شێوەیەکی تایبەتییان هەبووە، نە ڕەنگ و نە... بە پێچەوانەی ئەمانە، شکۆیی و گەورەیی و هێز و توانا لە خودا دایە و بەس، ئامۆژگارییەکانی زەردەشتیش تەنێ دەربارەی ئەو دەدوێت.))

میلز:

لەو باوەڕە دایە کە خوای زەردەشت، خوایەکی تەنیایە و دانایە و ئەمانە شەش نیشانە و سیفاتی ئاهورامەزدان و هەرگیز شێواز و ڕوخساری فیزێکییان نییە و وەك فریشتەکانی ئایینەکانی دیکە نین کە روخساری دەفسانەیی و هەر یەکە چەندین باڵیان هەیە و....

مولتون، دەڵێ:

((پێویست ناکات کاتی خۆمان بە فیڕۆ بدەین و خۆمان بەوە ماندووبکەین کە ئایا بیری ئەم حەوت یا شەش پیرۆزە نەمرە (ئەمشاسپەندان) لە (بابل)دوە هاتۆتە ئێران یاخود لەحەوت ئایینە کۆنەکانی ئاریاییەکانی ناوچەکە وەرگیراوە. بەڵکو پێویستە بگەڕێینەوە سەر خودی تیۆرییەکانی زەردەشت خۆی و ئەو تیۆریانە لەو ئەفسانانەی کە پاش زەردەشت خراونەتە پاڵیان، پاك بکەینەوە.

دەبێ ئەم راستییە قەبول بکەین کە بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی بۆمان ماوەتەوە ناتوانین بیسەلمێنین کە زەردەشت ئەم شەش ئەمشاسپەندانەی بەو شێوەیە باسکردووە))

مولتون باوەڕی بەوە هەبووە کە ئەم شەش نیشانە و سیفەتانە نەجیایە لەخودی ئاهورامەزدا و نە لەویش کەمترن، بەڵکو بەشێکن لەخودی خوا، ئەمانە سیفاتی خواین کە بەشێك لەبوونی خۆییان پێ دەدات بۆئەوەی بینوێنن و دەریبخەن، بۆ وێنە: وەهومەنە، کە هەمیشە باسی لێدەکرێت دەتوانین بە بیری خوای دابنێین.

لومل:

ئەمشاسپەندان بە هۆشمەندانێکی هەمیشە زیندوو نەمر دەزانێت و لەو باوەڕەدایە کە ئەمانە نیشانە و سیفاتی خواین، هەروەها دەبێژێ کە تەنانەت لەئاوێستای تازەشدا (یشت ١٣/٨١) ئاهورامەزدا بەم شێوەیە باس دەکرێ - ئاهورامەزدا شێوەی جۆراوجۆر بەخۆوە دەگرێت کە ئەمشاسپەندانی جوان و مەزنن ــ لەم باسەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەم ئەمشاسپەندانە فرە نزیکن بە ئاهورامەزدا و بەشێکن لەو، واتە لەو کەمترن (چونکە بەشێکن لەو) و سەربەخۆیی تەواویان نییە. لومل لەئاماژەکردنیدا بۆ بڕێ لەسروودەکانی گاتەکان کە باسی وەهومنە و ئاشای تێدا کراوە وای بۆچووە کە ئەمانە گشتیان سیفاتی خواین، بۆ وێنە:

لە ٢٨/٣ زەردەشت داوا لەوەهومەنە دەکات کە یارمەتی بدات.

لە٢٨/٢ بە هۆی وەهومنە (بیری خاس)، زەردەشت لە خوا نزیك دەبێتەوە.

لە ٢٩/١٠ زەردەشت داوا لە خوا دەکا کە هێز و توانای وەهومنە بدا بە لایەنکرانی،

لە ٣١/٨و ٤٥/٤ زەردەشت وەهومنەی لەبیر و ئەندێشەی خۆیدا هەیە کەزادەی مەزدایە

لە٤٤/٣ ئەو کەسانەی کە گوێ بۆ ڕاوێژی وەهومنە ناگرن، زەردەشت لێیان دلگیرە،

لە ٤٥/١٠ خوا وادەی داوە کە بێخەوشێتی و نەمرێتی بە هۆی وەهومنەوە بەدەست دێت،

لە ٤٤/٦و ٣٣/١٢ ئەوانەی باوەڕیان بە مەزدا هەیە بە هۆی وەهومنە دەگەنە پلەوپایە و شکۆیی.

٢٨/١٠ ئەوانەی ڕێبازی وەهومنە دەگرنەبەر و بە کردەوەکانی رەفتار دەکەن، خوا پاداشتی راستیان پێدەدات.

١٢-٣٤/١٤ خوا بە هۆی راستییەوە (ئاشا) ڕێگەی بیری رەسەنی (خاس بیرکردنەوە)وەهومەنەمان فێردەکات کەئەمە خۆی ئایینی رزگاربوانە.

٣٠/١٠ ڕاستی (ئاشا) لەنێو سەرای وەهومنە دا دەژی

٣٤/٩ئەو کەسەی راستی (ئاشا) لەباوەش نەگرێت، هومنەی لـێ دوورە.

٣٤/٩راستی (ئاشا) لەو کەسانەی گوێڕایەڵی وەهومنە نەبن، تەرەدەبێت.

٢٩/١٠ خوا پشتوپەنای لایەنگرانی راستی (ئاشا)ن وزەردەشت داوای یارمـەتی لـە خـوا دەکا بۆیان.

٣١/٨ـ ٢٩/٨ ـ ٢٩/٧ ـ مەزدا بە هۆی دانایيەوە، راستی (ئاشا)ی ئافراندو لەتەکیا هاوبیرە.

٣١/٦ئەو کەسەی ژیانی خۆی لەتەك ڕاستیدا هاوجووت بکات وەك مەزدای لێدێت.

لومل، پاش ئەوەی ئەم بەندانە شیدەکاتەوە بە شێوەیەکی فرە سادە باسی دەکا و دەبێژێ.

((پاش ئەوەی خاس لەم سروودانە ورددەبینەوە ئیدی دروست نییە و نابێ ئەمانـە ببەسـتینەوە بـە کێشەی سەر وو سروشتییەوە (مافوق الطبیعة)، بـەڵکو ئـەم سـروودانە گشـتیان بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدییان، لەتـەك ژیـانی ئـادەمیزاددا هەیـە، بـە هـیچ کلۆجێـك و لـە هـیچ یـەك لەسروودەکانی نێو گاتاکاندا لـەم بـارەوە ئـەم سـیفەتانە وەك بـوونێکی سـەربەخۆ یـا مـادی باسـی لێنەکراوە، بەڵکو لەهەمویاندا مەبەست لەم نیشانە و سیفەتانە، سیفەتی خوایین.))

ئالتیهم، دەبێژێ:

((زەردەشت هەرگیز نیشانە و سیفەتەکانی ئاهورامەزدای وەك بوونێك یا کەسایەتییەکی تایبـەتی و مادی کە ڕوخسارێکی تایبەتییان هەبووبێت، نێر یا مێ بن، پێشان نەداوە، بـەڵکو بـە شـێوەیەکی ئاکاری و رۆحانییان بووە و بە هیچ جۆرێك وەك ئایینی هیندۆکان یا ئاڤێستای تـازە نـەبووە. ئەمانـە تەنیا وەك بیرێکی ئاکاری و رۆحین و بەس.))

ویل دورانت، لەم بارەیەوە دەبێژێ:

((زەردەشت حەوت سیفەت یا چۆنێتی بـۆ ئاهورامـەزدا رەچـاوکردووە. رووناکی، بـیری خـاس، راسـتی، فەرمانڕەوایـەتی، پـاکێتی، خێـر و نـەمرێتی. بـەڵام پـاش خـۆی (زەردەشـت)، چـونکە لایەنگرەکانی (پەیڕەوانی) فێری فرەخوایی بووبوون، ئەم چۆنێتییە و سیفاتانەیان بە شـێوەیەکی مـادی دەرهێنا و ناویان لێنان ئەمشاسپەندان یا (پیرۆزە نەمرەکان) کە بە دەستوور و فـەرمانی ئاهورامـەزدا سەرپەرشتی هەموو بوون و جیهان دەکەن.

بەم شێوەیە ئەو یەکتاپەرستییە مەزنەی، کە بە هۆی دامەزرێنەری ئەو ئایینە هاتبووەئارا، هەروەك ئایینی فەلە دووچاری نوشوستی و فرەخوایی بوو.))

هینتس، دەبێژێ:

((... پاش زەردەشت بوو کە ئەمشاسپەندان بە ناوی (پیرۆزەنەمرەکان) ناویان لێنرا و بە شێوەیەکی خوامانەند درانە قەڵەم کە لەتەك ئاهەرامەزدا دا گروپێکی حەوتانەی ئاسمانی هاتەئارا. ئەم کارە ناپەسەندە لادانێکی فێڵاوی و خراپ بوو کە لەلایەن مۆغەکانەوە و بە ناوی زەردەشتەوە لەسەردەمی ساسانییەکاندا بڵاوبۆتەوە. لەگاتەکاندا، ئاهورامەزدا بە شێوەیەکی یەکجار گەورە و مەزن و یەکتا باسی لێکراوە. خوای تاك و تەنیا و بێ هاوتا لەلایەن زەردەشتەوە زۆر گەورە و پاکە، مانای خوا لای زەردەشت و لە پەیامەکەیدا فرە مەزنتر و شکۆمەنترە لەئایینەکانی دیکە)).

اشپینگل، ویندیشمان، کیگر، دەبێژن:

((ئەوەی لەنێو گاتاکاندا دەستمان دەکەوێت ئەوەیە کە ئاهورامەزدا، خوای تاك و تەنیای ئایینی زەردەشتە، هەروەکو چلۆن یەهوە لەتەوراتدا و (اللە) لەئایینی ئیسلامدا دیارگەی هێزی یەکتایین، راستی (ئاشا) و ئەمشاسپەندەکانی دیکە گشتیان هەر یەکە سیفەتێکن لەسیفەتەکانی ئاهورمەزدا.))

ئازەرگوشەسب، دەبێژێ:

((مەبەستی زەردەشت لەوەی کەنێوی ئەمشاسپەندەکان لە گاتاکاندا دەبات و داوای هاریکاری و یارمەتیان لێدەکات ئەوەیە کە گەرەکی بووە نیشانەکانی خوا بۆ باوەڕپێهێنراوەکانی بە مەزدا ئاشکرابکات و ئەم سیفەتانەیان بۆ پەروەردەبکات، هەروەکو چلۆن لە ٣٤/١١ دەبێژێ: ((ئەی خوای مەزن، لەژێر سایەی هێزی ئیرادە، بیری خاس، راستی و پاکی، ئەوین و باوەڕ بەخوا، ژیانی نەمری و هێزی مەعنەوی (خشترا، هومنە، ئاشا، ئارمەئیتی) زێتر دەبێت)). ئەو سیفەتانە لەنیشانە و سیفەتە تایبەتییەکانی، چوار ئەمشاسپەندە (وەهومەن، ئاشا، خەشتراو ئارمەئیتی).

ئێزەدەکان

پاش ئەوەی باسی ئاهورامەزدا و ئەمشاسپەندانمان کرد، پێش ئەوەی باسی ئیزدەکان بکەین پێویستە هەمیسان ئەم راستییە بخەینە پێش چاو کە هەرشتێك لەم جیهانەدا دژی خۆی هەیە و ئەم دژایەتییە لەتەك تێپەڕبوونی رۆژگار و ساڵانی دوورودرێژ، لەئایینی زەردەشتدا شێوازی ئاشکرا و رۆشنی بەخۆیەوە گرتووە. بەرامبەر هەر چاکییەك خراپییەك هەیە، هەردوو لایەنی (ئەرێنی) و(نەرێنی) لەجیهانی مادی و مەعنەویدا بەسەر ژیاندا زاڵن. لەئایینی زەردەشتیدا ئەم واقعییەتانە زۆر بە ڕاشکاوی و جوانی باسکراوە. هەرچەن ئەمشاسپەندان بریتین لەرۆحی هەمیشە زیندوو نیشانەی بەختەوەری و خۆشی و شادین، هەروەها بەرامبەر ئەمانە ئەهریمەنانێك هەن کە نیشانەی رۆحی شەڕ خراپە و ناخۆشین.

لەئایینی زەردەشتیدا، باسی ئەم دوو هێزە کارایە زۆر بە وردی و جوانی شێکراوەتەوە. ئاهورامەزدا لەسەرو هەموو بوونێکە، لەجیهاندا دووهێزی چاکە و خراپە، رووناکی و تاریکی هەیە.

سپەنتەمنیۆ spenta mainyu لەسەرووی هەموو ئەمشاسپەندان و ئێزدەکان و سیفاتە خاسەکانە، بەرامبەر بەو وەلەسەرو هەموو هێزە شەڕخواز و خراپەکان ئەنگرەمینۆ Angra manyu یە کە دژی سپەنتامینۆیە. هەر بەو شێوەیەی کە سپەنتامینو بۆ بەرەنگاریکردنی ئەهریمەن نیازی بە شەش فریشتەی رۆحی بوو، هەروەها ئەنگرەمینوش بۆ بەربەرەکانێکردنی سپەنتامینو شەش دێو یاخود رۆحی خراپەی هێنایەکایە. دۆستان و یارانی ئاهورایی، هاوکار و یاوەرانی بیری چاك و پیرۆز یا سپەنتامینو، ناویان ئەمشاسپەندان یا فریشتەکانە، شەش دێو یاخود رۆحی خراپە و شەڕخواز، کە بە هۆی ئەنگرەمینو هاتوونەتەئارا پێیان دەبێژرێت: "کەماریکان Kamarikan " کە هەر یەکەیان بەرامبەر یەکی لە ئەمشاسپەندان دانراون و دژایەتی کار و کرداریان دەکەن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ئاکامەنە AKamanah: بەمانای بیری خراپ یا رۆحی خراپ و دژی وەهومنەیە.

٢- ئیندرە Indra: بە مانای ڕێ هەڵەکەر و دژی راستی (ئاشاوەهیشە)یە.

٣- سەئورڤە Saurva: سەردەستەی خراپەکاران و ستەمکارانە و دژی خەشترەوەئیرەیە.

٤- ناوەنگ هەئیشییە Nawang Haithya: نیشانەی سەرکێشی و نافەرمانییە و دژی سپنتەئارمەئیتییە.

٥- تەرومەتی Taro mati یا تەئوروی Taurvi: نیشانەی برسێتی و تینووێتییە و دژی هەئورتاتە.

٦- زەئیریش airis یا زەئیریچە Zairiça: هاوکاری تەرومەتییەو دژی ئەمرتاتە واتە نیشانەی مەرگ و فەوتانە.

ئیزەد: هەمان وشەی (یەزەتە Yazata)ی ئاوێستاییە و لە(یەز)ەوە هاتووە Yaz، کە مانای ستایشکردنە (نەك پەرستن). ئیزەد یا یەزەتە مانای (شیاوی ستایش)ە. بە عناصرێکی رۆحانی دەبێژرێت: کە کەمێك پلەوپایەیان لە ئەمشاسپەندان نزمترەو بە یاریدەرانیان دەژمێرێن. ژمارەیان لەتەك ئەمشاسپەنداندا دەکاتە سی.

لەئایینی خواپەرستی زەردەشتیدا (پاش مردنی زەردەشت) هەر عونصورێکی خاس و سوودمەند و جوان شیاوی ستایشکردن و رێزلێنانە

وەك: ئاگر، ئاو، باران، رۆژ، هەسارە، مانگ، خاك، با، بڕێك دیاردەی سوودمەندی دیکە وەکو تەندروستی، سامان، خۆشی، شادی و.....

لەسەردەمی پێش زەردەشتدا لەنێو ئاریاییەکاندا بۆ هەر یەکێك لەو ڕەگەزە خاسانە چاودێرکەرێکیان داناوە و تا ڕادەی پەرستن رێزیان لێگیراوە، بەڵام زەردەشت لەئایینی خواپەرستیدا و لە پەیامە نەمرەکەی خۆیدا، ئاهورامەزدای تەنیا بە شیاوی پەرستن داناوە و لەنێو گاتاکاندا بەهیچ جۆرێك دەربارەی ئیزەدەکان و چاودێریکەرانی رەگەزی چاکە باسێك نەکراوە، گشت ئەو شتانەی پیاوە ئایینییە کۆنەکان پێی هەڵدەستان وەك قوربانیکردن و پەرستنی ئەو رەگەزانە، هەموویانی قەدەغەکردووە و بە کارێکی نالەباری زانیوە. باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هەر یەکە لەئەمشاسپەندەکان و ئیزەدەکان تەنیا بریتین لەسیفەتێك لەسیفەتەکانی ئاهورامەزدا، هەرگیز لەریزی ئەودا دانەنراون، ئەوەیە کە بۆ یەکجاریش بێت هیچ کامیان وەك ئافەریدەگار باسیان لێنەکراوە.

بەڵام لەبەشەکانی دیکەی ئاڤێستادا (جگە لە گاتاکان) و پاش سەردەمی خودی زەردەشت، دووبارە ئەم ئیزەدە چاودێرکەرانە بە شێوەیەکی دەستکاری کراوە و وەستایانە جێگە و پلەی تایبەتییان بۆ دانرایەوە، بەڵام تەنیا بە یەك جیاوازی ئەویش ئەوەبوو، کە نەدەپەرستران، بەڵکو تەنێ بە رەگەزی چاك و پیرۆزیان داناون، کەوا شیاوی رێز و باسکردن بن.

ئەوەی ئایانی باسە ئەوەیە کە تا سەردەمی هەخامەنشییەکان بۆ هیچ یەکێك لەم ئەمشاسپەند و ئیزەدانە هەیکەل دانەڕێژرابوو بۆ یەکەمین جار لەسەردەمی ئەردەشیری هەخامەنشی هەیکەل بۆ ئاناهید دروستکراوە.

مانك جی نوشیروان جی دڤالا لەکتێبی (خداشناسی زردشت، از باستانی ترین زمان تاکنون) ل ١٣٨ دەبێژێ:

لەکتێبەکانی ئاڤێستادا، ئیزەدەکان بە گوێرەی ئەرکی سەرشانیان بەدوو گروپ دابەش دەکرێن، یەکێکیان ئیزەدە رۆحانییەکان یان مەعنەوییەکانن، ئەوی دیکەیان ئیزەدە مادیەکان یا دنیاییەکانن:

ئەو ئیزەدانەی نوێنەر یا (بریکاری)ی یەکێ لەسیفەتە مەعنەوییەکانن بریتین لە:

دین، چیستی، سروش — بریکاری زانیاری خوایی

مهر (میترا)، رەشن، ئەشتاد، ئەرد رسانستات — بریکاری ڕاستی و دروستی

وەرترغنە (بەهرام) — بریکاری سەرکەوتن بەسەر دوژمنان

رامن (رام) — بریکاریتی بەختەوەری و خۆشی و شادومانی

رەتە (رادی) — بریکاری دەستبلاوی و بەخشین.....

ئاخشتی — بریکاری ئاشتی و ئاسایش

مانترەسپەند، دەهمەئافریتی — بریکاری وتەی پیرۆز، نزا.....

داموامش ئوپەمن

ئیریامن، هوم — بریکاری تەندروستی و دە واودەرمان و هەتوان

ئەشی ونگهوئی، پارەندی — بریکاری دارایی و سامان و دەولەمەندی

درواسپ، گی ئوش ئورون — بریکاری مەر ومالات و ڕەشەولاخ

ئەو ئیزەدانەی کە نوێنەر یا بریکاری یەکێ لە کارەکانی جیهانین بریتین لە:

خۆر، مانگ، ئاسمان، ئوشە — بریکاریەتی گشت هۆکانی رووناکی و

تشتر، وننت، ستەویس، هپتورنگ — هەسارەکانی ئاسمانین

وایو (با، هەوا) — بریکاری هەوایە

ئازەر (ئاگر)، نیروسنگ — بریکاری ئاگرەکانن

ئەردەویسورئەناهید، ئەپم نەپات، — بریکاری ئاوەکان

ئاهورانی

رام — بریکاری زەوییە

لەکتێبی (خردە ئاوێستا) کە یەکێکە لە پێنج بەشەکانی ئاڤێستای نوێ، بە دوورودرێژی باسی هەر سی ٣٠ ئیزەدەکان دەکات. لێرەدا زۆر بە کورتی پوختەیەك لە هەریەکە لە ئیزەدەکان باس دەکەین، ئیشوکاریان و ئەو نزا و نیایش و وێردانەی کە لەکاتی تایبەتییدا بۆیان دەخوێنن و ....

ئیزەدی دەئنا (دین):

ئەم ئیزەدە زۆر کەم و بەدەگمەن لە ئاڤێستادا ناوی لێبراوە، بریکاریەتی ئاین و ئەحکامی خودایی پێ سپێردراوە. هەرچەندە ئەم ئیزەدە (یەشت)ێکی تایبەتی خۆی هەیە بەڵام زێتر باسی ئیزەدی هاورێی واتا (چیستی) کە بریکاری زانست و زانیاریە، دەکات. لە هەموو شوێنێکی (دین یەشت) ناوی ئیزەدی (دین) هاوجووت لەتەك ئیزەدەی (چیستی) دایە.

ئیزدی چیستی (یا ئیزەدی زانست):

بە پێچەوانەی ناوی ئیزەدی (دەئنا)، ئەم ئیزدە کە بریکاریەتی زانست و زانیاری پێ سپێردراوە، لەئاڤێستادا فرە باسی لێکراوە.

لە(یەشت)ی تایبەت بە چیستی یا (دین)دەبێژێ:

بەندی ١:

ستایشی راستترین زانیاری ئافەریدەگاری پیرۆز دەکەین، کە رێگەی چاکیمان پیشان دەدات و بە رێگەی راستیمان دەبات و رێبەرێتی ئادەمیزاد دەکا بۆ پەیرەوکردن لەئایینی خاسی مەزدایی.

بەندی ٢: زەردەشت بەم شێوەیە ستایشی (چیستی) کردووە:

((ئەی ڕاستترین زانیاری مەزدا ئافەریدەگاری پیرۆز، ئەگەرکو لەپێش منەوەیەت، چاوەڕێم بکە پێت بگەم و ئەگەر لەپاشمەوەیەت پێم بگە.))

بەندی ٣:

((با بە هۆی تۆوە بەهرە لەئاشتی و ئاسایش وەربگرین و هەموو رێگاکان بمانگەیەننە ئامانج و لەنێو شاخ و کێوەکاندا رێگەی باش و ئاسان دروست بکرێت و بتوانین لەنێو دارستان و بێشەکاندا بەباشی تێپەڕین و لەو ڕووبارانەی، کە کەشتی پیادا دەڕوات بتوانین بە ئاسانی تێپەڕین.))

بەندی ١٣:

((لەو زانستەی کە مەزدا ئافراندوویەتی، هێزی پێ، بیستنی گوێ، بینایی چاوو تەندروستی لەش و تەمەنی درێژ، زێدە بکرێت.))

ئیزەدی سروش:

سروش یەکێکە لەئیزەدە گەورەکانی ئایینی خواپەرستی زەردەشتی. ئەم ئیزەدە، ئیزەدی گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداریە و لە گاتاکاندا پلەوپایەیەکی بەرزی بۆ دانراوە سروش نیشانەی گوێڕایەڵێتی و فەرمانبەرداری بێچونوچەرای ئاهورامەزدایە و خەڵکی فێری ئەم خووڕەوشتە دەکات. لەهەندێ شوێندا پلەوپایەی دەگاتە هاوشان و جووت یەك بوون لەتەك ئەمشاسپەندەکاندا. لەرۆژی پەسلاڵن دا رۆڵێکی باڵای هەیە لە داوەریکردنی رۆحی مردووانداـ سروش بەرەبەرە لەئایینی زەردەشتدا وەك فریشتەی (وەحی) رەچاوکراوە و هەروەك جوبرەئیل لەئایینی ئیسلامدا بەراورد دەکرێت. سروش ئیلهام بەخشی گاتاکان بووە بۆ زەردەشت.

- ئیزەدی میترا Mitra (مهر)

هەر لەکۆنەوە (واتە پێش زەردەشت)، میترا یەکێ بووە لە خوا گەورەکانی ئاریاییەکان (هیندو ئێرانییەکان). نووسینی سەر تاشەبەردێك کە دەگەڕێتەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پ.ز و لە(کاپاتوکا) لە (ئاسیای بچکۆلە) دۆزراوەتەوە، بۆ یەکەمین جار باسی ئەم خوایە کراوە. لەئایینی زەردەشتیدا پلەوپایەی لەدەست داوە تا ئیزەد کەمکراوەتەوە.

میترا (مهر) ئیزەدی راستی و دلێری و دلاوەری و جەنگاوەری و پەیمانە، لایەنی سروشتی و رەوشت لەلایەنەکانی دیکە هەستی زێتر پێدەکرێت بۆیە زێتر سەرنجی خەڵکی ڕاکێشاوە. بە فەرمانی ئاهورامەزدا میترا (مهر) پاداش و سزای خاسان و خراپەکاران هەر لەم جیهانی مادییەدا، دەداتەوە. مهر لەئاڤێستادا پارێزگار و پشتیوانی ئەو کەسانەیە کە پەیمانشکێن نین و درۆناکەن، لەڕووی مادییەوە ئیزەدی (مهر) سەرپەرشتی رووناکییە، ئاهورامەزدا ئافراندویەتی بۆئەوەی پاسەوانی خۆشی و بەختەوەری ئادەمیزاد بێت، لەبەرئەوە هەرگیز چاوی ناچێتە خەو و بێدارە. مهر مانای دیکەشی هەیەئەویش پەیمان ڕاگرێتی و خۆشەویستی و پەیوەندی دۆستایەتی و مرۆڤ دۆستییە.

لە(مهریشت) بەندی ٢ دا دەبێژێ:

((ئەی ئەسپەنتمان، بێبەلێنی و پەیمانشکێنی بەدکار هەموو ولات وێران و خاپووردەکات. ئەو جۆرە کەسانە بە ئەندازەی، سەد کەسن کە بەگوناهی کەیزە(٢٢)) گیرۆدەدەبن و کردەیان وەك بکوژی مرۆیەکی پاك دینە.

ئەی ئەسپەنتمان، نەکەیت هەرگیز پەیمان بشکێنی، نە پەیمانێك کە لەتەك درۆزنێك بەستبێتت و نە پەیمانێك کە لەتەك ڕاستگۆیەکدا بەستبێتت، چونکە هەردووکی هەر پەیمانە و نابێ لێی پاشگەزبیتەوە.

هەروەها لە (مهریشت بەندی ٤٨و ٦٣): دەبێژێ:

((مهر هێز لەبازوی ئەو کەسانەی درۆدەکەن و پەیمان شکێنن، دەبڕێ، قاچیان سست و بێهێز دەکات و هێز و توانای بینایی و بیستن لەچاو و گوێیان دەبڕێت.))

ئیزەدی (مهر) نیایشێکی تایبەتی هەیە کە لەلایەن زەردەشتییەکان لەشەو رۆژێکدا سێجار دەخوێنرێتەوە (سەرلەبەیانی، نیوەڕۆ و کاتی ئێوارە). (مهر) دادوەرێکی ڕاست و وردبینە. بە گوێرەی باوەڕی زەردەشتییەکان کەسێك کە دەمرێت، سەرلەبەیانی رۆژی چوارەمی پاش مردنی، رۆحی ئەوکەسە لەنزیك پردی چینوت (سیرات) بەرامبەر بە دادگایەك ئامادەدەبێت، یەکەمین دادوەری ئەو دادگایە ئیزەدی (مهر)ە کە پاش دادگاییکردنی رۆح، چارەنووسی ئاشکرادەبێت.

دەقی ئاڤێستایی نیایشی (مهر) بەم جۆرەیە:

((ستایشی (مهر) دەکەم کە ئافەریدەی ئاهورامەزدایە، لەبۆ خۆش وەش کردنی ئاهورامەزدا، بە باشترین شێوەو خاسترین جۆری نوێژەکان ستایشی دەکەم، سەرکەوتن و سەرفرازی و ناوبانگی بۆ ئیزەدی (مهر) دەخوازم، ئەو ئیزەدەی کە (مینوی)یە و داوەری رۆژی پەسلانە و هەزار گوێ و دە هەزار چاوی هەیە و خاوەنی دەشتودەری بەرینە {مەبەست لەهەزار گوێ و دە هەزار چاو ئەوەیە کە زۆر دووربینە و گوێ سووکە و هیچ شتێك لە کردار و وتە لێی گوم نابێت و ئاگاداری هەموو شتێکە} . ستایش دەکەم ئیزەدی (مهر)، ستایش دەکەم و سلاو و درود دەنێرم بۆئیزەدێك کە خاوەنی دەشتی بەرینە(٢٣)، کە لەوەڕگا و سەوزەلانییەکانی لەسەر رووی زەوی ئارامبەخش و ئاسایش بەخشە، ستایشم پێشکەش بەو ئیزەدەی کە پارێزگەری راستترین وتەکانە، خاسییەکانی لەژمارە بەدەرن، بالابەرز و پتەوە، بە هەزار چاوەوە دوورترین جێگەی دووردەبینێت، هەمیشە بێدارە و بێخەوە، هەروەك نگیمێکی زێرین دەورەی ولاتی داوە، پارێزگەری پەیمانەکانە، هەمیشە و لە

هەموو شوێنێکدا هەیە، لەبەرزی و نزمییەکانی نێو وڵات و دەرەوەیدا، ستایش دەکەم ئیزەدی(مهر) و هەروەها ئەو ئاهورامەزنە بێهاوتایەی کە ئافرێنەرێتی، بە هەموو گیانم ستایش دەکەم ئەو ئیزەدەی کە شکۆمەندە، ستایش دەکەم ئەو ئیزەدەی کە خاوەنی دەشت و سەوزەلانی بەرینە، کە ئاسایش بەخش و پارێزگەری سەر زەویمانە. ئیزەدی (مهر) ستایش دەکەم کە باڵا بەرز و جوان و بەهێزە و هەرگیز فریوناخوات. ستایش دەکەم ئەم بەخشینانەی ئاهورامەزدا بۆمان دەرەخسێنێت: ئازادی و تەندروستی و سەرکەوتن و پاکی و دادوەریکردن. بە هەموو هێز و توانا و دڵۆ گیانمەوە ستایشی ئەو ئیزەدە دەکەم کە بەهێزترین و سوودبەخشترینە، بە سروودی دڵگوشا کە لە کانگەی دڵەوە هەڵقوڵاوە و ئاوێتەی باشترین وتەکانی ئایینی بووە، ئەمە گشتی بۆ ئیزەدی (مهر) کە خاوەنی دەشتی بەرینە. مەزدا ئاهورایە کە ئاگاداری هەموو کرداری راستین و ستایشگەرانەی خەڵکە، پاداشی ئاهورایی بۆ ئەو ژن و پیاوانەی کە پارێزگاری لەشێوە و رەوشەکانی ئایینی دەکەن و ستایشیان بۆ ئیزەدی (مهر) بەراستی و دروستی و لەکانگەی دڵیانەوە بێت.))

- ئیزەدی رەشن یا رەشنو Rasnu

ئیزەدی دادگەرێتییە، لە ئاڤێستادا ئەم ئیزەدە لەتەك ئیزەدی (مهر) و (سروش)دا پێکەوە باسدەکرێن و لەرۆژی پەسڵاندا هەرسێکیان بەیەکەوە داوەری رۆحی مردوان دەکەن. ئەم ئیزەدە دوژمنی سەرسەختی دزو جەردەکانە.

لە ((رەشن یەشت)دا بەندی ٧و٨ دەبێژێ:

((ئەی رەشن کە لەهەموان دووربین تری، ئەی رەشن کە لەهەموان زێتر وەڵامی ئەوانە دەدەیتەوە کە گلەییان هەیە و فریایان دەکەوێت، ئەی رەشن کە لەهەموان پتر دزو جەردەکان تەفر وتونا دەکەیت.... ئەگەر ڕەنجاو نەبیت، خاستر ئاواتی مرۆڤ وەدیدەهێنیت، خاستر دەست دەوەشێنی و دزو جەردە لەناودەبەیت.)).

ئیزەدی رەشن لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە، چاوی لە هەموو شتێکە و ئاگاداری گشت کار و کردارە، ئەمە مانای ئەوەیە کە دادو دادگەرێتی هەمیشەو لە هەموو شوێنێکدا هەیە.

- ئیزەدی ئەشتاد (ئەرشتات):

ئەم ئیزەدە بریکاری راستییە، لەتەك ئیزەدی (مهر) و(سروش) و (رەشن)دا پێکەوە داوەری رۆحی مردوان دەکەن. لەجیهانی مادیدا بەخشەندەی خۆشی و نیعمەتە.

- ئیزەدی ئەرت (ئەرد):Arta

لەئایینی خواپەرستی زەردەشتیدا، ئەم ئیزەدە، ئیزەدی دادگەری، بەخشین، سەروەت، نیعمەت و تواناییە. ئەرت خەڵك هاندەدات کە خەریکی کار و کۆشش بن بە شێوەیەکی راست و دروست بۆ بەدەستهێنانی سامان و سەروەت. هەروەها ئەم ئیزەدە پارێزەر و پاڵپشتی ئەو جۆرە سامان و تواناییەیە کە لە رێگەی راست و دروستەوە بەدەست هاتووە. کەوایە ئەرت بریتییە لەدادو سامانێك کە بە هۆی راستی و دروستییەوە وەدەست هاتبێ، لەراستیدا ستایشی ئەم ئیزەدە، ستایشی راستی و دروستییەو راستی و دروستی ویست و خواستی ئاهورامەزدایە.

- ئیزەدی وەرترغنە (بەهرام): ئیزەدی سەرکەوتن بەسەر دوژمندا.

یەکێ لەئیزەدەکانی سەردەمی هیندو ئێرانییەکانی پێش زەردەشت بووە. ئەم ئیزەدە ئیزەدی سەرکەوتنە بەسەر دوژمناندا. لەبەرئەوەی لەسەردەمی کۆندا شەڕوشۆڕ و جەنگ دژی خراپە، یەکێك لەگرنگترین ئەرکەکانی سەرشانی مرۆ بووە بۆیەکا ئەم ئیزەدە بایەخێکی زۆری پێدراوە. لەهەندێ لەبەشەکانی ئاڤێستادا، ئەم ئیزەدە هاوپەیمانە لەتەك ئیزەدی (مهر)و(رەشەن). بەم شێوەیە خەڵکی فێری ئەوە دەکات کە (سەرکەوتن) دەبێ شان بەشانی (دادگەرێتی) و رێز لەپەیمانگرتن بێت بۆئەوەی لەئاکامدا بڵاوکردنەوە و گەشەپێکردنی ئاکاری مرۆڤایەتی خۆی لەئاشتی، برایەتی و خۆشی و بەختەوەری کۆمەڵگادا، بنوێنێ.

- ئیزەدی رامن (رام): ئیزەدی بەختیاری، شادی و ئارامییە.

ئیزەدی چالاکی و شادومانی ژیانە، ژیانی مادی نە ژیانی پاش مردن، ژیانێك کە لەسەر زەوی بێت وەك خانویەکی باش، لەوەرگای بە پیت و بەرەکەت و بەرهەمی چاك، باخی پڕ لە درەختی بەردار.

- ئیزەدی رەتە (راد)، ئیزەدی بەخشین و دەست بڵاوی

ئەم ئیزەدە هەر لەمێژەوە لەتەك سپەنتە ئەرمەئیتی یاخود (خۆشەویستی پاك و بێخەوش) بە جووت بریکاری دڵسۆزی و دلۆڤانی و بەخشین و یارمەتیدانی بێدەرەتان و داماوان و هەژارانن، ستایش کراون.

لەیەسنای ٦٨ بەندی ١٤ دەبێژێ:

((بە پێشکەشییەکی خاس و هەڵبژاردە لە ئاهورامەزدا دەخوازین بۆ هەموو ژنان و پیاوانی خاس و پاك، شادی و ئارامی، لەوەرگا و مێرگی خاس و بەپیتوو بەرەکەت، تەندروستی و لەش ساغی)).

لەم یەسنایەدا، بە هۆی ئەم ئیزەددەوە لە ئاهورامەزدا هەمەجۆرە بەخشینێکی مادی و مەعنەوی داوادەکرێت. ئەوەی شایانی باسە لێرەدا ئەوەیە کە بەخشین و یارمەتی تەنێ بە هۆی پارەوە ئەنجام نادرێت، بەڵکو هەروەکو چەندین جار لە ئاڤێستادا باسکراوەو فەرماندراوە کە بەسێ رێگە یا رەوش دەتوانرێت ئەنجام بدرێت و دەبێژێ جوامێری و بەخشین و دلێری لە رێگەی بیر و وتەو کردار واتە بە هۆی بیری خاس یا زمانی خۆش و ئامۆژگاری و پەندی خاس یاخود کرداری باش دەتوانرێ یاریدەی لێقەوماوان و هەژاران بدرێت.

- ئیزەدی ئاخشتی: بریکاری ئاشتی و هێمنایەتی و ئاسایش

ئاشتی و هێمنایەتی هەمیشە لەتەك خاس بیرکردنەوە و خێرخوازیدایە، بۆیە ئەم ئیزەدە، لە ئاڤێستادا هەمیشە هاوڕێ لەتەك وەهومەنەدایە و پێکەوە رێخۆشکەرەوەی ئاشتی و ئاسایشن بۆ ئادەمیزاد.

لەیەسنای ٦٠ بەندی ٥ دا هەر خوا پەرستێك لە خوا داوادەکات کە لەم ژیانەدا و لەم وڵاتەدا، فەرمانبەری بەسەر نا فەرمانی و بەڕەلاییدا سەرکەوێت، ئاشتی بەسەر شەڕوشۆڕ، جوامێری و بەخشەندەیی بەسەر رژدی و چروکی و دەست قوچاوی، رۆح سووکی بەسەر رۆح زلێتی و لووت بەرزیتی زاڵ بێت، راستی بەسەر درۆدا و پاکی بەسەر ناپاکیدا سەرکەوێت. لەزۆر شوێندا لەئیزەدی (مهر)یش داوای ئاشتی و ئاسایش و هێمنایەتی کراوە.

- ئیزەدی مانترە سپەنتە

وشەی مانترە سپەنتە، لە ئاڤێستادا زێتر بە مانای وتەی پیرۆز (کلام مقدس) هاتووە. مانترە بە تەنیایی بەمانای دوعا و نزا و وێردە. هەر لەکۆنەوە باوەڕ بە دوعا و نزا لای خەڵك فرە بەهێز بووە و تا ئێستاش زۆر کەس لەو باوەڕەدان گەر دوعا و نزا بە باوەڕێکی پتەو و بێ غەلوغەش بێت، ئەوا زۆرچاك گیرادەبێ و دەتوانێ هەموو بەلایەك لە ئادەمیزاد دووربخاتەوە.

لەنێو گاتەکاندا دەربارەی ئەم ئیزەدە زۆر باس نەکراوە، تەنیا وەك ئیزەدی، ((وتەی پیرۆز) ناسێنراوە، کە دەتوانێ سەلامەتی لەش و گیان دابین بکات.

لە ئاڤێستای نوێدا، ئیزەدی مانترە سپەنتە ئەرکێکی دیکەی خراوەتە سەرشان، کە بریتییە لەوەی بە هۆی دوعا و نزا و وێردەوە و بەیاریدەی باوەڕ و بیری خاس و ئایینی پاکەوە خەریکی تیمارکردنی نەخۆشی لەش و گیانە. بیری خراپ و زیانبەخش و سیحر و جادوو و هۆکانی ئازار و نەخۆشی بە هۆی ئەم ئیزەددەوە لەناودەچێت.

لە کتێبی ڤەندیداد بەشی ٢٢ دەبێژێ:

((ئەی وتەی پیرۆز (مانترە سپەنتە)، تیمارم بکە، نەخۆشیم لێوەدووربخە، پێویستییەکانم وەدیبهێنە، هێز و توانا و تەندروستیم بدەرێ)).

- ئیزەدی داموئیش ئوپەمەنە، ئیریامەن (بریکاری تەندروستی)

مرۆیەکی پاکدین و خاس کردار ئەگەر تووشی تەنگوچەڵەمە بێت و کەسێك بیەوێت ئازاری بدات یا بیکوژێت، ئەم ئیزەدە بەهاریکاری ئەمشاسپەند (مهر) دەگاتە فریای و یارمەتی دەدات.

ئەم ئیزەدە یەکێکە لەو ئیزەدە هاوبەشانەی نێوان هیندو ــ ئێران. لە (ودا)کاندا ئیزەدی دۆستی و هاودڵییە، لە ئاڤێستادا لەکاتی وەدیهێنانی ڕێوڕەسمی ژن خواستن بانگەوازی لێدەکرێت. لە بڕێك لە نووسینەکاندا نیشانەی دەرمانبەخشی پێدراوە.

لە ڤەندیداد بەشی ٢٢ بەندی ٢تا ٢٠ دەبێژێ:

ئاهورامەزدا ئەم جیهانەی زۆر جوان و خۆش و چاك دروستکرد.

بەڵام ئەنگرەمینو (بیری خراپ) نەوەدونۆ هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ جۆر دەرد و بەڵا و ناخۆشی و وەدیهێنا، ئاهورامەزدا (ئیریامەن)ی ڕاسپارد، کە ئادەمیزاد و گشت زیندەوەرانی دیکە لەم بارە ناخۆشە رزگاربکات و دەرمانی دەردیان بۆ ئامادەکا و ساڕێژی برینەکانیان بکات، ئەمیش زۆر بە پەلەو بە هۆی گژوگیای خروسکی و داودەرمان و بە هۆی پاك و تەمیزییەوە و دوعا و نزا کەوتە ساڕێژکردنی نەخۆشی و دەردەکانیان.

- ئیزەدی هوم

ئیزەدی هوم، ئیزەدی دوورخەرەوەی مەرگە، ئیزەدی توانایی، کامڕەوایی، زانایی، هونەرمەندی، جوانی و...

هوم، ئەم شتانە بە ئادەمیزاد دەبەخشێ: هۆش و زانیاری، زات و ئازایەتی، تەندروستی، بەختیاری، خۆشبەختی، هێز و توانای لەش، فەرمانبەرێتی، سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر ستەمکاران و خراپەکاران... هوم زانیاری دەبەخشێ بە عەودالانی زانست، هاوسەری خاس بۆ کیژانی پاك هەڵدەبژێرێ، مندالانی بە ئەمەك بۆ ژنانی خاس و بەهەشت ئامادەدەکات بۆ مرۆی ڕاست و دروستکردار.

یەسنای ٩ بەندی ٢٨ دەبێژێ:

((هوم هێز و توانا لەدەست و پێی بەدکاران دەبڕێت و بیریان ئاڵۆزدەکات، توانایی بینایی لەچاویان دەبڕێ، مرۆی خاس کردار بەرامبەر کردارخراپان دەپارێزێ.))

- ئیزەدی ئەشی و نگهوئی: بریکاری دارایی و سامان و دەوڵەمەندی

لەڕووی مادییەوە، ئەشی و نگهوئی بە پارێزەری سامان و دارایی دەژمێرێت. ئەم ئیزەدە ئەرکی سەرشانی ئەوەیە کە هەمبارەکان پڕ لەدانەوێڵە بکات، ڕەشەوڵاخ و مەڕومالات زیادبکات، ماڵ و گوند و شار ئاوەدان بکات.

- ئیزەدی پارەندی

ئەم ئیزەدە یاریدەدەر و هاوکاری ئیزەدی ئەشی و نگهوئیە کە بەخشەندەی سامان و دارایی و هێز و توانای کارکردنە بەستایشگەرەکانی.

- ئیزەدی دراوسپ یا گیئوش Geus ((بریکاری ئاژەڵی سوودمەند))

ئەم ئیزەدە پارێزگەری ئاژەڵی سوودمەندە، هەروەها پاڵپشتی مرۆڤی خاس و پاڵەوانان و ئەو قارەمانانەیە، کە لەڕێی خێر و خۆشی خەڵکدا تێدەکۆشن ((ستایش دەکەین(دراوسپ)ی توانا، کە ئافەریدەی مەزدایە، کەسێك مەر ومالات و ڕەشەوڵاخ بە تەندروستی و سەلامەتی رادەگرێ. کەسێك کە تەندروستی بە دۆستان دەبەخشێ، کەسێك کە تەندروستی دەدات بە زارۆڵەکان...)).

ئەو ئیزەدانەی تا ئێستا باسمان لێکردن بریتین لەو ئیزەدانەی لەگروپی ئیزەدە (مەعنەوی)یەکانن. گروپی دووەم ئیزدە مادییەکانن کە بریتین لەمانە:

- ئیزەدی هۆرخشتییە (ئیزەدی خۆر)

لەنێو ئارياییەکاندا و لەسەرانسەری جیهانیشدا هەر لەدێرزەمانەوە پلەوپایەکی تایبەتی هەبووە، لە ئاڤێستادا فرە بەرێزەوە تەماشای کراوەو ئەم سیفەتانەی لێنراوە: شکۆمەندو پایەبەرز، نەمر، پاك کەرەوەی هەموو شتێك، ئەسپی توندڕەو (بۆیە سیفەتی ئەسپی توندڕەوی لێنراوە، چونکە لەو سەردەمەدا ئەسپ بەوە بەنێوبانگ بووە، کە توندڕەو بووە و لەبەرئەوەی تیرۆژی خۆریش زۆر بە خێرایی رێگە دەبڕێ، ئەم سیفەتەی لێنراوە). لەنێو ئارياییەکانی پێش سەردەمی زەردەشتدا، هەروەها لەنێو سامییەکانیشدا پەرستنی خۆر باوبووە. لەپاشاندا لەئاییینی زەردەشتدا وەك ئیزەدێکی ئافەریدەی ئاهورامەزدا رێزی لێگیراوەو ستایشتێکی تایبەتی لێدەگیرێ، رۆژانە سێجار ستایشی خۆر دەگیرێ: کاتی هەڵهاتنی خۆر، کاتێك کە دەگاتە نیوەی ئاسمان(نیوەڕۆ) و لەکاتی ئاوابوونیدا.

لە ئاڤێستادا ئەو شتانەی کە بە پیرۆز دەژمێردرێن، ستایشیان لێکراوە و رێزیان لێدەگیرێ. لە کتێبی(خردە اوستا) کە بەشێکە لەپێنج بەشەکانی ئاڤێستای نوێ ستایشت لە(خۆر، مانگ، مهر، ئاو، ئاگر) کراوە و بۆ هەر یەکیان ئیزەدێکی تایبەتی دانراوە.

دەقی ستایشی خۆر لە ئاوێستادا بەم جۆرەیە:

((پیرۆز و سەرکەوتووبێت خۆری درەخشان، خۆری نەمر، خۆری تیژڕەو، بە بیر و وتە و کرداری خاسەوە ڕوودەکەمە خۆر و ستایشی دەکەم. ئەی ئاهورامەزدا، ستایشی خۆری درەوشە تیژڕەو دەکەم کە تۆ ئافراندووتە. ستایشی هەموو ئێوە دەکەم ئەی ئەمشامسپەندان کە هەر وەك خۆر مەزن و شکۆمەندن. ئەز پەیڕەوی رێبازی ئاهورامەزدام کە دروەشینەوەی خۆر لەڕووناکی ئەوەوەیە، ئەز تێکشکێنەر و رسواکەری ئەنگرەمینوم، ئەمەیە رێگەی خواپەرستان، ئەو رێگەیەی کە بیری خاس، وتەی خاس و کردەوەی خاس فێردەکات.

ئەمنم ستایشگەری بیری خاس، وتەی خاس و کردەوەی خاس بەهەموو گیان و ڕەوان و لەشم، ئەز، لەبیری خراپ، وتەی خراپ و کردەوەی خراپ بەهەموو گیان و ڕەوان و لەشم دووری دەکەم. ئێستا ئیدی سروودتان بۆ دەچرێنم و ستایشتان بۆ دەکەم بۆ ئێوە ئەی ئەمشاسپەندان و بیر و وتەو کردەوەی خاستان پێشکەش دەکەم. ئاهورامەزدا دەپەرستم. ستایشت دەکەم ئەمشاسپەندان و ئیزەدی (مهر) کە خاوەنی دەشتودەری فراوانە، خۆری تیژڕەوی درەخشان و (کیومەرس) کە یەکەمین ئادەمیزادە ستایشت دەکەم، ستایشتی من بۆڕەوانی پاکی زەردەشت و بۆ گشت ئەو ئافەریدە خاس و پاکانەی کە بوون و هەن و لەپاشاندا دەبن. رێگەی ڕاستیم هەڵبژاردووە، رێگەی بیری خاس، ئەو رێگە بەهێز و توانایە، ئەی مەزدای مەزن، ئێستا لەبەر رۆشنایی ئەم هەڵبژاردنەمدا، ژیانێکی خاسم پێ ببەخشەو لەئاکامدا یارمەتیم بدە. ئێستا ئیدی هەردوو دەستم بەرەو ڕووی خۆر بەرزدەکەمەوە، ئەو خۆرەی لەهەموان دەرەخشانترەو بە چراندنی سروود ستایشی دەکەم، سروودی بۆ دەنێرم و دەبێژم:

ستایشی دەکەم خۆری نەمر و هەمیشە زیندوو تیژڕەو، کە خاوەنی دەشتودەری فراوانە، ستایشی خۆر دەکەم کە زێڕین و درەخشانە، بەنێوبانگ و خاوەنی هەزار گوێ و دە هەزار چاوە، بێخەو و هەمیشە بێدارە، شای گشت وڵاتانە، چاو جوان و چاوتیژە، ئاهورامەزدا لەنێو هەموو ئیزەدەکاندا ئەوی لەهەموان درەخشانتر ئافراندووە. با یاریدەدەری ئێمەبن، ئاهورامەزدا و ئەو تیرۆژە نەمرەی. ستایشت دەکەم (تیشتەر) ئەستێرەی باران، کە پێشاهەنگی خۆرە لە ئاسماندا، کە چاوتیژ و شکۆمەندو درەخشانە.

ستایشی(تیشتەر) دەکەم دەگەل ئەو هەسارانەی کە لە دەوروبەریدان و هەروەها ئەستێرەی(وەنەنیت) کەمەزدا ئافراندوویەتی.

ستایشگەری ئاسمانی بێپایانم، ستایشی پاکی دەکەم، ستایشی زانست دەکەم کە مەزدا پێی داوین، ستایشکەری ئایینی خواپەرستیم، ستایشی دەکەم گشت ئیزەدە مەعنەوی و رۆحانییەکان و هەموو ئیزەدەکانی مادی ئەم جیهانە، رۆح و رەوانی خۆم ستایشت دەکەم دەگەل گشت رەوانە پاکەکان، ستایشت بۆ ئەو خۆرە نەمرە درەخشانە تیژڕەوە. ستایشکەری ئەو خۆرە نەمرە تیژڕەوەم، سەرلەبەیان ستایشی دەکەم، ئەوکاتەی تیرۆژە زێڕینەکەی هەموو جیهان رۆشندەکاتەوە، ئیزەدە رۆحانییە پایە بەرزەکان، سەدان و هەزاران لەو ئیزەدانە، ئەو گەردیلە رۆشن و درەخشانانەی کە لەسەرچاوەی خۆر هەڵدەقولێن، لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی، بۆ سەر ئەو زەوییەی کە ئاهورامەزدا ئافراندوویەتی. ئەو روونا کییەی کە لەسەرچاوەی خۆرەوە بەسەر باڵی ئیزەدەکانەوە، بۆسەر پانایی زەوی سەرەوخوار دەبێت، هەموو رووی زەوی لەتاریکی و پیسی پاکدەکاتەوە و گژوگیا و رووەك لەنێو خاکدا بە هۆی ئەم رووناکییەوە کە لەسەرچاوەی خۆرەوە هەڵدەقولێت وەك هەنگوین دەیخۆن و نەشونمای پێدەکەن. ئەم رووناکییە زێڕینە، پاك کەرەوەیە بەو جۆرەی کە ژیان بەخشە، ئاوی ڕەوان و ئاوی مەنگ پاکدەکاتەوە، ئاوی کاریزەکان، چاڵاوەکان، دەریاکان، جۆگەلە و زەلەکان.

ستایشت دەکەم ئەم خۆرە بال زێڕینە تیژرەوە نەمرە، ئەگەر کو هەڵنەهاتایە و ئەو تاریکییە، ئەهریمنییەی کە باڵی بەسەر ڕووی زەویدا کێشابوو، ڕانەمالیبایە، خراپەکاران هەموو ئەو شتانەی کە لەنیو حەوت هەرێمدا هەبوو گشتیان بەرەو خراپە دەبردو ئەوسا ئیدی ئیزەدە روحانییەکانیش توانای بەرگرییان لێنەدەوەشایەوە و نەیاندەتوانی رێیان لێبگرن. کەسێك کە ستایشی خۆردەکات. هاریکاری لەتەکا دەکات و هێز و توانای دوو بەرابەر دەکا بۆئەوەی دژی تاریکایی و خراپەکاران و دزو جەردە ڕاوەستێت. کەسێك کە ستایشی خۆر دەکات، مەرگ لەچوارچێوەی دەرگای ژیانی خۆی وەدووردەخات. ستایشی خۆر، سوپاس بۆ ئاهورامەزدایە، ستایشتی فریشتەکانە و ستایشتی رۆحیانەتی خۆیەتی، ئەو کەسەی ستایشتی خۆری نەمر و تیژڕەو دەکات، ستایشتی هەموو ئیزەدە رۆحانییەکانی ئاسمان و زەوی دەکات، ستایشگەری ئیزەدی (مهر)م، کە خاوەنی دەشتودەرێکی فراوانە، خاوەنی دە هەزار گوێ و هەزار چاوە و چەکی دەستی گورزێکی دێوبەزێنە. بە هەموو گیانمەوە ستایشتی ئیزەدی(مهر)دەکەم، دۆستی و یەکدڵی، ئەو دۆستایەتی بێ ڕیاوو بێگەردە، کە هەروەك دۆستایەتی نێوان مانگ و خۆروایە، ئەو خۆرە نەمرە تیژڕەوەی کە تیرۆژە زێڕینەکەی هەموو

جیهان دەگرێتەوە، ستایشتی دەکەم کە تاجی سەری هەموو جیهانە، کە سوود و بەهرەکانی بێپایان و لەڕادەبەدەرە، ستایشتی دەکەم بە بیر و وتەو کرداری خاس.

ستایشت دەکەم ئەو پیاوانە و ئەو ژنانەی کە ڕێ و ڕەوشتی ئایین بەباشترین شێوە دەپارێزن. مەزدا ئاهورا ئاگادارە، لەهەموان خاسترە، ئاگادری باشترین ژنان و پیاوانی خاوەن ئایینە)).

- ئیزەدی مانگهە (مانگ)

لەکاتێکدا کە تاریکایی شەو بوار دەرەخسێنێ بۆ ئەهریمەن کە بەکرداری بەدو خراپی خۆی خراپەکاری، دزێتی، جەردەیی و هەمەجۆرە کاری ناجوامێرانە بکات. لەبەر ئەوەی لەترسی تیرۆژەی خۆر، لەرۆژی ڕووناکدا ناتوانێت ئەم کارانە ئەنجام بدات، مانگ بە هۆی ئەو ڕووناکییەی لەخۆرەوە وەریدەگرێت و بە شێوەی تریفەی دەینێرێتە سەر زەوی و ڕووناکی دەکاتەوە و تا ڕادەیەکی زۆر ئەو تاریکایەتییە ڕۆشندەکاتەوە و پەیکەری خراپەکاران دەردەخات و ئاشکرایان دەکا و ڕێگا لە خراپەکانیان دەگرێ.

مانگ لە ئاڤێستادا ماوەنگهە Mawangha ی پێ دەبێژرێت. لەکتێبی (خردە اوستا)دا بەشێکی تایبەتی هەیە بە ناوی ستایشی مانگ، لەم بەشەدا سوپاس و ستایشی مانگ دەکرێت و تیایدا ڕێزی تایبەتی لێدەگیری. لەسی ڕۆژی مانگدا سێجار ئەم ستایشە ئەنجام دەبێت:

جاری یەکەم، لەکاتێکدا ئەنجام دەبێ کە مانگ لەشێوەی هیلال(مانگیلە) دایە و پێی دەبێژرێ ئەنترەری ماوەنگهە AnTare Mâwangh. جاری دووەم لەکاتێکدایە کە مانگ پڕەو لەشێوەی خڕیدایە و پێی دەبێژرێ پەرنو ماونگهە Pereno Mawangh و جاری سێیەم لەکاتێکدایە کە دووبارە بەشێوەی هیلال(مانگیلە) دەردێتەوە.

ستایشی مانگ بەم شێوەیە دەبێژرێ:

((مانگ ستایش دەکەم کە ئافریدەی ئاهورامەزدایە. ستایشت بۆ ئەمشاسپەندان و ئیزەدەکان پەرستن تایبەت بۆ ئاهورامەزدایە. مانگ ستایش دەکەم لەنێو ئاسمانی بێ پایاندا لەکاتێکدا کە هەڵدێت، مانگ ستایش دەکەم لەنێو ئاسمانی بێپایاندا لەکاتێکدا کە پر وخڕە.

لەبۆ ڕەزامەندی و خۆش وەشی ئاهورامەزدا، باشترین سروودەکان دەچرێنم: پەیڕەوی ئایینی مەزدا پەرستیم، ئەو ئایینەی کە زەردەشت هاوردوویەتی، ئەو ئایینەی دژی خراپەکاری و دەجەنگێت و ململانێی لەتەکا دەکا، ئەو ئایینەی کە فێری ستایش و ڕێزلێگرتن لە هەموو ئاژەڵە بە کەڵکەکانمان دەکا. بە زوانی گیان دەچرێنم سروودی پەرستنی ئاهورامەزدا و سروودەکانی ستایشی

ئەمشاسپەندان و ئیزەدەکان. ستایشی تایبەتیم بۆ مانگ بێت، کە تۆوی چارواکان دەپارێزێ. سروودی بۆ دەبێژم لەکاتێکدا کە لە ئاسماندا هەڵدێت و دەردەکەوێت،، سروودی بۆ دەبێژم، کە لەنێوەڕاستی ئاسماندا پر و خڕدەبێت. کاتێك کە هەڵدێت، کەمانێکی باریکە، چەند رۆژێك ئەو کەمانە نیوە پڕ دەبێ، پاشان هەردوو نیوەکە دەبنە یەك و ئەوسا دەبێتە مانگی چواردە. پاش ئەوە بەرەبەرە کزدەبێ و دەتوێتەوە، چەند رۆژێك تێپەڕدەبێ تا دووبارە هەروەك جاران دەگەڕێتەوە سەر شێوەی مانگیلە (مانگی یەك شەوە). ئەی ئاهورامەزدا، تەنها تۆ دەپەرستم، کە بەم جۆرە ویست و ئارەزووت دەچەرخێت، جگە لەتۆ کێ دەتوانێ ئەم کارە ئەنجام بدات؟

ئەی ئاهورامەزدا، ستایش دەکەم ئەم مانگە پر و خڕە کە ئافریدەی تۆیە، کە نیشانەی پاکی و جوانییە. دەڕوانینە رووناکییە سپی مانەند و میهرەبانییەکەی کە هەروەك فریشتەکان لە ئاسمانی بەرینەوە بۆ سەر زەوی پەخش و بڵاودەکرێتەوە، بە زەوییەك کە ئافریدەی ئاهورایە. ئەم رووناکییە هەرکە دەگاتە سەر ڕووی زەوی، گژوگیا و رووەك دەڕوێنێ و دەیبوژێنێ و زەوی کراسێکی ئامالْ بە سەوز لەبەردەکات.

ستایش دەکەم ئەم (گۆ) رووناکەی ئاسمان لەبەر خاتری فەڕ و شکۆمەندییەکەی لەبۆ جوانی و پیرۆزییەکەی، بە زوانی گیان و دڵ سروودی تایبەتی ستایشت دەچڕێنم، لەسێ کاتدا، کاتێك کە هەروەك کەوانێك لە ئاسماندا هەڵدێت و دەردەکەوێ، ئەجا لەکاتێکا کە ئەم کەمانە پڕدەبێت، ئەوسا لەکاتێکدا کە پر و خڕ لە ئاسمانی بەریندا چاوم رووندەکاتەوە. دەچڕێنم ئاوازی تایبەتی ستایشت بەم شێوەیە:

ستایشکەری ئەو مانگە ڕووناك و پاکەم کە جوانی و تازەیی و شادمانی بە هەموو شتێك دەبەخشێت، رووناهییەکەی، گژوگیا و درەختەکان دەڕوێنێت و گەشەیان پێدەکات و شینیان دەکا، زانست و ئارەزوو زیاد دەکا، ڕووناکییەکەی، نەخۆشی لە لەش و گیان دووردەخاتەوە.

ستایشت بۆ مانگ، بۆ ئەو توانا و رووناکیدەرە، ئەو مانگەی کە ژیانی ئاژەڵە بە کەڵکو سوودمەندەکان زیاتر دەکات.

ستایشگەری مانگی بە کەڵك و سوودبەخشی ئافەریدەی ئاهورام. داواکارم کە تەندروستی و تەمەن درێژی، هێز و توانا و سەرکەوتنمان پێببەخشێت، هێزی خۆڕاگرتنمان بدەرێ، تۆ کە ویست و دارایی دەبەخشیت، بەرەکەت بخەرە نێو ئاژەڵەکانمان و زێتری بکە بۆمان، کیژ و کوڕی جوان و بالابەرز لەنێو خێزانەکەماندا پتر بکە، بۆئەوەی هێز و توانامان زێتربێت و لەململانێتی ژیاندا سەرکەوتووین و زەبوون نەبین، تۆ ئەی ئیزەدی پایەبەرز و ئێوە ئەی هەموو ئیزەدەکانی ئافەریدەی ئاهورا، ئاوازی

ستایشمان که دەیچڕێنین ببیستن، ئەوانەی (چاکە) ستایشت دەکەن، سەرفراز و سەرکەوتووبکەن. بە هەموو شێوە و وشەکانی ئایینی ستایشت دەکەم ئیزەدی ڕووناهیدەر.

مەزدا ئاهورایە، کە ئاگاداره لە گشت کرداره راستینەکانی ستایشگەرانی خەڵك، پاداشتی ئاهورایی بۆ ئەو ژن و پیاوانەیە کە پارێزگەری ڕەوشەکانی ئایینەکەیانن و ستایشییان بۆ ئیزەدی مانگ بەراستی و لەکانگەی دڵیانەوەیە)).

- ئیزەدی تیشتریە ((ئیزەدی باران))

لەمێژەوە ژیانی ئارییاییەکان بە هۆی کشتوکێڵەوە دابین دەکرا، ئەو ساڵەی باران بە ئەندازەی پێویست و لەکاتی خۆیدا دەباری، ئەوە ساڵێکی بە پیت و بەرەکەت دەبوو بەختوەردەبوون، لەبەرئەوە ڕێز و بایەخێکی تایبەتییان بۆ باران هەبوو، ئیزەدێکی تایبەتییان بۆ باران ڕەچاوکردبوو.

لە(یەشتی هەشتەم)ستایشی ئەم ئیزەدە کراوەو داوای لێکراوە کەباران بەخشین و کەرەمی خۆی لە ئادەمیزاد کەم نەکات، بە هۆی میهرەبانی و بەخشەندەگی خۆیەوە ئاوو کانیاوەکان و ڕووبارەکان و دەریاکان زیاد و پڕ ئاویان بکات، چونکە گشت گژوگیا و ئاژەڵی گچکە و گەورە و ئادەمیزاد چاوەڕێی لوتف و کەرەمی ئەون.

- ئیزەدی ئازەر (ئاگر)

زۆر لەمێژەوە ئاگر لای ئارییاییەکان ڕێزی لێگیراوەو ستایشتی کراوە، لەسەردەمی پێش زەردەشتدا، ئاگر پلەوپایەیەکی تایبەتی هەبووە.

بۆ یەکەمین جار لە ئاڤێستادا کەباسی ئاگر کراوەو ڕێزی لێگیراوە لە گاتاکاندا (یەسنا هات ٤٣ بەندی ٩)بووە کە بەنیشانەی ئاهورامەزدا ناوی لێبراوە، لەپاشاندا لەسەراسەری ئاڤێستادا درووود و ستایشتی لێکراوە، ئاگر بە سەروەری پەیڕەوانی ڕاستی و یار و یاوەری سپەنتامینوو نەیاری ئەهریمەن و خراپەکان دانراوە.

لە گشت ئاتەشگاکاندا، لەشەوو ڕۆژێکدا پێنج جار لەلایەن مویدەکانەوە ستایشتی ئاگر دەخوێنرێتەوە، هەروەهالەنۆهەمین ڕۆژی هەموو مانگێکدا(کە نێوی ئاگری لێنراوە) و لە گشت جەژنەکاندا ستایشتی ئاگر دەخوێنرێتەوە. دەقی ستایشتی ئاگر بەم جۆرەیە:

((ئاگر ستایشت دەکەم کە ئافەریدەی ئاهورامەزدایە. ستایشتت دەکەم ئەی ئاگری پاك سرشت، ئەی مەزنترین خەڵاتی ئاهورامەزدا، ئەی ڕووناهی، کە شیاوی ستایشتی. ستایشتت دەکەم کە لە ماڵی مندا داگیرساویت، ژێهاتووی ستایشت و کەباریت (مناجات). بەهەموو ڕێوڕەسمێکی

ئایینییەوە بەرامبەرت ڕادەوەستم و ستایشتت دەکەم، بە دەستێکەوە (بەرسەم) دەگرم و بەدەستەکەی دیکەمەوە دارێکی وشکی بۆنخۆش.

تۆ ئەی ئاگری ئاهورامەزدا، تۆ ئەی شیاوی زێدەترین ستایشت، بڵێسەت لەم ماڵەدا هەمیشە درەخشان بێت، ڕووناهیت لەتەك تیشکی سوورت بدرەوشێتەوە لەم ماڵە، هەمیشەو هەمیشە، هەتاهەتایە، تۆ، ئیزەدێکی لەهەموان بە ئاهورامەزدا نزیکتری، ویست و خواست و ئارەزووکانمان بەدیبێنە، ئارامی و هێمنایەتیمان پێ ببەخشە، ژینێکی پڕ لە ئاسایش و ئاسوودەیی، بژێوی ڕۆژانەمان بدە، پاکی و خۆڕاگری، پاراوی زوبان و دەنگێکی خۆش و زانست، زانستێك کە بەرەو ژیانێکی خاستر و باشترمان بەرێت، پێمان ببەخشە خاسترین ڕەفتار و کردار بۆئەوەی بەهێز و توانا و دلێرین، بەفام و هۆش، لەبەر ڕۆشنایی تیشکی زانست هەنگاو هەڵبێنین، لەنێو خێزانەکانماندا وەچەی بەهێز و توانا و سوارچاك و جوامێر و قسەزان و تێکۆشەر لەڕێی ئاوەدانی وڵاتدا، هۆشمەند و زانا و خاوەنی بیر و کردار و وتەی خاسمان پێ ببەخشەکە ئاگاداری ماڵ و خێزان و گوند و وڵاتمان بن. ئەی ئیزەدی مەزن، هەمیشە چاودێر و ئاگادارمان بە، پێمان ببەخشە هەرشتێك کە بەختەوەر و سەرکەتومان دەکات، هەرشتێك کە مایەی رزگاریمان دەبێت و ژیانێکی خاستر و ڕۆژگاری باشترمان بۆ بڕەخسێنێ، باشترین و بە پیت و بەرەکەتترین زەوییەکانمان پێڕەوا ببینە کە بتوانین ژیانێکی پڕ لە ئاسایش و ئارام پێکەوەبنین. لەنێو باوەشی خێزاندا، لەئاگردانی ئاتەشگاکاندا، ئاگری تابان و درەخشان و گەرمابەخشی ئاهورایی بڵێسە دەگرێ. ئاهورا پەرستەکان سروود دەخوێنن، تا لەو کاتەدایە کە ستایشگەرەکان، بەگوێی دڵ و گیانەوە گوێبیستی قرچە قرچی ئارام بەخشی ئاگر دەبن کە دەبێژێ:

((بەرخوردار و کامڕەوابن لە ویست و داخوازی و ئارەزووەکانتان. زەوی و زارتان پڕ لەگاڕان و مەڕومالات بێت، هەروەکو چۆن تەڕچك و پڕ لەدار و درەخت و گژوگیایە. بەرخورداربن لەبیری ڕووناك و هۆشیار و سەرفرازی و توانایی و دلێری و ئازادی، بەرخورداربن لەدەشتو زەوی و زاری پڕ بەرەکەت و ماڵی گەورە و خۆشی و پڕ لە ئاسایش، کە دەنگی منداڵانی ئازادو دلێری لێ هەڵسێت، کە ئارامبەخشی خۆتان و وڵاتتان بێت.))

هەرکە ستایشکەران گوێیان لەمەبوو، بە دڵ و بەگیان، بۆ دواجار ستایشتی ئیزەدی پایەبەرز دەکەن و وێڕای ئافەرینکردنی دەبێژن:

سڵاوو ستایشت بۆ تۆ ئەی ئاگری ئاهورامەزدا، ستایشت دەکەین ئەم ڕووناکییە پاك و درەخشانە، ئێستا کە ئاشکرایت بۆمان، هێز و توانامان پێ ببەخشە تا باشترین بیر و وتەو کردارمان

بێت. یارمەتیمان بدە تا بتوانین بەرهەڵستی خراپە و درۆ و هەموو شتێکی نارەوا بکەین رۆح و ڕەوانمان پاك و خاوێن بکە لە خراپە و رێگەی بێئەنجام تا شیاوی پەرستنی ئاهورامەزدای مەزن بین.

بە گوێرەی دەستووری ئاڤێستا و نەریتی کۆنی ئاریاییەکان، داری تەڕ(کە دووکەڵ دەکات) و هەر شتێك کە بۆنی ناخۆشی لێوەدەرچێت و پیس بێت، نابێ بخرێتە ئاگرەوە و هەرکەسێك بەم کارە هەڵسایە بەگوناهبار دەژمێرا و سزایەکی سەخت دەدرا.

دەربارەی ئاگر و جۆرەکانی ئاگر و بۆچی لەکاتی وێردو نزا خوێندن ڕووی تێدەکرێت، لەپاشاندا لەبەشێکی تایبەتی زێتر باسی لێدەکەین.

- ئیزەدی ئەریدویسور، ئاناهیتا ((ناهید)) ــ ئیزەدی ئاو ــ

ئاو، یەکێکە لەچوار عنصرە بنچینییەکانی ژیان (خاك، ئاو، ئاگر، هەوا) و هەمیشە رێزێکی تایبەتی هەبووە و هەوڵ و کۆشش دراوە کە بە پاکی و خاوێنی ڕاگیرێت و لیخن و پیس نەکرێت.

ئاناهیتا، لەئایینی زەردەشتدا ئیزەدی ئاوە.

لە(ئابان یەشت) بەندی یەکەم ئاهورامەزدا بە زەردەشت دەفەرموێت:

((ئەی زەردەشت سپەنتمان، لەبۆمن (لەبەرخاتری من) ستایشتی ئەم ئەریدویسورە ئاناهیتایە بکەو رێزی لێبگرە، ئەو کەسەیە کە باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشاوە، چارەسازە، دوژمنی خراپەکارانە و دۆستی ئایینی ئاهورایییە، شایانی ئەوەیە کە لەجیهانی مادیدا ستایشتی بکرێت و رێزی لێبگیرێت، ئەو پیرۆزەیە کەمەر و ماڵات و سامان زیاددەکات، وڵات دەبوژێنێتەوە و بەرفراوان و ئاوەدانی دەکات.))

هەروەها لە (ئابان یەشت)دا، کە خۆی لەخۆیدا بریتییە لەستایشتی چاکە و کرداری خاس، هێز و توانا لەڕووی لێهاتوویییەوە و داواکردنی نەوەیەکی بەهێز و توانا و پاك، ئاناهیتا بەو کەسانەی کە پاکیزەیی و پاکدامەنی دەکەنە دروشمی ژیانیان، بەرەکەت و سامان و هێزیان پێدەبەخشێت. دوژمنی سەرسەختی خراپی و چەپەڵییەکانە، پاسەوان و چاودێری (نەوە)یە، بۆیە ئاوی پیاوو رەحمی ژنان پاك و خاوێن دەکات بۆئەوەی زارۆڵەی پاك و ساغڵەم بێنن. لەکاتی منداڵبووندا ژانی ژنان، کەمدەکاتەوە و شیریان زیاد دەکات. یارمەتی هەموو دلاوەران و ئەو کەسانەی دەدات کە لەپێناوی راستی و دروستیدا دەجەنگن و سەرکەتنیان بۆ دەرەخسێنێت.

(ئاناهیت یەشت) یەکێ لەکۆنترین یەشتەکانە کە پێشکەشکراوە بە ئیزەدی ئاو ئەریدویسورە ئاناهیتا، ناوەڕۆکی ئەم ستایشتە لەبەندەکانی سەرەتای (ئابان یەشت) و بڕێ لەبەندەکانی (یەسنا هات ٦٥) وەرگیراوە. ئەم ستایشتە لە ئاڤێستادا پێی دەبێژرێت ئابان یەشت یا ئابزوورنیایش یا

ئابزورتن، ر ەوی شایانی باسە ئەوەیە کە ئەم ستایشتە لەدووەمین رۆژی هەموو مانگێك لە گوێی چەم و ڕووبار و... دەخوێنرێتەوە، بەڵام نابێ بەشەو بخوێنرێتەوە. دەقی ئەم ستایشتە بریتییە لە:

{ستایشت دەکەم هەموو ئاوەکان کە ئافەریدەی ئاهورامەزدان، ستایشتت دەکەم ئەی ئەریدویسورە ئاناهیتا، تۆ ستایشت دەکەم کە نیشانەی هەموو ئاوێکی پاك و زولالی. بۆ ڕەزامەندی ئاهورامەزدا کە تۆی ئافراندووە ستایشتت دەکەم. بپەرستین ئاهورامەزدای شکۆمەند، ستایشت بکەین گشت ئاوە پاکەکان کە ئافەریدەی ئاهورامەزدان. هەروەها ئەو ئیزەدە مەزنەی کە سەرپەرشتی و چاودێری ئەو ئاوانە دەکات کە ئاهورامەزدا پێی بەخشیوین. ستایشتی گشت ئەمشاسپەندەکان بکەین، هەروەها ئیزەدانی رۆحی و مادی، رۆحی ئەو مرۆ خاسانەی کە یەکەمین کەسانێك بوون باوەڕیان بە ئایینی خواپەرستی هێنا، هەروەها زەردەشت و بنەماڵەکەی ستایشت دەکەین. ستایشکەری ئاوی پاکی بە سوود و ژیان بەخشم، ستایشگەری ئەریدوریسورە ئاناهیتام، ئەو پاسەوانە لێهاتووەی هەموو ئاوە پاکەکانی جیهان، ئەو ئاوەی سەر رووی زەوی کە ژیان بەخشە، سەرچاوەی هێز و توانا و تەندروستییە، هەرکە داڕێژی گشت خراپییەکان تەفروتونادەکات، کاتێك کە ڕەوان و بەخوڕ بێت هەرچی ناپاکی و چەپەڵی و پیسی هەیە ڕادەماڵا و لەناوی دەبات. ئێستاکێ، ئاناهیتا ستایشت بکەین، ئەو ئیزەدە شکۆمەندو پلەبەرز و لێهاتووە، کە لەسەراسەری گێتی دایە و لەسەر ڕووی زەوی هێز و توانا دەبەخشێ بە لەش و گیان، ژیان و جموجۆڵ دەبەخشێ بە هەموو گێتی، گژوگیا دەڕوێنێ، مەر ومالات زیاددەکات، وڵات ئا ەدان و بەهێز دەکات.

ئاناهیتا ستایشت بکەین، کە چاودێریکەری ژنانە و لەخاسکردن و خاوێنی نەژاد کارسازە، هێزی بەدیهێنانی ژیان لەنێو دەروونی پیاودا پاك وخاوێن دەکات، شیاوی ئەوەی دەکا، کە لەنێو دەروونی ژندا دووگیان بێت.

ستایشتی ئیزەدێ بکەین کەژانی ژنان لەکاتی منداڵبووندا کەم دەکات، مەمکی ئەو ژنانەی کە زاروڵەیان بووە پڕ شیر دەکات کە سەرچاوەی ژیانە بۆ نەوزادەکان، ستایشتمان بۆ ئەو ئیزەدەی کە فرە مەزنە، گەورە و پاکە.

ستایشت بکەین ئەو ئیزەدە بە توانایەی کە ئافەریدەی ئاهورامەزدایە، کە زۆر مەزن و بەشکۆیە، هەروەکو هەموو ئەو ئاوە پاکانەی کە لەهەورەکانەوە دەبارێن و بەشێوەی ڕووبار و کانیاو و دەریاکان و زەریاکان لەسەر ڕووی زەوی ئارامیان گرتووە، زەوی خاوێن دەکات، دەروونی ژنان و پیاوان پاك وخاوێن دەکاتەوە. سروودی پەرستن بۆ ئاهورامەزدا دەچرێنین، ستایشت بکەین ئاوی ژیانبەخش لەچوارچێوەی ئیزەدێکی وەك ئاناهیتا کە ئاوەکان لەسەرچاوەکانیانەوە بۆ ناخی زەوی و سەرزەوی ڕەوان دەکات، هەروەك ڕەگی پڕ خوێنی ژنێکی لاو، ئەو ئاوانەی کە لەزستان و هاویندا ڕەوانن، با

رۆحی پاکی خاسان، گشت ئەو مرۆ خاسانەی کە مردون، ئەوانەی کە لەدایکبوون و زیندوون و رۆحی ئەوانەی کە هێشتا نەهاتوونەتە دنیا و لە پاشەڕۆژدا دێن، کە بە هێز و توانایەکی هەمیشەیی یار و یاوەرمان بن. ئاوی پاکی ئافەریدەی ئاهورامەزدا، بۆ بیرخراپان و بەد گوفتاران و بەدکرداران، کارساز نابێت و سوود و بەهرە بە نەیارانی پیاوچاکان و پەیڕەوانی ڕێی ڕاستی، ناگەیەنێت.

ئاو، ئەم خاسترین ئافەریدەیەی ئاهورامەزدا، چارەسازی گیروگرفتی ئەم جۆرە کەسانە نەبێت کە:

ئازار بە زیندەوەرە سوودمەندەکان دەگەیەنن، ئەوانەی کە ڕژدن و پەلاماری خواست و ویستی خەڵکی دیکە دەدەن و لەدەستیان دەڕفێنن یا خەڵکی دەکوژن یا جادووگەرێتی دەکەن یا پەیمان شکێنن یا درۆزنن یا ستەمکارن یا دووڕوویی و چاوچنۆکی دەکەن. ئاکامی خراپ بۆ هەموو ئەو کەسانە بێت، کە بەم شێوەیەن.

سروود و ئاوازی دڵ ڕفێن دەچڕێنم بۆ ئاوە پاکەکانی ژیانبەخشن، سروودێك کە مانای سوپاسی ئافەریدەکان دەبەخشێ بۆ ئەو ئاهورا بێ هاوتایە و ئەو زەردەشتە ئاکار گەوهەرییە، کە ڕابەری کردین ستایشتی ڕاست و دروست بکەین.

ئەی ئیزەدی پاك، ئەی ئاناهیتا، سروودت بۆ دەبێژم بۆ تۆ، کە دروستکراوی ئاهورایت. لێهاتووترین کردارەکانمت پێشکەش دەکەم و بەزمانی گیان و دڵمەوە ئەم سروودە دەچڕێنم. داواکاری گرنگترین شتم، تەندروستی و لەش ساغی، داوای ئەو شتانە دەکەم کە ئارامی و بەرزێتی بە ژیان دەبەخشێت، کە ئاژەڵ و مەڕومالاتم زیاد دەکات، شادی و بەختەوەری باڵ بکێشێت بەسەر ماڵ و خێزانمدا، زاڕۆڵەی جوان و خاس و بەهێز و توانام هەبێت، ئەم هەموو شتانەم گەرەك نییە بۆ لەڕێی ڕاست لادان و زیان گەیاندن بەخەڵکی، بەڵکو دەمەوێت بۆئەوەی ئەم ژیانە کە خاسترین خەڵاتێکە کە ئاهورامۆزدا پێی بەخشیوین، بە خاسی و کامیابی بەرینە سەر. هەردوو دەستم لەبەردەممدا و ڕوو بە ئاسمانی بەرینە، ئەی ئاهورای بێ هاوتا، پێمان ببەخشە هەموو چاکەکان و ئارامی و بەهرەکان. ئەی فریشتەکان و ئیزەدەکان و ڕۆحیانەتەکان، خاسترین ئەو شتانەی ئاهورا پێی بەخشیوین، بخەنە سەر ڕێمان، لێمان قەبوڵ بکەن ئەم سروودانە و تواناییمان پێ ببەخشن تا بتوانین پاسەوانی باشترین ئایینی ڕاست و دروستی بین}.

- ئیزەدی وایو Vayu ((ئیزەدی هەوا))

ئەم ئیزەدە یەکێ لەئیزەدەکانی هندو ئێرانییە، سەرپەرشتی هەوا و با دەکات. لە (رام یشت) زۆر بە وردی باسی ئەم ئیزەدە کراوە، هەروەها باسی هەوا (با) کراوەو کردویەتی بە دوو بەشەوە. بەشی یەکەم بریتییە لەهەوای سوودبەخشو خاس (وای وە)، بەشی دووەم بریتییە لە هەوای خراپ و زیانبەخش (وای وەتر).

ئاڤێستا: Avesta

ناوی کتێبی ئایینی زەردەشت، ئاڤێستایە. تائێستا زانایانی ئاڤێستاناس و پسپۆرەکانی لەسەر مانای ئەم وشەیە رێکنەکەوتون و هۆی ئەمەش زێتر دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لە ئاڤێستا و بەتایبەتی لە گاتاکاندا باسی لێنەکراوە.

زۆربەی زۆری ئاڤێستاناسان و رۆژهەلاتناسەکانیش لەو باوەڕەدان کە مەبەست لە وشەی ئابەشتام Abashtam کە لەسەر بەردە داتاشراوەکانی کێوی بێستون هەلکەنراوە هەر ئەم ئاڤێستایە بێت بەگۆڕینی چەند پیتێك. ئۆپەرت oppert، زانای ئەلمانی لەو باوەڕەدایە: ئەو نووسینی سەربەردەی، کە لە (داریوش) بەجێماوە و تیایدا دەبێژێ: (ئەز بە گوێرەی دەستووری ئابەشتام حوکومڕانیم کردووە)، مەبەستی هەمان ئاڤێستایە.

بڕێکی دیکە لە ئاڤێستاناسان وەك پرۆفسیور گلدنر Geldner و ئاندریاس Andreas دەبێژن: بنچینە و رەچەلەکی ئاڤێستا و ئاوێستاك (Avistak)ی پەهلەوی لە ئوپەستا Upasta وەرگیراوە، کە مانای بنچینە و بنەڕەتە. هەندێکی وەك (ئوپەرت)ی ئەلمانی و بارتلومە و ویسباخ، ئاڤێستا بەمانای پەنا و یاوەر دەزانن.

دالا Dhalla کەیەکێکە لە ئاڤێستاناسانی بەناوبانگی هیند، لەو باوەڕەدایە کە ئاڤێستا لەبنچینەی (وید Vid)ی سانسکریتییەوە وەرگیراوە، کە بەمانای زانست، هوشیاری و مژدەیە.

دکتور محەمەد مقدم دەبێژێ:

((ئاڤێستا مژدەی رزگاری بە خەلك دەگەیەنێت، رزگاری لە خراپەکاری و بیری خراپ، مژدەی نوشوستی درۆ و خراپە و کەموکوڕی، مژدەی سەرکەوتن و لەئاکامدا فەرمانڕەوایی راستی و خاسی)).

لەکتێبی (دینکرد) Dinkard، کە یەکێکە لەگرنگترین نووسینەکانی پاش زەردەشت، وشەی (ئاپەستاك) بە مانای کۆلەکە و بنچینە هاتووە.

بارتلومه Bartholmae، كه كتێبی(ئاڤێستا و فەرهەنگی ئاڤێستا)ی گۆڕیوەتە سەر زمانی ئەلەمانی، ویكاندر Wikander ئاڤێستایان بە شێوەی ئوپستا وەك upastavakنووسیوە و دەبێژن لەبنچینەی ستاڤ (Stav)ەوە وەرگیراوە كە مانای ستایشكردنە.

لە زمانی پەهلەوی، ئاڤێستا بەم شێوانە نووسراوەتەوە:

ئاپەستاك Apestak، ئاویستاك، ئاوێستا، ئاپەستا، هەنووكە، بەم شێوانە دەنووسرێت: وەستا، ئابەستا، ئاڤێستا، ئاوێستا، ئیستا، ئیستاه، ئاوستاق، دەستا، بەستاق، بەستاه، ئابەستاق.

هەروەكو لەمەوبەر باسی كاتی پەیدابوونی زەردەشتی پەیامبەرمان كردو گوتمان كەوا چەندین پێش بینی جیاواز هەیە، تائێستا مێژوونووسەكان ڕێكنەكەوتوون لەسەر دانانی كاتێك بۆ پەیدابوونی زەردەشت، دووبارە دەربارەی ئاڤێستاش دەبێژن: تائێستا مێژوو و دێرینێتی ئەم كتێبە پیرۆزە بەداخەوە، دیاری نەكراوە، ئەو هەموو جیاوازییانەی هەیە دەربارەی مێژووی كاتی پەیدابوونی زەردەشت و ئاڤێستا، هەموی بەڵگەن بۆ دێرینێتی ئەم مێژووە، كە بە لایەنی كەمەوە ١٥٠٠ ساڵ پ.ز، بەرەو دواوەیە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو سروودانەی كە لە (گاتا)كاندا هەیە (كە كۆنترین بەشی ئاڤێستایە و لەوتە پیرۆزەكانی پەیامبەر خۆیەتی)، بۆمان دەردەكەوێت كەوا لە١٣٠٠ تا ١٥٠٠ ساڵ پ.ز كۆنترە، چونكە نیشانەی وای تێیدایە كە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانە.

باسكردن دەربارەی دێرینێتی ئاڤێستا، هەروەكو گوتمان، لەبەر ڕۆشنایی گاتاكاندا، ئیمڕۆ ڕاستییەكی زانستییەو ئیدی تا ڕادەیەكی زۆر ڕێگەی ئەو هەموو باوەڕە جیاوازانەی بەستۆتەوە و بە تایبەتی بەرپەچی ئەو باوەڕانە دەداتەوە كە سەدەی شەشەمی پ.ز بە چەرخی پەیدابوونی زەردەشت دەزانن. نابێ ئەم ڕاستییە لەبەرچاو نەگرین كە دێرینێتی ئەم ئایینە و ئەو هەموو كارەساتانەی بەسەر ئەم ناوچەیەدا هاتووە، وایكردووە لەم كتێبە پیرۆزە كە گیرۆدەی بڕێ گۆڕین و دەستكاریكردن و كەمكردن و زیادە خستنە سەرێت، بە تایبەتی لەدوای نەمانی دەوڵەتی هەخامەنشییەكان، ئەم گۆڕین و دەستكارییە فرە زێتر بووە.

دەربارەی ئەو زمانەی كە ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە و پێی بێژراوە هیچ جێگەی گومانی تێدا نەماوە كەزەردەشت بە زمانی مادی یاخود زمانی باوك و باپیرانمان قسەیكردووە و ئاڤێستاش هەر بەو زمانە. بێژراوەوە نووسراوەتەوە. بەڵام بە درێژایی ڕۆژگار، ئەم زمانە لەناوچووە و وەكو زمانێكی وتووێژی نەماوە، بەڵكو تەنیا وەك زمانێكی ئایینی ماوەتەوە.

(راسموس راسك)ی دانیمارکی دەبێژێ کە زمانی ئاڤێستا، زمانی مادەکانە و زەردەشت خۆی لەخێڵی ماد بووە. موید ئازەرگوشەسب دەبێژێ کە زمانی ئاڤێستا زمانی دانیشتوانی رۆژئاوای سەرووی ئێرانە (ناوچەی مادەکان). دارمستر Durmesteter دەبێژێ:

(ئاڤێستا لەسەردەمی مادەکاندا نووسراوەتەوە، زمانی مادەکان هەر ئەو زمانەیە کە ئاڤێستای پێنووسراوەتەوە و دەتوانین بێژین زمانی کوردی ئێستا لە زمانی مادەکان ماوەتەوە.)

لێرەدا بڕێك لەو وشانە دەخەمە بەرچاو کە زۆر بە ئاشکرا تیایدا بەدیدەکەین، کە زمانی ئاڤێستا چەندە لە زمانی کوردی نزیکە (ئەم وشانەم لەکتێبی ــ بخشی از فرهنگ اوستا وتطبیق ان با فارسی و کردی ــ لە نووسینی موید فیروز ئازەرگوشەسب) و کتێبە بەنرخەکەی مامۆستای خاولێخۆشبوو محەمەدئەمین زەکی (مێژووی کوردو کوردستان) وەرگرتووە:

ئاڤێستایی	لاتین	فارسی	کوردی
ئائیرمە	airma	ارام	ئارام
ئائیوی سپارە	Aiwi - spara	سپردن	سپاردن
ئاپە، ئەپە، ئاڤ	Apa-âv	اب	ئاڤ، ئاو
ئاتر، ئاترش	Âtar- âtars	اتش	ئاتەر، ئاگر، ئاهیر
ئاخشتی	axşti	اشتی	ئاشتی
ئازاتە	azâta	شجاع ونجیب	ئازا
ئازار، ئازرتا	Âzâra- âzârta	ازیت	ئازار
ئەزم	azem	من	ئەز، من، مە
ئازیانی	âziani	زیان، صدمە	زیان
ئاژی	azhi	اژدها	ئەژدیها
ئەسپە	aspa	اسپ	ئەسپ
ئەستر		قاطر	ئێستر
ئاسمو، ئاسمان	Asmu. asman	اسمان	ئاسمان
ئاشکرە	aşkara	اشکار	ئاشکرا
ئافەرین	âfrina	افرین	ئافەرین

مەرگ	مرگ	mahrka	مەهرکە
ئەمە	این	ana	ئەنە
ئەنگوس، پەنجە	انگشت	Anguşta	ئەنگوشتە
هەور، ئەور	ابر	avra	ئەورە
رەوان، رۆح	روان، روح	urvan	ئوروان
هۆش	هوش	usi	ئوشی
ئوشتر، وشتر، هوشتر	اشتر، شتر	uştra	ئوشترا
هورمز		Ahuramazda	ئاهورامەزدا
ڕێش، برین	زخم شدن	irisa	ئیریشە
ئاوێنە	اینه		ئازینە
بازوو، باهو	بازو	Bâzu	بازو
باج	باج وخراج	Baja	باجە
بەخت	بخت واقبال	Baxta	بەختە
بردن	بردن	Bar	بەر
بەرز	بالا، بلند قامت	Bareza	بەرزە
برۆ	ابرو	Brava- Bravat	بردوە، بردوەت
بز، بزن	بُز	Boza - Buze	بوزە، بوز
بەنە، بەندە	بنده، غلام	Banda	بندە
بەن، بەند	بندکردن، بستن	Band	بەند
بوێت، ببێت	باشد		بوت
بهێڵم	بگزارم		بهلم
ئەم وشەیە بە مانای خوایە و لە کوردیدا(بەگ) بە مانای گەورەیە	خداوند	Bagha- Baga	بەغ، بەگ

بەغوداتــــــــــــــە Baghdâta (بغداد) بــە مانــای خواداد واتــە دادەی خوا			
پەتیارە	پتیارە	Paitiyara	پەئیتی یارە
پەری	پری	Pairika	پەئیرکە
پیس	پیس	paessa	پەئیسە
پاشنە	پاشنەپا	pâşna	پاشنە
پان	پهن	pathna	پەتنە
پەرین	پریدن	Para - parena	پەرە، پەرینە
پرد، پرت	پل	peretu	پەرتو، پەرتا
پرس	پرسیدن	Paressa	پەرسە
واچە، قسە	صحبت	Vâça	وەچە
وەر از، بەراز	خوك		ورازە
تــــــاش (وەك دارتاش)	تراشیدن	Tâşta	تاشتە
ترس	ترس	Tarsa	ترسە
تەشو، تەشوێ	تیشە	Taşa	تەشە
تەشت	گشت	Taşta	تەشتە
تەنور	تنو	Tanura	تەنور
تۆ	تو	Tuam	توم
توانا	توانا	Tavan	تەوەن
تیژ	تیز	Tizhi	تیژی
دان تیژ	تیزدندان	Tizhi -dântra	تیژی دانترە
ژن	زن	Jani	جەنی، ژەنی

چاتروگئوشه	Çatru gaosa	چهارگوش	چوارگۆشه
چەرە	Çara	چرپدن	چەرە
چەریما	Çaremâ	چرم	چەرم
چو	Çu	چون و **چطور**	چۆن
چی	Çee	چه	چی
خور، هور	Xvar	خورشید، افتاب	خۆر، هۆر
خورته	Xvareta	خوراکی	خواردن
خوەسو	Xvasure	مادرزن	خەسو
خەوفته	Xvafna	خواب	خەفتن، خەو
خسا		سخن، حرف	قسه
خش		خوب	خاس، چاك
دانه	Dâna	دانەوغله	دان
دانو	Dânu	دانا	دانا، زانا
دەئوه	Daeva	دیو	دێو
درەفشه	Drafsa	درفش	درەوش
دژ	Dozh	بد و زشت	دژ
دە نتەن	Dantan	دندان	ددان
دوغـــــدەرە، کونیکه	Dughdara	دختر	دوت/ کچ/کنیشك
دوت	Dot– Doonika	دختر	دوت/ کچ/کنیشك
داته	Dâtâ	داد و انصاف	داد
رەئوپی	Raopi	روباه	ڕێوی
رازه	Râza	راز، سر	راز
رەنج	Ranj	رنج	رەنج
زەئیرنه	Zaorina	زرین	زێڕین

زاماتر	Zâmâtar	. داماد	زاوا، زاما
زەر	Zar	زر، طلا	زەر، زێر
زان	Zan	دانستن وشناختن	زانین
زەرەیە		دریا	زەریا
ژنو		زانو	ئەژنو
سپیتە	Spita	سفید - سپید	سپی
ستەرە	Stara	ستاره	هەســــــــارە، ئەستێرە
سەرتە	Saeta	سرد	سارد
سەو		سیب	ســێو، ســێف، سەو
سو	Sou	سوود و منفعت	سو، سوود
سوەن	Suan	سن	سۆن
فشەرمە	Fşrma	شرم وحیا	شەرم
کەت	KaT	کی	کات
کەمە	Kama	کم	کەم
کورە	Koora	کوروناپینا	کورە، کوێر
کوشە	Koosa	کشتن	کوشتن
کوفە	Koofa	کوه	کێو، کێف
گئومئیزە	Gaomaeza	ادرارحیوان	گمێز
گەرمە	Garema	گرم	گەرم
گییە	Gaye	جان	گیان
ماسو	Massu	ماهی	ماسی، ماسۆ
مانە	Mâna	ماندن	ماندن، مان
ماهە، ماسە	Mâha	ماه	مانگ
مائونگهە	Masa	ماه	مانگ

مەز، ماز	Maz	بزرگ، سنگین	مازن، گـەورە، مەزن
مەخشی	Maxsi	مگس و پشه	مێش
میرە		شوهر	میرد
نەئیریو	Nairyu	نر، مرد	نێر
نەئیزە	Naeza	نیزه	نەیزە
نەیمە	Naema	نیمه	نیوه، نیمه
نەزونە		نمیدانم	نازانم
نەزینە		نمیداند	نازانێ
وەرخا		بره	بەرخ، رخ
وارە	VâRA	باران	واران، باران
وەفرە	Vafra	برف	وەفر، بەفر
واسی		خواستن	وەسـو، واشـتن، ویستن
وەرس		ریسمان	گوریس
هوشکە	huska	خشك	وشك
هونەرە	hunara	هنر	هونەر
هەشتم		گزاشتم	هێشتم
یاتو	Yâtu	جادوو	جادوو

کورتەیەك لەسەرگوزەشتە و بەسەرهاتی ئاڤێستا

پاش زەردەشت، ناوەڕۆك و ڕەسەنێتی پەیامەکەی دووچاری نوشوستی و گۆڕانکارییەکی زۆر بووە. لەسەردەمی هەخامەنشییەکاندا، باوەڕ و ئایینە کۆنەکانی سەرزەمینی ئاریاییەکانی پێش زەردەشت بە هۆی بڕێ هۆ کە لێرەدا مەودای باسکردنیان نییە کاریان کردەسەر ئایینی زەردەشت، دووبارە خۆیان لەم ئایینەدا نواندو بڕێ داستان و ئەفسانەیان تێکەڵ بەم ئایینە کرد. هەرچەند لەسەردەمی ژیانی زەردەشت دوورتر دەکەوینەوە، ئەم ئاسەوارانە پتر وەبەرچاو دەکەون. بۆ نموونە، ئەو نووسینی سەر بەردو ئاسەوارانەی سەردەمی هەخامەنشییەکان ئەم نوشوستی و گەڕانەوە بۆ دواوەمان زێتر بۆ ڕوون دەکەنەوە.

بڕێ لەنووسەرە یۆنانییەکان دەربارەی ئاڤێستا دەبێژن کە بەچاوی خۆیان دیویانە ئەم کتێبە لە دوو ملیون پارچە چەکامە پێکهاتبوو.

نووسەری کتێبی (ایران در عهد باستان) دەبێژێ:

((کتێبی ئاڤێستا، سەرەتا لەپێش هێرشەکەی ئەسکەندەر بۆ سەر ئێران کتێبێکی گەورەبووو پلینووس Pallinusی مێژوونووسی رۆم کە لەسەدەی یەکەمی زایینیدا ژیاوە دەڵا: (Hermippos)ی مێژوونووسی یۆنانی، کە لەسەدەی سێیەمی پ.ز ژیاوە، لەنووسینی باسی باوەڕی زەردەشت، سوودی لەکتێبەکەی وەرگرتووە، کە لەبیست بەرگ نووسرابوو و پێکهاتبوو لەسەد هەزار چەکامە و خۆی ئەو کتێبەی خوێندۆتەوە.))

زۆر لەداستانە کۆنەکان و نووسینی مێژوونووسەکانی ئیسلام باسی گەوردیی ئەم کتێبەیان کردووە و گوتویانە کە بەئاوی زێر لەسەر پێستی دوانزە هەزار گا نووسراوەتەوە (مسعودي، طبري، ثعاليي).

هەروەها ابو علی مسکویە الرازی لەکتێبی (تجارب الامم) ل ـ ٣٠ دەبێژێ:

((وظهر في ايامه (بشتاسب) زردشت وأراده علي قبول دينه فامتنع من ذلك ثم صدقه وقبل ما دعاه اليه وأتاه به من كتاب يكتب في جلد اثني عشر الف بقره حفراً في الجلود ونقشأ بالذهب وصير بشتاسب ذلك باصطخر ووكل به الهرابزه ومنع تعليمه العامه)).

واتە: زەردەشت لەسەردەمی گوشتاسەب دەرکەوت و ویستی کە گوشتاسەب ئایینەکەی پەسەند بکات، بەڵام لەپێشەوە قەبوڵی نەکردو پاشان ئایینەکەی قەبوڵکرد. زەردەشت کتێبێکی هاورد، کە لەسەر دوانزە هەزار پێستی (گا) بە ئاوی زێڕ هەڵکەندرابوو، گوشتاسەب ئەو کتێبەی نارده (ئەستەخر) و هیربودەکانی ڕاسپارد چاودێری لێبکەن و خەڵکی ڕەشۆکی لە فێربوونی قەدەغەکرد.))

هەروەها ابن بلخی لە (فارسنامە)دا دەبێژێ:

(... وە زەردەشتی حەکیم لەسەردەمی ویشتاسەب دەرکەوت و ئایینی گەبری هاورد... وکتێبی زەندی هێنابووو هەموو حیکمەتەکانی لەسەر دوانزە هەزار پێستی (گا)ی دەباغکراو، بەزێر نووسیبوو. ویشتاسەب ئەو نووسینەی پەسەندکردو ناردیە (ئەستەخر)ی پارس کە کێوێکی لێیە پێی دەڵێن کێوی (نفشت)کە هەمەجۆرە نەخش و هەڵکەندن لەسەر بەردی (خارا)ی تێدایە و ئاسەواری سەیری تێدایە. ئەم کتێبی زەند و پازەندەی لەوێرا دانابوو. گەبرەکان دەبێژن کە ئیدی کەس چاوی بەو کتێبە نەکەوت، هەروەهادەبێژن کە هەڵکێشراوەتەوە بۆ ئاسمان.)

لەبەر ڕۆشنایی ئەو نووسینانە و بڕێك بەڵگەی مێژوویی دیکە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەر لەسەردەمی گوشتاسەب شادا دوو نوسخە لە ئاڤێستا نووسراوەتەوە، یەکێکیان لە کتێبخانەی گەورە (دژنپشتك) کە بە مانای (دەفتەرخانە) یا (قەڵای نووسراو)ە، ئەوی دیکەیان لە (گنج شیپیگان) یا (شیز) کە لە (تخت سلیمان)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (نزیك شاری تیکاب) دانراوە. ئەم (شیز)ە لەسەردەمی دێریندا یەکێ لەپایتەختەکانی ئێران بووە و بە تایبەتی لەسەردەمی ساسانییەکاندا نیشتەجێ و هاوینەهەواری خەسرەو پەرویز بووە و شوێنی ئاتەشکەدەی ئازەر گوشەسب بووە.

پاش هێرشەکەی ئەسکەندەری مەکدونی بۆ سەر ناوچەی ئێران و ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی، لەتەك هەموو ئەو وێرانی و تاڵانی و خاپوورکردنی کاخە بەنێوبانگەکان و خراپەکارییەکانی کردی، ئەو کتێبخانە گەورەیەشی سووتاند و نوسخەی ئاڤێستاش کە لە (ئەستەخر) دەپارێزرا، سووتێنرا.

یۆنانییە داگیرکەرەکان، نوسخەی دووەمی ئاڤێستایان ڕاگوێزتەوە بۆ یۆنان، لەوێرادا باسە زانستییەکانییان دەربارەی پزیشکی، ئەستێرەناسین، فەلسەفە، وێژەوانی، ئوسوڵی ئایینی، یاسا، کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەو زانیاری دەربارەی گژوگیا و ئاژەڵداری، گۆرییە سەر زمانی خۆیان و بەناوی خۆیانەوە بڵاویان کردەوە و کردیانە موڵکی شارستانییەتی خۆ(التنبیە والاشراف ــــ مسعودی). بۆیە ڕاتزنشیتن، ئەفلاتوونی فەیلەسووفی بەناوبانگی یۆنان زۆر بەقەرزاری زەردەشت دەزانێت.

نووسەری کتێبی (مجمل التواريخ والقصص) دەبێژێ:

((.... پاش ئەوەی ئەسکەندەری رۆمی، ئێرانی داگیرکرد، فرە حەسوودی بە زانا و (موبەد)کان برد، گشت زاناکانی کۆکردەوە و هەرچی کتێبێك هەبوو هەموی خڕکردەوە و فەرمانی دا بیگۆڕنە سەر زمانی یۆنانی، هەموو گۆڕینەکانی نارده یۆنان بۆ لای ئەرستوتالیس و ئەسڵی کتێبەکانی سووتاند.))

هەمزەی ئیسفەهانیش لەم بارەوە دەبێژێ:

((وذلك ان الاسكندر لما استولي علي ارض بابل وقهر اهلها حسدهم على ماكان اجتمع لهم من العلوم التي لم تجمع قط لامة مثلها، فأحرق كتبهم مانالته يده ثم قصد الي قتل الموابزه والهرابزه والعلماء والحكماء...))

واتە:

((پاش ئەوەی ئەسکندەر سەرزەمینی بابلی گرت (مەبەستی ئێران بووە) و بەسەر خەڵکەکەیدا زاڵبوو، حەسوودی بە هەموو ئەو زانستانە برد کە هەرگیز هیچ میللەتێك بە ئەندازەی ئەمان نەیانبووە، هەرچی کتێبێکیان وەبەردەست کەوت، سووتاندی، ئەوسا دەستیکرد بە کوشتنی (موبد، هیربد، زانا و حەکیمەکان.)

فرە بەڵگەی مێژوویی لەم بارەوەمان هەیە و ئەوەی باسمان کرد نموونەیەکی یەکجار کەمە لەو بەڵگانە. بەڵام ئەوەی (ثعاليي) لە کتێبی (غرر اخبار ملوك الفرس) دەربارەی زەردەشت و ئاڤێستا و برێ لەپەیامەکەی نووسیوە، بە پێویستی دەزانم لێرەدا دەقی نووسینەکەی پێشکەشی خوێندەوارانی هێژای بکەم:

((وكان زردشت اتاه بكتاب ادعاه وحياً من الله عزّ اسمه فكتب في جلود اثني عشرة الف بقرة حفراً من الجلود ونقشاً بالذهب وأمر به بشتاسب فخزن في القلعة باصطخر ووكل به الهرابذه. وذكر (ابن خردادبه) ان زردشت كان منوضهري النسب وكان في موقان(مغان) من بلاد آذربايجان. وان الكتاب الذي جاء به في تسبيح الله وتمجيده وفي الاخبار الماضية والكائنة فيما بعد وفي الفرائض والأحكام..... وعظم امر النار قربةً الي الله عزّ ذكره لأنها من نوره ومن اعظم الاصطقسات وأجلها الدنيا وايضاً بتعظيم الماء الذي هو قوام الخلق وسبب عمارة الدنيا وفرض تنزيهه وترك استعماله في اوالة النجاسات واما القذرات... وزعم ان ماخرج من باطن الانسان من اي منفذ كان فهو نجس

ولذلك سن الزمزمه عند الاكل تحرزاً مـن بـوادر الريـق الـذي يـنجس الطعـام. وفـرض ثـلاث صـلوات يدورون فيها مع الشمس كيف ما دارت. احدها عنـد طلـوع الشـمس والثانيـة عنـد انتصـاف النهـار والثالثـة عنـد غـروب الشـمس. وحـرم الاكـل والشـرب في اوانـي الخشـب والخـزف لانهمـا يقـبلان النجاسات... وزعم ان ارواح الموتي تعود الـي منـازلهم في ايـام الفوردجـان (فرودكـان) فـأمر بتنظيـف البيوت وبسط الفرش النظيفة ووضع الاطعمة الشهية فيها ثم اكلها كلها لتقوي ارواح الموتي بروائحهـا وقواها. وحرم ان يمس الميت وزعم ان من مسه وجب عليه الغسل لانه نجس بانتقال الروح الطاهره عنـه. وأوجب الطهاره علي الناس في اليوم والليلة مرة واحدة وهي عنده عـن الوجـه واليـدين. وأوجـب علـي الناس ان يخرجوا من اموالهم الثلث للفقراو والمساكين والمضطرين من اهـل ملـتهم وغيرهـم وفي اصـلاح القنـاطر وكـنس الأنهـار وعمـارة الارضـين. وقـال لا طـلاق الاّ بأحـد ثلاثـة: الزنـا و والسـحر وتـرك الدين.وحرّم السكر والزنا والسرقه.))

واتە: (وە زەردەشت کتێبێکی هێناو دەیگوت کە لەلایەن ئافەریدەگاری شکۆمەندەوە وەحی بـووە بۆی و لەسەر پێستی دوانزە هەزار(گا) بە زێڕ نووسرابو.

گوشتاسەب دەستووری دا، کە ئـەو کتێبـە لـە قەڵایـەك لە(ئەسـتەخر) دابنـێن و هێربودەکـانی ڕاسپارد بۆ چاودێریکردنی.

(ابن خردادبه) دەبێژێ کە ڕەچـەڵەکی زەردەشـت دەگەڕێتـەوە بـۆ (مەنوچـەهر) لـە موغـەکانی ئازەربایجان بووە، ئەو کتێبەی هێناویەتی دەربارەی ستایشـت و پەرسـتنی خـوا و داسـتانی ڕابـوردوو هەواڵی پاشەڕۆژ و ئەو شتانەی دەبێ ئەنجام بدرێن و فەرمانە ئایینییەکانە.

وە بۆ نزیکبوونەوە لە خوای شکۆمەند، ئاگری بە پیرۆز دانا و بە پرشنگێك لەنوری خـوای دانـاوە، هەروەها فەرمووی کە ڕێز لەئاو بگیرێت، چونکە بنەمای ژیانە و هەرچـی ئـاوەدانی هەیـە بـە هـۆی ئەوەوەیە و پێویستە بە پاکی ڕابگیرێت و بۆ پاککردنەوەی پیسایی بـەکاربهێنرێت و هـەرگیز پـیس و لیخن نەکرێت.....

دەیگوت هەرچی شتێك لە لەشی مرۆڤ بێتەدەر لەهەر شوێنێك و کونێك بێت پیسە، لەبـەر ئـەوە وردور(زمزمە) کردنی لەکاتی ناخواردندا بە سوننەت دانا بۆئەوەی ئاوو لیکی نێودەم خواردنەکە پـیس نەکات. سێ جار نوێژکردنی بە پێویست داناوە یەکێکیان سـەرلەبەیانی و ئـەوی دیکـە لـە نیـوەڕۆ و سێیەمیان لەکاتی ڕۆژئاوابووندا بوو. لەکاتی نوێژکردندا دەبێ ڕوو لـەخۆر بکرێـت لەهـەر شـوێنێکدا بێت. خواردن و خواردنەوەی لەنێو قاپ و کاسەی لـەدار دروسـتکراو و سـوفالین بـە حـەرام دانـابوو، چونکە پیسایی زوو وەردەگـرێ. هـەروەها دەیگـووت کـە ڕۆحـی مـردوان لـەرۆژانی (فـەروەردگان)

دەگەڕێنەوە بۆ نێو مـاڵ و لای خاووخێزانیـان، لەبەرئـەوە فـەرمانی دا کـە لـەو رۆژانـەدا پێویسـتە خانووەکـان پـاك و تـەمیزبکرێن و فـەرش و ڕاخـەرەکان بتـەکێنرێن و خـواردنی خـۆش و بۆنخـۆش دروستبکرێ و بخورێت تا رۆحی ئەوانیش بە بۆن و بەرامەی خواردنەکان بەهێز و توانا بێت.

دەست لەجەستەی مردووانی بە حەرام دانا و دەیگوت هـەر کەسـێك دەسـت لەجەسـتەی مـردوو بدات، پێویستە لەسەری خۆی بشوات و پاك بکاتەوە، چونکە هەرکـە رۆحـی پـاك لـە لەشـی مـرۆڤ جیابۆوە، جەستە پیس دەبێت. لەشەوو رۆژێکد پاك کردنی لەشی بۆ یەکجار بـە پێویسـت دانـاوە کـە لای ئەو شۆردنی دەست و دەموچاوە. لەسەر هەموو خەڵکی بە پێویست داناوە کـە سـێیەکی هـەموو دارایی خۆیان بدەن بە هـەژار و بـێ دەرامـەتان و بێچـارەکانی خۆیـان و کەسـانی دیکـەو هـەروەها لـەپێناوی دروسـتکردن و چـاککردنی پـرد و پاککردنـەوەی جۆگەلـەکان و ئاوەدانکردنـەوەی زەوی و بەکاربهێنن، دەبێژێ جیابوونەوەی ژن و مێرد لەیەکدی(ڕەهاکردن، طـلاق) لـەم سـێ حاڵەتـەدا نـەبێ دروست نییە، زنا، جادووگەرێتی و واز لەئایین هێنـان. هـەروەها سەرخۆشـی، زینـا و دزێـتی حـەرام کردووە.)

دوا بەدوای ئەو کارەساتە سـامناکەی ئەسـکەندەر بەسـەر ئـەم ناوچـەیەدا هێنـای، ئـەم ئایینـە دووچاری پەرشوبڵاوی بوو. ئاڤێستا بە شێوەیەکی ناتەواوو پارچە پارچە لـەبرێ ماڵەکانـدا بەتایبـەتی لای پیاوە ئایینییە گەورەکان مایەوە، ئەو گەورە پیاوانە کە زۆربەی ئاڤێسـتایان لەبـەربوو بەتایبـەتی گاتاکان کـە سـروودەکانی خـودی زەردەشـت بـوون وەك نەخشـی سـەربەرد لەسـەر سـنگی خۆیـان هەڵکەندبووو پشتاوپشت بە درێژایی تەمەنی مێژوو، باوك فەرزەندی خۆی فێردەکرد.

بەم شێوەیە، ئاڤێستا تا ڕادەیەکی زۆر پارێزراو ماوەیەکی زۆری خایاند تا دووبارە بنووسرێتەوە.

بە گوێرەی ناوەڕۆکی داستانە کۆنەکان بە تایبەتی لە کتێبی سێیەمی دینکرد، یەکـەمین کەسـێك کە پاش ئەسکەندەری مەکدونی، ئایینی خواپەرستی نوێکردەوە و فـەرمانی کۆکردنـەوەی ئاڤێسـتای دەرکرد، چ ئەوانەی بە نووسین مابوونەوە و چ ئەوانەی لەبیری خەڵکـدا مـابۆوە و لەبـەریانبوو، یـەکێ لەشاکانی ئەشکانی بوو بەناوی ولخش Volakhsh کە پێی دەبێژن (بلاش)ی یەکەم (٥١ــ ٧٨ز). هەر لەو کاتەدایە کە پلینووس Plinius مێژوونووسی سەدەی یەکەمی زایینی و هاوچـەرخی بـلاش دەبێژێ: خۆم کتێبی زەردەشتم دیوە کە بە دوو میلیون پارچە چەکامە نووسراوەتەوە.

هەروەکو دەبێژن لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی ساسانییەکان نزیکەی حەفتا کۆر و کۆمـەڵ بـە ناوی ئایینی زەردەشتییەوە لەناوچەی ئێراندا پەیدابوو کە مەخابن کەمتر ڕەسەنێتی پەیامی زەردەشـت بەتایبەتی گاتاکان لەنێویاندا خۆی دەنواند.

پاش ئەوەی ئەردشێری(٢٤) بابەك كە یەكی لەمەزنترین شاكانی ساسانییەكان و لەبنەماڵەیەكی كوردی زەردەشتی بوو (٢٢٤ــ ٢٤٢ز)، هاتە سەركار. ئەم پیاوە مەزنە، بۆئەوەی ئایینی زەردەشتی ببوژێنێتەوە و لەو بارە ئاڵۆزە رزگاری بكات، بانگهێشتی بۆ هەموو (موید) و پیاوە گەورە ئایینییەكانی زەردەشتی كرد و دەستووری دا كە هەرچییەكیان لەتوانادا هەیە بەختی بكەن، بۆئەوەی لەهەر شوێنێك نووسینی ئاڤێستا و یا هەر كتێبێكی دیكەی ئایینی هەیە كۆبكەنەوە.

ئەم كارە پیرۆزە بە یارمەتی تەنسەر Tansar گەورەی موبدەكان دەستپێكردو دیسانەوە ئاڤێستا لەسەردەمی ساسانییەكاندا لە سێ بەشی گەورە و بیست ویەك نەسك (كتێب) نووسرایەوە. ئەردەشێر فەرمانی دەركرد كە ئایینی رەسمی دەوڵەت، ئایینی زەردەشتییە.

پاش ئەردەشێر، كوڕەكەی، واتە شاپووری یەكەم (٢٤٢ ــ ٢٧٢ز) ڕێبازی باوكی گرتەبەر و فەرمانی دەركرد، كە موبدەكان و زاناكان، ئەو ئاڤێستایەی هێشتا لەنێو خەڵكدا پەخشوبڵاوە، بەتایبەتی بابەتەكانی كە دەربارەی پزیشكی، ئەستێرەناسین، جوغرافیا و فەلسەفە و بەشێكیش لەو ئاڤێستایەی كە لەناوچەی هیندستان و یۆنان هەبوون كۆكرایەوە. شایانی باسە كە(ابن ندیم) لەكتێبی (الفهرست)(٢٥)دا لەزمان ابو سهیل بن نوبخت كە كتێبی (النهمطان)ی نووسیوە، ئەم رووداوانە بەدوور و درێژی باسدەكا، كە زۆر لەتەك نووسینەكانی دینكرد) نزیكە. پاشان، لەسەردەمی شاپووری دووەم كوڕی هورمز (٣١٠ــ ٣٧٩ز) هەوڵ و كۆششێكی زێتر درا بۆ ئامادەكردن و دووبارە نووسینەوەی ئەم كتێبە پیرۆزە. لەو سەردەمەدا، وتووێژ و ڕارایی و قسەیەكی زۆر هەبووە دەربارەی ڕەسەنێتی ئاڤێستای ئەوكاتە. بۆیە شاپوری دووەم فەرمانی داوە، كە (ئازەربود مهراسپندان) كە یەكێ بووە لەهەرە گەورەترین زانا ئایینییەكانی ئەوكاتە، كە دەربارەی ئاڤێستا كارێكی وابكات پاكی و ڕاستی و دروستی رۆژانی دێرینی خۆی وەدەست بێنێتەوە.

پاش ماوەیەك، ئەم زانایە ئەو كارە دەكا، بۆئەوەی بیسەڵێنێ كەئەم كتێبە هیچ كەموكوڕییەكی تێدانییە، بە گوێرەی نەریتی ئەو سەردەمە، داوادەكات كە مسی تواوە بكەنە سەر سنگی و ئەگەر هاتوو هیچی لێنەهات، ئەوە مانای ئەوەیە كە ئەو كتێبەی كۆیكردۆتەوە لە هەموو ڕوبێكەوە تەواوە. پاش ئەوەی مسی تواوەیان كردە سەرسنگی، ئەم پیاوە ئایینییە هیچی لێنەهات. ئەمجارەش كتێبی ئاڤێستا سەر و سامانێكی بەخۆوەگرتەوە.

بەداخەوە، لەسەردەمی شایەتی خەسرەو پەروێز، چینی پیاوە ئایینییەكان بەرەو نوشوستی رۆشتون و رۆژبەرۆژ ئایینی پیرۆزی زەردەشتیان بەرەو هەڵدێر بردووە. لە(مینوخرد) بەشی ٥٩دا، باسی خراپەكارییەكانی پیاوە ئایینییەكانی ئەو سەردەمەو گەندەڵییەكان دەخاتەبەرچاو كە بڕێكی

بریتین لە: چاوچنۆکی، بەرچاوتەنگی، بێ ئاگایی، خۆ خەریك کردن بەکاری بازرگانی، دڵبەستن بە مادیات، باوەڕکزی بە مەسایلی ئایینی، دوورکەوتنەوە لەبنەماکانی پەیامە ڕەسەنەکەی زەردەشت، خۆ بەزل زانین وگوێ نەدانە خەڵك بۆیە خەسرەو پەروێز بڕیار دەدات، کە چالاکترین و زاناترین (موید)ەکانی ئەو سەردەمە دووبارە ڕاژەیەك لەسەر ئاڤێستا بنووسنەوە. ئەمە دوا پیاچوونەوە و تازەکردنەوەی ئاڤێستا بووە لەسەردەمی ساسانییەکاندا.

مەخابن بۆ جارێکی دیکەش ئاڤێستا دووچاری کارەسات و سووتاندن بۆوە، ئەمجارەیان پاش هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر کوردستان و ناوچەی ئێران بوو. زەردەشتییەکان زێتر تووشی ئەشکەنجە و ئازار و دەربەدەری بوون و بەگشتی کەوتنە بەر شالاوی کوشتار و ڕەشکوژی. کاتێك عەرەبەکان هێرشیان هێنایە سەر ناوچەی کوردستان و ئێران، زەردەشتییەکان بەرگریان لەئایینی خۆیان کرد، بەڵام پاش ئەوەی عەرەبەکان سەرکەوتن و بەهێزی شمشێر ناوچەکەیان داگیرکرد، دەستیان کرد بە کوشتن و لەناوبردن و ڕاونانی زەردەشتییەکان، هەرچی ئاسەواری زانست و پێشکەوتن و شارستانییەت بوو هەموویان لەناوبرد و سووتاند. کتێبی ئاڤێستاش یەکێك بوو لەو قوربانیانە.

داستانی بەرگری زەردەشتییەکان لەئایینی خۆیان فرە بەر فراوانە و لێرەدا پێویست دەکات باسی چەکامەیەك بکەین کە لەدەورویەری ساڵی ١٩٠٩ بە هۆی ئەو پشکنینانەی لەدێی (هەزارمێرد)ی شاری سلێمانی ئەنجام دراوە. پێستە کۆنەیەك دۆزراوەتەوە کە چوار پارچە چەکامە بە زمانی کوردی. وبەخەتی پهلوی نووسرابوو. ئەم چەکامەیە کە نێوی (هورمزگان)ی لێنرا بیرەوەری ئەو هێرشەی عەرەبەکانە بۆ سەر خاکی کوردستان و ئەو ڕەشکوژییەو ماڵوێرانییەی کە تووشی بوون. بە گوێرەی بۆچوونی زانایان، ئەم نووسراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەستپێکردنی هێرشی عەرەبەکان بۆسەر ناوچەکە. ئەم چەکامە ئاگراوییە کوردییە کە دڵ و دەروون دێنێتە کوڵ و دەبێتە هۆی غەم و پەژارە، وەك پەردەی سینەما ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانەمان بە ڕوونی پێشان دەدات

چەکامەکە دەبێژێ:

هورمزگان ڕمان، ئاتران کوژان
وێشان شاردەوە گەورە گەورەکان
زۆرکار ئارەب کردنە خاپوور
گنای پاڵە هەتا شارەزوور
ژن و کەنیکان وەدیل بشینا
مێرد ئازا تەلی وە ڕووی خوینا

ڕەوشت زەردەشت مانەوە بێ کەس
بەزەییکا ناکا هورمز وەهیچ کەس

واتە:
شوێن نزرگەکان وێرانبوون، ئاگرەکان کوژانەوە
گەورەپیاوان خۆیان شاردەوە
زۆرداری عەرەب کردیان وێران و خاپوور
گشت گوندەکان هەتا شارەزوور
بە دیلی گیران ژنان و کیژان
پیاوە ئازاکان لەخوێندا گەوزان
بێکەس مایەوە ئایینی زەردەشت
هورمز (ئاهورمەزدا) بەزەیی بەهیچ کەس نایەت

پاش ئەو هەموو ڕەشکوژی و ئەشکەنجەو ئازارەی باسمان کرد، بـڕێ لەزەردەشـتییەکان ناچـاربوون ڕەویکەن بۆ هیندستان و هەندێکی دیکەشـیان چـاوەڕوان بـوون تـا هـەلیان بـۆ بڕەخسـێت و خۆیـان رزگاربکەن لەو میحنەتە، بڕێکی دیکەشیان بەتایبەتی لەناوچەی کوردستان بە شـێوەیەکی وەسـتایانە و زیرەکانە و هۆشیارانە لەژێر ناوی هەندێ ئایین و ئایینزا مانـەوە و تاڕادەیـەك دابونـەریتی ئـایینی خۆیان پاراستووە و تا ئێستاش ماونەتەوە.

لەسەردەمی خەلافەتی مەئمونی کوڕی هارووونە ڕەشیدی عەباسی، دانایـەکی زەردەشـتی بـەناوی ئازەرفەرونبغ (١٩٨ـ ٢١٨ ھ) لەشاری بەغـداد (بـەغ داد = خـواداو)، دەسـتیکرد بـە کۆکردنـەوە و نووسینی کتێبی دینکرد Dinkard. کە بریتی بوو لەتەفسیری ئاڤێستا.

تاسەدەی نۆهەمی زایینی، ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکان جگە لەچـەند نەسـکێکی (کتێـب) ئەوانی دیکەی هەموویان هەبوون، بەشکرابوون بـە ٢١ بەشـەوە، هـەر حـەوت بەشـێکی کرابـوو بـە کتێبێك واتە ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکان بەشکرابو بە سێ بەشەوە:

کتێبی یەکەم: دەربارەی بنەماکان و بنچینەکانی کۆمەلاێەتی و ئاکاری دەدوا.

کتێبی دووەم: دەربارەی تەوەری ئاکاری و ئایینیزایی بووە.

کتێبی سێیەم: باسی یاسا و مەراسیمی ئایینی کردووە.

ئەو ئاڤێستایەی ئێستا هەیە و لەبەردەستایە، پێکهاتووە لەپێنج بەش کە لەپاش ئەو هەموو رووداو گرفتارەی بەسەری هاتووە، هێشتا هەرماوە و بەهێزە. ئەم پێنج بەشە بریتین لە:

یەسنا: بریتییە لەستایشت و نیایش و نوێژ و ئیتاعەت و باسی جەژنەکان. پێکهاتووە لە ٧٢ هات(فصل، بەش، سورە) و دابەشکراوە بە دوو بەشەوە.

ڤیسپرد (ویسپرتۆ): ئەم بەشە، بەشێکی زۆر سەربەخۆ نییە، چونکە لەتەك بەشی یەکەمدا (یەسنا) بەکاردەهێنرێت و دەخوێنرێتەوە. پێکهاتووە لە٢٧ هات.

ڤەندیداد: بریتییە لە٢٢ هات، لە هەموویاندا باسی یاساکانی ئایین و ڕێوڕەسم و ئادابی تیاکراوە. بۆ نموونە گشت ئەو شتانەی دەربارەی پاك وتەمیزی لەش و خاوێنی جلوبەرگ، خۆشتن، پیسێتی، مردوو، دەخمە(٢٦)، تۆبەکردن، نینۆك گرتن، کورتکردنەوەی موی لەش و.. تیایدا باسکراوە.

سەرجەم دەتوانین بێژین کە ڤەندیداد تەنیا دەربارەی چۆنێتی بەکارهێنانی یاساکانی ئایینزا دەدوێت.

یەشت: پێکهاتووە لە٢١ هات و بە شێوەیەکی شاعیرانە و بەکێشەو قافیەی ڕێك وپێك نووسراوەتەوە. هەندێکیان کورت و بڕێکیان درێژترن، گشتیان دەربارەی ستایشت و پەرستنی ئاهورامەزدا و ڕێزگرتن لەفریشتەکان (ئەمشاسپەندان) و ئیزەدەکانن.

خوردەی ئاڤێستا: واتە ئاڤێستا ـ چکۆلە

تازەترین بەشی ئاڤێستایە، بڕێکی بە زمانی ئاڤێستاییە و هەندێکی بە زمانی (پازەند) نووسراوەتەوە. ئەم بەشە باسی ڕێوڕەسمی ئایینزایی وەك دوعا و نزا، نوێژە، ئیتاعەت و ئەنجامی مەراسیمی جەژنە ئایینییەکان و ..... دەکات هەروەها باسی مارەبڕین و زەماوەند و پرسە و... دەکا.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسە بێنین، بڕێ لەو نووسینانەی کە مێژوونووسەکان دەربارەی ئەم کتێبە پیرۆزە نووسیویانە دەخەینە بەرچاو:

مەسعودی لەکتێبی (التنبیه والاشراف) دەربارەی ئاڤێستا نووسیویەتی کە ئاڤێستا بریتی بووە لە٢١ کتێب (نسك)، مانای (نسك)ی بە (سورە) لێکداوەتەوە و دەبێژێ:

((وجاء زرداشت، بالكتاب المعروف بالأبستاء واذا عرب أثبت فيه القاف فقبل الابستاق وعدد سوره احدي وعشرون سوره، كل سوره في مأتين من الاوراق وعدد حروفه واصواته ستون حرفاً وصوتاً لكل حرف وصوت صورة مفردة منها حروف تكرر ومنها حروف تسقط اذ ليس خاصة بلسان

الابستاء. وزرداشت احدث هذا الخط والمجوس تسمية (دين دبيره) اي كتابة الدين، وكتب الابستاء في اثني عشر ألف جلد ثور بقبضان الذهب حفراً باللغة الفارسية الاولى ولا يعلم احد اليوم معني تلك اللغة وانما نقل لهم الي هذه الفارسية شيء من السور فهي في ايديهم يقرأونها في صلواتهم كاشتاذ وضترشت وبانيست وهادوخت وغيرها من السور في جترشت الخبر عن مبدأ العالم ومنتهاه وفي هادوخت مواعضاً)).

واته:

((وه زەردەشت کتێبێکی هێنا که (ابستاو) یان پێدەگوت، ئەگەر بیکەینە عەرەبی و وشەی (ق)ی بخرێتە سەر دەبێتە ئابستاق، پێکهاتووە لەبیست و یەك سورە، هەر سورەیەکیشی لەدووسەد کاغەزدا نووسرابوو و ژمارەی پیتەکانی و دەنگەکانی (خەتی نووسینەکەی) شەست پیت و ئاواز بووە. وبۆ هەر یەکێ لەپیت و دەنگەکان شێوەیەکی تەنیای بووە کە برێك لەپیتەکان دووپات دەکراو هەندێکی لێکەم دەبۆوە. زەردەشت ئەم جۆرە نووسینەی وەدیهێناو مەجوسییەکان (زەردەشتییەکان)بەم جۆرە نووسینە دەبێژن (دین دەبیرە) واتە نووسین یا خەتی ئایینی. ئاڤێستا لەسەر پێستی دوانزە هەزار (گا) بەزێر و بەزمانی فارسی دێرین نووسرابوو، ئیمرۆ ئیدی کەس لەم زمانە تێناگات، جگە لەوەی کە برێ لە(سورە) کان گوراونەتە سەر فارسی نوێو ئێستا لەبەر دەستیانە و لەکاتی نوێژکردندا دەیخوێننەوە وەکو، ئەشتاد، جترشت، باتیست و هادوخت و هەندێ بەشی دیکە، لە(جترشت)دا باسی چۆنێتی دروستبوون و کۆتایی پێهاتنی جیهان دەکا، هادوخت دەربارەی راوێژکاری و پەند دەدوێت)).

ئەبو رەیحانی بیرونی، لەکتێبی (آثار الباقية)دا دەبێژێ:

((. کاتێك کە قتیبە بن مسلم بۆ جاری دووەم شاری (خوارزم)ی داگیرکرد، (چونکە خەڵکەکەی لێی هەڵگەڕانەوە)، (ئەسکەجموك)ی کردە (میر)یان، قوتەیبە دەستیکرد بە ڕەشەکوژی ئەو کەسانەی خەتی خوارزمییان دەزانی و ئاگاداری مێژوو و هەواڵەکانیان بوون و هەرکەسێك کەمترین زانیاری دەربارەی زانستەکانی ئەو سەردەمە دەزانی، هەمویانی کوشت یا ئاوارەیکردن، بە شێوەیەك ئەم کارەی ئەنجامدا، کە ئێستا هیچ ئامرازێك بۆ ناسینی هەواڵ و زانستەکانی ئەو سەردەمە، لەپاش ئیسلامدا لەبەر دەستا نییە. .... لەبەرئەوەی قوتەیبە کوڕی مسلم نووسەرەکانی خورازم و هیربودەکانی کوشت و گشت نووسراوەکانیانی سووتاند، خەڵکی خوارزم ئەوەی مایەوە نەخوێندەوار بوو، ئەمانەش ئەو شتانەی کە پێویستی ئایینیان بوو لەبەریانکردبوو، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، ڕۆژبەڕۆژ ئەوشتانە لەبیرچۆتەوە و تەنیا برێك لە شتە گرنگەکان لەبیرمابۆوە.))

عبدالرحمن ابن خلدون/ لەپێشەکی کتێبی (العبر وديوان المبتدأ والخبر في ايام العرب والعجم والبربر)، لەبەشی(علوم العقلية واصنافها) دەبێژێ:

((اما الفرس فكان شأن هذا العلوم العقلية عندهم عظيماً ونطاقها متسعاً كانت عليه دولتهم من الضخامة واتصال الملك ولقد يقال ان هذه العلوم انما وصلت الي يونان منهم حين قتل الاسكندر دارا وغلب على مملكته الكيانيه فاستولى على كتبهم وعلومهم مالا يأخذه الحصر لما فتحت ارض فارس ووجدوا فيها كتباً كثيرة، كتب سعد بن ابي وقاص الي عمر بن الخطاب ليستأذن في شأنها وتلقينها للمسلمين. فكتب اليه عمر، ان اطرحوها في الماء، فأن يكن مافيها هدى فقد هدانا الله باهدى منه وان يكن ضلالاً فقد كفانا الله، فطرحوها في الماء او في النار. وذهبت علوم الفرس فيها عن ان تصل الينا)).

واتە:

((بەڵام ئێرانییەکان بەبۆنەی شکۆمەندی و گەورەیی دەوڵەتەکەیان گرنگێتی ئەم زانستە لایان فرە و بەربڵابووە، دەبێژێ کە ئەم زانستە لەلایەن ئێرانییەکانەوە گوێزراوەتەوە بۆ یۆنان، لەو سەردەمەی کە ئەسکەندەر دارای کوشت و فەرمانڕەوایی کەیانی لەناوبرد و دەستی بەسەر هەموو ئەو کتێب و زانیاریانەی کە هەبووە گرت. ئەو کاتەش کە عەرەبەکان خاکی ئێرانییان داگیرکرد ژمارەیەکی یەکجار زۆر کتێب و نووسراویان دەستکەوت.

سعد بن ابی وقاص، دەربارەی ئەو هەموو کتێبانە نامەیەکی بۆ عومەری کوڕی خەتاب نووسی و داوای ئیجازەی لێکرد، کە ئەو نووسراوانە بگۆڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی. عومەر وەڵامی دایەوە، کە هەرچی ئەو کتێب و نووسراوانە هەیە بیخاتە نێو ئاوەوە، چونکە ئەگەر ئەو کتێبانە سوودمەندن و ئامۆژگاری تێدایە، ئەوا خوا لەوە خاستری پێداوین و ئەگەریش گومڕا کەرەوەن، ئەوا خوا لە خراپییەکانیان رزگاریکردووین. لەبەر ئەوە هەموو ئەو نووسراوەنەیان خستە ناو ئاو یا سووتاندنیان. زانستی ئێرانییەکان کە لەو کتێبانەدا نووسرابۆوە لەناوچوو نەگەیشتە دەستمان)).

(دولت شاهی سەمەرقەندی) لەکتێبی (**تذكره الشعرا**ـ ل ــ ٣٠) دەبێژێ:

.....((امیر عبدالله بن طاهر کە لەسەردەمی عەباسییەکاندا ئەمیری خوراسان بووە، فەرمانی داوە، کەوا لەچوارچێوەی سنوری دەسەڵاتی ئەودا، هەرچی کتێبێکی عەجەم و موغەکان هەیە هەموی بسوتێنن.))..

ئەوەی شایەنی باسە ناویانگی ئاڤێستا تەنیا لەو سەردەمە کۆنەدا و لەم ناوچەیە و بڕێ شوێنی دیکەی سەر ڕووی زەوی نەبووە، بەڵکو بە شانازییەوە دەبێژین: پاش تێپەڕبوونی ڕۆژگارانی پڕ لە ناسوری و چارەڕەشی بەسەر ئەم ناوچەیەدا، دیسانەوە خۆری ڕاستی، ئاسمانی تاریکی ئەم جیهانە کە دووچاری نوشوستی بیرویاوەڕ بووبوو ڕووناك کردەوە.

زانایان و توێژەران و ئەو پسپۆرانەی ڕۆژئاوا کە عەودالّ و شەیدای ڕاستی و ڕوونکردنەوەی ئەم پەیامە پیرۆزەبوون، کەوتنەخۆ و ڕوویانکردە مەڵبەندی ڕووناهی، واتە کەوتنە شیکردنەوە و ڕۆشنکردنەوەی ئەو بەشانەی ئاڤێستا، کە بەداخەوە خراپ و بە هەڵە لێکدرابۆوە. بەم شێوەیە ژەنگی هەزاران ساڵ نیشتوی سەر ئاڤێستا خاوێنکرایەوە و وەك ئاوێنەیەکی ڕوون بیرویاوەڕ و ئامۆژگارییەکانی زەردەشتی تێدا(منعکس) کرایەوە و ئەم کتێبە پیرۆزە خاوێنکرایەوە لە هەموو ئەفسانە و دەمارگیرێتی و دوژمنایەتییەك.

بڕێك لەوانەی کە خۆیان بەم کارە ماندووکردووە بریتین لە:

گولدنەر Geldner ــ جوستی Justi ــ بارتلومە Bartholomae ــ ئەشپیگل Apiegle ــ دارمستەتر Darmesteter ــ میە Meillet ــ جاکسون Jackson ....

ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکان

لەبەر ڕۆشنایی کتێبی دینکرد، ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکان بریتی بووە لە٢١ نەسك یا کتێب (مەسعودی لەکتێبی ــ التنبیه والاشراف ــ مانای (نەسك)ی بە (سورە) لێکداوەتەوە و دەبێژێ ئاڤێستا پێکهاتووە لە٢١ سورە و هەر سورەیەکیش دووسەد لاپەڕەیە).

ئەم ٢١ نەسکە لەلایەن بابەتەوە کرابوو بە سێ بەشەوە:

بەشی یەکەم پێی دەبێژن گاسانیك: بریتی بووە لە گاتاکان کە سرووودەکانی خودی زەردەشتە (لەپاشاندا باسی لێدەکەین). ئەم بەشە پێکهاتبوو لەحەوت نەسك (١، ٢، ٣، ١١، ١٣، ٢٠، ٢١).

بەشی دووەم پێی دەگوترا هاتك مان سریك Hatak – Man sarik ئەمەش لەحەوت نەسك پێکهاتبوو (٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠) و دەربارەی خورەوشت و یاسای ئایینی دواوە و زۆربەی دوعا و نزا و نیایش بووە، کە هۆکاربوون بۆ نزیکبوونەوەی خەڵك لەتەك ئاهورامەزدا، واتە زێتر دەربارەی جیهانی مادی و مەعنەوی دواوە.

بەشی سێیەم بە داتیك ناسراوبوو و پێکهاتبوو لەزانین دەربارەی جیهانی مادی و هەروەها دەربارەی ئەحکام و شەریعەت و یاسای بازرگانی و نەرێتی ئایینی و ڕێنمایی و ئامۆژگاری خەڵك لەم جیهانەدا دواوە. ئەم بەشەش هەروەك بەشەکانی دیکە پێکهاتبوو لەحەوت نەسك: (١٢، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩) بەڵام لەزۆر شوێندا دەبینین، کە بابەتەکانی ئەم سێ بەشە لەناویەکدا تێکەڵاوبووە.

بیست و یەك نەسکی ئاڤێستا بریتین لە:

سوتکەر نەسك Sutkar – Nask: پێکهاتبوو لە٢٢ بەش و دەربارەی داوێن پاکی ئایینداری و نوێژ و کرداری خاس دەدوێ. هەروەها دەربارەی سەرگوزشتەی گەرشاسەب و کەیخەسرەو و کەیکاووس دەدوێت.

وەهشت مانپرا Varsht man Sar: پێکهاتبوو لە٢٢ بەش و دەربارەی دوعا و نزا و نیایشت و کارە پیرۆزەکانی ئایین دەدوێت.

بەغ نەسك Bagh – Nask یا بەگ نەسك: ئەمیش پێکهاتبوو لـە٢١ بـەش یـا ٢٢ بـەش و سەبارەت بە ئایینی زەردەشتی و نوێژ و ئامۆژگارییە ئایینییەکان دەدوێت.

دامدات نەسك Damdat: ئەم بەشە ناوبانگێکی زۆری هەبووە، پێکهـاتبوو لـە٣٢ بـەش، کـە هەرە گرنگەکەیان دەربارەی رۆژی پەسـلان و پـاداش و سـزا، هـەروەها دەربـارەی ئـاژەڵ و گـژوگیای سوودمەند بۆ ئادەمیزاد دەدوێت.

ناتەر نەسك Natar – Nask: پێکهاتبوو لە٣٥ بـەش، دەربـارەی ئەستێرەناسـی و پزیشـکی دەدوێ.

پاجەك (پاجەم) نەسك Padjag – Nask: پێکهاتبوو لە٢٢ بەش و دەربارەی کار و فـەرمان و هەڵسوکەوتی خواپەرستان بووە، هەروەها باسی ئاژەڵ و حەرامی و حـەلالیان و چـۆنێتی سـەربڕینیان دەدوێ.

راتوداد (رادوداد) ئـاییتیگ نەسـك Radodad – aiting – Nask: ئـەم نەسـکە، پـێش هێرشەکەی ئەسکەندەر بۆ سەر ئێران، بریتی بووە لە ٥٠ بەش، پاشان لە١٣ بەش زێـتری لێنـەماوە و دەربارەی تەوەری ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، فەرمانڕەوایی و سەربازی دەدوێت.

بەریش نەسك Barish – Nask: ئەم بەشە دەربارەی ماف و یاسا و ئاکـاری دادوەر و ژیـان و هەواڵی خۆنکاران دەدوێت. کاتی خـۆی بـریتی بـووە لـە٦٠ بـەش، بـەڵام ئێسـتا تـەنیا ١٢ بەشـی لێماوەتەوە.

کەش کیسروب نەسك Kashsrobo – Nask: ئەمیش بریتی بووە لە٦٠ بەش و ئێسـتا ١٥ بەشی زێتری لێنەماوە. دەربارەی کار و فەرمانی ئایینی و شەریعەت دەدوێت. هەروەها باسـی هـۆش و دانایی سروشتی و اکتسابی دەکات.

ویشتاسب شاستو نەسك Wishtasp – shasto – Nask: پێکهاتبوو لـە٦٠ بـەش بـەڵام لە١٠ بەش زێتری نەماوە، زۆربەی دەربارەی ژیانی گوشتاسەب شای کەیانی دواوە.

وەشتك نەسك Vashtag – Nask: بـریتی بـووە لـە٢٢ بـەش کـە ئێسـتا تـەنیا ٦ بەشـی لێماوەتەوە، دەربارەی چۆنێتی ڕەفتار و کرداری ئایینییەکان دەدوێت.

چیترادات نەسك Tchitradat –Nask: یەکێکە لەبەشـە گرنگـەکانی ئاوێسـتای ساسـانی و پێکهاتبوو لە٢٢ بەش، دەربـارەی زانسـتی پزیشـکی، بـوون (وجـود)، نـەژادەکان و خێڵـەکان هـەر لەسەردەمی ئافراندندا تا کاتی پەیدابوونی زەردەشت، دابونەریت و (شا)کان دەدوێت.

سپەند نەسك Spend – Nask: پێکهاتبوو لە ٦٠ بەش و دەربارەی زانست و ئاکار و چاکەکردن و ژیانی زەردەشت دواوە.

بوغان یەشت نەسك Baghan – Yasht – Nask: پێکهاتبوو لە١٧ بەش و دەربارەی ئاهورامەزدا، ئیزەدەکان، فریشتەکان (ئەمشاسپەندان) و شێوەی دوعا و نزا و پەرستن دەدەوێت.

نیکاتوم (نیارم) نەسك Nikatum – Nask: پێکهاتووە لە ٥٤ بەش، دەربارەی ڕاستی و دروستی و داد و مافی خەڵك و میانڕەوی لە ئیشوکاردا و باسی کێشە (اوزان) دەکات. لەم نەسکەدا، هەمو جۆرە یاسایەکی تێدا ڕەچاوکراوە، کە لەکاتی دادگادا بەکارهاتووە، بۆیە زێتر بە نەسکی حقوقی و قەزائی دەژمێردرێت.

بە گوێرەی ئەوەی لەکتێبی دینکردا هاتووە، لەم نەسکەدا بڕێ بڕیاری تێدایە، کە دەربارەی ئەو کەسانەی کە بەهەندێ گوناه تاوانباردەکرێن و شێوەی سزادان و ڕاونانیان باسدەکات وەك دزی، چەتەیی، زیان گەیاندن بە خەڵك، کوشتن، زینا، هەڕەشەکردن بە زینا، دەستگیرکردنی خەڵك بەبێ بڕیاری یاسا، زیانێك کە جادووگەران بە خەڵکی دەگەیەنن، کەمکردنی ڕۆژانەی کرێکاران بەبێ بڕیاری یاسایی.... هەروەها بڕێ یاسای دیکە وەك مافی منداڵ و...

گاناباد سەرنیجان نەسك Ganabad – Sar – Nidjat Nask: پێکهاتبوو لە٦٥ بەش و دەربارەی (هاوسەرگیری) یاسای حقوقی و قەزایی و بنچینەی باوەڕ و ئیمان دەدوێت.

هوسپاوم نەسك Husparam – Nask: پێکهاتبوو لە٦٤ یا ٦٥ بەش، دەربارەی ڕۆژی پەسلان و پاداشت و سزا، ئیشوکاری کشتوکاڵ و مافی جووتیاران و هەروەها دەربارەی ئەستێرەناسی دەدوێت.

سەکاتوم نەسك Sakatum – Nask: پێکهاتبوو لە ٥٢ بەش و دەربارەی چۆنێتی فەرمانڕەوایەتی شاکان و دادوەرییەکانیان، ڕۆژی پەسلان، داد و دادگەرێتی، جەغد لەسەر هەوڵ و کۆشش دژی خراپە، دادگەرێتی و بنەماکانی و پلەوپایەی دادوەر و ئەندازەی زانیارییان و ئەزموونەکانیان، چینەکانی دادوەران و ئەحکامی مۆڵکایەتی دەدوێت.

وەندیداد نەسك Vendidad – Nask: پێکهاتووە لە٢٢ بەش، ئەمە تەنیا بەشێکی سەردەمی ساسانییەکانە کە دەقە ئەسلییەکەی و ڕاژەکەی کەوتۆتە دەست. دەربارەی ئەحکامی پاکی و ناپاکی و بڕێ یاسای جۆراوجۆر دەدوێت. بەشێکی دەربارەی جوغرافیا، دوو بەشی دەربارەی داستانی جەمشید، دوو بەشی دەربارەی کشتوکاڵ و ئەو کارانەی دەبێ ئەنجام بدرێت، بەشێکی

دەربارەی داستانی ژیانی زەردەشت، بەشێکیشی دەربارەی زانیاری پزیشکی و نەخۆشییەکان و شێوەی چارەسەرکردنیان دەدوێت. بەشەکانی دیکەش دەربارەی ئەحکامی پاك و تەمیزییە.

هادوخت نەسك Hatokht – Nask: پێکهاتبوو لە ٣٠ یا ٣٢ بەش، دەربارەی فریشتەکان، ئیزەدەکان و دوعا و نزا و نوێژ و چارەنووسی رۆح پاش ئەوەی لە لەش جیادەبێتەوە، دەدوێت.

ستوت یەشت نەسك Stot – Yasht – Nask: لە ٣٣ بەش پێکهاتبوو، دەربارەی چۆنێتی پەرستنی ئاهورامەزدا و ستایش و رێزلێنانی فریشتەکان (ئەمشاسپەندان) دەدوێت.

ئەمە کورتەیەك بوو لەچەند و چۆنێتی ئەو ئاڤێستایەی کە لەسەردەمی ساسانییەکاندا بووە، کاتی خۆی مەجموعەیەکی زۆر گەورە بووە. مەخابن، زۆربەی زۆری ئەمانە لەناوچوون، تەنیا ڕاژەو پوختەیەکی لە(دینکرد)دا بۆ ئێمە ماوەتەوە.

شایانی باسە کە ئاڤێستای سەردەمی هەخامەنشییەکان، بە گوێرەی ئەژماردنەی کە لەکتێبی دینکرددا کراوە، پێکهاتبوو لە ٢١ نەسك و ٨١٥ بەش، بەڵام ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکان لەتەك ئەو هەموو هەوڵ و کۆششەی، کە بۆ کۆکردنەوەی کرابوو، تەنیا ٣٤٨ بەش بووە.

ئەو ئاڤێستایەی کە ئێستا ماوەتەوە و لەبەر دەستدایە تەنیا چواریەکی ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکانە.

ئاڤێستای ئێستاکێ

ئاڤێستا، ئەم کتێبەی بریتییە لەو سروودە پیرۆزانەی کە زەردەشتی نەمر بۆ ئێمەی بەجێهێشتووە، ئەم کتێبە پیرۆزەی کە پێمان ڕادەگەیەنێ:

کار و کۆشش مایەی ڕزگاریمانە- لە ڕاستی و دروستیدا خۆشی و بەختیاری هەردوو جیهانمان دەستدەکەوێت ــ بیری خاس و پاك تیشك و ڕووناکی خواییە ــ کەسێك شیاوی فەرمانڕەواییە کە خۆی هەڵسوکەوتی لەبەر ڕووناکی فەرمانەکانی ئاهورامەزداوە بێت...

ئەم کتێبە پیرۆزە، هەروەکو گوتمان، بە داخەوە ئەوەی هەنووکە لەبەردەستماندایە شتێکی زۆر زۆر کەمە و تەنیا چواریەکی ئەسڵی کتێبەکەیە.

تا ئەو ڕادەیەی توانام بووبێت، ئەو باسانەی سەبارەت بە ئاڤێستا هەیە و لەبەردەستایە، کۆمکردوونەتەوە و بە شێوەیەکی سادە ڕێکخراون بۆئەوەی هەموان بتوانن سوودی لێوەربگرن. هەروەکو لەمەوبەر باسمان کرد، ئاڤێستای ئێستا بریتییە لەپێنج بەش:

یەسنا Yasna		بریتییە لە ٧٢ هات
یەشت Yasht		بریتییە لە٢١ یەشت، بڕێك جار تا ٢٤ یەشتە
ڤیسپەرد	Visparad	بریتییە لە٢٤ کردە
ئاڤێستای بچووك (خردەواستا)		بریتییە لەنیاشو نزا و نوێژ
ڤەندیداد	Vendidad	بریتییە لە٢٢ فرگرد

هەر یەکە لەم پێنج بەشە، بەکورتی باسی لێدەکەین.

یەسنا YASNA

گرنگترین بەشی ئاڤێستایە، ئەم وشەیە، لەوشەی ئاڤێستایی یەسنا Yasna وەرگیراوە کە بەمانای ستایش و پەرستن و ڕێزلێگرتن و نوێژ و جەژن هاتووە. بە زمانی سانسکرێت(یەجنا Yajna)ی پێ دەوترێت، ئەم وشەیە بە زمانی پهلوی بۆتە یەزشن Yazashan و ئیزشەن izashn، وشەی جەژن (جێژن) کە بەمانای ڕۆژی خۆشی و شادییە، لەم وشەیە وەرگیراوە.

هەروەها لەمانای ئەم وشەیە بڕێك زاراوەی تایبەتی بۆ ئایینی زەردەشتی و زەردەشتییەکان دانراوە، کە: مەزدایەسنا (مزدیسنا Mazdayasna) کە مانای دەبێتە مەزداپەرستی، مەزدایەسنی بە مانای مەزداپەرست، مەزدیسنان، واتە مەزداپەرستان.

یەسنا، بە تێکڕایی بریتییە لەستایشتی ئیزەدەکان و هەموو ئەو شتانەی سوودمەند و خاسن و مایەی ژیانن، ئەم ستایشتانە بە شێوەی چەکامە بێژراون و بریتین لەستایشی ئاوی پاك، باران، مانگ، خۆر، ئەستێرەکان، ئاسمان، ڕووبارەکان، دەریاکان، کارێز و سەرچاوەکان، گژوگیای سوودمەند، زەوی، ئاژەڵ، ساڵ و مانگ و ڕۆژ، شار ودێ، گەورە پیاوان و پیاوچاکان و ڕۆح و ڕەوانی پاك، ئیزەدەکان و فریشتەکان، ئایینی خواپەرستی زەردەشتی، یاسا، کێوەکان، دار ودرەخت، داد، زانست و زانیاری، دارایی، دلێری و ئازایەتی، ڕاستی و دروستی و.....

ستایشی ئەم عناصرانە خۆی لەخۆیدا پەرستنی ئاهورامەزدا دەگەیەنێت، چونکە هەموو ئەم عناصرانە دروستکراوی ئەون.

سەرەتای هەموو ستایشتێك بەم جۆرە دەست پێدەکات:

(مژدەی ستایش دەدەم و بۆ ئاهورامەزدای ئافەریدەرگاری ئەنجام دەدەم).

بەشە جۆراوجۆرەکانی یەسنا بەبۆنە تایبەتییەکان و لەجەژنە ئایینییەکاندا بەشێوەی سروود دەبێژرێت.

یەسنا پێکهاتووە لە٧٢ بەش کە پێی دەبێژن هائی تی Haiti یا (ها) یاخود (هات Hât). هەر بەشێك لەچەند بەند پێکهاتووە (لەنێوان ٣ بەند تا ٣٢ بەند). هەروەها هەرچەند بەشێك لەم هاتانە بۆ خۆیان ناوونیشانێکی تایبەتییان هەیە کە بە گوێرەی ئەو باسانەی لێی دەدوێن، ناو دەبرێن. هەفتاو دوو هاتی یەسنا بە چەند بەشێك دابەش دەکرێن، کە لەمانە سێ بەشیان بەناوبانگن، بەم شێوەیەن:

بەشی یەکەم:

(لە (هات)ی یەك تا کۆتایی (هات)ی (٢٧)ە. باسەکانی جۆراوجۆرن، سروودن دەربارەی موناجاتی ئاهورامەزدا و ستایشی فریشتەکان و چەندین سروود کە لەکاتی ڕێو ڕەسمی ئایینیدا دەبێژرێت و بەشێکی دەربارەی گیایەکە کە پێی دەبێژرێت (هوم)، بریتییە لەگیایەکی بە کەلك و پیرۆز. ئەم بەشە نێوی (هوم یەشت)ە.

بەشی دووەم:

ئەم بەشە لە (هات)ی ٢٨ و دەست پێدەکات تاوەکو کۆتایی (هات)ی ٥٣ جگە لە (هات)ی ٥٢.

ئەم بەشە، خۆشی دەبێتە دوو بەش:

الف ــ لەدەستپێکردنی (هات)ی ٢٨ تاوەکو کۆتایی (هـات)ی ٣٤، لەدەسـتپێکردنی (هـات)ی ٤٣ تا کۆتایی (هات)ی ٥٣ بێجگە لە (هات)ی ٥٢. ئەم بەشانە پێیان دەبێـژرێت (گات)ەکـان، کـە کۆنترین بەشی ئاڤێستایە و بریتییە لەسروودەکانی خودی زەردەشت.

ب ــ لەدەستپێکردنی (هات)ی ٣٥وە دەستپێدەکات تا کۆتایی (هـات)ی ٤٢. ئـەم بەشـە پێـی دەگوترێ (هەفتن هائی تی Haptat – Haiti) و بە (هفتن یەشت) بەنێویانگـە. ئـەم بەشـە، پـاش گاتاکان، دێرینترین یادگاری نووسراوی زەردەشتییە کە لەقوتابیانی زەردەشت بەجێماوە بۆمان.

بەشی سێیەم:

لـە(هات)ی ٥٤ دەسـتپێدەکات تـاوەکو کۆتـایی (هـات)ی ٧٢. ئـەم بەشـە پێـی دەبێـژرێت (ئەپـەر_یەسـن) یـاخود (ئـاپرو یەسـنو Aparo – Yasna) و بریتییـە لەسـروودی ستایشـی فریشتەکان و نزا و دەستووری ئایینی و چەند باسێك دەربارەی خورەوشت.

پێش ئەوەی بچینە نێو باسی گاتاکان کـە یـەکێ لـەگرنگترین بەشـەکانی (یەسـنا)یە، هـەروەکو لەمەوبەر گوتمان وتەکانی خودی زەردەشتن. بە پێویسـتی دەزانم کـە باسـێکی کـورت لەیـەکێکی دی لەکۆنترین، ڕەسەنترین و بەناوباگترین بەشەکانی دیکەی یەسنا بکەم، کە بریتییە لە (هات: ١٢).

ئەم هاتە، لەڕووی زمان و شێوازی نووسین، فرە لە (گاتا)کانەوە نزیکە. لەم هاتـەدا، تـەنیا باسـی ئاهورامەزدا و ئەمشاسپەندان کراوە، ئەم هاتە پێی دەبێژرێ (فەرئوتی) یاخود درکاندن (اعتراف)، کـە خۆی لەخۆیدا دەتوانین بێژین بریتی بووە لەشایەتیدان بۆ ئەو کەسانەی کە تـازە ئـایینی زەردەشـتییان پەسەندکردووە. یاخود بۆ تۆبەکردن بەکارهاتووە. پوختەی ئەم (هات)ە بریتییە لە:

((ئـەز مـەزدا پەرسـت و زەردەشـتیم، ستایشـی ئەمشاسـپەندان دەکـەم. بـاوەڕم بـە خوایـەتی ئاهورامەزدایە کە شکۆمەند و زانا و دانایـە و شـیاوی پەرسـتنە. ئـەوە کـە ئـەم جیهانـە و بـوونی ئافراندووە و ئادەمیزادی بە پـاکی دروسـتکردووە و زەردەشـتی هەڵبـژاردووە بـە پەیامبـەرێتی. دژی خراپی و خراپەکاران و نەیارانی ڕاستیم، خۆم دووردەخەمەوە لە خراپە و دەستدرێژیکردنە سەر خـەڵك، ئاسایش و ئارامی لـەنێو خەڵکـدا بڵاودەکەمـەوە. لـەکاتی نوێـژ و نیایشـدا هەمیشـە پـەیمان تـازە دەکەمەوە کە هەرگیز زیان و وێرانی بە کۆمەڵگای مەزداپەرستان نەگەیەنم. بە هەموو هێـز و توانـا و ئیرادەوە پەیوەندی خۆم لەتەك دێوپەرستان و پەیڕەوانی ئـاژاوە و جادووکـەران و ئەوانـەی بـیر و وتـەو کرادری خاسیان ناوەتـە لاوە دەپچـرێنم. ئـەو ڕێبـازە دەگرمەبـەر کـە ئاهورامـەزدا بـە زەردەشـتی ڕاگەیاندووە و زەردەشتیش ئەنجامیداوە.

ئەز مەزداپەرستم، مەزداپەرستێکی زەردەشتی، بەهەموو دڵ و گیانەوە باوەڕم هەیە، باوەڕم بە ئایینی خواپەرستی، بەزەردەشت، بە بیر و وتەو کرداری خاس هەیە. باوەڕم بەوە هەیە کە ئایینی مەزداپەرستییە کە شەڕ و هەراو هوریاو خراپە و ئاژاوەو گەندەڵی بنبڕ دەکات، ئاشتی و ئاسایش و تەبایی و خۆشەویستی و دۆستایەتی بۆ خەڵك دابین دەکات.

ئەز باوەڕم بەوە هەیە کە خاسترین ئایین، ئایینی مەزداپەرستی زەردەشتییە. هەموو شتێکی باش لە ئاهورامەزدا دەبینم. ئەمە پەیمانێکە لەتەك ئایینی ئاهورایی دەیبەستم.))

هەروەها (هات ٢٠) لەیەسنا دەبێژێ:

((ڕاستی، خاسترین چاکەیە، مایەی بەختیارییە. کەسێك بەختەوەرە کە (ڕاست) بێت و باشترین ڕاستی بوێت.))

گاتا Gatha

بەنرخترین، پیرۆزترین و ڕەسەنترین بەشی ئاڤێستایە و کۆنترین کتێبی ئایینی جیهانە، بەشێوەی هۆنراوە و پەخشان لەلایەن خودی زەردەشتەوە بێژراوە.

گاتاکان، بریتین لە١٧ هات لەسەرجەمی ٧٢ هاتی یەسنا، پێکهاتووە لە ٢٣٨ بەند و ٨٩٦ چەکامە و ٥٥٦٠ وشە. لە ئاڤێستادا ئەم وشەیە بە گات gatha هاتووە و ماناکەی دەبێتە (سرود خوێندن بە دەنگێکی خۆش).

دکتۆر حسین وحیدی لەکتێبی (گاتها، سرودهای مینوی زردشت) ل ــ ١٠٤ دەبێژێ:

((گات، بەمانای سروودە، گاتەکان کۆنترین و بەنرخترین بەشی ئاڤێستایە، خودی زەردەشت بێژاویەتی، خۆشبەختانە ئەو هەموو تەنگوچەڵەمەو گیروگرفتانە و دەستدرێژییانەی کە لەدێرزەمانەوە بەسەر ناوچەکەدا هاتووە، نەیتوانیوە زیانی پێبگەیەنێت، ئەورۆ هەروەك چلۆن بێژراوە، هەروا ماوەتەوە)).

ناوبراو لەهەمان کتێبدا دەربارەی ئاهەنگی گاتەکان دەبێژێ:

((گاتەکان، بە ئاهەنگێکی تایبەتی و دڵڕفێن بێژراوە، خۆشبەختانە ئەورۆ، هەروەك چلۆن پێش هەزاران ساڵ لەمەوبەر بێژراوە، هەروا ماوەتەوە. بەڵام ئەوەی پتر سەرنجڕادەکێشێ ئەوەیە کە وشەی (گاتار) کە ئێستاش نێوی ئاواز یا نەوایە کە لەکوردستاندا دەچرێت، ئەم وشەیە لەدوو بەش پێکهاتووە، واتە (گات) وە(تار)، بەزمانی کوردی بەمانای ــ گاتاخوان (بێژەنی گات)دێت. لەوانەیە

بتوانین بێژین کە ئاوازی (قەتار) کە لە ڕووی بەیاتی تورك دەخوێنرێت، هەر (گاتار) بووبێـــت و پـیتی (گ) گۆڕاوە بە (ق).

موبدفیروز ئازەرگوشەسب لەکتێبی (گاتها یا سروودهای اسمانی زردشت) ل ١ دەبێژێ: (گـات بـە مانای سروودی ئاسمانییە و لەتەك وشەی گیتا کە سروودی پیرۆزی هیندۆکانە چون یەکن).

ناوەڕۆکی گاتاکان بریتییە لەباس دەربارەی فەلسەفە، ڕەوشو شێوەی ژیانی پاك و راست، ئوسـولی یەکتاپەرستی، خواناسین و خۆناسین، کە بە شێوەیەکی فرە سادە و ڕۆشن و بەهێز بێژراوە.

بە تێکڕایی گاتاکان کۆڵەکە و ژێرخانی ئایینی زەردەشتین. کورتـەی ئـەو باسـانەی لـەم بەشـەدا هاتووە بریتین لە:

باسی توانایی و مەزنێتی و یەکتایی خواو چۆنێتی ناسینی ئاهورامەزدا، باوەڕ بەبوونی دوو هێـزی دژ بە یەك و جیاواز لەیەکتر کە بریتین لە چاکە و خراپە، سەرکەوتنی چاکە بەسەر خراپـەداو ڕووناکی بەسەر تاریکیدا پاش ململانییـەکی درێـژخایان، ئـازادی بیروبـاوەڕ و هەڵبـژاردن (تەنانـەت ئـازادی هەڵبژاردنی ئایین)، باوەڕ بە بوونی بەهشت و دۆزەخ و پاداش و سزا بۆ چاکان و خراپەکاران، یەکسـانی لەنێوان ژن و پیاودا، بەرپرسیاربوونی ئـادەمیزاد بەرامبـەر بـەو کارانـەی پێـی هەڵدەسـتێ، ڕێگـەی گەیشتنە پلەی پوختەیی و گەیشتنە دەرگای بارەگای ئاهورامەزداوە.

باشترین دەرسێك کە لە گاتاکاندا وەریدەگرین و پێویستە لەژیانماندا بـەکاری بهێـنین بریتییـە لـە هەوڵ و تێکۆشان دژی خراپە.

زەردەشـت داوامـان لێـدەکات کـە هەمیشـە ئامـادەی ململانێـو جـەنگ بـین دژی ناپـاکی و خراپییەکانی ئەهریمەنی دەروونی کە بەربەستێکە لەسەر ڕێگـەی پێشـکەوتن و ئـاوەدانکردنی جیهـان تاوەکو چاکە بەسەر خراپە و ڕووناکی بەسەر تاریکیدا زاڵدەبێت.

شایانی باسە، لێرەدا بێژین لەسەراسەری گاتاکانـدا، تەنانـەت بـۆ یـەکجاریش باسـی ئیزەدەکـان نـەکراوە، چـونکە شـێوازی مـادی ئـەم ئیزەدانـە بـەلای زەردەشـتەوە بەرپـەرچ دراوەتـەوە. تـەنیا ئاهورامەزدای بەناوی خوای ئافەریدەگار و دانا باسکردووە.

هەروەها دەربارەی قوربانیکردن و پێشکەشی بە ئیزەدەکـان و تەنانـەت بـە ئاهورامـەزداش هـیچ باسێکی نەکردووە، بەڵکو دژی ئەم جۆرە کردارانە وێستاوە.

باوەڕی زەردەشت لەناوەڕۆکی ئەم گاتانەدا زۆر بە جوانی و ڕاشکاوی خۆی دەنوێنێ.

لەڕاستیدا، بۆئەوەی خاس لەپەیامە پیرۆزەکەی بەو شێوەیەی، کـە بـووە و خـودی زەردەشـت لـە گاتاکاندا، بە بیرێکی پاك چڕاندوویەتی، بگەین، دەبێ هەرچی ئەفسانە و وێرد و نـزا و.... کـە پـاش

گاتاکان خر ،نەتەسەر ئەم پەیامە، پاك بکرێنەوە و تەنیا بچینە بنج و بناوانی گاتەکان. ڕاژە و لێکۆڵینەوەی گاتاکان دەبێ بە زمانێکی پاراو و سادە بۆ زۆربەی زۆری خەڵك، بە بەیانێکی زانستانە و بەڵگەی زانیاری و کۆمەڵایەتی کە لەسەرچاوەیەکی فەلسەفی واقیعییەوە هەڵقوڵابێت، بۆ زانایان و عەودالانی ڕێگەی ڕاستی باس بکرێت.

پلەوپایە و نرخی ئاکاری و مەعنەوی لەپەیامی زەردەشتدا، پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەتەك ژیانی کۆمەلایەتی خەڵکیدایە و ئامانج و هیوای زەردەشت ڕێکخستنی ژیانێکی بەختیار و گەشەپێکردنی کۆمەڵگا و پێشخستنێتی. ئەوەی کە لە گاتاکاندا پتر بایەخی پێدراوە بریتییە لەپەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤایەتی. زەردەشت زێتر ئاماژە بۆ هەڵسوکەوتی خەڵك دەکات و دەیەوێت هەموان بە خۆشی و ئاشتی و تەبایی و ئارامییەوە وەك برا لەتەك یەکتردا بژین، بێ گوێدانە جیاوازی ڕەگەز و ڕەنگ و بیرباوەوەڕ و.....

لەروانگەی زەردەشتەوە بەختەوەری لەوەدایە کە خەڵکی بەختەوەر بکەیت.

گەر خاس بە وردی سەرنجی هەر پێنج بەشەکانی ئاڤێستا بدەین، فرە بە ئاشکرا و ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە گاتاکان لەلایەن زمانەوانییەوە، لەبەشەکانی دیکەی ئاڤێستا کۆنترە، ئەویش بەم بەڵگانەی لای خوارەوە:

زمان و شێوازی نووسینی گاتاکان، ئەو وشانەی تیایدا بەکارهاتوون، لەبەشەکانی دیکەی ئاڤێستا، فرە کەم وەبەرچاودەکەون. واتە، بڕێ لەو ووشانەی کە لەسەردەمی نووسینی گاتاکاندا بەکاردەهێنران، لەپاشاندا کە بەشەکانی دیکەی ئاڤێستا نووسراوەتەوە، ئیدی بەکارنەدەهێنران و لەناوچووبوون.

گشت گاتاکان بە شێوەیەکی ڕەوان و ئاسان و کێشەدار و فەلسەفی نووسراوەتەوە، رستە بە رستەی نیشاندەری بیروباوەڕێکی یەکجار مەزنن، کە تەنیا دەتوانێت لەسەرچاوەی باوەڕی بەرز و پیرۆزی زەردەشت خۆیەوە هەڵقوڵابێت.

هەموو گاتاکان بخوێنینەوە، چاومان بە هیچ جۆرە ئەفسانە و داستانی خەیاڵاوی و دوور لە راستی ناکەوێت.

لەناوەڕۆکی گاتاکاندا بۆمان دەردەکەوێت ـ کە تائەو سەردەمەی نووسراوەتەوە، ئایینی ڕاستی و خواپەرستی بە تەواوەتی نەگەیشتۆتە پوختەیی و هێشتا خەڵك باوەڕی تەواویان پێی نەبووە، نەهاتوونەتە سەر ڕێی ئەو ئایینە، سەرکەوتنی راستی بەسەر درۆدا لەئەگەر و نەگەردا بووە، چونکە لەزۆر جێگادا زەردەشت گلەیی دەکا و باسی گیروگرفت و دەردەسەرییەکان دەکات.

(١٧ هات)ی گاتاکان به پێنج بەش دابەش دەکرێن، هەر بەشەی بۆ خۆی ناوێکی تایبەتی هەیە کە بەم شێوەیەیە:

ئەهوەن وەئی تی (ئەهنودگات) Ahunavaiti

ئەم بەشە پێکهاتووە لە ٧ هات، واتە لە هات ٢٨ تاوەکو کۆتایی هاتی ٣٤، لەسەد بەند پێکهاتووە، هەر بەندەی بریتییە لە٣ چەکامە. زێتر باسی پەرستنی ئاهورامەزدا، هەڵبژاردنی پەیامبەر و ئازادی لە هەڵبژاردندا دەکات.

ئوشتەوەئی تی (ئەشتودگات) Ushtavaiti

ئەم بەشە پێکهاتووە لە ٤ هات (هاتی ٤٣ تا ٤٦) و بریتییە لە ٦٦ بەندو هەر بەندەی لە ٥ چەکامە پێکهاتووە، جگە لەبەندی ١٥ کە چوار چەکامەی لێماوەتەوە، چەکامەی پێنجەهەمی بزربووە. هەر چەکامەیەکیشی بریتییە لە ١١ پارچە.

ئەشنودگات، زێتر دەربارەی راز و نهێنی ئافراندن، خۆناسین و ئافەریدەگاری ناسین بە هۆی بیری خاس و ڕاستی و دادەوە، دەدوێت. هەروەها بنچینەکانی ئایینی راستی و دژایەتی لەتەك درۆزناندا و دوارۆژی راستکردەوەکانی شێکردۆتەوە.

سپەنتمەگات Spentamainya

ئەم بەشە پێکهاتووە لە ٤ هات (هاتی ٤٧ تا ٥٠) کە بریتییە لە٤١ بەند، هەر بەندەی پێکهاتووە لە ٤ چەکامەو هەر چەکامەش لە ١١ پارچە پێکهاتووە.

ئەم بەشە، دەربارەی ئافراندن و سپەنتامینوو سەرکەوتنی بەسەر ئەنگرەمینو، پەرستنی ئاهورامەزدا دەدەوێت.

ڤەهوخشەتەرگات Vohu – Khshathra

پێکهاتووە لە تەنیا یەك هات (هات ٥١) و بریتییە لە ٢٢ بەندو هەر بەندەی لە ٣ چەکامە پێکهاتووە و هەر چەکامەیەش بریتییە لە ١٤ پارچە، دەربارەی کار و کرداری ئادەمیزاد و نوێ بوونەوەی جیهان دەدوێت.

ڤەهیشتوئیشتی Vahishtoishti

ئەمە دوا بەشی گاتاکانە، بریتییە لە تەنیا یەك هات (هات ٥٣)وە پێکهاتووە لە ٩ بەند و هەر بەندەی لە ٤ چەکامە پێکهاتووە. دوو چەکامە کورت و دوانی درێژن. کورتەکانی بریتین لە ١٢ پارچە و چەکامە درێژەکان هەر یەکەی بریتین لە ١٩ پارچە.

پێش ئەوەی یەکە یەکە سروودەکانی زەردەشت (گاتاکان) شیبکەینەوە، بە پێویستی دەزانم بێژم، مەخابن ئەو کەسانەی ئەم سروودە پیرۆزانەیان لە زمانی ئاڤێستاییەوە گۆڕیوە، لە زۆر شوێندا کەوتوونەتە هەڵە و زۆربەی ئەو هەڵانە بە هۆی ئەوەوە بووە، کە وشەیەك زێتر لە مانایەکی هەبووە، بۆ وێنە وشەی گۆ - go ی ئاڤێستایی دوو مانای هەیە، یەکێکیان بە مانای جیهانە و ئەوی دیکەیان بە مانای(گا) یە، وشەی پسو Pasu کە مانایەکی (خەڵك) یا جەماوەرە، مانایەکی دیکەی (ڕانەمەڕە). جا، بۆئەوەی کەمتر دووچاری هەڵەببم، پەنام بردۆتەوە بەر تازەترین و بەمتمانەترین گۆڕین و ڕاڤەی گاتاکان.

ئەهنودگات (ئەهوەن وەئی تی) Ahunavaiti

سروودی یەکەم

یەسنا ــ هات ٢٨

بەندی ١:

((ئێستا،

ئەی مەزدای دانا و مەزن

پێش هەموو شتێك،

هەردوو دەستم بەرەو لای تۆ درێژدەکەم

ستایشتت دەکەم و داوای بەختەوەریت لێدەکەم.

هیوادارم کە،

بتوانم لەژێرسایەی ڕاستی و دروستی،

بە هۆی هۆش و زانیارییەوە،

جیهانێکی پڕ لە ئاسایش و کامڕەوایی دابین بکەم،

ویژدانی پاك و گیانی گیانداران خۆشحاڵ بکەم.))

لێرەدا ئەوەمان دێتەبەرچاو کە زەردەشت ڕاوێستاوە و هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان درێژکردووە، بەوپەڕی ڕێز و بێ فیزییەوە ستایشتی خوای دانا و مەزن و سەرچاوەی گشت چاکییەکان دەکات و داوای شادی و بەختەوەری لێدەکات.

هوشیاری و زانیاری و بیری خاس، ئامرازی گەیشتنە بەختیارییە، لەبەر ئەوە دەبینین زەردەشت هیواداره کە لەژێر سێبەری راستی و دروستی و پەیڕەوی لە یاسای راستی (ئاشا)، (وەهومەن) کە بریتییە لەهوشیاری و زانیاری و بیری خاس بتوانێت گیانی گیانداران بەختەوەر بکات و بەو هۆیەوە ئادەمیزاد و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو پێشکەوتن و پوختەیی و بێ خەوشێتی بگەیەنێت.

زەردەشت، بۆئەوەی لە نهێنی ئافراندن بگات و چۆنێتی ژیانی بۆ ڕۆشن بێتەوە، پەنا دەباتەبەر بیری خاس (وەهومەن) و لەکاتی سەغڵەتیۆ پێویستیدا داوای یارمەتی لێدەکات، چونکە هوشیاری و

زانیاری و بیری خاس تەنیا ئامرازێکن کە دەتوانن ببنە کلیلی کردنەوەی قفڵی فـرە لـە نـەزانراوەکانی ژیان و سروشت، یارمەتی پەیامبەر بدەن بۆ ڕاگەیاندنی پەیامەکەی.

بەندی ٢:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
بە بیری خاس و دڵێکی ڕۆشنەوە ڕووت لێدەکەم،
لەژێرسایەی ڕاستییەوە،
پێمان ببەخشە،
پاداشتی ژیانی مادی و مەعنەوی
ئەو پاداشتەی کە ئیمانداره‌کان بەختەوەر دەکات.))

لەم بەندەدا، زەردەشت باوەڕی بەوە هەیە تەنیا ئامرازێك، کە ئادەمیزاد لە خـوا نزیـك دەکاتـەوە ئەوەیە کە بیری خاسی هەبێت و خۆشەویستی خەڵکی لە دڵدا بێت. زەردەشت ئاواتە خـوازە لـە خـوا کە لەهەردوو جیهانی مادی و مەعنەوی نیعمەتی پوختەیی و بەختەوەری کە تەنیا بە هۆی ڕاسـتی و پاکییەوە وەدەست دێت، پێمان ببەخشـێت. ئـارەزووی زەردەشـت ئەوەیـە کـە ئیمانـداران و ئەوانـەی گوێڕایەڵی قسەکانین ڕاستی و پاکی بکەنە ڕێباز و پیشـەیان بۆئـەوەی بەختـەوەری و سـەرفرازی ئـەم جیهان و جیهانی دواییان وەدەست بکەوێت.

بەندی ٣:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
وئەی ڕاستی (ئاشا)و ئەی بیری خاس(وەهومەن)
ئەز، سروودی وەهاتان بۆ دەهۆنمەوە،
کە تائێستا کەس نەیبیژاوە،
هیوادارم توانایی مەعنەوی و پاکی (خشەترا)،
لەدەروونمدا پتر بێت و بەسەر زاتما زاڵبم.
تکاو ئارەزوومان بەدیبهێنن.
وبەختەوەری و شادیمان پێ ببەخشن)).

لەم بەندەدا، ستایشی ئاهورامەزدا وەك ئافەریدەگاری مەزن، ئاشا (دیاردەی راستی پاکی)و وەهومەن (دیاردەی بیری خاس)ــ کە هەردووکیان لەنیشانەکانی ئاهورامەزدان ــ کراوە، لێرەدا هەر وەك لەباسی ئەمشاسپەندان باسمان کرد، زەردەشت ئەم ئەمشاسپەندانە بەنیشانەکانی ئاهورامەزدا دادەنێت و هیچ جۆرە بوونێکی تایبەتی و سەربەخۆو جیاوزاییان نییە. یانی ئەمانە گشتیان نیشانەکانی خوان.

لێرەدا زەردەشت دەبێژێت کە بە پەروەردەکردنی ئەم سێ نیشانە تایبەتیانەی ئەم سێ ئەمشاسپەندانە دەتوانرێ باوەڕ و فیدارکاری خۆ زێتر بکرێت کە لەپاشاندا گەیشتنە پوختەیی و بەختەوەری و نەمرێتییە کە ئارەزوو ئاواتی گشت کەسێکە، دەتوانین بێژین کە ئەم بەندە بریتییە لە بڕینی قۆناغەکانی پێشکەوتن و پوختەیی ئادەمیزاد، چونکە پاش ئەوەی هەرکەس رێگەی ڕاستی و پاکی هەڵبژارد و بیری خۆی پاك کردەوە و خۆشەویستی و دلۆڤانی خەڵکی خستە نێو دڵییەوە و ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ خزمەتی کۆمەڵگا، واتە نیشانەکانی ئاشاو وەهومەن و خشەترای لە هەناوی خۆیدا پەروەردەکرد، ئەوسا رۆحی فیداکاری و لەخۆبوردن و باوەڕ بەخوا یا (ئارمەئیتی) تێدا زێتر دەبێت.

پاش بڕینی ئەم چوار قۆناغە بێگومان دەگاتە پلەی بەختەوەری و پوختەیی.

لەکۆتایی ئەم بەندەدا، زەردەشت داوا لە ئاهورامەزدا دەکات کە لەکاتی پێویستیدا یارمەتی خۆی و هاوڕێکانی بدات و لەگرفتاری و ناخۆشییەکانیان رزگاریان بکات.

لەم بەندەدا زەردەشت زۆر بە ڕاشکاوی دەبێژێت کە یەکەمین مامۆستا و ڕاگەیەنێری یەکتاپەرستی بووە لەجیهاندا، چونکە هیچ کەسێك لەپێش ئەودا ئەم جۆرە سروودانەی نەبێژاوە.

بەندی ٤:

((ئەز، ڕۆح و گیانم بە هۆی بیری خاسەوە
بەرەو بەهەشتی بەرین دەبەم.
بە زانیارییەکی تەواوەوە، لەو پاداشتەی کە،
ئاهورامەزدا بۆ کار و کرداری خاسی دیاریکردووە،
تا ئەو شوێنەی هێز و توانام هەیە،
ئامۆژگاری خەڵك دەکەم کە
تێبکۆشن ڕیبازی ڕاستی بگرنەبەر.))

بیری خاس و پاك، ئادەمیزاد لە خراپە دووردەخاتەوە و بەرەو جیهـان و ژیـانێکی پـڕ لـە چـاکە و پاکی و دڵۆڤانی و میهرەبانی و ئاسایش و ئاشـتی دەبـات، واتـە بەسـەرای پـڕ لـەڕووناکی مەزدایـە ئافەریدەگاری دانا، واتە بۆ بەهەشت دەبات. لەم بەندەدا، زەردەشت دەبێژێ کە ئەو کار و کردارە جێـی رەزامەندی ئاهورامەزدا یە بێ چاوەڕوانی پاداش ئەنجام بدرێـت، تەنیا لەبەر خـاتری خاسـێتی خـودی کارەکە ئەنجام بدرێت.

هەروەها لەم بەندەدا، زەردەشت زۆر بە ڕاشکاوی باسی پێویستی سەرشانی دەکات کە بریتییە لـە بڵاوکردنەوەی باوەڕی خواپەرستی و ڕێنمایی خەڵك بۆئـەوەی ڕێگـەی ڕاسـتی و دروسـتی بگرنەبـەر.

بەندی ٥

((ئەی دیاردەی ڕاستی و پاکی (ئاشا)
کەی بە دیدارت شاددەبم؟
ئەی دیاردەی بیری خاس (وەهومەن)،
کەی بە هۆی دانایی و هۆشەوە دەتوانم بتناسم؟
وئەی ئاهورای دانا، کەی ڕێگەی گەیشتنە لای تۆ دەدۆزمەوە؟
وکەی زایەڵەی دەروونی مەزدایی دەبیستم؟
هیوادرام کە
بە یاریدەی ئاخافتنی پیرۆز (سروودی پیرۆز)(٢٧) و هێزی دەم پاراوی،
ڕێنمایی گومڕاکان بکەم
وبیانخەمە سەر خاسترین ڕێگە کە
ڕێی ڕاستی و یەکتاپەرستییە.))

لەم بەندەدا، زەردەشت ڕێگەی گەیشتنە لای ئاهورامەزدامان بۆ دەستنیشان دەکات، کـە بریتییـە لە ڕاستی و دروستی و بیری پاك و هۆش و زانست، جەخت لەسەر ئەوە دەکـات کـە دەبـێ بـەزمانی خۆش و وتەی باش، ڕێگەی ڕاست و دروست پێشانی گومڕایان بدرێت، نابـێ بـە تـۆبزی و هەرەشـەو زۆرەملـێ لەتەکیاندا ڕەفتار بکرێت بۆئەوەی ناچاربکرێن کوێر کوێرانە ئامۆژگاریەکانی پەسەند بکـەن، لێرەدا باشترین وانەمان فێردەکات و ئەویش ئەوەیە کە دەبێ هەمیشە لەتەك نەیارەکانماندا بـەهێمنی و وتەی خاس و دڵۆڤانییەوە ڕەفتار بکەین.

زەردەشت لەم بەندەدا، ئارەزووی ئەوەیە کە لەژێرسایەی ڕاستی و دروستی و بیری پاك و هۆش و زانستەوە، هەروەها بە هۆی ویژدانی پاکەوە بتوانێت ئاهورامەزدای دانا و توانا بناسێت لێی نزیك بێتەوە.

بەندی ٦

((ئەی مەزدا،
بیری خاس و ڕاستی و،
تەمەن درێژیم پێ ببەخشە.
هەروەها بە هۆی ئامۆژگارییەکانت،
هێز و توانای مەعنەوی و شادومانی
بە زەردەشت و هاوڕێیانم ببەخشە،
تا بتوانین بەسەر کینە و تووڕەیی نەیاران سەرکەوین.))

زەردەشت، لەم بەندەدا داوا لە ئاهورامەزدا دەکات کە هێز و توانای مەعنەوی و بیری خاس و توانای ئاخافتنی باش بەخۆی هاوڕێکانی بدات تا بتوانێت باشتر پەیامەکەی بە خەڵك ڕابگەیەنێت، بە تایبەتی گومڕاکان و ئەوانەی دژایەتی دەکەن، بخاتەسەر ڕێی ڕاست.

ئەوەی لەم بەندەو بەندی پێشووتر دەگەین، ئەوەیە کە زەردەشت بەهیچ جۆرێك بە تۆبزی ڕێنمایی خەڵکی نەکردووە، بەڵکو هەمیشە بە قسەی خۆش و ڕاست و دروست خەڵکی هانداوە کە لە ڕاستی بگەن و دوورەپەرێزین لە خراپە. بیری خاس و خۆشەویستی خەڵکی، تەنیا چەکی ڕاستەقینەی زەردەشتە.

بەندی ٧

((ئەی ڕاستی (ئاشا)،
ئەو خەڵاتەی کە پاداشتی بیری خاسە،
پێمان ببەخشە.
وەتۆ ئەی پاکی (ئارمەئیتی)،
هیوا و ئارەزووەکانی گوشتاسبو هاوڕێکانی بەدیبهێنە.

ئەی مەزدا،
هێز و توانامان پێ ببەخشە،
تا بتوانین پەیام و دەستوورەکانت بە هەموو خەڵکی جیهان ڕابگەیەنین.))
ئەو بەخشیش و خەڵاتەی کە پاداشی بیری خاسە و زەردەشت داوای دەکات بریتییە لە هۆشیاری و زانیاری و حیکمەت و ڕۆشنبینی و دڵۆڤانی بێ خەوش بۆ هەموو خەڵك، هەروەها باوەڕ و فیداکاری و خۆ بەزل نەزانین، زەردەشت، داوای ئەمانە دەکات بۆئەوەی وەك ئامرازێك بەکاریان بێنێت بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئاهورامەزدا و پەیامەکەی بە هەموو جیهان ڕابگەیەنێت و ئایینی یەکتاپەرستی و ڕاستی و دروستی لەنێو خەڵکدا بڵاوبکاتەوە.

بەندی ٨
((ئەی ئاهورا،
ئەی خاسترین خاسان،
ئەی گەوهەری ڕاستی،
لەناخی دڵمەوە ئارەزوو دەکەم،
بە فەرشوشتەری دلێر و هاوڕێکانم،
نەمرێتی و بیری خاسیان پێ خەڵات بکەیت.))
لێرەدا زەردەشت داوا لە ئاهورامەزدا دەکات کە فەرشوشتەر (وەزیری گوشتاسەبو برای جاماسەب بووە و یەکێکە لەوانەی کە زوو باوەڕی بە زەردەشت هێناوە) و یاوەرەکانی و ئەو کەسانەی خاوەنی بیری خاسن، بخاتە بەهەشت، واتە خاسترین ژیان لەم جیهانەداو ئاسوودەیی بیر و ڕاحەتی ویژدان و ئارامی ڕۆح و ڕەوان لەجیهانی دیکە.

بەندی ٩
((ئەی مەزدا ئاهورا،
هەوڵدەدەم لەکانگەی دڵمەوە،
سروودی ستایشی خۆمت ئاراستە بکەم،
هەرگیز ڕاستی (ئاشا) و بیری خاس (وەهومەن)،
لەخۆم نەڕەنجێنم.

چونکە ئەوانە و توانایی مەعنەوی (خشەترا)
بەشیاوی ستایشت دەزانم.))

لەم بەندەدا، ئارەزووی زەردەشت ئەوەیە کە ئەوشتە چاکانەی کە لە ئاهورامەزدا بەخۆی و پەیڕەوانی بەخشیوە و دەیبەخشێت هەرگیز لەڕێی خراپەوە بەکاری نەهێنێت و ئازار بەکەس نەگەیەنێت بۆئەوەی ڕاستی و بیری چاك لەخۆی نەڕەنجێنێت. هۆش و زیرەکی و توانایی خۆیان بخەنەگەڕ بۆئەوەی خزمەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێبکەن، هەرگیز کارێك نەکەن کەزیان بە خەڵك بگەیەنن و ئاشاو وەهومەن و خشەترا لەخۆیان زویر بکەن.

دووبارە زەردەشت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئاهورامەزدا و نیشانەکانی (بیری خاس، ڕاستی و توانایی) شیاوی ستایشتە.

بەندی ١٠

((ئەی مەزدا ئاهورا،
هیوا و ئارەزووی ئەو کەسانەی کە
دروستکردارن و خاس بیردەکەنەوە و ڕاستییان کردۆتە پیشە،
وتۆ خۆت خاسیان دەناسێت،
وەدیبهێنە.
ئەز، خاس دەزانم کە تۆ
ئەو ستایشتانەی لەناخی دەروونەوە دەردەچێت
وبۆ کاری خاس بێت
وەڵامدەدەیتەوە.))

لێرەدا زەردەشت داوا لە ئاهورامەزدا دەکات، کە ویست و ئارەزووی ئەو کەسانەی کە بە هۆی بیری خاس و لەسایەی ڕاستی و دروستیدا و بەهۆشیاری و زانیارییەکی تەواوەوە و بێ هیچ جۆرە مەرایی و خۆنواندنێکەوە ستایشی ئاهورامەزدا دەکەن، بەدیبهێنی.

بەندی ١١

((ئەی مەزدا ئاهورا،

هیوادارم بە هۆی ئەم ستایشتانەمەوە،

بە هۆی بیر و ئەقڵ و هۆشمەوە،

کە بۆ هەمیشە پارێزگاری لە راستی و بیری خاس دەکەم،

ئامۆژگارییەکانتم فێربکەیت،

وپێم بێژیت کە،

هەر لەسەرەتاوە

ئافراندن و ژیان چلۆن پێکهاتووە؟))

لەم بەندەدا، ئاماژە بۆ ئەو نوێژ و ستایشتانە کراوە، کە لە بەندی پێشوودا باسمان کرد و مەبەست ئەو ستایشانەیە، کە لەکانگەی دڵەوە دەردەچێت بێ هیچ مەرایی و ڕیایەك.

زەردەشت دەبێژێ کە بە هۆی ئەم جۆرە ستایشانە و بیر و ئەقڵ و هۆشییەوە کە هەمیشە پارێزگاری لە راستی و بیری خاس دەکات، ئاهورامەزدا ئامۆژگارییەکانی پێ ئیلهام بکات، بۆئەوەی بتوانێت پەیامە پیرۆزەکەی کە بریتییە لەڕێنمایی بەرەو بێخەوشێتی، ڕابگەیەنێت. هەروەها زەردەشت داوا لە ئاهورامەزدا دەکات، کە ڕاز و نهێنی چۆنێتی دروستبوونی ئەم جیهانە و (بوون)ی بە هۆی بیر و هۆشەوە بۆ ئاشکرابکات، بۆئەوەی هەموو ڕاستییەکان بۆ خەڵك ڕۆشن بکات (وەڵامی ئەم داخوازییە و باسی چۆنێتی وەدیهاتنی جیهانی بوون لە (هات٣٠) گاتاکاندا دەبینین.

سروودی دووەم

یەسنا ــ هات ٢٩

بەندی ١:

((ئەی مەزدا گیانی گیانداران، سکالا و گلەیی خۆیت عەرزدەکا:

بۆچی منت ئافراند؟

بۆچی ئەم جەستە مادییەت پێ بەخشیم؟

ستەم و قین و سەرکێشی و جەردەیی،

دەورویەرمی تەنیوەتەوە.

ئەز، لەتۆ بەولاوە، هیچ پشتوپەنایەکم نییە،

کەوابو،

کەسێك کە شیاوی ئەوەبێت لەم بارە ئالۆزە ڕزگارم بکا

پێم بناسێنە.))

لەم بەندەدا، باسی بارودۆخی سەردەمی زەردەشت دەکا. کۆمەڵگای ئەو سەردەمە ئالۆز و پڕ لە خراپەکاری بووە. دزێتی، جەردەیی، کوشتو کوشتار، جەور و ستەم و ئاژاوە ناوچەکەیان تەنیبۆوە و بە جۆرێك خەڵك لە سەغلەتیدابوون، کە گیانی گیانداران (لێرەدا گیانی گیانداران نوێنەری هەموو ئادەمیزاد و گیاندارانە واتە ڕەوانی هەموو جیهانە (روح الوجود) ئۆقرەی لێدەبڕێت و سکالای خۆی لەخزمەت ئاهورامەزدا عەرزدەکات، داوای لێدەکات، کە کەسێك هەڵبژێرێت ئەم خەڵکە لەم بارە ئالۆزە رزگاربکات.

بەندی ٢:

((ئەوسا،

ئافەریدەگاری جیهان، لە راستی (ئاشا)ی پرسی:

کێ هەڵدەبژێری بۆ ڕابەرایەتی جیهان؟

تا یاریدەی بدەین و پشتیوانی لێبکەین، هێز و توانای ئاوەدانکردنەوەی جیهانی پێببەخشین.

ئەی ئاشا،

دەتەوێت کێ هەڵبژێریت بە ڕابەر و سەرداری جیهان
تا بتوانێت قین و تووڕەیی و ئازاری درۆزن و خراپەکاران لەناوبەرێت؟))

دەتوانین بێژین کە تێکڕا (هات ٢٩) بریتییە لەشانۆگەرێتییەکی ئیزەدی کە: ئاهورامەزدا، ئاشا، وەهومەن و گیانی گیانداران ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینین.

لەبەندی پێشوودا باسمان کرد کە گیانی گیانداران، سکاڵا و گلەیی خۆی دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵگا دەردەبڕێت و داوا لە ئاهورامەزدا دەکا کە رزگارکەرێکی بۆ هەڵبژێرێت.

لەم بەندەدا، لەبریتی ئەوەی ئاهورامەزدا ڕاستەوخۆ خۆی کەسێکی پێناسێنێ. داوا لە(ئاشا) کە دیاردەی ڕاستی و پاکی و زانستی خۆیەتی، دەکات کە رابەرێك و رزگارکەرێك دەستنیشان بکات کە بتوانێت دڵنەوایی گیانداران بداتەوە و یارمەتی بدات لە بڵاوکردنەوەی ڕاستی و دروستی و ئاوەدانی جیهان. ڕابەرێك کە هێز و توانای بەربەرەکانی بەدکاران و درۆزنان و گومڕایانی هەبێت و بتوانێت بەهێزی مەعنەوی ململانێیان لەتەکا بکات و بیانخاتە سەر ڕێی راست و کینە و تووڕەیی، کە مایەی بەدبەختی و دواکەوتنی کۆمەڵگایە، لەناوبەرێت.

هەرساتێك ڕابەرێکی وا دەستنیشان بکرێت، ئاهورامەزدا پشتیوانی لێدەکات و یاریدەی دەدات.

بەندی ٣:

((ڕاستی (ئاشا) وەڵامیدایەوە و گوتی:
لەنێو ئەم خەڵکەی جیهاندا کەسێکی وا ناناسم
کە بتوانێت ئەم ئازارە لەکۆڵ خەڵك بکاتەوە،
ویاریدەی پیاوچاکان بدات دژی خراپەکاران.
بێگومان لەنێو ئەم خەڵکەدا،
ئەو کەسە دەبێ لەهەموان بەهێزتر و بە تواناتر بێت،
تا هەرکاتێك داوای یارمەتی کرد
فریای بکەوین و یاریدەی بدەین.))

لەم بەندەدا، دەبینین کە ئاشا (دیاردەی راستی و پاکی) بۆ وەڵامدانەوەی ئاهورامەزدا کە پرسیاری لێکردبوو کێ هەڵدەبژێرێت بۆ رزگارکردنی خەڵك، توانای نییە و بە ڕاشکاوی دەبێژێ کە

کەسێکی وا ناناسێت کە بەم کارە مەزنە هەڵسێت، بەڵام دەبێژێ بێگومان کەسێك بۆ ئەم کارە مەزنە هەڵدەبژێرێت، دەبێ میهرەبان و بێ ئازار و بە ویژدان بێت و نابێ ستەمکار و زاڵم بێت، لەروانگەی راستی و پاکی دەبێ لەهەموان سەرتر بێت، دەبێ هێز و توانایەکی وەهای هەبێت کە بتوانێت یاریدەی دروستکاران بدات دژی خراپەکاری. لەکۆتاییدا دەبێژێ کە ئامادەی یاریدەدانی ئەو کەسە توانایە و هەرکاتێك پەنای بۆ بردین یارمەتی بدەین و فریای بکەوین.

بەندی ٤:

((مەزدا ئاهورا، لەهەموان خاستر ئاگاداره
کە لە ڕابردوودا بتپەرستەکان و پەیڕەوەکانیان
چییان کردووە،
لەپاشەڕۆژیشدا چ دەکەن.
لەبەر ئەوە، دوابڕیار و داوەریکردن تەنیا بۆ ئاهورایە،
کەوایە، هەرچی شتێك ویست و خواستی ئەوە، ئێمە گوێڕایەڵین.))

ئەم بەندە، تەواوکەرەوەی بەندی پێشووە و تیایدا (ئاشا) قسە دەکا و دەبێژێ: ئەی خوای دانا و ژیر، تۆ خۆت هەموو شتێك دەزانیت و ئاگاداری هەموو کار و کرداری مرۆڤیت چ لەرابوردودا چ لەپاشەڕۆژدا و هیچ شتێك بێ ئاگاداری تۆ ڕوونادات.

لەبەرئەوە، تەنیا خۆت دەتوانیت لەم بارەشەوە بڕیاربدەیت، چونکە بڕیارەکانت راست و دروستن و ئێمە دەبێ گوێڕایەڵی دەستوورەکانت بین.

بەندی ٥:

((ئەز، وە گیانی گیانداران، هەردوو پێکەوە،
وبەڕێزەوە دەستمان بەرز دەکەینەوە،
وستایشتی ئاهورامەزدا دەکەین،
وداوای لێدەکەین کە،
هەرگیز لەلایەن خراپەکاران، زیان بە،
مرۆ پاکەکان و خاسکدارەکان و ڕابەرەکەیان نەگات.))

لەم بەندەدا، (ئاشا) درێژە بە قسەکانی دەدا و دەبێژێ:

ئەی ئافەریدەگاری گەورە، ئەز، و گیانی گیانداران، هەردووکمان بەرێز و مـل کەچـییەو دەسـتمان بەرز دەکەینەوە و ستایشتت دەکەین، ئارەزوومان ئەوەیە کە ئامرازێك هەڵبژێری کـەمرۆ خاسـەکان و خاوەن باوەڕەکان لە خراپەی نەیاران و زیانەکانی ئەهریمەن بپارێزێو هیچ ئێشو ئازارێکیـان پێنـەگات. هەروەها ئاگاداری ڕابەر و پێشەواکەیان بە، کە ڕاسپاردەیە بۆ رزگارکردنی هەموو خەڵك و ڕێنماییانـە بەرەو ڕێگەی ڕاست و دروست، لە خراپەی نەیاران بپارێزە.

بەندی ٦:

((ئەوسا،

ئاهورامەزدا،

کە بەزانست و دانایی خۆیەوە،

ژیانی ئافراندووە، فەرمووی:

ئایا تۆ، سەردار و ڕابەرێکی پاك ناناسیت؟

مەگەر تۆ، هەڵبژاردەی ئافەریدەگارنیت؟

ئایا چاودێری و ئاگاداری ئەم جیهانەم، بەتۆ ڕانەسپاردووە؟))

پاش ئەوەی ئاشا بێ توانایی خۆی بۆ وەڵامدانەوەی ئاهورامەزدا دەربڕێ، نەیتوانی کەسێك دیـاری بکات کە خەڵك لەو بارە ئاڵۆزە ڕزگاربکا. ئاهورامەزدا دەفەرمەوێ کە چلۆن دەبێـت کەسـێك (لێـرە مەبەست لەکەسێك، دیاردەی راستی و دروستی و پاکییە- ئاشا-) کە هەڵیبـژاردووە بـۆ چـاودێری و ئاگاداری ئەم جیهانە، ئاگا نەبێ لەکەسێك کە بتوانێت ڕابەرێتی ئەم خەڵکـە بکـات و رزگاریـان بکـا لەو بارودۆخە. لەم بەندەدا دووپاتی دەکاتەوە، کە ئاهورامەزدا ئافەریدەگاری جیهانە و ئەم دنیایەی بـە هۆی بیر و هۆش و حیکمەتی خۆیەوە ئافراندووە. ئاشا ئەوەندە دەزانێت کە ئەو دەبـێ کەسـایەتییەکی میهرەبان، جوامێر، بەویژدان، راست و پاك و بەهێز و توانا بێت. لێرەدا ئەوەمان بـۆ دەردەکـەوێ کـە مەبەستی ئەسڵی ئەوەیە کە هەڵبژاردنی زەردەشت بە رابەرایەتی و پەیامبـەرێتی راسـتەوخۆ لەلایـەن ئاهورامەزدا خۆی بووە.

بەندی ٧:

((ئەم ئاخافتنە پیرۆزە کە شادی و بەختەوەری دەهێنێ،
لەلایەن ئاهورایە کە:
ویست و خواستی لەتەك ڕاستی (ئاشا)دا، هاوئاهەنگە
ومەزدا ئاهورا،
لەبۆ ئاوەدانکردنی جیهان،
ئەمەی فێری مرۆی پاك و دروستکردار کردووە.
ئەی بیری خاس (وەهومەن)
کێیە ئەو کەسەی لەتۆیەو مەبەستتە
کە بتوانێت بەڕاستی یاریدەی خەڵك بدات؟))

لەبەندی پێشوودا، ئاهورامەزدا چلۆن پرسیاری لە(ئاشا)کرد، لەم بەندەدا هەمان پرسیار لەوەهومەن کە دیاردەی بیری خاسە، دەکات و دەفەرموێت: ئایا ئەتۆ کەسێکی وەهات ڕەچاوکردووە کە بتوانێت یارمەتی خەڵك بداو لەم بارە ئاڵۆزە رزگاریان بکات.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە(وەهومەن)یش ناتوانێت وەڵام بداتەوە و بێدەنگ دەبێت. بۆیەکا ئاهورامەزدا(لەبەندی دواییدا خۆی وەڵامدەداتەوە.

بەندی ٨:

((ئەز، تەنیا کەسێك دەناسم کە،
گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانمە،
ئەو کەسە
زەردەشت ئەسپەنتمانە.
تەنیا ئەوە کە دەیەوێت
شێوە و ڕێگەی ڕاستی و سروودەکانی مەزدا،
بە خەڵك ڕابگەیەنێت.
هەر لەبەر ئەوەیە کە
دەم پاراوی و قسەی دڵفڕێنی پێدەبەخشین.))

هەروەکو لەبەندی پێشوودا گوتمان، نە دیاردەی راستی (ئاشا) و نە دیاردەی بیری خاس (وەهومەن)، هیچکامیان نەیانتوانی بە ڕاشکاوی وەڵامی پرسیارەکەی ئاهورامەزدا بدەنەوە. لەبەرئەوە ئاهورامەزدا خۆی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەداتەوە و دەبێژێ: تەنیا کەسێك کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئاهورایە و دەستوورەکانی جێبەجێ دەکات، زەردەشت ئەسپەنتمانە.

هەر ئەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی راستی و یەکتاپەرستی ئامادەگی تەواوی هەیە.

ئەو تەنیا کەسێکە کە دەتوانێ مرۆڤ لەگومڕایی رزگاربکات.

لەبەرئەوە، بریارمان داوە، کە دەم پاراوی پێ ببەخشین بۆئەوەی خاس بتوانێت پەیامی ئاسمانی بە خەڵك ڕابگەیەنێت.

لە (هات ٢٨) بەندی ٥ دا زەردەشت دەبێژێ: با بەیاریدەدەری وتەی پیرۆز (سرووودی پیرۆز) و هێزی دەم پاراوی، گومڕایان بخەمەسەر خاسترین ڕێگە (واتە راستی و دروستی). لێرەدا ئاهورامەزدا داخوازییەکەی زەردەشت وەدیدێنێت و دەم پاراوی پێ دەبەخشێ. شایانی باسە کە بێژین پرۆفیسۆر بارتلومە و پورداود، هەردووکیان لەو باوەڕەدان ئەم بەندە وتەکانی وەهومەنەیە نە ئاهورامەزدا.

بەندی ٩:

((ئەوسا،

گیانی گیانداران، دووبارە دەنگی بەرز بۆوەو گوتی:

ئایا ئەز دەبێ گوێڕایەڵی قسەی مرۆیەکی

لاوازو بێ توانا بم و پشتیوانی لێبکەم؟

بەڕاستی، ئارەزووم ئەوەبوو کە سەرداریکی بەهێز و توانا،

بۆ ئەم کارە هەڵبژێردرایە.

کەی کەسێکی وەها،

بەهێزی بازووی خۆی،

یاریدەم دەدات؟)).

شتێکی ئاساییە کە گیانی گیانداران لەم هەڵبژاردنەی زەردەشت قەڵس و ناڕازی بێت. چونکە تا ئەوکاتە هیچ کەس (جگە لە ئاهورامەزدا)، زەردەشتی نەناسیبوو، لەبەرئەوەی تا ئەوکاتە هیچ

پەیامبەرێك لەلایەن خواوە بۆ سەر زەوی نەنێرابوو، هیچ کەسێك یا هێزێك باوەڕیان بەوە نەبووە کە جگە لەسەرکردەیەك یا شالیارێك بتوانێت ئەوەندە بەهێز و توانا بێت کە بتوانێت بارودۆخی کۆمەڵگا بگۆڕێت.

لێرەدا شایانی باسە کە بێژین ئەم وتووێژە کاتێك روویداوە کە زەردەشت وەك مرۆیەکی مادی لەئارادا نەبووە. باس باسی رۆحیانەتی (فرەوەهر)زەردەشتە ــ لەپاشاندا باسی فرەوەهر دەکەین.

گیانی گیانداران هیچ شتێك دەربارەی ئەم رۆحیانەتە نازانێت و وادەزانێ کە کەسایەتییەکی ئاساییەو ناتوانێ بەم ئەرك و کارە گرنگە هەڵسیت، بۆیە داوادەکات کە شالیارێکی بەهێز و توانا هەڵببژێرێت کە ستەمکەران و خراپەکاران بەهێز و توانای بازووی خۆی لەناوبەرێت.

بەندی ١٠:

((ئەی ئاهورا،

بە هۆی ڕاستی (ئاشا) و بیری خاسەوە (وەهومەن)،

هێز و توانایی پێ ببەخشە،

تا بتوانێت خانە و بەرەیەکی ئاوەدان و ئاسایش و ئارام

بە هەموو جیهان بگەیەنێت.

ئەی مەزدا،

منیش ئەو بەخاسترین ئافەریدەو هەڵبژاردەی تۆ دەناسم.))

هەرچەندە بڕێك لە زانا و رۆژهەڵاتناسەکان دەبێژن: ئەم بەندە لە وتەکانی خودی زەردەشتە و گیانی زەردەشت پێش ئەوەی بچێتە قاڵبی مادی، لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبووە.

بەڵام موید فیروز ئازەرگوشەسب لەو باوەڕەدایە کە ئەم بەندە و بەندی داهاتوو، ئاخافتنی گیانی گیاندارانە.

لەبەندی پێشوودا ئەوەی پتر سەرنجی ڕاکێشا ئەوەبوو کە گیانی گیانداران لەڕووی بێ ئاگایی دەربارەی زەردەشت ئەو قسانەی کرد، بەڵام لەپاشانداو لێرەدا دەبینین لەو هاشوهوشە دەکەوێت و ڕەزامەندی خۆی بۆ ڕابەرێتی زەردەشت دەردەبڕێت و لە ئاهورامەزدا داوادەکات کە هێز و توانای مەعنەوی و ڕابەرایەتی بە زەردەشت و یاوەرەکانی ببەخشێت تا بتوانێت ئاشتی و ئاسایش و تەبایی

و هێمنایەر بۆ هەموو خەڵکی جیهان دابین بکات، کۆتایی بەشەڕوشۆڕ و هەراوهوریا و خراپە بهێنێت.

لەکۆتایی ئەم بەندەدا، گیانی گیانداران کە نوێنەری هەموو گیاندارانی سەر رووی زەمینە دەبێژێ:

ئەی ئاهورامەزدا، ئەی دانای توانا، ئێمەش هەموومان زەردەشت بە شیاوی ڕابەرایەتی و سەروەری دەناسین و ڕەزامەندین بەم هەڵبژاردنە.

بەندی ١١:

((کەی ڕاستی (ئاشا) و بیری خاس (وەهومەن) و توانایی مەعنەوی (وەخشەترا)

ڕوومان تێدەکەن؟

کەی ئەنجومەنی مۆغەکان(٢٨)

ئەم ئایینەی تۆ پەسەند دەکەن؟

ئەی ئافەریدەگاری مەزن

ئێستا کە یاوەر و ڕابەرمان بۆ دەستنیشان کراوە

ئێمەش ئامادەی خزمەتگوزارین.))

لێرەدا، گیانی گیانداران درێژە ی قسەکانی خۆی دەداو دەبێژێ، ئەی خوای مەزن، هێز و توانای مەعنەوی ئاشاو وەهومەن و خشەترام پێ ببەخشە، واتە راستی و پاکی، ئەقڵ و هۆش و زانیاری و بیری خاس، هێز و توانای خزمەتکردنی خەڵك و یارمەتی هەژاران و بێ دەرامەتانم پێ ببەخشە بۆئەوەی بتوانم بەرامبەر سەختی و دژوارییەکانی ژیان خۆم ڕابگرم. ئەمجا داوا لە ئاهورامەزدا دەکات، کە یارمەتی ئەنجومەنی باڵای مۆغەکان بدات کە لەپێناوی بڵاوکردنەوەی ئایینی یەکتاپەرستی و ئایینی ئاهورایی و ڕێنماییکردنی خەڵك بەرەو یەکتاپەرستی و راستی بڕۆن. لەکۆتایی ئەم بەندەدا، دەبینین کە گیانی گیانداران لەو رەشبینییە رزگاری دەبێ و ورەی بەرزدەبێتەوە و دەبێژێ، ئێستا ئیدی کە یاوەر و سەرداریکمان بۆ دیاریکراوە کە لە هەموو بوارەکاندا شیاوی ڕابەرایەتییە، ئێمەش هەوڵ و کۆشش دەدەین بۆئەوەی ئاواتی پیرۆزی پەیامبەر بەدیبهێنین و ڕەزامەندی ئافەریدەگار دابین بکەین، بە دڵ و بەگیان خزمەتی دەکەین و هەرگیز سەرکێشی لە دەستوورەکانی ناکەین. هەمیشە گوێڕایەڵی بانگهێشتی ویژدانین و چاکی مەردایەتی لێدەکەین بەلادا و خزمەتی خەڵك دەکەین.

ئەگەرکو خاس بڕوانینە ئەو ڕاژەیەی کە باسکرا، بە چاوێکی بیناو بیرێکی ڕۆشن سەرنج بدەین و هەڵیسەنگێنین، دەبینین کە لەنێو ئەم شانۆگەریتی ئیزەدییە، گشت ئەو کێشەو مەسەلانەی کە دەربارەی چۆنێتی سەر هەڵهێنانی ئایینەکان و پوختەبوونیان بە ئاشکرا دەبینین.

واتە، سەرەتا گیانی گیانداران کە لێرەدا دەبێتە نوێنەری خەڵك یا وتەبێژی نیاز و پێویستییەکانی کۆمەڵگا، داواکاری خۆی دەخاتەڕوو. کەسێك لەنێو جەرگەی خەڵکیدا، بە هۆی ڕاستی و دروستی بیر وکردارییەوە هەڵدەبژێرێت بۆ ڕێنماییکردنی خەڵك، بەڵام کۆمەڵگا هەروا بە ئاسانی پەیڕەوی لێناکات و وتەکانی پەسەندناکات (بڕوانینە ئەو قسانەی گیانی گیانداران دەیکات پاش هەڵبژاردنی زەردەشت بە پەیامبەرێتی)، بەڵام پاشان کە دەبینین (ئەو) هیوا و ئارەزووەکانیان دەهێنیتەدی، ئیدی دەست لەبەربەرەکانێتی هەڵدەگرن و ئاواتی سەرکەوتنی بۆ دەخوازن و بە کردەوەش یارمەتی دەدەن.

سروودی سێیەم

یەسنا ــ هات ٣٠

بەندی ١:

((ئێستا ئیدی، بۆ ئێوە

ئەی عەودالانی زانیاری، قسە دەکەم،

وبۆ ئێوە ئەی مرۆ ژیرەکان

دەربارەی دوو گەوهەری (زات) مەزن.

هەروەها شێوەی ستایشتی،

ئاهوراو بیری خاس (وەهومەن)

وزانستی خاس و ئایینی ڕاستی (ئاشا)،

تا لەڕووناکی ڕاستەقینە تێبگەن،

وبگەنە پلەی پوختەیی و بەختەوەری.))

بە گوێرەی بۆچوونی بڕێك لە ئاڤێستاناسان، (هات ٣٠) شاکاری گاتاکان و بنچینەی ئایینی زەردەشتییە، چونکە دوو زاتی گرنگی ئایینی زەردەشتی تێدا باسکراوە. ئەم دوو دیاردەیە بریتین لەسپەنتامینوو ئەنگرەمینو، بیری چاك و بیری خراپ.

هەروەها باسی ئازادی دەربڕینی باوەڕ و هەڵبژاردنی ڕێگەی ڕاست یا چەوت لە ژیاندا دەکات. ئامۆژگارییەکان و ڕێنماییەکانی زەردەشت لێرەوە دەستپێدەکات. لەیەکەمین هەنگاوی بڵاوکردنەوەی ئایین و بیروباوەڕەکەی، لەنێو خەڵکدا قسەدەکا و دەبێژێ:

دەخوازم بۆ ئەوانەی کە عەودالی ڕاستین و ئەوانەی کە دانا و ڕۆشنبیرن، دەربارەی دوو دیاردە (گەوهەر)ی دژ بە یەك کە لەسەرچاوەی بیری خودی ئادەمیزاد هەڵقوڵاوە، بدوێم و ڕاستیتان بۆ ئاشکرابکەم. هەروەها دەربارەی چۆنێتی ستایشی خواو نیایشی وەهومەن واتە بیری خاس کە مایەی بەختیاری و ئاوەدانی جیهانە، ئاگادار بکەم.

هەروەها ڕێگەی گەیشتنە زانستی خوایی کە تەنیا بە هۆی (ئاشا) واتە ڕاستی و دروستی و لەخۆبوردن وەدەست دێت، پێشانتان بدەم.

مەبەست لەزانیاری ڕاستەقینەی خوابی، بریتییە لەو زانیارییەی کە لەسەر بنەمای ڕاستی و دروستی و پاکی و لەخۆبوردن و خۆشەویستی خەڵك دامەزراوە و دەتوانێ ئادەمیزاد بەرەو پوختەیی بەرێت.

بۆ گەیشتنە قۆناغی پوختەیی و ویژدانی ئاسوودە و پڕ لەڕووناکی ئاهورایی (واتە بەهەشت)، زەردەشت لەم بەندەدا ئەمانەی بە پێویست زانیوە:

ستایشی ئاهورامەزدا لەکانگەی دڵەوە و بە باوەڕی تەواوەوە، ئاگاداری تەواو لەو دوو دیاردەیە و ململانێکردن لەنێوان چاکە و خراپە، پەروەردەی وەهومەن، واتە بەهێزکردنی بیری خاس لەخۆدا، وەرگرتنی زانیاری ڕاستەقینە بە هۆی ڕاستی و پاکییەوە.

بەندی ٢:

((کەوایە،
گوێڕایەڵی خاسترین وتەکان بن،
و بەبیرێکی ڕۆشنەوە هەڵیسەنگێنن،
هەر یەکە لەئێوە بۆ خۆی
لەم دوو ڕێبازە، یەکێکیان هەڵبژێرن،
پێش ئەوەی ڕووداوی مەزن ڕووبدات،
هەر یەکەتان بە دروستی ئاگاداربن،
لەم پەیامە تێبگەن و بڵاوی بکەنەوە.))

لەم بەندەدا، یەکێ لەگرنگترین ئامۆژگارییەکانی زەردەشت بەشێوەیەکی فرە سادە و ڕۆشن و بە ڕاشکاوییەوە بەیان کراوە، کە بریتییە لەئازادییەکی تەواو بۆ هەر مرۆیەك کە ڕێگەی چاك یا خراپ (راست یا درۆ) هەڵبژێرێت.

زەردەشت، داوا لە پەیڕەوەکانی دەکا، ئازادانە و بە بیرێکی ڕۆشن و دیدێکی کراوە و بە وردییەوە بیر لەئامۆژگارییەکانی بکەنەوە، ئەوسا هەر ئافرەت و پیاوێك، بە بیر و هۆش و ویژدانەوە، چاکە لە خراپە، ڕاست لە ناڕاست جیابکاتەوە و ڕێگەی خۆی هەڵبژێرێت. زەردەشت بە هیچ جۆرێك هەڕەشە و زۆرەملێ بەکارناهێنێت بۆئەوەی خەڵك ئامۆژگارییەکانی وەربگرن، هیچ کاتێك داوای لەپەیڕەوەکانی نەکردووە، کە کوێر کوێرانە دوای بکەون.

ئەم بەندە، تەواوکەرەوەی بەندی پێشووە، تیایدا زەردەشت سەرنجی خەڵك بۆ ئامۆژگارییەکانی راکێشاوە و دەبێژێ:

خەڵکینە، گوێ بۆ قسەکانم شل بکەن و هەڵیسەنگێنن، هەر ئافرەت و پیاوێك، خۆی بە شێوەیەکی ئازاد هەوڵ بدات رێگەی ڕاست لە رێگەی چەوت جیابکاتەوە، رێگەی راست هەڵبژێرێت.

لەدوابەشی ئەم بەندەدا، زەردەشت دەبێژێ:

پێش ئەوەی ژیان لەم جیهانەدا کۆتایی پێ بێت و ورۆژی پەسلان بێتەپێش، دەبێ خەڵك لەخەوی بێهۆشی ڕاپەرن، تێبکۆشن پەیامی ڕاستی و دروستی و ئەحکامی ئاهورایی و ئامۆژگارییەکانی زەردەشت لەجیهاندا بڵاوبکەنەوە، ئەوانەی رێگەی چەوتیان هەڵبژاردووە، بەرەو رێگەی ڕاست هیدایەت بکەن.

ئەم پەیامە، پەیامێکی جیهانییە و بۆ هەموو خەڵکی سەر ڕووی زەوییە.

بەندی ٣:

((ئێستا،

ئەم دوو گەوهەرە هاواڵ دوانە دژ بە یەکە، کە هەر لەسەرەتاوە،

لەنێو بیر و خەیاڵی مرۆڤدا دەرکەوتن،

یەکێکیان چاکە دەنوێنێ و ئەوی دیکەیان خراپە.

لەم دوانە

مرۆی ژیر و دانا، راستی و دروستی هەڵدەبژێرێت و

نەزان و بێ هۆش، خراپە هەڵدەبژێرێت.))

زەردەشت، لەم بەندەدا، دەربارەی فەلسەفەی چاکە و خراپە و سپەنتامینوو ئەنگرەمینوو دەدوێ و دەبێژێت: ئەم دوو دیاردەیە، واتە چاکە و خراپە، لەبیری ئادەمیزاد خۆیەوە دێنەئارا و دروستکراوی بیری ئادەمیزاد خۆیەتی، بە هۆی بیرەوە بۆ کردار و وتار رێی خۆی خۆشدەکات. واتە، سەرچاوە و بنەمای گشت وتار و کرداری خاس یا خراپ، لەبیری ئادەمیزادەوە هەڵدەقولێت. ئەگەر بیری کەسێك خاس بێت، بێگومان وتەو کرداری ئەو کەسە خاس دەبێو بە پێچەوانەوە، هەر کاتێك بیری کەسێك خراپ و چەواشە بێت، وتەو کرداری ئەو کەسە خراپ دەبێ. بیری ئادەمیزاد، بەهەشت و دۆزەخی ئەو کەسە خۆیەتی.

لەروانگەی کەسێکی خاوەن بیری خاس، گشت شتێك خاس و جوانە، بەڵام لەدیدی خەڵکی خاوەن بیری خراپ، بەهەشتیش وەك دۆزەخ وایە.

کەواتە چاکە و خراپە، جوانی و ناشیرینی، پەیوەندی بە شێوە و چۆنێتی بیرکردنەوەی ئادەمیزاد خۆیەتی و هیچ پەیوەندییەکی بە ئافەریدەگاری ژیر و توانا نییە.

لەکۆتایی ئەم بەندەدا دەبێژێ کە مرۆی ژیر ودانا، بە هۆی هۆش و بیری خاسی خۆیەوە، چاکە و خراپە و راست و درۆ لەیەکتری جیادەکاتەوە و رێگەی راستی هەڵدەبژێرێت، بە پێچەوانەوە، مرۆی بێهۆش و نەزان، بە هۆی نەزانینییەوە، دووچاری هەڵە دەبێت و وەدوی ئارەزووی مادی دەکەوێت و دووچاری گرفتاری و پەرێشانی و خراپەکاری دەبێت.

خوا، هێز و توانای بیرکردنەوەی بە ئادەمیزاد داوە تا چاکە و خراپە لەیەکدی جیابکەنەوە و بە هۆی بیر و هۆشی خۆیانەوە چاکە هەڵبژێرن و دژی خراپە ڕاوێستن، بەربەرەکانی بکەن.

بە کورتی، ئەوەی لەم بەندەدا رەچاودەکرێت ئەوەیە کە زەردەشت، هەموو خراپە و گومڕایی و گەندەڵییەك لەنەزانین و بێ ئاگایی دەزانێ، هۆش و بیر و زانیاری بە مایەی بەختەوەریی و خۆشی دەژمێرێت.

بەندی ٤:

((ئەوسا،

کە لەسەرەتای ژیاندا،

ئەو دوو گەوهەرە، لەنێو بیردا گەیشتنە یەکدی،

ژیان و نەبوونیان هاوردەئارا.

تا کۆتایی (بوون) هەر بەم شێوەیە دەبێ کە:

خاسترین بیر و باشترین ژیان بۆ پەیڕەوانی راستی،

و خراپترین حاڵەتی دەروونی بۆ لایەنگرانی درۆ دەبێت.))

زەردەشت، لەم بەندەدا دەبێژێ: کاتێك ئەم دوو دیاردەیە یا ئەم دوو هاواڵ دوانە دژ بە یەکە (سالبو موجەب) کەوتنەکار، ئاوەدانی و ڕوخاندن، یا ژیان و نەبوونیان هێنایەئارا، مەبەست لەژین، ژیانی خۆشی و ئارام و کۆشش و هەوڵدانە لەپێناوی پێشخستن و پێشکەوتنی کۆمەڵگا و خزمەتکردنی خەڵکە، ئەمەش تەنیا بە هۆی کارتێکردنی بیری چاك و دڵێکی پڕ لەخۆشەویستی

خەڵك، یانی، بە هۆی دیاردەی خاسێتی وەدی دێت. بەڵام نەبوون یا ڕوخاندن، بریتییە لەژیان بردنەسەر بە بیرێکی خراپ و ناڕەوا و پڕ لە ئاکاری خراپە. بێگومان ناتوانین ئەم جۆرە ژیان بردنەسەرە، بە ژیانێکی ڕاستەقینە بژمێرین، بەڵکو زێتر لەمەرگ دەچێ تا ژیان.

کەوتنە نێو داوی خراپە، تەنیا بە هۆی بیری خراپە و دیاردەی خراپەیەو بەس. مردن تەنیا مەرگ و لەناوچوون نییە، بەڵکو ژیانێکی خراپیش کە هیچ سوودێکی بۆ کۆمەڵگا نەبێت جۆرێکە لەمردن. هەروەها دەبێژێ تا ژیان و بوون هەیە، حاڵ هەربەم جۆرە دەبێت و دیاردەی چاکە و خراپە هەمیشە لەململانێ دەبن. لەبەرئەوە ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە کە هەوڵ و کۆشش بدات دیاردەی چاکە بەسەر خراپەدا سەرکەوێت.

لەکۆتاییدا، دەربارەی پاداشتی چاکان و سزای خراپەکاران دەدوێ و دەبێژێ:

ئاسوودەیی بیر و ویژدان، خاسترین پاداشتی خاسانە و بە پێچەوانەوە نارەحەتی بیر و ویژدان و ئەشکەنجەی ڕەوان، گەورەترین سزای خراپەکارانە. لێرەدا زێتر ئەوەمان بۆ ئاشکرادەبێ کە بەهەشت و دۆزەخ. لەروانگەی زەردەشتەوە، مادی و جسمی نییە، بەڵکو شتێکی مەعنەوی و دەروونییە. بە بۆچوونی ئازەرگوشەسب، بەهەشتی زەردەشت شوێنێکی تایبەتی پڕ لەسەوزەڵانی و حۆری و غیلمان نییە، هەروەکو چلۆن دۆزەخیش شوێنێکی دیاریکراوی ترسناکی پڕ لەمار و دوپشك نییە. بەڵکو هەردووکیان بریتین لەچلۆنایەتی باری دەروونی مرۆڤ، کە لەتەك بیر و چۆنێتی بیرکردنەوەیان پەیوەندی هەیە.

بەندی ٥:

((لەم دوو گەوهەرە،
لایەنگری درۆ، خراپترین کردارەکان هەڵدەبژێرێت،
ئەوەی پاکترین بیری هەیە،
بەتیشکی ڕووناهی هەمیشەیی ڕازاوەتەوە،
ئەوەی کە بەباوەڕی پتەوو کرداری دروستەوە،
مەزدا ئاهورا خۆشحال دەکات،
ڕاستی هەڵدەبژێرێت.))

لەم بەندەدا، زەردەشت دەبێژێ: ئەوانەی پەیڕەوی لەبیری کرچوکاڵی خراپە، درۆ و فریوو دووڕوویی دەکەن و خوو خەسڵەتی ناپاکیان هەیە، ڕۆحی ئەهریمەنی بەسەریاندا زاڵبووە و گیرۆدەی کرداری خراپ

دەبن و هەمیشە بەرەو کاری خراپە دەڕۆن. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو کەسانەی کە بیریان بەرووناهی هەمیشەیی زانستی خاس و بە گیانێکی پاك و خەسڵەتێکی چاکەوە خۆیان دەڕازێننەوە، ئاکاری ئەهریمەنی لەخۆیان وەدووردەخەن و ڕێگەی ڕاستی و دروستی دەگرنەبەر و تێدەکۆشن بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگا و بەختەوەری هەموو خەڵك. هەروەها دەفەرموێ: ئەو کەسانەی بیری خۆیان بە روونـاکی هەمیشەیی زانست ڕازانبێتەوە و باوەڕیان بە خوای هۆش و دانابێت و خەریکی خزمەتکردن بە کۆمەڵگابن و خەڵك بەختەوەر بکەن و خوا خۆشوەش بکەن، بەم کردەوەیەیان، ڕێگەی ڕاستی و دروستی هەڵدەبژێرن.

بەندی ٦:

((لەنێو ئەم دوانەدا،

بیرخراپان و گومڕاکان، ڕاستی هەڵنابژێرن

چونکە لەکاتێکدا کە ڕاڕاو دوودڵن،

تەفرە دەخۆن،

دەچنە ڕیزی بیر خراپان،

پەنا دەبەنە بەر تووڕەیی و ڕق و کینە،

ژیانی خەڵك دەشێوێنن.))

ئەم بەندە و بەندی پێشووتر، پەیوەندییەکی تەواویان بە یەکەوە هەیە.

لەبەندی پێشوودا وێژرا کە پەیڕەوانی درۆ و خراپە، کەسانێکی نەزان و بێهۆشن، کە گیرۆدەی هەوا و هەوەسی ئەهریمەنی بوون، ڕێگەی خراپەیان هەڵبژاردووە. بە پێچەوانەوە، ئەوانەی کە خەسڵەتی پاکیان هەیە، هۆش و بیری خاسیان هەیە و ڕێگەی ڕاست و دروستیان هەڵبژاردووە.

لەم بەندەدا، هۆی ئەوەی کە بۆچی خراپەکاران و پەیڕەوانی درۆ، ڕێگەی نادروستیان هەڵبژاردووە، باسدەکا و دەبێژێ:

پەیڕەوانی درۆ و گومڕایان و ئەوانەی لەبریتی پەرستنی ئافەریدەگاری تاك و تەنیا پەنا دەبەنە بەر خوایانێکی جۆراوجۆر، بە هۆی ڕاڕایی و دوودڵی و وەسوەسەی ئەهریمەنی دەروونییانەوە، لەکاتی هەڵبژاردنی ڕێگەی خۆیان، دووچاری بەدگومانی دەبن، ڕێگەی خراپ و نادروست هەڵدەبژێرن و ڕودەکەنە کینە و تووڕەیی کە سەردەستەی هێزی ئەهریمەنییە، خەڵك گیرۆدەی خراپە و تاوان دەکەن.

بێگومان کاتێ بیری خراپ لەتەك تووڕەیی و کینەدا ئاوێتەدەبێت، ئیدی هەموو شتێکی خراپی لێدەوەشێتەوە و ژیانی مەعنەوی مرۆڤ گلاو دەکات.

بەندی ٧ :

((ئەو کەسەی کە ڕێگای چاکە هەڵدەبژێرێت،
توانایی مینوویی،
رامانی پاك و راستی دەست دەکەوێت و
پاکی بەتەن و گیانی ئەو،
پایەداری و توانامەندی دەبەخشێت
بێگومان چونکە ئەو لەلایەنی تۆوە بووە،
لە ئەزموونی دژواری ژیاندا
سەردەکەوێت.))

ئەم بەندە، لەتەك بەندەکانی ٥، ٦ و بەندی هەشتدا، پەیوەندییەکی تەواویان پێکەوە هەیە. خاستر وایە هەر چوار بەندەکە پێکەوە بخوێنرێتەوە.

ئەم بەندە، ئاماژە بۆ ئەو کەسانە دەکات کە ڕێگەی ڕاستیان هەڵبژاردووە و دەبێژێ، ئەو جۆرە کەسانە لەنیعمەتی بیری خاس و ویژدانی پاك و ڕێگەی راستی و دروستی کە لەدیاردەکانی وەهومەن و ئاشان، بەرخوردارن. ئەوسا (خشەترا) و(ئارمەئیتی)، هێزی مەعنەوی و خۆڕاگرتنیان پێدەبەخشێت.

لەکۆتایی ئەم بەندەدا، راستییەکمان بۆ ئاشکرادەبێ و دەبێژێ، ئەو جۆرە کەسانە پاش ئەوەی بەسەر وەسوەسەکانی ئەهریمەنی و ڕاڕایی و دژواریەکانی ژیاندا سەرکەوتن و زاڵبوون، ئەوسا دەبنە خزمەتگوزارانی راست و دروستی ئاهورامەزدا.

بەندی ٨:

((و ئەوکاتەی کە،

گومڕاکان سزای خۆیان دەبینن،

ئەوسا، ئەی ئاهورا،

دەسەڵات و شالیاری تۆ، بە هۆی بیری خاسەوە (وەهومەن)،

بۆیان ئاشکرادەبێت،

وتێدەگەن کە،

چلۆن واز لەڕێی چەوت بێنن و ڕێبازی ڕاستی بگرنەبەر.))

لەبەرئەوەی گومڕایان و درۆزنەکان ڕێی خراپە و کرداری ناڕەویان بۆ خۆیان هەڵبژارد و بە بیری خراپەوە کەوتنە نێو داوی ئەهریمەنی دەروونییەوە، ویژدانیان ئەشکەنجەیان دەدا وژیانیان دەبێتە دۆزەخ. ئەوسا دەگەنە ئەو ڕاستییەی کە خوای گەورە و دانا سزای خراپەکانیانی بەم جۆرە داوە کە دووچاری ئەشکەنجەی ڕەوان و ویژدان بن. ئەوسا فەرمانی ئاهورامەزدا کە بریتییە لە لەناوبردنی خراپە و ڕووکردنە چاکە و ڕێگەی ڕاست گرتنەبەر، بەجێ دێنن. بە بۆچوونی زەردەشت، لەبەرئەوەی خراپە هەڵقوڵاوی بیری کرچوکاڵی ئادەمیزاد خۆیەتی، کەوابو، گشت لادراوان لەڕێی ڕاست و خراپەکاران، دەکرێ پەروەردەبکرێن و فێری ڕاستی بن.

بەندی ٩:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

هیوادارم کە

خزمەتگوزاری تۆبین،

ولەو کەسانە بین کە هەموو جیهان و ژیان نۆژەن دەکەنەوە.

با:

کاتێك بیر و هۆش، گیرۆدەی سستی و خۆڕانەگرتن دەبێ،

ڕاستی(ئاشا) یارمەتیمان بدات،

بیرمان لە یەکدی نزیك بکاتەوە.))

ئەم بەندە، تەواوکەرەوەی بەندی حەوتە و دەبێژێ: ئەو کەسانەی پەیڕەوی لە سپەنتامینوو چاکە دەکەن، لەڕیزی خواپەرستان دەژمێردرێن و ڕێبازی ئەوانەیان گرتۆتەبەر کە هەوڵ و کۆشش دەدەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی جیهان و پێشخستنی کۆمەڵگا.

ئەوەی کە لەم بەندەدا دەستمان دەکەوێت ئەوەیە کە، کەسێك گەر بیەوێت بە هۆی بیر و کار و کرداریەوە ببێتە دۆست و یاوەری ئاهورامەزدا، پێویستە لەسەری لەپێناوی ئاوەدانی و پێشکەوتنی جیهان و پوختەبوونی ئادەمیزاد، چاکی مەردایەتی لێبکا بەلاداو خزمەتی خەڵك بکات.

بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە، دەبێ ڕاستی و دروستی بکاتە پیشەو ڕێبازی خۆی.

بەندی ١٠:

((ئەو کاتەی کە

درۆ و خراپە شکست دەخواو تێدەشکێ،

ئەو کەسانەی بەخاسی تێکۆشاون

وبەخۆشناوی ناویان دەرکردووە،

لەکۆشکی پڕ لەخۆشی بیری خاسی مەزدایی و ڕاستیدا،

هیوا و ئارەزوویان

دێتەدی.))

لەم بەندەدا، زەردەشت ئاماژە بۆ کاتێك دەکا کە درۆ و دووڕوویی و ناپاکی و ناڕاستی و گەندەڵی لە جیهاندا بنبڕدەبێت. ئیدی درۆزنان و خراپەکاران هیچیان لەدەست نایەت و کارێکیان پێ ناکرێت. ئەمەش ئەو کاتەیە کە ڕاستی و پاکی بەسەر درۆ و ناپاکی، ڕووناکی بەسەر تاریکیدا سەرکەوتوودەبێ.

خاسگەل(چاکان) و ئەو کەسانەی لەنێو خەڵکدا بە خاسی ناو دەبرێن، پاداشتی خۆیان وەردەگرن.

بەکورتی، ئەوکاتەی کە راستی و پاکی جێی درۆ و ناپاکی پڕبکەنەوە و لەژێر سایەی خاسگەل کۆشش و ململانێیان دژی خراپەکاران سەرکەوێت، جیهان ئاوەدان دەبێ و خەڵك بەرەو پێشکەوتن دەڕۆن، هەموو دنیا تازەو نۆژەن دەبێتەوە. ئەوسا ئیدی دوکان و بازاڕی درۆزنان و خراپەکاران دادەخرێت و چاکان لەنیعمەتی بەهەشت بەهرە وەردەگرن.

بەندی ١١:

((خەڵکینە،

هەرکاتێك لەم یاسایەی مەزدا بڕیاری لەسەرداوە، تێبگەن،

بزانن کە ڕەنجی درێژخایان سزای درۆزنان و بەدکارانە

وخۆشی و بەختەوەری هەمیشەیی پاداشی پەیڕەوانی ڕاستییە،

ئەوسا بە هۆی ئەم یاسایەوە

دەگەنە بەختەوەری و رزگاری ڕاستەقینە.))

لەم بەندەدا، زەردەشت پوختەی بۆچوونەکانی خۆی بەم جۆرە باسدەکا و دەبێژێ:

خەڵکینە، ئەگەر بە تەواوەتی لەبنچینەی ئەو شادی و خۆشی و ڕەنج و بەدبەختییەی کە یاسای سروشت بڕیاری لەسەر داوە ئاگاداربن و ئەمە بزانن کە لەئاکامدا، درۆزنەکان و پیاو خراپان گرفتار و دووچاری سزای درێژخایان (نە هەمیشەیی)دەبن و پیاوچاکان و دروستکرداران و پەیڕەوانی ڕاستی و دروستی، بەهرە لەخۆشی و بەختەوەری هەمیشەیی دەبەن، ئەوسا بە گوێرەی یاسای کردار و دژەکردار ڕەفتار دەکەن و تێدەکۆشن ڕاستی و دروستی بکەنە پیشەی خۆتان و بێگومان بەختەوەر دەبن.

بە واتەیەکی دیکە، هەرکاتێك ئادەمیزاد باوەڕی بەو ئەسڵە بوو کە هەر کردارێك، دژەکرداری خۆی هەیە و، ئاکامی کردار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خاس و خراپی مرۆڤ خۆیەتی کە شادی و خۆشی و بەختەوەری یا بە پێچەوانەوە، خەم و خەفەت و بەدبەختی بۆ دێنێت، ئەوساکە بەدوی بەختەوەری و رزگاری دەگەڕێت.

کاتێك ئادەمیزاد بزانێت هۆی خۆشی و بەختەوەری یا دەردو ڕەنج و ناخۆشی لەژیاندا چین، بێگومان هەوڵدەدا دوورکەوێتەوە لەو شتانەی دەبنە هۆی خراپەکاری و ناخۆشی، ڕوودەکاتە هۆکاری بەختیاری کە جگە لە راستی و پاکی، هیچی دیکە نییە.

ئەوەی پتر شایانی باسە لەم بەندەدا، ئەوەیە کە سزای خراپەکاران هەمیشەیی نییە، بەڵام درێژخایانە، ئەمە خۆی لەخۆیدا دادپەروەرێتی خوا دەگەیەنێت کە خراپەکاران بە ئەندازەی خراپییەکانیان سزابدرێن و پاش ئەوەی خراپەکار ماوەیەك لەخانەی درۆ کە هەمان دۆزەخی ویژدانە لەم جیهانەدا، واتە ویژدانی ئەو کەسەیە، مایەوە و ویژدانی دووچاری ڕەنج و ئەشکەنجە بوو، ئەوسا پاك دەبێتەوە و ڕاستی هەڵدەبژێرێت و هەروەك پیاوچاکان رزگاری دەبێت.

سروودی چوارەم

یەسنا ــ هات ٣١

بەندی ١:

((ئەی عەودالانی زانست،

ئێستا پەیامێکتان پێڕادەگەیەنم،

وئامۆژگارییەکتان دەکەم کەتائێستا

کەس نەیبێژاوە و نەیبیستووە.

بێگومان ئەم ئامۆژگارییانە،

بۆ ئەو کەسانەی بە هۆی بڵاوکردنەوەی درۆ،

جیهانی ڕاستی

بەرەو هەڵدێر دەبەن، ناخۆشە،

وبۆ ئەویندارانی مەزدا، خۆش و شادی بەخشە.))

لەم بەندەدا وادەردەکەوێ، کە زەردەشت پەیامی ئاسمانی پێڕاگەیەندراوە و خەریکی ئامۆژگاریکردنی خەڵکە، لەوەدەچێ کە جەماوەرێکی زۆر بەدەوری پەیامبەر کۆبوونەتەوە و قسەیان بۆ دەکات، بۆیە دەبێژێ: ئەی ئەو کەسانەی بەدوی ڕاستیدا دەگەڕێن، ئەی ئەو کەسانەی عەودالی زانستن و دەتانەوێ شت فێربن. ئێستا پەیامێکتان پێڕادەگەیەنم و ئامۆژگارییەکتان دەکەم کە تائێستا هیچ کەس نەیبێژاوە و نەیبیست ووە واتە پێش پەیامی زەردەشت، لەو کاتەدا بێ وێنە بووە و بۆ یەکەم جار باسکراوە و تا ئەو کاتە هیچ کەس لەم قسانەی نەکردووە. هەروەها زەردەشت دەفەرموێ کە ئەم ئامۆژگارییانەی کە لەپەیامەکەیدا باسی دەکات، بە دڵی ئەو کەسانە نییە کە گرفتاری ڕاڕایی و دوودڵی بوون و بیری خراپ بەسەریاندا زاڵبووە و ئەهریمەن وەسوەسەی کردوون و لەڕێی ڕاست لایان داوە. بە پێچەوانەوە ئەوانەی کە خاس بیردەکەنەوە و باوەڕیان بە ئافەریدەگاری دانا و ژیر هەیە، بە دڵ و بە گیان ئامۆژگارییەکانی پەیامبەر وەردەگرن، چونکە دەزانن مایەی بەختەوەرییانە لەم ژیانە و مایەی ڕزگارییانە لەژیانی پاش مردن.

بەندی ٢:

((لەبەرئەوەی بە هۆی دوودڵی و ڕاڕاییەوە
هەڵبژاردنی ڕێگەی ڕاست و دروست، ئاشکرا و ڕۆشەن نییە،
ئەز، کە ڕابەر و مامۆستایەك
کە هەڵبژاردەی مەزدایە،
بۆ ڕێنمایی ئێوە نێردراوم،
کە هەردوو دەستە فێریکەم
چلۆن لەژێر سایەی ئایینی ڕاستیدا، بژین.))

لەبەندی پێشوودا، زەردەشت مژدە بە خەڵك دەدات و باسی پەیامێك دەکا کە تا ئەوکاتە کەس نەیبیژاوە و نەیبیستووە.

لەم بەندەدا دەبێژێ، لەبەرئەوەی ڕاڕایی و پەیڕەوی لەهەوەس و ئارەزوو، وا لە بڕێك کەس دەکات، چاکە و خراپە لەیەکدی جیانەکەنەوە و پتر بەرەو کاری خراپ و خراپەکاری بڕۆن. ئاهورامەزدا، خوای دانا و ژیر، فەرمانی پێداوە و هەڵیبژاردووە کە خەڵك(هەموو خەڵك، واتە خاس و خراپ) ڕێنمایی بکات و لەو بیرە چەوتەی کە هەیانە، ئاگاداریان بکاتەوە و ڕێگەی ڕاست و دروستیان پێشان بدات. لەم بەندەدا، دیسانەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرادەکا کە زەردەشت هەڵبژاردەی خوایە و پەیامبەرە و لەلایەن ئاهورامەزداوە نێردراوە بۆئەوەی ڕێگەی ڕاست پێشانی خەڵك بدا.

لەبەرئەوەی زەردەشت پەیامی ئاهورامەزدای بەگیان و بیری دەروونییەوە گوێ بیست بووە، کەوایە پەیامبەری هەڵبژاردەی خوایە، چونکە ڕاستی ئاهورامەزدای لەبیری خۆیدا دیوە و هەستی پێکردووە و بە هۆی هۆش و ئەقڵی خۆیەوە باوەڕی پێهێناوە، فەیلەسووفە. چونکێ ئەم بیر و پەیامەی بە جەماوەر ڕاگەیاندووە، فێریکردوون، مامۆستایە. کەوایە لەیەك کاتدا، پەیامبەر فەیلەسووف و مامۆستایە.

بەندی ٣:

((ئەی مەزدا،
ئەو بەختەوەرییەی کە لەژێرسایەی ڕووناکی مەعنەوی،
بە هۆی پەیڕەوی لە ڕاستی و پاکییەوە،

مژدەیە بە هەردوو دەستە داوە،
ئەو بڕیارەی کە بۆ مرۆی ژیر و دانا، داوە
بە هۆی ئامۆژگارییەکانتەوە،
بۆ ئاگادارییمان، بۆمان ئاشکرابکە
بۆئەوەی هەموو خەڵك بەرەو ئایینی ڕاستی بانگهێشت بکەم.))

لەم بەندەدا، زەردەشت، ئاماژە دەکا بۆ ئەو تیشکی مەعنەوی یا ئاگری دەروونی و نوری خواییەی کە لەنێو دڵ و دەروونی هەموو کەسێکدا هەیە و بەرەو پێشخستنی کۆمەڵگا دەبات و دەبێژێ:

بە هۆی پەیڕەوی لە ڕاستی و لەژێر سایەی تیشکی ڕووناکی مەعنەوی، ئەی خوای میهرەبان چیمان پێدەبەخشی؟ واتە لەڕێی پەرەسەندن و بەتین کردنی ئاگری دەروون چی ڕازو نهێنییەکمان بۆ ئاشکرادەکەیت، کاتێك کە نوری ئیمان و باوەڕ بە ئافەریدەگار لەنێودڵی مرۆڤدا پتر دەبێ و کڵپە دەسێنێ، لەکاتێکدا کە خۆپەرستی و کینە و ئارەزووی مادی و دەروونی خستە لاوەو ڕێی ڕاست و دروستی هەڵبژارد، ئەوسا دڵی بە نوری ئیمان ڕۆشەن دەبێ و فرە لەڕاز و نیازی گێتی بۆ ئاشکرادەبێ و بەختەوەری و خۆشی ڕووی تێدەکات.

زەردەشت گەرەکێتی بزانێت کە ئەو بەختەوەری و خۆشییەی تەنیا لەڕێی ڕاستی و دروستی و پاکی بەدەست دێت و هەموو خەڵك بەباش و خراپ، ئافەریدگارپەرست و بتپەرستییەوە دەیانەوێت پێی بگەن چییەو پاداشتی هەردوو دەستەی چاك و خراپ چلۆنە.

هەروەها، پەیامبەر دەیەوێت بزانێت چارەنووسی هۆشمەندان و زانایان کە باوەڕیان بەبوونی خوا هەیە چییە؟

زەردەشت ئەم زانیاریانەی بۆ ئەوە دەوێت کە بتوانێت بە هۆی ئەوەوە خەڵك هوشیار بکات و بەرەو ئایینی ڕاستی و زانیاری بەرێت.

بەندی ٤:
((ئەی مەزدا،
وئەی نەمرە پاکەکان (ئەمشاسپەندان)،
کەوایە، ئێمە داوای ڕاستی و پاکی

خاسترین ئەندێشە دڵخوازەکان
توانایی مەعنەوی بەهێزدەکەین،
تا بە ڕاگەیاندن و چەسپاندنی ئەمانە،
بەسەر درۆدا سەرکەوین.))

لەم بەندەدا، زەردەشت داوای کۆمەك و یارمەتی لە ئاهورامەزدا و دیاردەکانی (ئەمشاسپەندان) دەکات تا بتوانێت بە پتەوکردن و بەهێزکردنی سیفاتی ئاهورایی (ئاشاو ئارمەئیتی و وەهومەن)، واتە ڕاستی و پاکی و دڵۆڤانی و خۆشەویستی و باوەڕ بە خواو بیری خاس و پاك، هێز و توانای مەعنەویی بەهێزبێت و بەرامبەر درۆزنان و خراپەکاران خۆی ڕابگرێت و بەسەریاندا زاڵبێت. ئادەمیزاد بۆئەوەی بەسەر خراپە و ئارەزووی مادی و سیفاتی ئەهریمەنیدا سەرکەوێت، دەبێ هێز و توانای مەعنەوی و سیفاتە خاسەکان لەنێو دەروونی خۆیدا لە هەموو ناپاکی و ژەنگوژار پاك بکاتەوە، ڕاستی و دروستی بکاتە پیشەی خۆی، باوەڕی تەواو سەنگی بەخوا هەبێت و دیاردەکانی ڕاستی و پاکی و خۆشەویستی خەڵك و بیری خاس لەخۆیدا بەهێز بکات و خۆی بگەیەنێتە ڕادەی پوختەیی.

بەندی ٥:
((ئەی مەزدا ئاهورا،
ئاگادارم بکە
تا لە ڕێگەی ڕاستی و بیری خاسەوە
ئەو ئایینەی کە
بۆمن خاسترینە، هەڵبژێرم
وبەهرە لەپاداشتەکەی وەربگرم.
وئەوەی (رووویداوە)و ئەوەی(رووودەدات) ببینم.))

زەردەشت بۆ هەڵبژاردنی خاسترین ڕێگە و شێوەی ژیان و گەیشتنە ڕزگاری و بەختەوەری داوای یارمەتی و هاوکاری لە ئاهورامەزدا دەکات و دەیەوێت هەر شتێك کە پەیوەندی بە یاسای ڕاستی (ئاشا) هەیە و بۆ سوود و قازانجی کۆمەڵگا دەشێ لێی فێربێت. هەروەها توانایی و هێزی پێبدات بۆئەوەی بتوانێت بە هۆی بیری ڕۆشن و هۆشەوە ئاگاداری ئەو پاداشتە بێت کە پێی خەلات دەکات.

هەروەها گەرەکێتی لەو شتانەی رووبداوە و یا ڕوودەدات ئاگاداربێت بۆئەوەی بتوانێت خاستر پەیامەکەی خۆی ڕابگەیەنێت و جەماوەر بەرەو ڕێگەی ڕاست بەرێت.

ئەم بەندە ئەوەمان بۆ ڕوونەدەکاتەوە، کە پەیڕەوی لە راستی و دروستی و پاکی بێ پاداشت نامێنێتەوە و ئەم پاداشتە مرۆڤ بەختەوەر و شاد دەکات.

بەندی ٦:

((خاسترین جۆری پاداشتەکان و باڵاترین پلەی بەختەوەری،
بۆ ئەو دانایە دەبێت،
کە پەیامی ڕاستەقینە و ئامۆژگاریە پاکەکانم
کە خەڵك بەرەو پوختەیی و نەمرێتی دەبات،
بەهەموان ڕادەگەیەنێت.
مەزدا ئاهورا،
بە هۆی بیری خاسەوە
هێز و توانای ئەو کەسانە پتر دەکات.))

زەردەشت، لەم بەندەدا بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون داوادەکا، کە ئایینی ڕاستی باڵاوبکرێتەوە و پەرەی پێ بسێنرێ و ئارەزووی بەختەوەری و خۆشی و باڵاترین پلەوپایە دەکا بۆ ئەو کەسانەی ئەم پەیامە باڵاودەکەنەوە و هەوڵ و کۆشش دەدەن بۆ پەرەسەندنی راستی و دروستی لەنێو کۆمەڵگادا. هەروەها دەبێژێ هەرکەسێك کە خەڵك هاندەدا کە ڕێبازی راستی بگرنەبەر و دووربن و لە خراپەکاری، خوا هێز و توانای مەعنەوی پێدەبەخشێ و یارمەتی دەدات بۆئەوەی بە ئارەزووە ئاواتەکانی بگات. (بێگومان ئەم هێز و توانای مەعنەوییە بە هۆی بیری خاس و پاکەوە پتر دەبێت.))

بەندی ٧:

((ئەو یەکەمین بیرەوەرێکە
کە لەسەرەتاوە، لەروونایی خۆیەوە،
گشت کەشکەڵان و جیهانی بوونی ڕووناك کردۆتەوە،
بە هۆی هۆش و ئەقڵی خۆیەوە یاسای ڕاستی بەدیهێنا،

بۆئەوەی هەمیشە پاڵپشت و یاوەری بیرخاسان بێت.
ئەی مەزدا ئاهورا، کە هەمیشە نەگۆڕ و یەکسانی
بە هۆی رۆحی پیرۆزی خۆتەوە
هێزی باوەڕ لە دڵماندا پتر و پتەوبکە.))

موید فیروز ئازەرگوشەسب، دەبێژێ ئەم بەندە یەکێ لەدژوارترین بەندەکانی گاتاکانە، هەر یەك لە ئاڤێستاناسان بە گوێرەی بۆچوونی خۆیەوە باسی لێکردووە و شیکردۆتەوە و هەڵیسەنگاندووە. لەم بەندەدا، زەردەشت، ئاهورامەزدا بە یەکەمین بوونێك دەزانێت کە بە هۆی هۆش و دانایی خۆیەوە نەخشەی ئافراندنی داڕشتووە و هەسارەکان و گشت کەشکەڵانی بەروونا‌کی خۆیەوە رۆشن و دروستکردووە.

لەڕاستیدا، ئەم بەندە ئەوەمان بۆ ڕوونەدەکاتەوە، کە خۆر و مانگ و هەسارەکان و و گشت کەشکەڵان پرشنگێکن لەروونا‌کی کە لەسەرچاوەی ڕوناهی ئاهورامەزدا هەڵقولاون. یاخود بەواتەیەکی دیکە، خوای بەهۆش و ئەقلی تەواو سەنگ داناوە و هەموو (بوون) و جیهانی مادی و زەوی و ئاسمانەکان بە بەشێك لەبیر و هۆشی تەواو سەنگی ئەو دەزانێت. هەروەها بۆئەوەی تەکوزی لەهەڵسوڕاندنی سروشتدا هەمیشەیی بێت، خوای بیر و هۆش یاسای ڕاستی (ئاشا)، کە یاسایەکی هەمیشەیی و نەگۆڕە، داناوە بۆئەوەی هەموو شتێك ڕێبازی ئاسایی و سروشتی خۆی بگرێتەبەر، چونکە هەموو لادانێك لە راستی و دروستی لەتەك یاسای سروشتدا دەبێتە هۆی کاردانەوەیەکی یەکجار سەخت و دژوار، لەوانەیە بە هەڵدێرمان بەرێت و هەموو (بوون) بەرەو نەبوون بەرێت. لەکۆتایی ئەم بەندەدا، زەردەشت دەفەرموێت:

ئەی مەزدا ئاهورا، ئەی خوای دانا و ژیر، روونا‌کی باوەڕ و ئیمان بخەرە دڵمان بۆئەوەی خاستر بتوانین بتناسین و لەکاتی پێویستدا پەنات بۆ بەرین و تەنیا داوای یارمەتی لەتۆیکەین.

بەندی ٨:
((ئەی مەزدا،
ئەو کاتەی کە بەئەندێشەوە تۆم ناسی،
بۆم روونبۆوە کە
تۆ، سەرەتاو پاشینەی هەموو (بوون)ی،

تۆی سەرچاوەی بیری خاس
ئەو کاتەی کە بە دیدی دڵەوە تۆم دی،
زانیم کە تۆی ئافەریدەگاری ڕاستەقینەی ڕاستی
تۆی داوەری کرداری هەموو خەڵك.))

ئەم بەندەش، هەروەك بەندی پێشووتر باسی وەسفی خوادەکات. ئاهورامەزدا بەسەرەتاو ئاکامی هەموو(بوون) و سەرچاوەی بیری خاس و راستی و دروستی دەزانێت، هەروەها بەدادوەری هەموو کار وکرداری خاس و خراپ لەم جیهانی بوونە دەناسێت.

زەردەشت، خوای گیان و هۆش بەبیر و هۆشی تەواوسەنگ دادەنێ- ئافەریدەگاری هەموو بوون — دابینکەری تەکوزی و یاسای سروشت - هێز و وزەی هەمیشەیی و سەرەتاو ئاکامی جیهانی بوون - سەرچاوەی هەموو خاسییەکان و بیری چاك و دیاردەی راستی ودروستی دەزانێت، تەنیا ئەو بە شیاوی دادوەرێتی ڕەفتار و کرداری خەڵك دەزانێ، هێزێك کە دیاردەی خاسی و پاکی بێت بێگومان دادوەرێکی دادگەر و میهرەبانە، ستەمکار و زاڵم نییە.

ئەوەی لەم بەندەدا پتر سەرنجڕادەکێشێ ئەوەیە کە زەردەشت دەبێژێ:

دەبێ بە هۆی بیر و هۆش و بینایییەکی تەواوەوە خوا بناسین و هەست بەهێز و توانای بکەین، چونکە خوا شتێك نییە، کە تەنیا بە هۆی پێنج هەستکارەکانمانەوە (حواس) هەستی پێبکەین، یا جێگە و شوێنێکی تایبەتی بۆ ڕەچاوبکەین. هەروەها زەردەشت، ئاهورامەزدا بەسەرچاوەی راستی و دروستی و پاکی و خۆشەویستی و وەفا باسدەکات و دەبێژێ، کە مەزدا بێ کەموکوڕییە و بێخەوشە.

بەندی ٩:
((ئەی مەزدا ئاهورا،
بۆم ئاشکرابووو تێگەیشتم کە
ئارمەئیتی و پاکیش لە تۆوەیە
تۆی ئەو ئەقڵ و هۆشە مەعنەوییەی جیهانت دروستکرد
تۆ، ئازادی هەڵبژاردنی ڕێگەت بە خەڵك داوە
تا ڕابەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن،
ولەڕابەرە درۆزنەکان دووربکەنەوە.))

ئەم بەندەش، هەروەك دوو بەندەكانی پێشوو، باسی هێز و توانایی ئاهورامەزدا دەكات.

ئارمەئیتی كە دیاردەی باوەڕ(ئیمان) و فیداكاری و دلۆڤانییە و لەروونا‌كییە تایبەتییەكانی ئاهورامەزدایە و پەروەردەكردنی ئەم دیاردەیەی بە ئامرازو هۆی گەیشتنە ڕادەی بێخەوشێتی داناوە.

ئاهورامەزدای خوای ئەقڵ و هۆش لەم بەندەدا بەئافەریدەگاری هەموو گێتی و خاوەنی ئەقڵ و هۆشی تەواوسەنگ دانراوە.

لەم بەندەدا، دووبارە هەروەك بەندی دووەم لەهات ٣٠، باسی ئەوە دەكا كە ئادەمیزاد ئازادە لەهەڵبژاردنی ڕێگەی ژیانی خۆی و دەبێژێ مرۆ ئازادە و دەتوانێ پەیڕەوی لە ڕابەرێكی ڕاست و پاك بكات و لەئاكامدا بەختەوەر بێت یاخود فریوی درۆزنان و ئەو كەسانەی گورگ سیفەتن و لەبەرگی پەزدا خۆیان دەنوێنن، لەڕێی ڕاست وەدووركەون و ڕێگەی چەوت بگرنەبەر و لەئاكامدا بەدبەخت و چارەڕەش بن.

بەندی ١٠:

((ئەوسا، مرۆ دەبێ
لەنێوان ئەم دوانەدا،
ڕابەرێكی ڕاست بۆخۆی هەڵبژێرێت
كە دروستكردارێت،
بیری خاس بڵاوبكاتەوە.
ئەی مەزدا،
هەرگیز ڕابەرێكی فریوكار و تەڵەكەباز
هەرچەندە بە درۆ خۆی وا پێشان دەدا كە ڕاست و پاكە
ناتوانێت پەیامی تۆ ڕابگەیەنێت.))

لەبەندی پێشوودا، زەردەشت ئازادییەكی تەواوی داوە بە خەڵك كە بە گوێرەی بیر و بۆچوونی خۆیان ڕێگەی ژیانیان هەڵبژێرن. هەروەها دەربارەی پەیڕەویكردن لە ڕابەری ڕاستكردار و دروست پیشەیش ئامۆژگاری خەڵكی كردووە. لەم بەندەشدا دووبارە دەبێژێتەوە، ئادەمیزاد دەبێ بە هۆی بیر و ویژدان و

هۆشی خۆی، ڕابەری ڕاستەقینە و دروستكردار و خاوەن باوەڕ و بیری خاس هەڵبژێرێت و پەیڕەوی لە كار و كرداری بكات و ئامۆژگارییەكانی ئەنجام بدات. نابێ فریوی درۆزنان و ڕیاكاران و دووڕووان

بخۆن. هەروەها داوا لە ئاهورامەزدا دەکات کە هێز و توانا بەو جۆرە ڕابەرە درۆزنانە نەدات، بۆئەوەی نەتوانن بە فێڵ و تەڵەکە، خەڵك لەڕێی ڕاست لابدەن.

بەندی ١١:

((ئەی مەزدا،

هەر لەوساتەوە و لەسەرەتاوە کە

بەبیر و هۆشی خۆتەوە،

ژیان و ویژدان و هۆشت بۆ دروستکردوین،

گیانت کردە نێو لەشمان،

و توانایی گفتوگۆو کارکردنت پێبەخشین،

هەر لەوکاتەوە ویستت کە ئێمە بە شێوەیەکی ئازاد

باوەڕ و ڕێ و ڕەوشی ئایینی خۆمان هەڵبژێرین.))

لەم بەندەدا، زەردەشت دەبێژێ کە ئاهورامەزدای خوای گیان و هۆش، ئادەمیزادی ئافراندووە، ڕۆحی نەمر و هەمیشە زیندووی کردۆتەبەر لەشی مادی و کاتی، هێز و توانای بیرکردنەوە و قسەکردن و توانایی کارکردنی پێبەخشیوین.

گرنگترین بەهرەی پێداوین کە بریتییە لەئازادی و ئازادی هەڵبژاردنی ڕێگە و چۆنێتی ژیان

لێرەدا دەبێ دووپاتی بکەینەوە، کە زەردەشت هەزاران ساڵ لەمەوبەر بایەخێکی یەکجار زۆری بە ئازادی داوە، دەبێژێ، ئادەمیزاد ئازاد هاتۆتە جیهان و لەبەر ئەوەی توانای بیرکردنەوەی هەیە و دەتوانێ بیری خۆی بەیان بکات، دەبێ بە شێوەیەکی ئازادانە ئەو ڕێگەیەی کە هۆش و بیری خۆی هەڵیدەبژێرێت، هەڵبژێرێت. بەندەو کۆیلەی هیچ کەس نەبێت، سەربەرز و عەگیدو جوامێرێت و ڕێز لەئازادی هەموان بگرێت.

بەندی ١٢:

((بەم شێوەیە، هەرکەسێك،

چ ڕاستبێژبێت یا درۆزن،

چ زانا بێت یا نەزان،

ئەوەی لەبیر و مێشکیدایە

بەشێوەیەکی ئازادانە ئاشکرای دەکا و دەیبێژی

هەر کاتێك کە

ئەندێشە گیرۆدەی دوودڵی و ڕاڕایی بو،

ولەنێوان ئەم دوو باوەڕەدا حەپەسەواو قەتیس ما

ئەوسا ئارمەئیتی، بەدەم هاواریانەوە دێت و

ڕێنماییان دەکات.))

هەروەکو لە کۆتایی بەندی پێشوودا بێژرا، زەردەشت جەختی لەسەر ئازادی دەربڕینی بیروباوەڕ کردووە. لێرەدا دەبێژێ کە هەموو کەسێك ڕاستگۆ بێت یا درۆزن، زانا و دانابێت یا نەزان، هەموان دەبێ مەرام و ئایین و باوەڕی خۆیان بە ئازادی دەربڕن.

بێگومان لە هەموو کاتێك و شوێنێکدا، کەسانێك بە بیستنی باوەڕی جۆراوجۆر دووچاری سەرسامی دەبن و دۆش دادەمێنن و نازانن چ بکەن، کام ڕێگا هەڵبژێرن و دوای کێ بکەون. لێرەدایە کە فریشتە ئارمەئیتی(دیاردەی ئیمان و باوەڕ و فیدارکاری) بەدەم هاوار و خواستیانەوە دێتو یارمەتییان دەدا کە ڕێگەی ڕاست و دروست هەڵبژێرن.

بەندی ١٣:

((ئەی مەزدا،

ئەتۆ، لە هەموو بیر و کردارێکی

ئاشکرا و نهێنی هەموان ئاگاداریت،

ئاگاداری ئەو کەسەی کە بۆ رزگاربوون لەگوناهێکی بچووك،

هەمەجۆرە سزایەك تەحەمول دەکا.

تۆ هەموو شتێك بەچاوی تیژەوە چاودێری دەکەیت،

بە هۆی یاسای راستی (ئاشا)یەوە

بە وردی سەرنجی گشت شتێك دەدەیت و دەیبینی.))

لەم بەندەدا، زەردەشت باسی هێز و توانای ئاهورامەزدا دەکا و دەبێژێ:

مەزدا ئاگادرە لە هەموو هەڵسوکەوت و بیری ئادەمیزاد، ئاشکرا بێ یا نهێنی، چاك بێت یا خراپ، هەروەها ئاگای لەنهێنییەکانی هەناو و ویژدانی هەموانە. ئاهورامەزدا ئاگادارە لە نیەتی ئەو کەسانەی بۆ لێبوردن لەگوناهەکانیان پەنای بۆ دەبەن و تەحەمولی هەمەجۆرە دژوارییەك و ئەشکەنجەی ردوانی دەکەن.

لەپاشاندا دەبێژێ هیچ کار وکردار و بیرێکی ئادەمیزاد لەچاوی تیژبینی ئاهورامەزدا وەدوور نییە و بە گوێرەی یاسای (ئاشا)، چاودێری هەموو بیر و کرداری ئادەمیزادە.

ئەوەی لەم بەندەدا پتر سەرنجڕادەکێشێ، یاسای راستی (ئاشا)یە کە لە هەموو شوێنێکدا و بەسەر هەموو شتێکدا خۆی دەنوێنێ.

یاسای (ئاشا)، یاسایەکی راستە و نەگۆڕە، یاسایەکی سروشتییە، هەرکەسێك بە پێچەوانەی ئەو یاسایە کردارێك بنوێنێ، بێگومان گیرۆدەی سزایەکی توند دەبێت.

زەردەشت، کاتێك کە دەبێژێ ئاهورامەزدا لە هەموو کارێکدا بە گوێرەی یاسای (ئاشا) چاودێری دەکات، مانای ئەوەیە کە هەموو کارێك بە گوێرەی یاسای راستی ڕەچاودەکا و هەڵیدەسەنگێنێ، یاخود بە مانایەکی دیکە، یاسای ئاشاو یاسای پێشکەوتن و پوختەیی و ئادەمیزاد، پێوەری چاکە و خراپەیە.

بەندی ١٤:

((ئەی مەزدا،

پرسیارت لێدەکەم:

لەتۆماری ژیانی خەڵك و ئاکامیان

ئاگادارم بکە،

لەڕابردوودا، چ ڕوویداوە و لەپاشە ڕۆژدا چ ڕوودەدات

چ پاداشتێك بۆ پەیڕەوانی ڕاستی ڕەچاوکراوە؟

بۆ خراپەکاران، چ سزایەکیان بۆ دانراوە.))

هەروەکو پێشووتر باسمان لێکرد، زەردەشت، پێش ئەوەی پەیامی ئاسمانی پێڕابگەیەنرێت و لەلایەن ئاهورامەزداوە بە پەیامبەرێتی هەڵببژێرێت، لەو بارودۆخەی کۆمەڵگای ئەوکاتە پیایدا تێدەپەڕێ و خەڵك دووچاری گرفتێکی یەکجار زۆر بووبوون، بیری لە کێشە و گرفتارییەکانی خەڵك دەکردەوە و بۆئەوەی بگاتە ئەو ڕاستییەی کەوا ئادەمیزاد چلۆن دەتوانێ بەختەوەربێت و گرفتەکانی کۆمەڵایەتی چۆن چارەسەربکات، چەندین ساڵ لەخەڵك دوورکەوتەوە بۆئەوەی تێبفکرێت و بیر لەڕازی چۆنێتی دروستبوونی ژیان بکاتەوە.

لەم بەندە و سێ بەندی داهاتوودا، زەردەشت بیر لەم پرسیارانە دەکاتەوە، کە بەبیریدا هاتووە و وەڵامی ئەم پرسیارانە لەویژدانی پاك و ڕۆشنی خۆی دەخوازێت، بۆیە دەبێژێ: ئەی خوای دانا و ژیر، تۆ ئاگاداریت لەو شتانەی ڕوویداوە و ڕوودەدات، ئایا ئاکامی پیاوچاکان و خراپەکاران چییەو پاداشت و سزایان چییەو لەڕۆژی پەسڵاندا چلۆن لەتەکیاندا ڕەفتار دەکرێت؟

زەردەشت ئەم جۆرە پرسیارانە و پرسیاری دیکەش لەخۆی دەکات و وەڵامەکانی لەبەندەکانی داهاتوودا دەبینین.

بەندی ١٥:

((ئەی ئاهورا،

پرسیارت لێدەکەم:

سزای ئەو کەسەی کە خراپەکار و بەدکار بەهێز و پتەو دەکا

چییە؟

کەسێك کە لە ژیانیدا،

جگە لەئازاردانی ڕابەری دروستکردار

دوورخستنەوەی خەڵك لێی، کارێکی دیکەی نییە

چ سزایەکی بۆ ڕەچاوکراوە؟))

ئەم بەندە تەواوکەرەوەی بەندی پێشووە. زەردەشت بەردەوامە لەسەر پرسیارەکانی و دەیەوێت بزانێت سزای ئەو کەسانەی کە درۆزنن و پەرە بەدرۆزنی دەدەن لەنێو خەڵکدا، چییە. هەروەها گەرەکێتی بزانێت سزای ئەو کەسانەی هیچ کارێکیان نییە جگە لەدوورخستنەوەی جەماوەر لەڕابەرە راستەقینەکان.

ئەم بەندە ئەوەمان پێشان دەدات کە لەپەیامی زەردەشتدا، تەنیا درۆکردن و کارە نارەوەکان گوناه نییە، بەڵکو هاریکاری لەتەك بیر خراپان و یاریدەدانی خراپەکارانیش گوناهی گەورەیە و سزای تاوانی ئەو جۆرە کەسانە دەبێ بدرێت.

بەندی ١٦:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

پرسیارت لێدەکەم:

کەسێك کە بەدانایی و بیری خاسەوە،

تێدەکۆشێت بۆ

بڵاوکردنەوەی ئایینی ڕاستی و ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگا،

کەی و چلۆن دەتوانێ لێت نزیك بێتەوە و بگاتە لات؟))

لەم بەندەدا، زەردەشت دەبێژێ ئایا ئەو کەسانەی کە بە نیەتی پاك و بە ئەقڵ و هۆشەوە، هێز و توانای خۆیان بەکاردێنن بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا و شار و دێ، خزمەتکردنی جەماوەری. بە دڵ و بە گیان هەول دەدەن بۆ دابینکردنی راستی و دروستی، ئایا ئەم جۆرە کەسانە دەگەنە ئارەزووی خۆیان

كه بريتييه له نزيكبوونەوه له خواى ئافەريدەگار يا نه؟ له پاشان دەپرسێ، ئەى مەزدا، كەى و چلۆن ئارەزووەيێكى وەها دێتەدى؟ ئادەميزاد دەبێ چ بكات بۆئەوەى بەم ئارەزووەى بگا؟.

ئەوەى لەم بەندەدا تێدەگەين ئەوەيە كە زەردەشت رێگەى نزيكبوونەوە لە ئاهورامەزدا بەخزمەتكردنى كۆمەڵگا و هاريكارى لەپێناوى پێشخستن و بڵاوكردنەوەى راستى و دروستى دەزانێت.

بەندى ١٧:

((لەنێوان مرۆى پاك و ناپاكدا،

كاميان رێبازى دروستيان هەڵبژاردووە؟

مرۆى دانا و روناكبين دەبێ

خەڵك هۆشيار بكاتەوە و رێگاى راستيان بۆ رۆشن بكات

بۆئەوەى ئەو بێ فەرە لادەرانە نەتوانن

خەڵك تەفرە بدەن و گومڕايان بكەن

ئەى مەزدا ئاهورا،

تۆ بۆ ئێمە

مامۆستا و رێنماى بيرى خاس بە.))

لەسەرەتا زەردەشت دەپرسێ كام رێگا خاسترە، ئەو رێگەيەى كە پياوچاكان خەريكى ئاوەدانى و پێشخستنى كۆمەڵگان و تێدەكۆشن بۆ بەختەوەرى خەڵك، يا ئەو رێگەيەى كە خراپەكاران گرتويانەتەبەر بۆ لەناوبردن و وێرانى و دواخستنى كۆمەڵگا.

هەروەها دەبێژێ كە مرۆى دانا و ژير دەبێ بە ئەقڵ و هۆشى خۆيەوە رێگاى راستى پيشانى خەڵك بدات بۆئەوەى ئەوانەى تێنەگەيشتوون و نەفامن، بەبێ هۆشى و نەفامى نەمێننەوە و راستيان بۆ روون بێتەوە.

زەردەشت لەم بەندەدا سوورە لەسەر ئەوەى كە پێويستە لەسەر مرۆى دانا و ژير ئامۆژگارى خەڵك بكات و رێگەى راست و دروستيان پيشان بدات، گومڕاكان بخاتەسەر رێى راست.

بەندى ١٨

((كەواتە باهيچ كەسێك لەئێوە،

گوێ بیستی
فەرمان و گوفتاری خراپەکاران و درۆزنان نەبێت،
چونکە، بێگومان درۆزنان
ماڵ و گوند و شار وێرانەدەکەن.
کەوایە، بەرامبەر ئەو جۆرە کەسانە،
ڕاوێستن و ململانێیان لەتەکا بکەن.))

لەم بەندەدا، زەردەشت جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە دەبێ خۆمان دووربخەینەوە لە خراپەکاران و درۆزنانی نێو کۆمەڵگا و گوێ بیستی قسەیان نەبین، دەستوورەکانیان ئەنجام نەدەین و پووچەڵیان بکەینەوە، چونکە ئەم جۆرە کەسانە تەنیا وێرانی کۆمەڵگایان مەبەستە هیچی دیکە. لەبەرئەوە دەبێ هەموو کەسێك بەرامبەر ئەم جۆرە کەسانە خۆی بە چەکی راستی و دروستی و پاکی چەکدار بکات و بیری کرچوکاڵیان پووچ بکاتەوە.

ئەوەی لەم بەندەدا لێی فێردەبین ئەوەیە کە هەرگیز نابێ خۆمان بدەینە دەست خراپەکاران و درۆزنان، زەبوون و ملکەچی دەستوورەکانیان بین، بەڵکو پێویستە هەمیشە لەململانێ و جەنگدا بین، و دژیان ڕاوێستین، بەڵام بە چەکی راستی و پاکی و دلۆڤانی، کە خاسترین و کاراترین چەکن بۆ لەناوبردنی ئەم جۆرە بیرانە.

بەندی ١٩:
((ئەی مەزدا ئاهورا،
باهەموو کەس
گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی دانایەك بن کە
خاس بیردەکاتەوە،
چارەسازی ژیانی خەڵکە،
لەئامۆژگارییە ڕاستەقینەکانیدا، توانا و دەم پاراوە،
لەژێر سایەی پرشنگی رووناکی تۆوە
جێگەی هەردوو دەستە، دیار و رۆشەن دەکات.))

لەم بەندەدا، زەردەشت داوا لەخەڵك دەکات گوێ ڕابگرن بۆ قسەی دانا و بیرخاسان و ئامۆژگارییەکانیان وەربگرن، چونکە پیاوی دانا وەك پزیشکێك وایە کە نەفامان و دواکەوتوان و

بیرخراپـان دەرمانـدەکات، رۆح و ڕەوانـی نەخۆشـەکان بـە هـۆی نـوری زانسـت و حیکمـەت شـادو زیندوودەکاتەوە، مەلهەمی دەرد و ئازاری ژیانی خەلکن.

هەروەها زەردەشت لێرەدا جەخت لەسەرئەوە دەکا کە دەبێ گوێ بۆ ئەو کەسانە شـل بکرێـت کـە توانای بڵاوکردنەوەی ئایین و باوەڕی راستی و دروستییان هەبێت و دەم پاراو و روشەنبیربن.

بەندی ٢٠:

((ئەو کەسەی ڕاستی هەڵدەبژێرێ و ڕوودەکاتە ڕاستبێژان،

جێگەو مەڵبەندی، کۆشکی رووناکی دەبێت.

ئەو کەسەی درۆزن و خراپەکارە

تا ماوەیەکی زۆر

دۆش داماو دەبێ و شیوەن و زاری پیشەی دەبێت و

لەتاریکیدا دەژی.

دووچاری ئاکامێك دەبێ کە

بە هۆی دید و ویژدان و خراپەکارییەکانی خۆیەوە پێی دەگاتەوە.))

دەتوانین بێژین کە ئەم بەندە وەڵامی پرسیارەکانی بەندەکانی (١٥و١٦)ەیە کە تیایدا بە ئاشـکرا و ڕاشکاوی وەڵامدراونەتەوە، دەبێژێ کەسێك کە لەژیانیدا ڕێگەی راستی هەڵبژێرێت و بـە پـاکی بـژی، جێگەی بەهەشتە، بەڵام درۆزن و خراپەکار، جێگەی دۆزەخە.

لەڕوانگەی زەردەشتەوە، بەهەشت بریتییە لەکۆشکی ڕووناکی و جێگەی باشترین و پاکترین بـیرە، دۆزەخ تاریکترین جێگەیە کە شوێنی درۆزنـان و خراپەکارانـە، ویـژدانی بـێ ئـۆقرە، ژیـانی مرۆڤـی گوناهکار و خراپەکار دەکاتە شەوی تاریکوتار. ئەم تاریکەشەوەی ژیان، مرۆی بەدکار بەدەستی خـۆی بۆ خۆی دەخولقێنێ، دۆش دادەمێنێ و پەلـەقاژە دەکـا بـۆ ڕزگـاربوون، بـەڵام بـیری ڕەش و کـردارە خراپەکانی، ماوەیەکی زۆر وەك بەربەستێك ڕێگەی راستی لێدەگرێت، تا بەرەبەرە پەشـیمان دەبێتـەوە و ئاوات دەخوازێ کە لەم بارودۆخە ڕزگاری بێـت. ئـەم پەشـیمانییە لـەبیر و کردارەکـانی ڕابـردووی، دەرگای دڵی بۆ رووناکی ڕاستی و پاکی دەکاتەوە و بەرەبەرە چاوو دڵی ڕووندەبێتـەوە و مانـای ژیـانی ڕاستەقینەی بۆ ئاشکرادەبێت و بەرەو ڕێگەی راستی و دروستی و پـاکی هـەنگاو هەڵـدێنێ بۆئـەوەی لەوەودوا رزگاری بێت و بەختەوەربێ.

دووبارە لەم بەندەدا، ئەوەمان بۆ ئاشکرادەبێ کە سزای خراپەکاران هەمیشەیی نییە، ماوەیەك دەخایەنێ و پاشان ئەوانیش دوای پەشیمانی رزگاریان دەبێ.

کەوایە، دووپاتی دەکەینەوە کە لەڕوانگەی زەردەشتەوە، بەهەشت و دۆزەخ، بریتین لەئارامی و نائارامی بیر و ویژدانی ئادەمیزاد خۆی. خراپەکاریش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، دووچار و گیرۆدەی ئەشکەنجەی ویژدان دەبێت، پاشان ئەویش ڕزگاری دەبێت.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە، بیرخاسان زووتر دەگەنە ئەو کۆشکی رووناکییە کە بریتییە لەئاسوودەیی ویژدان.

بەندی ٢١:

((مەزدا ئاهورا،
بە هۆی ئەقڵ و هۆشی تەواو سەنگی خۆیەوە،
پوختەیی و نەمرێتی،
ڕاستی و توانایی مەعنەوی و بیری خاس
بە کەسێك خەڵاتدەکا و دەبەخشێت
کە لەڕووی بیر و کردارەوە، دڵی پێببەستن.))

لێرەدا، زەردەشت دەبێژێ:

ئەو کەسانەی بەرۆح و کردەوەوە، لەڕووی بیر و هەڵسوکەتییەوە ئەمەکداری ئافەریدەگارین و باوەڕیان پێی بێت، هەرگیز لەژیانیاندا دژی ڕاستی و دروستی هەنگاو هەڵنەهێنن.

بەخشیشو خەلاتی ئاهورامەزدایان پێدەبەخشرێت کە بریتییە لە:

پوختەیی و بێخەوشێتی، نەمرێتی، ڕاستی، توانایی و بیری خاس.

بەندی ٢٢:

((ئەم ڕێباز و ئایینە،
بۆ دانایەك کە بە هۆی بیر و هۆشییەوە تێدەگات،
بەهێزی مەعنەوی و گوفتار و کردار
هەست بەڕاستی دەکات و پشتیوانی لێدەکات،
ڕۆشەن و ئاشکرایە.

ئەی مەزدا ئاهورا،

ئەم جۆرە کەسانە، لەلایەن تۆوە لێهاتووترین

یاوەر و ڕێنمای خەڵکن.))

لەم بەندەدا دەبێژێ: ئەو کەسانەی دانا و هۆشیار و ژیرن، هەروەها بیرەوەران و ڕووناکبیران ئاگایان لە یاسای ئیزەدییە و بە بیر و ویژدانێکی پاك و ڕۆشەنەوە، هەست بەراستی دەکەن، بە هەموو هێز و توانایانەوە داکۆکی لە راستی و دروستی و پاکی دەکەن، هەوڵ و کۆشش دەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی ڕاستی و دروستی. هەرگیز وتەی خۆیان ئاوێتەی درۆ و ناڕاستی ناکەن و کرداری خۆیان بە کردەوەی لێنەهاتوو خراپەوە پیس ناکەن.

زەردەشت، ئەم جۆرە مرۆڤە ژیر و هۆشیارانە، کە راست کردار و شیرین و پاك گوفتارن، بە لێهاتووترین یار و یاوەری جەماوەری خەڵك دەزانێت، بەباشترین دۆست و ئەمەکداری ئاهورامەزدا دەناسێت.

سروودی پێنجەم

یەسنا ــ هات ٣٢

بەندی ١:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

بۆ گەیشتنە دوندی بەختەوەرییەکان،

کەسوکار و هاوکاران و یاران

ستایشتی تۆ دەکەن

سروشت پەرستەکانیش بەهەمان ئەندێشەوە

ستایشتت دەکەن.

هیوادارم کە

پەیامنێری تۆ بین،

رێگە لەنەیارەکانت بگرین

کە نەتوانن ئازار بە لایەنگرەکانت بگەیەنن.))

لەم بەندەدا، زەردەشت باسی سێ گروپ یا دەستە، لە خاسترین پەیڕەوەکانی دەکا و دەبێژێ، کەسوکارەکان و هاوکاران و یاران، ستایشتی ئاهورامەزدا دەکەن و داوادەکەن کە توانایان پێ ببەخشێت بۆئەوەی پەیامی ڕاستی لە هەموو جیهاندا بڵاوبکەنەوە و بوغز و کینە و نەیاری بەدکاران، بەدۆستی و برایەتی بگۆڕن. هەروەها لەم بەندەدا وا پێشان دەدا کە بڕێك لەو کەسانەی کە هێزە سروشتییەکانیان دەپەرست، هاتوونەتە سەر ڕێی ڕاست و ئایینی ئاهوراییان پەسەندکردووە.

کەسوکاران و هاوکاران و یاران، سێ دەستە بوون کە لە هەموو ڕوویێکەوە پتر لەخەڵکی دیکە لە زەردەشت نزیکبوون و لە ڕووی پاکی و دروستی و بیری خاس و کردار و گوفتارەوە، لەسەرووی ئەوانی دیکە بوون. زەردەشت فرە ڕێزی لێدەگرتن و متمانەی پێیان هەبوو، بۆیە پێی دەگوتن خۆمانی. ئەمانە ئامادەبوون خۆیان بەخت بکەن لەپێناوی بڵاوکردنەوەی ئایینی پاکی یەکتاپەرستی.

بەندی ٢:

((مەزدا ئاهورا،
کە بە هۆی بیری خاس و بە تواناییەوە
بەسەر ئەم جیهانەدا شالیاری دەکات،
وەڵامی ستایشکەرەکانی دایەوە:
ئارمەئیتی پاك و پیرۆزم بۆ هەڵبژاردوون،
کە دۆست و هاوەڵی نزیکی (ئاشا)یە.
هەوڵ بدەن و تێبکۆشن هەمیشە
لەتەکیابن و لەخۆتانی بزانن.))

لەم بەندەدا، پاش ئەوەی باسی هێز و توانای ئاهورامەزدا و چۆنێتی دروستکردنی ئەم جیهانە و کەشکەلان دەکات، کە بە هۆی هۆش و ئەقڵی ئاهورامەزداوە هاتۆتەگەڕ، سەروەری بەسەر هەموو جیهان دەکات، دەبێژێ کە ئاهورامەزدا وەڵامی ئەو سێ دەستەیە دەداتەوە کە لەبەندی پێشوودا باسیان لێکرا، داوای یارمەتییان لێکردبوو دەبێژێ هەمیشە هەوڵ بدەن و تێبکۆشن ئارمەئیتی پیرۆز کە دۆستی هەمیشەیی(ئاشا)یە لەخۆیان بزانن. مەبەست لەئارمەئیتی دیاردەی باوەڕ و خۆشەویستی و فیداکاری و بیری پوختەو پاکییە. بێگومان هەرکەسێك کە باوەڕی بەخوا هەبێت، پەیڕەوی لە(ئاشا) بکات کە بریتییە لەدیاردەی ڕاستی و پاکی و تەکوزی و یاسای نەگۆڕی سروشت، هەرگیز لە یاسای راستی و دروستی لانادات. بەواتەیەکی دیکە، پاکی وراستی و دروستی لە پێویستییەکانی باوەڕکردنی ڕاستەقینەیە بەخوا.

بەم شێوەیە دەبینین کە(ئاشا) و (ئارمەئیتی)دوو دۆست و هاوبیری فرە نزیکبە یەکترن. ئەوەی لەم بەندەدا شایانی باسە، ئەوەیە کە چلۆن دەبێ کە ئاهورامەزدا، خوای دانا و ژیر، راستەوخۆ لەتەك خەڵکدا قسە بکات. بۆ وەڵامی ئەم چلۆنایەتییە، موبد فیروز ئازەرگوشەسب دەبێژێ:

لەنێو گشت کتێبە ئاسمانییەکاندا، (واتە ئاڤێستا، تەورات، ئینجیل، قورئان) هەمیشە پەیامبەرەکان ئەو وتانەی، کە بۆیان ئیلهام دەبوو یا وەحی دەبوو، بە وتە و دەستووری خوایان داناوە. ئەمە نابێ وامان لێبکات کەوا بزانین خوا خۆی ڕاستەوخۆ لەتەك خەڵکدا قسەدەکا، بەڵکو زەردەشت ئەو قسانەی بۆی ئیلهام دەبوو، لەزمان ئاهورامەزداوە بۆ خەڵکی دووپات دەکردەوە و دەبێژێ گشت ئافەریدەکانی خوا، بێ هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا، بۆئەوەی ڕزگاریان بێت و بگەنە پلەی پوختەیی،

دەبێ (ئاش ِ واتە راستی و دروستی و هەروەها (ئارمەئیتی) بکەنە پیشەیان و بۆ خۆیـان هەڵبـژێرن و بەپاکی و دروستی بـژین. باوەڕیـان بـەخوابێت و لـەکاتی سـەخڵەتی و سـەختی و دژواری ژیانیانـدا، لەکاتێکدا کە ڕاڕاو دوودڵ دەبن، پەنای بۆ بەرن و گوێڕایەڵی بانگەوازی ویژدانی خۆیان بن.

بەندی ٣:

((ئەی بیر خراپ و گومڕایان،
ئێوە هەمووتان و گشت ئەو کەسانەی کە،
پەیڕەویتان لێدەکەن،
خاوەن سروشتێکی ناشیرین و نادروست و خۆپەرستن.
وئەم کردەوە فریوکارانەتانە بۆتە هۆی ئەوەی،
کە لەهەر حەوت دەڤەرا بە بەدناوی
ناوبانگتان زڕاوە و خەڵك لێتان بێزارە.))

لەم بەندەدا، زەردەشت ڕوو لەسروشت پەرستەکان و پـەیڕەوانی ئـایینزای ئاریـایی ئـەو سـەردەمە دەکا و دەبێژێ:

ئەی گومڕاو دڵڕەشان و بیر خراپان، ئێوە گشتتان پەیڕەویتان لە هەوا و هـەوەس و بـیری خـراپ و نادروستی خۆتان کردووە و، خەڵك گیرۆدەی خراپەکاری دەکەن. هەروەها دەبێژێ ئەوانەی کـە ڕێبـازی ئەمانە دەگرنەبەر و ڕێگەی هەڵـە هەڵدەبـژێرن و پـەیڕەوی لـە بـەدکاران دەکـەن و ڕێزیـان لێـدەگرن، ئەمانەش لەڕیزی خراپەکاران دەژمێردرێن و هەروەك ئەوان فێری درۆو دەڵەسە بوون. لەبەرئەوە، جگـە لە خراپە و درۆ و فریودان هیچی دیکە لە هەڵسوکەوتیان ناوەشێتەوە.

لەکۆتایی ئەم بەندەدا دەبێژێ: ئەی گومڕایان و خۆپەرستان کە لە هـەموو ڕاسـتییەك بێخەبـەرن، ئەوەندە بزانن کە ناوتان زڕاوە لە هەموو شوێنێکی حەوت دەڤەرا، هەرکەسێك تۆزقالێك هۆشی بێـت، لێتان وەدووردەکەوێتەوە بۆئەوەی دووچاری دوودڵی و گومڕایی و درۆکانتان نەبن.

لێرەدا دەبێ ئەوە بێژین کە لـە گاتاکانـدا، زەردەشـت ئـەو کەسـانەی کـە خـراپ بیردەکەنـەوە و خۆپەرست و لووت بەرز و فریوکار و درۆزنن و هەمیشە خەریکی بڵاوکردنەوەی خراپەن لەکۆمـەڵگادا، بە ئەمانە هەمویان دەبێژێ (دێو).

بەندی ٤:

((ئێوە ئەی گومڕایان،

بەم شێوەیە

بیری خەڵکتان

وەها ئاڵۆز و پەرێشان کردووە،

کە خراپترین کار ئەنجام دەدەن،

هاوکاری و دۆستایەتی لەتەك بیرخراپان دەبەستن،

لەبیرکردنەوەی خاس دووردەکەونەوە،

لەویست و خواستی خوا سەرپێچی دەکەن،

ولەئایینی ڕاستی و پاکی دووردەکەونەوە.))

ئەم بەندە تەواکەرەوەی بەندی پێشووە و زەردەشت دەبێژێ: ئەی دێوەکان، ئەی گومڕایان، بە هۆی بیری خراپی خۆتانەوە، بیری خەڵکتان ئاڵۆز کردووە و گرفتاری گومڕاییان دەکەن، وایان لێدەکەن کە لەڕێی ڕاست دووربکەونەوە، ناشیرینترین کار و کرداریان لێبوەشێتەوە. ئەوانەی لەڕێی ڕاست لادەدەن و گومڕادەبن، ئامادەنین کۆمەك لەبیر و ویژدانی خۆیان وەربگرن، لەبەرئەوە خۆیان دەسپێرنە دەست بیری خراپ و دڵ پیسی، ڕوو لەپاکی و ڕاستی و دروستی و خواناسی وەردەگێڕن، پەنا دەبەنە بەر خراپەکاری و تاوانبارێتی کە لەبیری خراپەوە دێتەدی.

زەردەشت، ئەم جۆرە کەسانە بە یار و دۆستی دێوەکان دەزانێت و بە گومڕایان باس دەکا و بەخەڵك دەبێژێ کە لێیان وەدوورکەونەوە.

بەندی ٥:

((ئەی بیرخراپان،

بەم شێوەیە ئێوە

بە هۆی کرداری ناپەسەندتانەوە،

وبە بیر و گوفتاری خراپتانەوە

ومژدە دان بە سەروەرێتی گومڕایان،

خەڵکتان تەفرە داوە

ولەژیانی بەختەوەری و نەمرایەتی بێ بەریتان کردوون.))

لەم بەندەدا، زەردەشت ڕوو لەڕابەر و پێشەوایانی ئایینی درۆ و دەڵەسە دەکات و دەبێژێ: هەر بەو شێوەیە کە ئەهریمەن بە بیری خراپ و ویژدانی ڕەشو ڕۆحی خراپەکاری خۆیەوە، ئێوەی لە ڕێگەی ڕاست و دروست لاداوە و گومڕایکردوون و وادەی سەروەرێتی جیهانی پێداون بە مەرجێك کە بە هۆی تاوانکاری و کرداری خراپەوە، کۆمەڵگا ئاڵۆزبکەن.

هەر بەو شێوەیە ئێوەش خەڵکی ساکار و سادە و دڵپاکتان گومڕا کردو لەڕێی ڕاست لادا تا لەژیانی خۆش و بەختەوەری هەمیشەیی بێ بەری بن.

مەبەستی زەردەشت ئەوەیە: بیری خراپ، کە بە ئەهریمەن ناسراوە، مرۆڤ لە ڕێی ڕاست لادەدات و هانی دەدا، کە کاری خراپ ئەنجام بدا، هەر بەو شێوەیە، پێشەوا و ڕابەرانی ئایینزای ئەو سەردەمە، کە درۆیان کردبووە پیشەی خۆیان، بەهاوکار و یاریدەدەری دێوەکان ناسراون و بەبیری ڕەشیانەوە خەڵك فریودەدەن و ژیانیان لێ تاڵ دەکەن. ئاشکرایە کە بیری خراپ و کرداری ناپەسەند، جگە لەبەدبەختی و بێچارەیی و چارە ڕەشی و بێ لانەیی و ئاوارەیی، هیچی دیکەمان بە دیاری بۆ ناهێنێت. کەوایە، هەرکەسێك خۆی گیرۆدەی وەسوەسەکانی ئەهریمەنی بکات و باوەڕی خۆی لەدەست بدات، خۆی بخاتە باوەشییەوە، دەبێ لە هەموو خۆشی و بەختەوەری هەمیشەیی چاو بپۆشێت. ئەرکی سەرشان و کاری ئەهریمەن و دێوەکان، فریودان و گومڕاکردنی خەڵکە. زەردەشت ئامۆژگاری خەڵك دەکا و بە پەیڕەوانی خۆی ڕادەگەیەنێت کە فریوی ئەمانە نەخۆن و ژیانی خۆیان بە فیڕۆ لەدەست نەدەن.

بەندی ٦:

((لەوانەیە گوناهبارێك بە هۆی کرداری ناڕەوای خۆیەوە
بۆ ماوەیەك بەختەوەربێت و ناوبانگێك
بۆخۆی بەدەیبهێنێت،
بەڵام، ئەی ئاهورا،
تۆ هەموو شتێك دەزانیت،
وبەهۆشی خۆت، لەبیر و ئەندێشەیان ئاگاداریت.
لەژێرسایەی شالیاری تۆیە کە لەئاکامدا
ئایینی ڕاستی، فەرمانڕەوا دەبێت.))

لەم بەندەدا، زەردەشت دەبێژێ: هەرچەندە لەوانەیە کەسێکی تاوانبار و پیاوخراپ، بە هۆی فروفێڵ و بڕێك کردەوەی ناشایستەوە، بۆ ماوەیەك خەڵك فریوبدات و بگاتە پلەوپایەکی بەرز و ناو و ناوبانگێك بۆخۆی وەچنگ بهێنێت، خۆی بترنجێنێتە نێو پیاوە گەورەکان و جوامێران، بەڵام ئاهورای دانا و ژیر و ئاگا، کە ئاگاداری هەموو شتێکە، لە(نیەتی) ئەو جۆرە کەسانە ئاگاداره و لەئەنجامدا سزایان دەدات.

هەروەها دەبێژێ کە لەئاکامدا ئایینی راستی و پاکی باڵ بەسەر هەموو جیهاندا دەکێشێ و حوکمڕان دەبێ و کۆتایی بەسەردەمی پڕ لەدرۆ و ڕیاو خراپەکاری و تاوان و بیری خراپ دەهێنێت. ئاشتی و ئاسایش و ئارامی و تەبایی و راستی و پاکی و برایەتی و یەکسانی لە هەموو گێتیدا حوکم فەرمادەبێ.

ئەوەی شایانی باسە، لە گاتاکاندا، چەندین جار مژدەی سەرکەوتنی چاکە بەسەر خراپە، ڕووناکی بەسەر تاریکی، ڕاستی بەسەر درۆی داوە. هەروەها جەختی لەسەر ئەمە کردووە کە پەیڕەوانی ئایینی یەکتاپەرستی بە هەموو هێز و توانایانەوە لە ململانێیاندا دژی خراپە و درۆ هیلاك و ماندوونابن.

بەندی ٧:

((هیچ یەکێك لەم گوناهبارانە

نازانن کە،

پێشکەوتن تەنیا بە هۆی کار و کۆششەوە

بەدەست دێت.

ئاگاداری ئەزموونی بڵێسەی ئاگر و مسی تواوەنین.

ئەی مەزدا ئاهورا،

تۆ پتر لەهەموان ئاگادری

چارەنووسی ئەم جۆرە کەسانەیت.))

لەم بەندەدا دەبێژێ کە هیچ یەکێ لەم تاوانبارانە، مانای ڕاستی پێشکەوتن نازانن و هەروەها نافامن کە تەنیا بە هۆی کار و کۆششەوەیە کە پێشکەوتن دێتەدی. ئەمانە نازانن کە ئەزموونی ژیان سەلماندوویەتی جیهان بەرەو پوختەیی و پێگەیاندن دەڕوا، ئامرازی گەیشتنە ئەم پێگەیاندنە تەنیا کار

و تێکۆشان و هەوڵدانە. ئەو گوناهکارانە، ادەزانن کە دەتوانن بە هۆی درۆ و دەڵەسەو تاوانەکانیانەوە ڕەوڕەوەی مێژوو بەرەو دواوە بگەڕێننەوە و خۆیان سواری سەری خەڵك بن و جەماوەر بەدواکەوتوویی بهێڵنەوە. ئەمانە لە گوێی گادا نووستوون، چونکە گەرەکیان بێت یا نە، ژیان خۆی لە خۆیدا ئەزموونێکە کە مرۆڤ پێدەگەیەنێت و پوختەی دەکات. هەوڵ و تێکۆشان بۆ دابینکردنی ئامرازەکانی ژیان و ئاسوودەیی و ئاسایش بە هۆی هەڵسوکەوتی ڕاست و دروست و خۆڕاگرتن بەرامبەر بە هەموو دژوارییەکان و ململانێ دژی بیری خراپ و خراپەکاری، کارێکی فرە سەخت و چەتوونە، هەروەکو ئەزموونی ئاگرین وایە.(٢٩)

تاوانباران و خراپەکاران ئاگاداری ئەم جۆرە ئەزموونە نین، چونکە بۆ خۆیان و بە بیری کرچوکاڵی خۆیان، ئاسانترین ڕێگەیان هەڵبژاردووە و بۆ گەیشتنە ئامانجە گڵاوەکانیان، ڕێگەی دزێتی و جەردەیی و فریوکارییان هەڵبژاردووە، پشتیان کردۆتە ڕاستی و دروستی و بیری چاك.

بەندی ٨:

((یەکێ لەو گوناهبارە ناسراوانە،
جەمشید کوڕی ویونگهانە،
ئەو کەسەی کە بۆ ڕاگرتنی دڵی خەڵك و خۆشی خۆی
بەچاوی سووکەوە ڕوانییە خوای جیهان.
ئەی مەزدا،
ئەز، دڵنیاو بێگومانم لەو دادوەرییەی
لەرۆژی پەسڵاندا دەربارەی گوناهباران دەیکەیت.))

لەم بەندەدا، زەردەشت ئاماژە بۆ جەمشیدی کوڕی ویونکهان دەکا و بە یەکێك لە گوناهبارەکانی دادەنێت. ئەم جەمشیدە یەکێ لەبەناوبانگترین شاکانی (پێشدادی)یەکان بووە، کە ماوەیەکی زۆر حوکمڕانی هەموو سەر زەوی ئێران بووە، ناوبانگێکی یەکجار زۆری هەبووە. فرە هەوڵی داوە ئاسایش بۆ خەڵك دابین بکات و هەمو جۆرە کەرەسەیەکی بۆ ئەم کارە تەرخانکردبوو. هۆی ئەوەیکە بەگوناهبار دەژمێرێت، ئەوەبووە کە پاش ئەوەی خۆی دەبینێتەوە و دووچاری خۆپەرستی و غرور دەبێ، دەگاتە ئاستێك کە خۆی بە ئافەریدەگار دەزانێت و خەڵکی ناچارکردووە سوجدەی بۆ بەرن و

بیپەرستن. ئیدی ئاهورامەزدا ئەو مەزنێتییەی لێسەندۆتەوە و گیرۆدەی زوحاکی کردووە و کوشتویەتی.

بە بۆچوونی من، زەردەشت لەم بەندەدا دەیەوێت، باسی یەکێ لە خراپترین و کوشندەترین دەردەکانی ئادەمیزاد بکات، کە بریتییە لەخۆ بەزل زانین و لووت بەرزێتی.

زەردەشت، لەکۆتایی ئەم بەندەدا دەبێژێ هەر جۆرە دادوەرییەك و سزایەك کە بەم جۆرە کەسانە لەلایەن ئاهورامەزداوە دەدرێت، بێ هیچ ڕاڕایی و دوودڵییەك پێی ڕەزامەندە.

بەندی ٩:

((پێشەوا بیر خراپەکان،
ئامۆژگارییە ئایینییەکان ئاوەژوو، ئاڵۆزدەکەن
وبە ئامۆژگارییە هەڵەکانیانەوە،
ڕێی ڕاست و مەبەستی سەرەکی و ڕاستەقینەی ژیان
لەخەڵك چەواشەدەکەن.
بەم شێوەیە،
وا لەخەڵك دەکەن کە دوورە و پەرێزبن
لەخاسترین سەرمایەی ژیان کە بریتییە لە
ڕاستی و دروستی و پاکی.
ئەی مەزدا و ئەی ڕاستی (ئاشا)،
لەکانگەی دڵمەوە سکاڵای خۆمتان بۆ دەردەبڕم،
وپەناتان بۆ دەبەم.))

لەم بەندەدا، زەردەشت دەبێژێ کە پێشەوایانی بیری خراپ و درۆزنەکان هەوڵدەدەن تا ئەو ڕاستییانەی لەئامۆژگاری پیاوچاکان و کتێبە ئایینییەکاندا هەیە، ئاوەژوو بکەن و بە هەڵە بۆ خەڵکی ڕاڤە بکەن و بە هۆی ئامۆژگارییە چەوت و گومڕاکانی خۆیانەوە، خەڵك لەمەبەستی سەرەکی و ڕاستی ژیان دووربخەنەوە و ڕێی ڕاستیان لێ چەواشەبکەن. پێشەوایانی بیری خراپ، خەڵك لەڕێی ڕاست و دروست دووردەخەنەوە و وایان لێدەکەن کە بیر لە ڕاستی و پاکی و بیری خاس نەکەنەوە.

لەکۆتاییدا، زەردەشت وەك هەمیشە پەنا دەباتەبەر ئافەریدەگاری دانا و ژیر و لە کانگەی دڵییەوە داوا لەمەزدا و (ئاشا) کە دیاردەی راستی و پاکییە، دەکات کە ئەم جۆرە کەسانە لە شوێنی خۆیان ڕابگرێت و بێ هێز و توانایان بکات تا نەتوانن خەڵك چەواشەبکەن.

بەندی ١٠:

((بەڕاستی رابەرە بەدو بیرخراپەکان
کە گوتارە ئایینییەکان، چەواشەو ئاڵۆزدەکات،
وبەچاوی ڕێزەوە، ڕوانینە زەوی و خۆر
بەکارێکی فرە نارەوا و گوناه دەزانن،
بیر خاسان بەرەو گومڕایی دەبەن،
زەوی و زار و کێڵگەکان وێران دەکەن،
دژی بیر خاسان چەك بەکاردێنن.))

لەم بەندەدا، باسی هەڵوێستی رابەرانی درۆ و درۆزنان دەکات و دەبێژێ ئەمانە بە شێوەیەکی وەها ڕاستی لەخەڵك چەواشەدەکەن کە تەنانەت ڕێزگرتن لەخۆریش کە سەرچاوەی گەرمایی و رووناکی زەوییە و مایەی ژیانی ڕووەك و ئاژەڵە، بە کارێکی فرە خراپ دەزانن. ستایشکردنی زەویش کە دایکی هەموو زیندەورانە بە کارێکی ناشایستە دەزانن، هەروەها هەوڵدەدەن کەبیرخاسان و پیاوچاکان لەڕێی ڕاست لادەن و بیانخەنە سەر ڕێی چەوت و نارێك و تووشی درۆ و خراپەیان بکەن. لەبەر ئەوەی ئەمانە دژی نیشتەجێی و کشتوکێڵن، هەوڵدەدەن کە کێڵگەکان و مێرگ و گیاجارەکان وێران بکەن. هەروەها بەهێزی چەکەکانیان دژی خەڵکی بیرخاس ڕادەوستن بۆئەوەی ڕێگە لەپێشکەوتن و شارستانییەت بگرن.

بەندی ١١:

((ئەی مەزدا،
ئەم جۆرە کەسانە، ژیانیان لەخەڵك تێکداوە کە
خراپەکارانیان گەورە و بەرزکردووە،
بیری ژنان و پیاوە هێژاکانیان ئاڵۆزکردووە

بۆئەوەی خەڵاتی یەزدانیان پێنەگات.
پاکان و ڕاستکردەوەکانیش
دووردەخەنەوە لە
خاسترین ئەندێشەکان، ئازاریان پێدەگەیەنن.))

ئەم بەندە، تەواوکەرەوەی دوو بەندی پێشووە و تیایدا باسی ڕۆڵی تێکدەرانەی ڕابەرە درۆزن و خراپەکاران دەکات و دەبێژێ: ئەم پێشەوا کۆنەپەرستانە بە هۆی بیری ناڕاست و خراپی خۆیان، ژیانی کۆمەڵگایان ئاڵۆز کردووە، بە هۆی ئامرازی مادییەوە خەڵکی ساکار و نەفامیان لەڕێی ڕاست لاداوە، هەرچی و پەرچی ناو کۆمەڵگایان فریوداوە و بە هۆی پارە و پلەوپایەی کاتییەوە، بە بەرز و گەورە پێشان داوە. بەم شێوەیە، ژنان و پیاو خاسانیش کە باوەڕیان کز ولاواز بووە. فریوداوە بۆئەوەی نەتوانن بگەنە ئاوات و هیوای خۆیان کە بریتییە لەبەختەوەری و پوختەیی و هەروەها لەخەڵات و بەخشینی ئیزەدی کە بریتییە لەبیری چاك و ئەڤین و خۆشەویستی خەڵك، بێبەش کردووە، خەڵك فێری خراپە و تاوان دەکەن، دڵیان بە شکۆیی و پلەوپایەی کاتی خۆشدەکەن. لەکۆتاییدا، زەردەشت ئامۆژگاری خەڵك دەکات کە فریوی ئەم جۆرە کەسانە نەخۆن و لەڕێی ڕاست لانەدەن.

بەندی ١٢:
((ئەوانە، بە هۆی ڕاهێنانە خراپەکانیانەوە، خەڵك
لەڕێی ڕاست لادەدەن و ناهێڵن کاری خاس و شایستە ئەنجام بدەن.
بەقسە، خەڵك تەفرە دەدەن و ڕێیان لێ چەواشەدەکەن
وژیانیان تێکدەدەن
پتر ڕێز لە (گرەهما)و(کەرپەن)ەکان دەگرن و
ئارەزووی سەروەرێتی و رابەرایەتی
بۆ بیرخراپان و درۆزنان دەکەن.
ومەزدا،
بۆ ئەم جۆرە کەسانە و کارە خراپەکانیان
سزای سەخت و دژواری داناوە.))

ئەم بەندەش تەواوکەرەوەی بەندەکانی پێشووە و تیایدا باسی خراپی ئەو کەسانە دەکات کە بە بیری ناڕاست و خراپی خۆیانەوە کۆمەڵگایان تێکداوە، دەبێژێ ئەمانە بە شێوەیەك بیری خەڵکیان ئاڵۆز کردووە، بە هۆی خراپ فێرکردنەوە، خەڵکیان چەواشەکردووە و وایان لێکردوون کاری خراپ لە کاری خاس بە باشتر بزانن ئەو گورگانەی لەپێستی مرۆڤدان وەك گرەهماو کەرپەنەکان بەسەرتر لە بیر خاسان و پیاوچاکان بزانن. هەروەها ئەوەندە زێدەڕەوی دەکەن، کە رابەرایەتی و پێشەوایەتییان بۆ ئارەزوو دەکەن. بەڵام لەکۆتاییدا دەبێژێ کە ئاهورامەزدای دانا و ژیر بە گوێرەی یاسای راستی و دروستی، سزای تایبەتی بۆ ئەو جۆرە کەسانە و کردارەکانیان داناوە.

بەندی ١٣:

((هەر هێز و توانایەك کە (گرەهما)،
بە هۆی خراپترین بیرەکانییەوە
ئارەزووی وەدەست هێنانیانی هەیە،
لەئاکامدا،
دەبێتە مایەی چارەرەشی ژیانی خۆی.
ئەی مەزدا، ئەوسایە
کە بەشیوەن و زارییەوە،
دەکەونە پاڕانەوە و
ئارەزووی بیستنی پەیامی پەیامنێرەکەت دەکەن،
ئەو پەیامنێرەی کە ڕاستی و دروستی
دەپارێزێت دژی هەڕەشەی نەیاران.)

لەم بەندەشدا، زەردەشت دووبارە باسی هەوڵ و کۆششی خراپەکاران و ڕابەرەکانیان دەکات و دەبێژێ کە ئەم گورگ سیفەتانە دەیانەوێت بە بیری خراپیانەوە بگەنە پلەوپایەیەکی وەها، کە ڕێگە لەشارستانییەت و پێشکەوتن بگرن، بەڵام تەنیا بۆ ماوەیەکی فرە کەم دەتوانن بە ئامانجی خۆیان بگەن. پاشان لەبەرئەوەی لەئاکامدا ڕاستی بەسەر درۆدا سەردەکەوێت، ئەمانەش مایەپووچ و پەشیمان و شەرمەزاردەبن.

پاش ئەوەی شکست دەخۆن و هیچ کارێکیان لەدەست نایەت، بە شەرمەزارییەوە بەسەر درۆدا سەردەکەوێت، ئەمانەش مایەپووچ و پەشیمان و شەرمەزاردەبن.

پاش ئەوەی شکست دەخۆن و هیچ کارێکیان لەدەست نایەت، بە شەرامەزارییەوە ڕوودەکەنە لای زەردەشت کە پەیامبەری پەیامێکی پیرۆزە و داوای لێدەکەن، کە لێیان ببوورێت و بەلایەنگرانی خۆی بزانێت.

دەتوانین بێژین کە لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا بەرەو پێشکەوتن و شارستانییەت دەڕوات و ئیدی خەڵك فریوی قسەکانی ئەمانە ناخۆن، ناچاردەبن بڕێکیان بەراستی و هەندێکیشیان بە درۆ لە کردەی خۆیان پەشیمان ببنەوە.

لە کۆتایی ئەم بەندەدا، ئەوە دەخاتەڕوو کە زەردەشت لە هەموو بوارێکدا بەرامبەر هەڕەشە و گروشەی نەیاران خۆی ڕاگرتووە و هاوڕێکانی پاراستووە.

بەندی ١٤:

((زۆر لەمێژە،
(گرەهما) بەهاوکاری لەتەك (کاوی)یەکاندا
هێز و توانا و بیری خۆیان،
وەگەڕخستووە
بۆئەوەی پەیامبەرەکەت وەڕس بکەن و بیخەنە داوەوە.
ئەوانە
هێز و توانای خۆیان لەدرۆزنان و گومڕایان
وەدەست دێنن و دەبێژن،
دەبێ هەموو جیهان تێکبدەن و دووچاری خراپەی بکەن
تا (هوم)ی نەمر بگا بەدەم هاواریانەوە.))

لەم بەندەدا، پەردە لەسەر پیلانی نەیارانی زەردەشت واتە (گرەهما) و(کاوی)یەکان لادەبرێت، تیایدا دەبێژرێ:

گرەهمای بەدکار، بە هاوکاری لەتەك کاوییەکان و فەرمانڕەوا درۆزنەکان، هەوڵدەدەن کە ببنە کۆسپ لەڕێی زەردەشت و نەهێڵن پەیامەکەی بەخەڵك ڕابگەیەنێت. بۆ گەیشتنە ئامانجەکەیان کە

بریتییە لەرێ لادانی زەردەشت یاخود بەلایەنی کەمەوە وەرس کردنی بۆئەوەی دەست لەم کارە پیرۆزەی هەڵگرێت، پەنادەبەنە بەر خەڵکی هیچ و پووچ و درۆزن و ریاکار. ئەم خراپەکارانە، تەنیا ئامانجیان ئەوەیە کە کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر بەرن بە هۆی بڵاوکردنەوەی درۆ و خراپە و شەڕ و کوشتار، بۆئەوەی خەڵك لە راستی و دروستی و پاکی و یەکتاپەرستی دووربخەنەوە.

هەوڵدەدەن، بەهەر شێوە و ئامرازێك بێت نەهێڵن زەردەشت و هاوەڵەکانی بیری ڕاست و دروست بڵاوبکەنەوە.

هەروەها لەم بەندەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە نەیارانی زەردەشت پەنا دەبەنە بەر (هوم) و هیوایان ئەوەیە لە کارە خراپەکانیاندا یارمەتیان بدات.

بەندی ١٥:

((بەم شێوەیە

(کەرپەن) و (کاوی) یەکان

دووچاری چارەنووسی ڕەشی خۆیان دەبن

بەدەست ئەو کەسانەی کە کاتی خۆی هەرگیز

نەیاندەهێشت ئازادانە بژین،

وەبەختەور بن.

ئەو کەسانەی کە لەژێرسایەی پوختەیی و نەمرێتی

دەگەنە کۆشکی بیری خاس(بەهەشت).))

هەروەك لەمەوبەر گوتمان (کەرپەن) و (کاوی)یەکان، یاخود بێژین فەرمانڕەوا درۆزن و بێ باوەڕ کە لەنەیارە سەرسەختەکانی زەردەشت بوون، بە هەموو هێز و توانای خۆیان و یارمەتی درۆزنەکان و پیاوخراپان، هەوڵیان داوە پەیڕەوانی ئایینی یەکتاپەرستی و ڕاستی لەڕێی راست لابدەن، گومڕایان بکەن بۆئەوەی ڕێگەی ژیانی بەختەوەرییان لێ چەواشەبکەن، بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجەیان، هەمەجۆرە رێ و رەوشێکیان بەکارهێناوە، درێغییان لەهیچ کردەیەکی ناشایست و ناڕەوا نەکردووە، پیلانی گڵاویان دارشتووە و ئازاری خەڵکیان داوە.

لەم بەندەدا، درێژە بە باسەکە دەدا و دەبێژێ:

بەم شێوەیە هەڵوێستی ئەم تاقمە کە هەرگیز ئامادە نەبوون کە گوێ بۆ ڕاستی شل بکەن و گوێڕایەڵی قسە و ئامۆژگارییەکانی زەردەشت بن. شکۆ و مەزنێتی ئاهورامەزدایان بەچاوی سووکەوە تەماشاکردووە و بەردەوامبوون لەسەر ئازاردانی خەڵك.

ئەمانە لەئەنجامدا دووچاری شکست و نوشوستی دەبن. گیرۆدەی چارەنووسی ڕەشی خۆیان دەبن و دەکەونە ئەو چاڵەی کە خۆیان بۆ خەڵکیان هەڵکەندبوو.

بیرخاسان و پیاوچاکان کە بۆ ماوەیەکی یەکجار زۆر تووشی شکستی بووبوون بەدەست ئەم تاقمەوە، ئازادییان لێ زەوت کرابوو، بە هۆی بیری ڕاست و دروست و بەیاریدەی دوو خەڵاتی ئاهورا، واتە پوختەیی و نەمرێتی، بەسەر ئەمانەدا زاڵدەبن، خۆشیان دەگەنە کۆشکی بیری خاس کە بریتییە لە بەهەشت.

بەندی ١٦:

((بەڕاستی،

ئامۆژگاریی ڕاستەقینە و ژیرانەی پیاوچاکان،

لە هەموو شتێك خاسترە.

ئەی مەزدا ئاهورا،

تۆ دەتوانی پیلانی ئەو کەسانە پووچەڵ بکەیتەوە،

کە دەیانەوێت ئازارم پێبگەیەنن.

ئەمنیش تێدەکۆشم،

لایەنگران و ئەڤیندارانت،

لە هەڕەشە و دوژمنایەتی درۆزنان ڕزگاربکەم.))

سەرەتا، لەم بەندەدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە مرۆڤ هەمیشە نیازی بە ئامۆژگاری و ئەزموون وەرگرتن هەیە بۆئەوەی سوودیان لێوەربگرێت، لەژیاندا دووچاری گومڕاهی نەبن. خاسترایە کە سوود لە ئەزموون و ئامۆژگاری مرۆی پاك و ڕاست و ژیر وەربگیرێت، چونکە ئەو ئامۆژگارییانە بۆ سوودی کۆمەڵگایە و بەهیچ جۆرێك خۆپەرستی و کینە و خراپەی تێدانییە. زەردەشت، هەمدیسان لەم بەندەدا دەبێژێ، خوای دانا و ژیر، توانای ئەنجام دانی هەموو کارێکی هەیە و دەتوانێت دەستی نەیارانی لایەنگرانی ڕاستی و پاکی کورت بکات، پیلانە چەپەڵەکانیان پووچ بکات، نەهێڵێت

دەستدرێژییان بکاتەسەر. ئەمجا، داوا لە ئاهورامەزدا دەکا، کە نـەیارەکانی لاوازو بێدەسـەڵات بکـات بۆئەوەی یارەکانی و لایـەنگرانی راسـتی و پـاکی بـێ هـیچ ترسـێك بتـوانن ئـایینی یەکتاپەرسـتی بڵاوبکەنەوە.

لەکۆتاییدا، زەردەشت ئارەزوو دەکا، کە بە هـۆی کۆشـش و تێکۆشـان، رێگـە لـە خراپـەکاران و بەدکرداران بگرێت کە نەهێڵن ئازار بە خەڵك بگەیەنن، بتوانێـت بە میهرەبانییەوە و بە زمانی شـیرین ئەوانە بەرەو رێگەی راستی هیدایەت بکات.

سروودی شەشەم

یەسنا ــ هات ٣٣

بەندی ١:

((هەموو کەسێك لەم جیهانەدا،

دەبێ کردار و هەڵسوکەوتی لەتەك ڕاستیدا،

کە بنەماو مایەی ژیانە ـ یەکسان بێت.

ڕابەر دەبێ،

لەتەك خراپەکاران و خاس کرداراندا،

هەروەها لەتەك ئەوانەی کرداری خاس و خراپیان پێکەوە لکاوە،

بەخاسترین ڕەوش و کردەوە و ویژدانەوە ڕەفتار بکات.

زەردەشت لەم بەندەدا بە هەموو خەڵکی جیهان دەبێـژێ کـە دەبـێ هـەموان ئاگـاداری کـردار و هەڵسوکەوتی خۆمان بین، پێویستە لەسەرمان کە ڕەفتارمان لـە تـەك راسـتی و دروسـتیدا (ئاشـا)، کەیاسایەکی نەگۆڕ و هەمیشەییە، هاوجووت بێت. نابێت هەرگیزو بە هیچ جۆرێـك لـە رێـی راسـت لابدەین، چونکە تەنیا ڕاستی بنەما و مایەی رزگاریمانە. زەردەشت جەختێکی تایبـەتی لەسـەر ئـەوە هەیە کەپێویستە لەسەر هەموان ئاگاداری هەڵسـوکەوت و ڕەفتـاری خۆمـان بـین، چـونکە لـە ڕۆژی پەسـڵاندا، کـاری خـاس و خراپمانـە، کـە داوەری لەسـەردەکرێت و زۆر بـە وردی کارەکانمـان هەڵدەسەنگێنرێت.

زەردەشت دەبێژێ: هیچ کردەوەیەکی ئادەمیزاد بی پاداشت یا سزا نامێنێت. پاداشی خاسان بەهەشتە، کە بریتییە لەویژدانی ئارام و ئاسوودە.. خراپەکارانیش، سزای خۆیان لەدۆزەخدا دەبینن کە بریتییە لەنائارامی بیر و ویژدان.

بەندی ٢:

((هەرکەسێك کە بە هۆی بیر و وتەو کردار و هێزی بازوو

دژی خراپەکاران ڕابوێستێ،

یاخود ڕێگەی ڕاست و دروست پێشانی ئەوان و پەیڕەوانیان بدات.

ئەو جۆرە کەسانە، بە دڵ و بەگیان

ویست و ئارەزووی مەزدا ئەنجام دەدەن.))

ئەم بەندە، یەکێ لەبەهێزترین بەندەکانی (گاتا)کانە و گرنگترین ئامۆژگاری زەردەشتە.

زەردەشت لەم بەندەدا، زۆر بە ڕاشکاوی هانی خەڵك دەدات کە کاری خاس ئەنجام بدەن. دەبێژێ، ئەرکی سەرشانی گشت کەسێکە کە بە هۆی بیر و کردار و وتە، بە هۆی هێزی بازووو زمان و هەر ئامرازێکی دیکە کە لەبەر دەستیایەتی تێبکۆشێ و ململانێ لەتەك خراپە و ناپاکی بکات و پیلانی گڵاوی خراپەکاران پووچەڵ بکاتەوە.

ئامۆژگاری خەڵکی گومڕابکات و بیانخاتە سەر ڕێی ڕاست و دروست. پێویستە هەموان ڕێبازی هێنانەدی ویست و ئیرادەی ئاهورامەزدا بگرینەبەر کە بریتییە لەرزگاری مرۆڤ و گەیاندنی بۆ ڕۆخی دەریای ئارام. یەکێ لەهەرە کارە شایستەکانی پەیامی زەردەشتی ئەوەیە کە مرۆ درۆ نەکات و کاری ناشایست ئەنجام نەدات. بەڵام مرۆی ژیر و پێگەیشتوو، ئەو کەسەیە کە کارێکی وابکات خەڵکی دیکە لەدرۆکردن و دزیکردن و هەڵسان بەکاری نادروست ڕابگرێت و هانیان بدا کە کاری خاس ئەنجام بدەن و سوودمەند بن بۆ کۆمەڵگا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بکەین بۆ ئەو ڕاستییە کە لەئایینی زەردەشتیدا تاوەکو ئێستاش پێویستە لەسەر هەر زەردەشتییەك کە بە هۆی بیری خاسی خۆیەوە یارمەتی خەڵك بدات، بەدەست یاریدەی هەژاران و بێدەرامەتان بدات، بەزمان ڕەنجی دەروونی خەڵك کەم بکاتەوە و ئارامیان بکات.

بەکورتی پێویستە لەسەر هەموو زەردەشتییەك کە پێشڕەوبێت لەهاریکاری و یارمەتیدانی هاونەوعی خۆی و لەئەنجامدانی کاری خاس و سوودمەند بەکۆمەڵگا.

ئەم جر ە کەسانە، بۆ هێنانەدی ویست و خواستی ئاهورامەزدا کە بریتییە لەگەیاندنی مرۆڤ بۆ پلەی پوختەیی و بێخەوشێتی، دەبنە یاریدەدەر و دۆست و هاوەلی ئاهورامەزدا.

بەندی ٣:

((ئەی ئاهورا،

کەسێك کە لەتەك خاساندا،

چ کەسوکار بن یا هاوکاران و یاخود یاران،

باشترین هەڵسوکەوتی بێت و میهرەبان بێت لەتەکیاندا،

وەکەسێك کە تێبکۆشێت ئاگاداری ئافەریدەکانی ئافەریدەگار بێت،

ئەو جۆرە کەسە.

جێگەو مەڵبەندی تەلار و سەرزەمینی ڕاستی و بیری خاس (بەهەشت) دەبێت)).

لە بەندی پێشوودا، زەردەشت ئامۆژگاری خەڵك دەکات کە دژی خراپە و خراپەکاران ڕاوێستن و ململانێیان لەتەکدا بکەن، پیلانەکانیان پووچەڵ بکەنەوە.

لەم بەندەدا، داوا لەخەڵك دەکات کە یارمەتی خاس کرداران بدەن و لەتەکیاندا بەمیهرەبانی ڕەفتار بکەن. چاودێری لە گشت ئافەریدەکانی ئاهورامەزدا بکەن. لەپاشاندا مژدە دەدات بەو کەسانە و دەبێژێ هەرکەسێك ئەمە کردەوە بێت، جێگەی تەلار و وولاتی ڕاستی و بیری خاس دەبێت، واتە ویژدانی ئاسوودە و ژیانێکی بەختەوەری هەمیشەیی دەبێت.

ئەوەی لێرەدا شایانی باسە، ئەوەیە کە هەروەکو بەندی یەکی (هات ٣٢) باسمان کرد، سێ دەستە لەهەرە خاسترین پەیڕەوانی زەردەشت ــ لەو سەردەمەدا ــ لای زەردەشت خۆشەویست بوون و زێتر ڕێزی لێدەگرتن.

دەستەی یەکەم ئەو کەسانە بوون کە لەڕووی پاکی و دروستی و خواپەرستییەوە لەخەڵکی دیکە پێشڕەوتر بوون، پێیان دەگوترا دۆست و یار.

دەستەی دووەم، کەسانێك بوون کە لەپلەی یەکەم تێپەڕیبوون و پوختەتر بوون، خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزبوون و بیر و هۆشی خۆیان لەهەمەجۆر کینە و ڕاڕایی و .. پاك کردبۆوە و یارمەتی هەموو خەڵکیان دەدا بێ گوێدانە ڕەنگ و نەژاد و پلەو پایەیان، زەردەشت بەم جۆرە کەسانەی دەگوت(هاوکار)، ئەمانە لەتەك ئەوەی کە لەنێو خەڵکدا بوون، بەڵام هەرگیز سامان و مادیات و پلەو پایە بیری پاکیانی ئاڵۆز نەدەکرد.

دەستەی سێیەم، بریتی بوون لە(کەسوکار) یا (خۆمانییەکان)، ئەو کەسانە بوون کە لەهەردوو پلەی یەکەم و دووەم تێپەڕی بوون و شیاوێتی خۆیان سەلماندبوو، ئەمانە بە تەواوەتی پوختە بووبوون، ئیرادەیەکی پۆلاینیان هەبوو، بەسەر هەوا و نەفسی خۆیان زاڵبوون و زەردەشت فرە متمانەی پێدەکردن.

بەندی ٤:

((کەواتە، ئەی مەزدا،

دەتپەرستم و داخوازیم ئەمەیە لێت:

بیری خراپ و بێ باوەڕی، لەئافەریدە خاسەکانت دوورکەوێت،

لە کەسوکاران، دوودڵی و خۆپەرستی،

لە هاوکاران، نەیارێتی و درۆی نزیکان،

لە یاران، خراپە و لۆمەکردن.

ڕابەرانی درۆزن و فریوکار

لە هەموو جیهانی بووندا، نەمێنن.))

ئەم بەندە، لەتەك بەندی پێشوو و دوو بەندی داهاتوودا، پەیوەندییەکی پتەویان پێکەوە هەیە.

لەم بەندەدا، زەردەشت پاش ئەوەی ستایشی مەزدا دەکا، داخوازی لێدەکات، کە هێزی باوەڕ و بیری خاس بە گشت ئافەریدەکانی ببەخشێت و دووریانبخاتەوە لەبیری خراپ و بێ باوەڕی کە مایەی بەدبەختی و چارەڕەشییە.

ئەوەی لەم بەندەدا پتر سەرنجڕادەکێشێ ئەوەیە کە زەردەشت زۆر بە ڕاشکاوی بە هۆی ستایشی مەزدا، پەنا دەباتەبەر هێز و توانای ئافەریدەکاری دانا و ژیر، کە تەنیا هێزێکە دەتوانێت بەختەوەری بۆ ئادەمیزاد دابین بکات و دووریان بخاتەوە لەبیری کرچوکاڵ و خراپە.

ئەو سێ دەستەیەی لەبەندی پێشوودا باسمان کرد، دووبارە لێرەدا باسیان لێکراوەو داوا لەمەزدا دەکات کە هەر یەکەیان دووربخاتەوە لە کارە ناشایستەکان.

سێ جۆر مەترسی لە خراپە هەیە کە هەڕەشە لەم سێ دەستەیە دەکات: خۆمانییەکان یا کەسوکارەکان، لەبەرئەوەی لەڕووی رۆحانییەتەوە گەیشتوونەتە باڵاترین پلە، باوەڕیان پتەو بیریان پاك

و پوختەیە، هیچ بیرێکی خراپ ناتوانێت جێی مەترسی بێت و هەرەشەیان لێبکات و لەڕێی ڕاست لایانبدات و ویژدانیان ئاژارام بکا.

تەنیا شتێك کە دەتوانێ تا ئەندازەیەك باوەڕیان لەق بکات، خۆپەرستی و من منایەتییە. هەر لەبەر ئەمەیە زەردەشت داوا لەمەزدا دەکات، کە ئەم (خەسڵەتە) لە کەسوکار و خۆمانییەکان دووربکات.

دەستەی هاوکاران، هەروەکو لەمەوبەر باسمان کرد، هەرچەندە فریوکارەکان ناتوانن زەفەریان پێبەرن، بەڵام ئەمانیش وەکو هەموو مرۆڤێکی دیکە خاڵی لاوازیان هەیە ئەو خاڵە بریتییە لەوەی کە ناتوانن خۆیان ڕابگرن بەرامبەر ویست و خواست و ئارەزووی خۆشەویستە نزیکەکان و کەسوکاریان. ئەم خاڵە لاوازە زۆرجار دەبێتە هۆی لادان لەڕێی ڕاست و ئاڵۆزکردنی بیریان.

دەربارەی دەستەی سێیەم، واتە (یاران)، چونکە ئەم دەستەیە هێشتا لەپلەی یەکەمدان و بە تەواوەتی پوختە نەبوون، لەبەرئەوە خراپەکاران و لۆمەکاران دەتوانن دڵیان ساردبکەنەوە و ڕێیان لێ چەواشەبکەن. لەبەرئەوە زەردەشت داوا لە خوای دانا و ژیر دەکات، کە ئەم سێ دەستەیە لەبەڵا و دەستدرێژی ئەو جۆرە سیفەتانە وەدووربخات.

لەکۆتاییدا داوادەکات دەستی رابەر و پێشەوا درۆزنەکان لە هەموو جیهاندا کورت بکات تا نەتوانن دەستدرێژی بکەنە سەر بەرژەوەندی خەڵك و گومڕایان بکەن و لەڕێی ڕاست دووریان بخەنەوە.

لەم بەندەدا، زێتر ئەوەمان بەرچاو دەکەوێ کە زەردەشت ئارەزوودەکا کۆمەڵگایەکی پاك و ڕاست و دروست لەسەراسەری جیهان سەقامگیربێت بۆئەوەی بەختەوەری و شادی و خۆشی و بیری خاس و باوەڕی پاك بۆ هەموو مرۆڤ دابین بکرێت.

بەندی ٥:

((کەواتە،

بۆ گەیشتنە هیوا و ئارەزووەکانم،

بەدەست هێنانی ژیانی نەمرێتی،

گەیشتنە شالیاری بیری خاس،

داوای یارمەتی لە(سروش) دەکەم،

کە لەمەزنترین سیفەت و نیشانەکانتە،

بە هەنگاو هەڵنان لەڕێی ڕاست و دروستدا،

بگەمە بارەگای فەرمانڕەوایی مەزدا ئاهورا.))

لەم بەندەدا، زەردەشت گوێڕایەڵی لەبانگهێشتی ویژدان بە تەنیا ڕێگەیەك بۆ گەیشتنە ئارەزووەکانی مرۆڤ دەزانێت، کە بریتییە لە رزگاری و بێ خەوشێتی، بۆیە پەنا دەباتەبەر یەکێ لەمەزنترین سیفات و نیشانەکانی ئاهورامەزدا کە بریتییە لە (سروش).

ئاوات و هیوای هەموو کەسێك لەژیاندا هەستکردن بە بەختەوەری و خۆشی هەمیشەییە، ئەم ئارەزووەش کاتێك دێتەدی کە مرۆڤ بگاتە پلەی بێ خەوشێتی، بۆ گەیشتنە ئەم پلەیە، پێویستە مرۆڤ هەموو ئەو قۆناغانەی لە باسی فەلسەفەی ئەمشاسپەندادا باسمان کرد، بپێوێت کە بریتین لەبەرخوداری لەخوڕەوشتی بەرز و لەخۆبردن و پاکی و ڕاستی. ئاسانترین و کورتترین ڕێگەی گەیشتنە ئاوات و دوا ئارەزووی مرۆڤ و هەست پێکردن بە بەختەوەری بریتییە لە گوێڕایەڵی لەبانگهێشتی ویژدان و بەجێهێنانی فەرمانەکانی ئیزەدی سروش کە هەروەك تیشکێکی ئافەریدەگاریی لەناخی دەروونی هەر یەك لەئێمە دەدرەوشێتەوە و لەکاتی پێویستی و سەغلەتیدا بەدەم هاوارمانەوە دێت. ئەم سروشە لە (گاتا)کاندا بە مەزنترین و هێژاترین یاوەر ناوی لێبراوە، کە هەمیشە مرۆڤ بۆ سەر ڕێی ڕاست ڕێنمایی دەکات، بە مەرجێك کە بە دروستی فەرمانەکانی جێبەجێ بکەین و دووربین لە کینە و من منایەتی و....

لەکۆتاییدا دەبێژێ: با بە هۆی ڕاستی و دروستی و پاکی و دوورەپەرێزی لە خراپە و گەندەڵی بگەینە بارەگای ئاهورامەزدا، ئافەریدەگاری ژیر و دانا، کە پێی دەبێژرێ بەهەشت.

بەندی ٦:

((ئەز،

هەروەك ئافەریدەگار پەرستێك کە باوەڕی پتەوی بە ڕاستی،

بە خاسترین بیر،

خۆشەویستی بە تۆ هەیە،

هەروەکو تۆ گەرەکتە،

ئەمنیش دەخوازم بەو جۆرەی کەتۆ دەتەوێت ڕێنمایی و رابەرایەتی خەڵك بکەم،

ئەی مەزدائاهورا،

ئارەزووم ئەوەیە بتبینم و گفتوگۆت لەتەکا بکەم.))

لەم بەندەدا بە ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکا کە زەردەشت لەلایەن ئاهورامەزداوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵبژێراوە بە پەیامبەرێتی و ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بۆ هەڵسان بەم کارە پیرۆزە، کە بریتییە لەڕێنمایی خەڵك.

لەم بەندەدا، زەردەشت بۆئەوەی ئەرکی سەرشانی وەك پەیامنێرێك بە خاسی ئەنجام بدات، بە ئاشکرا دەبێژێ کە پێویستی بەوە هەیە کە ئەو پرسیارانەی لە ئاهورای هەیە وەڵام بدرێتەوە و لەلایەن مەزداوە ئیلهامی پێ بکرێت و دەستوورە پێویستەکانی پێ بدرێت.

زەردەشت بە هەموو دڵ و گیانییەوە و بە باوەڕێکی پتەوەوە ئافەریدەگاری دانا و ژیر دەپەرستێت و داوای یارمەتی لە ئەقڵی تەواوسەنگی ئاهورادەکات، کە یاریدەی بدا بۆئەوەی وەك پێویست و بەو شێوەیەی ئافەریدەگار گەرەکێتی ڕابەرایەتی خەڵك بکات و هەموو دەستوورەکانی وەك پێویست بەکاربهێنێت.

بە کورتی بێژین، زەردەشت شیوەی پەرستنی ئافەریدەگاری پێشان داوە و دەبێژێ: دەبێ بە هۆی ڕاستی و پاکی و باوەڕی پتەو و دڵێکی پاکەوە ئافەریدەگار بپەرستین.

بەندی ٧:

((ئەی مەزدا،
ئەی خوای ژیر ودانا، ئەی خاسترین خاسان،
نزیك بەرەوە لێم و خۆتم لێ ئاشکرابکە.
تا لەژێر سایەی ڕاستی و بیری خاس،
بتوانم وتەکانم و بیر و باوەڕم،
ڕابگەیەنم و جگە لە ئەنجومەنی مۆغەکان،
بە گوێی خەڵکی دیکەشی بگەیەنم،
بە گوێی ئەو شتەی کە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە،
ئەو نوێژ و ستایشتەی کە شایانی تۆیە،
لێمان ڕوون و ئاشکرابێت.))

لەم بەندەدا زەردەشت بۆئەوەی ڕاسپاردەکەی بە خاسی ڕابگەیەنێت و بە چاکی و دروستی ڕابەرایەتی خەڵکی بکات، دەبێژێ:

ئەی خوای ژیر و دانا، ئەی مەزدا، لێم نزیك بەرەوە و بە هۆی ئیلهامەوە ڕاستیم بۆ ڕوون بکەرەوە و بەهرەمەندم بکە لەخەڵاتی (ئاشا) و (وەهومەن)، واتە دیاردەکانی راستی و دروستی و بیری خاس و زانست، تا بتوانم جگە لەئەنجومەنی مۆغەکان یانی پەیڕەوانی راستەقینە و بە ئەمەك و ناسینی ئافەریدەگار، خەڵکی دیکەش ڕێنمایی بکەم و ڕابەریەتییان بکەم بۆئەوەی ڕێبازی پەرستنی ئافەریدەگار و راستی بگرنەبەر و گوێ بۆ ئامۆژگاری و قسەکانم شل بکەن.

لەپاشان دەبێژێ: با خەڵکی ڕێ و ڕەوشی ستایشت و پەرستنی راستی و ئەرکی سەرشانی خۆیان بەرامبەر بە ئافەریدەگار بزانن و چۆنێتی ڕێزگرتنیان فێربن.

ئەوەی کە لەم بەندەدا زێتر سەرەنج رادەکێشێ ئەوەیە کە زەردەشت جگە لەئەنجومەنی مۆغەکان، کە پەیڕەوانی ڕێگەی راستی و دروستین و خواپەرستن، خەڵکی گومڕاو لادەرانیش بەرەو ڕێی راستی داوەت دەکات.

بەندی ٨:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

ئامانج و مەرامی تەواوەتی و ڕاسپێرییەکانم بۆ ڕوون بکەرەوە،

بۆئەوەی لەژێر سایەی بیری خاس،

ئەنجامیان بدەم،

لە ڕێی ڕاستییەوە ستایشتت بکەم،

ئەی مەزدا،

خەڵاتی هەمیشەیی پوختەیی و نەمرێتیم،

پێ ببەخشە.))

لەم بەندەدا، زەردەشت بۆئەوەی خاستر بتوانێت ڕاسپێرییەکەی ئەنجام بدات، داوای یارمەتی لە خوای دانا و ژیر دەکات و دەبێژێ ئەو ڕێگایەی کە دەبێ بیگرمەبەر بۆم ڕۆشن بکە و دوا ئامانج و مەرامی ژیانم بۆ ڕون بکەو بیری خاس و زانستم پێ ببەخشە بۆئەوەی بە هۆی ئەم نیشانە خواییە بتوانم پێویستی سەرشانم و راسپێرییەکەم ئەنجام بدەم و بانگەوازی خەڵك بکەن بۆئەوەی ستایشتت بکەن و ڕێز لە هەموو نیشانەکانت بگرن کە خۆیان لەئەمشاسپەندان دەنوێنن.

لێرەدا زۆر بە ڕاشکاوی ئـەوەمان بـۆ ڕۆشـن دەبێـت کـە زەردەشـت دەیـەوێت بـە هـۆی هێـزی (وەهومەن) واتە بیری خاس و ویژدانی پاك و زانست و ئیلهامی خواییەوە، ئامانج و ئەو ڕێگەیەی بـۆ ڕۆشن بێـتەوە کە چەندین ساڵ هەوڵ و کۆششی بۆداوە بۆئەوەی ڕێگەی ڕاست پێشانی خەڵك بدات.

هەروەها داوا لە خوا دەکا و ئارەزووی ئەوەیە کە ئەو ستایشـتەی خـەڵك کـە بـە دڵێکـی پـاك و باوەڕێکی پتەوەوە بەراستی و دروستی ئەنجامی دەدەن لێیـان قبـوڵ بکـات و خـەڵاتی بەختـەوەری و تەندروستی و پاکی و نەمرێتی مەعنەوییان پێ ببەخشێت.

بەندی ٩:

((ئەی مەزدا،

ئەم دوو هێزە مەزنە کە (ڕاستی و پاکی) و (نەمرێتی)یە،

لە تۆوەیە،

بەرۆشنایی دڵ و بیر و زانست وەدەست دێن،

با،

لەژێرسایەی خاسترین بیر،

لە خەڵاتی ئاسمانی ئەم دوو هێزە هاوکرداره

بەهرە وەربگرین.))

لەبەندی پێشوودا گوتمان کە زەردەشت داوا لە ئاهورامەزدا دەکات، کە پوختەیی و نـەمرێتی پـێ ببەخشێت، بۆئەوەی بتوانێت ئەو پەیامەی پێی سپێردراوە بە خاسی ئەنجامی بدات.

لەم بەندەدا دەبێژێ: ئەی خوای ژیر ودانا، دەزانم کە ئەم دوو خەڵاتە خواییە یا ئـەم دوو گەوهـەر و هێزە واتە پوختەیی و نەمرێتی لەنیشانە تایبەتییەکانی تۆیە و تەنیا بە هۆی بیر و زانستەوە وەدەسـت دێن. هەروەها خاس دەزانم کە بەدەست هێنانی ئەم دوو خەڵاتـە دەبێتـە هـۆی گەشـەکردنی پـاکی و ڕاستی و دروستی و ئاوەدانی و پێشکەوتنی جیهان.

لەبەرئەوە داوات لێدەکەم کە لەژێرسایەی بیری پاك و بێخەوش و خۆشەویستی خـەڵك و بـە هـۆی ئەقڵ و زانست ئەم دوو خەڵاتە خواییە کـە هـەروەك دوو ڕۆح لـە لەشـێکدان و هاوکـار و یەکسـان و هەمیشە پێکەوەن، پێم ببەخشێت.

بەندی ١٠:

((ئەی مەزدا،

ئاسایش و خۆشییەکانی ژیان کە تائێستا بووە و هەیە و دەمێنێ،

گشتیان لە تۆوەیە،

بە میهرەبانی خۆت ئەمانەمان پێ ببەخشە،

لەژێرسایەی بیری خاس و هێزی مەعنەوی و راستی،

تەندروستی و بەختەوەریمان زێتر بکە.))

لەم بەندەدا، زەردەشت گشت خۆشییەکانی ژیان، خاسییەکانی، ئارامی و ئاسایش و جوانییەکانی، هەموی بە ئافەریدەی ئاهورامەزدا دەزانێت و ئارەزوی ئەوەیە کە مرۆی خاس کردار و پاك، بەرخوردار و کامڕەوابن پێی، زەردەشت لەم بەندەدا دەبێژێ: ئەی خوای دانا و ژیر، لە ڕووی میهرەبانی خۆتەوە، ئافەریدە خاسەکانت بەم نیعمەتانە کامرەوابکە و بە هۆی هێزی بیری پاك و خۆشەویستی یەکدی و هێزی مەعنەوی و پاکی و راستی رزگاریان بکە و بیانگەیەنە بەختەوەری هەمیشەیی کە ئارەزووی هەموو مرۆڤێکە.

ئەوەی زێتر لەم بەندەدا دێتەبەرچاو و سەرنجڕادەکێشێ ئەوەیە، کە زەردەشت زۆر بە ڕاشکاوی دەبێژێ، هەموو خۆشی و خاسی و شادمانی و ئاسایش و ئارامییەکان لەلایەن ئافەریدگارەوە بە مرۆڤ خەڵات کراوە و مرۆڤ دەبێ بەرخوردار و کامڕەوابێت بەم خەلاتانە و بەشێوەیەکی خاس سوودیان لێوەربگرێت.

لە کۆتایی ئەم بەندەدا، زەردەشت بیری خاسی بەهۆیەك داناوە بۆ گەیشتنە بەختەوەری هەمیشەیی و رزگاری.

بەندی١١:

((ئەی مەزدا ئاهورای مەزنان مەزنتر،

ئەی ئارمەئیتی ـ دیاردەی باوەڕ و فیداکاری،

ئەی ئاشا ـ دیاردەی راستی ـ مایەی ئاوەدانی جیهان،

ئەی وەهومەن ــ دیاردەی بیری خاس،
ئەی وەخوشترا ـ دیاردەی توانایی مەعنەوی،
گوێم بۆ ڕابگرن،
ئەوکاتەی کە پاداشتی کرداریان دەدەنەوە،
لەتەك منیشدا میهرەبان بن و لەبەخشندەیی خۆتان،
بێ بەشم مەکەن.))

لەم بەندەدا، زەردەشت داوا لە ئاهورامەزدا و فریشتەکانی(واتە دیاردە پیرۆزەکانی ئاهورا) دەکات کە یاریدەی بدەن و ئارەزوو دەکا کە لەرۆژی پەسلاندا کە هەرکەس بە گوێرەی کار و کردارێك کە ئەنجامیداوە پاداشت و سزای خۆی دەبینێ، میهرەبانی و لێبوردنیان ئەمیش بگرێتەوەوە درێغی لێ نەکەن.

شایانی باس لەم بەندەدا ئەوەیە کە:

ئاشا واتە (راستی و پاکی) بە سیفەت و مایەی ئاوەدانی جیهان باسکردووە، بێگومان راستی و دروستی و پاکی مایەی پێشکەوتن و ئاوەدانی جیهانە و هۆی خۆشی و ئاسایشی خەڵکییە، بە پێچەوانەوە، درۆ و خیانەت و دزی و جەردەیی و فریو مایەی بەدبەختی و چارەرەشی و دواکەوتنە.

زەردەشت بۆ ڕاگوێزی جیهان بەرەو پوختەیی و پێشکەوتن و بەرخورداری لەنیعمەتی خۆشی و ئاسایش و ئازادی و ئاوەدانی، دیاردەی (ئاشا) کە بریتییە لە راستی و دروستی و پاکی بە پێویست داناوە.

زەردەشت، راستی و پاکی بە (هۆ)یەك بۆ رزگاری مرۆڤ داناوە، هاوڕێ لەتەك یاریدەی دیاردەکانی دیکەی ئاهورامەزدا، هیواداره کە لەرۆژی پەسلاندا کە کار وکرداری ئافەریدەکان هەڵدەسەنگێنرێت و خاس کردەکان و بەدکرداران پاداشت و سزای خۆیان دەبینن، کەرەم و میهرەبانی ئاهورامەزدا ئەمیش بگرێتەوە.

بەندی ١٢:
((ئەی مەزدا ئاهورا،
خۆتم لێ ئاشکرابکە،

به هۆی (ئارمەئیتی)توانایی مەعنەویم پێ ببەخشە،
بە یارمەتی رۆحی پاکی خۆت،
وەلامی نیایشتەکانم بدەرەوە.
بە یارمەتی راستی (ئاشا)،
لە هێز و توانا بەرخۆردارم بکە،
بەیارمەتی بیری خاس (وەهومەن)
هێز و توانای رابەرایەتیم پێ ببەخشە.))

ئەم بەندەلەتەك دوو بەندی داهاتوو، بریتین لەداخوازی زەردەشت لە ئاهورامەزدا، لەم بەندەدا زەردەشت دەبێژێ: ئەی مەزدای دانا و ژیر، خۆتم لێ ئاشکرابکەو توانایی خۆتم پێشان بدە. بۆ گەیشتنە ئەم ئارەزووە داوای توانایی مەعنەوی و هێزی رۆحی و بەرخورداری لە گشت خاسییەکانی جیهانی کردووە. هەروەها زەردەشت هیواداره کە بە بەهێزکردنی دیارده پاکەکانی ئاهورایی، واتە، باوەڕ و فیدارکاری ـ راستی و دروستی و پاکی، بەیارمەتی بیری پاك و ژێریتی و زانست بتوانێت پێشەوایی و رابەرایەتی خەڵك بگرێتەئەستۆ و بە خاسی ئەنجامی بدات. لەهەمانکاتدا زەردەشت دەبێژێ کە ستایشێك کە لە کانگەی دڵەوە و بە نیەتێکی پاك ئەنجام بدرێت بێگومان بێ پاداشت نامێنێ.

ئەوەی کە لەم بەندەدا زۆر گرنگە، مەسەلەی رابەرایەتی و پێشەوایەتی خەڵکە بە بیرێکی پاك و ژێریتی و زانستەوە. کەسێك کە پلەوپایەی پێشەوایەتی و ڕابەرایەتی خەڵکی لەئەستۆدایە دەبێ کەسێکی ژیر و دوور ئەندێش بێت و ئەو کارانەی دەیکات دەبێ بە هۆی ئەقڵ و زانست ئەنجام بدرێت. هەروەها پێویستە ویژدانێکی پاك و بیرێکی رۆشنی هەبێت و خێر وخۆشی خەڵك ڕەچاو بکات.

بەندی ١٣:

((ئەی مەزدا ئاهورای چاوتیژی فرە بینا،
خەڵات و بەخشیشی بێ ئەندازەت کە لەشالیاری تۆ(خشترا)،
لە بیری خاسەوەیە (وەهومەن).
بۆ بەختەوەری و شادمانیم،
ئاشکرای بکە لێم،
تۆ ئەی (پاکی و پوختەیی)،
بە هۆی راستییەوە،
رۆشنایی دڵم پێ ببە خشە.))

زەردەشت، بۆ گەیشتنە نیعمەتی شادمانی و بەختەوەری ڕاستەقینە، ئارەزووی بەرخورداری لەخەڵاتەکانی وەهومەن و خەشترا دەکات.

هەروەکو لەبەندەکانی پێشوودا بۆمان ڕوون بۆوە بەخشیشەکانی وەهومەن بریتین لەرۆشن بینی و ژێریتی و زانست و توانای تێگەیشتن و نیەتی پاك و خۆشەویستی خەڵك و لەخۆبوردن. بەخشیشەکانی (خەشترا) بریتییە لەهێزی لەش بۆ ئەنجامدانی کار.

ئاشکرایە کە بەختەوەری و شادمانی بە هۆی رۆشەن بینی و خۆشەویستی خەڵك بە سوودوەرگرتن لەهێزی مەعنەوی و کار وکۆشش وەدەست دێت.

بۆیەکا زەردەشت داوادەکات، کە بەرخۆرداربێت لەم بەخشیشانە. هەروەها بۆئەوەی هەرکەس بتوانێت خاس لە راستی خۆی و ویژدانی خۆی بگات و کەموکوڕییەکانی خۆی دەستنیشان بکات، پێویستە راستی و پاکی بکاتە پیشەی خۆی، پەنا بەرێتەبەر خۆشەویستی و باوەڕ بە ئافەریدگار بۆئەوەی دڵی بە هۆی نوری باوەڕ و راستی رۆشەن بێت و بگاتە ئەوەی هەست بەڕاستی، واتە ناسینی ئافەریدگاری بکات.

زەردەشت ناسینی ئافەریدگاری هاوجووت لەتەك ناسینی خۆ داناوە و دەبێژێ سەرەتا خۆت بناسە تا بتوانی رێگەی ناسینی ئافەریدەگار بدۆزیتەوە. بۆ ناسینی خۆ (خۆناسین)، راستی و پاکی و باوەڕ بە ئافەریدەگار و ئیرادەی پتەو و بیری پاك و رۆشەن پێویستە.

خۆناسین، دەبێتە هۆی شادومانی و خۆشی، ئەمە شتێکە زەردەشت نە تەنیا بۆ خۆی بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤی ئارەزوو کردووە.

بەندی ١٤:

((ئێستا ئیدی زەردەشت،

هەموو لەش و گیان،

هەڵبژاردەیەك لەبیری خاسی خۆی،

پێشکەش بە مەزدا دەکات،

خاسترین کردار و وتەو فەرمانبەری لە دەستوورەکانی خوایی،

هەموو هێز و توانای مەعنەوی خۆی،

پێشکەش بە راستی (ئاشا) دەکات.))

لەم بەندەدا، زەردەشت ڕادەی باوەڕ و فیداکاری خۆی بە ئاهورامەزدا پێشان دەدات و دەبێژێ، بە لەش و گیان و هەموو (بوونی) خۆی، ئاهورامەزدا ئافەریدەگاری دانا و ژیر ستایشت دەکا و هێزی بیرکردنەوەی خۆی کە یەکی لەمەزنترین و پیرۆزترین خەڵاتەکانی ئافەریدەگارە، جگە لەڕێی بڵاوکردنەوەی باوەڕی یەکتاپەرستی و خێر و خۆشی خەڵك، هیچ ڕێگەیەکی دیکە ناگرێتەبەر، بەم شێوەیە قەرزی خۆی دەداتەوە. لەپاشان دەبێژێ: (ئاشا) واتە راستی و پاکی دەکاتە سەر لەوحەی ژیانی خۆی و پەیڕەوی لە فەرمانەکانی ئافەریدەگار و بانگهێشتی ویژدان دەکا و هەموو هێزی لەش و کردار و وتەی خۆی پێشکەش بە ئاشا دەکا. واتە جگە لە راستی هیچ وتەیەکی دیکە لەزاری دەرناچێت و هیچ هەنگاوێك جگە لەسەر ڕێگەی راست هەڵناهێنێت و گیانی خۆی لەڕێی راستیدا بەخت دەکات.

ئاڤێستاناسان دەبێژن لەم بەندەدا وا دەردەکەوێت کە کاتێك زەردەشت ئەم بەندەی بێژاوە نەیارەکانی تەنگیان پێ هەڵچنیوە و بە هەڕەشەو بڕێ جار بە تەماح خستنەبەر هەوڵیان داوە لەڕێی یەکتاپەرستی و راستی لایبدەن و بیخەنە سەر ئایینی خۆیان. بەڵام زەردەشت سەرسەختانە بەرامبەریان ڕاوێستاوە و بە باوەڕێکی پتەوەوە بە ئافەریدەگار، بەرگری لەباوەڕی خۆی دەکات.

ئەوەی لەم بەندەدا شایانی باسە ئەوەیە کە زەردەشت، ئیتاعەت لەبانگەوازی ویژدان و فەرمانبەرداری لە دەستوورەکانی، پەیڕەوی لە راستی و دروستی و دوورکەوتنەوە لە درۆ، بە مایەی رزگاری و بەختەوەری دەزانێت، لە شوێنێکی دیکەدا دەبێژێ: ((لەجیهاندا یەك ڕێگە هەیە و ئەویش ڕێگەی راستییە.))

سروودی حەوتەم

یەسنا ــ هات ٣٤

بەندی ١:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

ئەو بیر وکردار و وتە خاسانەی کە.

نەمرێتی و ڕاستی و هێزی پوختەبوون بە خەڵك دەبەخشێت،

هەموو ئەمانە،

سەرەتا پێشکەش بەتۆی دەکەم.))

لەبەندی پێشوودا، زەردەشت فیداکاری و خۆبەختکردن لەپێناوی بڵاوکردنەوەی ئایینی خواپەرستی گەیاندە دوندی بێخەوشێتی، ئامادەگی خۆی دەربڕێ، کە گیانی خۆی فیدابکات بۆ گەیشتنە ئامانجە پیرۆزەکەی.

لەم بەندەدا درێژە بە گوفتارەکەی دەداو دەبێژێ:

بیر و وتار و کردارە خاسەکان کە بە نییەتێکی پاك و لە کانگەی دڵەوە ئەنجام دەدرێت، شوێنەوارێکی فرە خاس و بەنرخی دەبێت، کە بریتییە لەبەهرە وەرگرتن لە خەڵاتی یەزدانی، کە بریتین لە ڕاستی و پاکی و پوختەبوون و نەمرێتی.

لێرەدا زەردەشت ئەو سێ بنمایە واتە، بیر، وتە و کرداری خاس بە بنچینەی بەختەوەری و بەهرە وەرگرتن لەنیعمەتی پوختەیی و نەمرێتی دەزانێت و دەبێژێ پێویستە هەمیشە و پێش هەموو شتێك ئەم سێ بنمایە بێ ڕیاو دوو ڕوویی پێشکەش بە یەزدانی بکەین. مەبەستی زەردەشت ئەوەیە کە پێویستە لەسەر مرۆڤ هەمیشەو لەپێش هەموو شتێکدا ئاهورامەزدا ڕەچاوبکرێت بۆ هەموو کارێك.

بەندی ٢:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

مرۆی پاك و بیر خاس،

كە رۆح و ڕەوانی لەتەك ڕاستیدا ئاوێتەیە،

هەموو بیر و كرداری خۆی پێشكەش بەتۆ دەكات،

باوابێت كە،

بە هۆی نیایش و پێداهەڵدانێك كە دەیكەین،

لێت نزیك بینەوە.))

زەردەشت لەم بەندەدا دەبێژێ: مرۆی پاك و بیرخاس كە ڕاستی و دروستییان كردۆتە دروشمی ژیانیان، كەسانێكن كە هەمیشە لەبیر وكردار و وتەكانیاندا ئافەریدەگار ڕەچاودەكەن، چونكە باوەڕی تەواویان پێی هەیە. ئەمانە كار بۆخوا دەكەن بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ جۆرە پاداشتێكیان لێ هەبێت، هەرشتێك ئەنجام دەدەن لەپێناوی خزمەت و وەكو ئەركی سەرشانیان ئەنجامی دەدەن و لەبیری خۆیاندا جگە لەخۆشەویستی ئافەریدەگار و مرۆڤ هیچ سەودایەكی دیكەیان نییە. ئەمانە ئەڤینداری ئافەریدەگارن و بیر و وتەو كرداری خاسی خۆیان نەزر و پێشكەشی ئەو دەكەن. بە واتەیەكی دیكە بیركردنەوەیان لەپێناوی بەختەوەری و ئاسایشی گشت مرۆڤەو هەر هەنگاوێك كە هەڵیدێنن بەناوی خوای خولقێنەرەوەیە. لەكۆتاییدا زەردەشت دەبێژێ، ئەی مەزدا با بە هۆی ستایش و پێداهەڵدانێك كە دەیكەین لێت نزیك بینەوە، زەردەشت ئارەزوی دڵی خۆی دەردەبڕێ و ئاشكرای دەكا و دەیەوێت، كە هەموو ئافەریدەكانی خوا ببنە لایەنگری ڕاستی و بە هۆی ستایشتی ئافەریدەگار هەموو بیر و هۆشی خۆیان ئاراستەی ئەو هێزە مەزنە بكەن و لێی نزیك ببنەوە.

بەندی ٣:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

ئەوەی شایانی تۆ و لەڕێی ڕاستیدایە،

بەرێزەوە لەنیایشتتدا بەجێی دێنین و پێشكەشی تۆی دەكەین،

باهەموو خەڵك،

لەژێرسایەی بیری خاس و شالیاری تۆ،

بگەنە پلەی پوختەیی.

ئەی مەزدا،
لەڕاستیدا مرۆی دانا و رۆشنبیر،
هەمیشە لەهێزی مەعنەوی تۆ بەهرەدەبەن.))

لەم بەندەدا، زەردەشت سێ باس دێنێتە پێشەوە، سەرەتا لە خوای دانا و ژیر ئارەزوو دەکا کە بتوانێت ئەو شتەی کە شیاوی ئەوە (ئاشا) کە دیاردەی راستی و پاکییە ئەنجام بدات. راستی و دروستی و پاکی و پوختەیی، خۆشەویستی و یارمەتیدانی خەڵك و هەموو ئافەریدەکانی بە کەڵك و سوودمەندی خوا، سوپاسکردنی خوا بۆ ئەو هەموو خەڵات و بەخشیشانەی کە پێی داوین بە هۆی ستایشت و نوێژ و.... ئەمانە ئەو کارانەن کە دەبنە هۆی رزگاریمان و رەزامەندی ئافەریدەگار لێمان. خاسترین و ستایستەترین شتێك کە مرۆ دەتوانێ پێشکەشی ئافەریدەگاری خۆی بکات بریتییە لەبیری چاك، وتەی خاس و کرداری پەسەند و ستایشتێك، کە لە کانگەی دڵەوە بێت.

پاشان زەردەشت ئارەزوو دەکا کە گشت ئافەریدەکان لەژێرسایەی بیری پاك و خەڵاتی وەهومەن کە بریتییە لە هۆش و ژێرێتی بۆ وەرگرتنی زانست بگەنە ڕادەی پوختەیی و مرۆی زانایان لێدەرچێت لە کۆتاییدا دەبێژێ، دەزانم کە مرۆی دانا و رۆشنبیر کەسێکە کە سوود لە نیعمەت و خەڵاتی وەهومەن وەردەگرێ و لەهێزی مەعنەوی و ئیرادەی بەهێز بۆ ئەنجامدانی کاری بەکەڵك و خاس بەهرە وەردەگرێ.

بەندی ٤:
((ئەی مەزدا ئاهورا،
ئێمە توانا و وزەی رووناکی تۆمان دەوێت،
کە لەژێرسایەی ڕاستیدا دەدرەوشێتەوە،
ئەو رووناکییە کە نەمر و توانایە و
بە ئاشکرا ڕێنمایی لایەنگرانی راستی دەکات،
بە تواناییەوە یارمەتییان دەدات،
دوژمنایەتی و ئازاری نەیاران
دەبینێت و دەست نیشانیان دەکا و دووریان دەخاتەوە.))

لەم بەندەدا زەردەشت باسی ڕووناکی نێو دەروون و یاخود بێژین ویژدانی ڕۆشن و زیندووی مرۆڤ دەکات. بەم ڕووناکییە دەگوترێت ڕووناهی خوایی و گەرمایی مەعنەوی و دەروونی. ئەم ڕووناکییەیە کە مرۆڤ بەرەو کار و کرداری خاس دەباو نەبوونی بەرەو کاری خراپ رادەکێشێ.

ئەم ڕووناکییە بە هۆی پاکی و راستی و دروستییەوە هەمیشە دەدرەوشێتەوە و درخشانە و دڵی مرۆڤ ڕۆشەن دەکا و بیری بەرەو کار و کردەوەی خاس و یارمەتی بێ دەرامەتان و بێ دەسەڵاتان ڕێنمایی دەکات.

ویژدانی بێدار و ڕووناکی دەروونە کە خراپەکاران دەهێنێتەوە سەرهۆش و بیرە ئاڵۆز و خراپەکانیان ئاشکرادەکا و ئاگاداریان دەکاتەوە لەو مەترسییەی کە لەبۆسە دایە بۆیان. ئارزووی زەردەشت ئەوەیە کە هەموو خەڵك بەهرە لەم ڕووناکییە دەروونییە و نوری خواییە وەربگرن، کە بریتییە لەویژدانی بێدار و بیری پاك و ڕۆشن، بۆئەوەی سۆزو هەستی خۆشەویستی یەکتر لە دڵیاندا زێتر و مەزنتربێت و لە ڕێگەی راستی و پاکی هەنگاو هەڵبێنن و تێبکۆشن بۆ پێشکەوتن و پێگەیاندنی کۆمەڵگا.

گرنگی ئەم بەندە لەوەدایە کە پێماندەبێژێ ئەم ڕووناکییە لەژێرسایەی راستی و دروستیدا درەخشانە. ئەو کەسانەی کە درۆزنی و ریاکاری و دووڕوویی و ئازاردانی خەڵك و رك و کینە داریان کردۆتە پیشەی خۆیان، لەراستیدا ویژدانی خۆیان کوێرکردووە و دڵ و دەروونیان لە ڕووناکی و نور و ویژدانی پاك بەتاڵە، بۆیەکا ڕێگەی هەڵە دەگرنەبەر و دووچاری چارەنووسی ڕەشی خۆیان دەبن.

ویژدانی بێدار و دڵ و دەروونی ڕۆشن هەمیشە وانەی مرۆڤایەتی و ئەمەکداری و خۆشەویستی و میهرەبانی و خزمەتکردنی خەڵك و پاکی لەژیاندا بە خەڵك فێردەکا و بەرەو بەختەوەری و خۆشییان دەبات. بە پێچەوانەوە، ڕووناکی ویژدانێك کە خامۆش بووە. مرۆڤ بەرەو دڵڕەقی و خراپەکاری دەبات.

لە روانگەی ئەم بیرەوە، زەردەشت، بەهەشت و دۆزەخ بە ئاسوودەیی بیر و ئاسایشی ویژدان و ناڕەحەتی و ئەشکەنجەی ویژدان دەزانێت کاتێك کە مرۆڤ بیری پاك و ڕۆشەن بێت و ویژدانی بێدار و ئاسوودەبێ، خۆی لەبەهەشتا دەبینێتەوە و هەموو شتێك لەروانگەی خۆشبینی دەبینێت و لەتەك هەموواندا بە میهرەبانی و خۆشەویستییەوە دەجولێتەوە و هەرگیز هەست بەرق و کینە و بەخیلی بەرامبەر بە کەس ناکات. بە پێچەوانەوە، کاتێك ڕووناکی ویژدانی خامۆش بێت و تاریك دابێت و بیری ناراحەت بێ، هەموو شتێك بەچاوی ڕەشبینییەوە دەبینێ و بە چاویلکەی تاریکەوە دەڕاونێتە هەموو جیهان و ڕەش دەبینێ. بیری ئاڵۆز و خراپ لەلایەکەوە و ئەشکەنجە و ناڕەحەتی ویژدان

لەلایەکی دیکەوە دووچاری ئەشکەنجەی دەکا و جیهان بەهەموو جوانی و خۆشییەکییەوە وەك دۆزەخی سووتێنەر دێتەبەرچاوی.

بەندی ٥:

((ئەی مەزدا،

چەندە مەزن و بەشکۆیە شالیاری و توانایی تۆ،

چەندە ئارەزوو دەکەم کە لەڕێی تۆدا خزمەت بکەم و بگەمە لای تۆ،

هاوڕێ لەتەك ڕاستی و بیری خاسدا،

ببمە یار و یاوەری لایەنگرانی تۆ.

لەمەزنان مەزنترت دەزانم،

بێزارم لە خوا درۆزنەکان و مرۆ خراپەکان.))

لەم بەندەدا، زەردەشت باسی هێز و توانایی لە ڕادەبەدەری مەزدا دەکا و لە هەموو شتێك مەزنتری دەزانێت. ئارەزووو ئاواتی ئەوەیە، کە بە هۆی کرداری خاس و خزمەتکردنی خەڵك و ڕاستی و دروستی و پاکی و لەژێرسایەی بیری پاك و ویژدانی ڕۆشەن و یارمەتیدانی بێ دەسەڵاتان و هەژاران، لە خوا نزیك ببێتەوە. واتە ئەو کردەوانە ڕێگەن بۆ گەیشتنە لای خوا.

زەردەشت چوار مەرجی داناوە کە دەبنە هۆی نزیکبوونەوە لە ئاهورامەزدا، یەکەم ڕاستی و پاکی، دووەم ڕۆشەندڵی و خۆشەویستی، سێیەم خزمەتکردنی خەڵك و ئەنجامدانی کاری خاس ئەویش تەنیا لەبەر هەڵسان بە ئەرکی سەرشان نەك بەهیوای وەرگرتنی پاداشت، چوارەم یارمەتیدانی هەژاران و بێ دەرامەتان. لەکۆتایی ئەم بەندەدا، زەردەشت بۆ هۆشیارکردنەوە و ڕێنماییکردنی بێ باوەڕان و سروشت پەرستان و خەڵکی گومڕا دەبێژێ کە ئاهورامەزدای ئافەریدەگاری دانا و ژیر لەهەموان مەزنترە.

بەندی ٦:

((ئەی مەزدا، ئەی ڕاستی،

وئەی بیری خاس

لەبەرئەوەی بەراستی تۆ بەو شێوەیەی کە ئەز بە دروستی تێگەیشتووم،

لەسەرووی هەمووانی و تواناترینی،
کەوایە ئارەزوو دەکەم لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا،
ڕێنماییم بکەیت،
بۆئەوەی لەکانگەی دڵمەوە، نیایشتت بکەم،
بۆ لای خۆت بگەڕێمەوە.))

زەردەشت، درێژە بە قسەکانی بەندی پێشوو دەدا و دەبێژێ:

ئەی مەزدا، ئێستا کە تێگەیشتم تۆ لەسەرووی هەموو شتێکی و بڵندتر و بەهێزتر لە گشت هێزەکانی بوونی. تەنیا نیایشتی تۆ دەکەم و دەتپەرستم. ئارەزووم ئەوەیە لە هەموو قۆناغەکان و لە گشت بوارەکانی ژیاندا بەتایبەتی لەکاتی دوودڵی و ناخاتر جەمی ڕێنماییم بکەیت و ڕێگەی گوناهم لێبگریت بۆئەوەی بە پاکی بۆ لای خۆت بگەڕێمەوە.

ئەوەی لەم بەندەدا سەرنجڕادەکێشێ ئەوەیە کە زەردەشت بە تەواوەتی و بەشێوەیەکی زانستی خوای ناسیوە و ئەوەی بۆ ڕۆشن بۆتەوە کە ئافەریدەگارێك کە زەوی و ئاسمانەکان و مرۆڤ و ئاژەڵ و گیا و ئاو و هەموو(بوونی) خولقاندووە، ئەوە نییە کە بڕێك لەبیری خۆیاندا وەك بت یا خەیاڵێك دایانتاشیوە.

زەردەشت دەزانێت ڕابەر و پێشەوای ڕاستەقینەی مرۆڤ لە گشت قۆناغەکانی ژیاندا بەتایبەتی لەکاتی سەغڵەتی و سەختی و دوودڵی، تەنیا ئاهورامەزدای خوای بیر و هۆشە و بەس. تەنیا ئەوە کە دەبێ پەنای بۆ ببرێت.

ئارەزووی زەردەشت ئەوەیە کە بگەڕێتەوە بۆ لای ئاهورامەزدا. لەبەندی پێشوودا مەرجەکانی گەیشتنە لای مەزدای بەڕاستی و پاکی و خۆشەویستی خەڵك و یارمەتیدانی هەژاران و بێ دەرامەتان و کرداری خاس، دانابوو. پاش ئەوەی مرۆڤ ئەو چوار مەرجەی بەجێ هێنا، دەبێ خەریکی ناسینی خۆی بێت، چونکە هەرکەس تا خۆی نەناسێت ناتوانێت ئافەریدەگار بناسێت، واتە لەڕاستیدا هەر کەسێك توانی خۆی بناسێت ئەوە دەتوانێت خواش بناسێت. مرۆڤ بۆئەوەی بتوانێت خۆی بناسێت، دەبێ هێزی بیرکردنەوە و ئیرادە و توانایی مەعنەوی خۆی بناسێت، دەبێ بچێتە ناخی دەروونی خۆی و بگەڕێت بەشوێن خاڵە سستەکانی خۆی و بیاندۆزێتەوە و بە بەهێزکردن و بەکارهێنانی هێزی بیرکردنەوە و ویست و ئیرادەی خۆی، ئەو خاڵە سستیانەی بەهێزبکاتەوە و بە پەروەردەکردنی سیفاتی

خاس واته استی و دروستی و پاکی و جوامێری و ئازایەتی بەسەر درۆ و ناپـاکی و کینـە و سـیفاتی نامرۆڤانە و.... سەردەکەوێت.

بەم شێوەیە دەتوانێ هەستی مرۆڤایەتی و خۆشەویستی خەڵك لەبیر و دڵی خۆ

یدا بەهێز و پەروەردەی بکاو ئامادەبێت بۆ فیداکاری لەپێناوی خەڵکـداو خۆخـۆیی و خۆپەرسـتی بە تەواوەتی لەبیریدا دوورکەوێ و تەنیا بیر لەنیشانە و رووناکییـەکانی ئافەریـدەگار دەکـات و لـەنێو دەروونی خۆیدایە و هەروەك مەشخەڵێك دەدروشێتەوە و رێگەی ژیانی روونـاك دەکاتەوە.

ئارەزووی زەردەشت ئەوەیە، کە هەموو ئافەریدەکانی خوا بتوانن خوابناسـن و بـە هـۆی رێنمـایی ئەوەوە بتوانن ژیانێکی پاك و بێخەوش و پڕ لە کار و کۆشش و خزمەتکردنی خەڵك بەرنەسەر.

بەندی ٧:

((ئەی مەزدا،

لەکوێن ئەو دڵدارانەی تۆ؟

کە بە بیری خاسەوە،

ئاگادارن لەئامۆژگارییە بەنرخەکانت.

ئەو ئامۆژگارییانە،

چ لەکاتی خۆشیداو چ لەکاتی سەغلەتیدا،

بە بیر و هۆشەوە ئەنجامی دەدەن.

ئەز جگە لەتۆ کەسی دیکە ناناسم،

کەوایە، لەژێرسایەی راستی،

پەنا و پشتیوانم بە.))

لەم بەندەدا زەردەشت دەربارەی ئەو جوامێر و ستایشتگەرە ئەمەکدارانە دەدوێو دەبێژێ: ئەوانـەی بە هۆی بیری خاسەوە، خاوەنی ویژدانی رۆشن و زانسـت و تێگەیشـتنن، ئەمانـە هەمیشـە پـەیڕەوی لەفەرمانەکانی خوا دەکەن و هەرگیز لەڕێی راست و دروست لانادەن، تەنانەت لەکاتی رەنج و سـەختی و سەغڵەتی و ئـازاری نـەیارانیش هەمیشـە لەسـەر بـاوەڕی خۆیـانن و هـەوڵ و کۆشـش دەدەن بـۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی ڕاستی و دروستی و ئامۆژگارییە مەعنەوییەکانی.

زەردەشت ئارەزوو دەکا ئەم جۆرە کەسانە لەلایەن ئاهورامەزداوە لە خراپـە و دەسـتدرێژی نـەیاران بپارێزرێن و یارمەتییان بدات. لەدوا دێری ئەم بەندەدا، زەردەشت دووبارە جەخت لەسەر یەکتاپەرسـتی دەکا و دەبێژێ کە جگە لە ئاهورامەزدای خوای دانا و ژیر، هیچ کەسی دیکە شیاوی ستایشـت نییـە، هەروەها راستی و دروستی بە تەنیا ئامرازێك بۆ رزگاری و بەختەوەری مرۆڤ دانا وە و دەبێـژێ خـوای دانا و توانا یار و پشتیوانی مرۆی راست و پاکە و چاودێرییان لێدەکات.

بەندی ٨:

((ئەی مەزدا،

بەڕاستی کافرە درۆزنەکان،

بەکردارە ناشیرینەکانی خۆیان هەراسیان پێ هەڵگرتوین،

چونکە ئەوانە،

مایەی خراپە و وێرانین بۆ خەڵك،

دەسەڵاتدارەکانیان ئازار بە بێتواناکان دەگەیەنن،

دوژمنایەتی لەتەك ئاییینی تۆدەکەن،

هەرگیز بیر لە راستی ناکەنەوە،

لەبیری خاس ڕوو وەردەگێڕن و پشتی تێدەکەن.))

لەم بەندەدا زەردەشت باسی ئەو کەسانە دەکـات کـە بـێ بـاوەڕ و درۆزنـن و کـردار و رەوشـتیان ناپەسەند و ناشیرینە. ئەم ناحەزانە ترس و هەراس دەخەنە دڵی خەڵکەوە. ئەم کۆمەڵە ترسـناکە گـوێ نادەنە دەستوورەکانی مەزدا و ئامۆژگارییەکانی پەیامبەر. لە راستی و پاکی دوورن، مانـای ئـەقڵ و هۆش و دڵی بێگەرد و رۆشن و بیری خاس، نـازانن. کـار و کرداریـان بریتییـە لەکوشـتن و وێرانـی و خراپەکاری. زۆرداراەکانیان فرە بێ ویژدانانە ستەم لـەژێر دەسـتان و بـێ دەسـەڵاتان دەکـەن بۆئـەوەی ئازایەتی خۆیان بنوێنن.

بەندی ٩:

((ئەی مەزدا،

ئەو کەسانەی بە کردەوە ناشیرینەکانیان،

دوورکەوتنەوە لەبیری خاس،

خۆشەویستی و جوامێری و پاکی کە لای داناکان بەڕێزە،

بەچاوی سووکەوە تەماشادەکەن.

راستی (ئاشا) لێیان دووردەکەوێتەوە،

هەروەکو چلۆن درۆزنان و ستەمکاران

لەئێمە دووردەکەونەوە.))

لەم بەندەدا باسی ئەوەدەکا بەدکاران و بی هۆشەکان و ئەوانەی هیچ جۆرە بەهرەیەکیان لەبیری خاس نەبردووە و نوقمی دەریای نەزانین و بێ هۆشی بوون، ئەمانە، نیشانە و دیاردەی (سپەنتا ئارمەئیتی)، دلۆڤانی و باوەڕ و ئەمەکداری و فیداکاری کە لای هۆشمەندان و هۆشیاران ریزی تایبەتیان هەیە، بەچاوی سووکەوە تەماشا دەکەن. ئەمانە ئەو کەسانەن کە راستی و دروستی و پاکی لێیان دووردەکەوێتەوە، چونکە ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە مرۆڤایەتی و دیاردەکانی سپەنتا ئارمەئیتی واتە خۆشەویستی و ئەمەکداری و باوەڕ بە ئافەریدەگار و لەخۆبوردن نییە و گیرۆدەی نەزانین و بێهۆشی و کردەوەی ناشیرین و خراپەکاری بوون، بێگومان راستی و پاکی بەلایاندا ناچێ و لێیان تووڕە `یە. یاخود بێژین لەو شوێنەی کە خۆشەویستی و باوەڕ و خۆبەختکردن و بێفیزی نرخ و بایەخێکی نەبێت، راستی و دروستی و پاکی ڕێی پێ نابەن.

مرۆی نادان و نەزان و هەڵەکار و بێهۆش کاتێك کە هیچ هەست و سۆزێکی نەبێ، بێگومان دڵ رەق و بێ ویژدان دەبێ و هەموو کردەوەیەکی خراپ و دژی مرۆڤایەتی لێدەوەشێتەوە.

بەندی ١٠:

((مرۆی دانا و هۆشمەند دەبێژێ:

بە بیری خاسەوە کاربکەن،

خۆشەویستی و باوەڕ بە ئافەریدەگار (سپەنتەئارمەئیتی) کە سەرچاوەی راستەقینەی راستییە

ڕابگرن و ستایشتی بکەن،

وبزانن کە گشت ئەمانە،

لەشالیاری و شکۆی مەزدا ئاهورا خۆیان دەنوێنن و دەردەکەون.))

لێرەدا ئاماژە بۆ کار و کرداری مرۆ ناپاکەکان دەکا و زەردەشت دەبێژێت کە ئەرکی سەرشانی مرۆڤی دانا و ژیر ئەوەیە کە ئەم جۆرە کەسانە ئامۆژگاری بکەن و فێری ئەوەیان بکەن کە فێری زانیارین و بیری خاس و خۆشەویستی خەڵك لەخۆیاندا پەروەردە بکەن.

هەروەها بۆیان ڕوون بکەنەوە کە خۆشەویستی و باوەڕ بەخوا و خۆشەویستی یەکتر (غەریزەیەکە) لەنێو دڵی هەموانـدا هەیـە و ئەمانـە سەرچـاوەی راسـتی و پـاکین و لەراسـتیدا سـپەنتەئارمەئیتی بانگەوازی ویژدان و راستییە، کە مرۆڤ بەرەو لای خوا هیدایەت دەکات.

تایبەتکارییـەکانی (وەهومـەن) و (سـپنتەئارمەئیتی) بکەنـە سـە لەوحـەی ژیانیـان، واتـە هەڵسوکەوتیان لەتەك بیری خاس و هۆش و خۆشەویستی وباوەڕ و لەخۆبوردن بێت، ئەوانیش دێنەسـەر ڕێی راست و بەرەو لای تۆ دێن. واتە لە راستی دەگەن و بەهرە لەپوختەیی دەبەن و بەرەو خوای دانـا و ژیر دەڕۆن. ئەمە وانەیەکە کە پێویستی سەرشانی مرۆی دانا و هۆشیار پێشان دەدات کە گومڕا و بـێ هۆشان هۆشیار بکەن و ڕێی راستیان پیشان بدەن.

بەندی ١١:

((ئەی مەزدا،

دوو خەڵاتی تۆ:

پوختەیی (هەئورەتات) و نەمری (ئەمرتات)،

مرۆڤ بەرەو ڕووناکی دەروونی و مەعنەوی ڕێنمایی دەکەن،

لەژێر سێبەری بیری خاس (وەهومەن) و راستی و پاکی (ئاشا) و خۆشەویستی و باوەڕ بەخوا(ئارمەئیتی)،

ژیانی هەمیشەیی و هێز و توانای مەعنەوی زێتر دەکات.

ئەی مەزدا:

بە یاریدەی ئەمانە

سەرکەوتن بەسەر نەیاراندا،

وەدەست دێت.))

دوا بەدوای بەندی پێشوو، زەردەشت دەبێژێ:

بەدکرداران و درۆزنەکان، بەڕاهێنانی بیری خاس و خۆشەویستی و باوەڕ بە ئافەریدەگار ، پیشەکردنی ڕاستی و دروستی و پاکی لەژیانیاندا، دەگەنە پوختەیی و نەمرێتی. ئەم دوو نیشانە خواییە بەرەو ڕووناکی مەعنەوی ڕێنمایی دەکەن و بەهرە لەرۆشەندڵی و بینایی دەبەن.

بۆ نزیکبوونە لە خوای دانا و ژیر، پێویستیمان بە پوختەیی و نەمرێتییە، ئەم نیشانانەش پاش گەیشتنە بیری خاس و خۆشەویستی و باوەڕ بە ئافەریدەگار و راستی و پاکی دێنەدی. مرۆڤ بە هۆی ئەم نیشانە ئاهورابیانەوە دەتوانێ زاڵبێت بەسەر رکوکینەی نەیاران و بەرەو لای خۆی ڕایان بکێشێت.

بەکورتی بێژین، تێپەڕبوون بەسەر هەر شەش قۆناغەکانی ئەمشاسپەندان، مرۆ دەگەیەنێتە ڕووناکی بێ پایان، کە مەڵبەندی ئاهورایە و بەهرە لە ڕووناکی مەعنەوی و ویژدانی دەبات.

بەندی ١٢:

((ئەی مەزدا،

ویست و ئایینی تۆچییە؟

چییە

ویست و ئیرادەت، ستایشتێك كە شیاوی تۆیێت؟

بۆمان ئاشكرا بكە.

تا بە گوێرەی پەیڕەوی لە فەرمانەكانت بەهرە لە پاداشتەكانت بەرین،

لەژێرسایەی ڕاستیدا،

ڕێگە و ڕەوشی خاس بیركردنەوە و خۆناسین بناسین.))

لەم بەندەدا، زەردەشت داوا لە ئاهورامەزدا دەكات ئەو یاسا و ئایینەی كە مرۆڤ بەرەو گەشەكردن و پێشكەوتن و پوختەیی دەبات، بۆ ڕوون و دیاری بكات. هەروەها دەخوازێت بزانێت چە جۆرە ستایشت و پەرستنێك شیاوی ئاهورامەزدایە.

زەردەشت دەبێژێ، مرۆڤ كاتێك ئەو یاسا و ئایینەی بۆ دیاریكراو تێگەیشت و فەرمانەكانی بەجێ هاورد، ئەوسا بێگومان بەهرە لەو پاداشتە وەردەگرێ كە مژدەی بۆ دراوە. واتە بەهرە لەبەختەوەری و رزگاری.

لەكۆتاییدا داوا لەپەروەردگار دەكات كە ڕێگەی خاس بیركردنەوە كە ڕێگەی خۆناسین و كۆنترۆڵی ئارەزووە لەسایەی راستی و پاكیدا پێشان بدات تابتوانێت بەو هۆیەوە ڕێنمایی و رابەرایەتی خەڵك بكات ئەوەی كە لەم بەندەدا زێتر شایانی سەرنجە، ڕێگەی خاس بیركردنەوە و خۆناسینە. ئەو ڕێگەیەی كە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئامانج. ڕێگەیەك كە مرۆی ژیر و هۆشمەند دەپێوێ، ڕێگەیەك كە مرۆڤ لە ئافەریدەگار نزیك دەكاتەوە، ڕێگەی خۆ ناسین و خاس بیركردنەوە ڕێگەیەكی دژوار و سەختە و تەنیا بە هۆی ڕاستی و پاكی و لەخۆبوردون و دڵێكی پڕ لە میهرەبانییەوە دەپێوێنرێت. ڕێگەی بیری خاس و پاك، ڕێگەی خۆشەویستی هەموو ئافەریدەكانی خوایە.

بەندی ١٣:

((ئەی ئاهورا،

ئەم ڕێگەیەی کە پێشانت دام،

ڕێگەی بیری خاس و فەرمان و ئامۆژگاری سوشیانتەکانە(٣٠)،

ئەو ئامۆژگارییانەی کە دەبێژێ:

تەنیا ئەو کارە خاسانەی کە لەسایەی ڕاستیدا ئەنجام دەدرێت،

خۆشی و شادومانی دەگەیەنێت.

ئامۆژگارییەك کە مرۆڤ بەرەو زانیاری ڕاستەقینە و هۆش دەبات،

وپاداشتەکەی گەیشتنە لای تۆیە ئەی مەزدا.))

لەبەندی پێشوودا زەردەشت داوا لە ئافەریدەگار دەکات کە لەسایەی ڕاستیدا ڕێگەی خاس بیرکردنەوە و خۆناسینی فێربکات. لەم بەندەدا باسی خاس بیرکردنەوە دەکا و دەبێژێ:

ڕێگەی خاس بیرکردنەوە، ڕێگەیەکە کە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئارەزووەکانی و بەختەوەری و خۆشی پێدەگەیەنێت. ڕێگەیەکە کە سوشیانتەکان پیشانی خەڵکیان داوە و خۆیان هەمان ڕێگەیان پێواوە، ڕێگەیەکە کە سەرەتاکەی بە ئامۆژگاری ڕابەران و پێشەوایان دەستی پێکردووە و دەبێتە مایەی ڕزگاری مرۆڤ.

ئەم ڕێگەیە بریتییە لە بەئەنجام گەیاندنی هەرکارێك بە نیەتی خێر و خاسی بێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشتی لێبکرێت، تەنیا ئامانجی ئەوەبێت خزمەتی خەڵك بکرێت. ڕێگەی بیری پاك ئەو ڕێگەیەیە کە ڕابەرایەتی خەڵك دەکات بە زانستی ڕاستەقینە و ناهێڵێت گیرۆدەی هەڵدێربن و لە ڕێگەی خراپ لایان دەدا. بێگومان کارێك کە لەڕووی هۆشەوەو بۆ گەیشتنە هیوایەکی یەکجار پیرۆز، بێ گوێدانە سوود و زیانی تایبەتی، ئەنجام بدرێت ئەو جۆرە کارانە شادی بەخش دەبێ، چونکە بەسوود و قازانجی خەڵك تەواودەبێت و لەئاکامدا دەبێتە مایەی ئاسوودەیی ویژدان و خۆشبەختی و بەختەوەری ئەو کەسەی بەو کارە هەڵساوە. جگە لەمە پەیڕەوی لە فەرمان و ئامۆژگارییەکانی سوشیانتەکان و مامۆستا و ڕابەرە ڕۆحانییەکان مرۆڤ بەرەو زانیاری و پوختەیی ڕابەرایەتی دەکا و لەئەنجامدا گەیشتنە دوا ئارەزوو و هیوا کە بریتییە لەگەیشتنە لای ئافەریدەگاری یەکتا و دانا و ژیر.

بەندی ١٤:

((ئەی ئاهورا،

بێگومان،

جەستەوگیانی ئەو کەسانە

بەهرە دەبەن لەو پاداشتەی مژدەیان پێدراوە

کە کردەوەیان بە هۆی بیری خاسەوە بێت،

تێبکۆشن بۆ ئاوەدانی و پێشکەوتنی جیهان،

لەسایەی راستیدا

ئایینی ئەقڵ و هۆشی تۆ پێشبخەن

ویست و ئارەزووەکانت بەدیبهێنن.))

لەبەندی پێشوودا باسی ئەو پاداشتەمان کرد کە دوا ئارەزووو ئاواتی هەموو کەسێکە، ئەویش بریتییە لە نزیکبوونەوە و گەیشتنە لای خۆشەویستی ڕاستەقینە، واتە ئافەریدەگاری دانا و ژیر، بۆ گەیشتنە ئەو شوێنە پیرۆزە گومان دەبێ ڕێگەی بیری خاس بگرینە بەر و پەیڕەوی لە دەستوور و ئامۆژگارییەکانی پیاوخاسان و سوشیانتەکان بگرین.

لەم بەندەدا، دووبارە باسی هەمان پاداشت دەکا و دەبێژێ ئەو کەسانە بەهرە لەم پاداشتە دەبەن کە کار و کردارییان لە ڕووی ئەقڵ و هۆشەوە بێت و لە هەموو کارێکیاندا بیری خاس ڕەچاوبکەن. هەروەها پێویستە ئەو کەسە هەوڵ و کۆششێکی زۆر بدات بۆ پێشخستن و ئاوەدانی کۆمەڵگا و کارێك بکات کە ویست و ڕەزامەندی خوا بەدیبهێنێت، کە بریتییە لە پێشخستنی کۆمەڵگا بەرەو کۆمەڵگایەکی بێخەوش و ئاوەدان و خوڕەم. لە هەموو هەلسوکەوتیدا راستی و پاکی ڕەچاوبکات و هەرگیز بیر لە خراپە و درۆ نەکاتەوە.

بەم شێوەیە مرۆڤ دەتوانێ بەهرە لەو پاداشتە وەربگرێت کە مژدەی پێدراوە و ئەویش گەیشتنە لای بارەگای ڕۆشنایی و ویژدانی ئاسوودە و بەهەشتە. شیاوی باسە لەم بەندەدا کە سێ فەرمانی ئاسمانی و ئامۆژگاری حەکیمانەمان بۆ ڕۆشەن دەبێتەوە:

یەکەم: پێویستە مرۆ هەمیشە بە ئەقڵ و هۆش و ئەندێشەی پاکەوە هەڵسێت بەکار و کردەوە و هەرگیز بی بیرکردنەوەکارێك ئەنجام نەدات و خۆی دووچاری چارەنووسی ڕەش نەکا.

دووەم: لەسەر هەموو کەسێك پێویستە کە تێبکۆشێت بۆ پێشخستن و ئاوەدانی کۆمەڵگا و جیهان و ئاسایش و خۆشی بۆ هەموو خەڵك وەدی بهێنێت و لەرێی کار و کۆششدا درێغی نەکات، چونکە هێنانەدی ئەو ئامانجە تەنیا بەکار و هەوڵ و کۆشش دەشێ. بە پێچەوانەوە، تەمەڵی و تەوەزلی و بێکاری جگە لەچارەرەشی و دواکەوتویی و هەژاری و مەینەتی هیچی دیکەی لێوەدەست نایەت.

سێهەم: لەسایەی راستی و دروستی و پاکیدایە کە دەتوانین بۆ هێنانەدی ویست و ڕەزامەندی ئافەریدەگار هاوکاری بکەین.

هەرکەسێك ئەو سێ فەرمان و ئامۆژگارییانە بەسەریەکەوە ئەنجام بدات ئەوسا بەهرە لەوپاداشتەی مژدەی پێدراوە دەبات.

ویست و ئارەزووی پەروەردەگاریش ئەوەیە کە ئافەریدەکانی لەخۆشی و خوڕەمی و ئاسایشدابن و بەهرە لەنیعمەتی پوختەیی ببەن بۆئەوەی بگەنە دیداری.

بەندی ١٥:

((کەوایە ئەی مەزدا،
خاسترین وتەو کردارم فێریکە تا،
بە بیری خاس و راستی و پاکی،
بتناسم و ستایشتت بکەم،
ئەی ئاهورا،
بە ویست و توانایی و شالیاری خۆت،
ولەژێر سایەی ڕاستیدا،
ژیانێکی نوێم پێ ببەخشە.))

ئەم بەندە، دوابەندی (ئەهنودگات)ە. زەردەشت داوا لە ئاهورامەزدا دەکات خاسترین ئامۆژگاری فێریکات کە مایەی رزگاری و بەختەوەری هەموو خەڵك بێت تا بە لایەنگرەکانی خۆی ڕابگەیەنێت، ئەو ئامۆژگارییانە کە مرۆڤ بە خاسترین کردار و وتە ڕێنمایی دەکات بۆئەوەی بیکەنە سەرمەشقی رێگەی ژیانیان و پەیڕەوی لێبکەن.

هەروەها دەبێژێ کە پێویستە بە ئەقڵ و هۆشی رۆشەن و بیری پاك و نیەتی بێخەوشەوە ستایشتی خوا بکەین.

ستایشتێك کە لەکانگەو ناخی دڵ و دەروونەوە نەبێت و بە نیەتی پاکییەوە نەبێ و بیرێك، کە لەکاتی ستایشکردندا ئاڵۆز و ناپاك بێت، ناگاتە شوێنی خۆی و لەلای خواوە پەسەند نییە، لەکۆتاییدا ئارەزوودەکا کە هەموو ئافەریدەکانی خوا بەهرە لە ژیانێکی نوێی پڕ لە راستی و دروستی بەرن، واتە درۆ و خراپە لە هەموو جیهاندا بنبڕبێت و مرۆڤ لەژێر سێبەری راستی و پاکی و خۆشەویستی بەهرە لە ژیانێکی پوختە و بێکەمایەسی و پێشکەوتوو بەرن.

ئەشتودگات سروودی هەشتەم

یەسنا ـــ هات ٤٣

بەندی ١:

((مەزدا ئاهورای فرە توانا

بڕیاری داوە کە،

کەسێك بەختیارە،

کە خەڵکی دیکە بەختەوەر بکات

ئەی ئافەریدەگار،

ئەز بۆ جێگیرکردن و پەرەسەندنی ئایینی راستی،

داوای هێز و توانای جەستە و گیان دەکەم.

ئەی ئارمەئیتی، ئەی دیاردەی خۆشەویستی و باوەڕ،

ئەو تیشکە یەزدانییەی کە،

پاداشتی ژیانی پڕ لەبیر خاسییە،

پێم ببەخشە.)))

ئەم بەشە لە گاتاکان کە پێی دەبێژرێ (ئەشتودگات) بەمانای خۆشی و شادی و ڕووناکییە، پتر باسی گفتوگۆو پرسیار و داخوازی زەردەشتە لەتەك ئاهورامەزدا دەربارەی نهێنییەکانی (بوون) و ژیان و هێز و توانایی خوای دانا و ژیر.

زەردەشت پەیامەکەی بۆ جەماوەر ئاشکرادەکا و ئامۆژگاریمان دەکات کە بۆ گەیشتنە بەختەوەری ڕاستەقینە و پوختەیی دەبێ بیری خاس و دیاردەکانی ڕاستی و دروستی و دلۆڤانی و لەخۆبوردن لەخۆماندا پەروەردە بکەین هەڵسوکەوتمان هاوجووت بێت لەتەکیاندا.

لەم بەندەدا سەرەتا باسی ڕاستییەکی نەگۆڕ لەباوەڕدا دەکا و دەبێژێ کەسێك دەتوانێت بە گوێرەی فەرمان و بڕیاری ئاهورامەزدا بەختیاربێت، کە تێبکۆشێت بۆ بەختەوەری هەموو خەڵك.

بەختەوەری ڕاستەقینە بریتییە لەیارمەتیدانی خەڵك، کۆمەك کردنی بێ دەرامەتان و هەژاران و لێقەوماوان.

زەردەشت داوا لە ئاهورامەزدا دەکا کە هێز و توانای جەستەوگیانی پێببەخشێت بۆئەوەی بتوانێت پەیامەکەی کە بریتییە لەئایینی ڕاستی بە خاسی بڵاوبکاتەوە و هیچ هێزێکی نەیار نەتوانێت ڕێگەی لێبگرێت و باوەڕی لاوازبکات.

لەکۆتایی ئەم بەندەدا ئارەزوو دەکا کە بەرخۆردار بێت لەفەر و تیشکی یەزدانی، کە تەنیا لەسایەی ڕاستی و دروستی و بیری خاسەوە وەدەست دێت.

بەندی ٢:

((وەهەروەها،
خاسترین پاداشتەکان
بۆ کەسێکە کە
ڕووناهی بۆ خۆی گەرەکە،
وڕووناکی بە خەڵك ببەخشێت.
ئەی مەزدا ئاهورا،
بە بیر و ئەندێشەی پاکی خۆت،
لەژێر سایەی ئایینی ڕاستیدا،
پێمان ببەخشە
زانستێك کە هەڵقوڵاوی بیری خاس بێت،
بۆئەوەی بەهرە لەژیانێکی بەختیار بەرین.))

ئەم بەندە تەواوکەرەوەی بەندی پێشووە و تیایدا دەبێژێ کەسێك بیەوێت بەهرە لە ڕووناکی دڵ و دەروون وەربگرێت دەبێ هەوڵ و کۆششی بۆ بدات ئەوسا بێگومان بە ئارەزووەکانی دەگات.

زەردەشت داوا لە ئاهورامەزدا دەکا، کە تیشکی زانیاری و حیکمەت لە دڵ و دەروونی هەموو خەڵك بدرەوشێنێتەوە بۆئەوەی بەهرە لەژیانێکی پڕ لەخۆشی و شادی وەربگرن.

بێگومان هەرکەسێك کە خاوەنی بیر و هۆشی پاك بێت و بە دیدێکی زانستییەوە بڕوانێتە ژیان، بەهیچ جۆرێك گیرۆدەی هەڵە و خراپە نابێت و هەرگیز بە کارێك هەڵناسێت، کە دووچاری نوشوستی و خراپەی بکات.

ئەوەی لەم بەندەدا زێتر سەرنجڕادەکێشێ ئەوەیە کە زەردەشت داوای ژیانێکی بەختەوەر و پڕ لەخۆشی و هەروەها درێژخایەن بۆ هەموو خەڵك دەکات.

بەندی ٣:

((کەوایە بەراستی،
خاسترین خاسییەکان ڕەوای کەسێك دەبێ
کە لەژیانی مادی و مەعنەوی،
ڕێگەی ڕاستەقینەی بەختەوەری
کە دەمانگەیەنێتە بارەگای ئاهورا مان
پێشان دەدات
ئەی مەزدا، لەئاکامدا،
بەتیشکی زانیارییەکی خاس و پاك و بێگەرد
ئەویندارەکانت دەگەنەلات.))

لەم بەندەدا، زەردەشت داوای خاسترین پاداشتەکان دەکا بۆ ئەو کەسانەی کە خەڵك ڕێنمایی دەکەن و ڕێگەی ڕاستیان بۆ ڕۆشەن دەکەنەوە. موید فیروز ئازەرگوشەسب لەو باوەڕەدایە کە ئەم بەندە دەشێ یەکێ لەنزیکترین یارانی زەردەشت یاخود خودی زەردەشت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوتوبێتی، بەڵگەی بۆ ئەمە، ئەوەیە کە کەسێك ڕێگەی ڕاستی و دروستی و بەختەوەری لەم جیهانەداو ڕێگەی ڕزگاری تەواوسەنگ لەجیهانی مەعنەوی بە خەڵك پیشانداو ڕێنماییکردن بۆ ناسینی ڕاستەقینەی ئاهورامەزدای ئافەریدەگاری دانا و ژیر، جگە لەخودی زەردەشت کەسی دیکە نەبووە. لەکۆتاییدا

دەبێژێ ئەویندارەکانی مەزدا بە هۆی تیشکی زانیاری بیر و هۆشی مەعنەوی و پاکییەوە لێی نزیك دەبنەوە.

زەردەشت لێرەدا زۆر بە ڕاشکاوی و بەشێوەیەکی رۆشەن رێگەی گەیشتنە لای ئاهورامەزدا بەهۆش و بیر و زانیاری و ژیانێکی پڕ لە راستی و پاکی زانیوە.

بەندی ٤:

((ئەی مەزدا،

ئەوکاتە تۆم بە پاك و فرە توانا ناسی

کە تێگەیشتم، تۆ بەهێز و توانای خۆت،

ئارەزوو و ئامانجەکانمان بەدیدێنێت،

درۆزنان و راست کرداران،

هەر یەکە سزا و پاداشتی خۆیانییان پێدەگەیەنێت،

بە پرشنگی رووناکی خۆت، کە هێز و توانای لە راستییەوەیە،

گەرمایی بە دڵ و دەروون دەبەخشێت،

لەتوانایی و بیر و ئەندێشەی خاس

بەهرەدارمان دەکەیت.))

لەم بەندەدا دەفەرموێت، مرۆ کاتێك هەست بە مەزنایەتی و هێز و توانای ئافەریدەگار دەکات کە نیازو ئارەزووەکانی بەدیبێت و بەچاوی خۆی سزا و پاداشتی درۆزنان و راست کرداران ببینێت.

سەرجەم مرۆڤ بە تێکڕایی ئارەزوو ئاواتی یەکجار زۆری هەیە و هەمیشە بۆ هێنانەدی ئارزووەکانی دەستی پاڕانەوەی بۆ ئافەریدەگار درێژە و داوای یاریدە و کۆمەکی لێدەکات، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە ئیدی خۆی هیچی پێناکرێت و هیچ دەسەڵاتێکی بۆ نابێت ئەوسا تەنیا پەنا بۆ ئافەریدەگار دەبا، کاتێ کە داخوازییەکەی بەدیهات، ئەوسا پەی بە توانایی و مەزنایەتی ئافەریدەگار دەبا و باوەڕ بە هێزی لەڕادەبەدەری دەکات.

لە کۆتایی ئەم بەندەدا دەبێژێ. هەرکە تیشکی رووناکی باوەڕ و گر و بڵێسە و گەرمایی ئەڤین لەنێو دڵی مرۆدا کلپەی سەند، ئەندێشەو بیری ئەو کەسە بەرەو راستی و دروستی دەڕوا و هەموو بیر و هەست و سۆزی بەرەو پەروەردەگاری مەزن دەڕوات.

بەندی ٥:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

ئەوکاتە تۆم بەپاك ناسی،

کە تۆم لەسەرەتای ژیاندا دی،

تێگەیشتم،

کە تۆ پاداشتت داناوە بۆ وتە و کردار:

سزا بۆ خراپەکاران و خاسی بۆ خاسان،

ڕێورەسمێك(ئایینێك) کە لەژێرسایەی هونەر و هۆشی تۆ،

هەتاهەتایە

دەمینێ))

لەم بەندەدا، زەردەشت باسی ئاهورامەزدا دەکا و بەسەرچاوەی ژیان و هەمیشەیی دەزانێت و دەبێژێ کە ئافەریدەگار بە هۆی تیشکی هۆش و حیکمەتی خۆیەوە و بە گوێرەی یاسای ڕاستی، بۆ هەر کارێکی خاس و خراپ، پاداش و سزایەکی داناوە. ئەم پاداش و سزایە هەتاهەتایە و تا جیهان و کەشکەلان هەیە، بەردەوام دەبێت.

واتە ئاکامی خاسان خاسییە و پاشینەی خراپەکاران چارەڕەشی و خراپییە.

بەندی ٦:

((ئەی مەزدا،

ئەوساتەی کە،

هۆشی پاکی تۆ دەردەکەوێت،

هێز و توانای مەعنەوی و ئەندێشەی خاس (وەهومەن)،

لەتەك کردارا (خەشترا)

هەموو جیهان بەرەو ڕاستی و پێشکەوتن دەبا،

پاکی (ئارمەئیتی)،

ئایینی ژێرێتی تۆ،

کە هیچ کەس توانای فریودانی نییە،

فێری خاسان دەکات.

کاتـی هـۆش و زانیـاری مەعنـەوی و سـپەنتامینو یـاخود گەوهـەری پـاکی و خاسـی لەتـەك (خەشترا)ی هێز و توانای خزمەتکردنی خەڵك و (وەهومەن) دیاردەی بیری خـاس رومـان تێـدەکات و لەنێو بیر و دەروونماندا نەشونمایکرد، ئەوسا جیهانی بوون بەرەو راستی و دروستی هـەنگاو هەڵـدێنێ و پێشدەکەوێت و درۆ و خراپە و پاشەگەردانی تێدا نامێنێت.

هەروەها دەبێژێ ئارمەئیتی کە دیاردەی خۆشەویستی و دلۆڤانییـە و لەهـەمان کاتـدا پرشـنگی ڕووناکی باوەڕە هەروەك ڕابەرێك مرۆ بەرەو راستی و ڕەوا هیدایەت دەکات.

لە کۆتاییدا دووبارە ئاماژە بۆ مەزنایەتی ئاهورامەزدا دەکا و دەبێژێ، هیچ کەس بـە پێچـەوانەی ویست و ئارەزووی پەروەردەگار ناتوانێت کارێك ئەنجام بدات و هەروەها کـەس ناتوانێـت ئافەریـدەگار فریویدات، چونکە ئەو دانا و ژیرە.

بەندی ٧:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
ئەو کاتە تۆم بە پاك ناسی کە،
ئەندێشەی پاك هاتە لام و لێی پرسیم:
تۆ کێیت و لەچی بنەماڵەیەکی؟
وبۆ ئەو پرسیار و دودڵی و ڕاڕ بیانەی رۆژانە،
دەربارەی جیهان و خۆتەوە،
چی ڕێو ڕەوشێك فێردەکەیت و بەکاردێنێ؟))

ئەم بەندە، دیمەنێك پێشان دەدات کە زەردەشت لە شوێنێکی چۆڵدا، بە تەنیایی نوقمی دەریای بـیر و خەیاڵ بووە و دەربارەی بڕێك شتی جۆراوجۆر پرسیاردەکات. یاخود بێـژین پرسـیاری جۆراوجـۆر بـە مێشکیدا تێپەڕدەبێ. لەخۆی ورددەبێتەوە و بەخۆی دەبێژێ تۆ کێیت و لەچی بنەماڵەیەکی، لـەکوێوە هاتووی و لەئاکامدا بۆ کوێ دەچیت، لەژیاندا چی دەکەی و کار و هەڵسوکەوتت چییە و چی ڕێبازێـك دەگریتەبەر. ئایا هەوڵ و کۆشش دەدەیت سوود و بەهرە بە خەڵك بگەیەنێت یاخود تـەنیا بـە بیرێکـی تەسکەوە بەرژەوەندی خۆت ڕەچاودەکەیت؟

بۆ ئەم پرسیارانە، تەنیا کاتێك زەردەشت دەتوانێت وەڵامێکی بەجێ و دروستیان بداتەوە کە بـیری پـاك و خـاس رووی تێبکـات، ئەندێشـەیەك کـە سـوودی تێـدابێت و دووربێـت لـە بـوغزو کینـە.

ئەندێشەیەکی وەها پاك و بێگەرد و دڵ و دەروونێکی رۆشەن دەتوانێ مرۆڤ لەدوودڵی و ڕاڕایی و نیگەرانی رزگاربکات و رێگەی راستی پێشان بدات.

زەردەشت لەم کاتانەدا، واتە کاتێك کە دوودڵی و ڕاڕایی خەریکە زەفەری پێدەبا، بۆئەوەی خۆی رزگاربکات پەنا دەباتەبەر ئەندێشەی پاك و ویژدانی رۆشەنی خۆی و ئەوسا وەڵامی پرسیارەکانی وەردەگرێت.

بەندی ٨:

((سەرەتا پێمگووت:

ئەز زەردەشتم،

وتا ئەو شوێنەی توانا و وزەم هەیە

نەیاری سەرسەختی درۆزنان و بێ باوەڕانم،

وپشتوپەنای بە توانام بۆ ڕاستگۆیان.

ئەی مەزدا، با

تا ئەو کاتەی ستایشتکەری تۆم،

هەمیشە بەهرە بەرم لە

هێز و توانای بێ ئەندازەت.))

دوا بەدوای ئەو پرسیارانەی زەردەشت دەیکات و نوقمی دەریای بیرکردنەوە دەبێ، وەڵامەکان یەك لەدوای یەك بۆی رۆشەن و رون دەبێتەوە. کاتێ کە لەخۆی دەپرسێ تۆ کێیت، خۆی وەڵامدەداتەوە و دەبێژێ: ئەز زەردەشتم، دوژمنی سەرسەخت و بێ ئامانی درۆزنان و خراپەکارانم.

ئا لێرەدا زۆر بە ڕاشکاوی پەیامەکەی خۆی ئاشکرادەکا کە بریتییە لە ڕێنمایی خەڵك بەرەو راستی و دروستی و ویست و ئارەزووی خۆی دەردەبڕێ دەربارەی چۆنێتی گەیاندنی پەیامەکەی و دەفەرموێت:

تا ئەو شوێنەی هێز و توانام هەیە ململانێ لەتەك خراپەکاران و درۆزنان دەکەم و بەهەموو هێز و توانامەوە یارمەتی خاسان و دروستکاران دەدەم.

زەردەشت ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ کە گیانوجەستە خۆی بەخت بکات لەپێناوی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی. بۆ دروست رێنماییکردنی خەڵك و سەرکەوتن لەگەیاندنی پەیامەکەی،

زەردەشت داوا لە ئاهورامەزدا دەکا، کە هێزی مەعنەوی پێبدات بۆئەوەی هیچ جۆرە ڕاڕایی و دودڵییەك کار نەکاتە سەر ویست و ئارەزووەکانی.

زەردەشت خۆی بە لایەنگر و دۆستی ئاهورامەزدای ئافەریدەگاری دانا و ژیر دەزانێ و هەمیشە بە دڵ و بەگیان و بە نیەتێکی پاکەوە ستایشتی دەکا و داوای کۆمەك و یاریدەی لێدەکات. ئارەزووی زەردەشت ئەوەیە کە هەموو خەڵك تەنیا ڕوو بکەنە ئاهورامەزدا و تەنێ لایەنگری ئەوین.

بەندی ٩:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
ئەوکاتە تۆم بە پاك ناسی کە
بیری خاس هاتە لام و لێی پرسیم:
ستایشت و نوێژ بۆ کێ دەکەیت؟
گوتم:
نوێژ بۆ ڕووناکی مەعنەوی مەزدا دەکەم،
تا ئەو شوێنەی هێز و توانام هەیە،
دڵ و گیانم لەتەك ڕاستیدایە.))

کاتێ مرۆ بە ئەندێشەیەکی بێگەردو پاك نوقمی دەریای بیرکردنەوە دەبێت، دڵی بە ڕووناکی ڕاستەقینە ڕۆشەن دەبێت و ڕێگەی فرە لەگیروگرفت و پرسیارەکان دەدۆزێتەوە.

زەردەشت لەم بەندەدا پرسیار لەخۆی دەکا و دەبێژێ، دەبێ ستایشتی کێ بکەم و سوپاسی چی کەسێك بکەم بۆ ئەم هەموو نیعمەتانەی بە مرۆڤی داوە. پاش ئەوەی بیردەکاتەوە، خۆی وەڵامەکەی دەدۆزێتەوە و دەبێژێ تیشك و بڵێسەی ڕووناکی مەعنەوی ئاهورامەزدا (کە لەروالەتا بریتییە لە ئاگری پیرۆز و لە ڕووی ماناوە هەمان گەرمایی و هێز و توانای باوەڕە) دەبێ هەمیشە ستایشت بکرێت و لەژێر سایەی ئەم ڕووناکییە دڵبەستی ئایینی ڕاستی و دروستی بین.

لەڕاستیدا، زەردەشت بانگەوازی خەڵکی دەکات کە ڕوبکەنە ئایینی ڕاستی و دروستی و دەبێژێ، تا ئەو شوێنەی هێز و توانا و وزەتان هەیە ڕوبکەنە ڕووناکی و ئاگری پیرۆز و لەژێرسایەی تیشکی ڕووناکی مەعنەوی و باوەڕ، پەروەردەگاری یەکتا ستایشت بکەن و دڵ ببەستن بە ڕاستی و دروستی و پاکی.

بەندی ١٠:

((ئەی مەزدا،

کەوایە ڕێنماییم بکە بەرەو،

ڕاستی کە ئارەزووی دڵمە،

تا بتوانم بە هۆی پەیڕەوی لە پاکییەوە (ئارمەئیتی) پێی بگەم.

پرسیارمان لێ بکەو تاقیمان بکەرەوە،

چونکە پرسیار و ئەزموونەکانی تۆیە،

کە هێز و توانا

بەرابەران دەبەخشێت.))

زەردەشت لەم بەندەدا ئارەزوو ویستی خۆی دەردەبڕێ بەوەی کە گەیشتنە پلەی پوختەیی و پاکییەو دەبێژێ لەژێر سایەی (ئاشا)دا کە ڕاستی و دروستی و پاکییەو بە پەیڕەویکردن لەباوەڕی ڕاستەقینە و خۆشەویستی خەڵك دەگەینە پوختەیی.

زەردەشت هەمدیسان دەست دەکاتەوە بە پرسیار کردن و گەران بە شوێنی ڕاستیدا لەنێو دەروون و بیری خۆیەوە. لەبەر ئەوەی لە هەموو بوارێکەوە خۆی ئامادە دەبینێ بۆ وەرگرتنی پەیامە پیرۆزەکەی، کە ئەرکێکی فرە دژوارە، دەفەرموێت: ئەی پەروەردەگاری بێهاوتا تاقیم بکەرەوە و بە هەموو جۆرە ئەزموونێك هەڵمسەنگێنە بۆئەوەی باوەڕی خۆمت بۆ بسەلمێنم. واتە لێرەدا زەردەشت ئامادەیی خۆی بۆ ڕابەرایەتی خەڵك دەردەبڕێ. ئەم ئەزموونانەی کە زەردەشت خۆی باسیان دەکا بریتین لەخۆڕاگرتن بەرامبەر بە هەموو دەردو ڕەنج و ئەشکەنجەو دژواری و سەرسەختییەکانی ژیان و پتر پەیوەندییان لەتەك مەعنەویاتدایە.

بەندی ١١:

((ئەی مەزدا،

ئەو ساتە تۆم بە پاك ناسی کە

خاس بیرم کردەوە،

لە ئامۆژگارییەکانت تێگەیشتم و زانیم کە،

چەسپاندنی باوەڕ بەتۆ، لەنێو دڵی خەڵکدا دژوارە
بەڵام ئەز،
ئەو شتەی کە لای تۆ خاسترینە
ئەنجام دەدەم.))

زەردەشت لەم بەندەدا دەفەرموێت: کاتێك کە بەهەموو ئەندێشەوە روومکردە (وەهومەن)، واتە بیری خۆمم پاك و بێگەردکرد، هەموو هەست و هۆشی خۆمم تەنیا ئاراستەی ئافەریدەگار کرد، ئەوسا هەستم بە مەزنایەتی و پاکی ئەوکردو لەناخی دەروونمدا گر و بڵێسەو بینایەکی یەکجار زۆر جێگیربوو و ئیلهامم بۆ هات، لەبەرئەوەی ویستم کە هەموو خەڵکی لەجیهاندا بەرەو یەکتاپەرستی و راستی و خواناسینی راستەقینە ڕابەری بکەم، بۆم رۆشنبۆوە، کە تەنیا باوەڕ بە ئاهورامەزدا دەتوانێت ڕێ گوشاو ڕێنمام بێت بۆ ئەم کارە دژوارە.

بێگومان، باوەڕ پێ هێنان بە خەڵك کە لەناخی دەروونیانەوە باوەڕیێنن، کارێکی یەکجار سەخت و چەتوونە. بەڵام دەبێژێ لەتەك ئەمەشدا هەوڵ و کۆشش دەدەم: ڕاستی بە خەڵك ڕابگەیەنم، ڕێنماییان بکەم و دڵیان رۆشن بکەم. ئەوەی لێرەدا پتر سەرنجڕادەکێشێ ئەوەیە زەردەشت ئامادەیی خۆی دەرد ەبڕێ بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێك، کە ئاهورامەزدای دانا و ژیر بە خاسی دەزانێت، هەرچەندە دەشزانێت کە هەڵسان بەم کارە تووشی دەردەسەری و ڕەنج و ناخۆشی دەکات، چونکە پەیامەکەی، کە گەیاندنی راستی و دروستی و پاکییە بە خەڵك، لەتەك بەرژەوەندی بڕێك کەس و تاقم و دار و دەستەی ئەو رۆژگارە ناگونجێ و دژی بەرژەوەندییەکانیانە و قایل بە وەرگرتنی ئامۆژگارییەکانی نین، بەتایبەتی چینی پیاوە بەنێو ئایینییەکانی ئەو سەردەمە کە بەسەر خەڵکیدا زاڵبووبوون، هەست و بیر و هۆشیانیان زەوت کردبوو، ئامادەنەبوون وا بەئاسانی پلەو پایەی خۆیان لەدەست بدەن و خۆیان تەسلیمی راستی بکەن. لەبەر ئەوە بە هەموو توانایەکیان ململانێیان لەتەك ئەم پەیامە تازەیەو ئەو پەیامبەرە دەکرد.

زەردەشت جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە لەتەك هەموو ئەم دژاورییانەدا، خۆی ڕادەگرێ و ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێدێنێت و پەیامەکەی ڕادەگەیەنێت.

بەندی ١٢:

((ئەوسا،

ئامۆژگارییەکی وەهات کردم، کە تائەوکاتە نەمبیستبوو،

فەرموت:

بۆئەوەی دانابم

ڕێگەی ڕاستی بگرمە بەر،

تێبکۆشم تا زایەڵەی(سروش) لەنێو دەروونمدا دەنگ بداتەوە،

ولەبەر تیشکی ڕووناکی ئەو تێبگەم

کە هەردوو دەستەی خاسان و بەدکاران،

پاداشت و سزای شیاوی خۆیان وەردەگرن.))

لەم بەندەدا، هەروەك بەندی پێشوو، زەردەشت لەئەندێشەدایە دەربارەی ژیان و بە بیرێکی پاکەوە لە پرسیارەکانی خۆی دەکۆڵێتەوە. کاتێك کە دەبێژێ (ئەوسا ئامۆژگاریت کردم)، لەڕاستیدا ئاماژە بۆ بانگەوازی ویژدان یاخود بیژین فریشتەی (سروش) دەکات، کە هەمیشە ئادەمیزاد بەرەو ڕاستی و بێخەوشێتی ڕابەری دەکا.

زەردەشت دەبێژێ دەبێ تێبکۆشین ویژدانی خۆمان کە تیشکێکە لەپرشنگی خوایی، لەنێو دەروونماندا بێداربکەین و گوێ بۆ زایەڵەی ئەو بانگەوازە ڕابگرین کە جگە لە ڕاگەیاندنی ڕەوا هیچی دیکە نییە. پێویستە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بین، کە بریتین لەویست و خواستی ئاهورامەزدا و ڕەفتاری لەتەکا بکەین بۆئەوەی لەم جیهانەدا بەختەوەر و لەپەسلاندا ڕزگاربین.

زەردەشت، ئەو نهێنییەی بۆ ئاشکرابووە کە هەر کەسێك شیاوی هەرچییەك بێت(چاکە یا خراپە) هەر ئەوەی دەستدەکەوێ، واتا هەرچییەك بڕوێنین هەر ئەوە درەودەکەین.

بەندی ١٣:

((ئەی مەزدا،

ئەو ساتە تۆم بەپاك ناسی کە

خاس بیرم کردەوە و گووتم:

بۆئەوەی بە ئاواتەکانم بگەم،

پێویستیم بە ژیان و تەمەنێکی درێژە،
ئەو ژیانە دڵخوازەی،
کە تەنیا تۆ دەیبەخشیت،
لە وزە و توانای شالیاری تۆوەیە.))
سەرەتای ئەم بەندە، دووپاتکردنەوەی بەندی یانزەیە و دەبێژێ:
ساتێك کە ئەندێشەی مرۆڤ پاك و خاوێن دەبێتەوە، روونـاکی راسـتەقینە و بینـایی و تێگەیشـتن لەنێو دڵ و دەروونیدا دەگەشـێتەوە. لەپاشـاندا، زەردەشـت بۆئـەوەی ئـاوات و ویسـتەکانی بێنـەدی، پەیامەکەی بەخاسی ڕابگەیەنێت، داوای تەمەن درێژی لە ئاهورامەزدا دەکات. تەمەن درێژییـەك کـە زەردەشت داوای دەکا، نە بۆ خۆشگوزەرانی و خـواردن و نووسـتنە، بـەڵکو دەیـەوێت زێـتر خزمـەتی خەڵك بکات و پتر هەوڵ و کۆشش بدا بۆ پەرەسەندنی ئایینی ڕاستی و پێشخستنی کۆمەڵگا.
لەکۆتاییدا، ئەو ژیانـە دڵخـوازەی کـە زەردەشـت داوای دەکـا، پەیوەنـدیی راسـتەوخۆی لەتـەك (خەشترا)دایە، کە دیاردەی هێز و توانای خزمەتکردنی خەڵك و کۆششە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا.
کەواتە، ئارەزووی تەمەن درێژی زەردەشت تەنیا بۆ ژینێکی ئاسایی بردنەسەر نییە، بەڵکو بۆ پـتر هەوڵ و کۆششە لەپێناوی ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی کۆمەڵگای جیهانییە.

بەندی ١٤:
((ئەی مەزدا،
هەر بەو شێوەیەی مرۆی توانا و دلێر،
خۆشی و شادی بەهاوڕێکەی دەبەخشێ،
ئەتۆش، بە هۆی شکۆ و شالیاری خۆتەوە،
تیشکی روونـاکی ڕاستیدا،
خۆشی و بەختەوەری
بەلایەنگرەکانم ببەخشە.
ئەز، ڕادەپەڕم،
هاوڕی لەتەك گشت ئەوانەی کە
پەیامی ئاسمانی تۆ و ئامۆژگارییەکانت ڕەچاودەکەن،
پشتیوان و پەیڕەوی ئامۆژگارییەکانی تۆ دەبم.))

ئەوەی لێرەدا پتر سەرنجڕادەکێشێ ئەوەیە کە، زەردەشت، ئاهورامەزدای ئافەریدەگاری دانا و ژیر، بە چاوی باوکێکی میهرەبان و دۆست و یارێکی نزیکی خۆی دەبینێ، لەبەر ئەمەیە، کە چاوەڕێی کۆمەك و یارمەتی لە دۆستی خۆی دەکا بۆ دۆستان و یاران و پەیڕەوانی خۆی.

زەردەشت، خێر و خۆشی بۆ هەموو مرۆڤ دەوێت، لە ئافەریدەگار داوای خۆشی و شادییان بۆ دەکات، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی، کە پەیڕەوی لەئایینی ڕاستی دەکەن، چونکە دەزانێت، کاتێك مرۆڤ شاد و خۆشحاڵ بێت، وەی بەرزدەبێ و پتر حەز لەئیش و کار و کۆششدەکا و ئامادەیی زێتر دەبێ کە ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ بهێنێ بۆ هەڵسوڕاندنی ئیشوکاری کۆمەڵایەتی.

بە پێچەوانەوە، ماتەم و دەست بە ئەژنۆ گرتن و خەم و خەفەت، هێز و توانای مرۆ کەمدەکات و وەی ئادەمیزاد نزمدەکاتەوە و لە ئەنجامدانی ئیشوکار، سست و بێکاری دەکات.

دیسانەوە شایانی باسە کە زەردەشت دەفەرمەوێت، ئەو خۆشی و شادییە کە بە هۆی کۆشش و تێکۆشان و لە ڕێگەی ڕاستی و دروستییەوە بەدەست دێت، مایەی بەختەوەرییە، نەك خۆشی و شادییەك کە لە ڕێگەی نادروست وەدەست دێت، چونکە ئەوەی دواییان کاتییە و زوو لەناودەچێ.

لەکۆتاییدا دەبێژێ، ئەز ڕادەپەڕم و یارمەتی هەموو ئەو کەسانە دەدەم، کە ئایینی ڕاستی ئاهورامەزدایان پەسەندکردووە و ئامۆژگارییەکانی ڕەچاودەکەن.

بەندی ١٥:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

ئەو ساتە تۆم بە پاك ناسی کە،

خاس بیرم کردەوە و،

ئەندێشەی پاك هاتە بیرم،

تیشکی ڕووناکی ڕاستەقینەی خستە نێو دڵمەوە،

ئەوسا زانیم کە،

بیرکردنەوەی قووڵ و ئارام، خاسترین ئامرازی فێربوون و بینایی مەعنەوییە، ڕابەر نابێ هەرگیز درۆزنان و بێ باوەڕان شاد و خۆشحاڵ بکات،

چونکە ئەوانە،

هەمیشە لەتەك پیاو خاسان و پەیڕەوانی ڕاستی نەیارن و

دوژمنایەتییان دەکەن.

ئەوەی زێتر لـەم بەنـدەدا لەبەرچـاوە ئەوەیـە قـووڵ بیرکردنـەوە و تێفکـرین (ڕامـان)، دەتوانێـت دەروازەی زانیاری و فێربوون بەڕووی مرۆڤ دا بکاتەوە. بۆ فێربـوونی زانیـاری و گەیشـتنە هەقیقـەتی ژیان، مرۆ دەبێ بیربکاتەوە و لەتەك ئەندێشەی خۆیدا گفتوگۆ بکا و ماوەیـەکی زۆر بچـێتە قـووڵایی بیرکردنەوە و لە دەوروبەرێکی ئارامدا بێت بۆئەوەی ئەوەی گەرەکێتی پێی بگات.

زەردەشت، لێرەدا دەیەوێ بێژێت کە هیچ دەردو چەرمەسەرییەك نییە، کە بەبیرکردنەوەیەکی پـاك و قووڵ چارەسەرنەکرێت.

کەوایە، بیرکردنـەوەی قـووڵ، خاسـترین ئـامرازە، بـۆ سـەرکەوتن بەسـەر ناخۆشـییەکانی ژیـان (هەرچییەك بێت).

هەروەها زەردەشت ئامۆژگاری ململانێ کردمان دەکا لەتەك درۆزنان و بێ باوەڕان و بیر تەسـکان و داوامان لێدەکات کە هەوڵ و کۆشش بدەین بۆ ڕێنمایی و هیدایەت کردنیان بۆ سەر ڕێی راسـت، نابـێ کەمتەرخەمی بنوێنین لە تەکیاندا.

بەندی ١٦:

((ئەی ئاهورا،

کەوایە زەردەشت

لەبۆ ڕێنمایی خۆی، خاسترین و پاکترین ئەندێشەکان هەڵدەبژێرێ.

هیوادارم،

لەژێر سایەی ڕاستیدا،

ژیانی (مادی)مان بەهێز و پتەو بێت،

پاکی و توانایی مەعنەوی

ژیانمان بدرەوشێنێتەوە،

بیری خاس

پاداشتی باش بە کردەوەکانمان بگەیەنێت.))

لەم بەندەدا، زەردەشت، بۆ گەیشتنە (پوختـەیی) و نزیکبوونـەوە لـە ئاهورامـەزدا، بیرکردنـەوەی قووڵ و دەروونی بە خاسترین ئامرازی ڕێنمایی دەزانێـت. پـەروەردەکردن و گەشـەپێدانی بیرکردنـەوەی قووڵ و بایەخدان بەرۆح، مرۆڤ لە ئاهورامەزدا نزیك دەکاتەوە، چونکە هۆش و ئەندێشە پرشنگێك لـە

روونـاکی بێ پایانی ئاهورامەزدان. کاتێ دەروونی مرۆڤ لـە خراپـی و چـەپەڵی خـاوێن بـۆوە، ئەوسـا دەگاتە دوا ئارەزووی خۆی کە بریتییە لەنزیکبوونەوە لەئافەریدەگار.

زەردەشت، ئامۆژگاریمان دەکا کە گەوهەری پاکی یاخود سپەنتامینو هەڵبژێرین و بیکەینـە چـراو رێنمای رێگەی ژیانمان بۆئەوەی هەرگیز گیرۆدەی هەڵدێر و پەشیمانی نەبین، هەروەها ئـارەزوی ئەوەیـە کە، مرۆڤ بەتێکڕایی ژیانیان پڕ لەخۆشی و راستی و دروستی و پاکی بێت. هێز و توانـای مەعنـەوی (وەخشتەرا) هەموو خەڵك بۆ کار و خزمەتکردن راکێشێت و دڵ و دەروونیان پـڕ لەتیشـکی روونـاکی باوەڕ و دلۆڤانی بێت، بۆئەوەی بەرخورداربن لەبەختەوەری و (پوختەیی).

سرودی نۆیەم

هات ٤٤

بەندی١:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

پرسیارت لێدەکەم،

ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،

چۆن ئەویندارانت

تۆ بناسن و ستایشتت بکەن؟

کەی ڕێنمایی

دۆستێکی وەك من دەکەیت؟

وکەی لەبەر تیشکی راستی (ئاشا) دڵخواز

یاریدەم دەدەیت،

تا ئەندێشەی خاسمان (وەهومەن) بۆ بێت؟

لەم بەشە لە گاتاکاندا، زەردەشت بڕێ پرسیاری جۆراوجۆری کردووە، پاش بیرکردنەوەیەکی قووڵ، وەڵامەکانی بۆ ڕوونبۆتەوە. پرسیارەکانی ئاراستەی ئاهورامەزدای دانا و ژیر دەکا و داواکارە لێی کە ڕاستی بۆ ئاشکرابکات.

لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین کە زەردەشت، چۆتە ناخی بیرکردنەوەیەکی یەکجار قووڵ و لە دەروونی خۆیدا خەریکی راز و نیازە لەتەك ئاهورامەزدا و چاوەڕێی ئیلهام و وەڵامدەکات.

سەرەتا پرسیاری ئەوە دەکا، ئەویندارانی راستەقینەی راستی چلۆن بتوانن ئافەریدەگار بناسن و ستایشتی بکەن.

شایانی باس لەم بەندەدا ئەوەیە کە، زەردەشت خۆی بە ئەویندار و دۆستی ئاهورامەزدا دەزانێ، دەیەوێت وەك هاوەڵێکی بەئەمەك ستایشتی ئاهورامەزدا بکات و بیپەرستێت نەك بە تۆپزی و لە ڕووی ترس و لەرزەوە.

لەپاشان، زەردەشت ئارەزوو دەکا کە هەموو خەڵك لەژێر سایەی راستی و دروستی بەرخورداربن لەمیهرەبانی و خەڵاتی ئاهورامەزدا، دڵ و دەروونیان هەمیشە رۆشەن بێت بە هۆی بیرکردنەوەیەکی پاك و قووڵ..

بەندی ٢:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

پرسیارت لێدەکەم،

ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،

سەرچاوە و سەرەتای خاسترین شێوەی ژیان چییە؟

وکەسێك کە عەودالێتی و تێدەکۆشێ بۆی،

چ پاداشتێك وەردەگرێ؟

وئەو کەسەی هەڵبژاردەی هەموو خەڵکە

چلۆن لەژێر سایەی ڕاستیدا،

بە پاکی، دۆست و چارەسازی ژیان،

وپارێزگاری هەموو کارە مەعنەوییەکان دەبێ؟

لەم بەندەشدا، دیسانەوە زەردەشت بەردەوامە لەسەر پرسیارکردن. دەربارەی سەرەتاو سەرچاوەی خاسترین شێوە و جۆری ژیان دەپرسیت، چلۆنایەتی وەدەست هێنانی دەوێت.

پاشان، خۆی وەڵامدەداتەوە و دەبێژێ: ئەو کەسەی کە عەودالی ئەو جۆرە ژیانەیە، تێدەکۆشێ بۆ وەدەستهێنانی، بێگومان پاداشتی خۆی وەردەگرێت.

کۆتایی ئەم بەندە لەوە دەچێ کە یەکێ لەیار و لایەنگرانی نزیکی زەردەشت، ئەم بەندەی تەواو کردبێ.

بەندی ٣:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

پرسیارت لێدەکەم،

ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،

کێ لەسەرەتاوە

داهێنەر و سەرچاوەی ڕاستی بوو؟
کـێ، خۆر و هەسارەکانی
فێری گەردەشو خولانەوە کردووە؟
کێیە کە بە هۆی ئەوەوە،
مانگ، بڕێ جار خر وپر و هەندێ جار کز دەبێ؟
ئەی مەزدا،
دەمەوێت ئەم شتانە و شتی دیکەش بزانم.))

زەردەشت، لەم بەندەدا دەیەوێت لە راز و نهێنییەکانی ئافراندن، خولانەوەی هەسارەکان، مـانگ و خۆر ئاگاداربێت. گەرەکێتی بزانێت کێیە یا چ هێزێکە کـە ئـەم تەکوزییـەی داوە بـە کەشـکەڵان، چ کەسێکە بە هۆی ئەقڵ و هۆشی خۆیەوە هێڵی ئەم جوڵانەوانەی داڕشتووە؟ مانگ بڕێ جار خڕ و پـر و هەندێ جاریش کز و لاواز دەبێ،

زەردەشت، دەیەوێت بزانێت ئەو هێز و وزەیەی کە کۆنترۆڵی ئەم هەموو رووداوانە دەکـات چـییە و کێیە، دەیەوێت هەموو راستییەکان دەربارەی (بوون) بزانێت.

بەندی٤:
((ئەی مەزدا ئاهورا،
پرسیارت لێدەکەم
ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،
کێیە ئەو کەسەی،
لە خوارەوە زەوی و لەسەرەوە ئاسمانی بەبێ نشێوی
ڕاگرتووە؟
چ کەسێکە
ئاوو گژوگیای ئافراندووە؟
کێیە ئەو کەسەی
تیژڕەوی بە(با) و (هەور) داوە؟
ئەی مەزدا، کێیە ئەوکەسەی
ئەندێشەی خاسی هێناوەتەئارا؟

ئـەم بەنـدەش، تەواوکـەرەوەی بەنـدی پێشـووە، زەردەشـت، بەردەوامـە لەسـەر پرسـیارکردن و بیرکردنەوە دەربارەی جیهان و نهێنییەکانی، دەیەوێت هەموو شتێك بزانێت. کێیە ئەم هەسارانەی بـەم شێوەیە ڕاگرتووە، چ هێزێکە کە زەوی لە خوارەوە و ئاسمـانی لەسـەرەوە ڕاگرتـووە بـێ ئـەوەی بـەرەو نشێوی بروات. ئاوو ڕوەك چلۆن هاتوونەتەئارا، کـێ هێز و توانای داوە بە (بـا) بـەم شـێوەیە هـەڵکاو هەور ئاوەها تیژڕەوبێت؟ کـێ بیری خاسی هێناوەتەئارا؟

بەندی ٥:

((ئەی مەزادا ئاهورا

پرسیارت لێدەکەم

ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،

کام پیشەگەری کارامە،

روناهی و تاریکی دەخولقێنێت؟

خەو و هۆشیاری دەهێنێتەئارا؟

کێیە ئەو کەسەی،

بەیان و نیوەڕۆ و شەوی وەدەیهێنا؟

کـێ داوا لەدانا دەکا

پێویستییەکانی سەرشانی ئەنجام بدات؟

ئەم بەندەش، هەروەك بەندەکانی پێشووە، ئەوەندە ڕۆشەن و ئاشکرایە کە پێویستی بە شـیکردنەوە نییە.

بەندی ٦:

((ئەی مەزدا،

پرسیارت لێدەکەم،

ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،

ئایا ئەو شتانەی دەیبیژم و فێری دەبم،

بەڕاستی گشتیان دروستن؟

ئایا پاکی (ئارمەئیتی)، بە هۆی کار و کردەوەوە،

ڕاستی، پتر دەکات؟
ولەبەر تیشکی بیری خاس،
شالیاری تۆ، ئاشکرادەکا؟
ئەی مەزدا،
بۆ کێ
ئەم جیهانە پڕ لەپیتو بەرەکەت و شادی بەخشەت دروستکردووە؟))

لەم بەندەدا، زەردەشت، بڕێ پرسیاریکردووە کە لەنێو پرسیارەکاندا وەڵامەکانیشی ڕەچاوکردووە، بۆ وێنە: دەفەرموێت: ئایا بە هۆی ئەوین و باوەڕ بەخواو لەژێرسایەی کاری خاسدا، ڕاستی و دروستی پتر دەبێت؟ گومانی تێدا نییە کاتێك مرۆ باوەڕی تەواوسەنگی بە ئافەریدەگار هەبێت، لە هەموو هەڵسوکەوت و کارەکانیدا، ڕاستی و پاکی و ئەمانەت ڕەچاوبکات، ئەوکاتە ڕاستی و دروستی پتر دەبێ و کەس وەدوی خراپە و درۆ و ڕیاکاری ناڕوات. هەروەها بیری پاك و خاس، کە دووربێت لەئەندێشەی بوغزو کینە و خراپە، هێز و توانای یەزدانی و مەعنەوی لەمرۆ پتر دەکات.

لەکۆتاییدا دەبێژێ: ئەم جیهانە پڕ لەپیت و بەرەکەت و جوانی و شادی بەخشەت بۆ ئافراندوین بۆئەوەی سوود لە هەموو خۆشی و نیعمەتەکانی وەربگرین، بەخۆشی و بەختیاری تیایدا بژین.

بەندی ٧:
((ئەی ئاهورا،
پرسیارت لێدەکەم،
ئەم ڕاستییەم بۆ ئاشکرابکە،
چ کەسێك،
هێز و توانای مەعنەوی (خەشترا) لەتەك پاکیدا (ئارمەئیتی) ئافراند؟
چ کەسێك بەدانابیەوە
خۆشەویستی منداڵی خستە دڵی بابەوە؟
ئەز، هەمیشە تێدەکۆشم، ئەی مەزدا،
بەم پرسیارانە و بە بیری پاکەوە،
تۆ بە ئافەریدەگاری هەموو (بوون)بزانم.))

لەم بەندەدا، زەردەشت پاش ئەوەی هەندێ پرسیاری دیکە دەکات، دەفەرموێت: کە بە هـۆی ئـەم پرسیارانە و بە بیری پاك و هۆشی تەواوەوە بۆم رۆشەن و ڕوون بووە کـە، ئاهورامـەزدای دانـا و ژیـر، ئافەریدەگاری هەموو شتێکە، ئـەوە بـە دانـایی و هۆشـێکی تەواوسـەنگەوە، خۆشەویسـتی بـاوك و فەرزەندی خستۆتە نێو دڵی یەکدی. ئەوە هۆی هەست و سۆزی مرۆڤایەتی.

بەندی ٨:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

پرسیارت لێدەکەم

ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،

بۆئەوەی بتوانم بیر لەئامۆژگارییەکانت بکەمەوە،

ئەی مەزدا،

گەرەکمە بە هۆی بیری خاسەوە (وەهومەن)،

هەست بە ئامۆژگارییەکانت بکەم.

چلۆن لەژێر سایەی راستیدا (ئاشا)،

دەگەمە ژیانێکی پوختە،

بەرخوردار دەبم لەشادی و ئاسوودەیی ڕەوان و ویژدان؟))

زەردەشت، بۆئەوەی بتوانێت ئەرکی سەرشانی خۆی کە بریتی بـو لـە ڕێنمـاییکردنی خـەڵك، بـە خاسی ئەنجام بدات، دەبوایە ماوەی دە ساڵێك، بە تەنیایی لەگۆشەیەکدا خەڵوەت بکاو تەنیا خـەریکی بیرکردنەوەبێت، بیر لەو گیروگرفتانە بکاتەوە، کە خەڵکی دووچـاری بـوون، ڕێگـەی چارەسـەرکردنیان بدۆزێتەوە.

بڕێ جار، دەچووە بیرکردنەوەیەکی یەکجار قووڵ، ئەوسا ئیلهامی بۆ دەهـات، بـیری بـە تیشـکی زانست رۆشەن دەبۆوە و نهێنییەکانی بوونی بۆ ئاشکرادەبوو.

لەم بەندەدا، ئەوە دەبینین کە، زەردەشت بیر لەو شتانە دەکاتەوە، کە بـۆی ئیلـهام بـووە، داوا لـە ئاهورامەزدای دانا و ژیر دەکات، بە هۆی بیری پاکەوە (وەهومەن) بتوانێت ئەو ئامۆژگارییانەی پێـی ئیلهام دەبێ، هەڵیسەنگێنێ و هەست و باوەڕی پێبکات، بۆئەوەی بەخەڵکی ڕابگەیـەنێت. داوادەکـا، کە بە هۆی راستی و پاکییەوە پوختە بێت.

لەکۆتایی ئـەم بەنـدەدا، پرسـیاردەکا چـلۆن دەتوانـێ، دەبـێ چ بکـات بۆئـەوەی رۆح و رەوانـی بەرخوردابێت لەشادی و ئاسایش و ئارامی.

ئەوەی شایانی باسە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، هەر لەم بەنـدەدا، خـۆی وەڵامیداوەتـەوە و دەبێـژێ: لەژێر سایەی بیری خاس و هەستکردن بە ئامۆژگارییەکانی ئاهورامەزدا، هـەروەها بـە هـۆی پـاکی و راستی و بەرخورداری لەپوختەیی ویژدان، مرۆ هەست بە شادی و بەختیاری و ئارامی دەکات.

بەندی ٩:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
پرسیارت لێدەکەم،
ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،
چۆن زاتی خۆم بۆ خزمەتگوزاری خەڵك،
دەربەست پێشکەشی تۆ بکەم؟
تا بەو هۆیەوە،
بە هۆی ئەو زانیارییەی کە لەسایەی شالیاری تۆوە فێری دەبم،
هەروەها بە هۆی توانایی مەعنەوی،
ڕاستی و بیری خاسەوە،
بەرەو بارەگای تۆ ڕێ بگرمەبەر.))

لەم بەندەدا، زەردەشت دەبێژێ: فەرمان و ئامۆژگارییـەکانی یـەزدان، فێرمـان دەکـا، کـە چـلۆن لەپێناوی ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانمان و خزمەتکردنی خەڵك، درێغی لەهیچ شتێك نەکـەین، گیـانی خۆمانی بۆ بەخت بکەین، هەروەکو چۆن ئەم پەیامبەرە مەزنـەمان، گیـانی خـۆی فیـدای بـە ئـەنجام گەیاندنی پەیامەکەی و ڕێنماییکردنی خەڵك کرد.

کاتێك کە زەردەشت، ئەم پرسیارەدەکا و دەبێژێ چلۆن زاتی خۆی لەپێناوی خزمـەتکردنی خـەڵك پێشکەش بە ئاهورامەزدا بکات، مەبەستی ئەوەیـە کـە بێـژێت ئـەو کەسـەی کـە رێبـازی راسـتی دەگرێتەبەر، بە هەموو باوەڕ و پەنایەك کە بە ئافەریدەگاری هەیـە، هـەموو زاتـی خـۆی و ویـژدان و بوونی خۆی، لەپێناوی خزمەتکردنی خەڵك بەکاردێنێت، بۆئەوەی لەبارەگای خـوا نزیـك بێتـەوە. لـە کۆتاییدا دەبێژێ: کەسێك کە عەودالی گەیشتنە لای ئاهورامەزدایە، کەسێك کە هەموو بیر و هۆشـی

گەیشتنە لای تەنیا ئەوینی راستەقینەی خۆیەتی، واتە گەیشتنە لای ئافەریدەگار، لەئاکامدا، بە پرشنگی ڕووناکی ئاشا، واتە ڕاستی و خۆشەویستی، لەتەك وەخشتەرا واتە خزمەتکردنی خەڵك، جێگەو مەڵبەندی بەهەشتی بەرین دەبێ.

بەندی ١٠:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
پرسیارت لێدەکەم،
ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،
ئایینی تۆ چییە؟
کە بۆ هەموو خەڵك خاسترینە،
هاوڕێ لەتەك راستیدا (ئاشا)،
جیهان بەرەو پێشەوە دەبات،
لەژێر سایەی پاکیدا (ئارمەئیتی)،
کارەکانمان ڕوو بە راستی ڕێنمایی دەکا؟
ئەز بە ویست و ئارەزووو هۆشی خۆمەوە،
ڕوودەکەمە تۆ و ئایینی تۆ)).

لەم بەندەدا، چوار خاڵی گرنگ رەچاوکراوە:

یەکەمیان ئەوەیە کە زەردەشت، ئارەزوو دەکا، ئەو شتانەی کە بۆ هەموو خەڵك باشترینە و مایەی بەختەوەرییانە، لەلایەن ئاهورامەزداوە بە شێوەی ئیلهام بێتە بیریەوە بۆئەوەی بتوانێت بەو هۆیەوە بەختیاری بۆ خەڵك دابین بکات.

دووەم باوەڕ و ئایینی زەردەشت، ئایینی راستی و پاکییە، ئایینێکە کە لەتەك یاسای سروشتیدا هاوجووت و هاوڕێیە، پەیڕەویکردن لەم ئایینە، هەموو جیهانی (بوون) بەرەو پێشکەوتن و ئاوەدانی دەبات.

سێیەم، پرشنگ و ڕووناکی باوەڕ بە ئاهورامەزدا و پەنابردنە بەری، خەڵك لەگومڕایی و ستەم و بێدادی، دووردەخاتەوە، بەرەو راستی و دروستی دەیانبات. سەرچاوەی گشت چارە ڕەشی و ماڵوێرانی و بەدبەختییەکانی مرۆڤ، لەبێ باوەڕی ئافەریدەگاری دانا و ژیر و هەروەها فیز و خۆبەزل

زانینێتی. ەوایە، دەبێ داوا لە ئافەریدەگار بکەین، کە هەمیشە تیشکی رووناکی باوەڕ لە دڵی یەکە یەکەمان هەڵگیرسێت بۆئەوەی دووچاری فیز و خراپە نەبین.

چوارەمیان و گرنگترینیان ئەوەیە کە: ئارەزوو و ئاواتی هەموو مرۆڤێك ئەوەیە کە بگاتە لای ئەوینی راستەقینەی خۆی، کە بریتییە لەدیداری ئافەریدەگاری دانا و ژیر: ئەم دیدارە و چۆنێتی گەیشتنە لای، چەندین جار زەردەشت لە گاتاکاندا باسی لێکردووە، لێرەشدا دەفەرموێت، بە ویست و ئارەزووی خۆم و بەهەموو هۆش و هۆشیارییەکەوە، ئایینی ئاهورامەزدا پەسەند دەکەم و ڕووی تێدەکەم.

هەروەکو لەمەوبەر گوتمان، بە گوێرەی ئامۆژگارییەکانی زەردەشت، پرشنگی رووناکی تەواو سەنگی یەزدانی لەنێو دڵ و دەروون و مێشکی هەموو مرۆڤێکدا بە (ئەمانەت) دانراوە، ئەم پرشنگانە هەمیشە بەرەو پێشکەوتن و پاکی و پوختەییمان دەبات، تا دەمانگەیەنێتە کۆشك و سەرای ئافەریدەگار.

بەندی ١١:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
پرسیارت لێدەکەم،
ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،
چلۆن پاکێتی و باوەڕ بەئافەریدەگار و میهرەبانی (ئارمەئیتی)،
دەچێتە نێو دڵ و دەروونی ئەو کەسانەی کە رێ و رەوشی تۆ فێربوون؟
ئەز، بۆ ئەم کارە
یەکەمین کەسێکم کە لەلایەن تۆوە هەڵبژێراوم،
کەواتە، پەیڕەوانی تۆ بە یار و ئەوانی دیکە بە نەیار دەزانم.))

لەم بەندەدا، ئەوەمان پێ دەبێژێ کە، ئەوانەی پەیڕەوی ئایینی راستین، میهرەبان و پاك و راستگۆن، لەتەك هەموواندا بە نەرمی و میهرەبانی رەفتار دەکەن. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیڕەوانی ئەم ئایینە خاستر بتوانن بچنە نێو دڵ و دەروونی خەڵك و ئامۆژگارییان بکەن.

زەردەشت لێرەدا، واپێشان دەدا، کە یەکەمین کەسێکە لەلایەن ئاهورامەزداوە هەڵبژێردراوە بۆ رابەرایەتی، بۆئەوەی رێگەی راستی پێشان خەڵك بدات.

لەکۆتاییدا دەبێژێ: ئەوانەی کە گوێبیستی فەرمان و ئامۆژگاریەکانی ئاهورامەزدای دانا و ژیرن و پەیڕەوی لە ئایینی یەکتاپەرستی دەکەن، خۆشی دەوێن و بە یار و یاوەری خۆی دەناسێ، ئەوانەشی سەرپێچی لەم ئامۆژگاریانە دەکەن، بە نەیاریان دەناسێت.

بەندی ١٢:

((ئەی ئاهورا،
پرسیارت لێدەکەم،
ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،
لەنێو ئەوانەی بۆیان دەئاخافم،
کێ ڕاستکردارەو کێ درۆزنە؟
وئەز، ڕووبکەمە چ کەسێك؟
ئەو کەسەی کە خراپەی لەتەکا کراوە.
یا ئەو کەسەی خۆی لەخۆیدا، بەدکارە؟
وچلۆن ئەو درۆزنەی
کە لەتەك ئەو هەموو بەخشینانەی تۆ، لەتەك مندا
ململانێ دەکا، بە بیر خراپی نەزانم؟))

لەڕوانگەی ئەم پرسیارانەدا، وا دەردەکەوێت کەزەردەشت دووچاری دوودڵی بووبێت، چونکە دەفەرموێت: ئایا داوای هاریکاری لەوانە بکەم کە عەودالّی ڕاستین، یاخود ڕووبکەمە هەوادارانی درۆ و خراپە؟ ئایا ئامۆژگاری درۆزنان و خراپەکاران بکەم، یاخود کەسانێك کە بە هۆی گوتنی وتەی ڕەوا و راستی، ڕەنج دەبەن و لەلایەن خراپەکارانەوە دووچاری ئەشکەنجەو ئازار دەبن؟ ئایا سزا وارە کە لەتەك ئەوانەی ئەم هەموو خەڵات و بەخشینەی ئافەریدەگار دەبینن و هەستی پێدەکەن، بەچاوی سووکایەتیی تێی دەڕوانن و بە هیچی نازانن، خراپە و درۆ و تاوان دڵ ڕەشی کردوون، دۆست بم و بە خراپیان نەزانم؟ یاخود دەبێ تا ئەو شوێنەی بۆم دەکرێت، دووربم لەم جۆرە کەسانە و ئاگاداری خەڵکی بکەم کە دوورکەونەوە لێیان.

بەندی ١٣:

((ئەی ئاهورا،

پرسیارت لێدەکەم،

ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،

چلۆن خۆمان لەدرۆ دوور ڕابگرین و دووری بخەینەوە؟

چۆن چۆنی،

لەو کەسانەی کەسەرکێشن،

تێناکۆشن بۆ پەیڕەویکردن لە راستی

بیری خاس ناکەنەوە، دووربکەوینەوە؟))

دوا بەدوای ئەوەی کە زەردەشت، لەبەندی پێشوودا، ئەو پرسیارانەی کرد، کە ڕووی ئاخافتنی بکاتە کام یەك لەو دوو دەستەیە، راستکرداران یاخود خراپەکاران.

لێرەدا زۆر بە ڕاشکاوی دەفەرموێت، مرۆ دەبێ تێبکۆشێت تا مۆتەکەی درۆ و فریوو ڕیا لەخۆی دووربخاتەوە.

دوورەپەرێز بێت لەبێ باوەڕان و خراپەکاران.

ئەوەی لەم بەندەدا دەستگیرمان دەبێ ئەوەیە کە:

دەبێ درۆ (کە سەرچاوەی هەموو خراپەکارانە) لەخۆمان دووربخەینەوە و هەمیشە عەودالّی راستی و دروستی بین، خۆمان لەبێ باوەڕان دووربخەینەوە، تا ئەو شوێنەی دەتوانین دوورەپەرێز بین لەو کەسانەی بیر خراپن، نایانەوێت هەنگاوێك هەڵنێن بۆ پێشخستنی کۆمەڵ و خۆشیان.

زەردەشت، لێرەدا دژایەتی خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر دڵڕەشان و خراپەکاران و ئامۆژگاری خەڵك دەکا، کە لێیان دووربکەونەوە.

بەندی١٤:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

پرسیارت لێدەکەم،

ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،

چۆن چۆنی درۆ بسپێرینە دەست راستی؟
تا بە هۆی پەیام و ئامۆژگاریە هۆشمەندو پیرۆزەکانت،
پاك ببنەوە،
لەم رێگەیەوە
درۆزنان دووچاری نوشوستی بن،
فریو و ئازاریان بنبڕبێت.))

لەم بەندەدا، زەردەشت زۆر بەجوانی مژدەی بە هەموو خەڵك داوە کە، سەرکەوتن بۆ راستییە بەسەر درۆدا، ڕەوا بەسەر ناڕەوا، خاسی بەسەر خراپی.

پرسیار ئەوەیە، چلۆن دەتوانرێ بەسەر درۆدا زاڵبین و هەموو جیهان لەفریوو ریاو خراپەی درۆزنان و بەدکاران پاك بکەینەوە، لەوەڵامدا خۆی دەفەرموێت: پەیڕەوی لە ئامۆژگاری و فەرمانەکانی ئاهورامەزدا دەتوانێت رق و کینە و خراپەکاری درۆزنان بێ بایەخ بکات، رۆح و رەوانی چەپەڵی خراپەکاران و بەدکرداران خاوێن بکاتەوە، بەرەو راستی و دروستییان بەرێت.

ئەمە وانەیەکی یەکجار پیرۆزە کە هەموو خەڵك فێردەکا چ بکەن، هیوایەکە بۆ مرۆڤ، کە لەکاتی تەنگانە و ناخۆشیدا ڕەشبین نەبن و بە دیدێکی رۆشنەوە بڕوانن پاشەڕۆژ، دەست لە کار و کۆشش هەڵنەگرن، بزانن کە لەئاکامدا چاکە بەسەر خراپە دا زاڵدەبێت.

ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت، ئەوەیە بە شێوەیەکی ڕاشکاو ئاشکرابووە، کە لەئاکامدا درۆزنان و بیر خراپان، بە هۆی ئامۆژگارییەکانی زەردەشتەوە، پەشیمان دەبنەوە و پەیڕەوی لێدەکەن، ڕوودەکەنە راستی و دروستی، پاکی دەکەنە پیشەیان. واتە دەست لە بیری خراپ هەڵدەگرن و لێی دووردەکەونەوە.

بەندی ١٥:
((ئەی مەزدا ئاهورا،
پرسیارت لێدەکەم،
ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،
لەبەر ئەوەی تۆ دەتوانی لەژێرسایەی راستیدا،
پشتوپەنای ڕاستکرداران بیت،

ئایا، کاتێك كە دوو دەستەی ناساز بە یەكدەگەن،
بە گوێرەی ئەو یاسایەی داترشتووە،
بەكام یەك لەو دوو دەستەیەو لەكوێ،
سەركەوتن دەبەخشیت؟))

زەردەشت، داوا لە ئاهورامەزدای توانا دەكات كە بە هۆی راستییەوە، واتە یاسای سروشتی و راستی و پاكی، پارێزگاری لەراستكرداران بكات كە دەستی جەور وستەمی درۆزنان و خراپەكاران نەتوانێ ئازاریان پێ بگەیەنێت.

هەروەها دەپرسێ، كاتێك كە دوو دەستە یا دوو سوپای دژ بەیەك، بەرامبەر یەكدی رادەوێستن (یانی دەستەی هەوادارانی درۆ و خراپە بەرامبەر دەستەی خواپەرستان و راستگۆیان)، كام یەك لەم دوو دەستەیە، بە گوێرەی یاسای یەزدانی، سەردەكەون؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لەبەندی پێشوودا دراوەتەوە. دەبینین كە لەئاكامدا راستی بەسەر درۆدا سەردەكەوێت.

ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ئەوەیە كە، هەر زەردەشتییەك پێویستە لەسەری هەمیشە لەتەك هێز و توانای ئەهریمەنی لە ململانیدابێت، هەوا و هەوەس و ئەو ئارەزووە دەروونیانەی، كە سەرچاوەكانیان لە بیركردنەوەی خراپەوەیە، لە خۆی دوورخاتەوە، خۆی نەسپێرێتە دەست بیری خراپ و خراپەكاران.

ململانێی نێوان خاسی و خراپی هەمیشەییە، بەڵام لەئاكامدا سەركەوتن بۆ خاسان و خواپەرستان و دروستكردارانە.

بەندی ١٦:
((ئەی مەزدا ئاهورا،
پرسیارت لێدەكەم،
ئەم راستییەم بۆ ئاشكرابكە،
ئەو كەسەی بە هۆی ئامۆژگارییەكانت
سەردەكەوێت،
دەبێتە پشتوپەنای خەڵك، كێیە؟
ئەو رابەرە دانا و چارەسازی ژیانەم پێ بناسێنە،

(سروش) و بیری خاس(وەهومەن)
بەو کەسەو هەر کەسێك کە خۆت دەخوازیت،
ببەخشە.))

موید فیروز ئازەرگوشەسب لـەکتێبی (گـات هـا، سـروودەای زردشـت)، بـەرگی دووەم ل ١٣٤، دەربارەی ئەم بەندە دەبێژێ:

لەوە دەچێ کەسێکی دیکە (جگە لەزەردەشت)، لەوانەیە یەکـێ لە قوتابییەکانی زەردەشـت، ئـەم سروودەی بێژابێت، چونکە زەردەشت لەم بەندەدا هەروەك (الشخص الثالث الغائب) ناوبراوە. بۆ وێنـە، ئەو کەسەی لەژێرسایەی ئامۆژگارییەکانی ئاهورامەزدا سەردەکەوێـت و دەبێـتە پشتوپەنای خـەڵك و رێنماییان دەکات، جگە لەزەردەشت کەسێکی دیکە نییـە. هـەروەها، زەردەشـت بـە رابـەر و دانـا و چارەسازی ژیان دەزانێت.

لەکۆتاییدا، دووبارە دەبێژێ کە زەردەشت بەهرە لە دوو خەڵاتی بەنرخی ئاهورایی، واتـە (سـروش) و (وەهومەن) دەبات.

بە کورتی، زەردەشت لەم بەندەدا، کە رابەرێکی ژیر، چارەسازێکی ژیان و بە ئەزموون، کەسـێکی خاوەن بیری خاس و ویژدانی پاك و بێدار و فەرمانڕەوایەکی چالاك، کـە فەرمانـەکانی ئـاهورا ئـەنجام دەدا، ناسێنراوە، کەسێك کە ئامۆژگارییەکانی دەتوانێت مرۆڤ لـەفرە لـەگرفتار و چەرمەسـەرییەکانی ژیان رزگاربکات.

لەکۆتایی ئەم بەندەدا، بێژەر لە ئافەریدەگار دەخوازێـت کـە: هەرکەسـێك کـە کۆشـش دەکـا بـۆ پێشخستنی کۆمەڵگا، خەڵکی بەرەو راستی و دروستی دەبا، بە یار و یاوەری خۆی بزانێـت و سـروش و (وەهومەن)ی پێ ببەخشێت.

بەندی ١٧:
((ئەی مەزدا ئاهورا،
پرسیارت لێدەکەم،
ئەم راستییەم بۆ ئاشکرابکە،
چلۆن بە هۆی رێنمایی تۆوە،
ئاواتم دێـتەدی و دەگەمە خزمەتت؟

کەی وتەکانم جێگەی خۆیان لەنێو دڵی خەڵك دەکەنەوە،
تا بەو پەیامەی کە لەسەرچاوەی ڕاستییەوە هەڵدەقوڵێت،
خەڵك،
بەرەو پاکی و بێ خەوشێتی و نەمرێتی ڕێنمایی بکەم.))

ئەم بەندەش، دووبارە دەربارەی دوا ئاواتی زەردەشت دەدوێ کە بریتییە لە، گەیشتنە ئامانج، واتە گەیشتنە لای ئەوینی ڕاستەقینەی خۆی و یەکبوون لەتەکیادا. زەردەشت، تەنیا ئاواتی ئەوە نییە خۆی بگاتە ئامانجەکەی، بەڵکو دەیەوێت کە هەموو خەڵك ڕێگەی گەیشتنە پلەی پوختەیی و بێ کەمایەسی بپێون، هەموان بگەنە ئەو ئامانجە پیرۆزە. زەردەشت دەبێژێ: تێدەکۆشم بە هەموو توانامەوە بە وتەی خاس، ئەو پەیامە ئاسمانییەی کە لەسەرچاوەی ڕاستییەوە هەڵقوڵاوە بە هەموو خەڵك ڕابگەیەنم، بۆئەوەی پەیڕەوی لە ڕاستی بکەن و ئەو پەیامە بکەنە سەر لەوحەی ژیانیان و بەرەو پوختەیی و کەمالو نەمریتی هەنگاو هەڵبێنن. ئەوەی لەم بەندەدا، زێتر ئاشکرایە ئەوەیە کە زەردەشت، دەخوازێت هەموو خەڵك بگەنە ئەو بەختەوەرییە کە بریتییە لە گەیشتنە لای ئافەریدەگار. بۆ ئەم کارەش هەروەکو لەمەوبەر گوتمان تەنیا لە ڕێگەی پەروەردەکردنی ئەو دیاردە و نیشانە خاسانەیە و بەس.

بەندی ١٨:
((ئەی مەزدا ئاهورا،
پرسیارت لێدەکەم،
ئەم ڕاستییەم بۆ ئاشکرابکە،
چلۆن لەژێرسایەی ڕاستیدا،
ئەو پاداشتەم پێ دەبەخشی کە
(دە) هەست و هێزی دەر و دەروونیم٣١
زێتر و بەهێزتر و درەخشانتر بێت؟
تا لەتەك ئەوانەدا، لەپوختەیی و نەمرێتی بگەم،
پێشکەش بە خەڵکیان بکەم.))

پاداشـتێك كـه زەردەشـت لـەم بەنـدەدا دەیخـوازێ، بریتییـه لـه بەهرەمەنـدبوون لـه هێـزی بیركردنەوەیەكی خاس و دید و بۆچوونێكی پێویست بۆئـەوەی هـەر (دە) هەسـتەكان رابـەری بكـات، هەروەها بەهرەبردن لە راستی و ویژدانی پاك و رۆشەن، لەئاكامدا، گەیشتنە رۆشنایی هەمیشەیی كـه بریتییه لە گەیشتنە لای ئافەریدەگار.

لەكۆتایی ئەم بەندەدا، زەردەشـت وەك هەمیشـه، بـیر لەبەختـەوەری و رزگـاری هـەموو خـەڵك دەكاتەوە. هیوا و ئاواتی ئەوەیە، كە هەموو بگەنە پوختەیی و نەمرێتی و بە هۆی ئەندێشەی پاكـەوە بەسەر هەوا و هەوەسی خۆیان زاڵبن و دڵ و دەروونیان بە تیشكی رووناكی یەزدانی رۆشن بێت.

بەندی ١٩:

((ئەی ئاهورا،

پرسیارت لێدەكەم

ئەم راستییەم بۆ ئاشكرابكە،

كاتێك كە نیازمەندێكی ڕاستگۆ

دەچێتە لای كەسێك،

ئەو كەسە، وەڵام یا پاداشتی پێویستی ناداتەوە،

سزا و تاوانی ئەو كەسە چییە؟

ئەز، ئاگادارم لەو سزایەی لەرۆژی پەسڵاندا پێی دەگات.))

زەردەشت، لەم بەندەدا، زێتر ئامـاژەی بـۆ پیسـكەیی و نارەسـەنی بـرێ كـەس كـردووە. سـزای تایبەتییان بۆ دەخوازێ، چ لەم جیهانەداو چ لـەرۆژی پەسـڵاندا، پێویسـتە مـرۆی توانـا لـه هـەموو بوارەكاندا، یارمەتی بێ توانایان و كەمدەرامەتان بدەن، ئەوەی دانایە، دەبێ نەزانان فێربكات، ئـەوەی دەسەڵاتدارە كۆمەكی بێ دەسەڵاتان بكات.

ئەم وانەیەی لەم بەندەدا فێری دەبین، ئەوەیە كە:

پێویستە یارمەتی نیازمەندانی دروستكردار و راستگۆ بدەین، ژێربالی سـتەم لێكـراوان بگـرین و داكۆكیان لـێ بكەین.

بەندی ٢٠:

((ئەی مەزدا،

ئەمەش دەپرسم،

چلۆن بەدکرداران دەتوانن ببنە شالیارانی خاس؟

ئەوانەی کە،

بە یاریدەی (کەرپەن) و (کاوی) و (ئوسیخش)(٣٢)

جیهانیان پڕ لەکینە و ئازار کردووە،

خەڵکیان دووچاری ئاهو ناڵە و هاوارکردووە،

هەرگیز لەسەر ڕێگەی ڕاست نەبوون،

هەوڵیان نەداوە کۆمەڵگا ئاوەدان بکەن و

بەرەو پێشەوەی بەرن.))

لەم بەندەدا، زەردەشت باسی نەیارانی خۆی دەکا کە چلۆن کۆمەڵگایان ئالۆزکردووە، خەڵکیان گیرۆدەی ئازار و ئەشکەنجە کردووە.

دەبێژێ: ئەو کەسانەی کە لەپێناوی گەیشتنە ئارەزووە چەپەڵەکانیان ئامادەن هەمو جۆرە خراپەکارییەك ئەنجام بدەن، ئەو کەسانەی کە پیاوەتی و جوامێری بەلایانەوە پووچ و بێ بایەخە، ئەو کەسانەی گوێی خۆیان لە ئاست ئەو پەیامە پیرۆزە کپکردووە بۆئەوەی نەبیستن و چاوی خۆیان بۆ نەبینینی هەموو جۆرە ڕاستییەك داخستووە، ئەو کەسانەی خۆیان خستۆتە نێو داوی (کەرپەن و کاوی و ئوسیخش)ەکان، کە لەنەیارە سەرسەختەکانی زەردەشتن، ئایا ئەو کەسە ناپاکانە دەتوانن ڕۆژی لەڕۆژان ببنە فەرمانڕەوایەکی پاك و دادپەروەر. ئایا ڕۆژێ دەبێ ئەمانە بێنەسەر ڕێی ڕاست و دروست، لەژێر سایەی ڕاستیدا تێبکۆشن بۆ ئاوەدانی و پێشخستنی کۆمەڵگا، لەبری ڕق و کینە و خراپە، ئاشتی، خۆشەویستی و ئاسایش لەجیهاندا دابین بکەن.

زەردەشت، لەو باوەڕەدا نییە کە ئەمانە بێنە سەر ڕێی ڕاست، چونکە ئەم جۆرە نەیارانە بریاریانداوە، کە تا دواهەناسەی ژینیان، دوژمنایەتی زەردەشت و ئایینی یەکتاپەرستی بکەن.

سروودی دەیەم

یەسنا ـــ هات ٤٥

بەندی ١:

((ئێستا بۆتان دەئاخافم،

گوێم بۆ ڕابگرن،

ئەی ئەو کەسانەی عەودالّی بیستنن،

وئەی ئەو کەسانەی لەڕێی دوور و نزیکەوە هاتوون،

هەموو، ئەم قسانەم بە خاسی وەربگرن و لەیادی مەکەن،

نەکا کونێ،

ڕێنما خراپەکان،

هەمیسان ژیانتان لـێ چەواشە بکەن

ودرۆزنەکان و خراپەکاران بەگوفتار و بیرە خراپەکانیان،

گومڕاتان بکەنەوە.))

لەم بەندەدا وا دەردەکەوێت، کە زەردەشت بۆ جەماوەرێکی زۆر قسـە دەکـات. خـەڵکێك کـە لـە ڕێگەی دوور و نزیکەوە هاتوون بۆ بیستنی ئامۆژگـاری و وتـە پیرۆزەکـانی. لەراسـتیدا ئـەم بەنـدە، بەندێکی ڕێنوێنییە، کە ڕاستەوخۆ لەتەك خەڵکدا قسەدەکا و ئامۆژگارییان دەکات، زۆر بە ڕاشـکاوی دەبێژێ، کە پێویستە لەسەریان دووربکەونەوە لە ڕێنما خراپەکان و بە قسەیان نەکەن، چـونکە ئەوانـە تەنیا ژینیان لـێ تێکدەدەن و گومڕایان دەکەن و جگە لە خراپە و خراپەکاری، هیچ کارێکی دیکـەیان لـێ ناوەشێتەوە.

بەندی ٢:

((ئێستا دەربارەی دوو گەوهەر دەئاخافم،
کە لەسەرەتای ژیاندا، بوون.
لەو دوانە، گەوهەری پاك بەوی دیکەی گووت:
لەنێوان هەردووکماندا،
نە ئەندێشەو ئامۆژگاری، نە هۆش و نەباوەڕ،
نە گوفتار و نەکردار و نە ویژدان و نە رەوانمان،
پێکەوە هاوجووت و سازگار نین.))

دوا بەدوای بەندی پێشوو، کە زەردەشت ڕاستەوخۆ خەریکی ئاخافتن بوو بۆ خەڵك و داوای لێدەکردن کە دووربکەونەوە لەڕێنما خراپەکان، لەم بەندەدا، دەربارەی دوو گەوهەری هاواڵ دوانە واتە، (سپەنتامینو) و (ئەنگرەمینو) دەدوێت.

ئەم دوو گەوهەرە، یاخود ئەم دوو هێزە دژ بە یەکە، هەر لەسەرەتای ژیاندا، بوون و هەتاهەتایە لەتەك بووندا دەمێنن.

ئەم دوو هێزە یا گەوهەرە، لەرووی ئاکارییەوە، بریتین لە چاکە و خراپە، جوانی و ناشیرینی، لەرووی سروشتییەوە وەك (سالب) و (موجب)ن، رۆژ و شەون.

زەردەشت لەم بەندەدا، دەربارەی بەهێزترین فەلسەفەی خۆی واتە فەلسەفەی چاکە و خراپە دەدوێت و دەبێژێ:

ئەم دوو هێزە دژ بەیەکە، هەر لەو ساتەی کە (بوون) هاتۆتەئارا، ئەمانیش بوون و لەتەك بووندا دەمێننەوە و (لازم و ملزوم)ی یەکدین، بەڵام لە هەموو ڕوویەکەوە دژ بە یەکترن. وەلێ ژیان و پێشکەوتن بەبێ بوونی ئەم دووانە مەحاڵە و ناچەرخێت.

زەردەشت دەبێژێ: ئەم دوو گەوهەرە (خاس و خراپ) لە هەموو بوارێکدا دژ بە یەکدین و هەرگیز پێکەوە دانویان لەمەنجەڵێکدا ناکوڵا.

بەندی ٣:

((ئێستا بۆتان دەئاخافم،

دەربارەی ئەو شتەی مەزدا ئاهورای دانا،

لەبارەی ئوسولی شێوەی ژیان پێی ڕاگەیاندوم،

هەرکەسێك، ئەم پەیامە ئەندێشمەندانە،

کە بەو شێوەیەی ئەز وەرمگرتووە و دەیبێژم،

بەکارنەهێنێت، لەئاکامدا ژیانی

مایەپووچ و پڕ لە ڕەنج و ئەفسووس دەبێت))

پاش ئەوەی لەبەندی پێشوودا، باسی جیاوازی نێوان دوو گەوهەری خاس و خراپ، واتە سپەنتامینوو ئەنگرەمینو، کرا، لەم بەندەدا زەردەشت باسی شێوەی ژیان بۆ خەڵك دەکات و دەبێژێ:

ئەو شتانەی کە لەروانگەی ئامۆژگاری و فەرمانە پیرۆزەکانی ئاهورا فێربووم و بۆ ئێوەی دەبێژم، گوێ بیستی بن و بە دڵ و بەگیان پەیڕەوی لێبکەن و لەژیانتاندا بەکاری بهێنن، بۆئەوەی لەم جیهانەدا بەختەوەربن و لەپەسلاندا رزگاربن. بەڵام ئەگەر گوێرایەلی ئەم ئامۆژگارییانە نەبن، لەئاکامدا گرفتاری پاشە گەردانی و گیروگرفت و مایەپووچی دەبن، ئەوەندە پەشیمان دەبنەوە کە ژیانتان پڕ لەئاهو حەسرەت دەبێت.

زەردەشت، لێرەدا بە ڕاشکاوی دەبێژێ کە ئەو ئامۆژگارییانەی بۆ خەڵکی دەکات، سەرچاوەکەی ئیلهامێکە کە لەلایەن ئاهورامەزداوە چۆتە ئەندێشەیەوە یاخود بە وتەیەکی دیکە دەبێژێ کە ئامۆژگارییەکانی لەلایەن ئاهورامەزدایە و ئەم ڕاسپاردەیەتی.

بەندی ٤:

((ئێستا بۆتان دەئاخافم،

دەربارەی ئەو شتەی لەژیاندا خاسترینە،

ئەمەم بە هۆی ڕاستییەوە دەستکەوتووە:

مەزدا، بەدەیهێنەری ڕاستییە،

مەزدا، سەرچاوەی بیری خاسە،

بیری خاسیش بۆ هەوڵ و تێکۆشانە.
مەزدا، ئافەریدەگاری پاکییە،
و پاکی مایەی کاری خاسە.
ناتوانرێ مەزدای دانا و لە هەموو شت ئاگا،
فریویدرێت.))

ئەم بەندە، کە تەواوکەرەوەی بەندی پێشووە، زەردەشت تیایدا دەبێژێ کە: ئێستا دەربارەی خاسترین ئامانجی ژیان قسەتان بۆ دەکەم، دەربارەی راستییەك کە بە هۆی (ئاشا)وە پێم ئیلهام کراوە. ئەوسا باسی ئاهورامەزدا دەکا و دەڵێت کە مەزدا لە هەموو شتێك ئاگادارە و دانایە، ئەوە کە سەرچاوەی ئەندێشەی خاسە، ئەندێشەی خاسیش واتە هەوڵ و کۆشش بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا. هەروەها مەزدا خولقێنەری پاکییەو پاکیش دەبێتە هۆی ئەنجامدانی کاری خاس.

لەکۆتاییدا دەبێژێ کە هیچ هێز و توانایەك نییە بتوانێت ئاهورامەزدای دانا و ژیر فریوبدات، کەواتە، دەبێ هەمیشە لەتەك ئافەریدەگار و ویژدانی خۆمان ڕوراست و راستگۆین. خاسترین ئامانج و ئاواتێك کە هەرکەس دەبێ بیکاتە سەر لەوحەی ژیانی خۆی، ژیانێکی پڕ لە هەوڵ و کۆششە کە لەئەندێشەیەکی پاك و خاسەوە سەرچاوەی گرتبێ و راستی و دروستی بەردی بناغەی بێت.

بەندی ٥:
((ئێستا بۆتان دەئاخافم،
دەربارەی ئەو شتەی ئاهورامەزدای لەهەموان پاکتر، پێی ڕاگەیاندوم:
ئەو قسانەی کە گوێڕایەڵیکردنی و بەکارهێنانی بۆ خەڵك خاسترین شتە.
ئەو کەسانەی گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانم بن،
بایەخی پێ بدەن و ئەنجامی بدەن،
دەگەنە پوختەیی و نەمرێتی،
بە هۆی ئەو کردارانەی کە لەئەندێشەی پاکەوە دێتەئارا
دەگەنە مەزدائاهورا.)

دووبارە زەردەشت دەبێژێ، ئامۆژگارییەکانی بۆ خەڵك، لەلایەن ئاهورامەزداوە پێی ئیلهام بووە، ئەم ئامۆژگارییانە ئەگەر هەرکەسێك لەژیانی خۆیدا بەکاری بهێنێت، لەدوو خەڵاتی ئاهورایی بەهرەمەند دەبێت، کە بریتین لە پوختەیی و نەمرێتی.

بێگومان هەرکاتێك مرۆڤ بیری خاس و پاکی هەبوو، ڕەفتار و کرداریشی خاس دەبێت و لەئاکامدا ڕووناکی ڕاستەقینەی هەمیشەیی.

بەندی ٦:

((ئێستا بۆتان دەئاخافم،
دەربارەی ئەو کەسەی لەمەزنان مەزنترە،
وبەراستی ستایشت دەکەم،
ئەو سەروەرە دانایە و گشت نەمرە پاکەکانی (ئەمشاسپەندەکان).
ئاواتەخوازین، مەزدا ئاهورا،
بە بیر و هۆشی پاکی خۆی، گوێ بیستی ستایشتەکانمان بێت.
هیوادارین،
بەدلۆڤانی و لەژێرسایەی ئەندێشەی خاس، بگەینە لای.
هەروەها دەخوازین، بە هۆی بیر و هۆشی خۆیەوە،
خاسترین شتمان فێربکات.))

لەم بەندەدا، باسی ئاهورامەزدا و فریشتەکانی (دیاردەکانی ئاهورا)دەکا و دەبێژێ: زاتی ئاهورامەزدا لەهەموان مەزنترە، کەوایە دەبێ ئەوو هەر شەش دیاردەکانی (یانی شەش فریشتەکانی) کە بریتین لەپرشنگێك لەرووناکی بێ ڕادەی ئاهورا، ستایشت بکەین و بە نیەتێکی پاك و بێگەردەوە ڕووی تێبکەین و ئاواتەخوازین کە گوێ بیستی ئارەزووەکانمان بێت و ئاواتەکانمان بێنیتەدی. هەروەها دەبێژێ کە داوا لەئافەریدەگاری مەزن و دانا بکەین کە هێز و توانای ئەوەمان پێ ببەخشێت کە لەژێرسایەی ئەندێشەی پاك و دلۆڤانی و باوەڕی ڕاستەقینە و بێ فیزییەوە لێی نزیك بینەوە، ئەوەندە نزیك بینەوە لێی، کە بتوانین داوای لێبکەین بەرەو رووناکی ڕاستەقینە ڕێنماییمان بکات و دوورمانبخاتەوە لەگومڕایی و خراپەکاری، بە واتەیەکی دیکە، هەرچی شتی خاس هەیە، فێرمان بکات.

بەندی ٧:

((ئەو، کەسێکە کە

گشت خاسان و جوامێران،

چ ئەوانەی کە بوون، چ ئەوانەی هەن،

وە چ ئەوانەی کە دەبن،

رزگاری خۆیانی لێدەخوازن.

وە ئەمە بزانن کە

رۆح و رەوانی خاسان، هەمیشە توانا و سەرکەوتوودەبێ،

ودرۆزن و خراپەکار، ژیانی پڕ لەرەنج و ئەشکەنجەیە.

ئەمە، یاسایەکە

مەزدا ئاهورا، بە هۆی شالیاری خۆیەوە، بونیادی ناوە.))

لەم بەندەدا، باسی ئەوە دەکات، کە هەموان بە تایبەتی بیرخاسان چ ئەوانەی کە لەرابردوودابوون و چ ئەوانەی کە ئێستا دەژین و ئەوانەی کە لە پاشەڕۆژدا دێنە ئەم جیهانە، هەمووان داوای بەختەوەری و رزگاری لەو دەکەن.

ئەو خەڵاتەی کە ئاهورامەزدا .دیبەخشێت، واتە بەختەوەری و رزگاری، تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە پاك و ڕاستگۆ و دروستکردارن، بەڵام ئەوانەی کە بێ باوەڕ و درۆزن و خراپەکارن، لەم خەڵاتە بێ بەرین، بەڵکو بەپێچەوانەوە، دووچاری تەنگوچەڵەمەو ناخۆشی و ئەشکەنجە دەبن. ئەم ناخۆشیانەیان ئەوەندە دەخایەنێ تاوەکو رۆحیان لەگوناه پاك دەبێتەوە و دێنە سەر رێی راست.

موبد فیروز ئازەرگوشەسب لەکتێبی (گات ها، سرووەدهای زردشت بەرگی دوەم ل ١٨١) لەم بارەوە دەبێژێ:

((... باسی گەڕانەوەی رۆح بۆ ئەم جیهانە و دووبارە دەستپێکردنەوەی ژیانی خراپەکاران تا ئەوکاتە درێژە دەخایەنێت کە بتوانێت بە پاکی بگەڕێتەوە بۆ شوێنی ئەسلی خۆی. لەبەرئەوەی رۆحی مرۆڤ نەمرەو هەرگیز لەناوچوونی بۆ نییە و بریتییە لە پرشنگێك لەسەرچاوەی پڕ لەروناکی یەزدانی، پێویستە دووبارە بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی، بەڵام ڕۆحی خراپەکاران ناتوانن پاش مردنی جەستەیان، بەو شێوە ناپاکییەو پڕ لەگوناهە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی ئەسلی خۆیان، لەبەرئەوە دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ ئەم جیهانە مادیەو دووچاری دەردو ئەشکەنجەو ناخۆشی دەبن تاوەکو پاك دەبن و هیچ

جۆرە ناپاکییەکیان نامێنێت، ئەوسا روخسەتی ئەوەیان پێ دەدرێت کە بگەڕێنەوە شوێنی ئەسڵی خۆیان (بارەگای ئاهورامەزدا) بێگومان هەموو رۆحێك چ پاك و خاس بێت یاخود خراپ بێت، گەرانەوەیان بۆ جێگەی ئەسڵی خۆیان شتێکی ئاشکرا و بەڵگە نەخوازە، بەڵام جیاوازییەك کە هەیە ئەوەیە، رۆحی خاس و پاك دەتوانێ لەماوەی ژیانێك یا دوو ژیان، لەخەڵاتی پوختەیی و نەمرێتی و رزگاری بەهرە بەرێت، بەڵام خراپەکاران و تاوانباران چەندین جار دەبێ دووچاری دەردو ئەشکەنجەی رۆحی بن تا بگەنە ئەو پلەیەی کە ئیدی پاك و بێ خەوش دەبن و لەو خەڵاتانە بەهرە وەردەگرن و بەرەو جێگەی ئەسڵی خۆیان دەگەڕێنەوە.))

بەندی ٨:

((بەستایشتەوە،
روودەکەمە مەزدا ئاهورا،
بە دیدی دڵەوە، دەیبینم،
بە بیر و گوتار و کرداری خاس،
لەژێرسایەی راستییەوە،
ئەو بە ئافەریدەگاری دانا و مەزن دەناسم،
لەبەر ئەمە، نزا و ستایشتەکانی
پێشکەش دەکەم.))

لەم بەندەدا، زەردەشت دەبێژێ. تەنیا بە هۆی دیدەی دڵەوە دەتوانین ئافەریدەگار بناسین. چونکە ئەو ئافەریدەگاری دانا و ژیر و نەمرە (ئاهورامەزدا) ناتوانرێت بە هۆی چاو، گوێ و هەستەکانی دیکە ببینرێت، بەڵکو تەنیا بە هۆی بیر و ئەندێشەوە دەتوانین هەست بەهێز و توانا و مەزنێتی ئافەریدەگار بکەین، بە هۆی ئەو یاسا و تەکوزییەی کە لە کاری دروستکردنی سروشت و بووندا بەکارهاتووە، دەتوانین پەی بەرین بە زانست و حیکمەتی ئافەریدەگار.

تەنیا ئامرازێك کە دەتوانێت مرۆ لە ئافەریدەگار نزیك بکاتەوە و بتوانێت بیناسێت و چاوی پێ کەوێت، بریتییە لە بیر و کردار و گوفتاری خاس، راستی و دروستی و پاکی.

زەردەشت دەبێژێ: لەبەرئەوەی دەزانم کە تەنیا بە دیدەی دڵ دەتوانم ئاهورامەزدا بناسم و ببینم، تێدەکۆشم رازونیازی لەتەکدا بکەم و نزا و ستایشتەکانی پێشکەش بکەم.

بەندی ٩:

((بە بیری خاسەوە،

مەزدائاهورا، خۆشنود دەکەین،

ئەو، کە بەخواستی خۆی،

شادی و کاری بۆ ئافراندووین.

هیوادارین، مەزدائاهورا،

بەتوانایی خۆیەوە،

هێزی کارکردمان پێ ببەخشێت،

تا بتوانین، بە هۆی بیری خاس و راستی و زانستی راستەقینەوە،

تێبکۆشین بۆ پێشخستنی خەڵك و کۆمەڵگا.))

پاش ئەوەی زەردەشت لەبەندی پێشوودا، بە هۆی دیدەی دڵەوە ئافەریدەگاری ناسی، هەستی بە مەزنێتی و توانایی ئاهورامەزدا کرد، لەم بەندەدا، داوای لێدەکات کە بە هۆی(وەهومەن) واتە بیری خاس و پاك بتوانێت بەهرە لەو ئازادیە وەربگرێت کە ئافەریدەگار پێی بەخشیوە بۆ هەڵبژاردنی رێگەی راست یا ناڕاست، شادی و بەختەوەری یاخود رەنج و بەدبەختی، کە ئاهورامەزدا بڕیاری لەسەرداوە.

زەردەشت ئاواتە خوازە کە ئاهورامەزدا هێز و توانای کارکردن و خزمەتکردنی خەڵکی پێ ببەخشێت، تاوەکو بتوانێت بەو هۆیەوە کۆمەڵگا بەرەو پێش و ئاوەدانی ببات.

لەکۆتاییدا، ئامۆژگاریمان دەکات کە دەبێ مرۆ بە هۆی بیری خاس و راستی و دروستی و زانستەوە، گومڕاو خراپەکاران بەرەو رێگەی راست و رووناکی هیدایەت بکەین.

لەم بەندەدا، زەردەشت، وانەیەکی پڕ مانا لەچۆنێتی ژیانمان پێ دەڵێتەوە:

هەر کۆمەڵگایەك بخوازێت کە بەخۆشی و بەختەوەری بژی، پێشبکەوێت و گەشەبکات و ئاوەدان بێت، تەنیا دەتوانێت بە هۆی کار و کۆشش و خزمەتکردنی یەکتر بگاتە ئامانج، بە هۆی راستی و پاکی و زانستی راستەقینەوە، خەڵکی نەفام و دواکەوتوو، بەرەو رێگەی راست و دروست هیدایەت بکات.

بەندی ١٠:

((بە باوەڕێکی پاکەوە، ستایشتی دەکەین و بە گەورەی دەزانین،

ئەو، کە هەمیشە،

ئافەریدەگار و دانای مەزنە

بە هۆی (ئاشا) راستی و (وەهومەن) بیری خاس،

وبەشالیاری خۆیەوە

مژدەی پوختەیی و نەمرێتی بەخەڵك دەدات،

وتەندروستی و تواناییمان پێ دەبەخشێت.))

زەرد دەشت، لەم بەندەدا دەفەرموێت، پێویستە بە باوەڕێکی پاك و لەناخی دڵ و دەروونەوە ستایشتی ئافەریدەگار بکەین. هەروەها باسی ئاهورامەزدا دەکا و دەبێژێ، کە ئەو ئافەریدەگاری هەر دوو جیهانە (مادی و مەعنەوی)، دانایە، مەزنە، توانا و بینایە، مژدەی پوختەیی و نەمرێتی لەژێرسایەی پەروەردەکردنی دیاردەکانی داوە. بۆ گەیشتنە پلەی پوختەیی و نەمرێتی، پێویستیمان بە هێز و توانا و تەندروستی و ئاسوودەیی هەیە، کەوایە دەبێ لەدیاردەکانی یەزدانی، واتە لە یاسای راستی و دروستی و بیری خاس و پاك و کۆنترۆڵی هەوا و هەوەسی خۆمان و خۆشەویستی خەڵك و باوەڕی راستەقینە بەئەهورامەزدا، پەیڕەوی بکەین.

بەندی ١١:

((مەزدا ئاهورا،

بۆ ئەو کەسەی کە،

بتپەرستان و پەیڕەوەکانیان، بە نەیار دەزانێ،

ورێگەی خۆی لەو کەسەی کە،

بە چاوی سووکەوە دەڕوانێتە مەزدائاهورا، جیاکردووە،

دەربارەی مەزدائاهورا، خاس بیردەکاتەوە،

(سوشیانس)ە داناکان و یاوەرانی ئایین،

بەدروستی دەناسێ،

هەروەك دۆست و براو باوك، دەبێت.))

زەردەشت، لەم بەندەدا زۆر بە راشكاوی و ئاشكرا بە خەڵك ڕادەگەیەنێت، كە بەهەموو هێز و توانایانەوە لەتەك بتپەرستەكان و ئەوانەی كە بەخراپی ناوی ئافەریدەگاری دانا و ژیر دەبەن و بەچاوی سووكەوە تەماشای دەكەن و خراپ بیردەكەنەوە و گومڕان و گێژەدەی ئەفسانە و درۆ بوون ململانێ بكەن.

هەروەها، زەردەشت دەبێژێ پێویستە ڕێز لەو كەسانە بگیرێت كە ڕێگەی خۆیان لەو جۆرە كەسانە جیاكردووە، خواناسن و یاوەرانی ئایینی ڕاستین و باوەڕیان بە سوشیانسەكان هەیە، ئاهورامەزدای دانا هەروەك باوك، براو دۆست وایە بۆ ئەو كەسانە.

ئەوەی كە لەم بەندەدا سەرنج ڕادەكێشێ ئەوەیە كە: پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئافەریدەگار، لەڕاستیدا وەك پەیوەندی نێوان باوك و فەرزەندە، یا پەیوەندی نێوان دوو برا یا دوو دۆستی خۆشەویستە. پێویستە لەنێوان ئافەریدەگار و ئافەریدەكانی، خۆشەویستی و ڕێزلێنان هەبێت، نە ترس و لەرز، پەرستن و ستایشتی ئافەریدەگار دەبێ بە دڵێكی پاك و پڕ لەخۆشەویستی و باوەڕ ئەنجام بدرێت، ئەمەش كاتێك ئەنجام دەبێ كە بەچاوی باوك و فەرزەندی تەماشای بكەین و سوپاسی بكەین.

لەئایینی زەردەشتدا، ئەهورامەزدا، زۆردار و تووڕە نییە، بەڵكو بەخشەندە، دادگەر و میهرەبانە.

سروودی یانزەهەم
یەسنا ـــ هات ٤٦

بەندی ١:

((ڕوو لەکام سەرزەمین بکەم؟
وبۆ کوێ کۆچ بکەم؟
لە کەسوکار و یارەکانم دوورم دەکەنەوە،
دڵخۆشییەکەم نە لەهاوکارەکانم هەیە،
ونە لەشالیارەکان کە پەیڕەوی درۆ و خراپەن،
ئەی مەزدا ئاهورا،
چلۆن دەتوانم ڕەزامەندی تۆ وەدەست بهێنم؟))

لەم بەندەدا، زەردەشت لە ناخی دەروونییەوە سکاڵادەکا و خۆی بە بێکەس و یار و یاوەر دەزانێت. لەم قۆناغەدا، بەدگومانی و نائومێدی خەریکە بەسەریدا زاڵدەبێت و دەبێژێ، کە نەیارەکانی بەهەموو هێز و توانایەکیانەوە دژایەتی دەکەن و هەڕەشە لەیارەکانی دەکەن کە لێی دووربکەونەوە. زەردەشت نازانێت چ بکات و بۆ کوێ بچێت. ئەوەی کە لەمێژوودا باسدەکرێت ئەوەیە کە زەردەشت پێش ئەوەی بگاتە شاری (بلخ) لای گوشتاسەب شا، چەندین ساڵ ئاوارەو دەربەدەری ئەم ناوچەو ئەو ناوچە بووە.

ئەوەی شایانی باسە، ئەوەیە کە زەردەشت لەتەك ئەم هەموو ڕەشبینی و نائومێدیە، تروسکەیەك لە پرشنگی هیوا و ئاوات لەنێو دڵیدا دەدرەوشێتەوە و وەی بەرزدەکاتەوە. دووبارە پەنا دەباتەوە بەر ئاهورامەزدا و لێی دەپرسێت چلۆن دەتوانم بەکار و کردارەکانم دڵشادت بکەم و ڕەزامەندیت بەدەست بهێنم. واتە زەردەشت دووبارە داوای هێز و توانای مەعنەوی دەکات تا بتوانێت بەرامبەر ئەو هەموو ناخۆشی و سەختی و ناکامیانە ڕاوەستێت، پەیامەکەی بە باشترین شێوە بگەیەنێتە جێی خۆی.

بەندی ٢:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

دەزانم بۆچی وا بێ توانام،

چونکە دەستکورتم و کەسوکارم کەمن،

ئەز، پەنا بۆتۆ دەبەم،

خاس لێم بڕوانە

ئەز، ئەو خۆشەویستییە لەتۆ دەخوازم کە،

دڵدار بە دڵبەر دەبەخشێت.

لەژێرسایەی راستیدا (ئاشا)،

ولەتوانایی بیری خاس (وەهومەن)، ئاگادارم بکە.))

دوابەدوای بەندی یەك، زەردەشت دەبێژێ، بە باشی هۆی ئەوە دەزانم کە بۆچی وا بێ توانام و بەو شێوەیەی کە پێویستە خەڵك بە پیرمەوە نایەن، تەنانەت دۆست و خزم و کەسوکارەکانیشم وەك پێویست لەتەکمدا نین، هۆی ئەمانە هەموو ئەوەیە کە دەستکورتم و ئەم دەستکورتی و بێ کەسییە، دەبێتە هۆی ئەوەی نەیارەکان زێتر بەربەرەکانیم بکەن. دیسانەوە، زەردەشت پەنا بۆ ئاهورامەزدا دەبات و داوای لێدەکات کە لەو بارودۆخە سەخت و چەتونە رزگاری بکات، لایەکی لێبکاتەوە و هەروەك دڵدارێك و دۆستێك، هەموو خۆشەویستی خۆی بە دڵبەرەکەی ببەخشێت.

لەکۆتاییدا دەبێژێ، هیوادارم لەژێرسایەی ئاشا واتە راستی و دروستی و بەهێز و توانای (وەهومەن) یانی بیری خاس و پاك، بتوانم بەسەر ئەم هەموو کێشانە سەرکەوم و ئەوەی کە ویست و خواستی ئاهورامەزدایە، ئەنجام بدەم.

بەندی ٣:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

کەی ئاسۆی ئەو رۆژە هەڵدێت،

کە راستی، بۆ پارێزگاری لەجیهان، بدرەوشێتەوە؟

کەی سۆشیانسەکان،

بە ژیرێتی و ئامۆژگارییە پیرۆزەکانیان دێن و ڕێنمایی خەڵك دەکەن؟
و(وەهومەن) ئەندێشەی خاس، یاریدەی کێ دەدات؟
ئەی ئاهورا،
ئەز، تەنیا ئامۆژگاری و ئایینی تۆ هەڵدەبژێرم.))

پاش ئەوەی زەردەشت لەبەندەکانی پێشوودا، سکاڵای لە تەنیایی و بێکەسی و دەستکورتی خۆی کرد، داوای یارمەتی لە ئاهورامەزدا کرد، ئێستا لەم بەندەدا دەفەرموێت: ئایا ڕۆژێك دێت ئەو گومڕا و نەفامانە لە خەو ڕاپەڕن و دەست لە دەمارگیرێتی هەڵبگرن و ڕووبکەنە ڕاستی و دروستی و یەکتاپەرستی. ئایا ڕۆژێك دێت، کە ئاسۆی بەختەوەری هەڵبێت و جیهان بدرەوشێنێتەوە و خەڵك گوێڕایەڵی ئامۆژگارییە بەنرخ و ژیرانەی سوشیانسەکان بن، دەست لە خراپەکاری و درۆ هەڵبگرن و فریشتەی وەهومەن، واتە بیری خاس و ویژدانی ڕۆشەن و پاك، یاریدەریان بدات، تا بەرەو ڕاستی و ڕووناکی هەنگاو هەڵبێنن.

لەکۆتاییدا، زەردەشت دەفەرموێت، ئەز تەنیا تۆ بە سەروەر و ئامۆژگار هەڵدەبژێرم. لێرەدا زەردەشت دەیەوێت بە خەڵکی ڕابگەیەنێت، ئەو ڕێبازەی گرتویەتییە بەر و ئەو ئامۆژگارییانەی بۆ خەڵکی دەکا، گشتی ئیلهامن لەلایەن ئاهورامەزداوە پێی ڕاسپێردراوە، ئەویش بە هۆی بیرکردنەوەیەکی یەکجار قووڵ و لەماوەی ساڵانێکی زۆر پێی گەیشتووە.

هەروەها، دەیەوێت بێژێت و مژدە بە هەموو خەڵك بدات، کە هەمیشە پاش تاریکی و شەوەزەنگ، ڕووناهی، پاش نەزانین و نەفامی و گومڕایی و خراپە، ئاسۆی زانست و بەختەوەری هەڵدێت و خەڵکی بەرەو ڕێگەی ڕاست و دروستی هەنگاو هەڵدێنن. سوشیانسەکان واتە، ئەوانە کە پەیامی ڕزگارکردنی خەڵکیان لەئەستۆدایە، خەڵکی بەرەو ژیانێکی پڕ لەبەختەوەری و شادی و ڕاستی و دروستی و پاکی، ڕێنمایی دەکەن.

بەندی ٤:
((درۆزن و خراپەکارێك کە
بەکردار و هەڵسوکەوتی دوژمنانە و زیانبەخشی خۆی،
بە خراپەکار ناوی زڕاوە،
ڕێ لە پشتیوانانی ڕاستی دەگرێ
کە دەیانەوێت ژیانی خەڵك و

کۆمەڵگا بەرەو پێش بەرن.

ئەی مەزدا،

کەسێ کە بە دڵ و گیان و هەموو هێزێکییەوە، ململانێ لە تەك خراپەکاران دەکا خەڵك و هەموو گێتی بەرەو زانستی راستەقینە و هۆش و ویژدانی پاك، ڕێنمایی دەکات.))

لەم بەندەدا، زەردەشت دەربارەی دژایەتی درۆزنان و هەوادارەکانیان دەدوێ و دەبێژێ کە ئەم دارو دەستەیە، نە تەنیا دوورن لە ڕاستی و دروستی و هەڵسوکەوتی خاس، بەڵکو بوونەتە بەربەستێك بۆ ئەو کەسانەی خاسکردارن و دەیانەوێت تێبکۆشن بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگا و ڕێگەیان لێدەگرن.

زەردەشت لەم بەندەدا، ئامۆژگاری خەڵك دەکا کە بە هەموو هێز و توانایەکیان، بە دڵ و بە گیان ململانی بکەن لەتەك نەیاران و ئەو کەسانەی ناحەزن بە ئاوەدانی و پەرە سەندنی کۆمەڵ، ئەم تێکۆشان و ململانێیە دەبێ تاگەیشتنە ئامانج بەردەوام بێت (واتە گەیشتنە زانستی ڕاستی و کۆمەڵگایەکی پڕ لە خۆشی و شادی و خە لکێك کە دارای ویژدانی پاك و بێخەوش بن).

ئەوەی شایانی باسە دەبی بگوترێت ئەوەیە کە، زەردەشت ئەم ئەرکەی بە جیهادێکی ئایینرایی دانەناوە، کە هەر زەردەشتییەك بە هێزی چەك و بازو، درۆزن و خراپەکاران لەنێوبەرێت، بەڵکو مەبەستی لە ململانێکردن لە تەکیاندا، زێتر بە گوفتاری شیرین و ڕاست و مەنتیقەوە وپێشاندانی ڕێگەی ڕاست و دروست و هیدایەتکردنی خەڵك بەرەو چۆنێتی پەرەسەندن و گەشە پێکردن و ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگا، ئەنجام دەدرێت.

بەندی ٥:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
ئەگەر مرۆیەکی دانا و توانا کە پەیڕەوی ڕاستییە،
و بە دروستی ژیان دەباتە سەر،
لەبەر ڕۆشنایی ئایینی یەزدانی و لەڕێی خۆشەویستییەوە،
خراپەکارێك، کە پەنای بۆ بردووە و داوای کۆمەکی لێدەکات
بە گەرمی باوەشی بۆ بکاتەوە،
بە بیر و هۆشی خۆی دەتوانێت
ئەو خراپەکارە، لە گومڕایی و خراپە، ڕزگار بکات
و بیگەیەنێتە خۆ ناسینی ڕاستەقینە.))

زەردەشت، لەم بەندەدا، مرۆی دانا و ژیر بەم جۆرە باسدەکات:

کەسێکە کە لەبەر ڕۆشنایی ئایینی یەزدانی و دەستوورەکانی ئاهورامەزدا و لە ڕێی خۆشەویستی و هەستی مرۆڤایەتی، بە یەکچاو دەڕوانێتە خاسکردار و خراپکرداران، هەر کامێکیان داوای یارمەتی لێبکات، بەرەو پێریان بڕوات و بە دڵ و بەگیان باوەشیان بۆ بکاتەوە و کێشەکانیان چارەسەربکات. هەروەها مرۆی دانا و ژیر، کەسێکە کە زانیاری خۆی بەکاربهێنێت بۆ لە خەو ڕاپەڕاندنی گومڕا و نەفامەکان و ڕزگاریان بکات لەو هەڵەیەی تێی کەوتوون و ڕێگەی خۆناسین و باوەڕ بە خۆکردنیان پێشان بدات. هەروەها لە کۆتاییدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە ژیانی مرۆی دانا دەبی پڕ بێت لە لە خۆبوردن و ڕاستی و دروستی و پاکی.

بەندی ٦:

((بەڵام، ئەگەر ئەومرۆتوانایە،
یارمەتی ئەو کەسانە نەدات کە
داوای یاریدەیان لێکردووە و پەنایان بۆ بردووە،
ئەو کەسە خۆی دەکەوێتە داوی خراپەکاران،
چونکە بە گوێرەی ئایینی ڕاستی
کە ئاهورامەزدا لە سەرەتاوە دایڕشتووە،
کەسێك کە یاریدەی خراپەکار بدات،
ئەو کەسە خۆی خراپەکارە.
ئەو کەسەی ڕێز لە ڕاستگۆ و خاسان دەگرێ،
لە پیاوچاکانە.))

لەم بەندەدا، زەردەشت زۆر بە ئاشکرا دەبێژێ، هەرکەسێك،

بە هەر جۆرو شێوەیەك یارمەتی خراپەکاران و درۆزنان بدات، تەنانەت ئەگەر نیەتیشی ئەوە نەبووبێت کە بەو کارە هەڵسێت و بی ئەوەی پێی بزانێت ئەنجامیدابێت، ئەو کەسە، خۆی بە خراپەکار دەژمێرێت و یاخود دەکەوێتە داویانەوە. هەرکەسێکیش ڕێبازی خاسان و دروستکرداران بگرێتەبەر و ڕێزیان لێبگرێت و خۆشی بوێن، ئەو کەسە خۆشی لە ڕیزی خاسان دەژمێریت. ئەم یاسایە،

لەسەرەتای ژیاندا بووە و بەردەوام دەمێنێ، مەبەستی زەردەشت ئەوەیە کە، خەڵك هوشیار بکاتەوە کە بە هیچ جۆرێك یارمەتی خراپەکاران و ئەندێشە ناپاکان نەدەن. بەکورتی زەردەشت

لەم بەندەدا دەفەرموێت، هەر کەسێك توانا و هێزی ئەوەی هەبێت کە گومڕاو خراپەکاران بەڕێی ڕاست هیدایەت بکات، بەڵام بەم کارە هەڵنەستێت، ئەو کەسە خۆشی بە گومڕاو خراپەکار دەژمێرێت. کەوایە، پێویستی سەرشانی هەموانە، بە گوێرەی توانا، یارمەتی خەڵك بدەین و ڕێی ڕاست و دروست پیشانی گومڕایان بدەین.

بەندی ٧:

((ئەی مەزدا،

کاتی کە خراپەکار ئامادە یە ئازارم پی بگەیەنێت،

جگە لە ڕووناکی تۆ و بیرکردنەوە لەتۆ،

کی پەناو یاوەری من دەبێت ؟

ئەی ئاهورا،

کاتی کە ئەم دوو نیشانەی ڕۆشنایی و دانایە لە ویژدانمدا بێدارددەبی،

ئایینی ڕاستی دەگاتە لوتکە.

کەوایە، ویژدان و دەروونم، لەم ئایینە ئاگادار بکە.))

لەم بەندەدا، وا دەردەکەوێ کە دوژمنانی یەکتاپەرستی لە هەموو لایەکەوە ئابڵوقەی زەردشتیان داوە و زۆریان بۆ هێناوە، تووشی دەردەسەری و ناخۆشیان کردووە، بوونەتە بەربەستێك لە ڕێی بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی. لەم کاتەدا، زەردەشت رووەدکاتە بارەگای ئاهورامەزدا و لێی دەپرسێت،لەم بوارەدا کێ پشتیوان و پەنابەرم دەبێت ؟

دووبارە خۆی وەڵامدەداتەوە و هەمیسان گرێی ئەم گرفتە دەکاتەوە و دەبێژێ، تەنیا ڕووناکی مەعنەوی و باوەڕ و هێزی ئەندێشەی پاك دەتوانن لەم بوارە ناسك و دژوارە یارمەتی بدەن. هێزی ئەندێشە و ڕووناکی باوەڕ دەتوانن مرۆڤ لە سەخڵەتی و دژوارییەکانی ژیان ڕزگاریکەن و مرۆ بگەیەننە ئاسایش و پوختەیی. لێرەدا، پێویستە ئەو ڕاستییە بخەینە بەرچاو کە، برێك جار ئەندێشە و بیرکردنەوە بە تەنیایی دەتوانێت ببێتە مایەی لە ناوچوونی شارستانییەت و فەرهەنگ. لە ڕێگەی

دروستکردنی هەمەجۆرە چەکی کۆمەڵ کوژو ڕەشکوژی. زۆرجار، هێزی باوەڕی پووچ و هەڵە بە تەنیایی مرۆ دووچاری خۆپەرستی دەکات و دووری دەخاتەوە لە هەموو جۆرە مرۆڤدۆستییەك.

کەوایە، هێزی بیرکردنەوە دەبی لەتەك باوەڕی ڕاستەقینەدا کە لەناخی دڵی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت، هاوجووت بن و پێکەوە مرۆڤ بەرەو پوختەیی ببەن.

لەکۆتاییدا، زەردەشت داوا لە ئاهورامەزدا دەکات، ئەم ڕاستییە بۆ هەموو خەڵك ئاشکرابکات ویژدانیان بێدار بکا تا هەموان بەختەوەر بن و ئاسایش و ئارامی لەنێو کۆمەڵدا پەرە بسێنێت و ئایینی ڕاستی و دروستی فەرمانڕەوابێت.

بەندی ٨:

((ئەی مەزدا،
لە کرداری کەسێك کە،
خەریکی ئازار گەیاندنە بەخەڵك،
هیچ زیانێك بەمن ناگات،
ئاکامی ئەو کردارە نەیارانەی،
هەمووی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە،
دوری دەخاتەوە لە ژیانێکی خاس و
ڕۆژگارانی بەرەو خراپە دەبات.))

لەم بەندەدا، باسی ئەوبەڵگە نەویستە دەکات کە بۆ هەر کارێك، کاردانەوەیەك هەیە (لکل فعل رد فعل)، هیچ کارێکی خراپ بێ سزا نامێنێتەوە. سەرەتا دەبێژێ: کەسێك کە بیر لە ئازاردانی خەڵك دەکات و خەریکی ئازار پێگەیاندنیانە، ئاکامی ئەو کردارە خراپەی، زیانێکی ئەوتۆ بە بەرامبەرەکەی ناگەیە نێت، بەڵکو زێتر زیان بەخۆی دەگەیەنێت. جگە لەمە، ئەو کردارە ناشرینو خراپانە و پڕ لەقین و تووڕەییە، خراپەکار لە ئەنجامدانی کاری خاس و بەهرە وەرگرتن لە ژیانێکی بەختیار و خۆش دووردەخاتەوە، هیچ هێزێك ناتوانێت ئەو ژیانە پڕ لە ئەشکەنجە و ناخۆشییەی چاوەڕێی دەکات ، بگۆڕێت.

بەندی ٩:

((کێیە ئەو جوامێرەی کە
بۆ یەکەمین جار فێریکردین،
کە تۆ پتر لە هەمووان شیاوی ستایشی،
تۆ، سەروەری ڕاستی و داوەری پاك کردارەکانی ؟
ئێمە هەمیشە دەخوازین کە بە بیری پاکەوە،
لە یاسای ڕاستی و هەموو ئەو ئامۆژگارییانەی لەو بارەوە گوتووتە،
ئاگادار بین.))

ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەم بەندەدا دەردەکەوێت ئەوەیە، دەبێ یەکێ لە هەرە نزیکەکانی زەردەشت و یاخود لە مریدە بەئەمەکەکانی، ئەم بەندەی بێژا بێت، چونکە زەردەشت، بەیەکەمین مامۆستا و ئامۆژگاری مرۆڤ و جوامێرێکی بە تەواو مانا باسدەکات، دەڵێت کە بە گوێرەی وتەی ئەم عەگیدە، تەنیا ئاهورامەزدا شایانی ستایشت پەرستنە. هەروەها پەروەردگاری یەکتای بە داوەرێك داناوە، کە چاودێری هەموو کردارەکان چ خاس و چ خراپ دەکات، لە ڕۆژی پەسلاندا داوەری دەکات.

بە واتایەکی دیکە، هەر کەسێك دەبێ بەرپرس بێت بەرامبەر هەر کارێك کە دەیکات، خاس بێت یا خراپ، دەبێ چاوەڕێی یاداشت و سزاکەشی بێت. لە کۆتاییدا دەبێژێ، کە بە هۆی ئەندێشەی پاکەوە، مرۆ دەتوانێت پەردە لەسەر نهێنییەکانی (بوون) و هەموو کەشکەڵان ڕامالێت و ئایینی ڕاستی و ئامۆژگارییەکانی ئافەریدەگاری جیهان تێبگات و ئاگاداری بێت.

بەندی ١٠:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
ئەز، بە دروستی دەبێژم،
هەر کەسێك چ پیاو چ ژن،
ئەو شتەی کە تۆ بە خاسی دەزانیت بۆ ژیان، ئەنجام بدات،
لە ژێر سایەی ئەندێشەی خاس،
بەهرە وەربگریت لە پاداشتی ڕاستی (ئاشا)و

توانایی مەعنەوی و خزمەتکردنی خەڵك

ئەز، ئەو جۆرە کەسانە،

ڕێنمایی دەکەم کە ستایشتت بکەن،

لەسەر پردی دووڕیانی چاکە و خراپە (پردی چینوت)(٣٣)، ڕێنماییان دەکەم.))

لەم بەندەدا، زەردەشت دەفەرموێت، هەر کەسێك، ژن بێت یاخود پیاو، لەم جیهانەدا کاری خاس ئەنجام بدات، واتە کارێك کە بە سوودی کۆمەڵگا تەواو بێت، بێگومان بەهرە لە پاداشتێك دەبات کە (ئاشاو وەخشتەرا) دیاردەکانی ڕاستی و پاکی توانای مەعنەوی و خزمەتکردنی خەڵکی پێدەبەخشن.

ئەم پاداشتە بریتییە لە ژیانێکی پڕ لە ڕاستی و پاکی و خزمەتکردنی خەڵك بە هەموو باوەڕ و خۆشەویستییەوە. خزمەتکردنی خەڵك لە ژێر سایەی بیری خاسەوە دێتەئارا.

کەوایە، هەر کەسێك پێویستی سەرشانی خۆی بە خاسترین شێوە ئەنجام بدات، ئەوکارەی بە ئەنجامی دەگەیەنێت، تەنیا لەبەر ئەنجامدانی ئەو پێویستییە بێت نەك بۆ سوود و بەهرە وەرگرتن، ئەندێشەی پاك بێت بۆ هەڵسوڕاندنی کارەکە، بیگومان لەپاداشت و خەڵاتەکانی(ئاشا و وەخشتەرا) بەهرە وەردەگرێت. لە کۆتاییدا زەردەشت دەبێژێ، ئەز، ڕێنمایی ئەو جۆرە کەسانە دەکەم کە تەنیا ستایشی ئاهورامەزدای دانا و ژیر بکەن، چونکە تەنیا ئەوە کە شایانی پەرستن و ستایشە و ڕووبکەنە بارەگای ئەو، بۆئەوەی لە ڕۆژی پەسلاندا لەسەر پردی دووڕیانی چاکە و خراپە (پردی چینوت) بە ئاسانی بپەڕێنەوە.

بەندی ١١:

((کاوییەکان و کەر پەنەکان، یەکیان گرتووە،

لەتەك پیاوەکانیاندا،

بە کردەوە ناشرینەکانیانەوە،

ژیانی خەڵك ئاڵۆز و پەرێشان دەکەن.

بەڵام ڕەوان و ویژدانیان.

کاتێك کە دەگەنە سەر پردی داوەری (چینوت)،

دژیان ڕادەوەستن،

بۆ هەمیشە دەچنە مۆڵگەی درۆزنان و خراپەکاران.))

لـەم بەنـدەدا، باسـی کاوییـەکان و کـەر پەنـەکان دەکـات، ئەمانـە پێشـەواو شـالیارە درۆزنـە خراپەکارەکانن کە دوژمنی سەرسەختی زەردەشتن و دەبێژێ:

ئەم دوو دەستەیە یەکیانگرتووە و خەریکی چەواشەکردنی خەڵکن و ژیانیان لێتێکـدەدەن، بـە درۆ و بە فێڵ و فریو، راستی لە خەڵك چەواشەدەکەن بۆئەوەی ڕێبازی ئایینی ڕاستی نەگرنە بەر.

ئەمانە هەمیشە بەر بەستێك بوون لەسەر ڕێگەی زەردەشتدا و لەمپـەریك بـوون لەسـەر ڕێگـەی پەرە سەندنی ئایینی یەکتاپەرستی.

زەردەشت لە کۆتاییدا دەفەرموێت: کاتێك کە ئەم خراپەکار و درۆزنانە لە پردی دووڕیانی چـاکە و خراپە نزیك دەبنەوە، ویژدانیان بە جۆرێك ئازارو ئەشکەنجەیان دەدات، کـە دەکەونـە نێـو بـنی چـاڵی دۆزەخی ویژدان.

بەندی ١٢:

((کاتی کە،

زارۆلەو نەوەکانی (فریان تورانی)(٣٤)،

ڕوو بکەنە ڕاستی،

بە پاکییەوە،

تێبکۆشن بۆ ئاوەدانی و پێشخستنی کۆمەڵ،

ئەوسا، مەزدا ئاهورا،

لە ژێر سایەی ئەندێشەی پاك،

هەموویان پەکدەخات،

و خۆشی و ڕزگارییان،

پێدەبەخشێت.))

تەنیا شتێك کـە لـەم بەنـدەدا سەرنجڕادەکێشـی ئەوەیـە، زەردەشـت بـۆ بڵاوکردنـەوەی ئـایینی یەکتاپەرستی، هیچ درێغییەك ناکات، هەوڵ و کۆششی خۆی دەدات. لێرەدا دەبێژێ:

کاتێك کە (فریان) ئایینی یەکتاپەرستی پەسەندکرد و هاتە سەر ڕێی ڕاست و خۆی و کەسـوکاری باوەڕیان بە ڕاستی هێنا. ئەوسا ئاهورامەزدا بە بیرێکی پاکەوە، ئەمانە هەموویان یەکدەخاو نـاکۆکی نێوانیان لا دەباو بەختەوەری و ڕزگاریان پێدەبەخشێت.

بەندی ١٣:

((هەرکەسێك یاریدەی زەردەشت ئەسپەنتمان بدات
بۆ ئەنجامدانی کارەکانی، دڵشادی بکات،
بە دروستکار دەژمێرێت.
مەزدا ئاهورا، ژیانی خاس بەو جۆرە کەسانە دەبەخشێت،
وە لە ژێر سایەی ئەندێشەی خاس، (وەهومەن)
دەوروبەری پڕ لە خۆشی و شادی دەبێت،
و هەموو کەس، ئەو بە،
دۆستی خاسی ڕاستی دەناسی.))

هەر کەسێك، یارمەتی زەردەشت بدات، هاریکاری لە تەکا بکا بۆ ئەنجامگەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی، زەردەشت لە خۆی ڕازی بکات و دڵشادی بکا، ئەو کەسە بەخاوەن باوەڕ و دروست کار دەژمێرێت.

ئاهورامەزدا میهرەبان دەبی بۆ ی و خاسترین جۆری ژیانی پێدەبەخشێت. لە ژێر سایەی (وەهومەن)، واتە بیری خاس، ژیانێکی خۆش ودەوروبەرێکی پڕ لە خۆشی و خۆشەویستی و پاکی پی خەڵات دەکرێت. ئەم جۆرە کەسانە بەدۆستی (ئاشا) یانی، ڕاستی و پەیڕەوی یاسا و تەکوزی دەژمێرێن

بەندی ١٤:

((ئەی زەردەشت،
کێیە دۆستی ڕاستکرداری تۆ و هەواداری ڕاستی ؟
کێیە،
ئەو کەسەی بە ڕاستی
ناوی خاس و سەربەرزی بۆ ئەنجومەنی موغان دەوێت ؟
ئەی مەزدا ئاهورا،
بە ڕاستی ئەو کەسە (کەیگوشتاسەبی) جوامێرە.
ئەز، بانگەوازی خەڵك دەکەم و پەیامەکەت ڕادەگە یەنم،

بەو وتانەی کە لە بیری خاسەوە هەڵهێنجراوە،
تا ڕێگەی بارەگای تۆ بدۆزمەوە)).

لەم بەندەوە تا بەندی (١٨)ی ئەم (هات)ە، باسی یار و یاوەران و دۆستانی زەردەشت کراوە، بە هۆی ئەو کار و کۆششانەی ئەنجامیان داوە، یارمەتی زەردەشتیان داوە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی، لەم ڕێگەیەدا دووچاری سەختی و ئەشکەنجە بوون، داوا لە ئاهورامەزدا دەکا کە بی بەشیان نەکات لە خەڵاتی ئاهورایی.

لەم بەندەدا، زەردەشت باسی گوشتا سەب شا دەکا کە یار و یاوەری بووە. بە دۆستێکی جوامێر و خاسکردار و پەیڕەوی ڕاستی و دروستی دەناسێت، دەبێژێ کە هەوڵ و کۆششێك کە کردویەتی، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی یەکتاپەرستی و هەروەها هەوڵیداوە، کە یارمەتی ئەنجومەنی موغەکان بدات و ناوبانگێکی خاسیان لەنێو خەڵکدا بۆ بەدیبهێنێت.

ئەوەی شایانی باسە ئەم گوشتاسبە لەم ڕێگەیەدا دووچاری شەڕ و هەرایەکی یەکجار زۆر بووە، بە تایبەتی لەتەك تۆرانییەکاندا، لەم ڕێگەیەدا فرە لە برا و کوڕەکانی گیانیان لەدەستداوە و کوژراون، بەڵام ئەم کۆڵی نەداوە و باشترین یاوەری زەردەشت بووە، تا توانی لە ئاکامدا شکست بە لەشکری تورانییەکان بدات.

لە کۆتاییدا، دەبێژێ، هەرکەسێك گوێڕایەڵی پەیامی ئاسمانی زەردەشت بێت و بە گوێرەی ئایینی ڕاستی بجوڵێتەوە (هەروەك گوشتاسەب)، شیاوی ئەوەیە، کە لە بارەگای ئاهورامەزدا جێنشین بێت و لە ڕۆژی پەسلاندا ڕۆحی لەنێو بە هەشتدا بێت.

بەندی ١٥:

((ئەی ڕۆڵەکانی هیچدسپ ئەسپەنتمان(٣٥)،
بە ئێوە دەبێژم،
گوێ بگرن بۆ ئەو شتەی کە بۆ ئێوە خاسترینە،
تا بەو هۆیەوە، دانا و نادان لە یەکتر جیابکەنەوە،
و بە کرداری خاسی خۆتان،
ڕاستی (ئاشا) کە بنچینەی ئایینی ئاهورایە
بە دەست بێنن.))

لێرەدا باسی بنەماڵەی هیچد سب دەکا، کە باوە گەورەی زەردەشت خۆیەتی و دەبێژێ کە ئامۆژگارییەکی وە هاتان دەکەم کە بتوانن بەو هۆیەوە مرۆی دانا لە نادان و رۆشەنبیر لەرەش بین جیابکەنەوە، جیاوازی لەنێوان ڕاستی و هەواداراەکانی لە تەك درۆ و پەیڕەوەکانیدا بزانن.

لە کۆتایی ئەم بەندەدا دەبێژێ، مرۆ، لەبەر ڕۆشنایی کرداری خاس کە لە بیری خاس و وتەی خاسەوە دێت، دەتوانی بگاتە (ئاشا) کە دیاردەی ڕاستی و دروستییە.

شایانی باس لەم بەندەدا، ئەوەیە کە دەیەوێت بێژێت:

مرۆ، بە بیری خاس دەتوانێت چاکە لە خراپە و دانا لە نادان جیابکاتەوە، ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە و لە ژێر سایەی کرداری خاسەوە بگاتە حەقیقەتی ڕاستی (ئاشا).

بەندی ١٦:

((ئەی فەرشوشتەر هووگوا(٣٦)،

لە تەك یارانی خۆتدا،

کە ئێمە هەردووکمان داوای،

ڕۆشنایی و بەختەوەری هەمیشەییان بۆ دەکەین

بڕۆ بۆ،

ئەو شوێنەی کە ڕاستی لەتەك پاکی و خۆشەویستیدا هاوجووتن،

لە وێڕادا، ئەندێشەی خاس و توانایی،

فەرمانڕەوایی دەکەن،

شکۆی مەزدا ئاهورا، تیایدا دیارە.))

لەم بەندەدا، زەردەشت داوا لە فەرشوشتەر لە بنەماڵە هووگوا دەکات، کە لەتەك یاران و هەواداراەکانیدا بەرەو ڕووناکی و ڕاستی و پاکی و خۆشەویستی بڕوات و ئامۆژگاری خەڵك بکات ڕێی ڕاست بگرنە بەر.

هەروەها دەبێژێ کە ئارەزوو و خواستی ئێمە (ئاهورامەزدا و زەردەشت) ئەوەیە، کە هەموو گومڕا و پەیڕەوانی ئایینی درۆ یا سروشتپەرستی بەرەو یەکتاپەرستی و ڕێگەی ڕاست هیدایەت بکەین، بۆئەوەی لە کۆتاییدا هەموان بگەنە پلەی پوختەیی و پاکی و سوود لە خەڵاتی ئاهورایی، یانی بەختەوەری و ڕزگاری وەربگرن، جێگەیان بارەگای ئافەریدەگاری دانا بێت، ئەو شوێنەی کە تەنیا

به هۆی ڕ ستی و دروستی و خۆشەویستی و باوەڕو بیری خاس و خزمەتکردنی خەڵك، بەدەست دێت.

بەندی ١٧:

((ئەی جاماسب هووگوا،

ئەی هۆشمەند و ژیر

ئەز، ئامۆژگاریم کردوون کە کار و کۆشش،

نە بێکاری و تەمەڵی بکەنە پیشەتان.

کەوایە،

بە ویژدانێکی بێدارو کار و کۆششەوە،

ستایشی ئەو ئافەریدەگارە دانا و بێ هاوتایە بکە،

کە بە هۆی یاسای ڕاستی خۆیەوە،

دانا و نادان لە یەکتر جیادەکاتەوە،

و بەهەموو توانایەکییەوە، چاودێری لەم جیهانە دەکات.))

زەردەشت، لەم بەندەدا روو دە ئاتە جاماسب کە یەکی لە وەزیرەکانی گوشتاسەب و لە یارە بە ئەمەکەکانی خۆی بووە، پێی دەبێژێ:

ئەم حەقیقەتە ڕەچاو بکە و ئاگادار بە کە ئایینی ڕاستی، بریتییە لە کار و کۆشش و هەوڵ و تێکۆشان و جموجۆڵ، نە ئایینی بێکاری و تەمەڵی و سواڵکردن و بێ جموجۆڵ. کەوایە پێویستە بە ویژدانێکی چاکەوە ئیتاعەتی دەستووری ئاهورامەزدا بکەین، بە هۆی کار و کۆششەوە ستایشی بکەین.

ئاهورامەزدا، بە هۆی ئەو یاسا نەگۆڕ و هەمیشەییەی، واتە یاسای ڕاستی، دانا و نادان لە یەکتر جیادەکاتەوە و بە هۆی ئەو تەکوزییەی هەر لە سەرەتای جیهاندا بۆی داناوین، چاودێری لەم جیهانە دەکات.

بەندی ١٨:

((هەر کەسێك کە پەیڕەویم لێبکات،
ئەز، لەبۆ ئەو کەسە، خاسترینم،
و لەژێر سایەی ئەندێشەی خاس،
مژدەی باشترین شتەکانی پێدەدەم.
بەڵام، ئەو کەسەی کە دژایەتیمان دەکا،
ئێمەش ململانێی لە تەکا دەکەین.
ئەی مەزدا، ئەز، بە هۆی ڕاستییەوە
ویست و ئارەزووی تۆ وەدی دێنم،
ئەو ڕێگەیەی کە هۆش و ئەندێشەی من،
هەڵیدەبژێرێت.))

دەتوانین بێژین کە ئەم بەندە تەواوکەرەوەی بەندی سیانزەهەمی هەمان (هات)ە.

لەم بەندەدا، زەردەشت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دۆست و هاوڕێی ئەو مرۆڤە خاسانەیە کە دۆستایەتی دەکەن و ڕێگەی ڕاست و بیرکردنەوەی خاسیان هەڵبژاردووە و پەیڕەوی لێدەکەن. دووبارە بە هۆی بیری چاکەوە مژدەی ژیانێکی خۆش و پڕ لە تەبایی وبەختەوەریمان پێدەدات. بەڵام ئەوانەی کە دوژمنایەتی ڕاستی و دروستی و پاکی دەکەن و دژی زەردەشت لە هیچ کردارێکی ناشرین و نارەوا دەسبەردارنین، زەردەشت سازشیان لە تەکا ناکات و ململانێیان لەگەڵ دەکا تا ڕێگەی ڕاستی دەگرنە بەر.

زەردەشت دووپاتی دەکاتەوە، کە بە هۆی ڕاستی و دروستییەوە، ویست و ئارەزووی ئاهورامەزدا بەدیدێنێت، لەم ڕێبازەدا بە هۆی بیری خاسەوە هەمیشە پێشەنگ دەبێت.

بەندی ١٩:

((کەسێك کە بە ڕاستی،
ویست و ئارەزووی زەردەشت،
کە بریتییە لە بناغە دانانی جیهانێکی نوێ،

وەدیدێنێت،
بەهرە لە پاداشتی ژیانێکی نەمر دەبات.
و لەم جیهانە زیندووەدا،
دەگاتە
گشت ئارەزوو و خواستەکانی دڵی
ئەی مەزدا،
هەموو ئەم شتانە، تۆ فێرت کردم و ئاشکرات کردووە بۆم.))

لەم بەندەدا، زەردەشت زۆر بە ڕاشکاوی و ڕوونییەوە، بە چەند وشەیەکی فرە سادە، ستراتیژیەت و فەلسەفەی پەیامەکەی دەخاتە ڕوو کە بریتییە لەشۆڕشێکی جیهانی، ڕزگارکردنی مرۆڤ لە هەموو ئەو کۆتو زنجیرانەی دەستوپێی بەستۆتەوە. شۆڕشێك دژی کۆنەپەرستی و چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن بڕێ لەو کەسانەی خۆیان بەڕابەر و پێشەوا دادەنا.

زەردەشت دەبێژێ ئەو کەسانەی بە دڵ و بەگیان و بەراستی لەپێناوی بناغە دانانی ئەو شۆڕشە تێدەکۆشن، لەڕاستیدا ڕێبازی زەردەشت دەگرنەبەر، چونکە ویست و ئارەزوو و هیوای زەردەشت، کە بیرێکێ چاك و پاك و بە دیدێکی گەش و ژیرانە بیری لێکردۆتەوە، دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی پێشکەتووە کە تاکە تاکی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە راست کردار و راست گوفتار و خاوەنی بیری خاس بن.

سپەنتمەگات ــ سروودی دوازدەهەم

یەسنا ــ هات ٤٧

بەندی ١:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
بە شکۆ مەندی و شالیاری و دلۆڤانی خۆیەوە،
بە کەسێك کە کردار و گوفتاری
بە هۆی ئەندێشەی خاس و باشترین بیر،
و لەسەر بنچینەی ڕاستیدا بێت،
پوختەیی و نەمرێتی دەبەخشێ))

ئەم بەندە فرە ئاشکرا و ڕوونە و پێویست بە شیکردنەوە ناکات.

بەندی ٢:

((کەسێك کە لە ژێر سایەی پاکترین ئەندێشەکاندا،
خاسترین ڕێگە دەپێوێت،
و زمانی، بێژەری ئەندێشەی خاسە،
و دەستەکانی
بۆ کاری پاکی و بێگەردی کراوەیە،
تەنیا یەك بیری هەیە:
مەزدا ئاهورا، ئافەریدەگارو دروستکەرو سەرچاوەی ڕاستییە.))

کەسێك کە لە ژێر سایەی بیری پاك و پیرۆزدا ژیان دەباتە سەر و ڕێگەی ڕاستی هەڵبژاردووە، وتە و گوفتاری شیرین و خۆش و زایەڵەی بیری خاس بێت، هەڵسوکەوت و کارو کرداری لە ڕووی باوەڕێکی پتەو ئەنجام دەداو بە هەردوو دەستی ئیش و کاری خاس و بێگەرد بە ئەنجام دەگەیەنی، ئەو کەسە، تەنیا بیر لەیەك شت دەکاتەوە، ئەویش ئافەریدەگارە، کە بە سەرچاوەی ڕاستی و دروستی دەزانی.

بەندی ٣:

((ئەی مەزدا،
بە ڕاستی، ئەتۆ ئافەریدەگاری ئەندێشەی خاسیت،
و کاتێك کە خەڵك بە بیری خاسەوە،
پرس و ڕا وێژکاریان کرد.
ئەتۆ، بۆ ئەوان
ئەم سەر زەمینە و جیهانی پڕ لە شادیت خوڵقاند،
و بۆ ئاوەدانی و ڕابەرایەتی،
پاکی و بێگەردیت هێنایەئارا)).

لەم بەندەدا: دووبارە زەردەشت جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، كە ئاهورامـەزدا ئەندێشـەی خاسـی وەدیهێناوە. هەروەها باس لەوە دەكات كە هەر ئەوە كە ئـەم جیهانـەی بـە شـێوەیەكی شادیبەخشـو خۆش و جوان هێناوەتەئارا، بۆئەوەی ئاوەدان بێت و ڕابەرانی دادوەر و خاس فـەرمانڕەوا بـن، پـاكی و بێگەردی و بێخەوشێتی هێناوەتەئارا.

بەندی ٤:

((ئەی مەزدا،

درۆزن و خراپەكارانێك كە

ڕوو لە بیری خاس وەردەگێڕن،

تووشی ڕەنج و ئازار و ئەشكەنجە دەبن.

خاسان و ڕاستكردەوەكان، كە ئەم كارە ناكەن، گیرۆدە نابن.

ڕاستكردەوە، هەرچەندە هەژاریش بێت و هێز و تواناشی كەم بێت

لای ڕاستكردەوەكان، بە ڕێزە.

درۆزن و خراپەكار، ئەگەر توانا و بە دەسەڵاتیش بێت،

بیبایەخ و بێ نرخە.))

زەردەشت لەم بەندەدا دەبێژێ: ئەو كەسانەی كە پشت دەكەنە (سپەنتامینو) یا گەوهەری پـاكی و ڕاستی و بیری خاس، گوێ نادەنە چـاكە و ڕاسـتی و دروسـتی، لەسـەر ڕێبـازی خراپـەكاری خۆیـان بەردەوامن، لە ئاكامدا، ئەو كەسانە دووچاری ڕەنج و ئازار و ئەشـكەنجەی ویـژدان دەبـن و پەشـیمان دەبنەوە.

بەڵام، دروستكاران و پیاوچاكان، هەرگیز كاری خراپیان لێناوەشێتەوە.

هەروەها دەبێژێ كە پێویستە ڕێز بگیرێت لە مرۆی خاس و پاك كە لە ڕووی ئابووریـەوە هـەژار و دەستكورتن، دەبی یارمەتییان بدرێت. بەڵام درۆزن و خراپەكار هەرچەندە دەوڵەمەنـد و دەسـەڵاتدار و تواناش بێت، لەبەرئەوەی لە بواری كۆمەڵایەتیدا، هیچ سوودێك بە خەڵك ناگەیەنێت، دەبی بە چـاوی سووكەوە تەماشای بكرێت و بە بێ بایەخیان بزانین. بـە واتەیـەكی دیكـە، دەبـی لـە تـەك خاسـان و پاكاندا دۆست و هاوڕی بین و لەگەڵ درۆزنان و خراپەكاراندا نەیار بین، نـەهێڵین دارایـی و پلـەو پایـە و توانایی مادی خراپەكارێك، لەخشتەمان بەرێت و گومڕامان بكات.

بەندی ٥:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
ئەتۆ، بە هۆی ئەندێشەی پاك،
مژدەی خاسترین خەڵاتت داوە
بە ڕاستکردەوەکان.
بەڵام، درۆزن و بەد کاران،
هیچ جۆرە بەهرەیەك لە دلۆڤانی تۆ نابەن.
چونکە درۆزن و بەدکردار،
ئەندێشە و کرداری نادروست و خراپی هەیە.))

زەردەشت، لەم بەندەدا دەبێژێ: مرۆی خاس و دروستکردار، بەهرە لە باشترین خەڵاتێك کە مژدەی پێدراوە لە لایەن ئاهورامەزدا وەردەگرێت. ئەم خەڵاتە، بە هۆی بیری پاکەوە پێی دەگات. بەڵام خراپەکار و درۆزنان، بێبەهرە دەبن لەو خەڵات و خۆشەویستییەی ئاهورامەزدا، بە پێچەوانەوە ئاکامی کردەوە خراپەکانیان، بە شێوەی ڕەنج و دەردەسەری و ئەشکەنجە دەبێت. لە ڕاستیشدا، ئەو کەسانەی کە پەڵە هەوری چڵکن و ڕەشی خراپەکاری، ئاسمانی شین و ڕۆشەنی دڵیانی تاریك و ڕەشکردووە، جگە لە خراپە و درۆ، هیچ کارێکی دیکە ناکەن، نابی چاوەڕوانی خەڵاتی ئاهورایی بن. بە کورتی دەبی بێژین سزای خراپ بۆ خراپەکارانە، پاداشتی خاس بۆ خاسکردارانە. خەڵاتی ئاهورایی بۆ کەسێك دەبێت کە پاك و ڕاستگۆ و دروستکردار و بیر خاس بێت.

بەندی ٦:

((کەوایە، بە هۆی ئەندێشەی پاك،
تیشکی ڕووناکی تۆوە:
چارەنووسی هەردوو دەستەی چاکان و خراپان،
ئاشکرا و ڕۆشەن دەبێت،
بە پەرەسەندن و گەشە پێکردنی باوەڕ و ڕاستی و پاکی،
عەودالانێکی زۆر،
ڕێبازی تۆ هەڵدەبژێرن و دەیگرنە بەر.))

لێرەدا زۆر بە ڕاشکاوی ئەوەمان پێ دەبێژێ کە بیری خاس و گەوهەری خاسی و پاکی، لە دیاردەکانی ئاهورامەزدان، ئامرازن بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت بە هۆیانەوە بەرەو پوختەیی هەنگاو هەڵبێنێت و پێی بگات، لە ئاکامدا پاداشتی خۆی وەربگرێت.

لەم بەندەدا، زەردەشت دەفەرموێت، چارەنووسی خاسان و خراپەکاران، ویژدانی پاك و پرشنگی ڕووناکی مەعنەوی و ئەندێشەی خاس ڕۆشەن و دیاری دەکات.

لە کۆتاییدا دەبێژێ: تەگەرکو، باوەڕی ڕاستەقینە و ڕاستی کە دوو دیاردەی(ئارمەئیتی) و (ئاشا)ن، لەنێو دڵ و دەروونی مرۆڤدا گەشەبکات، پتر و خاستر بەرەو حەقیقەت هەنگاو هەڵدێنێت و دووردەکەوێتەوە لە درۆ و خراپە.

هەروەها سەرنجی عەودالانی حەقیقەت بۆ ئەوە ڕادەکێشی، کە تەنیا بە هۆی باوەڕی ڕاستەقینە و ڕاستی و دروستی دەتوانرێت ڕێگەی گەیشتنە لای ئاهورامەزدا بدۆزینەوە و لێی نزیك بینەوە.

سروودی سیازدەهەم

یەسنا ــ هات ٤٨

بەندی ١:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

لە کاتی پاداشت دانەوەدا،

ئەو کاتەی کە ڕاستی بەسەر درۆدا سەرکەوێت،

پەردە لە ڕووی فریوکاری کافر و یاوەرەکانیان

بۆ هەمیشە ڕا دەماڵرێ،

ئەوسا، بە هۆی خەڵاتی تۆ

ستایشت و باوەڕ بە تۆ و خۆشەویستی تۆ. پتر دەبێت.))

ئەم بەندە، تەواوکەرەوەی بەندی پێشووی (هات ٤٧)ە و تیایدا زەردەشت دەفەرموێت:

لە ڕۆژی پەسڵاندا، کاتێك کە ئیدی بە تەواوەتی، ڕاستی بەسەر درۆدا سەر دەکەوێت، پەردە لە ڕووی درۆ و دەلەسەی درۆزن و خراپەکاراندا ڕادەماڵرێت، حەقیقەتی هەموو شتێك ئاشکرادەبێ، ئەوسا باوەڕی خەڵك بە ئاهورامەزدا زێتر دەبێت و چاکە لە هەموو شوێنێکدا فەرمانڕەوا دەبێت.

لێرەدا مژدەی ئەوە بە خەڵك دەدرێت کە لە ئاکامدا، ڕاستی بەسەر درۆدا زاڵ دەبێت.

لە واقیعدا، ڕۆژی پەسڵان ئەو ڕۆژەیە کە ئەم ڕاستییە دێتەئارا، ئەو ڕۆژەی کە درۆ و جەردەیی و دزێتی و ڕژدو ڕقو کینە و چاو چنۆکی لە کۆمەڵگادا بنبڕدەبێ و ڕاستی و دروستی و پاکی و کردەوەی خاس و لە خۆ بوردن و خۆشەویستی جێگیر دەبێت. ئەوسا نور و تیشکی باوەڕی ڕاستەقینە لەنێو دڵی هەموواندا هەڵدێت و ئاشتی و ئاسایش و پاکدڵی و دلۆڤانی بڵاودەبێتەوە و هەموو شوێنێك دەگرێتەوە.

ئەم بەندە، زێتر دڵی مرۆڤ پڕ لە هیوا دەکات، کە بیری خاس لە ئاکامدا سەردەکەوێت و هەموو خەڵك ڕاستییان بۆ ئاشکرادەبێ، پاشەڕۆژێکی خۆش چاوەڕێمان دەکات، پێمان دەبێژێ کە کار و کۆشش و هەوڵەکانمان بەفیڕۆناچێت و بێسوود نامێنێتەوە، لە ئاکامدا حەق بەسەر ناحەقدا زاڵدەبێت.

بەندی ٢:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
پێش ئەوەی ئەندێشەم گرفتاری ڕاڕایی بێت،
لە زانیاری خۆت ئاگادارو دڵنیام بکە.
ئایا ڕاستکردار بەسەر درۆزن و خراپەکاردا سەردەکەوێت ؟
بێگومان ویست و خواستی تۆ ئەمەیە،
و ئەمەش گەورەترین سەرکەوتنە لە ژیاندا.))

هەرچەندە لە بەندی پێشوودا، بە ڕاشکاوی مژدەی سەرکەوتنی ڕاستی بەسەر درۆدا دراوە، بەڵام دەبینین لەم بەندەدا، زەردەشت بۆئەوەی پەیڕەوەکانی خۆی دڵنیابکات، ڕوودەکاتە ئاهورامەزدا و هەمان پرسیاردەکاتەوە و داوای وەڵامی لێدەکات بۆئەوەی بە ڕاشکاوی وەڵامی بدرێتەوە، بۆیە دەبێژێ کە نیگەرانی پاشەڕۆژە و پێش ئەوەی بیری ئاڵۆز بێت و دووچاری ڕاڕایی بێ، ئەم ڕاستییەی بۆ ئاشکرابکات و پێی بێژێت ئایا لە ئاکامدا خاسکرداران و ڕاستگۆیان، بەسەر خراپەکاران و درۆزنان سەردەکەون یا نە.

هەرچەندە خۆی دەزانێت کە ویست و خواستی ئاهورامەزدا ئەوەیە کە لە ئاکامدا، ڕاستی و دروستی سەرکەوتووبێت، بەڵام پێویستی سەرشانی هەموانە کە دژی ئەهریمەن، ململانی بکەین ڕێگە خۆش بکەین بۆ سەرکەوتنی خاسکرداران بەسەر خراپەکاراندا.

هیوای گەیشتنە ڕۆژێکی درەخشان، وا لە مرۆڤ دەکا هەوڵ و کۆشش بدا بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا.

بەندی ٣:

((ئەو ئامۆژگارییانەی کە مەزدا ئاهورای ئافەریدەی خاسییەکان،
بە هۆی ڕاستییەوە (ئاشا)
فێری خەڵکی دانا دەکات،
خاسترین ئامۆژگارین
بە هۆی ئەم ئامۆژگارییانەوەیە کە،
دانا و پیاوچاکان و مامۆستایانی عیرفانی

بە بیری پاك و هۆشەوە،

دڵ بەتۆ دەبەستن و دەبنە پەیڕەوت.))

زەردەشت، زۆر بە ئاشکرا لەم بەندەدا کە پەیوەندی بە بەندی پێشووەوە هەیە دەبێژێ: خاسترین ئامۆژگارییەکانی ئاهورامەزدا کە پڕە لە حیکمەت و فەلسەفەو عیرفان، دەبی بە دانا و ڕۆشەنبیر و مرۆی پاك و دروست بدرێت بۆئەوەی ئەو ئامۆژگاری و زانیاریانە لە ڕێی ڕاست و دروستدا و بۆ خزمەتکردنی خەڵك بەکاربێنن، چونکە ئەگەر ئەم زانیاریانە بکەوێتە دەست مرۆی نایاب و بیر خراپ، لەوانەیە بۆ لەناو بردنی خەڵك و کۆمەڵ بەکاری بێنن.

هەروەها دەبێژێ، هەموو ڕۆشنبیران و پاکان و مامۆستایانی فەلسەفەو عیرفان، ئاگاداری ئەم جۆرە ئامۆژگارییانەن. لێرەدا دەتوانین بێژین کە سروودەکانی گاتەکان پڕ لە حیکمەت و عیرفانن و هەر وشەو ڕستەیەکی ئەوەندە پڕ مانا و پوختەن، کە هەر کەسێك ناتوانێت لێی تێبگات.

ئەوەی لێرەدا سەرنجڕادەکێشی، ئەوەیە کە دەفەرموێت، دەبی مرۆی دانا و بیر خاس، ئەم ئامۆژگارییانە فێرین و نابێ ئەوانەی کە دانان، بەڵام باش بیرناکەنەوە. ئەم ئامۆژگارییانە فێرین، چونکە بۆ سوودی تایبەتی خۆیان و دژ بە کۆمەڵگا بەکاری دێنن.

لە کۆتایی ئەم بەندەدا دەبێژێ، هەر کەس تەنیا بە هۆی بیری خاس و هۆشەوە دەتوانێت خۆی بە پەیڕەو و موریدی بارەگای ئاهورامەزدا بزانێت.

لێرەدا دەبینین کە دووبارە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە تەنیا هۆش و ئەندێشە بۆ گەیشتنە لای ئاهورامەزدا بەس نییە، بەڵکو (ئەندێشەی خاس) و دڵی پاك لەتەك هۆشدا دەتوانن مرۆڤ بەرەو ڕێگەی ڕاست ببات.

ئەوەی لەم بەندەدا دەستگیرمان دەبێ، ئەوەیە کە، هەرکەس دەتوانێت بە هۆی پەروەردەکردنی ئەندێشەی خاس و هۆش و دڵپاکی و ویژدانی پاك یاخود بێژین خۆناسین،نزیك بێتەوە لە بارەگای ئاهورامەزدای دانا و ژیر.

بەندی ٤:

((ئەی مەزدا،

کەسێك کە ئەندێشەی خاس یا خراپ بێت،

ویژدان و گوفتارو کرداریشی، هەروا دەبێت،

ئەو ڕێگەیەی کە ئەندێشە، بە ئازادی هەڵیدەبژێرێت

باوەڕ و ویستی ئەو کەسە پەیڕەوی لێدەکات،
و لە ئاکامدا، هۆشی تۆیە کە
چارەنووسیان دیاریدەکا و لە یەکدیان جیادەکاتەوە.))

لێرەدا دەبێژێ: ئەندێشەی مرۆڤ ئەگەر خاس یا خراپ بێت، گوفتار و کردار و وێژدان و ویستی ئەو کەسەش بەرەو خاسی یا خراپی دەڕوات. بێگومان چارەنووس و ئاکامی ئەم جۆرە کەسانە ئاشکرا و ڕوونە. چونکە چاکە و خراپە دوو شتی جیاواز و دژ بە یەکدین.

کەوایە بنچینە و پایەی هەر کارێك لەسەر بناغەی ئەندێشە دامەزراوە. ئەگەر ئەندێشە پاك و خاس بێت، بێگومان ئاکامێکی فرەخاسی دەبێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەندێشە بەد و خراپ بێت، ئاکامێکی زۆر خراپ چاوەڕێی دەکات.

ئەم ئاکام و چارەنووسە، بە هۆی هۆشی تەواو سەنگی ئاهورامەزدا دیاری دەکرێت.

بەندی ٥:

((هیوادارین، شالیارانی خاس،
بە کرداری خاس و زانست و پاکییەوە،
فەرمانڕەوای ئێمە بن،
نە شالیارانی ستەمکارو بەد ئەندێشە.
پاك و تەمیزی بۆ خەڵك،
هەر لەسەردەمی لەدایکبوونەوە، خاسترین خەڵاتی ئاهوراییە.
بۆ ئاوەدانی جیهان دەبی تێبکۆشین،
دەبی بە ڕاستی و دروستی، خەڵك پەروەردە بکەین،
و بەرەو ڕووناکی ببەین.))

زەردەشت، داوا لە ئاهورامەزدا دەکات کە، ستەمکاران و خراپەکاران نەتوانن بەسەر خاسان و پیاوچاکان سەرکەون، هەمیشە سەرکەوتن بۆ مرۆ و شالیارانی خاسکردار بێت، بە تایبەتی شالیاران دەبی بە هۆی هۆش و ئەندێشەی خاسەوە کاربکەن و کرداریان خاس بێت لە تەك خەڵکیدا. زەردەشت دەبێژێ یەکێ لە خاسترین خەڵاتەکانی ئاهورایی بۆ هەموو کەسێك هەر لە کاتی لەدایکبوونییەوە، بریتییە لە پاکی، چونکە گەر هەموان پاك و تەمیزی ڕەچاوبکەین، هەرگیز گرفتاری نەخۆشی و دەرد و ڕەنج نابین. بێگومان، مەبەست لە پاك و تەمیزی لە ئایینی زەردەشتیدا تەنیا پاکێتی لەش و

جلوبەرگ نییە، بەڵکو پێویستە، ئاو، خاك، هـەوا و ئـاگریش پـیس نـەکرێن و بـە پـاکی ڕابگیرێـن، چونکە فرە لە نەخۆشییەکان بە هۆی پیسکردنی ئاووهەواوە دووچارمان دەبن. کەوایە پێویستە هەر لە سەردەمی منداڵییەوە، خەڵك فێری پاك و تـەمیزی بـبن بۆئـەوەی گـەورەبوون بتـوانن پـەیڕەوی لـەم بنەمایە بکەن.

لە کۆتایی ئەم بەندەشدا، دیسانەوە زەردەشت بـە ئاشـکرا ئامۆژگـاری خـەڵك دەکـات کـە، بـۆ پێشخستنی کۆمەڵ و ئاوەدانی جیهان، کاربکەن و تێبکۆشن و تەمەڵی و تەوەزەلی بخەنە لاوە.

هەروەها، ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە زەردەشت تەنیا باسی ئاوەدانی مادی نـەکردووە، بـەڵکو دەفەرموێت، مرۆڤ لە تەك ئاوەدانی و پێشخستنی کۆمەڵ لە ڕووی مادیەوە، دەبی لە بواری ڕاستەوە، دیاردەکانی مەعنەویش پەروەردە بکەن و بەرەو ڕووناکی ڕاستەقینە، هەنگاو هەڵبێنن.

بەندی ٦:

((بە ڕاستی ئارمەئیتی (زەوی)

پشتو پەنایەکی خاسە بۆمان.

ئارمەئیتی (زەوی)،

دوو خەڵات، توانایی ڕۆحی و خۆ ڕاگرتنمان پێدەبەخشێت.

و مەزدا ئاهورا،

لە سەرەتای بووندا و لە ژێر سایەی ڕاستیدا،

گژوگیا و ڕووەکی لەسەر زەوی ڕواندووە.))

لەم بەندەدا، بایەخێکی زۆری بە ئارمەئیتی داوە، ئارمەئیتی دیاردەی خۆشەویستی و بـاوەڕ بـە ئافەریدگارە و لە پاشاندا کراوە بە چاودێری زەوی. دەبێژێ: باوەڕ بە ئافەریدگار و خۆشەویستی خـەڵك یا بە واتایەکی دیکە، بەهرە بردن لە نیشانەو ڕووناکی ئارمـەئیتی، لـە کـاتی تەنگانـەو گرفتاریـدا، خاسترین پشتو پەناو ئاسوودەترین پەناگایە بۆ پەنا بردن بۆی.

بەڵگە نەویستە، کە باوەڕو پەنا بردنە بەر ئافەریدگار ، هێز و توانای ڕوحی و جەسـتەیی بـە مـرۆ دەدات، توانایی خۆڕاگرتن بەرامبەر بە هەموو دژوارییەکانی ژیان، پتر دەکات.

لە کۆتاییدا دەربارەی باسی ڕۆڵی ئارمەئیتی لە بواری مادیـدا دەکـات و دەبێـژێ، لەبـەر ئـەوەی (ئارمەئیتی)، ئەم ئەمشاسپەندە پاکە چاودێری زەوی دەکات، هەر لـە سـەرەتای دروسـتبوونی زەوی،

ئافەریدەگاری دانا و ژیر توانایی ڕواندنی هەمەجۆرە ڕووەکێکی وەك دارو درەخت و گژوگیای داوە بە زەوی بۆئەوەی خۆراکی پێویست بۆ خەڵك دابین بکات و سوودی لێوەربگرن.

ئەوەی شایانی باسە لەم دوا دێڕەدا، ئەوەیە کە دەبێژێ ئەم کارە بە گوێرەی حیکمەتێکی ئاهورایی واتە بە گوێرەی یاسای ڕاستی (ئاشا) ئەنجام دراوە و دەدرێت.

کەواتە، دەتوانین بێژین، بە گوێرەی یاسای نەگۆڕی سروشت واتە یاسای ڕاستی (ئاشا)،مرۆڤ سوودی مادی لە زەوی وەردەگرێت بۆ بەرهەم هێنانی هەمەجۆرە ئازووقەیەکی پێویست بۆ ژیانی، لە کاتی سەخڵەتی و تەنگانەدا، بە هۆی باوەڕ بە ئافەریدگار ، واتە لە ڕووی مەعنەوییەوە، سوود لە دیاردەی ئارمەئیتی وەردەگرێت و پەنای بۆ دەبات.

لەبەر ئەوە دەتوانین بێژین، ئارمەئیتی لە ڕوی مادی و مەعنەوییەوە خاسترین و ئاسوودەترین پەنایەکە بۆ مرۆڤ.

بەندی ٧:

((ئەی ئەو کەسانەی کە.

ئەویندارى بیری خاسن،

خۆتان لە ڕق و کینە دووربخەنەوە،

و بەرامبەر ستەم خۆتان ڕابگرن.

بۆ پەرە سەندن و بڵاوکردنەوەی ڕاستی،

دڵ بە بیری خاس و خۆشەویستی ببەستن و

لە تەك پیاوچاکان، هاوکاری بکەن،

تا ریگەی گەیشتنە بارەگای ئاهورامەزدا بدۆزنەوە.))

لەم بەندەدا، زەردەشت ڕوودەکاتە ئەو کەسانەی کە خاوەنی بیری خاسن و ئامۆژگارییان دەکات کە هەرگیز ڕێگە نەدەن ڕق و کینە و تووڕەیی بەسەریاندا زاڵ بێت.

ئاشکرایە کە ڕق و کینە و تووڕەیی، یەکی لە هەرە گەورەترین مەترسییەکانە کە دووچاری مرۆڤ دەبن. ئەگەر ئەم دیاردانە بەسەرماندا زاڵ بن، هەموو گێتی دەشێوێنن و لە ناوی دەبەن، لەبەر ئەمە پێویستە لەسەر هەموان کە کۆنترۆڵی هەستی خۆمان بکەین تا دووچاری ئەم دیاردانە نەبین.

هەروەها دەفەرموێت: بەرامبەر جەورو ستەم و تووڕەیی و دڵڕەقی نەفامان و بەدکرداران، هەروەك کێوێکی سەخت خۆمان ڕابگرین، بە هیچ جۆرێك بیر لەوە نەکەینەوە کە ئێمەش وەك ئەوان ڕەفتار

بکەین. بەواتەیەکی دیکە، دەبی خۆمان بەهێز و پڕ چەکی مەعنەوی بکەین و کۆنترۆڵی ئەندێشەی خۆمان بکەین بۆئەوەی هەرگیز بیر لە ڕق و کینە و تووڕەیی نەکەینەوە.

هەروەها زەردەشت دەفەرموی، دڵ بە بیری خاس و دلۆڤانی و خۆشەویستی یەکتر ببەستن، هەرگیز بیر لە ئازاردان و دڵشکاندنی خەڵکی نەکەنەوە.

بە پێچەوانەوە هەوڵ بدەین دڵی خۆمان پاك و بێگەرد بکەینەوە وهەموو خەڵکمان خۆش بوێت و بیر لە بەکارهێنانی هێز و چەك نەکەینەوە ،

لێرەدا، دووبارە زەردەشت ئامۆژگاریمان دەکات و دەبێژێ،

مرۆی پاك و ڕاستکردار ئەو کەسەیە پەیوەندییەکی نەپچڕاو لەتەك ڕاستی و دروستیدا دەبەستی و بۆ پەرە سەندن و بڵاوکردنەوەی ڕاستی و دروستی و تەکوزی تێدەکۆشی.

جوامێران و خاسان هەمیشە لایەنگری کاری خاسن و خەڵکی بەرەو ڕاستی و دروستی و پاکی ڕێنمایی دەکەن بۆئەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو ئاوەدانی و پێشکەوتن و ئازادی و ئاسایش بەرەو پێش ببەن و لە ئاکامدا بەهرە لە بەختەوەری و ڕزگاری ببەن.

لە کۆتاییدا دەفەرموێت، هەوادارانی ڕاستی و دروستی و پاکی لە ئاکامدا دەگەنە بارەگای ئاهورامەزدا، واتە ویژدانی ئاسوودە و بە هەشتی بەرینیان پێدەبەخشرێت.

بەندی ٨:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

هیوا و ئارەزووم بەهرە بردن لە هێزی مەعنەوی (وەخشتەرا) تۆیە،

بەڵام،

ئارەزووی بەخشینی خەڵات و پاداشتی تۆ، بۆ من و هاوڕێیانم، زێترە.

چەندە ئاواتە خوازم،

کە لە ڕێی ڕاستی خۆتەوە،

خۆت بۆ پەیڕەوەکانت ئاشکرابکەیت،

تا بە بیری خاسەوە،

تێبکۆشن بۆ پێشخستنی کارەکانیان.))

لەم بەندەدا، زەردەشت دەبێژێ، کە هیوا و ئارەزووی هەمو کەسێك ئەوەیە کە بەهرە لە هێزی مەعنەوی (وەخشتەرا) وەربگرێت بۆئەوەی بتوانێت بە خۆشی و بەختەوەری بژی. لێرەدا مەبەست لە (وەخشتەرا) هێز و توانای سەرکەوتن بەسەر ویست و ئارەزووە دەروونییەکانی خۆمانە،

هەر کاتێك کەسێك بتوانێت بەسەر ویست و ئارەزووە دەروونییەکانی خۆی زاڵ بێت، بێگومان لە ژیانیدا بەختەوەر و سەرکەوتوودەبێت، چونکە گیرۆدەی چاوچنۆکی نابێت.

ئەوسا ئەو جۆرە کەسانە دەتوانن پتر هێز و توانای خۆیان بەکار بێنن بۆ خزمەتکردنی خەڵك و تێبکۆشن بۆ پێشخستنی کۆمەڵ و خەڵك بەرەو پوختەیی ڕێنمایی بکەن.

هەروەها لێرەدا، باسی یەکێ لە ئارەزووەکانی خۆی دەکات، کە بریتییە لە بەهرە وەرگرتنی خۆی و هاوڕێکانی لە خەڵات و بەخشیشەکانی ئاهورامەزدا، کە بریتییە لە تەندروستی و تەمەن درێژی بە بیری خاس و دڵێکی پاك و ویژدانێکی بێدار و هێز و توانا بۆ خزمەتکردنی خەڵك.

بەندی ٩:

((ئەی مەزدا،
چلۆن بزانم کە
تۆ لەسەر بنچینەی ڕاستیدا،
بەسەر هەموان و ئەوانەش کە دیانەوێ ئازارم پێبگەیەنن،
فەرمانڕەوایی دەکەیت ؟
چلۆنایەتی و شێوەی بیرکردنەوەی خاسیشم،
بە دروستی پیشان بدە.
چۆنێتی بەهرە وەرگرتن لە خەڵاتی خۆتم پێشان بدە،
چونکە سوشیانت و پەیامبەر دەبی
لە پاداشتی کارەکانیان، ئاگاداربن.))

لەم بەندەدا، وادەردەکەوێت کە زەردەشت دووچاری دوودڵی بووە لە هێز و توانای ئاهورامەزدا، وادیارە کە دوژمنایەتی نەیاران و ئازار و ئەشکەنجە ی درۆزنان، خەریکە وەری زەردەشت نزم دەکەنەوە.

بۆیەکا دەفەرموێت: ئەگەر تۆ ئەی مەزدا، شالیاری و فەرمانڕەوایی بەسەر هەموانـدا دەکـەیت ئاگاداریت لە نیەتی خراپەکاران و ئەوانەی دەیانەوێت ئازارم پێبگەیـەنن، کەوایـە، ئاگـادارم بکـە لـە نیەت و بڕیارەکانیان.

هـەروەها، زەردەشـت دەیـەوێت ئاگـادار بێـت لـە شـێوە و چـلۆنایەتی بیرکردنـەوەی خـاس و خۆشەویستی کە لە دیاردە تایبەتییەکانی (وەهومن)ە، بۆئەوەی بە هۆی بەهرە وەرگرتن لەم دیاردانـە، لە خەڵاتی ئاهورامەزدا، ئومێدەواربێت. لە کۆتاییدا، باسی ئەوە دەکات کە سوشیانتەکان، واتـە ئـەو کەسانەی لەخۆبردوون و هەموو هێز و توانا و بیری خۆیان بـۆ خزمـەتکردنی خـەڵك تـەرخانکردووە و دەیکەن، بۆئەوەی ڕزگاریان بکەن لە ستەم و جەورو جەفای درۆزنان و بەد کـاران و لـە هـەموو جـۆرە نەزانین و بێدادی (زەردەشت خۆی یەکێکە لەو سوشیانتانە).، دەبی ئاگادار بن لەو پاداشـتەی کـە بـە خەڵات پێیان دەگات.

بەندی ١٠:

((ئەی مەزدا،

کەی خەڵك لە ئایینی تۆ دەگەن و پەرەی پێدەسێنن؟

کەی ئەم ژاراوە شێتکەرە لەنێودەچێت ؟

ئەو شتەی (کەرپەن)، تاوانبارەکان،

خەڵکی پی فریودەدەن.

و شالیارە ستەمکارە بیر خراپەکان،

بە هۆی ئەوەوە، فەرمانڕەوایی دەکەن.))

پێش ئەوەی مانـای ئـەم بەنـدە لێکبدەینـەوە، پێویسـتە ئـەوە ڕوونبکەینـەوە کـە، توێـژەران و ئاڤێستاناسانێك وەك (بارتلومە، گلدنر، مولتن، دگتر تـاراپورالا، پـورداودو ...)، بـە شـێوەی جـۆراو جۆر، ئەم بەندەیان لێکداوەتەوە. بڕێکیان وشەی (ژاراوە شێتکەرە) یان بـە گیـای (هـوم) دانـاوە، کـە ئاوەکەی سەر خۆشکەرەوەیە، هەندێکی دیکەیان لەو باوەڕەدان کە زەردەشت هەرگیز باسی ئـەم جـۆرە شـتانەی نـەکردووە و ئامۆژگاریـیـەکانی زێـتر دەربـارەی مەعنـەویات و ئاکـارە، ئـەو ژاراوە

شێتکەرەوەیەیان بە چاوچنۆکی و درۆ، داناوە. چونکە ئەم دوو دیاردەیە ڕەخنە بکەنە هەر شوێنێك ، مرۆڤ دووچاری بەدبەختی و خراپە و کۆمەڵگا گیرۆدەی دواکەوتن دەکەن.

لەم بەندەدا، زەردەشت چاوەڕێی ئەوە دەکا کەسوشیانتەکان ومرۆ خاسەکان بێنە مەیدان و یارمەتی خەڵك بدەن و تێبکۆشن بۆ بڵاوکردنەوە و پەرەسەندنی ئایینی ئاهورایی، واتە، پاکی و ڕاستی و دروستی و یەکتاپەرستی و فیدا کاری و خۆشەویستی و....و خەڵکی لە فریو و خراپە ڕزگاربکەن.

لە کۆتاییدا، دەبێژێ کە (کەرپەن) و شالیارە درۆزن و ستەمکارەکان، بە هۆی (هوم)، کە ئاوەکەی سەرخۆشکەرەوەیە یاخود بە گوێرەی لێکدانەوەی بڕێك لە زانایان، چاوچنۆکی (تەماح) و درۆ، خەڵکیان فریوداوە و گومڕایان کردون و سواری سەریان بوون

بەندی ١١:

((ئەی مەزدا،

کەی ڕاستی (ئاشا) و پاکی (وەخشتەرا)لە تەك خۆشەویستی و باوەڕ بە ئافەریدگار

و وڵاتی پڕلە کێڵگەو سەوزەڵانی بەرین،

خانوو بەرەی خاس و ئاوەدان،

دێتەئارا؟

چ کەسانێك،

ئێمە لە درۆزنان و خراپەکارانی دڵڕەش

ئاسوودە دەکەن؟

و چ کەسانێك،

لە زانست و بیری خاس

بەهرە وەردەگرن؟))

زەردەشت، ئاواتە خوازە لە ئاهورامەزدا کە هەموو خەڵك ڕووبکەنە ڕاستی و پاکی و خۆشەویستی و باوەڕکردن بە ئافەریدگاری تاك و تەنیا، بەسەر هەوا و هەوەسی دەروونی خۆیاندا زاڵبن، تا بتوانن ژیانێکی پڕ لە خۆشی و کۆمەڵگایەکی ئاوەدان پێکەوە نین.

زەردەشت، دووبارە پرسیارێك دەکاتەوە، کە لە (هات ٤٦ بەندی ٧)دا بە جۆرێکی دیکە، ئەم پرسیارەی کردبوو. لێرەدا دەفەرموێت:

کی وه یاخود چ شتێك دەتوانێت مرۆ له دەست درۆزن و خراپەکاران ڕزگاربکات، کـه لـه کۆتـایی ئەم بەندە به شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ، ئاماژە بۆ ئەوەکراوە که تەنیا لـه ڕێگـەی بـەهره وەرگـرتن لـه زانستی ڕاستەقینه و بیری خاسەوە، دەتوانرێت مرۆڤ ڕزگاربکات له خراپەی خراپەکاران.

بەندی ١٢:

((ئەی مەزدا،

سۆشیانتەکانی ولاتان،

کەسانێك دەبن که،

به هۆی پەیڕەوی له ئەندێشەی خاس،

ئەرك و پێویستی سەرشانیان ئەنجام دەدەن.

کرداریان لەسەر بنچینەی ڕاستی و ئامۆژگارییەکانی تۆیە،

و به دروستی، بۆ لەنێوبردنی ڕق و کینه،

دانراون.))

لەم بەندەدا، باسی سۆشیانتەکان یا ڕزگار خوازانی خەڵك دەکا و دەبێژێ، ئەمانه که سانێکن زانـا و دانا، هەموو ئەو ئەرکانەی سەرشانیان له ڕوانگەی هۆش و بیری خاس و دڵێکـی بێگـەردو پاکـەوە دەڕوانن و کاری پێدەکەن. هەروەها دەبێژێ که کارو کرداری ئەمانه، لەسەر چاوەی ڕاستی و دروسـتی و پاکییـەوە هەڵـدەقوڵێت و هـەموو هەڵسـو کـەوتیان لـه تـەك ئامۆژگارییـەکانی ئاهورامـەزدادا هاوجووتە.

یەکی لەتایبەتکارییەکانی ئەمانه ئەوەیە که، هەوڵدەدەن لەنێو خەڵکدا،خۆشەویستی و ئاشـتی و ئاسایش دابـین بکـەن، ڕق و کینـه و دوژمنایـەتی بنـبڕ بکـەن. ئەمانـه مـژدە هێنـەری ئاشـتی و خۆشەویستی و ئازادی و شادی و برایەتین بۆ خەڵك.

سروودی چواردەم
یەسنا ـــ هات ٤٩
بەندی ١:

((ئەی مەزدا،
لەمێژە کە (بەندوە)(٣٧)،
لە کرداری نا دروستی خۆی، شادمانە،
ململانێم لە تەکا دەکات.
ئەی بەخشەندەی میهرەبان،
یاریدەم بدەو هێز و توانام پێ ببەخشە
تا بە ئەندێشەی پاك،
لە گومڕایی ڕزگاری بکەم.))

لەم بەندەدا، باسی یەکێکی دیکە لە نەیارانی زەردەشت دەکا بە ناوی(بەندوە)، کە لە خراپەکاریدا کەمتر لە (کەرپەن) و (کاوی)یەکان نەبووە.

زەردەشت سەرەتا نارەزایی خۆی دەردەبڕێت لە کار و کرداری بەندوە، کە خەریکی فیتنەیی و دووڕوویی و گومڕاکردنی خەڵك و فریودانیانە و بەم کارانەی زۆر خۆشحاڵ و شادمانە و هەست بە خۆشی دەکات.

زەردەشت، داوا لە ئاهورامەزدا دەکات، کە هێز و توانای پێ ببەخشێت تا بتوانێت ڕێگە لە خراپەکارییەکانی بگرێت، هەروەها بتوانێت بە هۆی بیری خاس و خۆشەویستییەوە بیخاتە سەر ڕێی ڕاست و دروست.

لێرەدا زێتر جەخت لەسەر ئەوە کراوە، کە زاڵبوون بەسەر نەیاراندا، تەنیا بە هۆی چەك و زۆرەملێ و ئامرازە مادییەکان نییە، بەڵکو بە هێز و توانای مەعنەوی و بە هۆی بیری خاس و قسەی نەرم و شیرین و ڕەفتاری گونجاو و دروست دەکری خەڵك ڕێنمایی بکرێ بۆ سەر ڕێبازی ڕاستەقینەی ژیان و دوورەپەرێز بوون لە خراپەکاری.

بەندی ٢:

((ئەی مەزدا،

ئەم (بەندوە) نیگەرانی کردووم،

چونکە(ئایینەکەی) بریتییە لە درۆ و فریو،

دوورکەوتن لە ڕاستی.

پابەندنەبوون بە پاکی

نێ باوەڕی بە ڕاوێژ و ئامۆژگاری و ئەندێشەی خاسە.))

لەم بەندەدا، زێتر باسی کەسایەتی (بەندوە) دەکات، کە کارو کرداری هەموی بریتییە لە درۆ و فریودانی خەڵك و گومڕاکردنیان، بۆیە زەردەشت نیگەرانە، مەترسی ئەوەی هەیە کە ئەم جۆرە کەسانە کۆمەڵگا ئاڵۆز بکەن و خەڵکی چەواشە بکەن و ڕێی ڕاستیان لی هەڵە بکەن.

هەروەها دەبێژێ کە (بەندوە) هەرگیز دڵ نابەستێ بە (سپەنتە ئارمەئیتی) کە دیاردەی باوەڕ بە ئافەریدگار و خۆشەویستییە، بۆ یەکجاریش بێت بیری لە ئافەریدەگار نەکردۆتەوە، بە خۆیدا نەهاتۆتەوە و بیری قووڵی نەکردووە تا بزانێت ڕاستی چییە و چۆن دەتوانی ببێتە مرۆیەکی بە کەڵك بۆ کۆمەڵگا. شایانی باسە کە دکتۆر تارا پور والا، لەو باوەڕەدایە کە وشەی (بەندوە)، ناوی کەسێکی تایبەت و دیاریکراو نییە، بەڵکو بریتییە لە مانایەکی گشتی و بۆ هەموو ئەو کەسانە بەکار دێت کە خراپەکار و گومڕان

بەندی ٣:

((ئەی مەزدا،

تۆ، بە دروستی ئەم باوەڕ و ئامۆژگارییەت

بۆ هەموان داناوە کە،

ڕاستی سوود بەخشە و درۆ زیانبارە.

لەبەر ئەمەیە کە،

ئەز، ئاواتەخوازی بیری خاسم،

خۆم و خەڵکیش لە نزیکبوونەوە لە درۆ و خراپە دووردەخەمەوە.))

پێشەکی زەردەشت دەفەرموێت، کە مەزدا بۆ هەموو خەڵکی جیهان بڕیاریداوە، ڕاستی سوود بەخشە و ڕاستگۆیان ڕزگاریان دەبێت، بەڵام درۆ زیان ئاوەڕەو درۆزنان جگە لە خراپە و مایەپووچی و ماڵ کاولی هیچی دیکەیان دەست ناکەوێت، پاشەڕۆژیشیان پڕ لە ڕەنج و ئەشکەنجەیە.

کەوایە، پێویستە لەسەر خەڵك هەمیشە دڵی خۆیان پاك و بێگەرد بکەن و تێبکۆشن خۆیان لەتەك بیری خاسدا ئاشنا بکەن، دوورەو پەرێز بن لە درۆ و بیری خراپ و فریودانی یەکتر.

بە واتایەکی دیکە لە درۆزنان دووربکەونەوە، چونکە نزیکبوونەوە و دانیشتن لە تەکیاندا، جگە لە زیان هیچی دیکەمان دەست ناکەوێت. ئامۆژگاری زەردەشت ئەوەیە کە هەموو خەڵك خاس بیربکەنەوە و هەرگیز بیر لە درۆ نەکەنەوە و هەموو پەیوەندییەکی خۆیان لە تەك درۆزناندا بپچڕێنن و هاموشۆیان نەکەن.

بەندی ٤:

((ئەو کەسانەی کە
بە بیری خراپ و زمانیان،
ڕق و کینە و رژدو چاو چنۆکی پتر دەکەن،
و ڕێگە لەو کەسانە دەگرن کە
کار دەکەن و خەریکی ئاوەدانین،
بە هۆی کردەوە خراپەکانیان
بیر لە کاری خاس ناکەنەوە.
ئەوانە، کافرو خراپەکارانێکن کە،
هەناو و دەروون و ویژدانی خەڵك بەرەو درۆ و گومڕایی ڕادەپێچن.))

لە بەندی پێشوودا گوتمان کە زەردەشت ئامۆژگاریمان دەکا کە هەموو پەیوەندییەکمان لەتەك درۆزناندا بپچڕێنن و لێیان دووربکەوینەوە.

لەم بەندەدا، هۆی ئەو ئامۆژگارییەمان بۆ ڕوونەدەکاتەوە و دەبێژێ: بیر خراپان و زمان لووسەکان، بە تەوس و توانجەوە خەریکی ئازار گەیاندنن بەو کەسانەی کار دەکەن و ڕێگەی ڕاستیان هەڵبژاردووە هەستی چاوچنۆکی و رژد و ڕق و قینەیان دەبزوێنن و ڕێگە لە کارکردنیان دەگرن. هەروەها دەبێژێ

ئەم جۆرە کەسانە بە هیچ جۆرێك بیر لەوە ناکەنەوەکە کاری خاس ئەنجام بـدەن، بـە شـێوەیەکی وەهـا خۆیان گیرۆدەی خراپەکاری کردووە و پابەندی درۆ بـوون، کـە ویـژدانی خۆیـان خنکانـدووە و هـەموو کارێکی خراپ و مەترسییەکیان لێدەوەشێتەوە. کاری ئەم خراپەکارانـە، دوژمنایـەتی و ڕق و کینـە و درۆزنی لە ناو خەڵکدا بڵاودەکاتەوە. کە لە پاشاندا، پاشە گەردانی و ڕووڕەشی و بەدبەختی دەهێنێت.

بەندی ٥:

((ئەی مەزدا،

بەڵام کەسێك کە

بە دڵ و بەگیان، ویژدانی خۆی

لەتەك بیری خاسدا پەیوەند بدات،

لە ڕێی پاکی و ڕاستی و داناییدا هەنگاو هەڵبێنێت،

لە ئاکامدا،

جێگەی لەسەر زەمینی نەمراندا (بەهەشت) دەبێت.))

زەردەشت لەم بەندەدا دەفەرموێت: هەر کەسێك بە ویستی خۆی و بە دڵ و بـەگیان، هـەوڵ بـدات ویژدانی خۆی لە تەك بیری خاسدا پەیوەند بدات، واتە هاو ئاهەنگی بکات و هاواری دەروونی خـۆی و ئەندێشە پاکی پێکەوە هاوجووت بن و یەك ڕێباز بگرنە بەر، بێگومان ئەو جـۆرە کەسـانە بـەهرە لـە دیاردەی (ئارمەئیتی)، کە بریتییە لە خۆشەویستی و باوەڕ بە ئافەریدگار ، وەردەگرن. ئەوسا هـەموو کارو کردەوەیان بە هۆی بیری خاسەوە و لە ڕێگـەی ڕاسـتی و دروسـتی و پاکییـەوە ئـەنجام دەبێـت، لەبەرئەوەی دیاردەکانی ڕووناکی ئاهورایی لەو کەسەدا کۆدەبێتەوە، یانی گوێڕایەڵی بانگەوازی ویـژدان دەبێ و بە بیرێکی پاك و ویژدانێکی بێدار و ڕۆشەنەوە دەربارەی ژیان دەکۆڵێتـەوە و بیردەکاتـەوە، بـۆ وەدیهێنان و گەیشتنە ئامانجەکانی بە هیچ جۆرێك درێغی لە فیداکاری و خۆبـەختکردن ناکـات، ئـەو جۆرە کەسە بەهرە لە خەڵاتی باوەڕ و خۆشەویستی وەردەگرێـت و لـە ئاکامـدا جێگـەی بـە هەشـتی بەرین دەبێت.

بەندی ٦:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

ئەی ڕاستی (ئاشا)،

لە بیر و هۆش و حیکمەتی خۆت

ئاگادار بکەم،

تا حەقیقەتم بۆ ئاشکرابێت

بە خەڵکی ڕابگەیەنم.))

لەم بەندەدا، ئارەزووی زەردەشت ئەوەیە کە بە هۆی ڕاستی (ئاشا) و پاکییەوە، شارەزای بیر و هۆش و حیکمەتی ئافەریدەگار بێت و بتوانێت حەقیقەت لە مەجاز، ڕاستی لە ناڕاست، جیابکاتەوە بۆئەوەی بتوانێت ئایینی یەزدانی کە لەسەرچاوەی دەروونییەوە هەڵقولاوە، بۆ هەموو خەڵك ئاشکرابکات، ڕێنماییان بکات.

بەندی ٧:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

با خەڵك،

بە بیرێکی خاسەوە و لەڕووی ڕاستییەوە،

گوێڕایەڵی پەیامەکەم بن.

ئەتۆش شاهێد بە کە

لە یار و کەسوکارەکانم،

کامیان بە گوێرەی ئەم ئایینە، دەژین،

بۆئەوەی بۆ هاوکارەکانم

ببنە ڕێنمایەکی خاس))

پاش ئەوەی لەبەندی پێشوودا، زەردەشت فەرموی کە ئایینێك بۆ خەڵك ئاشکرادەکات کە لەلایەن یەزدانەوە پێی ئیلهام کراوە، لەم بەندەدا، ئارەزووی زەردەشت ئەوەیە کە خەڵك بەچاوێکی کراوەو بیرێکی خاس و دڵێکی ڕۆشەن گوێ بۆ گفتەکانی ڕابگرن، ئامۆژگارییەکانی بەکاربێن.

لەپاشان دەبێژێ، ئـەی ئافەریـدگاری میهرەبـان، ئـەتۆش شـاهید و گەواهبـە جگـە لەپـەیام و ئامۆژگارییە پیرۆزەکانی تۆ و ئەوەی پێم ئیلهام دەبێت، هیچی دیکە بە خەڵك نابێژم.

لێرەدا، دووبارە زەردەشت باسی یار و کەسـوکار و هاوکارەکـانی دەکـات و دەیـەوێت کـە یـار و کەسـوکارەکانی (خۆمانییـەکان) ببنـە پێشـەنگی کـاروانی راسـتی و دروسـتی بـۆ هاوکارەکـانی و نموونەیەك بن لەدیاردەی ئاکاری خاس بۆ هەموان.

بەندی ٨:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
لێت دەخوازم کە،
پوختەیی و شادمانیۆ رێگەی راستی،
بە (فەرشوشتەر) ببەخشیت.
هەر ئەم پاداشتەش،
بە هۆی شالیاری و توانایی خۆتەوە (وەخشتەرا) بە یارەکانی دیکەم ببەخشیت،
با، ئێمە بۆ هەمیشە،
خزمەتگوزاری خەڵك و ئەڤیندارى تۆبین))

لەم بەندەدا، زەردەشت ئارەزووی ئەوەیە کە ئاهورامەزدا، دۆست و پەیڕەوەکانی بەتایبەتی دۆسـتی بەئەمەکی واتە (فەرشوشتەر)، خەڵات بکات بەوەی کە بەهرە لەبەخشیشـی راستی(ئاشـا) وەربگـرن، یانی، ژیانێکی بێگەردو پڕ لەپاکی و راستییان پێ ببەخشێت.

هەروەها داوا لە ئاهورامەزدا دەکات، کە بـە هـۆی (وەخشـتەرا)وە هێـز و توانـای ئـەوەیان پـێ ببەخشێت هەمیشە بتوانن خزمەتی خەڵك بکەن و لەم رێگەیەوە ببنە ئەویندارى ئـاهورا. بێگومـان، هەر کەسێك بتوانێت بەسەر ویست و ئارەزووە نابەجێکانی دەروونی خۆیـدا زاڵبێـت، هـەموو توانـای خۆی بۆ خزمەتکردنی خەڵك بەکاربێنێت، هەموو هەست و بـیری لای ئافەریـدگار دەبێـت و هـەرگیز لەئەندێشەی دەرناچێت و دەبێـتە خاسترین دۆستی ئافەریدگار.

بەندی ٩:

((ئەی (جاماسب)ی دانا،

با،

ڕابەرێك كە بۆ رزگاری خەڵك،

خولقێنراوە،

گوێ بۆ ئەم ئامۆژگارییە شل بكات،

كە، راستگۆ

هەرگیز بیر لە نزیكبوونەوە لە درۆزن ناكات،

ئەو كەسانەی كە ویژدانی پاك و رۆشەنیان هەیە،

خاسترین پاداشتیان پێ دەدرێت،

لەئاكامدا راستی دەكەنە پیشەیان.))

لەم بەندەدا، زەردەشت ئامۆژگاری خزمەتگوزان و رابەران دەكات و داوایان لێدەكات كە گوێ بۆ ئامۆژگارییەكانی شل بكەن و رەفتاری پێ بكەن، بۆئەوەی بتوانن خەڵك لەو تەنگوچەڵەمانەی ژیان رزگاربكەن. ئەو ئامۆژگارییە بریتییە لەوەی كە پێویستە هەموو كەسێك هەمیشە راستی و راستگۆیی بكەنە دروشمی ژیانی خۆیان و لەدرۆ و درۆكردن دوورەو پەرێزین.

راستگۆ، هەرگیز بیر لەوە نەكاتەوە كە لەتەك درۆزناندا نزیك بێتەوە و لێیان دووركەویتەوە.

لەم بەندەدا، یەكێ لەخاسترین وانەكانی ئاكاری و ئامۆژگارییەكانی زەردەشتمان پێشان دەدات، كە ڕوی دەمی لە(جاماسب)ی حەكیم دەكات (یەكێ لە زانا و داناكانی بارەگای گوشتاسب بووە و زاوای خودی زەردەشتیش بووە)، پاش ئەوەی ستایشتی راستی دەكا و دژی درۆ دەئاخافێ، دەبێژێ، كەسێك كە باوەڕی بە ئافەریدگارە و راستی و پاكی پیشەیەتی، لەئاكامدا خاسترین پاداشتی پێدەدرێت كەئەویش بریتییە لەگەیشتنە كۆشك و سەرای ئاهورایی (بەهەشت).

بەندی ١٠:

((ئەی مەزدا،

ئەز، رۆح و ئەندێشەی خاسی ڕاستگۆیان،

لەبارەگای تۆ، بەتۆ دەسپێرم،

بۆئەوەی چاودێرییان لێبکەیت.
درود بۆ ئارمەئیتی،
کە دیاردەی پاکی و ویست و خواستی دڵە،
وستایشت دەکەم
چونکە شالیارێکی مەزن و نەمری.))

لەم بەندەی پێشوودا، زەردەشت خاسترین پاداشتی بۆ ئەو کەسانە دانا کە خاوەنی باوەڕن و گوێ بۆ بانگەوازی ویژدان ڕادەگرن و بە گوێرەی فەرمان و ئامۆژگارییەکانی ئاهورا ڕەفتار دەکەن و هەمیشە پاکن.

لەم بەندەشدا، دیسانەوە جەخت لەسەر هەمان گوفتاری پێشوو دەکا و دەبێژێ، ڕۆحی ڕاستگۆیان و بیرخاسان و دروستکرداران و هەروەها ئەوانەی بە دیاردەی(ئارمەئیتی) خۆیان ڕازاندۆتەوە، ویست و ئارەزووی دڵیان لەسەرچاوەی ئەم فریشتەیە، کە دیاردەی خۆشەویشتی و بێ ڕیاییە، هەڵدەقوڵێت، نزیك بە ئاهورامەزدا و لە بەهەشتی بەرین دەبەنەسەر، هەروەها دەبێژێ کە ڕۆحی ئەم جۆرە کەسانە بە ئاهورامەزدا دەسپێرم بۆئەوەی چاودێرییان لێبکات.

لە کۆتاییدا دەبێژێ، لەبەر ئەوەی ئاهورامەزدا شالیارێکی مەزن و نەمرەو فەرمانڕەوای هەردوو جیهانە، ستایشتی دەکات.

بەندی ١١:
((ڕۆح و ڕەوانی شالیارانی ستەمکار،
بەدکردار و بەدگوفتار و بیرخراپ و بێ ویژدان و درۆزنان،
لەروونا‌کییەوە بۆ تاریکی دەگەڕێتەوە.
بەڕاستی ئەمانە،
لەمۆڵگەی درۆدا دەمێننەوە.))

لەم بەندەدا، باسی ڕۆح و ڕەوانی شالیارانی ستەمکار و بەدکردار و گوفتار و بیری خراپ و بێ ویژدان (لێرەدا مەبەست لە بێ ویژدان ئەو کەسانەن، کە ویژدانی خۆیان خەفەکردووە و گوێیان بۆ

بانگەوازی راستەقینەی نەگرتووە)و درۆزنان دەکات. لەئاکامدا بە راشکاوی دەبێژێ کە سزای ئەمانە گەڕانەوە بۆ مۆڵگەی درۆیە کە بریتییە لەدۆزەخ یاخود ئەشکەنجەی ویژدان.

موید فیروز ئازەرگوشەسب دەبێژێ: (شێوەی گەرانەوە بۆ ئەم جیهانە پڕ لەفریو و ڕیایە یاخود بێژین بۆ ئەم دۆزەخە، تاریکبوونی ڕووناکی دەروونە کە لەحەق و راستی دووردەکەوێتەوە. ئەم تاریکبوونەی ویژدان و ڕۆح و ڕەوانە کاتێك دەبێ کە مرۆ گوێ بۆ بانگەوازی ویژدانی دەروونی نەگرێت و بە پێچەوانەی ئەو بانگەوازە ڕەفتاریکات، ئاوێنەی ساف و ڕۆشەنی دڵی بە ژەنگی رق و کینە و چاوچنۆکی و رژد و خۆپەرستی و خۆ بەزل زانین و.. داپۆشێت و ڕەشوتاری بکات، ئەوسا لەهیچ کارێکی نارەوا و خراپ درێغی ناکات و دەبێتە بیرخراپێکی لاسار، سزای تەنیا دۆزەخە و بەس، دۆزەخی ئەو کەسانەش، هەر ئەم جیهانی مادیەیە.)

هەروەك لەبەندی پێشوودا گوتمان، ڕۆح و ڕەوانی پیاوخاسان و پاکان لەپەنای ئاهورامەزدا و لەبەهەشتی بەرین جێگیر دەبێ یاخود بێژین دەگەڕێتەوە بۆ جێگەی ئەسڵی خۆی، بەڵام ڕۆح و ڕەوانی خراپەکاران دەگەڕێتەوە بۆ دۆزەخ یا مولگەی درۆ و خراپە کە هەمان جیهانی خاکی و مادییە، ئەم ڕۆحە لەسەر زەوی دەمێنێتەوە تا بە تەواوەتی پاك دەبێ و قۆناغەکانی پوختەبی دەپێوێ و لە هەموو خراپی و گوناحەکان پاکدەبێتەوە و شیاوی ئەوە دەبێ، کە بگەڕێتەوە بۆ شوێنی ئەسڵی خۆی.

بەندی ١٢:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
بە هۆی ڕاستی و ئەندێشەی خاس،
بەو کەسانەی کە ستایشتت دەکەن و
بە زەردەشت،
کە ستایشتگەری تۆیە، چ یارمەتییەکیان دەدەیت؟
ئەز، بە دروستی و بە هۆی سروودەکانمەوە
ستایشتت دەکەم،
وئەو شتەی کە لای تۆ خاسترینە، دەخوازم.)

لەم بەندەشدا، زەردەشت پرسیار لە ئاهورامەزدا دەکا و لەپاشاندا خۆی وەڵامدەداتەوە، دەپرسێت، ئایا چ جۆرە یارمەتییەك بەو کەسانە دەدەیت کە لەناخی دڵ و دەروونیانەوە و بەراستی و دروستی ستایشتت دەکەن و پەنات بۆ دەبەن؟ وە چۆن بەهرە لەخۆشەویستی و خەڵات و بەخشیشی تۆ دەبەن؟ هەروەها ئارەزووی ئەوەیە کە خودی خۆشی بەهرە لەو خەڵات و یارمەتییە ئاهوراییە وەربگرێت. لەپاشاندا، زەردەشت ئارەزوو دەکا کە بەهرە لەخاسترین خەڵاتەکانی ئاهورا بەریت و ستایشتی دەکا.

سروودی پانزەهەم

یەسنا ــ هات ٥٠

بەندی ١:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
لەکاتێکدا کە بە دڵ و بەگیان پەنات بۆ دەبەم،
جگە لە راستی (ئاشا) و ئەندێشەی خاسی تۆ (وەهومەن)،
کێ دەتوانێ یاریدەی رۆح و رەوانم بدات؟
وکێ،
پارێزگاری لەمن و یارانم
دەکات؟))

ئەم بەندە پەیوەندییەکی زۆری بەدوا بەندی هات ٤٩ هەیە، لەو بەندەدا باسی یاریدەدانی ئاهورامەزدا بە هۆی (ئاشا) و (وەهومەن) بۆ زەردەشت و هاوەڵکانی دەکا. لەم بەندەشدا، زەردەشت پرسیاری ئەوە دەکا کە، پاش مردن، کێ یاریدەی رۆح و رەوانی دەدا، هەروەها، لەکاتی سەغڵەتی و گیروگرفتا، چ شتێك دەتوانێ خۆی و هاوڕێکانی رزگاربکات.

پاشان، خۆی وەڵامدەداتەوە و دەبێژێ کە تەنیا ئەو دوو دیاردەیە، واتە، راستی(ئاشا) و بیری خاس(وەهومەن) دەتوانن مرۆڤ لە هەموو گیروگرفت و مەترسییەکانی ژیان رزگاربکەن و یارمەتی بدەن، بە مەرجێك کە بە نیەتێکی پاك و بە دڵ و بەگیان داوای یاریدەیان لێبکرێت.

هۆش لەتەك بیری پاك و راستی و دروستی پێکەوە دەتوانن مرۆڤ لەهەمو جۆرە مەترسییەکی ژیان رزگاربکەن، بیگەیەننە پلەی پوختەیی و پاکی.

ئەوەی لەم بەندەدا شایانی باسە ئەوەیە کە، رۆح و رەوانی مرۆڤ، پاش مردنی ئەو کەسە، نابێ چاوەڕێی تکاکار بکات بۆ رزگارکردنی، بەڵکو تەنیا خاسی و پاکی و دیاردەکانی دیکەی ئاهورمەزدا دەتوانن ئەو کەسە رزگاربکەن و ببنە پەنای.

بەندی ٢:

((ئەی مەزدا،
کەسێك کە هەمیشە تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە
چلۆن دەتوانێت بۆ ئەم جیهانەی کە (خۆشی)مان پێدەبەخشێت،
ئارەزووی ئاوەدانی بۆ بکات و خۆشی بوێت؟
پاکان و راستکردەوەکانی پەیڕەوی راستی (ئاشا)
لە شوێنێك کە پڕ لەروونا‌کی خۆرە،
جێگەی دانایانە، دەبەنەسەر.))

لەم بەندەدا، سەرەتا زەردەشت باسی ئەم جیهانە دەکا و زۆر گەشبینانە دەڕوانێتە ژیان و دەبێژێ، ئەم جیهانە شادی و خۆشیمان پێدەبەخشێت، دەبێ سوود لەو خەڵاتە ئاسمانییە وەربگرین، بە مەرجێك نەبێتە هۆی ئەوەی کە زیانی پێبگەیەنین.

بە پێچەوانەی ئەوانەی وا بیردەکەنەوە کە ئەم ژیانە مان لەسەر زەوی، ژیانێکی کورتەو نابێ فرە دڵی پێ ببەستین و بۆئەوەی لەو دنیا رزگارمان بێت، دەبێ واز لە هەموو خۆشییەکانی ئەم جیهانە بینین، زەردەشت ئامۆژگاریمان دەکا کە بەهرە لەخۆشی و جوانییەکانی ئەم جیهانە وەربگرین و لەهەمان کاتدا سوود بە خەڵکی بگەیەنین.

زەردەشت، دوودڵە لەو کەسانەی کە هەمیشە بیر لەبەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە، ئەوەندە خۆپەرستن کە بەهیچ جۆرێك بیر لەیارمەتیدانی خەڵك ناکەنەوە.

بۆیە دەپرسێت چلۆن ئەم جۆرە کەسانە دەتوانن خەڵکیان خۆش بوێت و هاوبەشی خۆشی و شادی خۆیانیان بکەن و یارمەتییان بدەن.

لەکۆتاییدا باسی مرۆ پاکەکان و راستکرداران دەکا و دەبێژێ، ئەوانەی کە بە گوێرەی یاسای راستی(ئاشا) و پاکی بژین، لەئاکامدا لە شوێنێك کە پڕە لەروونا‌کی خۆر و جێگەی مرۆچاکان و دانایانە(بەهەشت)دەژین.

بەندی ٣:

((ئەی مەزدا،

کەوایە، بەحەقیقەت،

ڕاستی (ئاشا) ڕوودەکاتە کەسێك کە

توانایی مەعنەوی(وەخشتەرا) و ئەندێشەی خاس (وەهومەن)

لەژیانیدا، ڕێنمای بێت،

لەژێر سایەی ئەم خەڵاتانە

جیهان و دەوروبەری خۆی کە پڕە لەدرۆ و ڕیا،

ئاوەدان بکاتەوە.))

زەردەشت لەم بەندەدا دەبێژێ، کەسێك کە هێزی مەعنەوی (وەخشتەرا) و ئەندێشەی خاس (وەهومەن) لەژیانیدا ڕێنمایی بکات، دەگاتە سەرچاوەی ڕاستی و دروستی (ئاشا). واتە کەسێك کە بە پەروەردەکردنی دیاردەکانی ئاهورایی(وەخشتەرا و وەهومەن) توانیوێتی بەسەر هەوا و هەوەسە دەروونییەکانی زاڵبێت و بە هێزی باوەڕ و ئیرادەوە سەرکەوێت بەسەر چاوچنۆکی و ڕژد، بە بیرێکی پاك و دڵێکی ڕۆشنەوە بڕوانێتە هەموو شتێك و هەموو کەسێك، هۆش و بیری خاس ڕێنمایەتی لەژیانیدا، ئەم جۆرە کەسانە، بێگومان دەگەنە ڕاستی (ئاشا) کە بریتییە لەسەرچاوەی حەق و بە دیداری ئاهورامەزدا دەگەن.

هەروەها دەبێژێ، کەسێك کە بەو دیاردانەی ئاهورامەزدا بیر وکردار و گوفتاری خۆی بڕازێنێتەوە، لەژێر سایەی ئەم خەڵاتانە تێبکۆشێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی دەوروبەری خۆی و جیهان، ئەو کەسەش بەهرە لە خەڵاتی ڕاستی (ئاشا)) وەردەگرێت. (ئاشا)، لەلایەکەوە دیاردەی حەق و سەرچاوەی هەموو ڕاستی و پاکییەکانە و لەلایەکی دیکەشەوە نموونەی یاسای (بوون) و تەکوزی سروشت و بوونە.

خەڵاتی (ئاشا بریتییە لەدابینکردنی ڕۆح و ڕەوانێکی ئاسوودە کە بە هۆی زانست و بیرەوە، مرۆ لە خراپەکاری دووردەخاتەوە و بەرەو ڕاستی و پاکی و لەخۆبوردنی دەبات.

لەم بەندەدا، دووبارە ئاماژە بۆ ئەوەکراوە کە ئەم جیهانە پڕبووە لەدرۆ و ڕیا، درۆزن و ستەمکارەکان دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست.

بەندی ٤:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

ئێستا ئیدی تۆ و راستی (ئاشا) و خاسترین ئەندێشەکان (وەهومەن)،

و توانایی مەعنەوی (وەخشتەرا)، ستایشتت دەکەم،

وگەرەکمە کە لەسەر رێبازی راستی بم.

ولەنێو کاخی سروودا (بەهەشت)،

گوێ بۆ ئامۆژگاری ئەویندارانت

ڕابگرم.))

زەردەشت، لەم بەندەدا، پاش ئەوەی ستایشتی ئاهورای بێ هاوتا دەکا، ئارەزووی خۆی دەردەبڕێ کە بریتییە لەبەهرە وەرگرتن لە دیاردەکانی ئاهورا(ئاشا، هومەن و وەخشتەرا)، واتە بەهرە لە راستی و دروستی و پاکی و بیری خاس و دڵی رۆشەن و هێز و توانای مەعنەوی و زاڵبوون بەسەر هەوا و هەوەسدا، وەربگریت، هیوادارە لەسەر ئەم رێبازە بمێنێتەوە، واتە لەسەر رێی راستی و پاکیدا جێگیربێت، ئەو ئامۆژگارییانەی کە بۆی ئیلهام دەبێت، بە بیرێکی پاکەوە گوێبیستی بێت و بەکاری بهێنێت.

لەبەرئەوەی بەهەشت بەبارەگای ئاهورامەزدا دانراوە، دۆستان و ئەویندارانی بە ئەمەکی مەزدا، کەسانێکن کە لەرێی راستی و پاکیدا لەو شوێنە پیرۆزە جێگیربوون، کەوایە گوێڕاگرتن لە بانگەوازی ئەم ئەویندارانە، هەر ئەو ئامۆژگاریانەیە کە بە شێوەی ئیلهام دەگاتە گوێی مرۆڤ و بەرەو رزگاری رێنماییان دەکات.

لەم بەندەدا، ئاماژە بۆ سێ خاڵ کراوە:

یەکەم: هەوڵ و تێکۆشان بۆ پەروەردەکردنی دیاردەکانی ئاهورایی و ستایشکردنی ئاهورامەزدای دانا و ژیر.

دووەم: مانەوە لەسەر رێگەی راستی و پاکی و دوورەپەرێزیکردن لەلادان و خراپەکاری.

سێیەم: گوێڕایەڵی لە ئامۆژگاری پیاوچاکان و ئەویندارانی ئاهورامەزدا، کە بەشێوەی ئیلهام دەگاتە ناخی دڵ و دەروون و بیری پاك.

بەندی ٥:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
و ئەی راستی(ئاشا)،
بە میهرەبانییەوە، ڕووبکەنە
بێژەری سروودە ئاسمانییەکان،
ویاریدەی بدەن و پشتیوانی بن.
تا ئەو بتوانێت ڕێنمای خەڵك بێت،
بەرەو ڕووناکی.))

لەم بەندەدا، زەردەشت بەشێوەی سێیەمین کەسی غائب قسەدەکا و دەبێژێ، ئەی ئافەریدگاری دانا و ژیر، سەبارەت بە پەیامنێری خۆت و بێژەری سروودە ئاسمانییەکان میهرەبان بە، یارمەتی بدە تا بتوانێت خەڵك بەرەو ڕێگەی راست و رووناکی راستەقینە، کە مایەی بەختەوەری و رزگارییە ڕێنمایی بکات.

ئەوەی لەم بەندەدا زێتر سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە کە، لەچەندین بەندی دیکەشدا لەگاتەکان، پلەوپایەی (ئاشا) واتە راستی، لەتەك ئاهورامەزدا، یەکسان بینراون و داوای یارمەتییان لێکراوە، (ئاشا)، کە هەمان دیاردەی راستی و پاکی و یاسای بوونە، بڕێك جار بە شێوەی سیفەتی تایبەتی حەقیقەت و راستی و هەندێ جاریش راستەوخۆ بەشێوەی ئافەریدگارباسکراوە. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە ئاهورامەزدا، بەناوی جۆراوجۆر ناوبراوە، کە ئافەریدەگاری دانا و ژیر، راستی و حەقیقەت و...

ئەمە لەبنەمای مەسەلەکە هیچ ناگۆڕێت و نابێ وامان لێبکات بیر لەوەبکەینەوە کە فریشتەکان(ئەمشاسپەندان) لە ریزی ئاهورامەزدا دابنێین و یاخود بێژین، کە زەردەشت باوەڕی بە بوونی چەندین ئافەریدگار هەبووە.

بەندی ٦:

((ئەی مەزدا،

ئەز،

زەردەشتم، ئەویندارى ڕاستى (ئاشا)،

بەدەنگێکى بەرز ستایشتت دەکەم،

دەخوازم،

هەمیشە زمانم لەڕێى زانست و بیر و هۆشدا ڕەوانبێژبێت،

بە هۆى بیرى خاسەوە،

ئامۆژگاریم بکەیت و ڕێو ڕەوشى ئاکاریم پێشان بدەیت.))

دوابەدواى بەندى پێشوو، زەردەشت ئارەزوویەکى دیکەى هەیە و داوا لە ئاهورامەزدا دەکات کە هێز و توانای ئاخافتن و ڕەوانبێژى بەزمانێکى شیرینى پێ ببەخشێت، بیر و هۆش هەمیشە لەژیانیدا ڕێنمایى بکات، بۆئەوەى لەڕێى بیر و گوفتارى خاس بتوانێت ڕێنمایى خەڵك بکات بە دەستوور و فەرمانە ئاکارییەکان و ئەو ئامۆژگاریانەى کە بە هۆى بیرى خاس (وەهومەن) پێى ئیلهام دەبێت، خەڵك بەرەو بەختەوەرى و ڕاستى و نەمرێتى ببات.

لەم بەندەدا، دووبارە زەردەشت خۆى بە ئەویندارى ڕاستى(ئاشا) دەزانێت، واتە هەمیشە بیر لە ڕاستى و دروستى و پاکى دەکاتەوە و لەسەر ڕێبازى ڕاستیدا هەنگاو هەڵدێنێت و جگە لە ڕاستى، هیچ وشەیەك لەزارى نایەتەدەر.

بەندى ٧:

((ئەى مەزدا،

ئەز، بە هۆى بزوێنترین سروودەکانمەوە،

وبۆ گەیشتنە ئامانجەکانم،

ستایشتت دەکەم و خۆمت لێ نزیك دەکەمەوە،

تا، بە هۆى ڕاستى (ئاشا) و بیرى خاسەوە (وەهومەن)،

ڕێنماییمان بکەیت و پاڵپشتمان بیت.))

ئەوەی لەم بەندەدا پتر پێویستی بە باسکردنە، ڕێگەی نزیکبوونەوە و گەیشتنە بارەگای ئاهورامەزدای دانا و ژیرە، کە چەندین جار زەردەشت باسی لێکردووە، یەکێ لەهەرە گرنگترین ئارەزووو ئامانجەکانێتی.

لەم بەندەدا، ڕێگەی گەیشتنە لای ئافەریدگاری بە پەروەردەکردنی دیاردەکانی (ئاشا)و (وەهومەن) داناوە، واتە، خاس بیرکردن و ڕۆشەندڵی و خۆشەویستی خەڵك و راستی و دروستی و پاکی و هەڵسوکەوت بە گوێرەی یاسا و تەکوزی (بوون). هەروەها دەبێژێ، پەرستن و ستایشت بە نیەتێکی پاك و باوەڕێکی پتەو ڕێنماییەکە بۆ گەیشتنە بارەگای ئاهورامەزدا.

زەردەشت، لەگەڵ ئەو ئارەزووەی کە دەریبڕیوە بۆ نزیکبوونەوە و گەیشتنە لای ئاهورامەزدا، داوای لێدەکات کە یارمەتی بدات و ڕێنمایی بکات بۆ ئەو کارەی کە پێی هەڵدەستێت کە بریتییە لەگەیاندنی پەیامەکەی بۆ خەڵك بۆئەوەی بتوانێت پتر ئایینی راستی و دروستی و پاکی بڵاوبکاتەوە و خەڵکی بەرەو یەکتاپەرستی و ناسینی ئافەریدگار ڕێنمایی بکات.

بەندی ٨:

((ئەی مەزدا،

ئەز،

بەو سروودانەی کە لەناخی دڵمەوە هەڵقوڵاوە (گاتاکان)،

وبە دوو دەستی کراوە بەرەو ئاسمان،

ڕووت تێدەکەم،

دەخوازم وەك دۆستێکی بە ئەمەك

بە هۆی راستی و پاکییەوە

ستایشتت بکەم،

بە هۆی بیری خاسەوە،

لێت نزیك ببمەوە.))

لەم بەندەشدا، هەروەك بەندی پێشوو، بەڵام، بە شێوەیەکی دیکە، زەردەشت ئارەزوو دەکا لە ئاهورامەزدا نزیك بێتەوە.

لەبەندی پێشوودا ستایشت و نوێژکردن بە نیـەتێکی پاکـەوە، یەکـێ لـە ئامرازەکـان بـوو، بـۆ نزیکبوونەوە لە ئافەریدگاری دانا و ژیر.

لەم بەندەدا، زەردەشت بە ئاخـافتنی سـروودەکانی (گاتاکـان) بەشـێوەی شـیعر و بەرزکردنـەوەی هەردوو دەستی بەرەو روی ئاسمان، کە نیشانەی بێ فیزییە، دەیەوێت لـە ئافەریـدگار نزیـك بێتـەوە و داوای ئامۆژگاری و هاریکاری لێدەکات. لەکۆتاییدا دەبێژێ، ئەویندارانی بە ئەمەکی ئاهورامەزدا بـە هۆی دوو دیاردەی بیری خاس (وەهومەن) و راستی(ئاشا) دەتوانن لە ئافەریـدگاری دانـا و ژیـر نزیـك ببنەوە.

بەندی ٩:

((ئەی مەزدا،

بەم سروودە ستایشگەرانە،

ولەرێی ڕاستی،

بە هۆی ئەو کارانەی کە لەبیری خاسەوە هەڵقوڵاوە،

بەرەو لای خۆت دەگەڕێمەوە،

لەتەك ئەوەی کەدەزانم

ویستی خۆم بەسەر چارەنووسمدا زاڵە،

تا ئەو کاتەی بەدوندی ئامانجەکانم دەگەم،

هەروا، داوکاری زانستی خاسم لێت.))

هەمیسانەوە، لەم بەندەدا، بە ئاشکرا پێشانمان دەدا کە زەردەشت چەندە عـەودالّی نزیکبوونـەوە و گەیشتنە لای ئاهەورامەزدایە، دەبێژێ، لەڕێی راست و بە هۆی ئەو کارانـەی کـە بـە بـیری خاسـەوە ئەنجام دراوە، هەروەها بە هۆی ئەو سروودانەی کە دەیبێژێ، بەرەو لای ئاهورامەزدا دەگەڕێتەوە.

بەڵگە نەویستە، کارێك کە بە ئەندێشەی خاس و لە رووی هۆش و زانستەوە ئـەنجام بـدرێت، ئـەو کارە کارێکی خاس دەبێ و بەسوودی خەڵك تەواودەبێـت. بـە هـۆی ئـەم جـۆرە کـار و هەڵسـوکەوتە خاسانە، هەموو کەس دەخوازێت لە راستی و پاکی نزیك بێتەوە.

لەکۆتاییـدا، زەردەشـت، داواو ئـارەزووی ئەوەیـە کـە بـەهرە لەزانسـت و حیکمـەتی ئـاهورایی وەربگریت، چونکە ئەم زانیاریانە، خەڵك بەرەو مەنزڵگای بەختەوەری و رزگاری دەبات.

بەندی ١٠:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
ئەو کارانەی لەرابوردودا ئەنجامم داوە،
ئەو کارانەی لە پاشەڕۆژدا ئەنجامی دەدەم،
ئەوەی لە بیری خاسەوە بۆم ئیلهام بووە،
هەروەك تیرۆژی خۆر،
ئاسۆی بەیانیان، لەدیدی تۆوە بەرێژە،
گشت ئەمانە لەڕێی راستی و بۆ ستایشت
ڕێزگرتنی تۆ بووە و دەبێت.))

زەردەشت لەم بەندەدا، هیواداره که له کارەکانیدا هیچ جۆره هەڵەیەك نەکات، ئەو کارانەی ئەنجامی داوە یا بە ئەنجامی دەگەیەنێت، رەزامەندی ئاهورامەزدای لەسەربێت. بە واتەیەکی دیکە. گشت کارەکانی خاس و پەسەند ئافەریدگار بێت و لە ڕووی هۆش و بیرەوەبێت. لە هەموو کارەکانیدا، ئافەریدگار ڕەچاوبکات و بەسوودی کۆمەڵگا ئەنجامی بدات.

لە کۆتاییدا، هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆر و تیرۆژەکەی و هەروەها ئاسۆی بەیانیان، بە نیشانەیەك لەنیشانەکان و شکۆمەندی ئافەریدگار داناوە، کە دیاردەکانی سروشتیش بەخۆنواندنیانەوە، ئافەریدگار دانا و ژیر و بێ هاوتا ستایشت دەکەن و کڕنۆش بۆ مەزنێتی دەبەن.

بەندی ١١:

((ئەی مەزدا،
تا ئەو شوێنەی کە لەژێرسایەی راستیدا،
هێز و توانام هەیە،
ستایشتم کردویت و دەیکەم.
هیوادارم، ئەی ئافەریدەگاری جیهان،
بە هۆی بیری خاسەوە،
یەکەمین و خاسترین ئاوات و خواستی دروستکرداران،

کە ئاوەدانکردن و نۆژەن کردنەوەی جیهانە،
بێنێـتەدی.))

لەم بەندەدا، زەردەشت خۆی بە ستایشگەری ئافەریدگار داناوە و دەبێژێ، تا ئـەو شـوێنەی هێـز و توانای هەیە، ئاهورامەزدا دەپەرستێت و ستایشتی دەکا و ڕێبازی ڕاستی بەرنادات و بیر لەئەندێشـەی خراپ ناکاتەوە.

لەکۆتاییدا، ئارەزووی زەردەشت ئەوەیـە کـە ویسـت و ئـارەزووی دروسـتکردارەکان کـە بریتییـە لەئاوەدانی جیهان، یان

ی نوێکردنەوەی جیهان بێنێتەدی، بۆئەوەی هەموو خەڵك بەختەوەر و ڕزگاربن.

بێگومان، خاسترین ئـارەزووی دروسـتکردارەکان، دابینکردنـی ئاشـتی و برایـەتی و یەکسـانی و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە.

هەروەها لەناوبردنی ڕژد و چاوچـنۆکی و ڕق و کینـە و تـووڕەیی و هـەوا و هەوەسـی نابـەجێ و گەندەڵی کە کۆمەڵگا بەرەو براکوژی و هەراو هوریاو شەڕوشۆڕ و تاوان دەبات.

وەهوخشەتەرگات سروودی شانزەهەم

یەسنا ــ هات ٥١

بەندی١:

((توانایی مەعنەوی و خشەترا،
خەڵاتی بەنرخی ئاسمانییە،
کە بە هۆی ڕاستییەوە (ئاشا)،
دێتە نێو دڵی گیان بەخشانی ڕێبازی مەزدا،
هانیان دەدا کە خاسترین کردار ئەنجام بدەن،
ئەز،
ئێستاو هەمیشەو تەنیا باڵ لەم ڕێبازەدا تێدەکۆشم.))

لەم بەندەدا، زێتر باسی (وەخشەترا)ی کردووە و دەبێژێ: خشەترا یا دیاردە و نیشانەی شالیاری، هێز و تواناییەکی ئاهورایی مەعنەوییە، ئەگەر لەنێو خۆماندا پەروەردەی بکەین، ئەوسا مرۆی فیداکار و گیان بەخشی رێگەی حەق و راستی و دروستی، پتر بیر لەخزمەتکردنی خەڵك و یارمەتیدانیان دەکەنەوە، بە هیچ جۆرێك بیر لەخۆپەرستی و بەرژەوەندیی تایبەتی ناکەنەوە.

خشەترا، ئەم دیاردەی کە مرۆڤ بەرەو پوختەیی رێنمایی دەکا، ماناو مەفهومێکی یەکجار زۆری هەیە، یەکێ لەو مانایانە بریتییە لەشالیاری بەسەر نەفسی خۆدا، واتە، زاڵبوون بەسەر هەوا و هەوەس و ویست و ئارەزووە خراپەکانی دەروون، مانایەکی دیکەشی بریتییە لەهێزی مەعنەوی و بەکارهێنانی ئەم هێزە بۆ خزمەتکردنی خەڵك و یارمەتیدانیان.

لەم بەندەدا، ئەم هێز و تواناییە مەعنەوییەی بە خەڵاتێکی ئاهورایی داناوە، کە بە هۆی راستی و دروستییەوە دێتە دڵی مرۆڤ و هانیدەدا کە باشترین کارەکان ئەنجام بدەن و خزمەتی خەڵك بکەن.

گیان بەخشانی رێگەی حەق و راستی، ئەو کەسانەن کە بەسەر ویست و ئارەزووی دەروونی خۆیاندا زاڵدەبن و هەموو هیوا و ئارەزوویەکیان خزمەتکردنی خەڵکە، ئەم جۆرە کەسانە بەهرە لە خەڵاتی وەخشەترا دەبەن.

لەکۆتاییدا دەبێژێ، بەهەشت یاخود خاسترین شت بە هۆی کاری خاسەوە دەستمان دەکەوێت. لەبەرئەوەی ئارەزووی هەموو کەس ئەوەیە کە لەو دنیا جێگەی بەهەشت بێت، ئەمەش تەنیا بە هۆی کاری خاسەوە دێتەدی، زەردەشت ئامۆژگاریمان دەکا کە بۆ گەیشتنە ئەم ئارەزووە تێبکۆشین و خۆشی تێدەکۆشێت کە بگاتە ئەو ئامانجە.

بەندی٢:

((ئەی مەزدا ئاهورا،
ئەم کردارانەم،
سەرەتا بە تۆ و بەراستی(ئاشا) و بە باوەڕی راستەقینە (ئارمەئیتی) پێشکەش دەکەم
و تۆ،
هێز و توانای مەعنەوی خۆتم پێ ببەخشە،
بە هۆی ئەندێشەی خاس (وەهومەن)،
ستایشگەرە بە ئەمەکەکانت، رزگاربکە.))

زەردەشت دەفەرموێ، هەر کارێکی خاس، پێش هەموو شتێك دەبێ بە ناوی ئاهورامـەزدای دانـا و ژیر ئەنجام بدرێت، هەمیشە (ئاشـا) و (ئارمەئیتی)یشـمان لەبەرچـاوبێت. مەبەسـت ئەوەیـە کـە، هەموو کارێکی خاس دەبێ بە گوێرەی یاسای (بوون) و ئـابینی راسـتی و پـاکی بێـت و بـە بـاوەڕی راستەقینە و ئەوینەوە ئەنجام بدرێـت. بێگومان، ئەو جۆرە کاردو بەو شێوەیە، لەلایەن ئاهورامـەزداوە پەسەندەو سوودی کۆمەڵگای تێدایە.

لەکۆتاییدا، زەردەشت داوا لە ئاهورامـەزدا دەکـات کـە، هێـز و توانـای مەعنـەوی و ویسـت و خواستی خۆی پێ ببەخشێت بۆئەوەی هـیچ کارێـك بـە پێچـەوانەی ئـەو خواسـتانە ئـەنجام نـەدات. هەروەها دەخوازێت کە ستایشتگەرانی ئاهورامەزدا و ئەوانەی هەمیشە ئەویان لەبەرچـاوە، بـە هـۆی بیری خاسەوە رزگاربکات.

پوختەی ئەم بەندە ئەمەمان پێ رادەسپێرێ کە:

یەکەم: هەموو کارێکی خاس پێویستە بەناوی ئاهورامەزداوە ئەنجام بدرێت.

دووەم: هەموو کارێك دەبێ بە گوێرەی یاسای راستی (ئاشا) وە بێت.

سێیەم: هەموو کارێك دەبێ بە باوەڕی راستەقینە و خۆشەویستییەوە(ئارمەئیتی) ئەنجام بدرێت.

چوارەم: پێویستە خواست و ویستی ئافەریدەگار بزانین و ئەنجامی بدەین.

پێنجەم: یەکتاپەرستان، بە هۆی بیری چاك و هۆشەوە رزگاریان دەبێت.

بەندی ٣:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

گوێ لەستایشتی ئەو کەسانە بگرە کە

بە کرداریان، هەموو پێکەوە لێت نزیکبوونەتەوە و پەیوەستبوون پێت،

گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانتن،

ئەو کەسانەی کە تۆ خۆت،

بە هۆی گوفتاری ڕاست و بیری خاسەوە،

یەکەمین مامۆستایانیت.))

لەم بەندەدا، زەردەشت ئەوە رادەگەیەنێت کە پێویستە هەمیشە گوێڕایەڵی ئەو کەسـانە بـین، کـە زانیاری تەواویان دەربـارەی (عرفـان) هەیـە و ئەندێشـە و گوفتـار و کردارِیـان واپێشـان دەدات کـە

دەیانەوێت پەیوەست بن بە ئاهورامەزداوە. بێگومـان، کەسـێك دەتوانێـت لەئەوینـداری خـۆی نزیـك بێتەوە و پەیوەست بێـت پێی، کە بتوانێت نیشانەکان و دیاردەکانی ئاهورایی لـەنێو دەروونـی خۆیـدا پەروەردە بکات، بگاتە پلەی پوختەیی و نەمرێتی، یاخود وەکو عارفەکان دەبێژن بگەنـە پلـەی (**فناء في الله**). لەکۆتاییدا دەبێژێ، ئەو کەسانەی کە گەیشتوونەتە پلەی عیرفانی، ئیلهامیان لەئافەریـدەگار وەرگرتووە، ئەم ئیلهامە بۆ ئەو کەسانە دێت کە هەموو پلەکانی پەرەسەندن(تکامل)یان پێـواوە، دڵ و هەناویان بە رووناکی راستەقینەی ئاهورایی ڕوونبۆتەوە.

یەکەمین مامۆستا و ڕێنما، هەمان بانگهێشتی ویژدان و بیری خاسە.

بەندی ٤:

((ئەی مەزدا،

لەکوێیە خۆشەویستی بێ ئەندازەت بۆ ستایشگەرەکانت؟

خەڵات و بەخشینت لەکوێرا دەگاتە ئەویندارە بە ئەمەکەکانت؟

راستی و دروستی (ئاشا) لەکوێ دەستدەکەوێـت؟

پاکی(ئارمەئیتی) لەکوێندەرێیە؟

لەکوێ دەتوانرێ خاسترین ئەندێشەکان (وەهومەن) بەدەست بێت؟

سەرچاوەی هێز و توانای شالیاریت لەکوێ وەیە؟))

زەردەشت، لەم بەندەدا بڕێ پرسیاریکردووە کە بێگومان خۆی وەڵامی هەموویان دەزانێـت. خـۆی دەزانێت، کە ئافەریدەگار هەروەك باوکێکی میهرەبان ئافەریدەکانی خـۆی بـێ ئەنـدازە خۆشـدەوێت. هەڵبەتە، ئەو ئافەریدانەی کە رەفتاریان بە گوێرەی (یاسای بوون)ە لە کارەکانیاندا هۆش و بیری خـاس بەکاردێنن و خەڵکیان خۆشدەوێت.

هەروەها دەبێژێ کە خەڵات و بەخشینی ئافەریدگار بۆ کەسێك دەبێت کە ئەویندارى بە ئەمـەکی ئافەریدەگار بێـت.

کاتێك کە دەپرسێت، راسـتی و حەقیقـەت و خۆشەویسـتی و بـاوەڕ بـە ئافەریـدگار لەکوێیـە، دەزانێت ئەم دیاردە ئاهوراییانە لە دڵ و دەروونی هەموو ئەو کەسانە دەبینرێت، کە دیاردەکانی(ئاشـا) و (سپەنت ئارمەئیتی) پەروەردەدەکەن. هەروەها کاتێك کە دەپرسێت بیری خاس لەکوێ دەسـتدەکەوێ و سەرچاوەی هێز و توانای شالیاری ئاهورا لەکوێیە خۆی دەزانێـت، کاتێـك کـە مێشـکی مـرۆڤ لـە

هەموو بیرێکی خراپ پاك دەکرێتەوە، ئەوسا ئیدی ئەندێشەی خاس لەمێشکیدا جێگیر دەبێ و هۆش دەبێتە ڕێنما بۆ گەیشتنە راستی و حەقیقەت هەروەها سەرچاوەی شالیاری و سەروەری ئافەریدەگاریش لە هێز و توانایەکی هەمیشەیی هەڵدەقۆڵێت، کە هەر لەسەرەتاوە تاکو پەسلان بەردەوامە.

بەندی ٥:

((گشت ئەم پرسیارانە دەپرسم:

ڕابەرێك کە،

دروستکردار و بێ فیزە،

عەودالی هۆش و بیری خاسە،

دادوەر و مامۆستای راستییە،

توانا و بەخشەندەیە،

چلۆن دەتوانێ بە هۆی راستییەوە هەموو جیهان،

پێش بخات و ئاوەدانی بکات.))

دوابەدوای پرسیارەکانی بەندی پێشوو، زەردەشت دەبێژێ، ئەم پرسیارانە ڕابەر و پێشەوایەکی دروستکردار دەیکات کە دەیەوێت لەزانیاری و ئامۆژگارییەکانی یەزدانی ئاگاداربێت. بێگومان، ئەم پێشەوایە، جگە لەزەردەشت خۆی کەسی دیکە نییە.

زەردەشت دەیەوێت کە خەڵك ئاگادار بکات و ڕێگەی پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگای جیهانییان پێشانی بدات، ئەو ڕێگەیەی کە بە گوێرەی (یاسای بوون) و راستی و دروستی بێت. دەیەوێت لە ڕووی هۆش و زانیارییەوە، راستی و حەقیقەتی بوون بە خەڵکی ڕابگەیەنێت و لە خەڵاتی ئاهورامەزدا ئاگاداریان بکات.

لەم بەندەدا، زەردەشت خۆی بە رابەر و پێشەوای دروستکردار و دادوەرێکی دادپەروەر و توانا دەناسێنێت.

گەرەکێتی خەڵك نهێنی (بوون) بزانێ و تێبکۆشن بۆ ئاوەدانکردنەوەی جیهان.

زەردەشت بەم پرسیارانە دەیەوێت زانیاری و هۆشی خەڵك پتر بکات.

ئەوەی شایانە لەم بەندەدا ئەوەیە کە زەردەشت دەبێژێ. مرۆ بۆئـەوەی پـتر فێـری زانیـاری بێـت دەبێ بێ فیز و ئیفادەبێت و لووتبەرز نەبێت.

بەندی ٦:

((مەزدا ئاهورا،

بە شالیاری خۆیەوە،

بۆ کەسێك کە ویستەکانی ئەو ئەنجام بدات،

خاستر لەخاس دەبەخشێت،

بۆ کەسێك کە خۆشحاڵی نەکات

لەڕێی ئاوەدانکردن و پێشخستنی جیهان تێنەکۆشێت،

لەئاکامداو لەکۆتایی ژیانیدا،

خراپتر لە خراپی پێدەگەیەنێت.))

لەم بەندەدا، دەفەرموێت، کەسێك کە لەم جیهانەدا تێبکۆشێت و هەوڵبدات بـۆ ئاوەدانکردنـەوە و پێشخستنی کۆمەڵگا و جیهان، ویست و ئـارەزووی ئاهورامـەزدا بـەدیبهێنێت، خـەڵاتی ئـاهورایی پێدەگات، بەڵام ئەگەر کەسێك بە پێچەوانەوە ڕەفتاربکات، سزای کرداری خۆی وەردەگرێـت.

ئەوەی کە لێرەدا دەبێ بێژین ئەوەیە کە، ویست و ئارەزووی ئاهورامـەزدا بریتییـە لەبانگهێشـتی ویژدان، کە فەرمان دەدات بۆ ئەنجامدانی کارێك یاخود دوورەپەرێزی لە کارێـك. ئـەوەی بانگهێشـتی ویژدان فەرمانی پێدەدات، لەبەرئەوەی ویستی دروستی یەزدانییە، کەوایـە ئەنجامـدانی دەبێتـە هـۆی بەهرە وەرگرتن لەپاداشتی خاس، بەپێچەوانەوە ئەنجامنەدانی تووشی سزای دەکات.

بەندی ٧:

((ئەی مەزدا،

ئەی کە ئەم زەوییەو ئاو ڕووەکت ئافراند،

بە پاکترین ئەقڵ و هۆشی خۆت

پوختەیی و نەمرێتیم پێ ببەخشە،

بە هۆی ئەندێشەی خاس

هێز و توانایی جەستە و ڕۆحی و خۆراگرتن

ژیانێکی نوێم پێ خەڵات بکە،
لەئامۆژگارییەکانت بەهرەمەندم بکە.))

پێشەکی لەم بەندەدا، زەردەشت باسی ئاهورامەزدای کردووە و بە ئافەریدەگاری زەوی، ئاوو ڕووەکی داناوە، پاشان ئارەزووی خۆی دەربڕیوە بەوەی کە بە هۆی ئەقل و هۆشییەوە، بیگەیەنێتە پلەی پوختەیی و نەمرێتی پێ ببەخشێت و بەرخورادربێت لەهێز و توانایی جەستەیی و ڕۆحی و خۆراگرتن. لەکۆتاییدا دەیەوێت بە هۆی بیری خاس و دلێکی ڕۆشنەوە بەهرە لەئامۆژگارییەکانی مەزدا بەرێت. بێگومان ئەو داخوازیانەی زەردەشت هەیەتی، ئارەزووی هەموو کەسێکە، چونکە هەر کەسێك بگاتە پلەی پوختەیی و نەمرێتی، دەبێتە مرۆیەکی بە تەواومانا، واتە کەسێك کە کۆنترۆڵی دەروونی خۆی بکات، بێگومان هەموو خەڵکی خۆش دەوێت و بە گوێرەی یاسای بوون دەجولێتەوە و ڕەفتار دەکات و جگە لە ڕاستی و دروستی هیچ ڕێگەیەکی دیکە هەڵنابژێرێت. جگە لەمە، زەردەشت داوای هێز و توانای جەستەیی و ڕۆحی دەکات، ئەم دوو هێز و توانایە (جەستە و ڕۆحی)، هەردووکیان یەکتر تەواودەکەن، لەئامۆژگارییەکانی زەردەشتدا هەرگیز باسی ئەوە نەکراوە بۆ پەروەردەکردنی ڕۆح و گیان و ئاکار، بە چاوی سووکەوە تەماشای جەستە بکرێت و بایەخی پێ نەدرێت، وەکو بڕێ دەبێژن بۆئەوەی ڕۆح و مەعنەویەت بەهێزبکرێت دەبێ جەستە ئازار بدرێ.

بەندی ٨:
((ئەی مەزدا،
ئێستا،
پەیامەکەت بۆ خەڵکی دانا دەگێڕمەوە:
چارەنووسی خراپ بۆ درۆزن و خراپەکارانە،
بەختەوەری بۆ کەسێکە کە،
پابەندی ڕاستی بێت.
بێگومان،
بەختەوەری و شادمانی بۆ کەسێکە کە
ئەم پەیامە ئاسمانییە،
بۆ خەڵکی دانا بڵاوبکاتەوە.))

لەنێو ئەم بەندەدا، سێ باس ڕەچاوکراوە:

یەکەمیان ئەوەیە کە، پەیامی ئاسمانی دەبێ فێری مرۆی دانا بکرێت.

دووەمیان ئەوەیە بە ڕاشکاوی جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە خراپەکاران و درۆزنان دووچاری چارەنووسێکی شووم و خراپ دەبن و بەپێچەوانەوە خاسکرداران و پەیڕەوانی ڕاستی بەهرە لە پاداشتی خاس و بەختەوەری دەبەن.

سێیەمیان ئەوەیە، زۆر بە ئاشکرا داوا لە خەڵك دەکات کە ئایینی ڕاستی و دروستی بڵاوبکەنەوە، دەفەرموێت، هەر کەسێك ئەم پەیامە ئاسمانییە بۆ خەڵك بڵاوبکاتەوە، بەختەوەر و شادومان دەبێت.

بەندی ٩:

((ئەی مەزدا،

تۆ بە هۆی بڵێسەی ئاگر و ئەزموونی مسی تواوە

هەردوو دەستەی ڕاستکردار و خراپەکار

تاقی دەکەیتەوە و پاداش و سزایان دەدەیت.

ئەم ڕەوشی ژیانەمان پێشان دەدەیت کە،

ئازار و ئەشکەنجە بۆ خراپەکاران،

خۆشی و شادومانی بۆ چاکان و خاسکردارانە.))

لەم بەندەدا، دووبارە هەروەك بەندی ٧ لەهات ٣٢ باسی ئەزموونی بلێسەی ئاگر دەکات و دەبێژێ، ڕاستکرداران و خراپەکاران بە هۆی بلێسەی ئاگرەوە تاقی دەکرێنەوە. ئەم ئەزموونە دەروون و تەبیعەتی هەموو کەسێك ڕۆشەندەکا و بە گوێرەی ئەم تاقیکردنەوەیە، پاداش و سزای هەر یەك لەو دوو دەستەیە دەدرێت.

کەسگەلێك لە ئاڤێستاناسان، وا دەزانن کە ئەم ئەزموونە، هەر ئەو تاقیکردنەوەیە کە لەکۆنەوە لەسەر زەمینی ئێران باوبووە، لێرەدا نامانەوێت لێی بدۆین و باسی بکەین. ئەوەی کە دەبێ باسی بکەین ئەوەیە کە هەرگیز لە گاتاکاندا باسی مادیات نەکراوە و مەبەست لەبلێسەی ئاگر و تاقیکردنەوەی مسی تواوە، بلێسەی ئاگری مەعنەوی دڵە. نە ئاگری ڕواڵەتی، لەهەر شوێنێکدا لە گاتاکان، باسی ئاگر کراوە، مەبەست ئاگری مەعنەوییە، ڕوونـاکی دڵ و بلێسەی ئاگری مەعنەوی

هەرکەسێك چارەنووس و ویژدانی خاس یا خراپی ئەو کەسە ئاشکرادەکات. ئەمە هەر لەوەدەچێ کە ئەزموونی ئاگر و مسی تواوەی بەسەردا ئەنجام بدرێت و لەئاکامدا پاداش و سزای هەرکەس بە گوێرەی کاری خاس یا خراپی ئەو کەسەیە کە ئەنجامیداوە. واتە کە پەیڕەوانی درۆ و خراپە و بیر خراپان دووچاری ئازار و ناخۆشی و پەشیمانی دەبن، پەیڕەوانی راستی و خاسی، بەهرە لەخۆشی و شادی دەبەن.

لەم بەندەدا، رێگە و شێوەی تاقیکردنەوەی خاسان و خراپانی پێشان داوە کە هەمان رۆشنایی دڵ و دەروونی بێدار و ویژدانی رەش و مردووی ئەم دوو دەستەیەیە.

بەندی ١٠:

((ئەی مەزدا،
کەسێك کە بە پێچەوانەی ئایینی ڕاستی،
لەرێی تێکدان و ئاڵۆزکردنی جیهان، کار دەکات،
هەموو گیانی لەدرۆ دروست بووە،
لەو کەسانەیە کە خراپ بیردەکەنەوە و نەزانن.
ئەز، راستی (ئاشا)
بۆ خۆم و یارەکانم دەخوازم،
تا بێتە لامان و پاداشی خاسمان پێ ببەخشێت.))

زەردەشت لەم بەندەدا، ئەو کەسانەی کە ئاژاوە دەنێنەوە و خەڵك گومڕادەکەن و هەوڵدەدەن دووریان بخەنەوە لەرێی راست و دروست، بە خراپەکار و نەزان دەزانێت، چونکە مرۆی هۆشمەند و ژیر هەرگیز بەرەو خراپە ناڕوات و هەول نادات خەڵك لەرێی راست لابدات.

نەزانین و بێ هۆشی، یەکێ لەو هۆکارنەیە کە مرۆڤ بەرەو خراپەکاری و کاری نادروست دەبات.

لەبەرئەوە، زەردەشت بۆ خۆی و یارەکانی، داوای یارمەتی لەراستی(ئاشا) دەکات، ئارەزووی ئەوەیە کە هەموو خەڵك بە هۆی پەیڕەویکردنیان لە یاسای راستی، پاداشتی خاسیان دەستبکەوێت.

شایانی باس ئەوەیە کە، زەردەشت هەموو کارێکی خراپ و ناشایست بە ئاکامی نەزانین و بیری کرچو کاڵ دەزانێ و تەنیا پەیڕەویکردن لە یاسای ڕاستی بە چارەسەری هەموو دەردوو ناخۆشییەکان دەزانێت.

بەندی١١:

((ئەی مەزدا،

کێیە ئەو دۆستە بەئەمەکەی یاریدەی زەردەشت ئەسپەنتمان دەدات؟

ئەو دۆستە، کەسێکە کە،

بە دڵ و بەگیان لەتەك راستیدا (ئاشا) ڕاوێژ دەکا

پاك و ئەویندار و خواپەرستە

بەبیری خاسەوە لایەنگری ئەنجومەنی برایەتی موغەکانە.))

لەم بەندەدا، پرسیارێك کە دەبێژێ، کێ دەتوانێ دۆست و هاوبیری بەئەمەکی زەردەشت بێت، لەوەڵامدا بڕێك لەتایبەتکارییەکانی ئەو کەسە یا ئەو کەسانەی دەتوانن هاوڕێی راستەقینەی زەردەشت بن، باسکراوە، یەکی لەو دیاردانەی، کە دەبێ هاوبیری زەردەشت هەیبێت بریتییە لە راستی و پاکی، واتە، کەسێك کە دڵی بەراستی بەستبێت و پەیڕەوی یاسای راستی بێت. دوەمین مەرج بریتییە لەوەی کە ئەو کەسە باوەڕی بە ئافەریدگار هەبێت و ئەویندارى بێت. سێیەمین دیاردە، ئەوەیە کە بەبیرێکی پاکەوە لایەنگری ئەنجومەنی برایەتی موغەکان بێت.

ئەم ئەنجومەنە، لەو کەسانە پێکهاتبوو کە باوەڕی تەواو و پتەویان بە ئامۆژگارییەکانی زەردەشت هەبوو و تێدەکۆشان بۆ نوێ کردنەوەی کۆمەڵگا و پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی.

بەناوبانگترین ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە بریتی بوون لە گوشتاسەب، فەرشوشتەر، جاماسب وە میدیوماه.

بەندی ١٢:

((ئەوانەی فریویان خواردووە و ڕێبازی (کاوی) یان گرتۆتەبەر،

لەژیانیاندا،

ڕەزامەندی زەردەشت ئەسپەنتمان بەدیناهێنن،

چونکە ئەوانە،

بەختەوەری، تەنیا لەدیدی مادییەوە دەبینن،

نه لەو شو خرۆشەکانی مەعنەوی.))

سەرەتا، لەم بەندەدا باسی(کاوی)یەکان دەکا، کە رابەرانی ئایینی سروشت پەرستی بوون، دەبێژێ، ئەوانەی پەیڕەوی ئەم (کاوی)یانەن و رێبازی ئەوانیان گرتۆتەبەر، دەستوورەکانیان کە بریتییە لە خراپەکاری، ئەنجام دەدەن، ئەم جۆرە کەسانە هەرگیز بەختەوەر نابن، هەرچەندە لەوانەیە بەڕواڵەت خۆیان بە بەختیار بزانن، ئەمانە فریویان خواردووە و زەردەشت لە کردار و رەفتاریان بێزارە.

بەندی ١٣:

((بەم شێوەیە،
خراپەکار، کە لەڕێی راست لایداوە،
ویژدانی خۆی دووچاری خراپە کردووە،
لەسەر پردی چینیوت،
بەرامبەر بە ئاشکرابوونی کردارەکانی،
رۆحی دووچاری سەرزەنشت دەبێ،
چونکە بە هۆی کردار و گوفتاری خۆیەوە،
لەڕێی راست دوورکەوتۆتەوە.))

لەم بەندەدا، دەبێژێ، خراپەکاران و درۆزنان کە لەڕێی راست لایانداوە و زێدەڕەوییان کردووە بەوەی کە خەڵکیشیان چەواشەکردووە و بیریانیان ئاڵۆزکردووە، بۆئەوەی رێگەی راست نەگرنەبەر. ئەم خراپەکارانە غافلن و لەخۆیان بێ ئاگان کە لەئاکامداو لەرۆژی پەسلاندا، رۆح و گیانیان زمانی سکاڵایان دەکرێتەوە و سەرزەنشتیان دەکەن بەو کردەوە و کارە خراپانەی کە ئەنجامیان داوە و خۆیان و خەڵکیان گومڕا کردووە و دووچاری گرفتارییان کردوون.

لەراستیدا، ئەمە گوفتار و کردار و بیری خۆمانە، کە دەتوانن رۆح و گیانمان لەسەر پردی چینیوت، واتە لەکاتی داوەریکردنی کردەوەکانمان، شاد و خۆشحاڵ بکات یاخود بە پێچەوانەوە غەمبار و نارەحەت بکا.

دەتوانین بێژین کە ئەم بەندە، ئاماژە بۆ ئەو خراپکار و درۆزنانە دەکا، کە دوژمنی ئایینی یەکتاپەرستی و راستین و هەوڵدەدەن، بە ئامۆژگارییە خراپەکانیان، بیری خەڵك ئاڵۆز بکەن و دووریان

بخەنەوە لەزەردەشت و پەیامەکەی. بۆیە زەردەشت ئاگاداریان دەکاتەوە و پێیان دەبێژێ کە لەپاشاندا پەشیمان دەبنەوە و دووچاری مایەپووچی دەبن.

بەندی ١٤:

((کەرپەنەکان،

هەرگیز پەیڕەوی لە

دادو ئایین و ئاوەدانی ناکەن،

ئەوانە بە کردار و ئامۆژگارییە خراپەکانیان

زیان بە وانە دەگەیەنن کە خەریکی ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگان.

بەڵام،

هەر ئەم کردار و ئامۆژگارییە خراپانەیە کە،

لەئاکامدا،

بەرەو مۆڵگەی درۆ و خراپە، رایاندەپێچێت.))

لەم بەندەدا، زەردەشت باسی پێشەوا درۆزنە خراپەکارەکان دەکات و دەبێژێ، (کەرپەنەکان) هیچ بایەخێك نادەن بە فەرمان و ئامۆژگارییەکانی ئاهورامەزدا. هەوڵ و کۆششیان ئەوەیە کە بە هۆی ئامۆژگارییە خراپەکانیان و بە درۆ و دەلەسەو فریو، ئەو خەڵکەی کە باوەڕیان هێناوە و خەریکی ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگان، لەڕێی ڕاست لابدەن، زیانیان پێبگەیەنن و خراپە و تاوان و جەردەیی لەجیهاندا بڵاوبکەنەوە.

لەکۆتاییدا، ئەم راستییە دەخاتە پێش چاو کە ئاکامی ئەو خراپەکاریانە و ئەو ئامۆژگارییە نادروستانە یەخەی خۆیان دەگرێتەوە، ویژدان و رۆحیان ئەشکەنجە دەبینن و بە هیچ کلۆجێك ئاسوودە نابن لەژیانیاندا، لەپاشاندا دووچاری ئەشکەنجەی رۆحی دەبن و جێگەیان مولگەی درۆیەو لەتەك خراپەکاراندا دەبن.

بەندی ١٥:

((ئەو پاداشەی کە،

زەردەشت مژدەی پێداوە بۆ ئەنجومەنی مۆغەکان،

بریتییە لەکاخی سروود (بەهەشت)،
کە هەر لەسەرەتاوە،
مەڵبەندی گەیشتنە لای ئاهورامەزدابووە.
ئەز، مژدەی ئەم پاداشەتان پێدەدەم،
کە بە هۆی بیری خاس و راستییەوە،
بەدەست دێت.))

لەم بەندەدا، زەردەشت پاداشی هاوبیران و برایانی ئایین و ئەو کەسانەی بۆ بڵاوکردنەوە و پەرەسەندنی پەیامەکەی، یاریدەیان داوە، بە چوونە نێو کاخی سروود یاخود بەهەشتی داناوە.

بەهەشتی بە مەڵبەندی ئاهورامەزدا داناوە و دەبێژێ، دەتوانین بە هۆی بیری خاس و راستییەوە، بچینە ئەو مەڵبەندە، کەوایە، مەرجی ئاسوودەیی ویژدان و رۆح و چونە نێو بەهەشت بریتییە لەخاس بیرکردنەوە و راستی کردنە پیشە، بە هۆی ئەم دوو دیاردەیەوە، هەموو کەسێك دەتوانێت لەم خەڵاتە ئاهوراییە سوود وەربگریت.

ئەوەی شایانی باسە، ئەوەیە کە زەردەشت، بەهەشتی بە مەڵبەندی سروود و ستایشت داناوە و ئەم بەهەشتە لەتەك ئەو بەهەشتە مادییەی کە باسی لێدەکرێت، فرە جیاوازە.

بەندی ١٦:
((بە هۆی توانایی مەعنەوی ئەنجومەنی موغەکان،
ئەو سروودانەی کە لەئەندێشەی پاکەوە ئیلهام کراوە،
بە هۆی پەیڕەوەییەوە لە راستی(ئاشا)،
کەی گوشتاسەب
بەهرە لەپاداشتی زانستی دەروونی وەرگرت،
ئەو زانستەی کە بەهۆیەوە،
مەزدا ئاهورا،
بەرەو بەختەوەری رابەرایەتیمان دەکات.))

دوا بەدوای بەندی پێشوو، کە تیایدا زەردەشت مژدەی پاداشتی ئاهورایی بە هاوبیرانی خۆی دابوو، لەم بەندەدا، باسی (گوشتاسەب) دەکات کە یەکێ بووە لەرابەران و ئەندامانی ئەنجومەنی موغەکان و دەبێژێ، گوشتاسەب یەکێکە لەوانەی کە بەهرە لەو پاداشتە دەبات، کە مژدەی پێدراوە، ئەویش لەبەر دووهۆی سەرەکی، یەکەمیان، چونکە ئەندامی ئەنجومەنی برایەتی موغەکانە، دووەمیان لەبەرئەوەی خاوەنی بیرێکی خاسەو مرۆیەکی پاك و راستبێژە.

هەروەها دەبێژێ، گوشتاسەب بە هۆی راستی و پاکییەوە بەهرەی لەزانیارییەك وەرگرتووە، کە زانیاری ئاهوراییەو دەتوانێت مرۆڤ بەرەو ڕووناکی راستەقینە و بەختەوەری و رزگاری رێنمایی بکات، زانستێك کە هاوجووتە لەتەك ویژدانی رۆشەن و دلێکی بینا. ئەم جۆرە زانسانە دەتوانێت مرۆ بەرەو پوختەیی و بەختەوەری رینمایی بکات، چونکە زانستێکی مەعنەوییە و سوودی کۆمەڵگا ڕەچاودەکا و کۆششە بۆ ئاوەدانکردنی وڵات و دوورە لەبیری وێرانگەریتی و خۆخۆیی.

لەراستیدا، ئەم زانستە بریتییە لەهۆشێکی زاتی و دەروونی کە لەتەك هۆشی اکتسابی جیاوازە. ئەم زانستە مرۆ بەرەو رووناکی و سەرفرازی و پوختەیی رینمایی دەکات.

ئارەزووی زەردەشت ئەوەیە کە هەموو خەڵك، سوودبەرن لەهۆشی اکتسابی و زانستی مەعنەوی بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا و گەیشتنە بەختەوەری و رزگاری تەواو.

بەندی ١٧:

((فەرشوشتەر هوگو،
گیانی خۆی کە خۆشەویسترین شتە،
بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی یەکتاپەرستی
بە رەزامەندییەوە،
سپاردووە بە من.
هیوادارم،
مەزدا ئاهورا، ئارەزووەکانی
بۆ گەیشتنە راستی (ئاشا) بێنێتەدی.))

زەردەشت لەم بەندەدا، نزادەکا و داوا لە ئاهورامەزدا دەکات کە ئارەزووەکانی فەرشوشتەر بێنێتەدی.

فەرشوشتەر، یەکێك بووە لەرابەرانی ئەنجومەنی برایەتی موغەکان.
ئەم پیاوە دانایە، ئامادەبووە گیانی خۆی بەخت بکات لەرێی بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئایینی یەکتاپەرستی و پەیامەکەی زەردەشت.

بەندی ١٨:
((جاماسب هوگوی دانا،
کە ئا واتەخوازی رۆشنبوونەوە بوو،
بە هۆی راستی (ئاشا)یەوە، زانیاری ئاهورایی هەڵبژارد،
بە هۆی ئەندێشەی پاکەوە،
گەیشتە توانایی مەعنەوی
ئەی مەزدا ئاهورا ئەم زانیارییە
ببەخشە بە هەموو ئەو کەسانەی کە ئەویندارتن.))

لەم بەندەدا، باسی سێیەمین ئەندامی ئەنجومەنی برایەتی موغەکان دەکا و دەبێژێ:
جلماسب هوگو، بۆ گەیشتنە رووناکی حەقیقەت، زانیاری و بیر و هۆشی هەڵبژارد، تا بە هۆی راستی و پاکی و بیری خاسەوە بتوانێت بەهرە لەتوانایی مەعنەوی (وەخشەترا) وەربگریت.
بێگومان، هەرکەس دەتوانێت پاش ئەوەی دیاردەکانی بیری خاس (وەهومەن) و راستی و دروستی (ئاشا)، لەخۆیدا پەروەردە بکا، بگاتە (وەخشەترا)، واتە هێزی مەعنەوی، یانی دەتوانێ کۆنترۆڵی نەفسی خۆی بکات.
جاماسب، توانی بە پەروەردەکردنی ئەو دیاردانە، بگاتە پلەیەك کە ببێتە دۆست و هاوبیری بە ئەمەکی زەردەشت و یەکێك بێت لەخزمەتکارانی ئەنجومەنی برایەتی موغەکان.
لەکۆتایی ئەم بەندەدا، زەردەشت لە ئاهورامەزدا دەخوازێت کە ئەم خەڵاتە بەهەموو ئەو کەسانە ببەخشێت کە باوەڕی راستەقینەیان هەیە.

بەندی ١٩:
((میدیۆماه ئەسپەنتمان
کە بە هۆی زانیاری ئایینییەوە

تێدەکۆشێ بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی مەعنەوی،
باوەڕی بە پەیامی من هێناوە،
بە هۆی فێربوونی ئایینی مەزدا و کردەوەکانی خۆیەوە
لەڕێی نوێکردنەوەی جیهاندا، تێدەکۆشێت.))

چوارەمین ئەندامی ئەنجومەنی برایەتی موغەکان، (میدیوماه)ی ئامۆزای زەردەشتە، لەم بەندەدا، زەردەشت بە خاسی باسی دەکا و دەبێژێ، میدیوماه کەسێکە کە بە ئاگادارییەکی تەواوەوە لەزانیاری ئاهورایی، هەموو ژیانی خۆی تەرخانکردووە بۆ بڵاوکردنەوە و پەرەسەندنی ئایینی راستی، کۆششێکی بێوچانی کردووە، کە بە هۆی خزمەتکردنی خەڵکەوە و بەکردار و رەفتاری خاسی خۆی، پەیامی زەردەشت بە شێوەیەکی خاس بە خەڵك ڕابگەیەنێت.

لەمەوبەر باسمان کرد کە (میدیوماه) یەکەمین کەسێك بووە کە باوەڕی بە زەردەشت هێناو بە دڵ و بەگیان هەوڵیداوە بۆ پێشخستنی ئەم پەیامە پیرۆزە.

بەندی ٢٠:
((ئێستا،
ئەی دیاردەکانی ئاهورامەزدا (ئەمشاسپەندان)،
هەموو پێکەوە
راستی (ئاشا) و بیری خاس (وەهومەن)،
کە بە هۆی فێرکردنی پاکییەوە بەدەست دێت،
پێمان ببەخشن.
درودتان بۆ دەنێرین و لەمەزدا،
بەختەوەری دەخوازین.))

لەم بەندەدا زەردەشت داوادەکا لە ئەمشاسپەندان کە دیاردە و نیشانەکانی ئاهورامەزدان، کە خەڵاتی راستی و پاکی و بیری خاس و دڵۆڤانی و باوەڕ بە ئافەریدگامان پێ ببەخشن.

ئەم خەڵاتانە بە هۆی ئامۆژگاری و فێربوونی راستی و پاکی و بیری خاس و خۆشەویستی و باوەڕ بە ئافەریدگار ، لەنێو دڵماندا زێتر دەبێت.

لەکۆتاییدا دەبێژێ: ئەی ئافەریدگاری میهرەبان، لەکانگەی دڵمانەوە دەتپەرستین و ستایشتت دەکەین و داواکارین لێت بەهرە لەبەختەوەری هەمیشەیی بەرین.

بێگومان، ئەمە ئارەزووی هەموو کەسێکە کە بگاتەبەختەوەری و شادمانی هەمیشەیی، ئەمەش نایەتەدی مەگەر بە هۆی راستی و دروستی و پاکی و بیری خاس و باوەڕی راستەقینە بە ئافەریدگار نەبێ.

بەندی ٢١:

((مرۆی پاك و خواناس

بە هۆی زانیاری و گوفتارو کردار و ویژدانی خۆیەوە،

ڕاستی دەبوژێنێتەوە و پەرەی پێدەسێنێت.

مەزدا ئاهورا، بۆ ئەم جۆرە کەسانە،

بە هۆی ئەندێشەی خاسەوە

توانای مەعنەوی دەبەخشێت.

منیش بۆ ئەو کەسانە داوای پاداشتی خاس دەکەم.))

لەم بەندەدا زەردەشت دەبێژێ، مرۆی خاوەن باوەڕ وخواناس،لەبەر ئەوەی هەمیشە ئافەریدەگاری لەبەر چاودایە، هەمیشە پاکەو هەرگیز دوای خراپە و خراپەکاری ناکەوێت.ئەم جۆرە کەسانە هەمو گوفتارو کردار و بیر و ویژدانی خۆیان لە ڕێی ڕاستی و دروستی وحەقیقەت بەکار دێنن، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی، ڕاستی تەشەنە بکا و بڵاوبێتەوە لەنێو کۆمەڵگادا. هەروەها بە هۆی پەروەردەکردنی بیری خاس و کۆنترۆڵ کردنی خۆیانەوە، بەهرە لە خەڵاتی یەزدانی دەبەن.

ئەم خەڵاتە بریتییە یە لە ئاسوودەیی ویژدان و ئەندێشەو ڕووناکی دڵ و هێزی ئیرادە وبەهرە بردن لە خۆشی و بەختەوەری هەمیشەیی و نیاز نەبوون بە تەوەرە مادییەکان.

لە کۆتاییدا، داوا لە ئاهورامەزدا دەکات کە خەڵاتی خۆی بەو جۆرە کەسانە بدات.

بەندی٢٢:

((مەزدا ئاهورا،

ئەو کەسانە دەناسێت کە لە ڕووی ڕاستی و پاکییەوە،

چ لە ڕابردوو دا بێت
چ ئێستا بێت
کاری واخاس ئەنجام دەدەن کە وەك ستایشتی ئافەریدەگار وایە.
ئەز، ڕێز لەو کەسانە دەگرم،
ناویان دەبەم،
بە سلاو و درووددوە بەرەو ڕوویان دەبمەوە.))
لەم بەندەدا،زەردەشت، هەرکارێك کە بەباوەڕێکی تەواو و بە ڕاستی و پاکییەوە ئەنجام بدرێت، بەهاوجووت ویەکسانی دەزانێت لەتەك پەرستن و ستایشتکردنی ئافەریدەگاردا. دەتوانین بێژین ئەم باوەڕە، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەنجامدانی کارێکی خاس، جۆرێکە لە پەرستن و ستایشتکردنی ئافەریدگار .

هەروەها دەبێژێ، ئەو کەسانەی لە ڕابردوودا و یاخود ئێستا ئەرکی سەرشانیان بە خاسی ئەنجام داوە و دەیدەن و خۆیان لە کاری خاس نادزنەوە، پێویستە بە خاسی ناویان لێبەرین، دەبی تێبکۆشین ئێمەش چاو لەوان بکەین بۆ هەڵسوڕاندنی ئیش و کاری خاس لە کۆمەڵگادا، ناو و نیشانێك لەم بارەوە بۆ خۆمان بەدەست بێنین.

لەم بەندەدا، ئەوەی کە فرە دەتوانین لێی فێربین، گرنگی کارکردنە لە ڕوانگەی پەیامی زەردەشتەوە. ئەنجامدانی هەر کارێك بە دیدی ڕاستی و پاکییەوە یەکسانە لەتەك پەرستنی ئافەریدەگار و دەشێ جەخت لەسەر ئەوە بکەین، کە ئەو کەسانەی کاری خاس دەکەن ڕێزیان لێبگیرێت.

وەهیشتو ئیشی سروودی حەڤدەهەم

یەسنا ـــ هات ٥٣

بەندی ١:

((خاسترین ئارەزووەکانی زەردەشت ئەسپەتمان
هاتۆتە دی،
چونکە مەزدا ئاهورا،
بۆ هەمیشە، بە هۆی ڕاستییەوە
ژیانێکی خاسی پێ بەخشیوە.

ئەوانەی کە
بەر هەڵستیان دەکرد،
ئێستا ئیدی، بەگوفتاروکردار، ئایینی ڕاستییان گرتۆتەبەر.))

لەم بەندەدا، باسی سەرکەوتنی زەردەشت دەکات کە لە ئاکامدا توانیویەتی پەیامەکەی کە ڕێنماییکردنی خەڵکە بەرەو ڕاستی و دروستی و یەکتاپەرستی، بەجۆرێکی خاس بگەیەنێت.پەیامبەر بە ئارەزووەکانی گەیشتووە و بەخۆشی و شادییەوە ژیان دەباتە سەر، ژیانێکی پڕ لە پاکی و خاسی.
موید فیروز ئازەر گوشەسب دەبێژێ، لەوە دەچێت، کە ئەم بەندە یەکێ لە شاگردە هەرە دڵسۆز و بە ئەمەکەکانی زەردەشت (جاماسبی دانا) کە جێگری زەردەشت بووە پاش شەهید بوونی مامۆستاکەی، بە ماوەیەکی کەم نووسیبێتی.

بەندی ٢:
((بەم شێوەیە
بە ئەندێشە و گوفتار و کردار،
مەزدا ستایشت بکەن،
تێبکۆشن بۆ خۆش وەشی،
کاری خاس هەڵبژێرن.
کەی گوشتاسەبی لایەنگرو دۆستی زەردەشت
فەرشوشتەری ژیر
ڕێگەی ڕاست و ئایینێکیان هەڵبژاردووە،
کە ئاهورا بۆ سوشیانتی ئاشکراکردووە.))

لە پێشەکی ئەم بەندەدا، ڕێگەی گەیشتنە ڕەزامەندبوونی ئاهورامەزدای دانا و ژیری بە بەکارهێنانی بیر و گوفتار و کرداری خاس بۆ خێر و خۆشی ئافەریدەکانی ئاهورامەزدا، داناوە و دەبێژێ، پێویستە هەموو کەسێك تێبکۆشێت تا لەم سێ وزەیە، واتە: مێشك، زمان وە دەست سوود وەربگرێت بۆ پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگا.

کەسێك کەبیری خۆی لە ڕێی دروستکردن و ئاوەدانی و ڕزگارکردنی خەڵك لە نەزانین و بی دەرەتانی و کلۆڵی و خراپە و تاوان بەکاربێنێت، بەدەست و زمانی خۆی یاریدەی خەڵك بدات بۆ گەیشتنە پوختەیی و پاکی، ئەو کەسە. ڕەزامەندی ئافەریدگاری بەدیهێناوە.

لە کۆتایی ئەم بەندەدا، باسی لایەنگران و یاوەرانی ئایینی ڕاستی واتە،گوشتا سەب و فرشوشتەر دەکات و دەبێژێ، دۆستان و هاوبیرانی زەردەشت، ڕێگەیەکیان هەڵبژاردووە کە ئاهورامەزدا ئیلهامی کردبوو بە سوشیانت (لێرەدا مەبەست لە سوشیانت خودی زەردەشتە).

بەندی ٣:

((ئەی پورو چیستای ئەسپەنتمان هیچدسپ
ئەی جوانکەترین کیژۆڵەکانی زەردەشت،
مەزدا ئاهورا،
مرۆیەکی بۆ هاوسەرێتی تۆ هەڵبژاردووە کە،
پابەندی بیری خاس،
پاکی و ڕاستییە.
کەواتە، لەتەك بیری خۆتدا ڕاوێژ بکە،
بە پاکی و بە زانیارییەکی خاسەوە ڕەفتار بکە.))

بە گوێرەی داستانە کۆنەکانی زەردەشتییەکان، جاماسبی دانا (کە لە پاشاندا دەبێتە جێنشینی زەردەشت) خوازبێنی لە پوروچیستای کچی زەردەشت دەکات.

لەم بەندەدا زەردەشت لەتەك ئەوەی کە جاماسب بە پیاوێکی ئاهوراپەرست و ڕاستبێژ و بیرخاس و پاك دەزانێت، بەڵام بە کیژەکەی دەبێژێ، هەرچەندە من وەك باوکێك دەخوازم کە ببیتە هاوسەری جاماسب، بەڵام ڕەزامەندی تۆ مەرجە، دەبی، بە بیرێکی خاسەوە، قووڵ تێبفکری، ڕاوێژ لەتەك هۆشدا بکە. چاکە و خراپەکانی هەڵسەنگێنە، ئەوسا بڕیاری خۆت بدە.

ئایا ئەم خوازبێنییە پەسەند دەکەیت یان نا، چونکە ئەمە ژیانی تۆیە و تۆ لە تەکیدا دەژیت

بەندی ٤:

((بێگومان،
ئەز، کەسێك کە بۆ هاوکاران و بنەماڵە،
بە باوك و سەروەر دانراوە،
هەڵدەبژێرم و خۆشمدەوێت.
هیوادارم کە،
ڕۆشنایی بیری خاسم پێ بگات،
لەنێو پاکاندا، ژنێکی پاکیزە بم.
مەزدا ئاهورا،
بۆ هەمیشە ئایینی ڕاستیم پی خەڵات بکات.))

لە بەندی پێشوودا، باسی ئەوە کرا کە خوازبێنی بۆ کچی زەردەشت هاتبوو، زەردەشت داوا لە کچەکەی دەکات، کە لەو بارەوە خاس بیربکاتەوە و بڕیاری خۆی بدات. ئەم بەندە، وەڵامی پورو چیستا دەخاتە پێش چاو کە تیایدا دەبێژێ، پاش بیرکردنەوە بڕیاریداوە ئەو کەسە (جاماسب) بە هاوسەر هەڵدەبژێرێت و خۆشی دەوێت. لە پاشاندا، هیوا و ئارەزووی خۆی دەردەبڕێت.

کە هاوسەرێکی پاك بێت و شیاوی هاوسەرێتی بێت بۆی، هەروەها ئارەزووی ئەوەیە کە لەلایەن ئاهورامەزداوە هەمیشە ڕێنمایی بکرێت و خەڵاتی ڕاستی پێببەخشێت.

بەندی ٥:

((ئەم گوفتارە ئاراستەی ئێوە دەکەم
ئەی تازە بووك و زاوایان،
بە بیرێکی خاس، گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانم ڕابگرن.
لە ڕێگەی ویژدانی خۆتان هەڵیسەنگێنن و بەکاری بێنن:
هەمیشە بە بیری خاس و خۆشەویستییەوە بژین،
هەر یەکەتان لە ڕاستیدا
پێشبڕکی لە یەکتر بکەن
تا ژیانێك و خێزانێکی خاس پێکەوە بنێن.))

لە ڕاستیدا، ئەم بەندە بریتییە لە ئامۆژگاری بۆ تازە بووك و زاواكان و جەختی لەسەر كراوە كە بە وردی گوێی بۆ بگرن و لە ژیانیاندا، پەندەكانی بەكاربێنن، پێش هەموو شتێك دەبی هەمیشە ئەندێشەیان پاك بێت و یەكتریان خۆشبوێت، ئەمجا پێویستە پێشبڕكێی لەیەكتری بكەن بۆ گەیشتنە ڕاستی و پاكی هەرگیز توخنی درۆ و خراپە و ڕێی خراپ نەكەون.

ئاكامی ئەم جۆرە ڕەوشە، ژیانێكی پڕ لە خۆشی و شادی و بەختەوەرییە.

بەندی ٦:

((ئەی پیاوان و ئەی ژنان،

بە دروستی ئەم ڕاستیانە بزانن كە،

لەم جیهانەدا، درۆ تەفرە دەرە

لێی دووربكەونەوە و پەرەی پێمەسێنن.

و ئەمەش بزانن كە

ئەو خۆشییەی كە بە هۆی خراپی و چەواشەكردنی ڕاستی بەدەست دێت.

مایەپووچی بەدواوەیە.

و ئەو درۆزن و خراپەكارانەی كە ڕاستی لەخەڵك چەواشەدەكەن.

ژیانی مەعنەوی و ئاسایشی خۆیان لەناو دەبەن.))

ئەم ئامۆژگارییانەی لەم بەندەدا دەبێژری، تەواوكەرەوەی ئامۆژگارییەكانی بەندی پێشووە.

زەردەشت دەبێژێ، ئەی ژنان و پیاوان، هەوڵبدەن گوێڕایەڵی ئەم ڕاستیانە بن كە بۆتان دەبێژم. درۆ و فریودانی خەڵك و ژیانی مادەپەرستی، بریقەدارە و ڕاڕایی و دوودڵی دەخاتە بیری خەڵك و بەرەو لای خۆیان ڕادەكێشی، كەوایە تێبكۆشن خۆتان لەم بیرانە دووربخەنەوە. هەرگیز لە درۆ و درۆكردن و خراپەكاری نزیك نەبنەوە. كارێك مەكەن كە بەردی بناغەی كۆشك وتەلاری بەختەوەریتان بریتی بێت لە بەدبەختی و چارە ڕەشكردنی خەڵكی دیكە، چونكە لەئاكامدا ئاهوو نالەی هەتیوان و فرمێسكی بێوەژنان یەخەتان دەگرێ و جگە لە مایە پووچی هیچی دیكەتان بۆ نامێنێتەوە.

لە كۆتاییدا دەبێژێ، درۆزن و خراپەكاران، كە خەریكی چەواشەكردنی ڕێگەی ڕاستین لە خەڵك و ژنان و پیاوانی ڕاستكردار و ڕاستبێژ و پاكان لە ڕێی ڕاست لادەدەن، لە ئاكامدا ژیانی مەعنەوی و ئاسوودەیی بیر و ویژدانی خۆیان لەناودەبەن و هەرگیز بەختەوەری ڕاستەقینە بە چاوی خۆیان نابینن.

کەوایە، پێویستە لەسەرمان خۆمان لە مادیات دووربخەینەوە و زێتر بیر لە مەعنەویات بکەینەوە. ئەگەر پەیوەندییەکمان لەتەك درۆ و تەفرەو خراپەکاریدا هەیە،زۆر بە گورجی ئەو پەیوەندییە بپچڕێنین، بەختەوەری خۆمان لەسەر حسابی ستەمکردن بە خەڵك و ئازاردانیان بەدینەهێنین.

بەندی ٧:

((وە پاداشتی ئەنجوومەنی موغەکان
تا ئەو ڕۆژە بۆ ئێوە دەبێت کە
لە ژیانی ژن و مێردایەتی خۆتان،
چ لەکاتی خۆشی و چ لەکاتی تەنگانەدا،
پێکەوە بن و لەتەك یەکدا میهرەبان بن.
بەڵام ئەگەر بیری خراپ بەسەر تانا زاڵ بێت،
و لە ڕەوشی ئەنجومەنی موغەکان لابدەن،
دووچاری نوشوستی و پەشیمانی دەبن .))

بەر لەمە، باسی ئەنجومەنی برایەتی موغەکانمان کرد و گوتمان کە ئەمانە بریتی بوون لە گروپێك لە بیر خاسان، ئامۆژگارییەکانی زەردەشتیان مووبەموو ئەنجامدەدا و گوێڕایەڵی گوفتارەکانی بوون.

لەم بەندەدا، ئامۆژگارییەکانی بەندەکانی ٥،٦ تەواودەکا و دەبێژێ، تا ئەو کاتەی هەردوو هاوسەر، واتە بووك و زاوا یەکتریان خۆشبوێت، بۆ یەکتر بە ئەمەك بن و بە گوێرەی دەستوورەکانی ئەنجومەنی برایەتی موغەکان ڕەفتار بکەن، لەم جیهانە و پەسلانیشدا بەهرە لە خاسترین پاداشتەکان وەردەگرن، پاداشتی ئەم جیهانە، بریتییە: لە ژیانێکی بەختەوەر و پڕ لەخۆشی و شادی و خۆشەویستی و پاداشتی پەسلانیش بریتییە: لە ئاسوودەیی ویژدان و بیر، یاخود بەهەشتی وادە پێدراو.

بەڵام ئەگەر لە دەستوور و ئامۆژگارییەکانی ئەم ڕێبازە لابدەین و گیرۆدەی هەوا و هەوەسی مادی بین و تەفرەی خراپەکاران و درۆزنان بخۆین و تووشی گومڕایی بین، ئەوسا دووچاری نوشوستی دەبین و ئاکامان ڕەنج و ئەشکەنجە و پەشیمانی دەبێت

بەندی ٨:

((لە ئاکامدا و بە ئاشکرا،

بەد کاران

فریودەخۆن، دەبنە گاڵتە جاڕ و سەرزەنشت دەکرێن.

بەڵام، لەژێر سایەی شالیاری و ڕابەرایەتی خاسەوە،

ژنان و پیاوان

لەنێو ماڵ و شارەکاندا دەگەنە ئاشتی و ئاسایش

خراپی و فریوەکان، تەفرو تونا دەبن.

مەزدا ئاهورا، کە لە مەزنان مەزنترە،

رووودەکاتە ئێمە.))

لەم بەندەدا،زەردەشت هەمیسان وەك بەندی پێشوو ئامۆژگاریان دەکات دەربارەی بەدکاران و درۆزنەکان دەدوێت و دەبێژێ: بەدکارەکان جگە لەوەی کە چارەنووسیان مایەپووچییە و تووشی ڕەنج و ئەشکەنجەی ویژدانی دەبن، ئەمانە بە هۆی کرداری نالەباری خۆیان دەبنە گاڵتەجاڕی خەڵك و لە هەموو کات و شوێنێکدا سەرزەنشت دەکرێن، تاوای لێدێت خۆشیان لۆمەی خۆیان دەکەن کە بۆچی ئەم ڕێگە هەڵە و چەواشە یەیان هەڵبژاردووە،خەڵکیان تەفرەداوە و درۆیان لەتەك خۆیان و خەڵکدا کردووە.

زەردەشت دەبێژێ، لە ئاکامدا، بە هۆی ڕابەرایەتی شالیاری خاس و دادوەرو دڵسۆزو بیرخاس، کۆمەڵگا بە ژن وپیاویەوە،لەنێو ماڵ وخێزاندا. لەگوند و شاردا، بە ئاسوودەییەوە ژیانێکی پڕ لەئاشتی و خۆشی دەبەنەسەر.

هەروەها ئارەزوو دەکا کە درۆ و فریوو خراپە کە مرۆڤ بەرەو خراپەکاری و تاوان دەبات. لە هەموو جیهاندا تەفرو تونا بێت تا هەموو خەڵك بەهرە لەخۆشی و خەڵاتی ئاهورایی بەرن و ژیانێکی پڕ لەئاشتی و ئاسایش و دوور لە شەڕ و خوێنڕێژی بەرنەسەر. لە کۆتاییدا هیوا و ئارەزووی ئەوەیە، کە ئاهورامەزدا ڕوومان تێبکات و بێتە لامان.

مەبەستی ئەوەیە کە هەموو لە گشت بوارەکانی ژیاندا ئاهورامەزدا ڕەچاوبکەین وداوای یارمەتی و کۆمەکی لێبکەین، هەروەها دەبی بەجۆرێك خۆمان لە هەموو خراپییەکان پاك بکەینەوە کە بتوانین لە دەروونی خۆماندا،لەتەك ئاهورامەزدا بگەینە یەك.کاتێك ئافەریدەگار لە ئافەریدەی خۆی نزیك دەبێتەوە کە ئەو کەسە هەموو قۆناغەکانی پوختەیی ومرۆڤایەتی پێوابێت، بیری پاك و کرداری

دروست و گوفتاری ژیرانەبێت و کۆنترۆڵی خۆی بکات و ڕاستی و دروستی بکاتە دروشمی ژیانی، دڵـی پڕ لە خۆشەویستی خەڵك بێت و بەگیان و ماڵ خزمەتیان بکات.

بەندی ٩:

((بیر خراپە بەدکارەکان،
کە بەندەی هەوا و هەوەسن و لە ڕاستی بە دوورن،
بێزارن لەپاکان و بە چاوی سووکەوە دەڕواننە هێژاکان
هەرچەندە لەتەك دەروونی خۆشیاندا لەململانێدان،
کێیە ئەو سەروەرە پاکەی کە،
بە دڵ و بەگیان و بە ئازادی و بەو شێوەیەی خۆی دەخوازێت،
بەرهەڵستی ئەم بەدکارانە بکات ؟
ئەی مەزدا،
بە هۆی شالیاری و هێز و توانای مەعنەوی تۆیە کە،
پیاوچاکان، ئەوانەی بە دروستی دەژین،
پشتیوان و یاوەری خەڵك بن،
لەباشترین خەڵاتەکان، بەهرە وەربگرن.))

سەرەتا، لەم بەندەدا باسی بەدکاران و بیرخراپان دەکا و دەبێژێ، ئەمانـە هەمیشـە ڕق و قینـەیان هەیە بەرامبەر مرۆی خاس. بەچاوی سووکەوە دەڕواننە هەموو جـوامێر و پیاوچـاکان و دوژمنایـەتی لەتەك ڕاستی و دروستکرداران دەکەن.

هەرچەندە لەنێو دڵ و دەروونی خۆشیاندا لە ململانێدان، بەڵام چونکە گیرۆدەی هـەوا و هەوەسـن، ئەم جۆرە کەسانە چ ژن بن یا پیاو، گوێ بۆ بانگەوازی ویژدانی خۆیان ڕاناگرن.

پاشان دەفەرموێت کێیە یاخود لە کوێیە ئەو سەروەرو داوەرە کە بتوانێت بە هەموو ئازادییەکـەوە و بە دڵ و بەگیان بەرهەڵستی ئەم بەدکارانە بکات و بەرامبەریان ڕابوەسـتێت و ململانێیـان لەتەکـدا بکات.

لە کۆتاییدا دەفەرموێت: تەنیا هێزی مەعنەوی ئاهوراییە (وەخشەترا)، کە دەتوانێـت یارمـەتی پیاوچاکان و ڕێڕەوانی ڕێگەی ڕاست و حەقیقەت بدات و خاسترین خەڵاتەکانیان پێببەخشێت.

سرودی هەژدەیەم

یەسنا ـــ هات ٥٤

بەندی ١:

((هیوادارم کە،

دۆستایەتی و برایەتی کە ئاواتی هەمومانە،

ڕوومان تێبکات،

دڵی پیاوان وژنانی زەردەشتی،

شادو خۆشحاڵ بکات.

تاهەرکەس،

بە هۆی بیری خاس و ویژدانی خۆی،

لەخەڵاتی شیاو، بەهرە وەربگرێت

ئەو خەڵاتەی کە مەزدا ئاهورا

بە هۆی ڕاستییەوە

بۆ هەموو ئاواتەخوازێکی داناوە.))

ئەم (هات)ە تەنیا بریتییە لەیەك بەند و تیایدا زەردەشت ئاواتەخوازە، کە هەستی برایەتی و دۆستایەتی لە دڵ و دەروون و بیری هەموو ئاهوراییەك کە بە گوێرەی پەیامی زەردەشت ڕەفتار دەکات،جێگیر بێتودڵی هەموان پڕ لەخۆشەویستیوشادمانی بکات و ڕەزامەندی وەهومەن بەدیبهێنێت.

مەبەست لەشادی و ڕەزامەندی وەهومەن، ئەوەیە کە بیرێکی پاك و ئاسایش و ئارامی ویژدان لە هەموماندا بەدیبێت، بەواتەیەکی دیکە، زەردەشت بۆ هەموو پیاوو ژن، ئارەزووی خۆشەویستی و دۆستی و برایەتی و بیری پاك دەکات بۆئەوەی بتوانن بە ئاسوودەیی خزمەتی خەڵك بکەن و کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە بەرن.

هەروەها دەبێژێ، هەرکەسێ گوێڕایەڵی بانگهێشتی ویژدانی خۆی بێت کە زایەڵەی ویست و فەرمانی ئاهورامەزدایە، بتوانێت بەخاسی ئەنجامی بدات، ئەوسا ئاهورامەزدا پاداشتێکی بەنرخی دەدات، ئەو پاداشتەش بریتییە لە خەڵاتێك کە تەنیا بە هۆی ڕاستی و پاکییەوە بەدەست دێت ودەبی بە گوێرەی ویژدان ڕەفتار بکرێت تا بەو پاداشتە بگەین.ئەو خەڵاتە بریتییە لە بیر و ویژدانێکی ئاسوودە کە گەورەترین پاداشتە بۆ مرۆیەکی بەختەوەر.

بەکورتی، بنەمای ئاکاری وفەلسەفی،لە ڕوانگەی زەردەشتەوە لەو١٧ هات و (٢٣٩) بەندەی گاتاکاندا، کە بە ڕاژەوە باسمان لێکردن بەدیدەکرێن. بژاردەیەك لەو ئامۆژگارییە ئاکاری و فەلسەفییە بەنرخانەی، کە زەردەشت لە گاتاکاندا بێژاویەتی، لە هەموو کات و شوێنێکدا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، پەیڕەویکردنیان لە لایەن مرۆڤەوە، دەبێتە مایەی بەختەوەری و ڕزگاری بریتین لە:

- یەکتاپەرستی و باوەڕ بە هێز و توانایی ئاهورامەزدای ئافەریدەگارو دانا
- باوەڕ بە دووهێزی هاوآڵ دوانەی دژ بەیەك، واتە چاکە و خراپە (سپەنتا مینو و ئەنگرەمینو).
- ململانێی هەمیشەیی دژی هێزی ئەهریمەنی و باوەڕ بەوەی کە لەئاکامدا چاکە بەسەر خراپە و ڕاستی بەسەر درۆ و ڕووناکی بەسەر تاریکیدا سەردەکەوێت.
- هەرکەس ئازادە بۆ هەڵبژاردنی چاکە یا خراپە. شێوەی ژیان و جۆری ئایینی خۆی
- بە هۆی ئەم ئازادی هەڵبژاردنە، هەرکەس بەر پرسیارە بەرامبەر ئەو کارانەی ئەنجامی دەدات، چ خاس بی و چ خراپ.
- باوەڕ بە بەهەشت و دۆزەخ و پاداشت و سزای خاسان و خراپان.
- کار و کۆشش وتێکۆشان لە پێناوی پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگا.
- بڕینی هەر شەش قۆناغ و پلەکانی ئەمشاسپەندەکان، پەروەردەکردنی دیاردە مەعنەوییەکان، بۆ گەیشتنە پلەی پوختەیی وبەختەوەری ونەمرێتی.
- باوەڕ بەنەمرێتی ڕۆح (گیان).
- هەوڵ و کۆشش بە هەستکردن بە دیداری ئاهورامەزدا وگەیشتنە لای لە جیهانی دەروونیدا

(یەشت)ەکان Yasht:

یەشت، لە وشەی ئاڤێستایی یەشتی وەرگیراوە. بە زمانی پەهلەوی بووەتە یەشت. ئەم وشەیە لە ڕیشەی یەز yaz دەویە کە بنچینەکەی لە تەك وشەی یەسنا، یەکێکە.واتە(یەشت) و(یەسنا)، هەردووکیان لە بنچینەی(یەز)دەون کەماناکەی دەبێتە پەرستن و ستایش و نیایش (نوێژ).

یەسنا بە شێوەیەکی گشتی لە کاتی پەرستن و دوعا و نزادا دەخوێنرێتەوە، بەڵام یەشتەکان، تایبەتن بۆ ستایش و نیایش و نیاز لە ئاهورامەزدا و دیاردە سروشتییەکان، واتە ئەمشاسپەندان، ئیزە دەکات و ڕۆژ، مانگ، ئاگر، ئاو و.... ستایشی سیفاتی هەر یەك لەمانە کراوە و هەموویان بەدروستکراوی ئاهورامەزدا دانراون.

لەسەرەتادا، یەشتەکان بەشێوەی شیعربوون، بەڵام بەدرێژایی ڕۆژگار بڕێك شتی خراوەتە سەر لە حاڵەتی شیعر چۆتەدەر. توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان دەربارەی یەشتەکان، وا پیشان دەدەن، کە ئەم یەشتانە لەنووسین و گوتنی خودی زەردەشت نین، بەڵکو ئەم سروودانە پاش زەردەشت، لەلایەن قوتابی و هاوڕێکانی و بڕێك لە مۆغەکان و لەژێر کارتێکردنی هەندێ لە دابونەریتی ئایینە کۆنەکانی ئاریاییەکانی پێش زەردەشت لە کوردستاندا، واتە لەسەردەمی مادەکان نووسراونەتەوە. هەر یەکە لەو خوا جۆراوجۆرانە، بەشێوەیەك تێکەڵ بەم ئایینە یەکتاپەرستییە بوون.

ژمارەی یەشتەکان، سی یەشت بووە، کە بە ئەندازەی سی ڕۆژی هەرمانگێك بووە. لە ڕۆژژمێری ئێرانی دێرینەدا، هەر مانگێك بریتی بووە لە سی ڕۆژ و هەر ڕۆژێك بە ناوی یەکێك، کە ئەمشاسپەندەکان و ئیزەدەکان ناونرابوون.

ئێستا ژمارەی یەشتەکان تەنیا ٢١ یەشتە و هەر یەکەیان بەناوی یەکێ لە ئەمشاسپەند و ئیزەدەکانە.

یەشتەکان، جگە لەوەی ستایش ونیایشی ئاهورامەزدا و فریشتەکان وئیزەدەکان دەکەن، باسی بڕێك لە داستان وئەفسانە کۆنەکانی باووباپیرانمانی تێدایە. بەشە جۆراو جۆرەکانی یەشتەکان پێی دەبێژری (کردە) کە بە مانای (بەش) یا (فصل) دێت. هەرکردەیەك پێکهاتووە لە چەندین (بەند).

شایانی باسە بێژین کە بە گوێرەی ناوەڕۆکی پەرتوکی(دینکرد)، ئەم یەشتانە لە پێشاندا بەشێك بوون لە چواردەهەمین نەسك لە ٢١ نەسکەکانی ئاڤێستا و پێی بێژراوە(بغان یشت)واتە ستایشی بوغەکان(خواکان)ئەم(٢١)یەشتە کە ماوەتەوە ولەبەر دەستایە، لە ڕووی دێرینێتی و تازەییەوە،

لەیەکتر جیا ازن. چوار یەشتی یەکەمین، لەوانی دیکە تازەترن و ناگەنە پای یەشتەکانی دیکە، بە تایبەتی یەشتی۲ ،۳ و ٤، کە بریتین لە(هەفتن یەشت)ی بچووك، ئوردیبەهەشت و خرداد یەشت و ناوەڕۆکەکانیشیان زۆر گرنگ نین، دوا دوو یەشتیش (هوم یشت و وەنندیەشت) فرەکورتن و بایەخێکی ئەوتۆیان نییە.

یەشتەکانی دیکەش هەر یەکەی بایەخی بە باسێکی تایبەتی داوە، بۆنموونە لە(ئابان یەشت) و (تشتر یەشت)دا زێتر ڕووداوە سروشتییەکان باسدەکا، لە(مهریشت)و (فرودین یەشت)یشدا لە ڕووی خووڕەوشت و لە(زامیاد یەشت) پتر باسی گەورەیی و مەزنایەتی خونکارەکانی ئێران زەمین دەکات و ململانێکردنیان لەتەك تۆرانییەکاندا.

هاشم رضي نووسەری کتێبی (اوستا، سروودهای زرتشت) لەلاپەڕە-۲۲۹ دەبێژێ:

یەشتەکان دابەشدەکرێن بە دووبەشەوە:-

- بەشی یەکەم: ئەو یەشتانەن کە دێرینتر و ڕەسەنترن.
- بەشی دووەم: ئەو یەشتانەن کە لە سەردەم و دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتدا نووسراونەتەوە.

مەبەست لەم بۆچوونە ئەوەیە یەشتە دێرینەکان بریتین لەو سروودانەی کە لە سەردەمی سەرەتای زەردەشتی و ئایینی ئارییەکانە، ئەو سەردەمەی کە ئارییەکان خەریکی پەرستن وستایشی دیاردەکانی سروشتبوون، بۆ هەر یەکە لەو دیاردە سروشتییانە سەرپەرشتێکیان داتاشیبوو دەیانپەرست و سروودیان بۆ دەگوتن. ئەودیاردە سروشتییانەی کە لەو سەردەمەدا دەپەرستران بریتی بوون لە: میهر، ئاناهیتا، بەهرام، ئازەر، وات، مانگ، خۆر، زەوی، گیا، فرەوەشی، گئوشی، ئەرت، هوم، تشیتەر، ئاسمان، ئەنیران، بریك ئیزەدی دیکە. هەر یەکە لەم ئیزەدانە، یەشت یا سروود و ستایشی تایبەتییان هەبووە، کە باوەڕپێکراوەکانیان لەکاتی تایبەتدا و بە داب و نەریتی تایبەتی، سروودیان بۆ دەخوێندن و داوای یارمەتییان لێدەکردن و بۆ ئەم کارە دیاری وخەڵاتیان پێشکەش دەکردن.

زەردەشت، ئەم پەیامبەرە ژیرە، پەرستنی گشت ئەو خوا جۆراوجۆرانەی بەناڕەوا زانیوە و پەرستنی تەنیا بە شیاوی ئاهورامەزدای ئافەریدگاری دانا و ژیر داناوە.

هەروەکو لەمەوبەرگوتمان،زەردەشت تەنانەت بۆ یەکجاریش. لەسروودەکانی خۆیدا باسی ئەو خوایانەی نەکردووە، ئەو خوایانەی کە لە یەشتە دێرینەکاندا ناویان لێبراوە. بەڵام لەسەردەمی پاش زەردەشتدا دووبارە بە هۆی ئەو(کارتێکردنەی)، کە باوەڕە کۆنەکان لەنێو خەڵکدا هەیانبوو

فەرامۆشیان نەکردبوو، هەروەها ڕاڕایی پیاوە ئایینییە زەردەشتییەکان بووە هۆی ئەوەی ئەو خوا جۆراو جۆرانەی کۆن، بەشێوەی (ئیزەد) بێنەوە نێو ئایینی زەردەشتی و بەشێوەیەك ستایشیان لێبکرێت. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، سەرەتا دەستیان دایە زێدەکردنی چەند ڕستەیەك یاچەند بەندێك لەسەرەتا یا لە کۆتایی یەشتەکان. بۆ نموونە ئەم ڕستەیەیان خستە سەر سەرەتای (ئابان یەشت).

(ئاهورامەزدا وەحی کرد بۆ ئەسپەنتمان زەردەشت و گوتی ئەی زەردەشت بە دەستوورو بڕیاری من ئەم (ئەردویور ئاناهیتا) یە ستایش بکە....) بەم شێوەیە بەرەبەرە ئەم جۆرە ڕستەو بەندانە پتر و پتر هاتنە نێو یەشتەکان و جێگەی خۆیان کردەوە، یەشتی نوێیان پێکهێنا. کەوایە دەتوانین بێژین کە ئەو بۆچوون و بیروباوەڕ و باسانەی کە لە نێوان یەشتەکاندایە، بە تایبەتی یەشتە تازەکان هیچ فرێکیان بەسەر باوەڕ و ئامۆژگارییەکانی زەردەشتەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییان بە شێوەی بیرکردنەوەی ئایینی، مێژوویی و کێشەکانی ئەو خەڵکە هەیە کە لە پێش زەردەشتدا لەو ناوچەیەدا ژیاون.

بیست و یەك یەشتی ئاڤێستا بریتین لە:

ئاهورامەزد یەشت (هورموزد یەشت):

یەکەمین یەشتە و بەناوی ئاهورامەزداوە ناونراوە. ناوی یەکەمین ڕۆژی هەموو مانگێکیش هەر بەم ناوەوە ناودەبرێت.ئەم یەشتە پێکهاتووە لە٣٣ بەند و دەربارەی ئاهورامەزدا دەدوێت، هەفتا ناو و سیفەتی بۆ دانراوە وەك: دانا، داناترین، توانا، تواناترین، بەخشەندە، دروستکەری هەردوو جیهان، پیرۆزترین، میهرەبان، هۆی هەموو هۆیەك، پرشنگدار، و... هتد.

ئەمشاسپەندیەشت (هەفتەن یەشت):

دووەمین یەشتە.تایبەتە بە حەوت ئەمشاسپەندەکان

لە ئاڤێستای ئێستادا دووهەفتەن یەشت هەیە، یەکێکیان پێی دەبێژرێت هەفتەن یەشتی مەزن کە لە(یەسنا) کان دەژمێرێت، ئەوی دیکەیان پێی دەبێژرێت هەفتن یەشتی چکۆلە کە لە یەشتەکان دەژمێرێت.

ئەم یەشتە پێکهاتووە لە ١٥بەند، دەربارەی ستایشی ئاهورامەزدا، ئەمشاسپەند و ئیزەدەکان دەدوێت، هەروەها باسی پاداش وسزای کارەکان لەم جیهانە و جیهانی پاش مردن دەکات. لەم یەشتەدا زۆر بە ڕاشکاوی گیانی یەکتاپەرستی لە ئایینی زەردەشتیدا دەخاتەڕوو.

(ئاشا وەهیشتا) یەشت (ئوردی بەهەشت یەشت):

سێیەمین یەشتە، تایبەتە بە فریشتە ئاشاوە هیشتا. پێکهاتووە لە ١٩ بەند.

هائورتات یەشت (خورداد یەشت):

چوارهەمین یەشتە، تایبەتە بە فریشتە هائورتات، پێکهاتووە لە ١١ بەند.

تێبینی: ئەم چوار یەشتەی کە ناویان لێبرا، لە یەشتە تازەکان دەژمێرێن.

(ئەرد ویور ئەناهیتا) یەشت (ئابان یەشت):

پێنجەمین یەشتە، یەکێکە لە گرنگترین وکۆنترین یەشتەکان ودەربارەی ئەرد ویور ئەناهیتا دەدوێت. Aredrisara Anahita کە یەکێکە لە ئیزەدەمەزنەکان وئیزەدی تایبەتی(ئاوە). پێکهاتووە لە٣٠ بەش و (١٣٣ بەند).

هور خشیئت یەشت (خورشیدیەشت):

شەشەمین یەشتە، پێکهاتووە لە ٧ بەند. لەیەشتە تازەکان دەژمێرێت ودەربارەی ستایشی خۆردەدوێت.

ماونگە یەشت (ماه یەشت):

حەوتەمین یەشتە، پێکهاتووە لە ٧ بەند. لە یەشتە کورت و نوێکان دەژمێری.

تیشتریە یەشت (تیر یەشت):

هەشتەمین یەشتە، تایبەتە بەیەکی لە ئیزەدە گەورەکان(ئیزەدی باران).

پێکهاتووە لە٦٢ بەند. لە یەشتە کۆنەکانە.

درواسپە یەشت (گوش یەشت):

نۆهەمین یەشتە، تایبەتە بە ئیزەدی پارێزگەری ئاژەڵە سوودمەندەکان بریتییە لە ٢٢ بەند، ئەم یەشتە تازەنییە وتائەندازەیەك لە یەشتە دێرینەکان دەژمێری.

میترا یەشت (مهریەشت):

دەهەمین یەشتە، یەکێکە لە دێرینترین و دوورودرێژترین یەشتەکان.

تایبەتە بۆ ئیزەدی میترا Mithra کە لە پێش سەردەمی زەردەشتدا یەکی بووە لە خوا گەورەکانی نەتەوە هیندوئەورووپییەکان ومیللەتانی دیکەی ئاریایی،لە پاشاندا لە ئایینی زەردەشتدا لە ریزی ئیزەدەکاندا دانراوە.

میترائیسم، یەکێ لە دێرینترین ئایینەکانە کە لە ئێران زەمیندا بە کوردستانەوە هەروەها لە زۆر شوێنی دیکەی جیهاندا بلاوبووبۆوە، جێ پەنجەی ئەم ئایینە، لە فرە لە پرۆسەکانی ئایینی دواییدا،

بەتایبەتی لە بواری فەلسەفە و عیرفان و سۆفیگەری و هونەر و وێژە، دیارە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. ئەم یەشتە پێکهاتووە لە ١٤٦ بەند.

سرەئوش یەشت (سروش یەشت):

یانزەهەمین یەشتە. سروش ئیزەدی چاودێری ئایینی یەکتاپەرستییە.

لە ئاڤێستادا دوو سرووش یەشت هەیە، یەکێکیان پێی دەبێژری(سروش یەشتی سەرەتای شەو)، کە لە ڕیزی یەسناکانە(هات ٥٧). دووەمیان سروش یەشتە، کە لە ڕیزی یەشتەکانە و پێی دەبێژرێت سروش یەشتی هادوخت. پێکهاتووە لە(٢٣) بەند.

ڕەشنۆ یەشت(ڕەشن یەشت):

دوانزەهەمین یەشتە. ڕەشنو ئیزەدی داد و دادگەرییە و نەیاری درۆ و بێدادی و ستەمە. پێکهاتووە لە (٢٨)بەند.

بە گوێرەی نووسینەکانی پەهلەوی، ئەم ئیزەدە لەتەك ئیزەدەکانی میهروسروش پێکەوە لە ڕۆژی پەسلاندا داوەری ڕۆحەکان دەکەن.

فرەوەشی یەشت (فەروەردین یەشت):

سیانزەهەمین یەشتە، یەکی لە دێرینترین و دوور و درێژترین یەشتەکانە.

ئەم یەشتەش، هەروەك مهریەشت وئابان یەشت، بڕێك زانیاریمان دەربارەی بیروباوەڕی ئاریاییەکان پێدەدات. هەروەها نێوی گەورە پیاوان و پیاوچاکانی مێژووی ئەو سەردەمەمان پێڕادەگەیەنێت، تیایدا ستایشی ڕۆحی هەموو چاکان لە ژن و پیاو و منداڵ و ئەمشاسپەند و ئیزەدەکان دەکات.

ویریثرە غنە (بەهرام یەشت):

چواردەهەمین یەشتە. ئەم ئیزەدە(بەهرام) ئیزەدی سەرکەوتن و پاڵپشتی جەنگاوەران و دلێرانە.پێکهاتووە لە (٦٤) بەند.

وەیو یەشت (رام یەشت):

پانزەمین یەشتە، لە ئاڤێستادا پێی دەبێژری (ڕامە –ڕامەن) کە ماناکەی دەبێتە ئاشتی و ئاسایش.

چیستا یەشت (دەئینا یەشت یاخود دین یەشت):

شانزەهەمین یەشتە. لە ئاڤێستادا پێی دەبێژری دەئینا Daena وبەمانای بیرکردنەوە و ناسین و بیری مەعنەوییە.

هەرچەندە ئەم یەشتە بەناوی دین یەشتە، بەڵام دەربارەی چیستا Tehista، کە ئیزەدی زانیارییە دەدوێت و پێکهاتووە لە (٢٠) بەند.

ئەشی وەنگوهی (ئەرت — ئەرد یەشت):

حەڤدەمین یەشتە، یەکێکە لەو ئیزەدانەی کە لە ئایینی زەردەشتدا فرە بایەخی پێدراوە، لە ئاڤێستادا پێی دەبێژری ئاشی Ashi ئەم ئیزەدە، ئیزەدی سامان وخێرو خۆشییە. پێکهاتووە لە (٦٢) بەند.

ئەئیریتم خوارنو (ئاشتاد یەشت):

هەژدەهەمین یەشتە. لە ئاڤێستادا پێی دەبێژرێت ئارشتات Arshtat بەمانای ڕاستی و دروستییە.پێکهاتووە لە (٩) بەند.

کوەئینم خوارنو (زامیاد یەشت):

نۆزدەهەمین یەشتە. لە یەشتە کۆنەکان دەژمێردرێت.زامیاد ئیزەدی پاسەوان و سەرپەرشتی زەوییە.پێکهاتووە لە(٩٦)بەند،لە ڕابردوودا پێیان دەگووت(کیان یەشت)، چونکە زێتر باسی شاکانی کەیانی دەکات وجێگەیەکی تایبەتی بۆ کەیانییەکان داناوە.

لەم یەشتەدا، زێتر باسی (فەڕی کەیانی) دەکات، مەبەست لە (فەر)لێرەدا ئەو ڕوونـاکی و نورو هێزی ئاسمانییەیە کە هەرکاتێك ئەم (فەڕە) لە هەرکەسێکدا بێت، لە سەرکردایەتی و پاڵەوانێتی و پەیامبەری و ڕاستی و مرۆڤایەتی و هەموو خاسییەك، بەهرەمەند دەبێت. لەبەندی ٨٨ــ ٩٦ زامیاد یەشت دەبێژێ:

((پاش ئەوەی (سوشیانس) دەردەکەوێت، هەموو جیهان پڕ لە دادوحیکمەت دەبێت، بەختەوەری وخۆشی ڕوودەکەنە جیهان، بیر و کردار و گوفتاری خاس سەردەکەون. هەموو گێتی لە درۆ پاکدەبێتەوە.دوژمنایەتی بنبڕدەبێ. ڕاستی بەسەر درۆدا سەردەکەوێت. بیری خراپ بەرامبەر بیری خاس شکست دەخوات، فریشتەکانی خورداد و ئەمرداد بەسەر دێوی برسێتی و تینووێتیدا سەردەکەون، ئەهریمەن دەشکێ و ڕادەکا.

هئوم (هوم یەشت):

بیستەمین یەشتە. لەناو ئاڤێستادا بە هوم دەبێژرێت هەئومە haoma هوم ناوی گیایەکە خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەرەوەی لێدروست دەکرێ، کە پێی دەبێژرا(ئەشام هوم).

ئەم خواردنەوەیە هەر لەمێژەوە(واتە پێش سەردەمی زەردەشت)لای ئاریاییەکان پیرۆز بووە و لەکاتی ڕێوڕەسمی ئایینیدا دەیانخواردەوە. زەردەشت لە گاتاکاندا ئەم خواردنەوەیەی قەدەغەکردبوو، بەڵام پاش زەردەشت دیسانەوە ئەم خواردنەوەیە هاتەوەئارا، بەڵام بە ئەندازەیەکی کەمتر دەخورایەوە.

شایانی باسە، تەنیا لەدوو بەندی ئەم یەشتە ستایشی هوم کراوە، بەڵام لەکاتی نووسینەوەی ئاڤێستادا ئەم یەشتە خراوەتە سەر یەسنا و لە هاتی (١١،١٠،٩)دانراوە بە ناوی هوم یەشت.

وەننت (وەنەند یەشت):

بیست و یەکەمین و دوا یەشتە. وەنەند یا وەنەنت، ناوی هەسارەیەکە و بەمانای (سەرکەوتوو)ە. کورتترین یەشتە و پێکهاتووە لە تەنیا یەك بەند.

لێرەدا وای بەباش دەزانم بڕێك لەو یەشتانە بخەمە بەر چاو:

هورموزد یەشت: ئەم یەشتە بەسەردەستەی بیست و یەك یەشتەکانی ئاڤێستا دەژمێردرێت. لە ڕاستیدا پێکهاتووە لە نێو و (سیفات و شایستەییەکانی)ی ئاهورامەزدا و بریتییە لە ٣٣ بەند.

سەرەتا،لەم یەشتەدا،زەردەشت پرسیار لە ئاهورامەزدا دەکات، کە چ چاکە و پەرستن و کاری خاسێك باشترین پاداشتی دەبی لە پەسلاندا.

ئاهورامەزدا تا کۆتایی بەندی شەشەم باسی سیفات و شایستەییەکانی خۆی بۆ زەردەشت دەکات. لەسەرەتای بەندی حەوتەمەوە، دووبارە ئاهورامەزدا باسی بیست و یەك ناوی خۆی دەکاتەوە(دوانزەهەمین ئاهورایە و بیستەمینی مەزدایە). لە بەندی نۆهەم تا یانزەهەم دەربارەی کاریگەرێتی و خاسییەتی ناوەکانە. لەبەندی دوانزە تا پانزە ئاهورامەزدا دەربارەی سی و چوار سیفەتی دیکەی خۆی دەدوێ. بەندی بیستەم تا بیست و دووەم بریتییە لە نزا و نیایش و بەندی بیست و سێیەم بریتییە لە نوێژە بەناوبانگەکەی زەردەشتییەکان کە پێی دەبێژن (یەتا ئەهو وەئیریو). لەبەندی بیست و چوارەمدا ئاهورامەزدا داوا لە زەردەشت دەکات، کە چاودێری لە پەیڕەوانی ئایینەکەی بکات و لە نەیاران بیانپارێزێت. لەبەندی بیست و پێنجەمدا دەربارەی ئەمشاسپەندەکان بۆ زەردەشت دەدوێت. بەندی بیست و حەوت باسی سپەندارمەند دەکا. لەبەندی بیست و هەشتدا زەردەشت دەربارەی پاشەڕAۆژی مرۆی پاك پرسیاردەکات. بەندەکانی دیکە ستایشی ئەمشاسپەندەکان و ئاهورامەزدایە و دوا بەندیش بە نوێژی (ئەشم وەهو) کۆتایی دێت.

دەقی ئەم یەشتە بەم جۆرەیە: (لە کتێبی یشتها ، قسمتی از کتاب مقدس اوستا — جلد اول- تفسیر و تألیف پور داود) وەرگیراوە.

زەردەشت لە ئاهورامەزدای پرسی: ئەی ئاهورا، تۆئەی پیرۆزترین بیر و هۆش و دروستکەری جیهانی مادی، ئەی دیاردەی وتەی ئاسمانی، چ شتێك تواناتر، چ شتێك سەرکەوتووتر، چ شتێك بڵندتر و پایە بەرزتر و چ شتێك بۆ ڕۆژی پەسڵان کاریگەرترە؟

چ شتێك سەرکەوتووترین، چ شتێك چارەسازترین، چ شتێك زێتر بۆ دژایەتی خراپەکاران (دێوەکان) کارسازترە، لە جیهانی مادیدا چ شتێك پتر کاردەکاتە سەر بیری مرۆڤ بۆ باش بیرکردنەوە،لەسەراسەری جیهانی مادیدا چ شتێك خاستر ویژدان پاکدەکاتەوە.

ئەوساٸاهورامەزدا گوتی، ئەی سپەنتمان زەردەشت، بیرکردنەوە و وردبوونەوە لەناوی من وئەمشاسپەندەکان، تواناترین و سەرکەوتووترین و پلە بەرزترین مایەی ڕزگارییە لە جیهانی مادی و مەعنەویدا، دەبێتە هۆی بەختەوەری و خاس بیرکردن و سەرکەوتن بەسەر خراپەدا.

ئەمە سەرکەوتووترین و چارەسازترینە. ئەمە خاسترینە بۆ دژایەتی دێوەکان و درۆزنان و کارسازترینە. ئەمەیە کە لە سەراسەری جیهانی مادیدا کاردەکاتە سەر بیر و هۆش. ئەمەیە لەسەراسەری جیهانی مادی خاستر ویژدان خاوێن دەکاتەوە.

زەردەشت گوتی، ئەی ئاهورامەزدای پاك، ئەو ناوەی خۆتم پێ بێژە کە مەزنترو خاسترو جوانترە و لە ڕۆژی پەسڵاندا گرنگتر و چارەسازتر و باشترە، بۆ دژایەتی دێوەکان و درۆزنان کارسازترە.

بۆئەوەی ئەز بەسەر گشت درۆزنان ودێوەکان سەرکەوم و زاڵ بم بەسەر هەموو جادووەکان و پەرییەکان تا هیچ کەس نەتوانێت بەسەرمدا زاڵ بێت، نەدێو نە مرۆڤ نە جاد و نەپەری.

ئەوسا ئاهورامەزدا گوتی.ئەی زەردەشتی پاك، ئەز سەرچاوەی هەموو زانست و زانیارییەکم، دووەم، کەسێك کە ئاژەڵ ومەڕومالاّت دەبەخشی، منم، سێیەم، کەسێك کە توانایە، چوارەم کەسێك کە خاسترین ڕاستییە، پێنجەم، دیاردەی هەموو نیعمەتە پاکەکانم، شەشەم، منم بیر و هۆش، حەوتەم، منم ژیر، هەشتەم، منم دانایی نۆیەم، منم دانا.

دەهەم، ئەزم پیرۆزی، یانزەهەم، ئەز پیرۆزم، دوانزەهەم، ئاهورام، سیانزەهەم، بەهێزترین، چواردەهەم، منم کە دوژمن زەفەرم پێ ئابات، پانزەهەم، نەبەزم، شانزەهەم، کەسێکم کە پاداشتی هەمووانم لە یادە، حەڤدەهەم، چاودێریکەری هەمووانم، هەژدەهەم، دەرمانکەری هەموانم، نۆزدەهەم، ئەز ئافەریدەگارم، بیستەم، منم کەپێم دەبێژری مەزدا.

ئەی زەردەشت، دەبی تۆ هەمیشە ستایشی من بکەیت بە پێشکەشکردنی خاسترین (زەور)(٣٨) بۆئەوەی ئەز، ئاهورامەزدا یارمەتیت بدەم و بەدەمتەوە بێم، سروشی پیرۆزیش یارمەتیت دەدا، هەموو سەرپەرشتانی ئاوەکان و ڕووەکەکان و ڕۆحیانەتی چاکانیش دێنە لات بۆ یارمەتیدانت

ئەی زەردەشت،گەر دەتەوی سەرکەویت بەسەر دێوەکان و خراپەکاران و جادووگەران و پەرییەکان و کاوییەکان و کەرپەنەکانی ستەمگەرو چەتە و ڕێگرە دووپاکان و گومڕێکەرانی دوو پێ و گورگە چوار پێکان.

بە هەڵکردنی ئاڵای شەکاوەوە بەسەر سوپای نەیاران سەرکەویت، دەبێ هەمیشە ئەم ناوانەم لەسەر وێردی زمانت بێت و وردوری پێبکەیت.

منم پشتیوان، منم ئافەریدەگار و پارێزگەر، منم مەعریفەت و پیرۆزترین بیر و هۆش و چارەساز، ناوم چارەسازترینە، ناوم پێشەوایە، منم خاسترین پێشەوا، ناوم ئاهورایە، ناوی منە مەزدا، ناوم پاکە و پاکترینم، ناوم زانایە و ناوی منە زاناترین، ئەز بینام و ناوم فرەبینایە، من دووربینم و ناوم زۆر دووربینە.

پاسەوان ناوی منە، پاڵپشت وپشت وپەنا ناوی منە، دروستکەر ناومە، چاودێر ناوی منە، بەخێوکەر ناوی منە، وەدیهێنەری خاسترین شالیاری ناومە، ناوم شالیاری دادگەرە، دادگەرترین شالیارم ناوە.

فریونەدەر ناومە، کەسێك کە فریوناخوا ناوی منە، کەسێك کە بە تواناوە سەردەکەوێ، ناوی منە، کەسێك کە بەیەك لێدان سەردەکەوێ منم، بەسەر هەمووان زاڵ دەبی ناوی منە، دروستکەری هەموان منم، بەخشندەی گشت خۆشییەکانم ناوە، بەخشندەی فرە خۆشییەکانم ناوە، بەخشندەم ناوە.

کەسێك کە بە ویست و خواستی خۆی خاسی بکات منم، ئەز کەسێکم کە بە ویستی خۆم پاداش دەدەم، مەزنان مەزنترم، ناوم شایانی شالیارییە،ناوم دانایە ودانا‌ترین، ناوی منە، نیگەرانی پاشەڕۆژ منم، ئەمانەیە ناوەکانم.

ئەی زەردەشت، لەم جیهانی مادییەدا، کەسێك لەبۆ من ئەم ناوانە لەژێر لێوەوە و بە ئاواز و بە دەنگی بەرز، بەشەو و ڕۆژ بخوێنی و بیلێتەوە.

کەسێك کە ئەو ناوانە لەکاتی هەڵسان یا لەکاتی نووستندا، لەکاتێکدا کە (کشتی دەبەستێت یا دەیکاتەوە، لەکاتێکدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەڕوات، یا لە کاتی سەفەرکردن لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی دیکە، بخوێنێت.

ئەو جۆرە کەسانە، نە لە ڕۆژ و نە لە شەودا، نە چەقۆ کاریان تێدەکا نە تەورزین، نە تیر و نە خەنجەر، نە گورز، کە لەلایەن کەسێکەوە کە هەموو گیانی پڕ لەقین و درۆیە و تێی دەگری و بەردی قۆچەقانیش نایگاتی.

ئەم بیست ناوە هەروەك كلاوزرێی پشت سەر و زرێی سەرسینە وایە بۆ ئەو كەسە كە لە هەموو بەلا و خراپەی نەیاران و ئەهریمەنی ناپاك و گەندەڵ دەپارێزێت. هەروەك ئەوەی كە هەزار پیاو پارێزگاری لە پیاوێك بكات.

كێیە ئەومرۆ دانا و سەركەوتووە، كە بە فەرمانی تۆ دەبێ خەڵك لە پەنای خۆیدا ڕابگرێت، پێم بێژە بە هۆی ئیلهامەوە كێیە ئەو كەسەی كراوە بە داوەر و ڕزگاركەری ئەم جیهانە، ئەو داوەرەی كەوا خاوەن بیری پاك و هێزی فەرمانبەرداریە، ئەو داوەرەی كە لەلایەن خۆتەوە هەڵبژێراوە، ئەی مەزدا.

درود و سلاو بۆ (فەڕ) ی (٣٩) كەیانی، درود و سلاو بۆ ئاریاویج، درود و سلاو بۆ(سەئوك)(٤٠)، درود و سلاو بۆ ئاوی دائیتا، درود و سلاو بۆ ئاوی ئەرد و سیورناهید، درود و سلاو بۆ گشت زیندەوەرە پاكەكان.

یەتا ئەهو..... وەكو خاسترین و باشترین سەروەر، زەردەشت باشترین داوەرە، كەسێكە كە بە گوێرەی یاسای پیرۆز، كرداری جیهانی بیری چاك بۆلای مەزدا، شالیاری، كەوەك پاسەوانی بێچارە و بێدەرامەتان دانراوە، بۆ لای ئاهورا هێنا.

ئەشم وەهو..... ڕاستی خاسترین نیعمەتە و مایەی بەختەوەرییە كەسێك بەختەوەرە كە باشترین ڕاستی ئارەزوو دەكات.

ستایشت دەكەین ئاهوناوەئیریا و ئاشاوەهیشتا، خاسترین ئەمشاسپەند، ستایشت دەكەین هێز و توانایی و سەركەوتن و فەڕ، ستایشت دەكەین ئاهورامەزدای پایەبەرز و شكۆمەند. ئاهورامەزدا لەنێو هەموو زیندەوەراندا، لەنێو ژنان و پیاواندا، ئەو كەسە دەناسێت كە ستایشی دەكەن، بە هۆی (ئاشا) وە خاسترین پاداشتی پێدەبەخشێت. ئەم جۆرە پیاوانە و ئەم جۆرە ژنانە ستایشت دەكەین.

یەتا ئەهو وەئیریو.... وەكو خاسترین و باشترین سەروەر،زەردەشت باشترین داوەرە، كەسێكە كە بە گوێرەی یاسای پیرۆز، كرداری جیهانی بیری چاك بۆ لای مەزدا، شالیاری كە وەك پاسەوانی بێچارە و بێدەرامەتان دانراوە، بۆ لای ئاهورا هێنا.

درود و ستایشت و هێز و توانا دەخوازم بۆ ئاهورای پایەبەرز و شكۆمەند.

ئەشم وەهو... ڕاستی خاسترین نیعمەتە و مایەی بەختەوەرییە، كەسێك بەختەوەرە، كە باشترین ڕاستی ئارەزوودەكات.

ئەی زەردەشت، دەبی هەمیشە دۆست و یاران لە دوژمن و نەیار بپارێزیت. نابێ ڕەوا ببینی كە دۆست بخەیتە مەترسییەوە، ڕێگەمەدە تووشی ئازاروئەركی گران بن مەهێڵە ئەو خاوەن باوەڕانە، كە بۆ ئێمە و فریشتەكان دیاری یاخود كەمترین فدیە دەهێنن، خۆیان تووشی سەغڵەتی بكەن.

ئەی زەردەشت، ئەمەیە وەهومەن ئافەریدەی من، ئەمەیە ئۆردیبەهەشت ئافەریدەی من، ئەی زەردەشت، ئەمەیە شەهریوەر ئافەریدەی من، ئەی زەردەشت، ئەمەیە سفەندارمەند ئافەریدەی من، ئەی زەردەشت ئەمانەن خورداد و مورداد هەردووکیان لە ئافەریدکانی منن. پاداشتی ئەو پاکانەی کە دێنە جیهانی هەمیشەیی بە هۆی ئەوانەوە دیاری دەکرێت.

... (٤١)... ئەی زەردەشتی پاك، بە هۆی هێزی ڕۆحی وزانستی منەوە، ژیانی داهاتوو چلۆن دەبێ و لە کۆتایی ژیاندا دەبێ چلۆن بێت.(٤٢)

بە هۆی خۆشەویستی و ئەوینی پاکەوە (سپەندارمەند)، هەزار دەرمان و دەهەزار چارە دەگاتە پاکان و خاوەن باوەڕەکان و بە هۆی ئەوەوە دوژمنایەتی و دژایەتی نەیاران لەناو دەچێت. بە هۆی ئەو و ئیرادەی ئاهورامەزداوە دەرد و بەلا و خراپەی ڕێگران و چەتەکان و ئەوانەی نیزام و ڕاستی تێکدەدەن، لەناودەچێت. دەستیان ببەستنەوە و چەکیان بکەن با هەمیشە لە بەندا بن.

ئەی مەزدا، ئایا پەیڕەوان و لایەنگرانی ئایینی پاك بەسەر درۆزنان و درۆپەرستان سەردەکەون، پاکدین بەسەر درۆدا زاڵدەبی، ڕێڕەوانی ڕێگەی ڕاست سەردەکەون بەسەر پەیڕەوانی درۆدا. ستایشت دەکەین هێز و توانایی بیستنی (حاسه السمع) ئاهورامەزدا کە وتەی پیرۆزی بیستێنرا، ستایشت دەکەین هێز و توانای پاراستنی ئاهورامەزدا کە وتەی پیرۆزی پاراست، ستایشت دەکەین زمانی ئاهورامەزدا کە وتەی پیرۆزی بەیانکرد. شەو و ڕۆژ کێوی (ئوشیدەم ئۆشیدەرنە) ستایشت دەکەین.

زەردەشت گوتی، بە هۆی ئەمەوە، دەتان کەمە ژێر زەوییەوە بە هۆی چاودێری سپەندارمەدەوە، جەردە و چەتەکان چاڵ دەکرێن.

هەزار دەرمان و دەهەزار چارەمان پێبگات.

ڕۆحیانەتی(فرەوەهر) ئەم پیاوە خاس و پاکە، کە پێی دەبێژرێت (ئەسموخوانونت)(٤٣) ستایشت دەکەین،لەمەودوا گەرەکمە هەروەك خاوەن بیروباوەڕێك ڕۆحیانەتی گشت پاکدینان ستایشت بکەم.

ڕۆحیانەتی (فرەوەهر) گائوکرنە Gaokerena(٤٤)ی بەتوانا و ئافەریدەی مەزدا ستایشت دەکەم. گائوکردنەی بەتوانا و ئافەریدەی مەزدا ستایشت دەکەم.

ستایشت دەکەین هێز و توانایی بیستنی ئاهورامەزدا کە وتەی پیرۆزی بیستێنرا ستایشت دەکەین هێز و توانایی پاراستنی ئاهورامەزدا کە وتەی پیرۆزی بەیانکرد.

کێوی ئۆشیدەم ئۆشیدەرنە شەو و ڕۆژ ستایشت دەکەین.

ئەشم وەهو..... ڕاستی باشترین نیعمەتە و مایەی بەختەوەرییە.

کەسێك بەختەوەرە کە باشترین ئارەزووی ڕاستی بێت.

ستایشت دەکەین سفەندارمەندی پیرۆزی کارساز، لەبەر ئەوە گەرەکمانە کە لە هەموان مـەزنترە و ئەو ئاهورامەزدایە بە گەورە و سەروەری خۆمانی دەزانـین تـا بتـوانین ئەهریمـەنی بـەدکار لەناوبـەرین بۆئەوەی ڕق و کینـەی چـەکی خوێنـاوی دامـرکێنین بۆئـەوەی فریشـتەکان بڵندبکەینـەوە، بۆئـەوەی هەسارەی شکۆمەند و ڕۆشەنی (تشتر) بەرزبکەین، بۆئـەوەی مرۆڤـی پـاك بەرزبکەینـەوە، بۆئـەوەی گشت ئافەریدەکانی بیر پاك و پیرۆز بەرزبکەینەوە.

ئەشم وەهو..... ڕاستی باشترین نیعمەت ومایەی بەختیارییە.

کەسێك بەختەوەرەکە باشترین ئارەزووی، راستی بێت.

کەسێك کەستایشتت بکات، تۆ فـەڕ و ڕۆشـنایی، پـێ ببەخشـە، مـاڵ و منـداڵی شـیاوی پـێ ببەخشە،

تەمەنی درێژ و بەهەشت و ڕووناهی هەمیشەیی پێ ببەخشە،

ئەشم وەهو.....

هەزار دەرمان و دەهەزار چارەی پێ ببەخشە.

ئەشم وەهو....

ئەی مەزدا، بگەرە فریام

میترا یەشت ((مهر یەشت))

ئەم یەشتە تایبەتە بە میترا(میپـرە Mithra) کـە یـەکێك بـووە لـە خـوا دێرینـەکانی نەتـەوە ئاریاییەکان، لە زۆر شوێنی جیهاندا بڵاوبووبۆوە. لەکۆنترین یەشتەکان دەژمێردرێـت، بـەڵام مـەخابن ئەمیش بە هۆی بڕێ لە نووسەرە زەردەشتییەکان دەستکاری کراوە. مهر (میترا) چەندین مانای هەیـە وەك، خۆشەویستی، بەڵێن و پەیمان، خۆر. یوستی Yustiپـاش لێکۆڵینـەوە دەربـارەی مانـای ئـەم وشەیە، بە پەیوەنـد و نێـوانجی لـە نێـوان تیشـك و ڕوونـاکی ئـاهورایی لەتـەك تیشـك و ڕوونـاکی دروستکراو داناوە، بە واتەیەکی دی نێوانجییە لـەنێوان ئافەریـدەگار و ئافەریـدەدا. شـایانی باسـە لـە گاتاکاندا تەنیا یەکجار ووشەی **میثرە** هاتووە، ئەویش نە بەمانای فریشـتە بـەڵکو بـە مانـای ئـەرکی ئایینی دەربارەی پەیمانشکێنی. دارمستەتر Darmesteter بـەمانای خۆشەویسـتی و دۆسـتایەتی لێکیداوەتەوە.

میترایەشت یادەوەرییەکی خاسی سەردەمی ئاریا کۆنەکانە، کە جـێ پەنجـەی چاکسـازی ئـایینی زەردەشتی تێدا بەرچاو دەکەوێت.

تیل Tiele، رۆژهەڵاتناس و زانای هۆڵەندی، ئـەم یەشـتەی یـەکاڵاکردووە و ئاسـەواری بـاوەڕی نەتەوە ئاریاییەکان و چاکسازییەکان و تازەکردنەوەکانی لەلایـەن ئـایینی زەردەشـتییەوە دەستنیشـان کردووە.

لەنێو ئەم یەشتەدا (میترایەشت) دەتوانین دوو باسی سەرەکی دەستنیشـان بکـەین و پەنجـەی بـۆ ڕابکێشین، یەکەمیان (ڕاستی) و دووەمیان (دلێری)یە. میترا هەمیشـە ئامادەیـەو لەسـەر پێیـە بـۆ یاریدەدانی ڕاستگۆیان، شکاندن و لەناوبردنی درۆزنان و پەیمان شکێنان.

لەسەرەتای ئەم یەشتەدا، باسی ئەوە دەکا کـە مـیترا ئافەریـدەی ئاهورامـەزدا و بـۆ چـاودێری و پاراستنی پەیمان و بەڵێن لەنێو خەڵکدا دروستکراوە.

کەوایە دەبێتە فریشتەی تیشك و رووناکی، بۆئەوەی هیچ شتێکی لـێ شاراوە نەبێت و لە هـەموو گێتیدا هەموو راستی و درۆیـەك و پـەیمانێك کـە دەبەسـترێت و یـا دەشـکێنرێت، لای ئاشـکرابێت، بۆئەوەی بە خاسی بـە ئـەرکی سەرشـانی هەڵسـێت، ئاهورامـەزدا هـەزار گـوێ و دە هـەزار چـاوی پێبەخشیوە (واتە هەموو شتێك دەبیستێ و دەبینێ).

میترا، لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیەو هەرکەسێك سکاڵای لا بکات و داوای یارمـەتی لێبکـات هەرچەندە بە دەنگێکی لاواز و نوزەشەوە بێـت، گوێی لێیەتی و بە دەنگییەوە دەچێت.

میترا، فەرمانڕەوایی و هێز و توانا دەبەخشێ، بۆیەکا جەنگاوەران و چینی گەورە پیاوان، زێتر لـە فریشتەکانی دیکە پەنا بۆ ئەم دەبەن.

لەبەندی (١٣و ٩٥)ی ئـەم یەشـتە ئـەوەمان بـۆ ڕووندەبێتـەوە کـە مـیترا فریشـتەی تیشـك و ڕووناکییەوە یەهیچ جۆرێك (خۆر) نییە، چونکە تیایاندا دەبێژێ کـە مـیترا لـەپێش هـەڵهاتنی خـۆر دەردەکەوێت ولەپاش ئاوابوونیدا، دەگەڕێت. هەروەها لەبەندی ١٤٥ دەبێژێ: (هەسارەکان و مـانگ و خۆر ومیترا شالیاری گشت دەڤەرەکان ستایشت دەکەین.)

بەشی یەکەم (کردە ١)

بەندی ١:

ئاهورامەزدا بە ئەسپەنتمان زەردەشتی گوت:

ئەی ئەسپەنتمان، هەر ئەو کاتەی کە ئەز مـیترام (مهـر) کـە خـاوەنی دەشـتی پـان و بەرینـە، ئافراند، ئەوم لەڕووی شیاوبوونی ستایشت و ڕێـزەوە لەتـەك خۆمـدا کـە ئاهورامـەزدام بـە یەکسـان ئافراند.

بەندی ٢:

ئەی ئەسپەنتمان، بێبەڵێن و پەیمانشکێنی بەدکار، هەموو وڵات وێران و خاپووردەکات. ئەو جۆرە کەسانە بە ئەندازەی سەد کەسن کە بەگوناهی (کەیزە) گیرۆدە دەبن و کردەیان وەك بکوژی مرۆیەکی پاك دینە.

ئەی ئەسپەنتمان، نەکەیت هەرگیز پەیمان بشکێنی، نە پەیمانێك کە لەتەك درۆزنێك بەستبێتت و نە پەیمانێك کە لەتەك ڕاستگۆیەکدا بەستبێتت، چونکە هەردووکی هەر پەیمانە و نابێ لێی پاشگەزبیتەوە.

بەندی ٣:

میترا (مهر) کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینە، بەو کەسانەی کە درۆی لەتەکا ناکەن و پەیمانشکێن نین، ئەسپی توندەڕەو دەبەخشێ، ئازەری(٤٥) مەزدا ئاهورا ڕێگەی ڕاست و دروست پێشانی ئەو کەسانە دەدات، کە درۆ لە تەك میترا ناکەن، فرە وەهری پیرۆز و خاس و بەتوانای پاکەکان،وەچەی تێکۆشەر و دلێر و هۆشیار و خاس بەو کەسانە دەبەخشێت کە درۆ لەتەك میترا نەکەن و پەیمان نەشکێنن.

بەندی ٤:

لەبۆ فەر و تیشکی میترا نزا و ستایشتی دەکەم.

میترا کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینە و چاودێری وڵاتانی ئاریە، لەم سەر زەوییەدا ئارامی و تەبایی، پیت و بەرەکەت دەهێنێتەدی، چارەسەری دژواریەکان دەکات، بەختەوەری و سەرکەوتن بۆ خەڵك دەهێنێ، چونکە دلێرە و لە هەموو شوێنێکدایە و شایانی ستایشت و ڕێزلێگرتنە.

بەندی ٥:

ئەو کەسەی کە بەهێزە و لە هەموو شوێنێکدا سەرکەوتووە و هەرگیز فریونادرێت، لەسەراسەری جیهانی مادیدا شیاوی ستایشت و نیایشتە، ئەو، میترا(مهر)یە کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینە.

بەندی ٦:

ئەو ئیزەدە بەهێز و توانایە، ئەو بەهێزترین ئافەریدەیە، ئەو میترایە، بە پێشکەشکردنی (زەور) ستایشت دەکەین.

ئەو میترایەی کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینە بە (هوم)ی ئاوێتە بە شیر، بە (بەرسەم)، بەزمانی ئەقل، بەبیر و کردار و گوفتاری پاك ستایشت دەکەین.

بەندی ٧:

ستایشتی میترا(مهر) دەکەین کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینە، کەسێك کە ئاگایە لەقسەی ڕاست و بەدروستی ڕایدەگەیەنێت. ڕەوانبێژێك کە خاوەنی هەزار گوێیە، خۆش ئەندام و باڵا بەرزێك کە هەزار چاوی هەیە و لەسەر قوللەیەکی بەرز ڕاوێستاوە، بەهێز و توانایە، دلێرێکە کە هەمیشە پاسگرە(پاسەوانە) و خەو ناچێتە چاوییەوە و چاودێری کرداری خەڵکە.

بەندی ٨:

ئەوەی کە سەرکردەکانی هەردوو تاقمە شەڕکەران لەکاتی هێرشکردنە سەر یەکتری، لێی دەپاڕێنەوە و دیاری بۆ دەهێنن و داوای یارمەتی لێدەکەن.

بەندی٩:

میترای خاوەن دەشتی پان و بەرین لەتەك فریشتەی (با)ی سەرکەوتوو(داموئیش ئوپەمەن) (یەکێکە لەفریشتەکانی هاوکاری میترا) ـ ڕوودەکەنە ئەو دەستەیەی کە بە دڵی پاك و بیری خاس و باوەڕێکی ڕاستەقینەوە نیایش و ستایشتیان کردووە و یارمەتییان دەدەن.

بەشی سێیەم (کردە ٣)

بەندی ١٠:

لەم بەندەدا، دروست هەمان بەندی ٧ دووپات دەبێتەوە.

بەندی ١١:

ئەو کەسەی کە، شۆڕ سوارەکان لەسەر زینی ئەسپەکانیانەوە، ستایشتی دەکەن و بۆ بەخشینی هێز و توانا بە ئەسپەکانیان و لەبۆ تەندروستی خۆیان نیایشتی دەکەن، بۆئەوەی بتوانن لەدوورەوە نەیارەکانیان بناسن و بەسەر دوژمنە بیر خراپ و دڵپیسەکان سەرکەون، لەبۆ فەڕ و تیشکی میترا.. (بەندی ٤و٥و ٦ لێرەدا دووپات دەکرێنەوە).

بەشی چوارەم (کردە ٤)

بەندی ١٢:

لێرەدا دووبارە بەندی ٧ دەخوێنرێتەوە.

بەندی ١٣:

یەکەمین ئیزەدێکی مەعنەوییە کە پێش هەڵهاتنی (خۆر)ی لەناونەچوی تیژئەسپ، لەسەر لوتکەی کێوی (هەرا) ـ واتە کێوی ئەلبورز ـ هەڵدێت. یەکەمین کەسێك کە بە بەرگی زێڕینەوە لەسەر لوتکەی ئەو کێوە هەڵدێت و دەڕوانێتە وڵات و ژیانی هەموو ئاریاییەکان.

بەندی ١٤:

ئەو شوێنانەی کە فەرمانڕەوایانی دلێر، سوپایەکی فرە و جوامێر ساز دەکەن، کە لەو شوێنانەدا کێوو چیای سەرکەشو دەشت و لەوەڕگایەکی زۆر بۆ ئاژەڵەکانیان هەیە، ئەو شوێنانەی کە دەریای قوولّ و بێ بن و ڕووبار و چۆمی گەورە و پان کە کەشتی پێایدا دەڕوات، دەبینرێت.

١٥:

میترای توانا نیگەرانی هەموو سەرزەمینی ئاریاییەکانە، نیگەرانە بۆ وڵاتانی وەك ئەریزەهی Arezehi، سەوەهی Savahi، فرە دەزەفشو Fradazafshu، ڤیدەزەفشو Vidazafshu ڤاوروبەریشتی Vauru – bareshti، ڤاوروجەریشتی Vouru – Djare shti و خفەنیرەپ Khvanirath،(٤٦) ئەو شوێنانەی ئاژەڵێکی فرەی تیادایە و بە ئارامی لە لەوەڕگاکانیان دەلەوەڕێن.

بەندی ١٦:

ئەو ئیزەدە مەعنەوییەی کە (فەڕ) و شالیاری دەبەخشێت، هەموو دەڤەرەکان دەگەڕێت، ئەو کەسانە سەرکەوتوودەکات و ئەو پاکدینانەی کە ڕێگەی ئایینی ڕاستیان گرتۆتەبەر دەگەیەنێتەئامانج کە لەتەك پێشکەشکردنی (زەور)دا ستایشتی بکەن. (لێرەدا بەندی ٤و٥و٦ دووپات دەکرێنەوە).

بەشی پێنجەم (کردە ٥)

بەندی ١٧:

ستایشتی میترا(مهر)دەکەین، ئەو کەسەی کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینە، کەسێك کە ئاگایە لەقسەی ڕاست و بەدروستی رایدەگەیەنێت، ڕەوانبێژێك کە خاوەنی هەزار گوێیە، خۆش ئەندام و بالاّ بەرزێك، کە هەزار چاوی هەیە و لەسەر قوولەیەکی بەرز ڕاوێستاوە، بەهێز و توانا و دلێرێك، کە

هەمیشە پاسگرە (پاسەوانە) و خەو ناچێتە چاوییەوە و چاودێری کرداری خەڵکـە. کەسێك کـە هـیچ کەس، نە گەورەی ماڵ، نە گەورەی گوند، نە کوێخا و نە گەورەی ناوچە و نە هیچ شالیارێك ناتوانێـت و توانای ئەوەی نییە درۆی لەتەکدا بکات.

بەندی ١٨:

ئەگەرکو کەسێك لەمانە (گەورەی ماڵ، گەورەی گوند....) بەناوی میتراوە (مهر) بەڵێن و پـەیمان بشکێنێ و درۆی بەدەمەوە هەڵبەستێ یاخود درۆبکات، میترا خۆی و سەر زەوییەکـەیان سەرزەنشـت و کاولدەکات.

بەندی ١٩:

میترا بە تووڕەیی و دڵشکاوییەوە ڕوو دەکاتە ئەو شوێنەی کە پەیمانشکێنی لێیە.

بەندی ٢٠:

ئەسپی پەیمانشکێنەکان، سواری بە خاوەنەکانیان نادەن و سەرکێشی لێدەکـەن و سمکـۆڵ دەکـەن و غارناکەن. بە هۆی گوفتاری خراپ و ناشیرین کە کاری نەیارانی میترایە، لەکاتی نەبـەردا ئـەو تـیر و ڕمەی دەیگرنە نەیارەکانیان، بەرەو لای خۆیان دەگەڕێتەوە.

بەندی ٢١:

بە هۆی گوفتاری خراپ و ناشیرین کە کاری نـەیارانی میترایـە، ئەگـەرکو ئـەو تـیر و ڕمەشـیان بوەشێنرێت و لەشی نەیارەکەشی بپێکێت هیچ زیانێکی پێڕاناگەیەنێت.

بە هۆی گوفتاری خراپ و ناشیرین کە کاری نەیارانی میترایە، ئەو تیر و ڕمەشیان کـە دەیگرێتـە نەیارەکەی، (با) هەڵیدەگەڕێنێتەوە بۆخۆی. (بەندی ٤و٥و٦ دووپات دەکرێتەوە.)

بەشی شەشەم (کردە ٦)

بەندی ٢٢:

سەرەتا بەندی ٧ دووپات دەکرێتەوە....

ئەو کەسەی کە ئەگەر درۆی لەتەکا نەکرێت، مرۆ بێ نیازدەکا و لەدژواربیەکان و مەترسییەکانی ژیان ڕزگاردەکات.

بەندی ٢٣:

ئەی میترا (مهر)، کە درۆت لەتەکا نەکرا، بێ نیازمان بکە (موحتاجمان مەکە)، تۆ دەتوانی ترس و تۆقێن بخەیتە نێو دڵی مرۆی پەیمانشکێن. تۆ دەتوانی گەر توورەبیت هێز و توانای بازوو و مەچەك و پێ و بینایی چاو و هێزی بیستنی گوێی پەیمانشکێنان وەربگریتەوە.

بەندی ٢٤:

کەسێك بە دڵی پاك و بەبیرێکی خاسەوە ستایشتی میترا بکات، ئەو میترایەی کە دەهەزار دیدەوانی هەیە و بەتوانایە و ئاگای لە هەموو شتێکە و فریونادرێت، لە کار زار و نەبەردا هیچ جۆرە چەکێکی تیژی نەیار کاری تێناکات. (بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێتەوە.)

بەشی حەوتەم (کردە ٧)

بەندی ٢٥:

(سەرەتا بەندی ٧ دووپات دەکرێتەوە)

میترا ستایشت دەکەین، ئەو سەروەرە بەتوانا و سەر و ماڵ و سوودبەخشە دەم پاراوەی نیایشتی پەروەردەگار دەکات، ئەو بەهێز و توانایەی کە پلەوپایەیەکی تایبەتی هەیە، هەموو پەیکەری سەرانسەر وتە و گوفتاری پیرۆزی ئیزەدیە، ئەو پاڵەوانە دلێرەی کە بازوو مەچەکەکانی پتەو بەهێزن.

بەندی ٢٦:

ئەو کەسەی کە درۆزنەکان سەرشۆڕدەکا و لەناویاندەبا، ئەو کەسەی توورەدەبێت لەو کەسانەی خۆیان دووچاری خراپە و گوناهدەکەن. کەسێك کە تۆڵە لە پەیمانشکێن دەسێنێت، کەسێك کە ئەگەرکو درۆی لە تەکدا نەکرێت، هێز و توانایەکی بێ شومار و تەکوزی بە وڵات دەدات، کەسێك کە ئەگەر درۆی لەتەکدا نەکرێت، سەرکەوتنێکی گەورە و درەخشان بە وڵات دەبەخشێت.

بەندی ٢٧:

کەسێك کە نەیارشکێنە و بێ فەڕیان دەکات، نەیاران هەرچەندە بەهێز و توانـابن، دە هـەزار جـار بریندارياں دەکا. میترا (مهر) کە دەهەزار دیـدەوانی هەیـە و بـەتوانا و ئاگـاداری هـەموو شـتێکە، هەرگیز فریونادرێـت. (بەندەکانی ٤، ٥، ٦، دووپات دەکرێنەوە.)

بەشی هەشتەم (کردە ٨)

بەندی ٢٨:

(بەندی ٧ دووپات دەبێتەوە)

میترا(مهر) کەسێکە کە پارێزگاری لەکۆڵەکەو بنچینەی خێزان دەکا، شکۆ و بـەرزێتی، نیعمـەت و سەروەت دەبەخشێ، خۆشی و شادی دەخاتە نێو ئەندامانی ئەو خێزانانـەی کـە لێیـان ڕازییـە، بـە پێچەوانەوە، سەر ومالّی نەیاران و خراپەکاران تێکدەدات.

بەندی ٢٩:

ئەی میترا (مهر).

ئەتۆ لەتەك خەڵك و ولاّتاندا هەم خاسی و هەم خراپ.

ئەی میترا،

ئاشتی و شەڕ و هەرا لەنێو ولاّتاندا لە تۆوەیە!

بەندی ٣٠:

ئەی میترا،

بە هۆی تۆ، تەکوزی لەنێو خێزان و گوند و شاردا دابین دەبێـت. لەنێو گوند و خێزانـدا، ئافرەتـانی جوان و بالاّبەرز و خانوومان، وەچەی دلێر، ئەسـپی تیـژڕەو و گەردوونـەی خـاس و خـانووی خـۆش و پێخەفی نەرم و بۆنخۆش، بۆ پەیڕەوانی ڕاستی کە لەکاتی نیایشدا ناوت دەبەن، بەرقەراره.

بەندی ٣١:

ئەی میترا (مهر)،

لەکاتی نوێژدا کە ناوی تۆ دەبەین، لەتەك (زەور)دا ستایشتت دەکەین.

ئەی میترای توانا، لەکاتی نوێژدا کە ناوی تۆ دەبەین لەتەك(زەور)دا ستایشتت دەکەین.

ئەی میترا کە فریونادرێیت! لەکاتی نوێژدا کە ناوی تۆ دەبەین لەتەك (زەور)دا ستایشتت دەکەین.

بەندی ٣٢:

ئەی میترا (مهر)!

گوێ بۆ ستایشتەکانمان ڕابگرە.

ئەی میترا!

ستایشتەکانمان پەسەند بکە.

ئەی میترا!

وەڵامی تکاکانمان بدەرەوە و نیازەکانمان (پێویستییەکانمان) بەدیبهێنە.

ئەی میترا!

تەماشای پێشکەشییەکانمان (زەور) بکەو لێمان پەسەند بکە و لەم نیایشەدا خۆتمان پێشان بدە.

ئەی میترا!

ئەم نزا و نیایشانەمان لەخەزێنەی لێبوردن کۆبکەو بیخەرە کاخی ستایشت (بەهەشت).

بەندی ٣٣:

بە گوێرەی ئەو پەیمانەی لەنێوان ئێمەو تۆدا بەستراوە، ئارەزووەکانمان بەدیبهێنە. داخوازیمان لێت ئەمەیە کە:

هێز و توانامان پێ ببەخشە، سەرکەوتوومان بکە، خۆشی و شادی و کامەرانی، دادوەری، ناوخاسی، ئارامی وبژدان، توانایی ناسین، زانیاری مەعنەوی، سەرکەوتنی ئافەریدەی ئاهورا، سەرکەوتنێك کە لە سەرچاوەی راستییەوە هەڵقوڵابێت، تێگەیشتنی وتەی مەعنەوی و پیرۆزمان پێ ببەخشە.

بەندی ٣٤:

تا بتوانین لەژێر سایەی ئەو نیعمەتانەی پێمان دەبەخشی، دلێرانە و بەخۆشی و شادیەوە بەسەر نەیارانمان زاڵبین.

تابتوانین دلێرانە و بەخۆشی و شادیەوە سەرکەوین بەسەر رەقیبەکانمان تا بتوانین دلێرانە و بە خۆشی و شادییەوە نەیارانمان ببەزێنین چ مرۆیێت یا دێو یا جادووگەر و پەری و کاوی و کەرپەنە ستەمکارەکان.

بەشی نۆهەم (کردە ٩)

بەندی ٣٥:

(بەندی ٧ دووپات دەبێتەوە)

ئەو کەسەی گوفتار دەکاتە کردار(واتە ئەوەی بەڵێنی پێدەدا بە ئەنجامی دەگەیەنێت)، ئەو کەسەی کە سوپا خڕدەکاتەوە، ئەوەی، کە هەزار جۆرە چالاکی دەنوێنێ، ئەو کەسەی شالیارێکی بە توانا و دانایە.

بەندی ٣٦:

ئەو کەسەی کە جەنگ بەرپا دەکا، ئەوەی کە هێز و توانا بە جەنگاوەران دەبەخشێ، ئەو کەسەی کە لەنەبەردا کۆڵنەدەرەو بە ئازایەتییەوە بەرەی نەیار دەشکێنێ و هەردوو باڵەکانیان (راست و چەپ) پەخشوبڵاو و پەرێشان دەکات، هێرش دەباتە نێو جەرگەی سوپاکەیان و لەرز دەخاتە نێو دڵیانەوە.

بەندی ٣٧:

ئەو کەسێکە کە دەتوانێ نەیاران تووشی پەرێشانی و ترس و لەرز بکات، سەری ئەو کەسانەی کە درۆیان لەتەکدا کردووە لە لەشیان دەپەرێنێ.

سەری ئەو کەسانەی درۆ لەتەك میترا دەکەن لە لەشیان جیابێتەوە.

بەندی ٣٨:

مۆڵگەو نیشتەجێگاکانیان وێران و خاپووربێت و کەسی تێدا نەمێنێ، ئەو مۆڵگانەی کە پەیمانشکێن و درۆزن و کوشەندەی پاکدینانی ڕاستەقینە، تیایدا دەژین و پڕە لەترس و هەراس.

ئەو گاگەلەی(٤٧) کە گیرۆدەی پەیمانشکێنان بوون و بەناچاری گەردوونەکانیان ڕادەکێشن ئاو لەچاویان دێتەخوار.

بەندی ٣٩:

ئەگەر میترا(مهر) کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینە، تـووڕە و دڵ ڕەنجـاو بێـت و خـۆش وەشـیان نەکردبێت، ئەوسا ئەو تیرەی کە درۆزنان و پەیمانشکێنان دەیهاوێژن، هەرچەندە بە پـەری هەڵۆوشـاهێن ڕازێنرابێتەوە و لە کەوانێکی یەکجار خاسەوە ڕاکێشرابێت و بەتیژی دەرچێت، هەرگیز ناگاتـە نیشـانە و ناپێکێت.

ئەگەر میترا (مهر) کە خاوەنی دەشتی پـانو بەرینـە، تـووڕە و دڵ ڕەنجاوبێـت و خـۆش وەشـیان نەکردبێت، ڕمە سەرتیژ و درێژەکانی دەستەی درۆزن و پەیمانشکێنان، هەرچـەندە بـەهێز و توانایـەکی زۆر هەڵیدابێت، هەرگیز ناگاتە نیشانە.

ئەگەر میترا(مهر) کە خاوەنی دەشـتی پـان و بەرینـە، تـووڕە و دڵ ڕەنجاوبێـت، خـۆش وەشـیان نەکردبێـت، بەردی قۆچەقانەی درۆزن و پەیمانشکێنان، هەرچەندە بە بازوویەکی بەهێزە و هەڵـدرابێت، هەرگیز ناگاتە نیشانە.

بەندی ٤٠:

ئەگەر میترا (مهر) کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینـە، تـووڕە و دڵڕەنجـاو بێـت و خـۆش وەشـیان نەکردبێـت، تیغە خاسەکانی(کێرد، خەنجەر و شمشێر) درۆزن و پەیمانشکێنان، کە دەیوەشـێننە سـەری خەڵك، ناگاتە نیشانەکانیان.

ئەگەر میترا (مهر) کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینە، تووڕە و دڵڕەنجاو بێـــت و خـۆش و وەشـیان نەکردبێت، گورزە خاسـەکانی درۆزنـان و پەیمانشـکێنان، کـە دەیوەشـێننە سـەری خـەڵك، هـەرگیز کاریگەرییان نابێت و ناگاتە نیشانەکانیان.

بەندی ٤١:

ئەگەر میترا (مهر) کـە خـاوەنی دەشـتی پـان و بەرینـە، تـووڕە و دڵڕەنجـاو بێـت، دڵخۆشـیان نەکردبێت، لەبەرەو ڕووەوە ترس و هـەراس دەخاتـە نێـو دڵـی درۆزن و پەیمانشـکێنان، ڕەشـەن(٤٨) لەپشتەوە، ترسولەرز دەخاتە نێو دڵیانەوە، (سرووش)(٤٩)ی پـاك لەتـەك ئیـزەدە پاسـگرەکاندا، لـە هەموو لایەکەوە تەنگیان پێ هەڵدەچنێ و بەرەو هەڵدێریان دەبات.

بەندی ٤٢:

ئەوسا درۆزنە پەیمانشکێنەکان بە میترا، کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینە دەبێژن:

ئەی میترا، ئەی خاوەنی دەشتی پان و بەرین!

ئەمانە (ڕەشەن و سرووش) ئەسپە توندڕەوەکانمیان ڕفاند!

ئەمانە هێز و توانای بازومانیان سستکرد و بە تیغەکانیان قۆڵ و مەچەکیان بڕین.

بەندی ٤٣:

ئەوسا میترا(مهر) کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینە، هەمویانی لە خاك و خوێندا گەوزاند. پەنجا، سەدەها، سەد هەزارەها، هەزار دەهەزارەها، دەهەزار سەد هەزار، چونکە میترا کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینە، تووڕە و دڵڕەنجاوە.

(بەندی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە).

بەشی یانزە (کردە ١١)

بەندی ٤٧:

(بەندی ٧ دووپات دەکرێتەوە)

ئەو ناودارەی ئەگەر قەڵس و زویربێت، لەنێو جەنگاوەرانی دوو بەرە (دوو ناوچە یا نەتەوە) کە کەوتونەتە جەنگ لەتەك یەکترداو یەکتر دەکوژن، دژی سوپای نەیار و خوێنمژ ڕادەوەستێت.

بەندی ٤٨:

ئەگەرکو میترا دژی سوپای نەیار و خوێنمژ کە خەریکی جەنگن لەتەك لایەنێکی دیکە، ئەسپ تاو بکات، ئەوسا دەستی پەیمانشکێنان لەپشتەوە دەبەستێت، چاویان کوێردەکا، گوێیان کەڕ دەکات و هێز و توانای قاچیان سست دەکا، تا وای لێدێت هیچ کامیان نەتوانن شەڕبکەن. ئەمە چارەنووسی ئەو جەنگاوەران و وڵاتانەن، کە ڕوو لەمیترای خاوەن دەشتی پان و بەرین وەردەگێڕن.

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە)

بەشی دوانزەهەم (کردە ١٢)

بەندی ٤٩:

(بەندی ٧ دووپات دەکرێتەوە)

بەندی ٥٠:

کەسێك کە ئافەریدەگار(ئاهورامەزدا)مەڵبەندێکی بۆ داناوە لەسەر کێوێکی بەرز و درەخشان، کە زنجیرەیەك چیای بێ شومارن، ئەو شوێنە نە شەوی هەیە و نە تاریکی، نە (با)ی ساردی هەیە و نە گەرم، نە نەخۆشی کوشندەو نە چەپەڵی. لەم کێوە (هارایتی) هەرگیز تەم و هەوری نییە.

بەندی ٥١:

ئەم مەڵبەندە بە فەرمانی ئاهورامەزدا، ئەمشاسپەندەکان لەتەك (خۆر)دا بە بیرێکی پاکەوە دروستیان کرد بۆئەوەی میترا (مهر) بتوانێت لەوێوە چاودێری لەسەرانسەری هەموو جیهانی مادی بکات.

بەندی ٥٢:

ئەگەرکو مرۆیەکی فێلبازی بیر خراپ، کارێك بە پێچەوانەی ڕاستی و پەیمانداری ئەنجام بدات، ئەوسا میترا کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینە، هەنگاوی بەرز هەڵدێنێ و بەگەردوونەکەیەوە زۆر بەخێرایی لەتەك (سرووش)ی پاك و بەتوانا و (تەریو سەنگ)ی چالاك، دەکەوێتە شەڕ لەتەك ئەو کەسەدا لەهەر شوێنێك بێت و دەیکوژێت.

(بەندی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە)

بەشی سیانزدەهەم (کردە ١٣)

بەندی ٥٣:

(بەندی ٧ دووپات دەبێتەوە)

کەسێك کە هەردوو دەستی بەرەو ئاهورامەزدا بەرزکردۆتەوە و بە بیرێکی پاکەوە دەبێژێ.

بەندی ٥٤:

ئەی ئافەریدەگاری بیرخاس،

ئەز، پشتیوانی هەموو ئافەریدەکانم، پاسگری هەموو ئافەریدەکانم

ئەی ئافەریدەگاری بیرخاس،

بەڵام خەڵك وەك پێویست لەکاتی ستایشتکردنی ئیزەدەکانی دیکە، ستایشتی من ناکەن.

بەندی ٥٥:

ئەگەرکو خەڵك لەکاتی ستایشت کردندا، منیش ستایشت بکەن، هەروەکو چلۆن ئیزەدەکانی دیکە ستایشت دەکەن ئەوسا من بە هۆی ئەو ژیانە نەمر و درەخشانەم کە پەیمانم لەتەکا بەستون، خۆمیان پێدەگەیەنم و یاریدەیان دەدەم.

بەندی ٥٦:

(لێرەدا بەندی ٣١ دووپات دەبێتەوە)

بەندی ٥٧:

(لێرەدا بەندی ٣٢ دووپات دەبێتەوە)

بەندی ٥٨:

(لێرەدا بەندی ٣٣ دووپات دەبێتەوە)

بەندی ٥٩:

(لێرەدا بەندەکانی ٣٤، ٤، ٥، ٦ دووپات دەبنەوە).

بەشی چواردەهەم (کردە ١٤)

بەندی٦٠:

(بەندی ٧ دووپات دەکرێتەوە)

ئەو کەسەی شیاوی ناو خاس و ستایشتی خاسە. چاوتیژەو هەرگیز فریونادرێت، چونکە خاوەنی دە هەزار دیدەوانە.

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە)

بەشی پازدەهەم (کردە ١٥)

بەندی ٦١:

(بەندی ٧ دووپات دەکرێتەوە)

ئەو کەسەی هەمیشە ئامادەیە بۆ یاریدەدانی ئیمانداران.

پاسگری هەمیشە بێدار و هۆشیار و دلێر و زیادکەرەوەی ئاوە.

گوێ ڕاگرە و بە دەم هاواری ئەو کەسانەوە دێت کە داوای کۆمەك و یارمەتی لێدەکەن. لەکاتی پێوستدا، باران دەبارێنێ و گیا دەبوژێنێ و هەردو زەوی سەوز دەکات.

ئەوە کە بۆ هەر دەڤەرێك یاسایەك دادەنێت، پسپۆرەو هەرگیز فریونادرێت و فرە هۆشمەندە، ئەو ئافەریدەو هەڵبژاردەی ئافەریدەگارە.

بەندی ٦٢:

ئەوە، کە هەرگیز هێز و توانا بەمرۆی پەیمانشکێن نادات.

ئەوە، کە هەرگیز سەروەرێتی و پاداشتی خاس بە پەیمانشکێن نادات.

بەندی ٦٣:

ئەی میترا (مهر)،

ئەتۆ دەتوانی ترس و هەراس بخەیتە نێو دڵی پەیمانشکێنان،

ئەتۆ دەتوانی لەکاتی تووڕەبووندا، هێز و توانای بازوو و مەچەك و پێ و بینایی چاو و هێزی بیستنی گوێی پەیمانشکێنان وەربگریتەوە. نەڕمێکی بڕەر و نە تیرێکی لەکەمان دەرچوو کار لەکەسێك دەکات کە بەبێ ڕیا یاریدەی میترا دەدات.

میترا کە دەهەزار دیدەوانی هەیە و بەهێز و توانایە و ئاگای لە هەموو شتێکە و هەرگیز فریوناخوات.

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەبنەوە)

بەشی شانزدەهەم (کردە ١٦)

بەندی ٦٤:

(بەندی ٧ دووپات دەبێتەوە)

ئەو کەسەیە کە بۆ بڵاوکردنەوە و گەشەپێکردنی ئایینی ڕاستی، لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە، فەڕ و تیشکی ڕووناکییەکەی بەسەر حەوت دەڤەردا تابان و درەخشانە.

بەندی ٦٥:

ئەو کەسەیە لەنێو چالاکاندا چالاکترینە، لەنێو پەیماندارانـدا پەیماندارترینـە، لەنێو دلێرانـدا دلێرترینە، لەنێو بەخشەندەکاندا بەخشەندەترینە. شکۆمەندی و مەزنایەتی دەبەخشێت، وەچەی جوامێر و دلاوەر دەبەخشێ بەخێزانەکان، مەڕومالات دەبەخشێ و ژیانبەخشە. کەسێکە کە بەختەوەری و نیعمەتی ڕاستی دەبەخشێت.

بەندی ٦٦:

کەسێکە کە ئیزەدە پاکەکان لەدەوری یەکتر خڕدەکاتەوە و هەموویان یار و یاوەری ئەون، کە: ئەرت (ئیزەدی ڕاستی و دروستی و دادگەریتی)، پارەندی (ئیزەدی نیعمەت و بەرەکەت)، داموئیش ئوپەمەند(ئیزەدی وتەی پیرۆز و نزاکردن و تەندروستی)، فەڕی کەیانی و فرەوەهری پاکدینەکان، ئەو ئەو کەسەیە کە کۆمەڵی یەکتاپەرستان و پاکدینەکان بەدەوری یەکتر کۆدەکاتەوە.

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە)

بەشی حەڤدەهەم (کردە ١٧)

بەندی ٦٧:

(بەندی ٧ دووپات دەبێتەوە)

ئەوەی کە بەگەردوونە (کالیسکە) توندوتیژڕەوە جوانەکەی کە بە شێوەیەکی مەعنەوی دروستکراوە لەدەڤەری (ئەریزەهی) بەرەو دەڤەری خنرس (خوەنیرەس) دەکشێ، ئەوەی کە لەهێزی زەمان و فەڕ کە ئافەریدەی مەزدان و هێزی سەرکەوتن کە ئافەریدەی ئاهورایە، بەرخورداره.

بەندی ٦٨:

گەردوونەی میترا لەلایەن(ئەرت)ی پلە بەرزەوە ڕادەکێشرێت. ئایینی مەزدا ڕێگەی ئامادەو خۆش کردووە تا ئیزەدی میترا بە تیشکی ڕۆشناییە مەعنەوی و درەخشان و پاك و هۆشیارەکەی کە

سێبەری نییە، لەتەك گەردوونەكەیدا بەخاسی رێگە ببرێت. ئەسپەكانی مـیترا لـە ئاسمـانی بـەرین و بێبڕانەوە لەهەوادا غاربكەن.

(داموئیش ئوپەمەن) رێگەی بۆ خۆش دەكات. تـرس و لـەرز دەكەوێتـە دڵـی هـەموو دێوەكـان (مەبەست پەیمانشكێنەكانە) و خۆیـان دەشـارنەوە. درۆزنـەكانی (وەرینە)(ناوچـەی گـێلان) دەكەونـە پەلەقاژێ.

بەندی ٦٩:

نەكا خۆمان تووشی شەڕ و ململانێ لەتەك میترا (مهر) بكـەین و تـووڕەی بكـەین. مـیترا كـە دەتوانێ هەزار پلان لە دژمـان بـەكاربهێنێت، مـیترا كـە خـاوەنی دە هـەزار دیدەوانـە، ئـەو مـیترا بەتوانایەی كە ئاگای لە هەموو شتێكە و فریونادرێت. (بەندەكانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەكرێنەوە)

بەشی هەژدەهەم (كردە ١٨)

بەندی ٧٠:

(بەندی ٧ دووپات دەبێتەوە)

ئەوەی كە ئیزەدی (وەرترغنە = بەهرام) {كە نوێنەری سەركەوتن و زاڵبوونە بەسـەر دوژمنانـدا} كە ئافەریدەی ئاهورایە و هەروەك بڕەكێكی دان تیژ كە بەرگری لەخۆی بكات، دەكەوێـتە پێشـییەوە، بڕەكێك(٥٠) بە چنگی تیژەوە، بڕەكێك كە بە چەپۆكێك بەرامبەرەكەی لە خاك و خوێندا دەگەوزێنێ، كاتێك كە تووڕە دەبێ كەس ناتوانێ لێی نزیك بێتەوە، بڕەكێكی بەهێز بە دەموچـاوێكی خاڵخـاڵاوی، پێی پۆڵایین و دەمار و چنگ و كلك و چەناگەی پۆڵایین.

بەندی ٧١:

ئەوەی كە لە هێرشدا بۆ سەر دوژمن، پێش میترا دەكەوێـت، بـە جـوامێرێتی و تووڕەبـوونێكی پاڵەوانانـە، دوژمـن لـەخاك و خوێنـدا دەگـەوزێنێ، هێشـتا گومـانی هەیـە نـەوەكو دوژمنەكـەی نەكوشتبێ، دووبارە لێی دەداتەوە و مێشكی سەری دەپژێنێ و بڕبڕەی پشتی دەشكێنێت.

بەندی ٧٢:

ئەوسا جەستەی پەیمانشکێن پارچە پارچەدەکا و مێشك و ئێسقان و خوێنی بەسەر زەویدا پەخش و بڵاودەکات.

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە).

بەشی نۆزدەهەم (کردە ١٩)

بەندی ٧٣:

(بەندی ٧ دووپات دەبێتەوە)

کەسێك کە بە دڵ و بەگیان و بەبیرێکی پاك و ڕۆحێکی شادەوە هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان بەرزرکردووە و دەبێژێ:

ئەی ئاهورامەزدا، ئەی سپەنتەمینو(بیری خاس)، ئەی ئافەریدەی جیهانی خاکی (مادی) و ئەی پاك.

بەندی ٧٤:

(بەندی ٥٥ دووپات دەبێتەوە)

بەندی ٧٥:

(لێرەدا پەیڕەوانی میترا بە سروودەوە دەبێژن):

ئێمە گەرەکمانە و دەمانەوێت کە سەرزەوییەکانت بپارێزین و لەژێر چاودێری تۆدابین. نامانەوێت لەماڵ و منداڵ و گوند و شار و وڵات و دەڤەرەکانی تۆ جیابینەوە. بۆئەوەی تۆ (میترا) بە بازووی بەهێز و تواناتەوە، ئێمە لەنەیاران بپارێزیت و پاسگرمان بیت.

بەندی ٧٦:

ئەتۆی، پاش ستایشت و نزاکانمان بۆت، داواکارییەکانمان بە ئەنجام دەگەیەنیت، نەیارانمان و خراپەکاران تەفرو تونا دەکەیت. ئەتۆ بکوژی مرۆی پاك لەناو دەبەیت. ئەتۆ خاوەنی ئەسپی جوان و گەردوونەی جوان و خاسیت.

بەندی ٧٧:

ئەی میترا:

ئێمە داوای یاریدەت لێدەکەین: کە بەدەنگمانەوە بێیت تا(زەور)ێکی فرەو خاست پێشکەش بکەین، بە هۆی ئەم پێشکەشییانەمانەوە و لەژێر سایەی تیشکی ڕووناکییەکانت پەناگایەکی خاس بیت بۆمان، تا لەجێگەیەکی دڵنیاو ئاسوودەدا بەخۆشی بەرینە سەر.

بەندی ٧٨:

ئەتۆی کە وڵات و نیشتەجێگاکان دەپارێزی بە مەرجێك کە ئەوان تۆ کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینیت بەخاسی ناوبەرن، ئەتۆی کە وڵات و نیشتەجێگاکانی نەیاران خاپووردەکەیت.

ئەز، لێرەدا داوای یارمەتیت لێدەکەم، ئەی میترای بەهێزتوانا، لە هەموو شوێنێکدا سەرکەوتوویت و شیاوی ستایشت و نزایت و سەروەری شکۆمەندیت.

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە)

بەشی بیستەم (کردە ٢٠)

بەندی ٧٩:

(بەندی ٧ دووپات دەکرێتەوە)

ئەو کەسەی لەلایەن(ڕەشەن)ەوە نیشتەجێیەکی پێدرا، ئەو کەسەی کە (ڕەشەن) بۆئەوەی هەمیشە هاوماڵ و هاودەمی بێت، کردییە هاوماڵی خۆی.

بەندی ٨٠:

ئەی میترا(مهر)! ئەتۆ پاسگری خێزان و خێڵی، ئەتۆ چاودێری لەو کەسە دەکەیت کە درۆناکات. ئەتۆ پاسەوانی نەژادو پشتیوانی ئەو کەسانەی کە لەدرۆ بەدوورن.

ئەز، لەژێر سایەی سەروەرێکی وەك تۆ، خاسترین هاودەم و هاوماڵی ئافەریدەی ئاهورا وەدەست دێنم. لەبەردەم داوەری ئاهورادا، دەستەی بێ بەڵێنان و پەیمانشکێنان لەبەرامبەریدا سەرشۆڕ و شەرمەزار دەبن:

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێتەوە)

بەشی بیست ویەکەم (کردە ٢١)

بەندی ٨١:

بەندەکانی ٧ و ٧٩ دووپات دەکرێنەوە)

بەندی ٨١:

ئەو کەسەی کە ئاهورامەزدا هەزار جۆرە چالاکی پێبەخشیوە، دەهەزار چاوی بۆ بینین پێداوە. بە هۆی هێز و توانای ئەم چالاکیانە و ئەم چاوانەیە کە دەتوانێت هەموو ئەو کەسانە ببینێت کە پەیمانشکێنی بکەن. بە هۆی هێز و توانای ئەم چالاکیانە و ئەم چاوانەیە کە مێترا (مهر) هەرگیز فریونادرێت. ئەو کەسەی کە دەهەزار دیدەوانی هەیە.

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە)

بەشی بیست و دووەم (کردە ٢٢)

بەندی ٨٣:

(بەندی ٧ دووپات دەکرێتەوە)

ئەو کەسەی کە، شالیاری وڵات لەکاتی پێویستیداو بەراستی دەستی نیازی، بۆ بەرزدەکاتەوە و داوای هاریکاری لێدەکات.

ئەو کەسەی کە سەرۆکی خێڵ لەکاتی پێویستیداو بەڕاستی دەستی نیازی بۆ بەرزدەکاتەوە و داوای هاریکاری لێدەکات.

بەندی ٨٤:

ئەو کەسەی کە کوێخای گوند لەکاتی پێویستیدا و بەڕاستی دەستی نیازی بۆ بەرزدەکاتەوە و داوای هاریکاری لێدەکات. ئەو کەسەی کە گەورەی ماڵ لەکاتی پێویستیدا و بەڕاستی دەستی نیازی بۆ بەرزدەکاتەوە و داوای هاریکاری لێدەکات.

لەهەرکاتێك و شوێنێکدا کە دووکەس بەڵێن و پەیمانێك ببەستن، دەستیان بەرزدەکەنەوە و ناوی دەبەن.

لەهەر شوێنکدا مافی مافخوراوێك زەوت بکرێت، دەستی بەرزدەکاتەوە و داوای یارمەتی لە مێترا دەکات.

بەندی ٨٥:

بە بەرزبوونەوەی نالە و گلەیی گلەمەندێك، دەنگی لە هەموو جیهاندا دەزرنگێتەوە و هەر حەوت دەڤەر دەوروژێنێ و دەگاتە گوێی میترا.

بەندی ٨٦:

هەروەها، هەرکاتێك ئاژەڵێك لەڕان بەجێ بمێنێ یاخود بڕفێنرێت، دەنگی نالەی کە داوای یارمەتی دەکات، دەگاتە میترا.

بەندی ٨٧:

ئەو کەسەی کە میترا(مهر)ی خاوەنی دەشتی پان و بەرین، لێی ڕازییە، بەگورجی بە دەنگییەوە دەگات و یارمەتی دەدات. بەڵام ئەو کەسەی کە میترای خاوەنی دەشتی پان و بەرین لێی ناڕازی و زویرە، ماڵ و گوند و شار و وڵاتی وێرانەکا و شالیاری لێدەسێنێتەوە.

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە)

بەشی بیست و سێیەم (کردە ٢٣)

بەندی ٨٨:

(بەندی ٧ دووپات دەبێتەوە)

(هوم) کە هێز و توانا دەبەخشێ و دەرمانسازە، ئەو فەرمانڕەوا شۆخ و شەنگەی کە دوو چاوی زەردی زێڕینی هەیە و لەسەر قوللەی (هۆگەر) کە بڵندترین دوندی کێوی(هەرەئیتی)یە(هەرە بەرزە = ئەلبورز) (بەرسەم) و (زەور) و وتەی بێ خەوش، کە پێشکەشی بۆ میترا هاورد.

بەندی ٨٩:

ئەوە کە(مەبەست هومە)، ئاهورامەزدای پاك لەڕیزی (زەوت)(٥١)ی داناوە، تا بەدەنگی بەرز (یەسنا)بچڕێنێ و ستایشتی میترا بکات. ئەو، هەروەك (زەوت)ە کەزۆر بەچالاکییەوە ستایشتیکرد و بەدەنگی بەرز یەسنای چراند و ئاهورامەزدا و ئەمشاسپەندەکانی ستایشت کرد، دەنگی خۆی گەیاندە

ڕووناهی جیهانی سەر و ئەو دەنگ و ئاوازە هەموو جیهانی گرتەوە و بەهەر حەوت دەڤەرەکەدا بڵاوبۆوە.

بەندی ٩٠:

ئەو کەسەی هەروەك یەکەمین(هاوەنەن)(٥٢)، کە شیلەی (هوم)ی گرتۆتەوە کە هەروەك هەسارەی درەخشانە، لەسەر کێوی(هەرەئیتی) پێشکەشیکرد. ئاهورامەزدا، ئافەرین و دەستخۆشیکرد لەو شیلە جوانە، ئەمشاسپەندەکانیش دەستخۆشیان کرد، (خۆر)یش لەدوورەوە مژدەی ستایشتی پێدا.

بەندی ٩١:

سڵاو و ڕێز بۆ تۆ ئەی میترا(مهر)، ئەی خاوەنی دەشتی پان و بەرین، ئەی میترا، ئەی خاوەنی هەزار گوێ و دە هەزار چاو بۆ بیستن و دیتن، تۆیت شیاوی ستایشت لەنێو دڵ و ماڵی خەڵکیدا. خۆزگەم بەو کەسەی کە بەڕاستی و لە دڵەوە ستایشت دەکا:

دار و بەرسەم و شیر و (هاوەن) بەدەستەوە دەگرێ(٥٣)، بەدەستی خاوێن و پاك، بە هاوەنی پاك و شۆراو، بە بەرسەمێك(٥٤) کە لەتنیشت (هوم)ی ئامادەکراو دانراوە، لەتەك سروودی ئەهونە وەئیریە.

بەندی ٩٢:

ئاهورامەزدای پاك و وەهومەن و ئوردیبە هەشت و شەهریوەر و سپەندارمەدو خردار و ئەمرداد، ئەم ئایینەیان بەراست و دروست دانا، ئاهورامەزدای بیرخاس، سەروەرێتی مەعنەوی و مادی خەڵکی سپاردە دەست میترا (مهر) بۆئەوەی لەهەردوو جیهاندا پالپشت و پاسگری خەڵك بێت، لەنێو هەموو ئافەریدەکاندا مرۆ بە خاسترین دروستکراو بناسێنێت.

بەندی ٩٣:

ئەی میترا(مهر)ی خاوەنی دەشتی پان و بەرین، لەهەردوو جیهاندا داڵدەمان بدە، لەژیانی جیهانی مادی و جیهانی مەعنەویدا. لەزیانی درۆزنان و بەدکاران، لەدێوی ڕق و کینە و تووڕەیی، لە دەستە و تاقمی لەشکری درۆزنان، کە ئاڵای خوێناوییان بەرزکردۆتەوە، لە هێرشی ڕق و کینە لەتەك ویزاتو (خوای مەرگ و هاوکاری دێوی ڕك و کینە) بەرپایدەکەن.

بەندی ٩٤:

ئەی میترا(مهر)ی خاوەنی دەشتی پان و بەرین، هێز و توانا بە ئەسپەکانمان بدە، تەندروستی و لەش ساغیمان پێ ببەخشە، توانای ئەوەمان پێ بدە کە لە دوورەوە نەیارەکانمان بناسین، دژیان بەرگری لەخۆمان بکەین. بەدکرداران و خراپەکاران و درۆزنەکان لەناوبەرین.

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە)

بەشی بیست وچوارهەم (کردە ٢٤)

بەندی ٩٥:

(بەندی ٧ دووپات دەبێتەوە)

میترا(مهر) پاش ئەوەی خۆر ئاوادەبێت، هەڵدێت و لە ئاسمانەوە دەڕوانێتە سەر زەوی، هەرچییەك لەنێوان زەوی و ئاسماندایە، چاودێرییان لێدەکات.

بەندی ٩٦:

گورزێکی بەدەستەوەیە کە سەد تێغ و سەد گرێی پێوەیەو هەموی لەزێڕی نایابە، چەکێکە کە دارای سەرکەوتن و خۆڕاگرتنەو فرە بەهێزە.

بەندی ٩٧:

ئەهریمەنی ستەمکار و تاوانبار، لەترسدا دەکەوێتە لەرزە و هەراسان دەبێ، دێوی ڕق و کینە و تووڕەیی بەدکردار تەڵەکەباز، لە بەرامبەریدا دەکەوێتە دڵەلەرزە، (بوش یاستە)ی قۆڵ درێژی بەدکار(دێوی خەوی قورس و ئەهریمەنییە)، لەبەرامبەریدا دەکەوێتە لەرز، گشت درۆزنان و دێوە بەچاو نەبینراوەکان لەبەرامبەریدا دەکەونە ترس و هەراسان دەبن.

بەندی ٩٨:

نەکا، ئێمە خۆمان گیرۆدەی ململانێی میترای تووڕەبکەین، کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینە.

ئەی میترای خاوەنی دەشتی پان و بەرین: نەکا لێمان زویر و تووڕەبیت و گورزمان تێبگریت: ئەتۆ، کە لە بەهێزترین و چالاکترین و توندوتیژترین و سەرکەوتووترین ئیزەدەکانی، کە لەسەر ڕووی ئەم زەوییە دەردەکەون.

میترا خاوەنی دەشتی پان و بەرینە:
(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە)

بەشی بیست و پێنجەم (کردە ٢٥)

بەندی ٩٩:
(بەندی ٧ دووپات دەبێتەوە)

ئەو کەسەی کە هەموو درۆزنان و دێوە نەیارەکان لەبەرامبەریدا پەرێشان و هەراسان دەبن. ئەو سەروەرەی وڵات، میترا، خاوەنی دەشتی پان و بەرین، لەلای ڕاستی ئەم زەوییە خر و پان و بەرینە، کە شۆڕەسوارێك دەردەکەوێت.

بەندی ١٠٠:
(سرووش)ی خاس و پیرۆز لەلای ڕاستییەوە و لەلای چەپییەوە(رەشەن)ی دلێر و باڵابەرز، بەسواری ئەسپەوە غاردەکەن. لە هەموو لایەکیانەوە، فریشتە و ئیزەدەکانی ئاو و گیاکان و (فرەوەهری) چاکان و پیاوخاسان دەورەیان داوە.

بەندی ١٠١:
میترای دلێر و شکۆمەند، خاسترین چەکەمەنی، تیری تیژ کە بەپەڕی هەڵۆ ڕازاونەتەوە، بەسەر هاوکارەکانی دابەشدەکات.

هەرکە میترا و هاوڕێکانی بەغار دەگەنە ناوچەی پەیمانشکێنەکان، بەگورز دەکەونە گیانیان و پەلاماریان دەدەن، ترس و هەراس دەخەنە نێو دڵیانەوە، نەیاران و درۆزنان و ئەسپەکانیان خەلتانی خوێن دەکەن.
(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە)

بەشی بیست و شەشەم (کردە ٢٦)

بەندی ١٠٢:

(بەندی ٧ دووپات دەبێتەوە)

ئەو سوراچاکەی کە سواری ئەسپێکی سپییە، ڕمێکی درێژی سەرتیژ و تیروکەوانی بەدەستەوەیە، ئەو پاڵەوانە دلێر و چالاکە.

بەندی ١٠٣:

کەسێك کە ئاهورا هەڵیبژاردووە بۆ پاسگری و پاسەوانی و بەختەوەری خەڵك. ئەو کەسەی پاسگر و دیدەوان و پاسەوانی بەختەوەری هەموو خەڵکە. ئەو کەسەی کە هەرگیز خەو ناچێتە چاوی و هەمیشە چاودێری ئافەریدەکانی مەزدا دەکات.

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە)

بەشی بیست و حەوتەم (کردە ٢٧)

بەندی ١٠٤:

(بەندی ٧ دووپات دەکرێتەوە)

ئەو کەسەی کە بەمەچەك و بازوە بەهێز و درێژەکانییەوە، پەیمانشکێنان بەسزای کرداریان دەگەیەنێت و تەفروتونایان دەکات، ئەگەرچی لە رۆژهەڵاتی هیندستان یا لە رۆژئاوی جیهان، یا لەسەر رۆخی ڕووباری (رەنگهە) یا لەنێو ناخی زەویدابن.

بەندی ١٠٥:

هەروەها میترا بە مەچەك و بازووە درێژەکانییەوە، ئەو لادەرانەی کە لەڕێی ڕاست لایانداوە و ئەو دڵڕەشانەی کە لای خۆیانەوە وا بیردەکەنەوە کە: میترا گوفتارە درۆکانیان و کرداره ناشیرینەکانیان نابیستێ و نابینێ، گرفتاردەکا و سزایان دەدات.

بەندی ١٠٦:

ئەز، لە دەروونی خۆمدا وابیردەکەمەوە:

لە هەموو جیهاندا کەسێك نییە بتوانێت بە ئەندازەی بیری خاسی میترای مەعنەوی، خراپ بیربکاتەوە. لە هەموو جیهاندا کەسێك نییە بتوانێت بە ئەندازەی گوفتاری خاسی میترای مەعنەوی، وتەی خراپی هەبێت. لە هەموو جیهاندا کەسێك نییە، کە بتوانێت بەئەندازەی کرداری خاسی میترای مەعنەوی، کرداری خراپ بنوێنێ.

بەندی ١٠٧:

لە هەموو جیهاندا کەسێك نییە بە ئەندازەی میترای مەعنەوی بەهرەمەندبێت لەهۆشی سرووشتی خواپێداو. لە هەموو جیهاندا کەسێك نییە بە ئەندازەی میترای مەعنەوی گوێ سووك، هێز و توانای بیستنی هەبێت. هەرکەسێك درۆبکات، میترا دەبینێت و هەنگاو هەڵدێنێت. میترای توانا، بەردو پێش دەڕوات و بەچاو و دیدی رۆشەن و جوانی خۆیەوە دەڕوانێتە ئەمسەر تا ئەوسەری جیهان:

بەندی ١٠٨:

چ کەسێك ستایشتم دەکا؟

کێیە کە درۆ دەکات؟

چ کەسێك بەخاسی ناوم دەبا و ستایشتم دەکات؟

کێیە ئەو کەسەی کە بە خراپە ناوم دەبات؟

دەبێ بە کێهامەزنایەتی و شکۆمەندی و تەندروستی ببەخشم؟ ئەز، توانای ئەنجامدانی ئەم کارەم هەیە.

دەبێ بە کێ توانایی و دارایی و ئاسایش ببەخشم؟ ئەز توانای ئەنجامدانی ئەم کارەم هەیە.

دەبێ بۆ کێ نەوە و وەچەی شایستە پەروەردەبکەم؟

بەندی ١٠٩:

دەبێ بۆکێ ـ بێ ئەوەی خۆی بیری لێکردبێتەوە ـ شالیارێکی توانا و چەك و جبەخانە و لەشکرێکی زۆر ببەخشم؟

شالیاری پاتشایەکی بەتوانا کە نەیارەکانی سەرکوت بکات،
پاتشایەکی دلێر و سەرکوتوو نەبەز، هەرکە تووڕەبێت و فەرمان دەربکات، فەرمانەکەی یەکسەر ئەنجام بدرێت و بەم شێوەیە ڕۆح و ڕەوانی ماندووی میترا ئارام بکات و کەیفخۆشی بکات.

بەندی ١١٠:
دەبێ کێ گیرۆدەی نەخۆشی و مردن بکەم؟
دەبێ کێ گرفتاری ئەشکەنجەی هەژاری و نەبوون بکەم؟ ئەز، توانای ئەنجامدانی ئەم کارەم هەیە.
نەوە و وەچەی کێها دەبێ دووچاری مەرگ بکەم؟

بەندی ١١١:
لەکام کەس ــ بێ ئەوەی خۆی بیری لێکردبێتەوە ــ دەبێ شالیاری توانا و چەك و جبەخانە و لەشکرێکی زۆر وەربگرمەوە؟
شالیاری پاتشایەکی توانا کە نەیارەکانی سەرکوت بکات، پاشایەکی سەرکەوتوو و دلێر و نەبەز، هەرکە تووڕەبێت و فەرمان دەربکات، فەرمانەکەی یەکسەر ئەنجام بدرێت، بەم شێوەیە ڕۆح و ڕەوانی شادی میترا غەمگین بکات.
(ئیدی لێرەدا پرسیارەکانی میترا کۆتایی دێت)
(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەبنەوە)

بەشی بیست و هەشتەم (کردە ٢٨)

بەندی ١١٢:
(بەندی ٧ دووپات دەبێتەوە)
ئەو کەسەی قەڵخانی زیوی و زڕێی زێڕینی لەبەردایە و بە خێرایی گالیسکەکەی لێدەخوڕێ و گەردوخۆڵ دەکات. ئەو سەروەرە بەهێز و توانا و دلێر و پاڵەوانە.
ئەو ڕێگایانەی کە میترا دەپێوێ بۆ دیدار و سەردان لەو دەڤەرانەی کە ڕاستبێژان و خاوەن پەیمانەکانی تێدایە، ڕۆشن و ڕووناکە و دەشتی پان و بەرین دەوریداوە و مرۆڤ و ئاژەڵ بە ئازدای و خۆشییەوە تیایدا دەژین.

بەندی ١١٣:

میترا و ئاهورا، ئەو دوو نەمرانە، هەمیشە دەگەنە فریای بێدەسەڵات و بێ دەرامەتان. میترا، بەخێرایی و بە گالیسکەکەیەوە دەگاتە سەر ئەو کەسانەی بە بێ دڵی و فریوەوە (زەور)یان پێشکەش کردووە، هەمویان دەکوژێ و لەناویان دەبات.

بەندی ١١٤:

(بەندەکانی (٩٤، ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە).

بەشی بیست و نۆهەم (کردە ٢٩)

بەندی ١١٥:

(بەندی ٧ دووپات دەبێتەوە)

ئەی میترا، ئەی خاوەنی دەشتی پان و بەرین، تۆ ئەی سەروەرێك، کە پەیوەندیت هەیە لەتەك گەورەی ماڵ و گەورە و کوێخای گوند و گەورەی ناوچە و شالیارەکان و (زەرتشتوم) (بەمانای گەورەترین پێشەوای ئایینی زەردەشتی یا موبدمویدان).

بەندی ١١٦:

نرخ و بایەخی بەڵێن و پەیمان لەنێوان دوو هاوسەر، بیستە. لەنێوان دوو هاوکار سییە، لەنێوان دووکەس لەخێزانێکدا (خزم و کەسوکار) چلە، لەنێوان دوو دراوسێ پەنجایە، لەنێوان دوو پێشەوای ئایینی شەستە، لەنێوان مامۆستا و قوتابی هەفتایە، لەنێوان زاوا و خەزور هەشتایە، لەنێوان دوو برادا نەوەدە.

بەندی ١١٧:

نرخ و بایەخی بەڵێن و پەیمان لەنێوان دایك و باوك و زاروڵەکاندا سەدە، لەنێوان دوو وڵاتدا(یا دوو هاووڵاتی یا دوو نەتەوە) هەزاردو لەنێوان پەیڕەوانی ئایینی یەکتاپەرستی (مەزداپەرستی) دەهەزارە.

میترا (مهر) ئەم جۆرە سەرکەوتنانەی هەیە و دەیبینێت.

بەندی ١١٨:

تا ئەو کاتەی کە (خـۆر) لەسـەر لوتکـەی بڵنـدی کێوی(هـەرائیتی) هـەڵبێت و ئاوابێـت، بـەو ستایشتانەی ئەنجامم داوە و بە ئەنجامی دەگەیەنم، خۆم لە بارەگای میترا (مهر) نزیك دەکەمەوە.

ئەی سپیتمان!

بەم شێوەیەو بۆ خۆشحاڵ نەبوونی ئەهریمەنی بەدکردار، ئەز بـە هـۆی ستایشـتێك کـە کردومـە و دەیکەم، دەمەوێت لەبارەگای میترا نزیك ببمەوە.

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە)

بەشی سییەم (کردە ٣٠)

بەندی ١١٩:

(بەندی ٧ دووپات دەکرێنەوە)

ئەی سپیتمان!

ستایشتی میترا (مهر)بکە (بانگهێشتی ئاهورامەزدایە)، بە پەیڕەوەکانت ڕابسـپێرە کـە ئـاژەڵی ورد و درشت و پەلەوەرانی شاپەڕداری پێشکەش بکەن.

بەندی ١٢٠:

چونکە میترا (مهر) پاسەوان و یاوەری هەموو مەزدا پەرستانە. (هـەوم)ی پێشکەشـکرا و دەبـێ (زەوت) پێشکەشی بارەگای میترای بکات.

مرۆی خاوەن باوەڕ دەتوانێت لە(زەور)ێك کە بەشێوەی ئایینی دروستکراوە، بخواتەوە، ئـەو کارانـە ئەنجام بدات کە میترای خاوەن، دەشتی پان و بەرین کە مرۆی پاکدین ستایشتی دەکـات، کـەیفخۆش بێت و رۆحی شادو ئارام بێت.

بەندی ١٢١:

زەردەشت لە ئاهورامەزدای پرسی:

چلۆن مرۆی پاکدین دەبێ (زەور)ێك کە بە شێوە و دەستووری ئایینی دروستکراوە، بەکاربهێنێت و بیخواتەوە، کارێك بکات کە میترای خاوەنی دەشتی پان و بەرین (کە مرۆی پاکدین ستایشتی دەکات) کەیفخۆش بێت و رۆحی شادو ئارام بێت؟

بەندی ١٢٢:

ئەوسا ئاهورامەزدا گوتی:

پێویستە بۆ ماوەی سێ شەو و رۆژ لەشی خۆیان بشۆن و خاوێنی بکەن، بۆ پاککردنەوەی گوناهەکانیان سێ قامچی (تازیانە)لەخۆیان بدەن.

لەبۆ ستایشتکردنی میترا (مهر)، کە خاوەنی دەشتی پان و بەرینە، دەبێ دوو شەو و رۆژ لەشی خۆیان بشۆن و خاوێنی بکەن و بۆ پاککردنەوەی گوناهەکانیان بیست قامچی لەخۆیان بدەن. کەسێك کە شیاوی خوێندنەوەی سروودی (ستوەت یەسنا) و (ڤیسپرد) نەبێت، نابێ بۆ ستایشت و نیایشی میترای خاوەنی دەشتی پان و بەرین (زەور) بخواتەوە.

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە)

بەشی سی و یەك (کردە ٣١)

بەندی ١٢٣:

(بەندی ٧ دووپات دەکرێتەوە)

ئەو کەسەی کە ئاهورامەزا لە(گرزەمان)(٥٥)ی درەخشاندا ستایشتیکرد.

بەندی ١٢٤:

قۆڵ و بازوی میترای(مهر) خاوەنی دەشتی پان و بەرین، کە بۆ چاودێری و پاسەوانی پاکدینەکان کراوەیە، لەگرزەمانی درەخشانەوە دێتەخوار. میترا، ئەو کەسەی کە گالیسکەیەکی یەکجار جوانی هەیە، کە بە هەمەجۆرە خشڵ و زێڕ ڕازاوەتەوە.

بەندی ١٢٥:

چوار ئەسپی سپی ئەم گالیسکەیە ڕادەکێشن، خواردن و خواردنەوەی ئەم ئەسپانە لەئاخور و ئاوخۆرەی مەعنەوییەوەیە. سمەکانی پێشەوەیان لەزێر و سمەکانی دواوەیان لەزیون. لغاوێك و ئاوخۆڕییەکی جوان ئەسپەکانی پێکەوە بەستووە.

بەندی ١٢٦:

لەلای ڕاستی میتراوە، (رەشەن)ی داوەری پاك ــ ئەو کەسەی کە خاسترین پشتیوانە ـ بەسەر ئەسپەوە غاردەکا، لەلای چەپییەوە چیستا (چیستی) ـــ ئیزەدی ڕێگەوبان و بینایی و چاوتیژی و زانستە و بە مانای مادی و مەعنەوییەوە ــ ی دروستکردار و (ئۆپەمن) غاردەکەن.

بەندی ١٢٧:

(داموئیش ئۆپەمن)ی دلێر و سوارچاك، هەروەك بڕەکێکی دان تیژ، کە بەرگری لەخۆی بکات دەکەوێتە پێشەوە، بڕەکێك بە چنگی تیژەوە، بڕەکێك کە بە چەپۆکێك بەرامبەرەکەی لەخاك و خوێندا دەگەوزێنێ. کاتێك کە تووڕە دەبێ، کەس ناتوانێ لێی نزیك بێتەوە.

بڕەکێکی بەهێز و دەموچاوێکی خاڵخاڵاوی، بڕەکێکی دلێر و چالاك. لە پشت سەرییەوە (میترا) و(ئازەر) و (فەڕ)ی کەیانی بەسەر ئەسپەوە غاردەکەن.

بەندی ١٢٨:

لەنێو گالیسکەکەی خاوەنی دەشتی پان و بەرین، هەزار کەمانی خۆشدەستی تێدایە. تیری ئەم کەمانانە بە هۆی هێزی بیرکردنەوە و هۆشەوە، بەخێراییەکی لەئەندازە بەدەر، بەرەو سەر و لەشی دێوەکان دەهاوێژرێت.

بەندی ١٢٩:

لەنێو گالیسکەکەی میترای خاوەن دەشتی پان و بەرین، هەزار تیر کە بە پەڕی هەڵۆ ڕازاونەتەوە، فرەیەك لەم تیرانە لەئاسن دروستکراون. ئەم تیرانە بە هۆی هێزی بیرکردنەوە و هۆشەوە بەخێراییەکی لەئەندازە بەدەر بەرەو سەر و لەشی دێوەکان دەهاوێژرێن.

بەندی ١٣٠:

لەنێو گالیسکەکەی میترای خاوەنی دەشتی پان و بەرین، هەزار ڕمی تیژی خۆشدەست هەیە کە بە هۆی هێزی بیرکردنەوە و هۆشەوە، بەخێراییەکی لەئەندازە بەدەر بەرەو سەر و لەشی دێوەکان دەهاوێژرێن. لەنێو گالیسکەکەی میترای خاوەن دەشتی پان و بەرین، هەزار تەورزینی دوو تێغەی پۆلایی خۆشدەوست هەیە کە بە هۆی هێزی بیرکرنەوە و هۆشەوە، بەخێراییەکی لەئەندازە بەدەر بەرەو لەشی دێوەکان دەهاوێژرێن.

بەندی ١٣١:

لەنێو گالیسکەکەی میترای خاوەن دەشتی پان و بەرین، هەزار خەنجەری دوو سەرەی خۆشدەست هەیە کە بە هۆی هێزی بیرکردنەوە و هۆشەوە، بەخێراییەکی لەئەندازەبەدەر بەرەو لەشی دێوەکان دەهاوێژرێن. لەنێو گالیسکەکەی میترای خاوەن دەشتی پان و بەرین، هەزار گورزی ئاسنی خۆشدەست هەیە کە بە هۆی هێزی بیرکردنەوە و هۆشەوە، بەخێراییەکی لەئەندازە بەدەر بەرەو سەر و لەشی دێوەکان دەهاوێژرێن.

بەندی ١٣٢:

لەنێو گالیسکەکەی میترای خاوەنی دەشتی پان و بەرین، گورزێکی جوانی خۆشدەست هەیە کە سەد تێغەو سەد گرێی هەیە، میترا ئەم گورزە دەگرێتە نەیارە درۆزنەکان و دەیانکوژێت. ئەم گورزە زەرد ڕەنگە و لەزێر دروستکراوە، بەهێزترین چەکەمە نییە، کە بە هۆی هێزی بیرکردنەوە و هۆشەوە بەرەو سەر و لەشی دێوەکان دەهاوێژرێت.

بەندی ١٣٣:

میترای (مهر) خاوەن دەشتی پان و بەرین پاش ئەوەی بەو چەکانە، هەموو دێوەکان دەکوژێت و پەیمانشکێنەکان تەفروتونا دەکات، ئەوسا بەسەر ئاسمانی دەڤەری (ئەریزەهی) و (سەوەهی) تێدەپەڕێت و بەسەر ئاسمانی(فرە دەزەفشو) و (ڤێدەزەفشو) و بەسەر ئاسمانی (ڤاوروبەریشتی) و (ڤاور وجەریشتی) و بەسەر ئاسمانی دەڤەری درەخشانی (خنرس) تێدەپەڕێت. (واتە بەسەر ئاسمانی هەر حەوت دەڤەرەکەی کە لەژێر چاودێرێتیدایە دەگەڕێت)

بەندی ١٣٤:

بەڕاستی ئەهریمەنی بەدکردار دەکەوێتە ترس و لەرز و هەراسان دەبێت. بەڕاستی دێوی تـووڕەیی و تەڵەکەباز و بێرخراپ دەکەوێتە ترس و لەرز و هەراسان دەبێت،

بەڕاستی (بوش یاستە)ی قۆڵ درێژی بەدکار دەکەوێتە ترس و لەرز و هەراسان دەبێت.

بەڕاستی گشت دێوە بە چاو نەبینراوەکان و درۆپەرستان دەکەونە ترس و لەرز و هەراسان دەبن.

بەندی ١٣٥:

(بەندەکانی ٩٨، ٤، ٥، ٦ دووپات دەبنەوە)

بەشی سی و دوو (کردە ٣٢)

بەندی ١٣٦:

(بەندی ٧ دووپات دەبێتەوە)

ئەسپی سپی کالیسکەی میترا ڕادەکێشن، ئـەو کالیسـکەیەی کـە بـە هـۆی چـەرخی زێڕینـەوە دەچەرخێن و (زەور)ی پێشکەشی دەگەیەننە مەڵبەندی ئاسمانییەوە.

بەندی ١٣٧:

ئاهورامەزدا بە زەردەشتی گوت:

خۆزگەم بەو پیاوە ئایینییەی (مەبەست زەوتە کـە یەکێکـە لەمویـدەکان کـە لـەنێو ئاتەشـگادا لەکاتی نیایشدا مەراسیمە مەزهەبییەکان ئەنجام دەدات) کـە بەدروسـتی ستایشـتی مـیترا دەکـات، میترا یەکڕاست دەچێتە نێو ماڵی ئەو کەسە و ئارەزووەکانی بەدیدێنێت.

بەندی ١٣٨:

ئاهورامەزدا دەربارەی ئەو کەسەی (زەوت)ێکی نا ئاگا هەڵدەبژێرێت بۆ ئەنجامدانی مەراسیم، بـە زەردەشت دەبێژێ:

ئەی زەردەشتی پاك، خۆزگەم بەو کەسە نەبێت کە ئەم کارە دەکات.

بەندی ١٣٩:

ئەو کەسەی بەچاوی سووکەوە بڕوانێتە مەزداو ئەمشاسپەندەکان و میترای (مهر) خاوەنی دەشتی پان و بەرین و (دات)(٥٦) و (رەشەن)(٥٧) و (ئەرشتاد)، ئاهورامەزدا و ئەمشاسپەندەکان و میترای خاوەنی دەشتی پان وبەرین کەیفخۆش ناکەن و بە ئارەزووەکانیان ناگەن.

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦، دووپات دەکرێتەوە)

بەشی سی و سێیەم (کردە ٣٣)

بەندی ١٤٠:

(بەندی ٧ دووپات دەکرێتەوە)

ئەی سپیتمان!

ئەز، ستایشتی میترا (مهر) دەکەم، ئەو کەسەی کە یەکەمین ئافەریدەی خاس و دلێری مەعنەوییە، ئەو کەسەی فرە میهرەبان و بێ هاوتایە، ئەو دلاوەرەی کە پلەو پایەیەکی بەرز و بەنرخی هەیە، ئەو پاڵەوانە جەنگاوەرە ستایشت دەکەم.

بەندی ١٤١:

ئەو کەسێکە کە هەمیشە خاسترین و بەهێزترین چەکی خۆشدەستی پێیە. هەرگیز فریونادرێت، بەهێزترین و دلێرترینی دلێرانە، داناترین دانایانە. ئەو سەرکەوتووەی کە (فەڕ)ی ئیزەدی هەیە، ئەو کە هەزار گوێو دەهەزار چاوو دەهەزار زێرەڤانی هەیە. ئەو میترای (مهر) بەهێز و توانا و دانا فریو نەدراوە.

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەکرێنەوە)

بەشی سی و چوارهەم (کردە ٣٤)

بەندی ١٤٢:

(بەندی ٧ دووبارە دەبێتەوە)

میترا، ئەو ئیزەدە خاس کردارەی کە ئەو هەموو شتە جۆراوجۆرانەی کە بیری خاس لەبووندا (سپەنتەمینو) ئافراندویەتی، سەر لەبەیانیان زوو، لەتەك دەرکەوتنی خۆردا، پێشانی دەداو ئاشکرای دەکات و پەردەی لەسەر هەڵدەماڵێ.

بەندی ١٤٣:

سیماو روخساری هەروەك هەساردی (تیشتەر) دەدرەوشێتەوە.

ئەی سپیتمان!

کالیسکەکەی میترا، لەلایەن جوانترین ئافەریدەکانم کە هەرگیز لەڕێی ڕاست لانادەن، دەچەرخێنن.

ئەز، ئەو کالیسکەیە ستایشت دەکەم کە سپەنتەمینو ئافراندی، ئەو کالیسکە مەعنەوییەی کە بەزێوەری هەسارەکان ڕازاوەتەوە.

بەشی سی و پێنجهەم (کردە ٣٥)

بەندی ١٤٤:

(بەندی ٧ دووپات دەکرێنەوە)

ستایشت دەکەین ئەو میترایەی کە لەدەوروبەری وڵاتدایە، ستایشت دەکەین ئەو میترایەی لەنێو وڵاتدایە، ئەو میترایەی لەنێو وڵاتدایە ستایشت دەکەین، ئەو میترایەی کە لەباکووری وڵاتدایە ستایشت دەکەین، ستایشت دەکەین ئەو میترایەی لەپشت و لەپێش وڵاتدایە.

(واتە لەهەرچوار لای وڵاتدایە)

بەندی ١٤٥:

میتراو ئاهورای مەزن و نەمر و پیرۆز ستایشت دەکەین، هەسارەکان و مانگ و خۆر و میترا کە سەروەری هەموو وڵاتە، لەبەرامبەر (بەرسەم)دا ستایشت دەکەین.

(بەندەکانی ٤، ٥، ٦ دووپات دەبێتەوە)

بەندی ١٤٦:

سڵاو دەنێرین بۆ میترای خاوەن دەشتی پان و بەرین و بۆ (رام) بەخشەندەی زەوی و زاری بەپیت و بەرەکەت.

ئەشم وەهو ــ ڕاستی باشترین نیعمەتە و مایەی بەختیارییە. کەسێك بەختەوەرە کە باشترین ئارەزووی، ڕاستی بێت.

کەسێك کە ستایشتت بکات، تۆ فەر و رۆشنایی، تەندروستی، ژیان و سەرکەوتن و دارایی و خۆشی پێ ببەخشە، ماڵ و منداڵی شیاوی پێ ببەخشە، تەمەنی درێژ و بەهەشت و ڕووناهی هەمیشەیی پێ ببەخشە، ئەشم وەهو.

ڤیسپەرد Visparad:

بەشێکی دیکەیە لەکتێبی ئاڤێستا، ئەم بەشە لەڕووی شێوەی نووسین و داڕشتن و بابەتەوە فرە لە(یەسنا)وە نزیکە، پێکهاتووە لەسروودی کورت دەربارەی ستایشتی هەموو ئافەریدە خاس و پاکەکان.

ڤیسپەرد لە ئاڤێستادا وشەیەکە لەدوو بەش پێکهاتووە:

ڤیسپە Vispa و رەتەڤو Ratav (رەد Rad) بەشی یەکەمی بە مانای (هەموو، گشت)ە، بەشی دووەمی (رەتەڤۆ Ratavo) یاخود (رەتو Ratu) کە بووە بە(رەد Rad) بەمانای مەزن و گەورە و سەرەوەرە یاخود بەمانای پێشەوای مەعنەوییە. ماناکەی بەسەریەکەوە دەبێتە (هەموو گەورە و سەروەرەکان). هەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ بەشێك لەکتێبی ئاڤێستا دەگەڕێتەوە سەر بابەتی ئەم بەشە کە هەروەکو گومان بریتییە لەستایشت و ئافەرینکردنی هەموو ئافەریدە خاسەکانی ئاهورامەزدا.

لە ئاڤێستادا چەند جارێك ئەم دوو وشەیەی (ئاهو Ahu و رەتو Ratu) پێکەوە هاتوون. ئاهو بەمانای گەورە و مەزن و سەروەر و فەرمانڕەوایە، یاخود بێژین پێشەوای جیهانییە، کەوایە لەراستیدا لە ڕووی زەمینەی بیری ڕامیاری ـــ ئایینی، لە ئاڤێستادا ئەم دوو وشەیە کارایییەکی یەکجار بەرفراوانی هەیە و مانای جۆراوجۆر دەگەیەنێت. دەورانێك لە فەرمانڕەوایەتی یا شێوەیەك لە جۆری حوکمڕانی دادەڕێژێ، کە فەرمانڕەوایەتی لە جیهانی مادیدا لەتەك پێشەوایەتی و ڕابەرایەتی ئایینی، هەردووکیان دەبوایە بەدەست یەك کەسەوەبێت. واتە، پاتشا یا سەرۆك و فەرمانڕەوای رامیاری خێڵێك یا کۆمەڵگایەك لەهەمان کاتدا پێشەوای رۆحانی ئەو کۆمەڵگایەش بووە. لە ئاڤێستادا، بڕێ جار دەبینین کە ئەم دوو (عنوانە) هەم بۆ ئاهورامەزدا هاتووە و هەم بۆ زەردەشت. لەیەسنا هات ٢٧ بەندی ١ دەبینین، کە ئاهورامەزدا هەم (ئاهو) و هەم (رەتو)ە، واتە ئاهورامەزدا تەنیا ئەوە نییە کە خەڵك بیری لێدەکەنەوە، واتە تەنیا لە ڕووی رۆحانیەت و نێردەری پەیامی ئایینی نییە، بەڵکو رێنمایی کۆمەڵگا و خەڵك و هەموو مرۆڤایەتیش دەکات لە شێوەی ڕامیاری و فەرمانڕەوایەتییەوە کەوایە،

لەڕووی هـ ئەم راستییەوەیە کە پەیامبەرەکەشی هەم (ئـاهو). وهـەم (رەتـو)ە وکۆمـەڵگا لەدیـدی روحانیەت و مەعنەوییەت و لەشێوەی رامیاری ــ کۆمەڵایەتیش رابەری دەکات.

لەیەسنا ٢٧/١و فەروەردین یەشت بەندەکانی ٩١و ١٥٢، ئاهورامەزدا بە زەردەشت دەبێژێ: (تـۆ لەبۆ خەڵکی ئەم جیهانە هەم ئاهویەو هەم رەتو).

هاشم رضي) لەکتێبی (اوستا، سرودهای زردشـت)ل ٢٧ دەبێـژێ: (ئـەوەی کـە سەرنجڕادەکێشـێ ئەوەیە کە لەکاتێکدا ئەم دوو عنوانە، پێکەوە دێن، وشەی (ئاهو) لەپێش(رەتو)دایە. دەتـوانین بێـژین کە ئەم پێشوو پاشکەوتنە رووداوێکی هەرەمەکی و لەگۆترە نییە، چونکە لەدیدو بـاوەڕی زەردەشـت، رۆحانییـەت و پـاکی و خاسـی و ئایینـداری، پەیڕەویکردنـە لـە راسـتی (ئاشـا)، واتـە تـەکوزی و رێکوپێکییە بە مانای فراوانییەوە، دەبێتە هۆی رێکـوپێکی و تـەکوزی لەکۆمـەڵگا، دادپـەروەرێتی، پارێزگـاری و داکـۆکی لـەمافی تـاك و کۆمـەڵگا و لـەناوبردنی دیکتاتۆریـیـەت و خۆپەرسـتی و چەوساندنەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا بریتییە لەعیبادەت. کاتێك زەردەشت لـەکاتی نزاکردنـدا، ڕوو لـە ئاهورامەزدا دەکا دەبێژێ:

(ئەی مـەزدا، گشـت ئـەو کـار و کـرداره خاسـانەی ئـەنجامم داوە و ئـەو هـەوڵ و کۆششـانەی گەیشتوونەتە ئـەنجام. هـەروەك عیبـادەت پێشکەشـی دەکـەم. ئەمـە خـۆی لەخۆیـدا مانـای ئـەو بۆچوونانەی باسمان کرد دەسەلمێنێت}

شایانی باسە لێرەدا بێـژین کـ . لەڤسـیپەرد دا، هـەموو ئافەریـدەکانی ئاهورامـەزدا، پـیرۆزی و سەروەرییەکی تایبەتی خۆیان هەیە. هەر ماکێکی پاك و بەکەڵك، هەر گیاو گوڵێکی بۆنخۆش و جـوان و بە کەڵك، هەر گیاوگوڵێکی سوودمەند، هەر تۆوێکی خۆراکی، هەر سەر زەوی و دەڤەرێکی فـراوان یا بچووك کە ژینگەی مرۆی خاس بێت، هەر دەریاو ڕووبار و کێوێك، هەر یەك لەو هەسارانەی کە بـە شێوەیەك ئاسەواریان لەژیانی مرۆڤدا هەیە، هەر وتەیەکی خاس، هەر جۆرە پەرستنێك کە لەکانگـە و ناخی دەروونەوە و بەراستی بێت و هەر.... ئەمانە هەموویان ستایشت دەکرێن.

لەئایینی مەزداپەرستیدا، هەموو شتێکی سوودمەند و بەکـەڵك کـە ژیانبـەخش بێـت، شـایانی ستایشتە. شایانی باسە کە لەڤیسپرد دا بۆ هەر یەك لەم ماکانـە لـەنێو خۆیانـدا سـەروەرێك یـاخود لەهەموان پیرۆزتر دەستنیشان کراوە. بۆ نموونە، سەروەری هەموو گیا سوودمەندەکان، گیای (هـوم)ە، (کشتی) یا ئەو پشتوێنەی زەردەشـتییەکان لەپشـتیان دەبەسـتن، سـەروەری هـەموو جلوبەرگەکانـە، ڕووباری دائیتی لە هەموو ڕووبارەکان پیرۆزترە، کێوی هۆکەر hokar سەروەری هـەموو کێوەکانـە، گەنم سەروەری هەموو دانەوێڵەکانە.

لەڕاستیدا ئەگەر بە چاوێکی بینایيەوە و بە ووردی لەڤیسپەرد بکۆڵینەوە، دەبینین لە هەموو دیاردەیەکی سروشتیدا، لە وردە تا درشت، هێز و توانای ئافەریدەگار وەبەرچاودەکەوێت.

ستایشت و ئافەرینی هەر یەك لەم ماکانە، سروشت وەك ئاو، ئاگر، خاك، با، گیا و... لەراستیدا ستایشت و پەرستنی ئافەریدەگار دەگەیەنێت.

ڤیسپەرد، بە تەنیایی کتێبێکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو بریتی بووە لە پاشکۆی یەسنا (جاکسۆن دەبێژێ: بریتی بووە لە زیادە خستنەسەر بەشی یەسنا و نزیکە ۷/۱ی یەسنا بووە).

لە ڕێوڕەسمی ئایینیدا، کەمجار ڤسیپەرد بە تەنیایی دەخوێندرێتەوە زۆربەی جار لەتەك یەسنادا پێکەوە دەخوێندرێنەوە. تەنیا لەکاتی شەش جێژنی ساڵاندا ڤسیپەرد بە تەنیایی دەخوێندرێ. تێکرا ڤسیپەرد پێکهاتووە لە ۲۲ تا ۲۷ بەش.

مەخابن، مەودای ئەوەم نییە لەم کتێبەدا یەکە یەکە باسی ئەو بەشانەی ڤسیپەرد بکەم. ئەگەر بۆم ڕەخسا لەپاشەڕۆژدا هەموو ئەم بەشانەی ڤسیپەرد وەردەگێڕم و بە جیا لەکتێبێکی سەربەخۆدا بە چاپی دەگەیەنم. ئێستا کورتە و پوختەیەك لەم بەشانە دەخەمە بەرچاوی ئێوەی ئازیز.

بەشی یەکەم: ڤسیپەرد پیکهاتووە لە۹ بەند، سەرەتا دەبێژێ:

مژدەی ستایشت دەدەم بۆ سەروەرانی مینۆکی(مەعنەوی) و سەروەرانی جیهانی (مادی). مژدەی ستایشتی سەروەرانی زیندەورانی ئاوی، سەروەرانی زیندەورانی ژێرزەمین، سەروەرانی پەلەوەران و هەموو ئاژەڵ و گشت پاکان و خاسان دەدەم.

ئەوسا باسی شەش جێژن و خۆشی دەکا و وەك سەروەرباسیان دەکات، ستایشتی جیهانێك کراوە کە لەبزاڤتن و پێشکەوتندایە، ژنان و پیاوانی پاك، کێوە جوان و سوودبەخشەکان، ئیزەدەکان و ئەمشاسپەندان، وتەی خۆش بەیانی ئیزەدەی و سەرزەمینە پاکەکان و لەئەنجامدا ئاهورامەزدا کە هەموو شتێکی خاس لەوەوەیە وەك سەروەر کە دەبی ستایشت بکرێن، ناویان لێبراوە.

لە بەشی دووەم: نیوەی ئەم بەندە بریتییە لەدووپاتکردنەوەی بەندەکانی یەك و دووی بەشی یەکەم. ستایشتی هەموو ئەو سەروەرانە کراوە کە زەردەشت لەلایەن ئاهورامەزداوە راسپێراوە کە ستایشت بکرێن. ئاهورامەزدا کە مەزنترین سەروەری مینۆکییە، چاکەی تەواو سەنگە، ژنان و پیاوانی خاوەن باوەڕ و بیر و کردار و گوفتاری خاسن ستایشت کراوە، ئاناهیتا کە سەروەری پاکییە ستایشت کراوە.

لە بەشی سێیەم: باسی حەوت پلەوپایەی پیاوە ئایینییەکان و سێ چین یاگروپی خەڵك دەکات. ئەم بەشە پێکهاتووە لەشەش بەند تیایدا باسی تایبتمەندییەکانی مەزداییەکی خاس چ پیاو و چ ژن

دەکات و دەبێژێ: هەر یەکێك لەمەزداپەرستان، سەروەرێکە بۆخۆی بە مەرجێك کە خاوەنی سیفات و ئاکاری ڕاست و دروست بێت

لە بەشی چوراهەم: ستایشتی پاداشتی ڕاستی، توانایی و زانیاری و زانست و تەندروستی، کراوە و هەر یەکێك لەمانە بە هۆی ئیزەدی تایبەتی خۆیەوە ستایشتی لێکراوە، ستایشتی دیاردەکانی سروشتی کراوە و لەپاشاندا ستایشتی ئاهورامەزدا و سروش کراوە.

لە بەشی پێنجهەم: بە ستایشتی ئەمشاسپەندان و گشت سوشیانتەکان دەستی پێکردووە و دانی بەراستی و دروستی ئایینی مەزدایی داناوە و بە ستایشتی سەروەرانی ساڵ و مانگ و ڕۆژ کۆتایی بەم بەشە هاتووە.

لە بەشی شەشەم: ئەم بەشە بریتییە لە تەنیا یەك بەند و تیایدا ستایشتی ئاهورامەزدا و ئەمشاسپەندەکان دەکات.

لە بەشی حەوتەم: بریتییە لەپێنج بەندی پڕ مانا. دەتوانین بە کلیلی قوفلی ناسینی چۆنێتی بیر و بۆچوونی ئەو خەڵکانەی دابنێین، کە لەسەدەکانی نزیك بە دەورانی ئاڤێستادا دەژیان، واتە لەسەردەمێکدا دەژیان کە فرە لەسەردەمی ژیانی خودی زەردەشت دوورنەبووە. ئەم پێنج بەندە بریتین لە:

بەندی ١:

ستایشتی وتاری دروست دەکەین. سروشتی پاك ستایشت دەکەین. (ئەشی)ی پاك (فریشتەی توانا و پاداشتە) ستایشت دەکەین. (نریوسنگ) (فریشتەی پەیامهێنەری ئاهورامەزدا = جبرئیل لەئیسلامدا) ستایشت دەکەین ئاشتی پیرۆز ستایشت دەکەین. خەڵکی لەرێ لانەدەر و ڕاستکردار ستایشت دەکەین. فرەوەهری پاکدینان ستایشت دەکەین. پردی چینیوت ستایشت دەکەین. (گرزەمان)ی ئاهورامەزدا ستایشت دەکەین. ستایشتی بەهەشت دەکەین کە تیشکو ڕووناکی هەموو خۆشییەکان دەبەخشێت.

بەندی ٢:

ستایشتی خاسترین ئەو ڕێگایانە دەکەین کە بەرەو بەهەشت دەڕوا. ستایشتی (ئرشتاد) (فریشتەی ڕاستی و دروستی) دەکەین کە هەموو جیهان پەروەردەدەکات و سوودی پێدەبەخشێت. ئایینی مەزداپەرستی ستایشت دەکەین. ڕەشەن کە ڕاستترین ئافەریدەکانە ستایشت دەکەین. میترا

(مهر) كه خاوەنی دەشتی پان و بەرینـە ستایشـت دەكـەین. (پارەندی)چـالاك (فریشـتەی چـاودێری داراییە) ستایشت دەكەین.

بەندی ٣:

پاڵەوانێتی و جوامێری پیاوانە ستایشت دەكەین، كە فراوانی و گوشاری بە مرۆڤ دەبەخشێت، كـە هۆش زیاددەكات، كە توندوتیژی و دلێرترینی دلێرەكانە، كە هەروەك بەهرەیەكی یەزدانی دەگاتە مـرۆ و لەتەنگوچەڵەمە ڕزگاریان دەكات. ستایشتی (خەو)ی یـەزدانی دەكـەین، كـە خـەڵاتی مەزدایـە و مایەی شادومانی مرۆ و هەموو زیندەورانە.

بەندی ٤:

ستایشتی ئەو ئافەریدە پاكانە دەكەین كە لەپێش ئاسمان، ئاو، زەوی، گژوگیاو زینـدەوەرانی خـاس دروستكراون(٥٨)

دەریای(فراخ كەرت) ستایشت دەكەین. (بـا)ی ئافەریـدەی مـەزدا ستایشـت دەكـەین. ئاسمـانی درەخشان كە لەپێش بوونی ئەم جیهانەدا خولقێنراوە ستایشت دەكەین.

بەندی ٥:

ئازەری كوڕی ئاهورامەزدا(٥٩) كە سـەروەری پاكییـە، ستایشـت دەكـەین. (زەور) و(كشـتی)و (بەرسەم)ی پـاك، سـەروەری پـاكی ستایشـت دەكـەین. ستایشـتی (ئەبـەم نـەپات(٦٠)) دەكـەین. (نریوسنگ) ستایشت دەكەین.

(داموئیش ئۆپەمەن)ی دلێر ستایشت دەكەین. ڕۆحی مردووەكان ستایشـت دەكـەین. فرەوەهـری پاكدینان ستایشت دەكەین.

ئاهورامەزدا، سەروەری مـەزن ستایشـت دەكـەین، ئـەوەی كـە لەپاكیـدا سـەرودر و لەسـەرووی هەموانداییە.

گشت سرودەكانی ئایینی زەردەشتی ستایشت دەكەین. هـەموو ئـەو كردەوانـەی ئـەنجام بـوون و ئەنجام دەبێت ستایشت دەكەین.

گەر بە وردی سەرنج لەو پێنج بەندەی سەرەوە بدەین، دەبینین کە ئەو ڕاهێنان و ئامۆژگارییە ئایینییانە ڕێگەیەك بەرەو ژیانێکی خۆش و خوازراو دەکەنەوە، ئارەزوو و ستایشت و داواکاری ئەو جۆرە شتانە دەکرێت، کە ژیانی ئەم جیهانە بە پاکی و خاسی و دروستی و دوور لەدەروێشی و سەختی و نەبوونی، بە ئامانج بگەیەنێت.

مەزداپەرستەکان، ئەو جۆرە نیعمەت و فەڕانە بە جەختکردن و پێداگرتن لە ئافەریدگار ناخوازن. ئەوەی ئەوان داوای دەکەن لەسروشتدا هەیە، کەسێك دەتوانێت بەهرەیان لێوەربگرێت کە بەئەندازەی هیمەت و کار و کۆششییەوە خۆی پێوە ماندوو بکات. واتە ئەم جۆرە داخوازیانە بەگریان و پاڕانەوە و دوعا و نزا نایەتەدی.

بەشی ٨:

بریتییە لەدوو بەند. لەم دوو بەندەدا دەیەوێت بیگەیەنێت کە هەر ژن و پیاوێکی خاس، بە هۆی دروستی و خاسی ڕێبازی (ئاشا) گرتنەبەر، دەبێتە ئیزەدێك بۆ خۆی، واتە شیاوی ستایشتکردنە و لەڕیزی ئەمشاسپەندان و ئیزەدان و سەروەران دەژمێرێن.

بەشی ٩:

بریتییە لە٧ بەند.

دەربارەی ستایشت و کارتێکدرنی خاسی و جەخت لەسەر ئەنجامدانی ڕێورەسمی دروست و ئامادەکردنی گیای سوودبەخشی(هوم) دەدەوێت. ولەپاشاندا درود و سلاو بۆ ئەمشاسپەندان و ئیزەدەکان و ماکە خاسەکانی سروشت و سروودە ئایینییەکان نێردراوە.

بەشی ١٠:

لەم بەشەدا ستایشتی هەر حەوت دەڤەر، ئامرازەکانی ئەنجامدانی ڕێورەسمی ئایینی و فرە وەشی پاکدینان و سروودی ئەهونەوەئیرە کراوە.

بەشی ١١:

درێژترین بەشی ڤیسپەردەو بریتییە لە٢١ بەند.

لەم بەشەدا، بە قوولی مانای پەیوەندیی نێوان ئایین و سروشت، بەردەوامبوونی (بوون)و هەروەها بوونی ئافەریدگار لەسروشتداو ستایشت کردن و سروود چڕاندن و ئافەرینکردن و پیرۆزی هەر جۆرە جوانییەك و ماکە سوودبەخشەکان و دیاردە خاسەکان کە لەڕاستیدا بریتین لەستایشت و پەرستنی

ئافەریدگار ، بە شێوەیەکی یەکجار جوان و ڕەوان باسکراوە، لەم بەشەدا بە شێوەیەکی جوان و ڕەوان و سادە باسی چۆنێتی بەدیهێنانی ڕێوڕەسمی ستایشت دەکات.

بەشی ١٢:

لەڕووی بابەت و ماناوە بریتییە لەتەواوکەرەوەی بەشی پێشوو لەتەك ڕێوڕەسمی ئامادەکردنی (هوم و پەراهوم)، ڕاستییەکان، چاکەکان، دروستییەکان و پەرستن بەدڵ و بەگیان و بەڕاستی، ستایشت کراوە.

بەشی ١٣:

بریتییە لە٣ بەند

بەستایشتی ئاهورامەزدا دەستی پێکردووە، ستایشتی زەردەشت و فرە وەهرەکەی و ئەمشاسپەندەکان و فرەوەهرەکەی و ئەمشاسپەندەکان و فرەوەهری بە توانای پیاوخسان و سروودە تایبەتییەکانی ئاڤێستای کردووە.

بەشی ١٤:

بەشێکی کورتەو تیایدا ستایشتی سروودە ئایینییەکان کراوە و باسی شێوەی دروستی خوێندنەوەیانی کردووە.

بەشی ١٥:

ئەم بەشە پتر باس لە بنەما بنچینیەکانی میللی ــ ئایینی ناوچەکە دەکات، کە بەشێوەیەکی گشتی زەردەشت بایەخێکی زۆری پێداوە.

بە ڕاشکاوی دەتوانین بێژین کە لەڕوانگەی زەردەشتەوە، ئاین بریتی بووە لەئامرازێك بۆ دابینکردنی ژیانێکی کارا کە تیایدا بنەمای ستایشت و پەرستن بریتی بووە لە کار و کۆشش.

جەختی زەردەشت و پەیڕەوەکانی لەسەر کار و کۆشش کردن و دابینکردنی ژیانێکی خۆش و بەختەوەر و پڕ لە ئاسایش لەژێرسایەی ڕاستی و دروستی و یاسا (ئاشا) و بیری خاس (وەهومەن)، کە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی هێز و توانایەکی دروست (خشەترا) و تەندروستی و نەمرێتی (ئەمرتات) و زێدەبوونی پیت و بەرەکەت و نیعمەت(هەورتات) فرە ئاشکرا و ڕۆشەن بوو. ئەوەندەی جەختی لەسەر ئەمانە بوو باسی ئەو پەرستن و ستایشتە سەر و سروشتیانەی نەدەکردو کەمتر بەلایدا دەچوو.

لەم بەشەدا، هەروەها باسی دیدو بۆچوونی زەردەشت دەکات دەربارەی چۆنێتی ژیان و سوود وەرگرتن لەخۆشییەکانی، ژیان بردنەسەر بەشادی و خۆشی و دروستی، سوود وەرگرتن لەدەسترەنجی خۆ بۆ چێژوەرگرتن لەخۆشییەکانی ژیان، ئەمانە هەمووی سوپاسکردنی ئاهورامەزدایە. بە

پێچەوانەوە، گۆشەگیری و ریازەت و دەروێشی و ڕوو وەرگێڕان لە خۆشییەکانی ژیان، کفرە بە نیعمەتەکانی ئاهورامەزدا و هەنگاوهەڵهێنانە بەسەر ڕێگەی ئەهریمەنی.

پارچەیەك لەم بەشە دەبێژێ:

(لەم سەر زەمینەدا، پێویستە کشتوکێڵ بە شێوەیەکی دروست ئەنجام بدرێت بۆئەوەی زەوی بکێڵرێو بەرهەمی خاس وەدەست بێت. ئەی مەزداپەرستانی زەردەشتی، بەشێوەیەکی هۆشمەندانە دەستو پێی خۆتان بەکاربێنن بۆئەوەی زەوی بکێڵن و بەکرداری خاس و بەدروستی کاربکەن، نە بەنادروستی و لە ڕێگەی خراپەوە. با بەم کردەوەمان ستایشتی ئاهورامەزدا بکەین کە توانایە و شیاوی ستایشتە...)

بەشی ١٦:

بریتییە لەچوار بەندو دووپاتکردنەوەی ستایشتی زەردەشت و سروودەکانە.

بەشی ١٧:

یەك بەندەو ستایشتی یەسنای (هفت هات)ە.

بەشی ١٨:

لەسێ بەند پێکهاتووە. باسی سروود و نزاکان دەکات.

بەشی ١٩:

دەربارەی ستایشتی بڕێك لەسروودەکانی گاتاو ستایشتی ئاهورامەزدا و زەردەشت و بڕێ لەبنەماکانی سروشت دەدوێت.

بەشی ٢٠:

لەم بەشەدا ستایشتی بڕێ لەسروودەکانی گاتەکان و نزاکان کراوە و هەروەها دووپاتکردنەوەی ستایشتی بنەماکانی سروشت و فرەوەهری هەموو خاسەکانە.

ڤەندیداد Vendidad:

ڤەندیداد، یاخود (ڤەی ــ دەئو ــ داتە vi – daeva – data)یەکێکە لەپێنج بەشەکانی ئاڤێستا.

هەروەکو لەمەوبەر باسمان کرد، ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکان بریتی بوو لەبیست ویەك نەسك Nask . ڤەندیداد نۆزدەهەمین نەسك لەو بیست ویەك نەسکە بووە. شایانی باسە ئەم نەسکە تەنیا نەسکێکە کە تائێستا بێ دەسکاری و بە تەواوەتی وەك خۆی ماوەتەوە.

ڤەندیداد، بە مانای (یاسای دژی دێوە)، لێرەدا مەبەست لەدێو هەموو شتێکی خراپە.

گەر بمانەوێت ئەم بەشە لە ئاڤێستا لەتەك بەشەکانی دیکەیدا (واتە یەسنا، یەشتەکان، ڤیسبەرد، ئاڤێستای بچووك) بەراورد بکەین، هیچ جۆرە هاوئاهەنگییەك لەنێوانیاندا نابینین، بەڵکو بە پێچەوانەوە جۆرە نامۆییەکی بابەتی لەنێوانیاندا وەبەرچاودەکەوێت.

بابەتەکانی ئەم کتێبە لە٢٢ بەش (فەرگەرد) پێکهاتووە، بریتین لەئەحکام و شەرایعی سەردەمی مۆغە مادەکانی پێش زەردەشت. بە کورتی دەتوانین بێژین ئەم بەشە لە ئاڤێستا ڕەسەن نییە، بەهیچ شێوەیەك لەتەك فەلسەفە و حیکمەتی زەردەشت ناگونجێت، چەواشەکردنی بیروباوەڕی ڕەسەنی زەردەشتە کە لەسەردەمی ساسانییەکاندا نووسراوە و تێکەڵ بەم ئایینە بووە. بێگومان بڕێك لەئاداب و رسومی زەردەشتتیشی تێدا هەیە.

باسەکانی بیست و دووبەشی ڤەندیداد بەم جۆرەیە:

بەشی یەکەم: دەربارەی ئافراندن و پێکهاتنی جیهانە. لەم بەشەدا باسی دەڤەرەکانی سەرگۆی زەوی دەکات کە ئاهورامەزدا ئافراندوویەتی، هەروەها باسی ئەو نەخۆشی و دەردو ئازارانەی کە ئەنگرەمینو بەسەر زەویدا بڵاویکردۆتەوە، دەدوێت.

بەشی دووەم:

دەربارەی ئەفسانەی (جەم) و زێدەبوونی حەشامات لەسەر ڕووی زەوی لەو سەردەمەدا دەدوێت. هەروەها باسی ئەو سەرما سەخت و سۆڵە و لافاوە ترسناکەو لەناوچوونی زیندەوەران دەکا.

بەشی سێیەم:

دەربارەی خۆشی و ناخۆشییەکانی جیهان دەدوێو باسی کشتوکاڵ و پێنج جێگەی پڕ لـە ئاسـایش و خۆشی و پێنج جێگەی سەخت و ناخۆشی دەکات. هەروەها باسی ئـەو کـار و کردارانـە دەکـا، کـە خۆشی و بەختەوەری بۆ زەوی و خەڵك دەسازێنن.

بەشی چوارەم:

باس لە ئەحکام و شەرایع و یاسای جەزایی و بڕێ یاسای دیکە دەربارەی بەڵێن و پـەیمان و بڕیـارە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکانی تـاك و کۆمـەڵ دەکـات هـەروەها باسـی پێویسـتبوونی خوێنـدن و بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی و هاوسەرخواستن و زاوزێ دەکات.

بەشی پێنجەم تاکو بەشی دەهەم:

باسی پاك وخاوێنی و چۆنێتی شۆردن و خۆپاککردن و پاك ڕاگرتنی زەوی و ئـاو و.. دەکـات. زۆر بە وردی باسی سێ چینە بنەڕەتییـەکانی کۆمـەڵگای سـەردەمی ساسـانییەکان دەکـات، کـە بـریتین لەپێشەوایانی ئایینی، سوپا و چینی جووتیاران، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کـە لـەو سـەردەمەدا هێشتا چینی کرێکار و پیشەسازەکان بە مانای واتە پێك نەهاتبوو. هەروەها باسی زانستی پزیشـکی و پزیشکی ئاژەڵ دەکات و بە ئەرکی سەرشانی خەڵك دەزانیت کە لەم بوارانـەدا زانیـاری پەیدابکـەن. باسی بڕێکی زۆر لە نەخۆشییەکانی ئەو سـەردەمە کـراوە و ڕێگـەی پێشـگیری و چارەسـەرکردنیانی خستۆتە ڕوو. باس لەهەندێ لەو گوناهانە کراوە کە فرە جەختیان لەسەرکراوە و بـە خـراپ و گونـاهی گەورە ناوی بردووە.

لەبەشی دەهەمدا باسی بڕێ لەسروودەکانی گاتەکان دەکات کە دەبـی دوو یاسـێ یاچـوارجار بـۆ دوورخستنەوەی دێوەکان بخوێنرینەوە.

بەشی یانزەهەم:

دەربارەی خوێندنەوەی هەندێ لەسروودەکانی گاتەکان دەدوێت کە بۆ پاککردنەوە بەکاردێن.

بەشی دوانزەهەم:

دەربارەی پرسە دانانی خزمانی مردووو پاککردنەوەی ئەو شوێنەی کە مردووەکـەی تێـدا مـردووە دەکات.

بەشی سیانزەهەم:

باسی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەتەك(سـەگ)دا وەك گیانـدارێکی پـاك دەکـات. هـەروەها دەربـارەی ڕێزگرتن لە هەموو گیاندارێکی بە کەڵك دەکات.

بەشی چواردەهەم:

دەربارەی کەفارەدان لەبۆ کوشتنی (سەگی ئاوی) دەکات کە زیندەوەرێکی بەکەڵکەو سوودمەندە.

بەشی پانزدەهەم:

دەربارەی خاس رەفتارکردن لەتەك سەگدا بەتایبەتی دەڵە سەگ دەکات و بەتایبەتیش لەکاتی جووتبووندا.

بەشی شانزدەهەم:

دەربارەی چۆنێتی رەفتارکردن لەتەك ئافرەتدا لەکاتی بێنوێژیدا دەکات.

بەشی حەڤدەهەم:

دەربارەی شێوەی کورتکردنەوەی موو نینۆك دەکات.

بەشی هەژدەهەم:

دەربارەی بڕێ باسی جۆراوجۆر دەکات وەك (موید)ی شایستەو (موید)ی، بێ کەڵك و ناشایست، مامۆستای خاس و مامۆستای بێ فەر و بێ باوەڕ، کە خراپەکاری بلاودەکاتەوە. هەروەها دەربارەی کەڵەشێر دەدوێت، کە بەیانیان زوو لە نێو ماڵدا دەقوقێنێ و خەڵك لە خەو هەڵدەستێنێ و باسی پیرۆزی ئەم باڵندەیە دەکات.

هەروەها باسی (موید)ی ئازەربان دەکات کە خەریکی گەشکردنەوەی ئاگری پیرۆزە.

بەشی نۆزدەهەم:

دەربارەی ئامرازەکانی قوربانیکردن دەدوێت و ئەو نزا و وێردانەی کە لەکاتی قوربانیکردندا دەخوێنرێنەوە بۆ دوورخستنەوەی رۆحی شەڕ. هەروەها دەربارەی رۆح و چارەنووسییەوە دەدوێت لەکاتێکدا کە لەشی بەرەو نەمان دەچێت. هەروەها باسی حەوت دەڤەری سەر رووی زەوی دەکا و ناوی بڕێ لەو دێوانە دەبات، کە نەیار و دژی ئەمشاسپەندەکانن.

بەشی ٢٠ تا ٢٢:

دەربارەی ڕەوشەکانی پزیشکی دەکات، بەتایبەتی شێوەی نزا دەرمانی

لەبەشی بیستدا ناوی بڕێ لە نەخۆشییەکانی ئەو سەردەمە دەکا و شێوەی چارەسەرکردنیان باسدەکات.

تفنو: پەتا

سارس تییە: مەلاریا

ئەژی واکە: مارپێوەدان

سارنە: سەرئێشە

ئەستەئیریە: رۆماتیسم

مهرکە: تاعون

داژو: سووتان

پیسە: گەڕی

پامەن: کەچەڵی

وزمنو ئەستە: نەرمی ئێسقان

بەشی بیست و دووەم:

باسی ٩٩٩٩٩ جۆر نەخۆشی کە بە هۆی ئەهریمەنەوە دێتەدی دەکـات و باسـی چارەسـەرکردنیان دەکات.

خوردەی ئاڤێستا (ئاڤێستای چکۆڵە) یا (ورده ئاڤێستا):

خوردەی ئاڤێستا بەزمانی پەهلەوی خورتەك ئاوستاك xortek avestak واتە ئاڤێستای چکۆلەیان پێگووتووە، بەشێکە لەکتێبی ئاڤێستا. لەراستیدا ئەم بەشە، بەشێکی سەربەخۆو جیاواز نییە، کە شتێکی وەهای تێدابێت لەبەشەکانی دیکەی ئاڤێستادا نەبن. بەڵکو ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بریتییە لەزنجیرەیەك لە دوعا و نزا و بڕێ نوێژ و ستایشت، کە دانراون بۆئەوەی پەیڕەوانی ئایینی زەردەشتی لەکاتەکانی شەوو ڕۆژ بەتایبەتی ئەو ڕۆژە پیرۆزانەی مانگ و جەژنە ئایینییەکانی ساڵ و بۆ ئەو بۆنە گرنگانە وەك ڕۆژی ڕێوڕەسمی ژێرکراس(سدره) لەبەرکردن و پشتوێن(کشتی) بەستن و زەماوەند و پرسە و ... بەکاری بهێنن.

ئاڤێستای چکۆلە، بەدرێژایی ڕۆژگار دووچاری دەستێوەردان و گۆڕین بووە، هەر نووسەرێك بە بیر وبۆچوونی خۆیەوە شتی خستۆتە سەر یا لێی لابردووە. بەم شێوەیە پڕبووە لەئەفسانە و بڕێ دوعا و نزا و نیانیش، کە فڕی بەسەر ئایین و باوەڕی زەردەشت و گاتاکاندا نییە.

دکتور حسین وحیدی لەکتێبی (خرده اوستا) ل ٦ دەبێژێ:

(ئاڤێستای چکۆلە سیپاردەیەکە بە زمانی ئاڤێستایی، هەروەك ئاوێنەیەکە بیر و باوەڕ و ئەندێشەکان و ئایینەکانی خەڵك لە ئێرانی دێرینداا بەراوەژوو دەکاتەوە. بەشێك لەم سیپاردەیە کە بانگهێشتی خەڵکە بۆ ڕاستی و پاکی و دروستی و کار و کۆشش و جەژن و شادمانی و خۆشی و بیری خاس و گوفتاری خاس و کرداری خاس و هاوکاری و خۆشەویستی و دۆستایەتی و ئاشتی و دروستکردن، بریتین لەو باوەڕانەی لە گاتاکان و ئامۆژگارییەکانی زەردەشتان. بەشەکانی دیکەی ئاڤێستای چکۆلە بیروباوەڕ و ئەندێشە و ئایینەکانی پێش زەردەشت و ڕۆژگارانێك باسدەکات کە ئێرانییەکان ڕێزیان لەنیشانە جۆراوجۆرەکانی بوون و سروشت دەگرت. لە ئاڤێستای چکۆلەدا، ئەم ئەندێشەو بیروباوەڕ و ئایینانە لەتەك ئەندێشە و ئامۆژگارییەکانی زەردەشتدا ئاوێتە بووە. لەم دیدەوە گەر بمانەوێت دادوەرییەکی ڕاست و دروست دەربارەی ئاڤێستای چکۆلە بکەین، دەبێ هەمیشە (گاتا)کان ڕەچاوبکەین و ئاڤێستای چکۆلە لەتەك گاتاکاندا بەراوردبکەین، ئەوسا تەنیا ئەو بەشانەی

کە هاوئاهەنگن لەتەك ئامۆژگارییەکانی گاتاکاندا بە هاوردەی زەردەشت و ئایینی زەردەشتی دابنێین.)

بە بیر و بۆچوونی زەردەشتییەکان، ئاڤێستای چکۆلە لەلایەن ئازەرپاد کوڕی مهراسپند، کۆکراوەتەوە. ئەم ئازەرپادە یەکێك بووە لە بەناوبانگترین گەورە موبدەکانی سەردەمی ساسانییەکان و لەسەردەمی شاپووری دووەمدا (٣١٠ ـــ ٣٧٩م)، ئەم بەشەی ئاڤێستای نووسیوەتەوە.

شایانی باسە، ئەم ئازەرپادە، زۆر هەوڵیداوە بیروباوەڕی مۆغە مادەکان تێکەڵ بە ئایینی زەردەشتی بکات، بۆئەوەی دووبارە ئەو بیروباوەڕانە لەژێر پەردەی ئایینی زەردەشتیدا زیندووبکاتەوە.

١- پوختەی باسەکانی ئاڤێستای چکۆلە:

ئاڤێستای چکۆلە کە لەلایەن خوالێخۆشبوو پورداود وەرگێردراوەتە سەر زمانی فارسی، بریتییە لەهەشت بەش. زۆربەی زۆری ئەو ستایشت و نزا و نیایشە بەناوبانگانەی ئایینی زەردەشتی کە هەمیشە وێردی زمانی پەیڕەوانی ئەم ئایینە بووە، لەم کتێبەدا دەبینرێت.

ئەم هەشت بەشە بریتین لە:-

دوو نزا یا نوێژی کورت بە ناوی (ئاشم وەهو...) و (یەتائاهو...)

ئاڤێستای چکۆلە بە دوو نزای بەناوبانگ دەست پێدەکات، واتە بە (ئاشم وەهو....) و (یەتائاهو....).

ئەم دوو نزایە، لای زەردەشتییەکان زۆر پیرۆزن و لە هەموو نوێژ و ستایشت و دوعاکاندا دووپات دەکرێنەوە و لەسەر زمانی هەموو زەردەشتییەکدایە. ئەم دوو نزایە و ماناکانیان بریتین لە:

ئاشم وەهوو هیشتم ئاستی
ئوشتا ئاستی ئوشتا ئاهمائی
هیت ئاشایی و هیشتایی ئاشم

واتە:

ڕاستی خاسترین چاکەیەو مایەی بەختیارییە، کەسێك بەختەوەرە کە ڕاست بێت و خوازیاری باشترین ڕاستی بێت.

یەتائاهو وەئیریـو ئاتـارەئوش ئاشـان چـیت هەچـا وەنگهئـوش دەزدا مـەننگهو شـیە ئاتنـەئام ئانگهئوش مەزدایی خشتر مەچا ئاهورایی ئایم دریگو بیوەدەدەت واستارم.

واتە:

هەر بەو شێوەیەی کە سەرداری جیهـان (ئـاهو) بـەهێز و توانایـە، بەهـەمان ئەنـدازە سـەرداری ئایینیش (رەتو، رەد) (لێرەدا مەبەست زەردەشتە) لەبۆ پاکی و راسـتی و زاڵبـوون بەسـەر ئـارەزووی دەروونی خۆیدا، بەهێز و توانایە. خەڵاتی بیری خاس(وەهومەن) لەبۆ کەسێکە کە بە گوێرەی خواسـت و ویستی مەزدا ڕەفتار بکات. فەرمانڕەوایی ئاهورایی تایبەتـە بـە کەسـێك کـە یارمـەتی بێچـارەو هەژاران بدات.

دکتور حسین وەحیدی لەکتێبی (خردەاوستا)، یەتائاهوی بەم شێوەیە لێکداوەتەوە:

(ئەو یاسایەی کە بەسەر جیهـانی بوونـدا فەرمانـدەدات، ژیـان و سرووشـتی خەڵکیشـی لـەژێر ڕکێفدایە. بیری خاس تایبـەتی کەسـێکە کـە گوێڕایـەڵ و پـەیڕەوی یاسـای بـوون بکـات، توانـایی ڕاستەقینە لەبۆ کەسێکە کە بتوانێت بەسەر ویست و خواستە ناسرووشتییەکانی خۆیدا زاڵبێت)

٢- ڕێوڕەسمی ژێرکراس(سدرە) لەبەرکردن و پشتوین(کشتی) بەستن:

ڕێوڕەسمی ئایینی چۆنێتی ژێرکراس(سدرە) لەبەرکردن و پشتوێن(کشتی) بەستن، یەکـێ لەنزاکانـە کە لەکاتی لەبەرکردنی ژێرکراس(سدرە) و لەکاتی بەسـتن و کردنـەوەی پشـتوێنی تایبـەتی لـەئایینی زەردەشتیدا کەپێی دەبێژن کشتی یا کستی، دەبێ بخوێنرێتەوە.

(ئەی هورمز، ئەی سەروەری دانا. بە بیری خاس، گوفتـاری خـاس، کـرداری خـاس، لـە هـەموو گوناهێك کە کردومە، پەشیمانم. لەهەر بیرێکی خراپ، وتەیەکی خراپ و کردارێکی خـراپ، کـە لـەم جیهانەدا بیرم لێکردووە یا گوتومە یا کردومەو یالێم وەشاوە و یاخود لەدەروونمـدا بـووە. لـە هـەموو ئەمانە چ مادی بێت و چ مەعنەوی، پەشیمانم و تۆبە دەکـەم. بڕوخـێ بـیری خـراپ(٣جـار دووپـات دەکرێتەوە). بروخێو نابوود بێت ئەندێشەی گوناه بیری خراپ.

لەتەك هەموو خراپەکاران و درۆزنان و جادووگەران لەنێو دۆزەخی تاریکـدا سـەرنگون بـن و هـیچ کارێکیان بەخۆشی نەچێتەسەر.

سـەرکەوتووبێت هـەر کـارێکی خـاس کـە بەویسـت و خواسـتی ئاهورامـەزدا و سـی و سـێ ئەمشاسپەندەکان ئەنجام دەبێت. هەموو کارەکان بە گـوێرەی ئـایینی پـاکی هـورمز بێـت. هـورمزی دادگەر و مەزن و شکۆمەند و درەخشان و خاس، سەرکەوتووبێت.

بۆ کەیف و وەشی ئاهورامەزدا، بەهەموو توانامانەوە سەرشۆڕی و سەرنخونی ئەهریمەن دەخوازین. خاسترین ویستمان ئەوەیە کە ڕاست و دروست و پاك بین. لەبەرئەمە ڕاستی و دروستی ستایشت دەکەین(ئاشم وەهو... یەتا ئاهو..... ٢جار). ئایینی یەکتاپەرستی هەڵدەبژێرم و باوەڕم پێیەتی. ئەو ئایینەی کە زەردەشت هاوردوویەتی ستایشت دەکەم و باوەڕم بە بیری خاس و وتاری خاس و کرداری خاسە. ستایشت دەکەم و باوەڕم بە یەکتاپەرستییە کە دژی شەڕ و خوێنڕشتنە و ستایشتی ئاشتی و تەبایی و لە خۆبوردن و پاکی دەکات.

باوەڕم بەوەیە کە ئایینی یەکتاپەرستی زەردەشتی، مەزنتر و خاسترە لە هەموو ئەو ئایینانەی کە بوون و هەن و دەبن.

ئەز، ئاهورا بە ئافەریدەی هەموو شتێکی خاس دەزانم، ئەمە پەیمانی منە لەتەك ئەم ئایینی ئاهورایە.

یاریدەم بدە ئەی ئاهورا(٣جار).

ستایشت دەکەین هێز و توانایی و سەرکەوتن کە ئافەریدەی ئاهورایە و بەهۆیانەوە نەیاران دەشکێنین. هاوبیر و یاوەری هەموو مرۆڤێکی پاك بین و دووربین لەگوناه و گوناهکاران، لەتەك ئەوانەی پشتوێن(کشتی)یان بەستووە و بە خاسانی حەوت دەڤەری سەر ڕووی زەوی یەکسان بین و ڕێبازی پەیڕەوانی بە ئەمەکی زەردەشت و هەموو پاکان بگرینەبەر.

ئەی هورمز، ئەی خواوەند، با لەسەر پردی چینیوت بەشادومانی و ئاسوودەیی بپەڕێنەوە، بگەینە ئەو جێگەیەی مرۆڤە پاکەکان تیایدا نیشتەجێ دەبن. ئامادەبێت ئایینی پاك و پیرۆزی یەکتاپەرستی (٣جار دووپات دەبێتەوە).

٣- سروش باژ:

بریتییە لە نوێژێکی کورت، هەروەك زۆربەی زۆری نزاکانی دیکە بە زمانی پازەند لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا دەخوێنرێتەوە. ئەم نزایە لە بەرەبەیاندا دەخوێنرێتەوە وەك سوپاس بۆ سرووشی فریشتە پاش رزگاربوون لەتاریکی شەو، چونکە سرووش دژی تاریکاییە.

نزای سروش باژ:

(بە کەیف وەشی ئاهورامەزدا، دان بەوەدا دەنێم، کە مەزداپەرستێکی زەردەشتیم. دوژمنی خراپییەکان و پەیڕەوی ئایینی ئاهوراییم. هاوەنی(شەبەق) پاك بە ستایشت و نیایش کەیف وەش

دەکەم. ستایشتی سرووشی پاك دەکـەم، کـە بـەهێز و توانایـە و چـەکی بریتییـە لەوتـە پیرۆزەکـانی ئاهورای ئافەریدەگار.

وەلاّمم بدەنەوە ئەی یەکتاپەرستان کە توانایی سرووش چلۆنە.

وەلاّمت دەدەینەوە ــ ئەی عەودالّی ڕاستی ـ هەر بەو شێوەیە توانایە کە یەکتاپەرستێکی پاك بـە گوێرەی پاکی و دروستییەکەیەوە بەهێز و توانایە.

ئێستا ئیدی ئەی مەزدا، جگە لە نیایش و ناوی تۆ، جگـە لەرۆشـنایی ڕێبـازی تـۆ، کێیـە ئـەو کەسەی کە لەدرۆ و درۆزنان پارێزگاریم لێدەکات؟ ئـەی ئـاهورا، ئاگـادرم بکـە، کێیـە ئـەو کەسـەی هەلّبژاردەی تۆیەو ڕزگارمان دەکات لە خراپەکاران. ئەرێ، ئەی ئاهورا ئاگـادارم بکـە. بـیری خـاس و کامەرانی بۆ دەخوازم.

ئیدی ئەی مەزدا، خواستەکەم بەدیبهێنە، دۆستی و خۆشەویستی و ڕاستیمان پێ ببەخشە. درۆ و درۆزن، خراپە و خراپەپەرستمان لـێ وەدووربکە، نابوود و لەناویان بەرەو تەفروتونایان بکـە، ڕاسـتی و دروستی و پاکی سەرکەوتووبکە.

ستایشت وسلاّو بۆ سرووش، کە پاکە و بەهێز و توانایە و چەکی وتـەی پـاك و پـیرۆزی ئـاهورای ئافەریدەگارە. ئێستا ئیدی ئەی ئاهورامەزدا، داواکارم بۆ ئەوانەی کە لەسەر ڕێبازی تۆدانــ

فەڕ و مەزنایەتی، تەندروستی و شـادومانی، بەختـەوەری و خـۆڕاگری، زاروڵـە و نـەوەی دلێـر و پاڵەوان و ناودار، تەمەنی درێژ، پلەوپایەی بەرز و بەنرخ.

ستایشـت دەکـەم ئـەی ئـاهورا، ئـەم ئاسمانـە بەرینـە و زەوییـە پـانوپۆڕە و هـەموو ئافەریـدە خاسەکانت.)

٤- هوشبام:

نوێژێکە کە لەشەبەقدا دەخوێنرێت. ئـەم نوێـژە لەبەشـە جۆراوجۆرەکـانی ئاڤێسـتادا بەتایبـەتی لەیەسناکاندا وەرگیراوە. وشەی هوشبام بە مانای (شەبەق) دێت و بۆیـە ئـەم نـاوەی لێنـراوە چـونکە ڕۆحی مرۆڤ پاش مردن لە شەبەقی ڕۆژی چوارەمدا بەرەو جیهانی مەعنەوی دەڕوات.

ئەمەش دەقی نزای هوشبامەنــ

(ئەی مەزدا، لەکاتێکدا تووشم بە تووشی نـەیاران بکـەوێت، جگـە لـەتۆ کـێ دەتوانـێ پـەناو چاودێرم بێت؟

ئەی ئاهورا، بە پەروەردەکردنی ئاگری دەروونە کە ئاسایش و ئاسوودەیی ویژدان دێتەئارا.

ئەی ئاهورا، ڕێنماییم بکە، چونکە جگە لە تۆ هیچ ڕێنما و چاودێرێکم نییە.

ئامۆژگاریم بکە، کێن ئەو کەسانەی نەیارانت دەشکێنن و پەناگای یارانتن، تا ئاگام لەبوونیان بێت کە بێگومان گەورە پیاوان و داناکانن.

ئەی مەزدا، با ئیزەدی سرووش یاریدەی ئەو کەسانە بدات کە خاسن و تۆ لێیان ڕازیت.

سلاو و درودت لێبێت ئەی شەبەق(هوشبام)، ئەو ئاهورامەزدایەی سەروەرو مەزنان مەزنترە هەڵدەبژێرین. بە هەموو هێز و تواناوە بۆ لەناوبردنی ئەنگرەمینوی خراپەکار و دێوی پڕ چەکی خوێنین، هەموو درۆزنەکان دەجەنگم. مەزن و ڕێزداری دەزانم ئاهورامەزدای دانا و زانا، ئەمشاسپەندەکان و ئەو هەسارە پرشنگدارە(هەسارەی تیشتەر) و گشت مرۆڤێکی پاکدین و ڕاستکردار و هەموو ئافەریدەکانی بیری پیرۆز و خاس(سپەنتامینو).

سەرکەوتن و پێشکەوتن دەخوازم بۆ هەموو ئەو ئافەریدە خاسانەی بوون و هەن و دەبن.

ئاشی Ashi (ئیزەدی بەخشینی سەروەت و بەرەکەت و پارێزەری لاوان و کیژان) بە پایە بەرز و شکۆمەند و مەزن دەزانم، کە چارەسازە و سەرکەوتن دەبەخشێ و خراپە و خراپەکاران لەناودەبات بۆئەوەی کە خاسترین پاداشمان وەدەست بکەوێت. ستایشت دەکەین وکەیف وەش دەکەین ئەمشاسپەندەکان تا ئاسایش و تەبایی و بەرەکەت ببەخشن بەم خاووخێزانە و پشتیوانی ئافەریدەی خاس بن و بیری خراپە لەناوبەرن.

ئەی ڕاستی، ئەز، ئاهورامەزدا دەپەرستم و ستایشتی دەکەم کە خێرخوازی هەموو ئافەریدەکانە.

ئەی مەزدا ئاهورا، با بە ویست و ئیرادە و توانای خۆت فەرمانڕەوایی گشت ئافەریدە خاسەکان بیت، پلەوپایە بە مرۆڤی خاس بدەیت، هێز و توانا لەناپاکان وەربگریتەوە و ریسوایان بکەیت.

ئەز کە زەردەشتم، تێدەکۆشم کە هەموو خەڵك بخەمەسەر ڕێی ڕاست و ئایینی ئاهورایی کە بە گوێرەی ئەم ئایینە بیربکەنەوە و کردار و ڕەفتاربکەن. تا ئەو شوێنەی کە سرووشت و ڕەوانمان پاك و بێگەرد بێت و لەخاسترین جێگەدا بژین و بگەینە کاخی نەمری(بەهەشت) و لەتەك (ئاشا)دا یەکبین).

٥- پێنج نیایش (نوێژ):

نیایش لە زمانی پەهلەویدا مانای نزا و دوعا و ئافەرینە.

ئێستا پتر مانای نوێژ دەگەیەنێت. پێنج نیایش لە ئاڤێستای چکۆلە بەرچاودەکەوێت، کە بریتین لە:

نیایشی خۆر:

زۆربەی زۆری ئەم نیایشە لە(خورشیدیشت) وەرگیراوە. ئەم نیایشە هەموو رۆژێك سێ جار دەخوێنرێتەوە(بەیانی، نیوەڕۆ، عەسر)

نیایشی مهر(میترا):

فرە لەم نیایشە لە(مهریشت) وەرگیراوە، ئەمیش رۆژی سێجار(بەیانی، نیوەڕۆ، عەسر)، پاش نیایشی خۆر دەخوێنرێتەوە.

نیایشی مانگ:

مانگی سێجار دەخوێنرێتەوە. سەرەتا کاتێك کە مانگ کەوانەیە(هلال)، دووەم جار کە مانگ(چواردەیە) سێیەم جاریش کاتێکە کە دووبارە بەرەو کزی دەڕوات.

نیایشی ئەردەویسور ئەناهید:

سەرچاوەی مەعنەوی هەموو ئاوەکانی جیهانە، ئەم نیایشە لەبەندەکانی سەرەتای(ئابان یەشت) وەرگیراوە. ئەم نزایە لەگوێ چەمەکان و ڕووبارەکان و لەرۆژی دەیەمی هەموو مانگێك دەخوێنرێتەوە.

نیایشی ئاگری پیرۆز (بەهرام + وەهرام):

لەهەر پێنج وادەدا بە هۆی موبدەکانەوە لەنێو ئاتەشگاکاندا دەخوێنرێتەوە. زۆربەی زۆری ئەم نیایشە لەیەسنا هات ٦٢ وەرگیراوە.

٦- پێنج کاتی شەوو رۆژ:

لەئایینی زەردەشتیدا، شەوو رۆژ بە پێنج کات دابەشکراوە:

هاوەنگاه (بەرەبەیان)، رەپیتوینگاه (نیورۆ)، ئەزیرینگاه (لەسێ کاتژمێر پاش نیورۆوە دەست پێدەکات تاوەکو هەسارە لە ئاسماندا هەڵدێت و بەرچاودەکەوێت)، ئەویسر وتریمگاه (لەدەرکەوتنی یەکەمین هەسارە لە ئاسماندا تاوەکو نیوەشەو)،

ئەشهینگاه(لەنیوەشەوەوە تاوەکو هەسارە بەرچاو ناکەوێت)

شایانی باسە، لەبەر ئەوەی لەزستاناندا رۆژ کورتە، شەوورۆژ بەچوارکات دابەشدەکرێت و رەپیتوینگاه لادەبرێت. بۆ هەر یەك لەم کاتانە نزا و نوێژێکی تایبەتی هەیە.

٧- دوو سی(٣٠) رۆژە(سی رۆژەی مەزن و سی رۆژەی چکۆلە):

لەئایینی زەردەشتیدا، هەرسی رۆژەی مانگ بەناوی یەکێك لەئەمشاسپەندەکان یا ئیزەدەکان ناو نراوە. سی(٣٠) رۆژەی چکۆلە تەنیا ناوی ئەمشاسپەندەکان، ئیزەدەکان و یاریدەدەرەکانیان براوە،

بەڵام لەسی (٣٠) ڕۆژەی مەزن، جگە لەناوبردینان، سیفاتی تایبەتییان بۆ دانراوە. نزاکان زێتر لەڕۆژی سێیەمی(٣٠) شەش مانگە و دوانزە مانگەی پاش مردنی کەسێك دەخوێنرێتەوە. کەوایە ئەم نزایانە بۆ ڕۆحی مردووەکانن.

٨- ئافەرینگان:

زنجیرەیەکە لە نوێژی زەردەشتییەکان کە هەموو ساڵێك بەبۆنەی جەژن و بیرەوەرییەکانی دیکە دەخوێنرێتەوە. گرنگترین ئافەرینگان بریتین لەئافەرینگانی دهمان، ئافەرینگانی گاتا، ئافەرینگانی گهنبار، ئافەرینگانی ڕپیتوین.

ئافەرینگان بە مانای درود و سڵاو و ئافەرینە بۆ گیانی مردوان و دوعا و نزا بۆ زیندووەکانە. ئافەرینگان دهمان بە مانای دوعا و نزای چاکان و پاکانە و لەیەسنای ٦٠ بەندی ٢ تا٨ وەرگیراوە، لەڕۆژانی چوارەم و دەیەم و سییەم (٣٠) و سەری ساڵی کۆچی دوایی کەسێك دەخوێنرێتەوە. ئافەرینگانی گاتا، نوێژێکە کە لەو پێنج ڕۆژەی پێی دەبێژن(خمسە مسترقە) و بۆ کەیف وەشی فرەوەهری ڕۆحی مردوەکان دەخوێنرێتەوە. ئافەرینگانی گهنبار(٦١) نوێژێکە کە لەهەر پێنج ڕۆژی شەش جەژنەکانی ساڵدا دەخوێنرێتەوە، بە واتەیەکی دیکە لە ڕۆژانی یانزە تا پانزەی مانگی (گوڵان) و ڕۆژانی یانزە تا پانزەی مانگی بوشپەڕ و ڕۆژانی بیست و شەشەم تا سێیەمی مانگی خەرمانان و ڕۆژانی بیست و شەشەم تا سێیەمی مانگی ڕەزبەر و ڕۆژانی شانزەهەم تا بیستەمین ڕۆژی بەفرانبار و ڕۆژانی سێ سەدو شەست تا سێ سەدو شەست و پێنجی کۆتایی ساڵ. ئافەرینگاری ڕەپیتوین، نوێژێکە تایبەت بە هاوینە گەورەیە و بۆ کەیف وەشی ڕەپیتوین (فریشتەی هاوین) دەخوێنرێ.

بڕێ لەو زانیاریانەی پێویستە لە ئایینی زەردەشتی، بیزانین.

ئاگر: هۆی ڕووکردنە ڕووناکی لای زەردەشتییەکان

ئارییەکان، پێش ئەوەی بەردو ئەم دەڤەرە کۆچ بکەن، لە شوێنێکدا دەژیان کە فرە سارد و سەهۆڵبەندان بووە (بە گوێرەی نووسینەکانی (ڤەندیداد)، ئەو شوێنە، لەساڵدا دە مانگی ساردوسڕ و سەهۆڵبەندان بووە و بە تەنیا دوو مانگی هەوا مامناوەندی بووە). لەبەر ئەوە، تیرۆژ و خۆر و ئاگر، بەلایانەوە گەلێ سوودمەند بووە و ڕێزێکی تایبەتییان بۆ داناوە، چونکە بێ ئەم تیرۆژە ئاگرە، ژیانیان فرە چەتون و سەخت بووە، بە ڕادیەك لەو ژینگە ساردوسڕەدا وایان بیردەکردەوە، کە بەهەشت دەبێ شوێنێکی گەرموگوڕ و ڕووناك بێت و هەمیشە تیرۆژی خۆر و ئاگری تێدابێت. بە پێچەوانەوە، دۆزەخیان بە شوێنێك دەزانی کە ساردوسڕ و تاریك بێت. کەوایە، دەتوانین بێژین، هەر لەرۆژگارانی دێرینەوە، ئاگر لای ئارییەکان هەروەکو بنەماکانی دیکەی سرووشت (ئاو، با، خاك) پاك و بە پیرۆز ژمێراوە، بە یەکێك لە دروستکراوەکانی ئاهورامەزدا و بە دیاردەی گەورەیی و مەزنایەتی ئەو دانراوە. لەبەر ئەمەیە بەڕێزەوە تەماشای ئاگر کراوە و هەمیشە لە شوێنی پەرستگاکانیان، ئاگریان کردۆتەوە و بڕێ دار و گژوگیای بۆنخۆشیان تێکەڵکردووە (وەك داری عود و سەندەل) بۆئەوەی بۆن و بەرامەی خۆش لەنێو ئاتەشکەدەکانیان بڵاوبکاتەوە. کەوایە، هەروەکوو گوتمان، هەر لەرۆژگارانی دێرینەوە ئاگر لای مرۆڤ بایەخێکی تایبەتی هەبووە، هەر ئەم بایەخە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئاگر ببێتە نیشانەی ئایینی زەردەشت. دەتوانین بێژین هۆیەکی دیکەش کە زەردەشت ئاگری هەڵبژاردووە بە نیشانەی ئایینەکەی ئەوەیە کە فەلسەفەی ئایینی زەردەشت، فەلسەفەیەکی سروشتییەو هەموو شتێکی لەسروشت وەرگرتووە و سوودی لەژینگەوە وەرگرتووە بۆ سەلماندنی باوەڕەکەی. ئاگری بە سەرچاوەی هەموو ژیان داناوە. لەم بارەوە، دکتور حسین وحیدی لەکتێبی (دین پایەزرتشتی)ل ـ٥٥. دەبێژێ: (... لەڕوانگەیەکی دیکەوە، ئاگر لەئایینی زەردەشتیدا پیرۆزە، چونکە ئاگر گەرم و ڕووناکە، ئەمە وادەگەیەنێت کە هەر زەردشتییەك پێویستە لەسەری هەروەکو ئاگر ژینگەی خۆی بە گەرمی و ڕووناکی ڕابگرێت و هەمیشە لەتەك تاریکی و دڵتەنگی ململانێی بکات. کڵپەی ئاگر هەمیشە بەرەو سەرەوە دەچێت و هەرگیز بەرەوخوار دانانەوێت، تەنانەت ئەگەر بە هۆی (با) یاخود هەر وزەیەکی دیکە بەرەو خوار بکشێت، دووبارە هەڵدەستێتەوە و بەرەو سەرەوە دەکشێ. ئەمە ئەوەمان پێدەبێژێت کە هەر زەردەشتییەك دەبێ سەربەرز و سەرفرازبێ و هەرگیز سەردانەوێنێ. ئاگر هۆکارێکە بۆ لەناوبردنی هەموو بوونێکی زیانبەخش، پاککەرەوەی ژینگەیە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە زەردەشتییەکان نابێت هەرگیز ڕێگە بدەن خراپە و پیسی و چەپەڵی بێتە نێو ژیانیان. لەپریسکی

ئاگر، دەتوانرێت ئاگرێکی گەورە بکرێتەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بیرێکی پاك و ڕووناکی بچووك دەتوانێت گەشەبکات و بڵاوبێتەوە. دەبێ هەموو زەردەشتییەك وەك ئەو پریسکی ئاگرە بێت و بیرە خاسەکانی بڵاوبکاتەوە و گەشەی پێبدات. ئاگر، هۆکارێکە بۆ ئاسانکردنی ژیان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زەردەشتییەکان دەبێ وەك ئاگر سوودبەخش بن بۆ کۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤ ئاسان و پڕ لەئاشتی و ئاسایش و تەبایی بکەن.)

لێرەدا، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە، پیرۆزی ئاگر تەنیا لای ئارییەکان نەبووە، بەڵکو هەر لەمێژەوە زۆر لە میللەتانی جیهان (ڕەش، سپی، زەردو سوور و لەهەر پێنج قارەکە) ئاگریان بە بنەمایەکی پیرۆز داناوە. بۆ وێنە: ڕۆمەکان لەشاری Alba Longa، پەرستشگایەکیان هەبووە بەناوی FederaL Altar کە ئاگرێکی تێدابووە و هەمیشە داگیرساو بووە. هەروەها لە شاری ڕۆمدا جێنزرگەیەکی گەوردبەناوی وستا Vesta بەسەر گردێکەوە بووە بەناوی PaLatina HiLL کە بریتی بووە لەجێ نزرگەی خوای ئاگر کە یەکێك لە گەوردترین خواکانی ئەو کاتە بووە و تیایدا ئاگری پیرۆز هەمیشە ڕۆشەن بووە و ڕۆمییەکان ئەم ئاگرەیان بە نیشانەی سەربەستی ڕۆم دەزانی و باوەڕیان وابووە کە کڵپەی ئەو ئاگرە پیرۆزە نیشانەی بوونی خواو سەربەستی و بوونی وڵاتەکەیانە. یۆنانییەکان لەشاری ئۆلەمپیادا جێ نزرگەیەکیان هەبووە بەناوی ALterof Pan کە ئاگرێکی پیرۆزی تێدابووە هەمیشە کڵپەی دەهات، هەروەها لەشاری DoLos جێنزرگەیەکی دیکەیان هەبووە کە لەوێشڕا ئاگرێکی هەمیشە ڕۆشەن هەبووە.

ژەرمەنەکان بەرامبەر خواکەیان کە ناوی Thorبووە، هەمیشە چرایەکیان دادەگیرسان. ئیسلاوەکان، بۆ ڕێزگرتن لە خوای خۆیان Perunو پروسییەکان بۆ خواکەیان Perkin، ئاگری پیرۆزیان هەبووە و هەمیشە ڕۆشەن بووە. لیتوانییەکان لەشاری ویلنا WiLna، ئاگرێکی پیرۆزیان هەبووە کە پێیان گوتووە Zinooz کە ئەمیش هەمیشە ڕۆشن بووە. لەشاری کیلدار Kildare لەئێرلەندەدا جێنزرگەیەك بووە، کە بە پیرۆزیان داناوە و ئاگری پیرۆزی تێدابووە، کە هەمیشە داگیرساوە.

لەنێو (بنی ئیسرائیل)دا، ئاگری پیرۆز هەمیشە لە شوێنی قوربانییەکانیاندا داگیرسابوو. هۆزی ئیروکوای Iroquoi لەپێست سوورەکانی ئەمریکادا ڕێزی تایبەتیان لەئاگر دەنا، هەروەها لە ویلایەتی میسی سیپدا هۆزێکی گەورە لە پێست سوورەکانی ئەمریکا هەبوو کە ناویان ناشیز Natchiz بووە کە ئەمانیش ئاگری پیرۆزیان لەنێو پەرستشگاکانیان بووە.

ئێستاش لەنێو بڕێ لە میللەتانی جیهاندا، هەن کە ڕێزی تایبەتی لەئاگر دەگرن. لەنێو فەلەو موسڵمانەکانیشدا، کەموزۆر ڕێز لەئاگر و ڕووناکی دەگیری.

مەخابن، بڕێ لەنووسەرانی ئیسلامی و بێگانە، نەریتی ڕووکردنە ئاگر لای زەردەشتییەکان و بە پیرۆز دانانیان کردۆتە تۆمەتێك کە گوایا زەردەشتییەکان باوەڕیان بە خوایەکی تاك و تەنیا نییە، بەڵکو ئاگرپەرستن. دەبێ بێژین ئەم جۆرە تۆمەتە یا لەڕووی ڕق وکینەوەیە، یاخود بە هۆی نەزانین و نەبوونی زانیاری ڕاستەقینە و تێنەگەیشتنی بنەما و بنچینەکانی ئەم ئایینە پیرۆزەیە.

جۆرەکانی ئاگر:

وشەی ئاگر، لەسەردەمی پێشیندا پێی دەبێژرا ئاتەر Atar یا ئاترەش Atrash، کە لەپاشاندا بوو بە ئازەر یا ئاتەشو بەزمانی پەهلەوی ئاتور Atur وئاتەخش Atakhshو بە کوردی پێی دەبێژین: ئاگر، ئاور، ئاتەر، ئایەر.

لە یەسنای ١٧ بەندی ١١ باسی پێنج جۆر ئاگر کراوە کە درووەو سلاو بۆ هەر یەکەیان بەجیا نێردراوە. ئەم پێنج جۆر ئاگرە بریتین لە:

ئاگری بەرزی سەوەنگ Berezi Saveng

ئاگری ڤۆهوفریان Vohu Faryan

ئاگری ئوروازەشت Orvazesht

ئاگری وازەزشت Vazesht

ئاگری سپی نەشت Spinesht

لەڕاژەی پەهلەویدا، هەر یەك لەم پێنج جۆر ئاگرە، مانای تایبەتی خۆیان هەیە: ئاگری (بەرزی سەوەنگ)، بەمانای سوودبەخشی مەزنە، کە لەسەر ڕووی زەویدایە و لە ئاتەشکەدەکان و کورەی وەجاغی مالاندا چاودێری لێدەکرێت. ئێستا ئەم جۆرە ئاگرە بە ئاگری (بەهرام) بەناوبانگە.

ئاگری (ڤۆهوفریان)، ئاگرێکە کە لەهەناوو دەروونی مرۆڤ و زیندەواراندایە، یاخود بێژین ئەم ئاگرە بریتییە لەگەرمایی غەریزی کە مایەی ڕاگرتنی ژیانە.

ئاگری (ئوروازەشت)، ئاگرێکە لەنێو دەروونی گژوگیا و درەختەکاندایە و مایەی نەشونما و تەڕ و تازەییانە.

ئاگری (وازەشت)، بریتییە لەو ئاگرەی کە لە هەموو گریدەکانی هەور و بروسکەدایە و دەبێتە هۆی لەناوبردنی وشکەسالی، (چونکە لەکاتی هەورەبروسکە پەیدادەبێ و پاش ئەوە باران دەبارێت.)

ئاگری سپی نەشت، ئەو ئاگرەیە کە لەبارەگای ئاهورامەزدا ڕۆشەنە و ئاگرێکی مەعنەوی و دەروونییە.

ئەم پێنج جۆرە ئاگرە بریتین لەئاگری مەعنەوی کە خوا لە دڵ و دەروونی ئافەریدەکانی خۆی بەشێوەی کاتی یا (ئەمانەت) داینناون.

جگە لەم پێنج جۆر ئاگرە، ئاگرێکی دیکەش هەیە کە بریتییە لەئاگری ئاسایی کە بە هۆی دار و سووتەمەنییەوە دەسووتێت، کە تەنیا لایەنی مادی و فیزیایی هەیە و هیچی دیکە، دەتوانێت بە هۆی ئەو ڕووناکییەی کە لێوەی پەیدادەبێ، بمانگەیەنێتە ڕووناکی هەمیشەیی و نەمری ئاهورایی.

گرنگترین و بەناوبانگترین ئاتەشکەدەکان:

لەسەردەمی رابوردوودا وزۆر لەمێژەوە، لەم ناوچەیەدا، لەهەر شوێنێك کۆمەڵێك خەڵکی لێبووبێت لەو شوێنەدا ئاتەشکەدەیان دروستکردووە. ئەم ئاتەشکەدانە، جگە لەوەی جێی نزرگە و دوعا و پاڕانەوە لە بارەگای ئافەریدگار بووە، سوودیان بۆ جێبەجێکردنی بڕێ ئیشوکاری دیکەش لێوەرگرتووە، وەك جێگەی کۆبوونەوەی خەڵك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

لەسەردەمی ساسانییەکاندا سێ ئاتەشکەدەی گەورە و گرنگ هەبووە:

ئاتەشکەدەی ئازەرگوشەسب:

ئەم ئاتەشکەدەیە لەشاری (شیز) نزیك بە ورمێ (نزیك بە شاری تیکاب لەهەوشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان)بووە. ئەم ئاتەشکەدەیە تایبەتی شاکان و سەردارانی سوپای ساسانییەکان بووە و گرنگترینیان بووە. (شا) و فەرماندەو ئەفسەرەکانی، پێش ئەوەی بەرەو گۆڕەپانی شەڕ وە ڕێکەون، دەچوونە ئەوێ و داوایان لە ئاهورامەزدا دەکرد کە سەرکەوتوویان بکات لەشەڕدا. پاش سەرکەوتن دووبارە دەچوونەوە ئەوێ بۆ سوپاس و ستایشکردن. بە گوێرەی داستانەکانی زەردەشتییەکان، لەو ئاتەشکەیەدا، کتێبخانەیەکی یەکجار گەورەی تێدابووە، کە پێیان گووتووە (گەنجی شابیگان) یاخود (گەنجی شیزیگان Shizigan) و ئەسکەندری مەقدونی هەمووی لەناوبرد.

ئاتەشکەدەی ئازەربەرزین مهر:

لەشاری ریوندی خۆراسان بووە، تایبەت بە چینی کرێکاران و پیشەسازان بووە. گوایە ئەم ئاگرە هەر ئەو ئاگرە بووە کە زەردەشت لەنێو دەستیا ڕایگرتبوو بێ ئەوەی دەستی بسوتێت.

ئاتەشکەدەی ئازەرفەرەنبوغ:

لەشاری (کاریان)ی ناوچەی فارس بووە و تایبەت بە پیاوە ئایینییەکان و موبدەکان بووە.

حسن پیرنیا لەکتێبی (ایران باستان) ل ٤٠١ دەربارەی چینی پیاوە ئایینییەکان دەبێژێ:

((ئاتەشکەدەکان لەسەردەمی ساسانییەکاندا بەم شێوەیە بوون:

هەر خێزانێك بۆخۆی ئاگردانێکی تایبەتییان هەبووە، گەورەی خێزان دەبوایە چاودێری لەئاگرەکە بکات کە نەکوژێتەوە.

هەموو گوندێك ئاگرێکی هەبووە کە پێی دەبێژرا (ئازەران) و هەمیشە دوو (مۆغ) دادەنرا بۆ چاودێریکردنی.

هەر دەڤەرێك ئاگرێکی بۆخۆی هەبووە کە پێی دەبێژرا (بەهرام) و چەند مۆغێکیان بۆ دادەنا بۆ چاودێریکردنی.

لەسەروو هەموو ئەمانە، سێ ئاتەشکەدەی گەورە لەسەر زەمینی ئێراندا هەبووە کە جێی ڕێزبووە و پیرۆزییەکی تایبەتییان هەبووە.

یەکەمیان ئازەرفەرەنبوغ کە لەکاریان (ناوچەی فارس بووە) و تایبەت بوو بۆ پیاوە ئایینییەکان، دووەمیان ئازەرگوشەسب بووە، کە لە(شیز) (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) ـ کوردستان ـــ بووە و تایبەت بووە بۆ پادشا و فەرماندە و ئەفسەرەکان بووە. پاتشاکان پاش ئەوەی دەبوونە پاتشا لەهەر شوێنێك بوونایە بە پێ دەچوونە ئەوێ. سێیەم ئازەربەرزین مهر لە(ریوند)ی خۆراسان، کە تایبەت بووە بە چینی کرێکار و پیشەسازان.))

قیبلەی زەردەشتییەکان:

هەر یەك لەپەیامبەرە گەورەکان، شوێنێکی دیاریکراویان بۆ پەیڕەوانی خۆیان داناوە، کە لەکاتی پەرستنی ئافەریدەگاردا ڕووی تێبکەن و ڕازونیازی خۆیانیانی لەتەکا ڕاوێژبکەن، بەو شوێنە دەبێژرێ (قیبلە). قیبلەی موسولمانات (مالّی خوا) واتە کەعبەیە کە دەکەوێتە نێو شاری (مەککە) لەعەرەبستانی سعوودی، قیبلەی جوولەکەکان بیت المقدس قدس یا ئۆرشەلیمە، فەلەکانیش لەکاتی نوێژ و نیایش دا ڕوودەکەنە خاچ یا وێنە و هەیکەلی مەسیح یاخود حەزرەتی مەریەم.

بەلاّم قیبلەی زەردەشتییەکان، بریتییە لە هەموو نور و ڕووناکییەك بەهەر شێوەیەك بێت، بلّێسەو نوری ئاگر بێت یاخود مۆمێکی داگیرسا و یا ڕووناکی خۆر و هەرچی شتێکی ڕۆشن بێت. جێگەیەکی تایبەتی و یا لایەکی دیاریکراوی بۆ دانەنراوە

لە (ئۆردی بە هەشت یەشت) هاتووە دەبێژێ:

((ئاهورامەزدا فەرموی: ئەی زەردەشت ئەسپەنتمان، لەکاتی نوێژکردن و پەرستن و ستایشی مندا، ئەگەر ڕووناکییە خروسکییە گەورەکان دیارنەبوون کە ڕوویان تێبکەیت، ئەوا بەرەو ڕووی ئاگر بوێستە کە ئوردی بەهەشت پاسەوانییەتی.))

لەهەفتن یەشت دا هاتووە کە زەردەشتییەکان لەکاتێکدا بەرەو ڕووی ڕووناکی ئاگر دەوێستن و نوێژدەکەن، ئەم ئایەتانە دەخوێننەوە:

((ئەی ئافەریدگاری داهێنەر و دانا و بێ هاوتا، ئێمە بەرامبەر ئەم قیبلەیە خەریکی نوێژکردن و پەرستنی تۆین و سوپاسی خۆمان دەردەبڕین و دەبێژین، کە قەرزاری هەموو ئەو بەخشەندەییانەی تۆین کە پێت بەخشیوین، بە هۆی بیر و وتە و کرداری خاسەوە داواکاری گەیشتنە لاتین.))

((ئەی ئافەریدگاری داهێنەر و دانا و بێ هاوتا، لەبەرئەوەی کەوا هەردوو جیهان بە ئارەزووو ویستی تۆ هاتۆتەئارا و تۆ دروستکەریانی و هەرچی خۆشی هەیە بۆ ئێمەت رەخساندووە، کەواتە ئەی ئاهورامەزدا گوێڕایەڵی تۆم و باوەڕم بەوەیە، کەوا تۆ وەدیهێنەری گشت ئەمانەیت و ستایشتت دەکەم و نوێژت بۆ دەکەم و خۆم بە قەرزار و سوپاسگوزاری تۆ دەزانم.))

((ئەی ئافەریدگاری داهێنەر و دانا و بێ هاوتا و بەخشندەی گشت شتێك، کە لەبەرچاوی ڕواڵەت بین دا نادیاری، ئەم ئاگرەی (ڕووناکییە) کەوابەرامبەری وێستاوین، بەنور و ڕووناکی دروستکەری تۆی دەزانین و بە قیبلەی خۆمانی دادەنێین و بە هۆی ئەم ڕووناکییەوە کە گەردیلەیەکە لەرووناکییەکانی تۆ، دەمانەوێت خۆمان بگەیەنینە ڕووناکی راستەقینەی تۆ، ئەی ئافەریدگاری داهێنەر و دانای بێ هاوتا، با بەویژدانی پاك بگەینە خزمەتت.))

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە زەردەشت هەمیشە خۆر و مانگ و زەوی و ئاگر و... هتد بە دروستکراوی ئافەریدگاری گەورە و توانا و دانای داناوە. جا، دەبێ بێژین، کەسێك ئاوا بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی زانستی و بەڵگەی راست و دروست بیسەلمێنی کەوا ئاگر یەکێکە لەو بنەمایانەی کە خوا دروستیکردووە بۆئەوەی مرۆڤ سوودی لێوەربگرێت، چلۆن دێت ئەم بنەمایە دەپەرستێت و داهێنەرەکەی (کە دەزانێت کێیە) واز لێدەهێنێ و ناپەرستێت.

سەرچاوەی هەموو ڕووناکییەك ئاگرە، ئەگەر ئاگر نەبێت هەرگیز ئەو ڕووناکیانە نایەنەکایە، چونکە هەموو نورێك لە ڕووکەشا ڕووناکییە و لەناوەڕۆکدا ئاگرە. وشەی (نور) کە ئارەبییە و بە مانای رووناکییە، لە وشەی (نار)ەوە هاتووە کە مانای ئاگرە، بۆیە زەردەشتییەکان، ئاگر بە ناوەڕۆکی ڕووناکی دادەنێین و هەمیشە لە پەرستشگاکانیاندا ئاگر هەیە، لەبەرئەوەی سەرچاوەی هەموو ڕووناکییەکە.

لەکاتێکدا، کە ستایشتگەری ئاهورامەزدا، لەبەرامبەر ڕووناکی بلێسەی ئاگر، خۆر، چرا، مـۆم، مانگ و هەسارە و هەر ڕووناکییەکی دیکە، ڕادەوێسـتێ و خـەریکی نیایشـی ئاهورامەزدایـە، هـەر ئەوکاتە خۆی دەزانێت، کە ئاهورامەزدا هیچ پێویستییەکی بەو نوێژە نییە، بەڵکو ئەمـە خـودی ئـەو کەسە خۆیەتی، کە پێویستی بەم ستایشکردنەی ئاهورامەزدا هەیە، بۆئەوەی بەم هۆیـەوە دڵ و دەروون و هەناوی خۆی پاك و شادمان بکات، هێزی ئەوەی پێبدات کـە باڵـەفڕێ بکـا و بـەرەو لای ڕووناکی ئاهورایی بفڕێت و دڵ و دەروونی خۆی بە ڕووناهی ئاهورایی ڕۆشن بکات.

ئەگـەرکو زەدەشـت لـە گاتاکانـدا سوپاسـی بەخشـەندەگی ئاهورامـەزدا دەکـات، ئەمـە بـۆ دڵخۆشکردنی خۆیەتی نە چاوەڕوانکردنی پاداشت لە ئاهورامەزدا، بـۆ ئـەوەش نییـە کـە سـوود لـەو بەخششە دەبات، چونکە بەخششەکانی ئاهورامەزدا بێ هیچ چاوەڕوانییەك، بۆ هەموانە. کەوایە ئـەو ستایشەی کە زەردەشت لە گاتاکاندا بەرامبەر بە ڕووناکی و ڕووناهی ئاهورایی بـەجێی دەهێنـێ، نـە لەڕووی ترس و لەرزەوەیە و نە بۆ وەرگرتنی پاداشتە، زەردەشت لەڕووی ئـەوینێکی پـاك و دۆسـتانەوە نوێژەدەکا و ستایشتی ئاهورامەزدا بەجێدەهێنێ، بەم شێوەیە بوو، کە زەردەشت نوێـژ و ستایشـکردنی بە کـارێکی مەعنـەوی دانـاوە. نوێـژ لای زەردەشـت شـێوەیەکی دەروونییـە. هـەروەها، ئەگـەرکو زەردەشتییەکان ئاگر بە قیبلەی خۆیان دەزانن و لـەکاتی نوێـژ و ستایشـت و ڕازو نیـازکردنی لەتـەك ئاهورامەزداوە ڕوودەکەنە هەر ڕووناکییەك، تەنیا بۆ ئەو مەبەستەیە کە زێتر خۆیـان لـە ئاهورامـەزدا نزیك بکەنەوە، کە دروسـتکەری هـەموو جیهانـە و سەرچـاوەی گشـت ڕووناهییەکانـە، واتـە (نـور الانوار)ە.

بەلای زەردەشتییەکانەوە، ئاهورامەزدا، جێگـەو خـانوویێکی تایبـەتی و دیـاریکراوی نییـە. لـە هەموو شوێنێکدا هەیە و چاودێرە.

هەر مەزدا پەرستێك، یا هەرکەسێك کە باوەڕی بە ئایینێکی تایبەتی هەبێت، لەهـەر نەتـەوەیك بێت، ڕەش بێت یا سپی، زەرد بێت یاسوور ڕەنگ، بە پێویستی دەزانێت کە لە شوێنێکی خـەڵوەت و چۆڵدا، دوور لە گشت دەردەسەری و گێرمەوکێشمەی ژیان و دەوروبەری، ماوەیەك لەتەك ئافەریدگاری خۆیدا خەریکی ڕازو نیازبێت و سوپاسی ئەو شتانەی، کە پێی داوە بکات، هەرچـەندە ئافەریـدگار لـە هەموو شوێنێك و گشت کاتێکدا ئامادەیەو ئاگاداری هەڵسوکەوتمانە و گـوێی لەدەنگمانـە، ئێمـەش پتر لە شوێنی بێدەنگ و خەڵوەتـدا لـەنێو قـووڵابی دەروونمانـدا هەسـت بـە بـوونی دەکـەین، بـەڵام خاسترایە کە ئەم ڕێوڕەسمە لە شوێنێکی خەڵوەت و خۆش و جواندا ئـەنجام بـدرێت. بۆیـە پـەیڕەوانی هەر ئایین و ئایینزایەك جێگەیەکی تایبەتییان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە کە تیایدا لەتەك ئـەوینی خۆیـان

رازونیاز بکەن. هەروەك چلۆن جوولەکەکان کەنیسە، فەلەکان کلیسا و موسلمانەکان مزگەوتیان هەڵبژاردووە، زەردەشتییەکانیش ئاتەشکەدە یا (هورمزگان)یان هەڵبژاردووە.

موید دکتور جهانگیر ئوشیدەری لەکتێبی (نور، آتش، آتشکدە درآئین زردشت) لە لاپەڕە ١٧، لەم بارەیەوە دەبێژێ:

((زەردەشتییەکان، بۆ پەرستنی ئافەریدگار، جێگایەکیان بەناوی (دەرمهر) یا (ئاتەشکەدە) یا (ئادریان) هەیە، کوردەکان لەمێژەوە (هورمزگان)یان هەبووە. لەوانەیە وشەی (ماڵی خوا) واتە (بیت الله)، هەر لەم وشە کوردییەی (هورمزگان) کە دەبێتە ماڵی هورمز یا خوا وەرگیرابێت.

لێرەدا شایانی باسە بێژین کە هەر یەکێ لەو ئاتەشکەدانە (دەرمهر)، جگە لەوەی کە جێ نزرگەی خەڵك بوون و تیایدا نیایشی ئافەریدگاریان دەکرد. بریتیش بوون لەکۆمەڵگەیەك کە تیایدا، لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابینی، فەرهەنگی، داوەری، پەروەردەو فێرکردن و ڕۆڵ و نەخشی تایبەتییان هەبووە، زۆر جاریش خەزێنەی دەوڵەتی و زێر و زێودر و دارایی دەوڵەتیان تێدا دادەنا، هەروەها شوێنی بەرپاکردنی جێژن و خۆشی بووە وەك جەژنی نەورۆزو تیایدا هەمەجۆرە کێبەرکێیەکیان ئەنجام دەدا وەك ئەسپ سواری و...

لەبەرئەوەی ئاگر دیاردەی پاکی و لەناوبەری پیسی و ناپاکییە، زەردەشتییەکان لەکاتێکدا کە بۆ نوێژ و ستایشتی ئاهورامەزدا بەرامبەری رادەوێستن، هەوڵدەدەن گشت ناپاکی و پیسی لەش و دەروونیان خاوێن بکەن و هەروەك ئەو ئاگرە پیرۆزە بە لەشێکی پاك و رۆحێکی خاوێن و بێ خەوش، بۆ پەرستنی ئافەریدگاری گەورە ئامادەبن.

زەردەشتییەکان لەو باوەڕەدان کە: کاتێك دەڕوانینە ڕووناکییەك، پێویستە ویژدانی خۆمان ئاراستەی ڕووناکی مەعنەوی بکەین، کە بریتییە لەڕووناکی تەواوسەنگی ئافەریدگاری گەورە و میهرەبان، یاخود بە مانایەکی دیکە پێویستە ئەم دوو ڕووناکییە بکەینە یەك بۆئەوەی بگەینە ڕاستترین و بەرزترین ڕووناکی، ئەم دوو ڕووناکییەی کە پێویستە یەکیان بخەین بریتین لەڕووناکی مەعنەوی خۆمان لەتەك ئەو ڕووناکییە مادییەی کەوا هەستی پێدەکەین و دەبینین. ڕووناکی مەعنەوی هەموو مرۆڤێك بریتییە لەخاوێن کردنی بوونی خۆی بە ڕووناکی بیر وکردار و گوفتاری خاس، یاخود بێژین بریتییە لەڕووناکی ویژدان و ئەقڵ و بیر و ڕووناکی و تیشکی خۆشەویستی ڕاستەقینە، ئەم ڕووناکی مەعنەوییە هەستی پێدەکەین بەڵام ناتوانین بەچاو ببینین، بەمانایەکی دیکە ئەو کەسەی کەوا خاوەنی ئەم جۆرە سیفەت و خەسڵەتانەیە دەتوانێت بە هۆی کردارییەوە هەست بەم ڕووناکییانە بکات، بەڵام ناتوانێت بەچاو بیبینێت، بۆ نموونە کەسێك کە خاوەنی ویژدانی پاك و

روونا‌ك بێت، هه‌میشه هه‌ستی پێده‌كات به‌ڵام هه‌رگیز ناتوانێت به‌چاو ئه‌م ویژدانه پاك و روونا‌كه ببینێت. مرۆڤی دڵپاك و پاك كردار هه‌میشه حه‌ز به‌وه ده‌كا كه له‌روونا‌كیدا بێت، دڵته‌نگ ده‌بێ به‌تاریكی، بۆیه له‌كاتی تاریكیدا هه‌میشه هه‌وڵ ده‌دا زێتر به ئامرازی جۆراوجۆر ئه‌و شوێنه رۆشن بكاته‌وه. به پێچه‌وانه‌ی ئه‌مه‌وه، به‌دكاران و پیاوخراپان هه‌میشه یاخود زۆربه‌ی زۆری كات كاری خراپه له‌تاریكیدا ئه‌نجام ده‌ده‌ن. بۆ نموونه: ئه‌گه‌ر دزێك بچێت بۆ دزیكردن، هه‌میشه كاتی تاریكی هه‌ڵده‌بژێرێت و ئه‌گه‌ر له‌پڕ له‌كاتی دزیكردندا، چرایه‌ك یا روونا‌كییه‌ك دابگیرسێت، هه‌راسان ده‌بێ و له‌ترساندا ڕاده‌كا، چونكه له‌روونا‌كی ده‌ترسێت و ده‌زانێت له‌روونا‌كیدا كاره پڕ نه‌نگه‌كه‌ی ئاشكراده‌بێت.

یه‌كێكی دیكه له‌و هۆیانه‌ی كه زه‌رده‌شتییه‌كان له‌كاتی نوێژكردن و په‌رستنی ئه‌هورامه‌زدا دا، ڕوودەكه‌نه ئاگر یا روونا‌كی ئه‌وه‌یه كه، له‌و باوه‌ڕه‌دان كه شوێن و لایه‌كی تایبه‌تی بۆ ئافه‌ریدگاری مه‌زن نییه، بۆیه ڕوودەكه‌نه روونا‌كی، چونكه رۆشنایی یا ئاگر (لا) و ته‌ره‌فی نییه و هه‌ر تیشكێك كه روونا‌ك كه‌ره‌وه بێت، دوور و نزیك، رۆژهه‌ڵات و رۆژئاوا، سه‌ر و ژێر هه‌مووی روونا‌كده‌كاته‌وه.

ئێستا بابزانین له‌م باره‌وه، له‌كتێبه ئاسمانییه‌كانی دیكه چلۆن باسی ئافه‌ریدگاری دانا و توانا كراوه:

له‌قورئاندا، له‌سوره‌ی نور ئایه‌تی ٣٥ ده‌فه‌رمویت:

((الله نور السموات والأرض مثل نوره كمشكوة فيها مصباح المصباح في زجاجة الزجاجة كأنها كوكب دري يوقد من شجرة مباركة زيتونه لا شرقيه ولا غربيه يكاد زيتها يضيء ولو لم تمسه نار نور على نور يهدي الله لنوره من يشاء ويضرب الله الامثال للناس والله بكل شيء عليم)).

مامۆستا هه‌ژار، له‌وه‌رگێڕانی ئه‌م ئایه‌ته له‌قورئانی پیرۆز ده‌بێژێ:

(خوا روونا‌كی ئاسمانه‌كان و زه‌مینه. ڕوونا‌كی ئه‌و وه‌ك تاقێكه چرای تێدا هه‌ڵكرابێ، چراكه له‌جامێكدا بێ، جامه‌كه وه‌ك ئه‌ستێره‌یه‌ك تروسكه‌ی بێ و ماكی چرا له‌زه‌یتونێكی ممباره‌ك ده‌س كه‌وتبێ كه داره‌كه‌ی نه هه‌میشه به‌ره‌و رۆژه‌و نه هه‌میشه له‌نزاره، تۆ ئێژی، رۆنی چراكه ـــ به‌بێ ئاگرتخۆن كه‌وتن ـــ تیشك ده‌دا: ڕوونا‌كی له‌بان ڕوونا‌كی. خودا هه‌ركه‌سێ حه‌زبكا ڕوونا‌كی خۆی نیشان ده‌دا. خودا بۆ مه‌ردم نه‌زیلان دێنێته‌وه. خوا به هه‌موو شت ده‌زانێ.

هه‌روه‌ها له‌سوره (بقره) ئایه‌تی ٥٥ ده‌فه‌رموێ:

((وإذ قلتم ياموسي لن نؤمن لك حتي نري الله جهره فاخذتكم الصاعقة وانتم تنظرون))

واته: ((ئەوساش كە بەموساتان گوت: ئێمە بڕوات پێ ناهێنین تا ئاشكرا خوا نـەبینین، كـە هـەر لەبەرچاوی خۆتان بروسكەتان بەسەردا هات ــ (قورئانی پیرۆز ــ وەرگێڕانی مامۆستا هەژار)

هەروەها پەیامبەری ئیسلام محەمەد (د. خ) دەفەرموێ:

((ان الله انزل ثلث بركات: الماء والنار والشاة))

لەتەورات دا گەشتی خروج بەشی سێیەم ئایەتی ١ تا ٥ دەبێژێ:

((موسا ئاژەڵەكانی خەزوری خـۆی (یـەترون Yatrun) كـە كـاهنی مـدیان بـوو، دەڵەوەڕانـدو ڕانەكەی بەرەو ئەولای دەشتەكەوەو بۆلای حوریب Hoorib كە (جبل الله) بوو هاورد.

فریشتەی ئافەریدگار، لەنێو بڵێسەی ئاگرێك لەناو دەوەنێكدا پەیدابوو، موسا ڕوانـی ئـەو دەوەنـە گڕی لێهەڵدوستێ بەڵام ناسووتێ. موسا گـوتی ئێسـتا بـا بچـمە ئـەولاوە بـزانم ئـەو دەوەنـە بۆچـی ناسووتێت. خوا دیتی كە نیازی ئەوەیە بچێتە ئەو لای دەوەنەكەوە. لەنێو دەوەندەكەدا فەرمووی: ئـەی موسا، موسا گوتی (لبیك)، گوتی نزیك مەبەوە و نەعلەكانت لـەپێ داكەنـە، چـونكە ئـەم شـوێنەی تیایدا وێستاوی شوێنێكی پیرۆزەو ئەز ئافەریدگاری تۆم).

هەروەها لەتەورات گەشتی تپنیە بەشی چوارەم دەبێژێ:

((ئەمەت پێشاندرا بۆئەوەی بزانیت كە یەهوە خوای تۆیەو جگە لەئەو هیچ خوایەكی دیكە نییـە. لە ئاسمانەوە دەنگی خۆی گەیاندە گوێت و وتەكانیت لەنێو بڵێسەی ئاگرەوە بیست))

لە ئینجیلدا(پەیامی یەكەمی ژان ـ بەشی یەكەم، ئایەتی پێنجەم)دەڵێت:

((ئەمە پەیامێكە كە لە ئەومان بیستووە و دەیگێڕینەوە كـەوا خـوا نـور و رووناكییـەو تـاریكی تیادا وەدی ناكرێت)).

لەئینجیلی مەتی بەشی سێیەم دەبێژێ:

((یەحیای تەعمیدكەر بە جوولەكەكانی گوت: ئەز ئێوە بە هـۆی ئـاوی پـیرۆزەوە تەعمیددەكـەم، بـەڵام كەسـێك پـاش مـن دێـت (مەبەسـت عیسـایە)، ئێـوە بـە هـۆی (روح القـدس) و ئـاگر تەعمیددەكات)).

ئەمانە چەپكەیەك لەو بەڵگانە بوون لەباخچـەی گـوڵزاری ئایینـە ئاسمانییەكانـدا كـە پـیرۆزی و پاكێتی ئاگر ڕووندەكەنەوە. گشت ئەم بەڵگانە، ئافەریدگاری گەورە و دانا و توانا بەشـێوەی ڕووناكی، نور یا ئاگر باسدەكات. ئافەریدگار خـۆی لەشـێوەی نـور پیشـاندا، دەنگـی لـەنێو بڵێسـەی ئـاگرەوە دەبیستری، لەشێوەی هەورە بروسكە خۆی دەنوێنێ..

لەكۆتایی ئەم باسەدا، باوەڕی بڕێ لەنووسەرە بێگانەكان لەم بارەوە دەهێنمەوە:

پرۆفیسۆر ماکس مولر Pro. Max Muller لەکتێبی Physical Religion) دەبێژێ:

((زەردەشتییەکان ئاگریان نەدەپەرست، بەڵکو تەنێ خوای تاك و تەنیایان دەپەرست. ئەگەر گەرەکمان بێت بە ئاگر پەرستیان دابنێین، دەتوانین ئەم ناوە لەهیندۆکان و تەنانەت لە جوولەکەکان بنێین، چونکە ئەوانیش هەروەك زەردەشتییەکان رێز لەئاگر و رووناکی دەگرن.))

دکتور جیمز هوب لەکتێبی (گەنجینەی مۆغەکان) ل ١٤٦ دەبێژێ:

((بەهەرحال هەڵەیکی گەورەیە کە رێزلێگرتنی زەردەشتییەکان بۆ ئاگر بە پەرستن دابنێین، ئەگەرکو مەبەست ئەوەبێت کە ئەوانە ئاگر بەخوا دەزانن، ئەم جۆرە قسانە فرە هەڵەیەو راست نییە.))

پرۆفیسۆر تاهیر رضوي، مامۆستای زانکۆی کەلکەتە لە ل ــ ١٧٨ کتێبی (پارسیان اهل کتاب اند) دەبێژێ:

((هیوادارم هاو ئایینییەکانم لێم ببورن کە بەم جۆرەی خوارەوە بێ پەردە قسە دەکەم و بە راشکاوی دەبێژم، بەچاوی خۆمان دەبینین کە ئەم شێوە کارە (رێزلێگرتن لەئاگر) لەنێو ئێمەی موسڵمانیش هەیە، ئەگەر کەسێك کە موسوڵمان نییە و لە ئیسلام نەگەیشتووە، تەماشا بکات کە حاجیەکانی ماڵی خوا لەکاتی زیارەتکردنی کەعبەدا (حجر الاسود) ماچ دەکەن و کە دەگەنە لایەوە دەست دەکەن بە دوعاخوێندن و زیارەتکردنی، کاتێك کە ئەمە ببینن، ئێمە بە (بەرد پەرست) بدەنە قەلەم. بەڵام هیچ گومانی تێدانییە کە ئێمە بەردپەرست نین، بەڵکو بە پیرۆزی دەزانین و تەنیا رێزی لێدەگرین. زەردەشتییەکانیش هەر بەم شێوەیەن، ئەوانیش هەرگیز ئاگر ناپەرستن، بەڵکو تەنیا رێزی لێدەگرن.))

ئەحمەد ئەمین لەکتێبی (فجر الاسلام. ل ١٠٢) سەبارەت بە ئایینی زەردەشتی دەبێژێ: (... وعلّم ان الماء والهواء والنار والتراب عناصر طاهرة يجب ان لاتجنس، وكان من مظاهر هذا تقديس النار واتخاذها رمزاً، وتحريم تجنيس الماء الجاري، وتحريم دفن الموتي في الارض، ونحو ذلك).

بێگومان دەبی ئەو راستییە تاڵەش باس بکەین کەزۆربەی ئایینە ئاسمانییەکان و ئەو باوەڕانەش کە مرۆڤ وەك قوتابخانەیەك دایانناوە، پاش مردنی پەیامبەرەکە یا خاوەن باوەڕەکە، گیرۆدەی زۆر گیرمەوکێشە بووە، راستی باوەڕەکان ئاوەژووبۆتەوە و ئەوەندە شتی سەیر و سەمەرەیان خستۆتە سەر و یا لێیان کەمکردۆتەوە، کە ئەسڵی باوەڕەکە بە تەواوەتی گۆراوە.

ئاگر لەئایینی زەردەشتیش هەروەکو زۆر شتی دیکەی ئەم ئایینە پیرۆزە دووچاری ئەم بەڵایە بووە. ئەو ئاگرەی کە نیشانەی زانست و ناسینی ئافەریدگار و رێگەیەك بەرەو عیرفان و پاکی و دروستی ئەوینی ئاهورامەزدا بووە، لەسەردەمی ساسانییەکاندا بە هۆی کرداری هەندێ لە مۆغ و

موبدەکان کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و گەیشتن بە پلەو پایە و دارایی و ڕیاکارانە کەوتنە ئاوەژووکردنی ڕاستی و چەواشەکردنی فەلسەفەی ڕووکردنە ئاگر بە ڕادەیەك کە تا ئێستاش ئەوانەی بە شێوەیەکی ڕووکەشی دەڕاوننە ئەم ئایینە وادەزانن، کە ئەمانە ئاگر پەرستن.

فرەوەهر Fravahr

مرۆڤ و هەموو گیاندارێك لەدوو بەشی مادی و مەعنەوی پێکهاتوون، بە واتەیەکی دیکە ئەوەی کە بوونی مرۆڤ پێکدەهێنێت بریتییە لەدوو بەشی جیهانی سروشتی و سەر و سروشتی (فیزیکی و میتافیزیکی)، کە هەنووکە پێی دەبێژرێ لەش و گیان.

بە گوێرەی بیروباوەڕی ئاڤێستایی، هەروەکو لە فەروەردین یەشتدا بەشی ٣١ بەندی ١٤٩و ١٥٥ باسکراوە هەناوی مرۆڤ پێکهاتووە لە پێنج وزە، ئەم پێنج وزەیە هەر یەکە بۆخۆی ڕۆڵێکی گرنگ و تایبەتی لە ژیانی مرۆڤ دا هەیە، بریتین لە:

ئەهو Ahu (ئانگهو Anghu):

بریتییە لەوزەی بزاڤ (جولانەوە) و گەرمایی خۆڕسکی (غەریزی) ژیان و پێی دەبێژرێت (گیان). ئەم گیانە، لەتەك ڕۆح و ڕەواندا جیاوازە. هەر لەو کاتەوە کە (نطفە) لەمنداڵداندا (رحم) بەسترا و لەش شێوەی بەخۆوە گرت، (ئەهو) هاوجووت لەتەکیدا دێتەئاراوە. لەتەك نەشونمای لەشدا، گیانیش هەر بەو شێوەیە وزە و توانای زێتر دەبێت تا ئەوکاتەی لەش لەبزاڤ دەکەوێت و بە واتەیەکی دیکە دەمرێت، ئەوسا (ئەهو)ش نامێنێت. کەوایە گیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەتەك لەشدا هەیە، لەتەکیدا دێتەئارا و لەتەك مردنیدا ئەمیش نامێنێت.

دەئنا Daena:

هەر ئەو وشەیەیە کە ئیمڕۆ کە بە(دین) واتە ئایین ناوی لێدەبرێت. دەئنا لە ئاڤێستادا بەواتەی (ویژدان)ە و بریتییە لە وزەیەکی ئەهورایی کە ئافەریدەگار بە شێوەیەکی بارمتە (ودیعە) لە بوونێتی هەموو کەسێکدا داینناوە. ئەم وزەیە، لەژیانی هەموو مرۆڤێکدا هەڵدەستێت بە ڕێنماییکردنی و ڕێگەی ڕاست و دروست پێشان دەدا و هاندەدا بۆ پەیڕەویکردنی لێی، هەروەها ڕێگەی هەڵە و چەوتیش بەهەموو زیانکارییەکانییەوە پێشان دەدا و هەوڵدەدات کە لێی وەدوور کەوینەوە.

بەئوزە Baodha:

بریتییە لەوزەی هەست و تێگەیشتن و بلیمەتی، ئەم وزەیە لە هەرکەسێکدا، هەمیشە دەبێ سەرپەرشتی هۆش و بیر بکات تا گیرۆدەی هەڵە نەبێت و لەڕێی ڕاست لانەدات.

ئەم ور ەش هەروەك (گیان) لەتەك پێكهاتنی لەشدا دێتەئارا، بەڵام وەك گیان لەتەك لەناوچوونی لەشدا لەناو ناچێت.

بەڵكو پاش مردن ئەم دەمێنێ و لەگەڵ رەواندا (رۆح) دەگاتە سەر پردی چینیوت.

ئورڤەن Urvan. رەوان یا (رۆح):

بریتییە لە رەوان (رۆح)ی هەموو زیندەوەرێك.

هەروەك چلۆن (بەئوزە) سەرپەرشتی بڕێ لەوزەكان دەكات، ئۆرڤەنیش سەرپەرشتی وزەكانی دیكەی لەئەستۆدایە. ڕەوان دوا وزەیە لەنێو مرۆڤدا كە بەویستی تەواوسەنگی خۆی و زانیارییەكی تەواودەوە دەربارەی چاكە و خراپە، چارەنووسی مرۆڤ بە گوێرەی كار و كردارییەوە دەستنیشان دەكات. ئیرادە و هێز و توانای تەواوەتی ئەوەی هەیە كە رێگەی ڕاست یا چەوت هەڵبژێرێت. گەر رێبازی ڕاست بگرێتەبەر، ئەوە پاداشتی خاسییەكەی وەردەگرێت و دەچێتە بەهەشت، بە پێچەوانەوە گەر رێگەی هەڵە و چەوت هەڵبژێرێت، جێگەی دەبێتە دۆزەخ.

فرەوەهر Fravahr:

پێنجەمین وزە لەو ووزانەی هەناوی مرۆڤ پێكدەهێنن لە ئاڤێستادا پێی دەبێژرێ فرەوەشی Fravaşi و لەپەهلەویدا پێی دەبێژن فرەوەهر.Fravahr .

لەفەرهەنگی زەردەشتیدا، جیهان هەمیشە لە حاڵەتی جوڵانەوە و بزاڤ و پێشكەوتندایە، ئەم جوڵانەوە و پێشكەوتنە لەبووندا جۆراوجۆرە، كە بزووتنی فیزیایی، كیمیایی، میكانیكی (آلی)، دەورانی، گەوهەری و رۆحی، هەموو ئەمانە پێكەوە لەفەرهەنگی زەردەشتیدا بەشێوەی فەلسەفەیەكی جیاواز باسی لێكراوەو پێی دەبێژرێ فرەوەهر، بە گوێرەی ئەم فەلسەفەیە، لەنێو جیهانی بووندا و لەزاتی هەموو بوونێكدا وزەیەك هەیە، كە دەبێتەهۆی پێشكەوتن و گۆڕان. هەروەها بە گوێرەی ئەم فەلسەفەیە خودی ئاهورامەزداش كە ئافەریدەگاری هەموو بوونێكە، فرەوەهرێكی تایبەت بەخودی خۆی هەیە كە سەرچاوەی هەموو فرەوەهرەكانە.

وشەی فرەوەهر یا فرەوەش، وشەیەكی ئاڤێستاییەو پێكهاتووە لە دوو بەش: فرە Fra بەمانای (پێش)، هر یاوەشی بەمانای (زیادكردن) یا (بردن) كە ماناكەی بەسەریەكەوە دەبێتە رۆژ بەرۆژ زێتر پێشكەوتن یاخود بۆ پێشەوەچون، بڕێ لەزانایان دەبێژن بریتییە لە وزەی پێشكەوتن و گەشەكردن و پەرەسەندن (تطور) لەنێو مرۆڤ دا، یاخود وزەی پێشخەری جیهانی بوونە. بڕێكی دیكە دەبێژن فرەوەهر بەمانای (دالدەدان) یان (پاڵپشتیكردن)ە.

هەرکەسێك کە لەدایك دەبێ، هەر بوونێك کە دێتەئارا، ئەم وزە ئاهورایی و گردیلەیە کە بەشێکە لە تیشك و ڕووناکی هەمیشەیی یەزدان، دەچێتە ناخی دەروونییەوە، لەکاتی مردندا ئەم وزەیە دەگەڕێتەوە بۆ جێگەی خۆی، کە بریتییە لەبارەگای ئاهورامەزدا.

دەتوانین بێژین کە لەژیانی مرۆڤ دا، فرەوەهر بەنرختترین بەشی بوونێتی، چونکە ئەم بەشە گردیلەیەکە لەبوونی بێ بڕانەوەی ئاهورامەزدا کە بۆ ڕێنمایی ڕۆح و ڕێبەرێتیکردنی بەرەو پوختەیی و بێ خەوشی بەشێوەی بارمەتە لە دەروونی مرۆڤ دا داینراوە، لەپاش مردندا، بەهەمان شێوە بە پاکی و دروستی دەگەڕێتەوە بۆ لای خۆی (بۆ لای ئاهورامەزدا). لێرەدا پرسیارێك دێتەگۆڕی ئەویش ئەوەیە: ئایا ڕەوان یا (ڕۆح) لەتەك فرەوەهردا یەکێکن یاخود دوو وزەی جیاوازن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە تەنیا دەتوانین بێژین کە لە ئاڤێستادا بڕێك جار هەردووکیان یەکن، لەهەندێ شوێنی دیکەدا دوو وزەی جیاوازن و هەر یەکەیان بەشێکن لەو پێنج وزەیەی هەناوی مرۆڤ.

بەشی یەکەمی (بندهش) فەقەرەی هەشت سەبارەت بە جیهانی (فرەوەشی) دەبێژێ:

(پێش ئافراندنی مرۆڤ و هاتنەدی جیهانی مادی، ئاهورامەزدا جیهانی مەعنەوی یا جیهانی فرەوەشییەکانی لە ئاسماندا ئافراند. لەڕووی شێوەی مەعنەوی فرەوەشییەکان، هەموو گیتی بەگشت ئەو شتانەی تیایدایە دروستکرد. دوا فرەوەهر و پوختەترینیان کە هاتە سەر زەوی، مرۆڤ بوو.))

لەبەر ڕۆشنایی ئەو داستانە ئایینییەی کە باسی لێدەکەین دەتوانین بێژین فرەوەهر بریتییە لە بەشێك لە تیشکی ئاهورایی، گردیلەی مەعنەوی یا شێوەی ئاسمانی و ئاهورایی هەموو شتێك. کورتەی داستانی جیهانی فرەوەشی بەم شێوەیەیە:

(پێش ئەوەی ئەم جیهانی مادیەو هەموو ئەو شتانەی تیایدایە بێتە ئافراندن، جیهان بۆ ماوەی سێ هەزار ساڵ بە شێوەی فرەوەش یا مەعنەوی بووە. ئاهورامەزدا لە ڕووناکییەکی تەواوسەنگ و خاسی و بێ خەوشیدا بووە. لەجیهانی سەروودا ڕووناکییەکی تەواوسەنگ بووە و لە خوارەوە تاریکاییەکی شەوەزەنگ بووە. سەرەتا، ئاهورامەزدا دەستیکردووە بە ئافراندنی جیهانی مەعنەوی، لەو جیهانەدا، مادەو هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە مادەوە هەیە، لەئارادانەبوون. هەرچییەك هەبووە بریتی بووە لەشێوەی ڕۆحانییەت یا مەعنەوییەتی هەموو بوونەوەرەکانی پاشەڕۆژ. ئەو شێوازانەش گشتی بریتی بوون لەڕۆح و ئەندێشە و هیچی دیکە. جیهانی مەعنەوی بۆ ماوەی سێ هەزار ساڵ هەر بەو شێوەیە بەردەوام بووە. ئەوسا ئاهورامەزدا ئیرادەی کرد تا جیهانی مادی بێنێتەئارا، پاشان دەستیکرد بە گفتوگۆ لەتەك فرەوەهرەکانی مرۆڤ و گشت بوونەوەرە خاسەکان لەڕووەك و ئاژەڵ و هەموو ئەوانەی فرەوەهریان هەبووە و لێی پرسین ئایا حەز بەوە دەکەن لەم شێوازە

بێنەدەر و چوارچێوەی مادی بەخۆوەبگرن و بچنە جیهانی خاکی و بۆئەوەی بەسەر تاریکی و ئەهریمەن سەربکەون و لەوێرادا بژین؟ ئەوانەی کە دەیانزانی و ئاگاداربوون کە دەرئەنجام سەرکەوتن بۆ ئەوان دەبێت، ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی. ئاهورامەزدا دەستیکرد بە گۆڕینی شێوازەی مەعنەوی بۆ مادی. بۆیەکا لەسەرەتادا شێوە و شێوازەی هەموو شتێك لەشێوەی مەعنەوی لەجیهانی سەروودا بووە و ئەوەی، کە چۆتە نێو قالبی مادی لەڕووی ئەو شێوە ئەصلییەدا بووە.)

لەم داستانە ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەبێت کە هەموو بوونەوەرەکان (گیاندار و بێ گیان) ئەم شێوازە مەعنەوییەیان هەیە و ئەم وزە مەعنەوییە کە بریتییە لە(ڕۆح) دەچێتە نێو قالبی لەشەوە و بەم شێوەیە هەر بوونەوەرێك لە دوو بەش پێك دێت، یەکەمیان بریتییە لە(ڕۆح) یا وزەی یەزدانی و دووەمیان بریتییە لە (لەش) کە بەدرێژایی ڕۆژگار شێوەی دەگۆڕێ و لەئاکامدا لەناودەچێ.

بەم شێوەیەو بە گوێرەی ئەم فەلسەفەیە، هەرکەسێك لەبوونی خۆیدا خاوەنی بەشێك لە فرەوەهری یەزدانییە، کە پێویستە لەسەری بە پاکی و بێ خەوشی ڕابگیرێت و بە هۆی بیر و کار و کرداری باشەوە لە ژیانی مادی ڕێگەنەدا تێکەڵ بە هەڵە و خراپە و خراپییەکانی مادی ببێت و بە بێخەوشی لەکاتی بەسەرهاتنی ژیانی مادیدا بگەڕێتەوە بۆ لای سەرچاوەی ئەصلی خۆی لە ئاسماندا.

هەرچەندە فرەوەهر وزەیەکی مەعنەوی و دەروونی مرۆڤە و چوارچێوەیەکی مادی نییە، بەڵام هەر لەمێژەوە ئارایییەکان (بەلایەنی کەمەوە پتر لەسێ هەزار ساڵ لەمەوبەر)، شێوەیەکی پڕ لەڕازو ڕەمزیان بۆ داتاشیوە. ئەم شێوەیە لەزۆر لەخشتە نووسراوەکان و تاشە بەردە هەڵکەنراوەکانی سەردەمی مادەکان و هەخامەنشییەکاندا هەڵکەندراوە، نموونەیەکی ئەم شێوەیە لەباشووری کوردستاندا لەشاری سلێمانی لەسەر ڕێگەی چەمی ڕێزاندا لەقەس قەڵان(قیزقاپان) بەدیدەکرێت، ئەم شێوەیە کۆنترە لەشێوەی فرەوەهرەکانی پرسپولیس (تخت جمشید)ی سەردەمی هەخامەنشییەکان.

مەخابن بڕێك لە مێژوونووسەکان ئەم شێوەیە بە شێوەی ئاهورامەزدای دادەنێن، بەڵام لەڕاستیدا ئەم شێوەیە بریتییە لە سومبولێك یا نیشانەیەك بۆ ئایینی زەردەشتی، چونکە زەردەشتییەکان باوەڕیان بەوە هەبووە کە ئاهورامەزدا مادە نییە و ناتوانن شێوەیەك یا وێنەیەکی تایبەتی و دیاریکراوی بۆ دیاری بکەن.

لەم بارەوە مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانی هیرودت، کە لە ساڵی ٤٨٠ پ.ز خۆی سەردانی ناوچەی ئێرانی کردووە، دەربارەی ئەو شتانەی بەچاوی خۆی دیوێتی دەبێژێ:

(.. ئەمانە... واتە ئێرانییەکان ــ بە باش و دروستی نازانن کە پەرستشتگا و شوێنی قوربانی و پەیکەر بۆ خوا دروست بکەن و بەکارێکی ناشایستی دەزانن..)

لێرەدا پێویستە بێژین کە زانای بلیمەت و ناودار، رۆستەم. جی. کاما، یەکەمین کەسێك بووە کە ئەم شێوەیەی بەسومبولی فرەوەهر ناسان. هۆی دانانی ئەم شێوەیەش ئەوەیە، کە هەمیشە ڕۆڵ و ئەرکی فرەوەهر لەبەر چاوان بێت.

شێوەی فرەوەهر و رازەکانی:

ئەم شێوەیە پێکهاتووە لەحەوت بەش یاخود بێژین لەحەوت ڕاز پێکهاتووە:

رازی یەکەم: (نموونە و نوێنەری مرۆڤی پوختە)

شێوەی فرەوەهر، لەسەرییەوە تا کەمەر بە شێوەی پیرەمێردێکی بەساڵاچووی دنیا دیدەیە، کە دانایی و پوختەیی و ئەزموونی لێدەردەکەوێت، کە پەیوەندی بە پوختەیی ڕۆح و ڕەوانییەتی. ئەم پیرەمێردە نوێنەری مرۆڤی پوختە و بێ کەمایەسییە لەم شێوەیەدا.

رازی دووەم: (نزا)

با بڕوانینە شێوەکەی فرەوەهر، دەبینین دەستی ڕاستی پیرەمێردەکە بەرەو پێشەوە ڕاکێشراوە و بەری دەستی بەرەو ژوور کراوەتەوە، هەروەکو ئێستا چلۆن لەکاتی نزاکردندا دەستمان بەرەو ئاسمان ڕادەکێشین، وەهایە. ئەم دەست درێژکردنە بەرەو ئاسمان ئەوە دەگەیەنێت کە بۆ پەیوەندی لەتەك ئاهورامەزدا و نزاکردن، پێویستمان بە تکاکەر نییە. هەروەها وەکو گوتمان فرەوەهرەکان لەجیهانی سەرودا دێنە نێو قالبی لەش و پاش مردن دەگەڕێنەوە بۆ هەمان جێگا، کەوایە دەست بەرەو ژوور ڕادەکێشرێت، چونکە مرۆڤ لەلایەن ئافەریدەگارەوە بە خاسی و دروستی دروستکراوە و دەبێ بە دەستی پڕ لە کرداری خاس بەرەو لای ئافەریدەگار بگەڕێنەوە.

رازی سێیەم: (پەیمان)

بەدەستی چەپی پیرەمێردەکەی شێوەی فرەوەهر بازنەیەك دەبینرێت کە نموونە و نوێنەری بەڵێن و پەیمانی مرۆڤە لەتەك ئاهورامەزدا، ئەم پەیمانەی کە ڕۆحی هەموو بوونەوەرێك لەتەك ئافەریدەگاردا بەستویەتی.

رازی چوارەم: (بیری خاس، وتەی خاس، کرداری خاس)

لەشێوەی فرەوەهردا، چاومان بە دووباڵی کراوە دەکەوێت، کە لە حاڵەتی فڕیندان. مانای ئەوەیە کە مرۆڤ پێویستە هەمیشە بەرەو بەرزێتی بڕوا، بینینی ئەم باڵانە ئەوەمان بیردەخاتەوە کە فرەوەهر هەمیشە مرۆڤ بەرەو بەرزی و بڵندی ڕێنمایی دەکات. پەڕی هەر باڵەیان لەسێ چین پێکهاتووە، کە ماناکەی دەبێتە ئەوەی فرەوەهری مرۆڤ لەتەك باڵی بیر و وتەو کرداری خاس بەرەو مەڵبەندی بنەمای

خۆی دەگەڕێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە پلەوپایەی بەرزی ژیان دەبێ لەئەندێشە، کردار و وتەی خاس بەهرە وەربگرێت.

ڕازی پێنجەم:(زەروان یا رۆژگاری بێ پایان)

بازنەیەك لەشێوەی فرەوەرهردا بەرچاودەکەوێت کە ئەوە دەگەیەنێت رۆژگار بێ پایانە و مرۆڤ لەنێویدا (واتە لەنێو رۆژگاردا) وەك ئەو بازنەیە وایە، لەهەر شوێنێکدا دەست پێ بکات دەگەڕێتەوە بۆ سەر هەمان شوێن.

رازی شەشەم: (دوو گەوهەری هاواڵ دوانەی دژ بە یەك)

دوو ڕست کە بەبازنەکەی دەوری کەمەری شێوەی فرەوەهردا شۆربوونەتەوە، نیشانەی ئەو دوو وزەیە یا گەوهەرە دەروونییەیە کە سەرچاوەکەی لەبیری مرۆڤ خۆیەوە هەڵقوڵاوە، واتە سپەنتامینوو ئەنگرەمینو.

رازی حەوتەم: (بیری خراپ، وتەی خراپ و کرداری خراپ)

لە خوار کەمەری شێوەکەی فرەوەهردا، کلکێك وەك داوێن بەدیدەکرێت کە لەسێ چین پێکهاتووە و بەرەو خوار شۆڕبۆتەوە. ئەمە بە پێچەوانەی باڵەکانە، کە بەرەو ژوور دەڕوا، ئەم سێ چینە بریتین لە بیر و کردار و وتەی خراپ، کە دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ بەرەو هەڵدێر و نوشوستی بڕوات. کەواتە پێویستە لەسەرمان هەمیشە بیر وکردار و وتەی خراپ بخەینە ژێر پێوەو لەخۆمانی دووربخەینەوە.

سدرە و کشتی (ژێرکراس و پشتوێنی تایبەتی)

لەئایینی زەردەشتیدا، هەموو کوڕ و کچێك کە تەمەنیان دەگاتە حەوت ساڵی تا دەگەنە پانزە ساڵی، پێویستە لەسەریان کە ژێرکراس و پشتوێنی تایبەتی کە پێی دەبێژن سدرەوکشتی لەبەربکەن و بیبەستن.

سدرە (ژێرکراس): بریتییە لەژێرکراسێکی سپی سادە و پانوپۆر و بێ یەخەو قۆڵ کورت. درێژییەکەی دەگاتە سەر ئەژنۆو لەکەتان یا لۆکە دروستکراوە. ئەم ژێرکراسە، پێکهاتووە لەنۆ (٩) پارچە کە پێکەوە دەدروێن، لەنێوەڕاستەکەیدا درزێکی تێدایە، کە تاوەکو ژووروی سنگەوەیە. لە کۆتایی قڵیشەکەدا گیرفان یا کیسەیەکی چکۆڵانەی تێدایە، کە پێی دەبێژرێ کیسەی پاداش. ئەم کیسەیە نیشانەی گەنجینەی بیری خاس، وتەی خاس و کرداری خاسە.

لە ئاڤێستادا بە سدرە دەبێژن (وەسترە) یا (وەهومنو وەسترە) کە ماناکـەی دەبێتـە کراسـی بـیری خاس، لە کتێبە ئایینییەکان کە بە زمانی پەهلەوی نووسراونەتەوە پێی دەبێژری (شپیك)، بـە زاراوەی لۆری کوردیدا پێی دەبێژن (سێتەرە یا سیترە) و لە دەڤەری هەورامان پێی دەبێژن (شاڵ).

سپێتی ئەم ژێرکراسە نیشانەی ئەوەیە کە پێویستە هەمیشە کراسی پاکی و دروستی لەبـەربکرێت و دەروون و ڕواڵەتی خۆمان بەرەو ڕووی ئافەریدگار ڕاست و پاك، هەروەك سپێتی ئـەو ژێرکراسـە، بـە بێگەردی ڕابگرین.

شایانی باسە ئەو ژێرکراسە دەبێ ڕاستەوخۆ لەتەك لەشدا تەماسی هـەبێت، نابـێ بەسـەر بـەرگی دیکەدا بپۆشرێت.

کشتی Koshti (پشتوێن):

بریتییە لە پشتوێنێکی باریك و درێژ، پێکهاتووە لەحەفتا و دوو تاڵ بەن، کە لەخوری سـپی مـەڕ کە بەدەستی ژنی موبدێکەوە هۆنرابێتەوە. ژمارەی حەفتا و دوو تاڵ بەن نیشانەی حەفتا و دوو بەشـی (یەسنا)یە، کە لەمەوبەر باسمان لێکردووە. ئەم حەفتا و دوو بەنە دەبێتە شەش بەش هـەر بەشـێکیش لەدوانزە تاڵ پێکهاتووە. ژمارەی دوانزە ئاماژەیە بۆ دوانزە مانگی ساڵ، ژمـارەی شـەش دەگەڕێتـەوە بۆ شەش جەژنی گەورەی زەردەشتییەکان، کە پێی دەبێژن گاهنبار و لە شوێنی خۆیدا باسمان کـردووە. کشتی، بریتییە لە پشتوێنی ئیتاعەت، کە دەبـێ هەمیشـە کەمـەری بەندایـەتیمان بـۆ ئافەریـدگار ببەستین، بۆیە لەخوری مەڕ دروست دەبێت، کە دەبێ وەك مەڕ بێ ئازار و بێ گوناه بین.

زەردەشتییەکان ئەم پشتوێنە تایبەتییە بەسێ خول بە پشتیانەوە دەبەستن، ئەم سێ خولە نیشـانەی بیری خاس، وتەی خاس و کرداری خاسە کە دەبـی دەوروبـەری هـەموو مرۆڤێکـی خـاس بگرێتـەوە. لەکاتی بەستنی پشتوێنەکەدا دەبێ چوار گرێی لێببەسترێت، دوانی لەپشتەوە و دوانی لەبـەردەوە. ئـەم چوار گرێیە نیشانەی چوار بنەما پیرۆزەکەیە کە بریتین لە ئاگر، ئاو، خاك و با.

لەبەرئەوەی هەموو (بوون) لەم چوار بنەمایە پێکەوە هاتۆتە ئارا، ئێمە ئافەریـدەگاری ئـەم چـوار بنەمایە دەپەرستین و ڕێزی لێدەگرین.

لەگرێی یەکەمدا، لەناخی دڵەوە و بە بیرێکی خاسەوە دەبێژرێ کە ئافەریدگار یەکە،

لەگرێی دووەمدا، دەبی بێگومان و دڵنیابین لـەوەی کـە ئـایینی خواپەرسـتی بێگـەردو راسـت و دروستە، لەسێیەمین گرێدا، دەبێ باوەڕمان بەوە بێت کە زەردەشـت پەیامبـەری خوایـە، لەچـوارەمین گرێدا بڕیاربدرێ تا توانا لە لەشدایە کاری خـاس ئـەنجام بـدرێت و هـەرگیز لـەئایینی یەکتاپەرسـتی هەڵنەگەڕێینەوە و دووربین لە خراپە و خراپەکاری.

شایانی باسه، کاتێك پشتوێنەکە دەبەسترێت و گرێکانی لێدەدرێت، لەشی مرۆڤ (هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ) بەدوو بەش دابەشدەکرێت، بەشی سەرووی پشتوێن و بەشی خوارووی. مێشك لەبەشی سەرەوەی لەشە، لەبەرئەوە بەشی سەرەوەی لەش (مێشك) بیردەکاتەوە و بڕیاردەدا بۆ بەشی خوارەوە، کە بریتییە لە (هەوا و هەوەس).

دەشێ لێرەدا ئەوە بگوترێت کە ئێستاش لەناوچەی بادینان (بهدینان)ی باشووری کوردستان و لەبڕێ لەدەڤەرەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان شێوەی پشتوێن بەستن هەر بەم شێوەیە ماوەتەوە.

هەروەکو گوتمان (کشتی) بریتییە لە پشتوێنێکی سپی و باریك و درێژ، هەردوو سەرەکەی گرێی لێدەدرێت. درێژی ئەم پشتوێنە نیشانەی ئەوەیە کە هەرچەندە ئەم ژیانەمان لەسەر ڕووی زەوی درێژخایەن بێت و تەمەنیشمان زۆر بێت، لەئەنجامدا ڕۆژێ لەڕۆژان کۆتایی پێدێت. گرێکانیش نیشانەی تەواوبوون وکۆتایی ژیانی سەر ڕووی زەوییە. شایانی باسە لەکاتی بەستنی پشتوێن (کشتی) ئەم نیایش و نزایە دەخوێنرێتەوە:

((بە بیرێکی خاس، وتەی خاس و کرداری خاسەوە، پەشیمانی خۆم دەردەبڕم لە هەموو ئەو هەڵە و گوناهانەی کە بەبیر و وتەو کرادر و بە ڕۆح و لەش کردومە، ئەو گوناهانەی چی مادی بێت و چی مەعنەوی، پەشیمانم لە گشت ئەو گوناهانەی کە بیرم لێکردووە و یاخود گوتوومە یا پێی هەڵساوم و گوێم بۆ ڕاگرتووە و فەرمانم پێداوە، لە هەمووی پەشیمانم و تۆبەدەکەم. سەرنگون بێت ئەهریمەن (سێ جار دووپات دەکرێتەوە)، بروخێ بیری خراپ لەتەك هەموو خراپەکاران و درۆزنان و جادووگەران. هەموو ئەمانە لەچاڵی دۆزەخی تاریکدا سەرەو نوخون بن و هیچ ئاوات و ئارەزویەکیان نەیەتەدی. سەرکەوتووبێت هەموو کار و کارێکی خاس کە ویست و ئارەزووی ئاهورامەزدا و ئەمشاسپەندانی تیادا ئەنجام دەبێت.))

خۆش وەشکردنی ئاهورامەزدا و سەرشۆڕکردنی ئەهریمەن بە هۆی بیر لەخاس کارکردن و ئەنجامدانی، مایەی بەختەوەرییە.

ئایینی یەکتاپەرستی (مەزد یەسنا) هەڵدەبژێرم، کە زەردەشت هاوردوویەتی و پابەندی ئەم باوەڕەم. ستایشتی بیری خاس، وتەی خاس و کرداری خاس دەکەم. ستایشی ئایینی خاسی یەکتاپەرستی کە دژی شەڕ و خوێنڕشتنە و دۆستی ئاشتی و تەبایی و لەخۆبوردن و پاکییە، لە گشت ئایینەکانی ئێستا و پاشەڕۆژ خاستر و مەزنتر و پاکترە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئایینە، ئاهورامەزدا بە ئافەریدەی هەموو بوون دەزانم.

بگەرە فریادم ئەی ئاهورامەزدا (سێ جار دووپات دەکرێتەوە).

دەبێ ئەم ڕاستییە بخەینە بەرچاو، کە لەبەرکردن و بەستنی ژێرکراس و پشتوێن لەتەمەنی حەوت تا پانزە ساڵیدا کارێکی یەکجار زۆر دەکاتە سەر ڕۆح و ڕەوانی ئەو منداڵەی، کە بۆ یەکەمین جار لەو تەمەنەدا بەم کارە هەڵدەستێت، وای لێدەکات کە هەمیشە بیری خاس، وتەی خاس و کرداری خاسی لەیاد بێت و جگە لە ڕێگەی ڕاستی و دروستی هیچ ڕێیەکی دیکە نەگریتەبەر و هەمیشە خزمەتگوزاری خەڵك بێت.

دووبارە شایانی باسە کە لەشەو ڕۆژێکدا، پێویستە لەسەر هەموو زەردەشتییەك کە چەند جارێك (کشتی) بکاتەوە و دووبارە بیبەستێتەوە و ڕێورەسمی ئایینی بەجێبێنێت و سوپاسی ئاهورامەزدا و نەفرین لەئەهریمەن بکات. کردنەوە و بەستنی کشتی لەم کاتانەدا دەبێت:

یەکەم، یەکسەر پاش لەخەو هەڵسان، دووەم، پاش دەست بەئاو گەیاندن، سێیەم، پێش نوێژکردن، چوارەم، لەکاتی خۆشۆردن، پێنجەم، پێش نانخواردن.

لەکاتی بەستنی پشتوێن، ئەگەر سەر لەبەیانی بێت پێویستە ڕووبکرێتە خۆرهەڵات، پاش نیوەڕۆ ڕوودەکرێتە خۆرئاوا، لەکاتی شەودا ڕوودەکرێتە چرا یا هەر ڕووناکییەك یا ڕوو لەمانگ دەکرێت.

٤- پاداشت و سزا:

بەهەشت و دۆزەخ، لەم جیهانە و پاش مەرگ

بە گوێرەی بیروباوەڕی زەردەشت، ئاهورامەزدای ئافەریدگاری گیان و ئەقل ئەم (بوون)ەی لەسەر بنچینەی یاسا و تەکوزییەکی (نیزامێکی) نەگۆڕ ئافڕاندووە، کە زەردەشت پێی دەبێژێ (ئاشا) یا (ڕاستی).

ئەم تەکوزیە نەگۆڕە کە بووە و هەیە و هەتاهەتایە دەمێنێ، دەتوانین پێی بێژین (تەکوزی بوون)، بریتییە لەویست و ئارەزووی ئافەریدگار. بە واتەیەکی دیکە (یاسا یا تەکوزی ڕاستی) لە تایبەتکارییەکانی زاتی ئاهورامەزدایە، هەر ئەو تەکوزییەیەشە کە هەموو (بوون) لەسەر بنچینە و کۆڵەکەی ئەودا دارێژراوە و دروست و ڕاگیر بووە و دەچەرخێ.

لەبەندی ٧ یەسنا ٣١ دەبێژێ:

((ئەو، تەنیا دانا و ژیرێکە کە لەروونـاهی خۆیەوە، گشت جیهانی بوونی ڕوونـاك کردۆتەوە. بە هۆی ئەقل و ژێرێتی خۆیەوە، (یاسای ڕاستی)ئافراند، بە گوێرەی ئەم یاسایە هەمیشە پالپشتی بیری خاسە. ئەی ئافەریدگاری ئەقڵ و هۆش، هێزی بیرکردنەوەمان زێتربکە))

بە گوێرەی یاسای راستی، مرۆڤ لەتەك توانـایی هێـزی بیرکردنـەوەدا ئافەریـدە بـووە. هـەر ئـەم تایبەتکارییەیە کە لەگیاندارەکانی دیکەی جیادەکاتەوە و بە باشترینیان دەژمێردرێـت. بـە واتەیـەکی دیکە دەتوانین بێژین ئەگەر ئەم هێزی بیرکردنەوە و ئەقلە لـە مـرۆڤ بسـەنرێتەوە، بـە مانـای ئەوەیـە مرۆڤایەتی لێسەنرابێتەوە. ئەوسا ئیدی مرۆڤ تەنیا شێوەی مرۆڤ و ناوی مرۆڤی بۆ دەمێنێتەوە، دەنـا هەڵسوکەوت و رەفتار و تایبەتکارییەکانی هەروەك ئاژەڵەکانی دیکە دەبێـت کەهـەموی بـە شـێوەی غەریزی و تۆبزییەوە دەبن. ئەوسا مرۆڤ تەنیا لەچوارچێوەی ململانێ لەپێناوی مان و بوونیدا دەتوانـێ ژیان بەرێـتە سەر.

پێوانەی مرۆڤ بوونی هەرکەسێك، بریتییە لەبیر و ئـەقڵی ئەوکەسـە، مـرۆڤ بـە گـوێرەی یاسـای ئافراندن کە بریتییە لەویستی ئافەریدگار، لەتەك ئەم توانایە تایبەتییە ئافەریدە بووە.

((ئەی مەزدا، بەراستی ئەتۆ وەدیهێنەری بیر و ئـەقڵ و ژیرێتیـت. تـۆ ئـەم جیهانـەت بـۆ ئـەو کەسانەی کە بیری گەش و خاسیان هەیە، ئارام و شادی ئافەرین ئافراندووە.)) یەسنا ٤٧ بەندی ٣.

بێگومان، هێز و توانای بیرکردنەوە، توانای هەڵبژاردن وەدی دێنێت. بـە گـوێرەی یاسـای راسـتی (ئاشا)، کە ویستی ئافەریدگارە، مرۆڤ بە شێوەیەك خولقێنراوە کە بتوانێت بیربکاتـەوە و هەڵبـژێرێت. بتوانێت ئازادانە بیربکاتەوە و هەڵبژێرێت. واتە مرۆڤ ئازادە کە باش یا خـراپ بیربکاتـەوە، خـاس یـا بەد هەڵبژێرێت. ئەم ئازادی بیرکردنەوە و هەڵبژاردنـە، بـە گـوێرەی یاسـای نـەگۆڕی راسـتی یـەکێك لەتایبەتکارییەکانی ئافراندنی مرۆڤە. لەم روەوە نەرێتی (نفی) ئـازادی بیرکردنـەوە و هەڵبـژاردن، بـە مانای نەرێتی مرۆڤایەتی مرۆیە.

(بۆم ئاشکرابوو وتێگەیشتم کە بیری پوختەو پێگەیشتوو لە تۆوەیە، تـۆی ئـەو ئـەقڵ و هۆشـەی جیهانی ئافراند، ئەی پەروەردگاری ئەقڵ و گیان، ئەم دیاردەیەش لە تۆوەیە، کە ئازادیت بەخشیوە بـە خەڵك و رێگەت پێداون کە ئەگەر گەرەکیان بێت رێگەی راستی هەڵبژێرن و یـاخود بچـنە سـەر رێـی چەوت و ناڕاست))یەسنا ٣١ بەندی ٩.

ئەمە راستییەکی بەڵگەنەویست و بـێ چـەندو چـۆنە کـە ئـازادی و هەڵبـژاردن، بەرپرسێتیشـی بەدوادادێت، ئەگەرکو وا نەبێت پاداش و سزا هەردووکیان بێ مانا و دژی دادگەرێتی دەبن.

ئەو یاسایەی کە مرۆڤی بەهێز و توانـای بیرکردنـەوە و هەڵبژارنـدا ئافرانـدووە و ئـازادی ئـەوەی پێبەخشیوە کە چلۆن گەرەکێتی وەهـا بیربکاتـەوە و هەڵبـژێرێت، بێگومـان بەرپرسـیارێتی چـۆنێتی بیرکردنەوە و هەڵبژاردنەکەیشی دەگەرێنێتەوە بۆ ئەوکەسە خۆی. بە واتەیەکی دیکە، یاسای دژەکـردار

بە شێکە لە یاسای راستی کە دەربارەی باش یا خراپ بیرکردنەوەی مرۆڤ و خاس یا خراپ هەڵبژاردنییەوە بە تەواوەتی راست و دروستە.

لەو ڕووەوە، کە وتە و کرداری مرۆڤ لەجۆر و چۆنێتی بیرکردنەوەی دێتەدی، هەڵسوکەوتی مرۆڤیش بە گوێرەی جۆری بیرکردنەوە و هەڵبژاردنەکەیەوە دەتوانی خاس یا خراپ، رێك یا نارێك، دروست یا نادروست بێت. بە گوێرەی یاسای دژەکردار، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسە خۆی، ئەوە کە چارەنووسی دیاری دەکات.

چارەنووس، بەو شێوەیەی کە لەئایینەکانی دیکە باسی لێدەکرێت، لەلایەن زەردەشتەوە بەرپەرچ دەدرێتەوە. ئەگەر مەبەست لەچارەنووسی مرۆڤ چۆنێتی پاشەڕۆژی ئەوکەسە بێت و بەم شێوەیە ڕەچاوی بکەین، لەو ڕوانگەیەوە، هەرکەسێك چارەنووسی خۆی بە هۆی بیر وکردار و وتەی خۆیەوە دەخولقێنێ. بە شێوەیەکی فرە سادە دەتوانین بێژین، کە چارەنووسی هەرکەسێك بەدەست خۆیەتی.

لەیەسنا ٣١ بەندی ٢٠ دەبێژێ:

(هەرکەسێك کە راستی و پاکی هەڵبژێرێت بەختەوەر دەبێت و دەگاتە ڕووناهی. کەسێك کە بە ڕێی چەوتدا بڕوات، دووچاری تاریکی و ژیانێکی پڕ لەپەشیمانی و رەنجەرۆیی دەبێت. لەڕاستیدا، ئەو کەسە ویژدان و هەڵسوکەوتی خۆی دەیگەیەنێتە ئەو چارەنووسە)

ئاماژەمان بەوەکرد بە گوێرەی یاسای راستی (ئاشا)، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەم جیهانەدا دەگەڕێتەوە بۆ خۆی، بەواتەیەکی دی، لەم جیهانەدا، بەهەشت یا دۆزەخی بۆ دروست دەکات، یانی بەهەشت یا دۆزەخ هەڵگەڕانەوەی سروشتی هەڵسوکەوتی ئەو کەسە خۆیەتی. بیر و وتەو کرداری خاس، شادی و ئارامی بە ویژدان و رۆحی مرۆڤ دەبەخشێت، بە پێچەوانەوە، بیر و وتەو کرداری خراپ، پەرێشانی و خەم و خەفەت بە دیاری دەبا بۆ ویژدان و رۆحی مرۆڤ.

کەوایە، لەڕوانگەی بیری زەردەشتەوە، ئافەریدگار بەهەشت و دۆزەخی بۆ پاداش یا سزای رۆحی مرۆڤ لەجیهانی دوای مەرگ دروست نەکردووە. بەڵکو بەهەشت یا دۆزەخ. دژەکرداری سروشتی رەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ خۆیەتی. دژەکرداری کە هەر لەم جیهانەدا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە و کار دەکاتە سەر ویژدان و رۆحی، خاسترین ئارامی و شادومانی (بەهەشت) یاخود خراپترین حاڵەتی دەروونی (دۆزەخ)ی بۆ وەدی دەهێنێت. بەکورتی و زۆر سادە دووبارە دەبێژین و دووپاتی دەکەینەوە کە ئاهورامەزدای دانا و ژیر، بەهەشت یا دۆزەخی بۆ مرۆڤ بە شێوەیەکی ماددی نەئافراندووە، بەڵکو ئەمە مرۆڤ خۆیەتی کە بەدەستی خۆی و بۆخۆی دروستی دەکات.

لەبەندی ٤ یەسنا ٣٠ دەبێژێ:

(کاتێك کە ئەم دوو گەوهەرە هاوال دوانە دژ بەیەکە، لەنێو (بیر)دا گەیشتنە یەکدی، بوون و نەبوونیان ئافراند، خاسترین بوون و ژیان بۆ ئەو کەسانە دەبێت کە پەیڕەوی لەڕاستی دەکەن. وئەوانەی کەوا پەیڕەوی لەدرۆ دەکەن دووچار و گرفتاری خراپترین حاڵەتی ڕەوانی دەبن. ئەم یاسایە تا دوا کاتی ژیان و بوون بەردەوام دەبێت).

فرە لەتوێژەران پاڵپشتی ئەم بیرۆکەیە دەکەن، لەو باوەڕەدان کە لەئایینی زەردەشتیدا، بەهەشت و دۆزەخ تەنیا شتێکی دەروونی و ڕۆحین. بڕێ دەبێژن کە جگە لەپاداشی ڕۆحی و دەروونی، لەپەیامی زەردەشتدا ئاماژە بۆ ژیانی پاش مەرگیش کراوە، باسی ڕۆژی لێپرسینەوەش کراوە، دەبێژن کە ئایینەکانی دیکەی پاش ئەم ئایینە هەمویان ڕۆژی پەسلانیان لەئایینی زەردشتییەوە وەرگرتووە.

لەنێو گاتاکاندا بۆ بەهەشت و دۆزەخ بڕێ ناووسیفاتی جۆاروجۆری بۆ دانراوە کە بریتین لە:

١-گرودمانە Garo- demana

گر = سروود

دمان یا مان = ماڵ، سەرا، خانوو

گرودمانە دەبێتە سەرای ئاوازو سروود

٢-مان گئیر man- gaire

بەمانای بڵندترین سەرا

(ڕۆح و ڕەوانی خۆم لەبڵندترین سەرای بیری خاس جێگیر دەکەم، بەئاگایی لەو پاداشەی کە مەزدائاهورا بڕیاریداوە بیدات بۆ ئەو کارانەی کردوومانە، تا ئەو شوێنەی دەتوانم و توانام هەبێت خەڵکی فێری ئەوە دەکەم، کە لەڕێی ڕاستیدا تێبکۆشین) یەسنا ٢٨ بەندی ٤.

٣-ونگهئوش دمانە یا ونگهئوش دمانە منتگهو

Vangheush demana manangho

بەمانای (سەرای بیری خاس)

(ئەوسا کە درۆ شکست دەخوا و لەنێودەچێ، ئەوانەی خاوەنی ناوی خاسن،وەها هەست بە ئارەزووی دڵی خۆیان دەکەن لەسەرای بیری خاس و پاکی مەزدا و ڕاستیدا) بەندی ١٠ یەسنا ٣٠

٤-وەهیشتم مەنو Vahishtem manu

بەمانای (خاسترین بیر)ە یاخود ویژدانی ئاسوودەیە.

٥-دروج دەمانە drujo demana

بە مانای (سەرای درۆ) کە بریتییە لە دۆزەخ و دەروون ڕەشی.

٦- ئەچیشتەم دمانە مننگهو Achishtem demana manangho

بە مانای (سەرای خراپترین بیر)

٧- ئەچیشتەم مەنو Achishtem manu

بە مانای خراپترین بیر، خراپترین حاڵەتی ڕۆحی، ئەشکەنجەی ویژدان.

ئەگەر بێت و خاس سەرنج بدەینە ئەو ووشانەی سەرەوە، دەبینین کە گشتیان پەیوەندییان بە بیر و ئەندێشەوە هەیە، هەروەها هەمویان لەنێو دەروندان و جێگەیەکی مادی و تایبەتییان نییە.

لەیەسنا ٣١ بەندی ١٤ تا ٢٠دا، زەردەشت پرسیار لە ئاهورامەزدا دەکا کە ئایا سزای درۆزنان و لایەنگرانیان و پاداشتی پەیڕەوانی ڕاستی و ئەوانەی کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگا و پێشکەوتن و پەرەسەندنی یارمەتی دەدەن چییە؟

لەکۆتاییدا لەبەندی ٢٠دا بەم شێوەیە وەڵامی دەدرێتەوە:

(ئەو کەسەی بەرەو ژیانێکی پاك و دروست بڕوات، لەپاشاندا روونـاکی، جێگـەو مەڵبەنـدێتی، بەڵام بەدکاران و درۆزنان ماوەیەکی یەکجار زۆر بە پەشـیمانی و سـەرگەردانی و شـیوەن، لەتاریکیـدا دەبەنەسەر. بەراستی بەدکاران ویژدانیان بەرەو کرداری خۆیان رادەپێچن).

لێرەدا زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە سەرای خراپـەکاران ئەشـکەنجەی ویـژدانی و بـێ قەرار و دڵڕەشییانە، پاداشی پیاوچاکان مەڵبەندی روونـاکییـە، کـە هـەمان بەهەشـتی بـیری خاسـە، رستەی بەدکاران ویژدانیان بەرەو کـرداری خۆیـان رادەپێچـن، مانـای ئەوەیـە کـە کـرداری خراپیـان ویژدانیان ئەشکەنجە دەدات، بڕێ دەبێژن کـە لەپەسـلاندا ویـژدانی مـرۆڤ بـەرەو بەهەشـت یـا دۆزەخ دەچێت، (لەپاشاندا بە دوور و درێژی باسی لێدەکەین).

بە گوێرەی باوەڕی زەردەشت، ئەو هەڵسوکەوتانەی دەبنە هۆی بـە هەشـتیبوونی مـرۆڤ، ئاکـامی ژێرێتی و دانایی و ئاگایی مرۆڤە بە یاساکانی فەرمانڕەوایی بـوون، بـە پێچـەوانەوە، دووچـاربوون بـە دۆزەخ لە ئاکامی گەوجێتی و نەزانین و بێ ئاگایی مرۆڤە، هەروەها فراوانکردن و زێـدەکردنی زانیـاری و بیری مرۆ بە تێکرایی، بە گوێرەی یاسای ڕاستی (ئاشا)، شتێکی ئاسایی و سروشـتی و بەردەوامـە، کەوایە بەرە بەرە بە زێدەبوون و فراوانبوونی زانیاری و تێگەشتنی مرۆڤ، بیر و وتەو کرداری، لـەرێبازی هاوئاهەنگبوون لەتەك یاسای راستیدا بەرەو خاسی دەڕوات، بەم شێوەیە بـاری قورسـی دۆزەخ بەسـەر پشتی رەوانی مرۆڤ سووکتر دەبێت، شادی خۆشی وڕووناکی بەهەشت زێتر دەبێت.

لەم هەڵسوکەوتەدا، ئەرکی سەرشانی مرۆڤ ئەوەیە زێتر هەوڵ و کۆشش بدات کە لەم کێشەیەدا زانیاری خۆی پتر بکا و زۆر بەخێرایی، نەزانین لەنێو بەرێت بۆئەوەی باری دۆزەخ سووکتر و کەمتر و خۆشی بەهەشت زێتر بێت.

بێگومان مرۆڤ دەتوانێ بە هۆی هەوڵ و کۆششی بێ وچانی خۆیەوە، زانیاری و هۆشی خۆی زێتر بکات، هاوڕێ لەتەك ئەمەدا، دەتوانێ ئاگایانە و بەویستی خۆی واز لە خراپییەکان و ناڕاستییەکان بهێنێت.

بەم شێوەیە، زەردەشت لەلایەکەوە مرۆڤ بە هۆی ئەو هێز و توانای بیرکردنەوەی کە هەیەتی، وایدادەنێ کە چارەنووسی خۆی ــ چاك یا خراپ ـ بەدەست خۆیەتی، لەلایەکی دیکەوە، دڵنیای دەکات بەوەی کە دەتوانێ خۆی خۆی خاستر بکات. هەروەها هیواداری دەکات کە هەموو کەس دەتوانێ بە هۆی بیر و ئەقلی خۆیەوەو هەروەها کۆشش و ماندوونەبوون لەڕێی پترکردنی زانیاری خۆیەوە و لەسەر بنچینەی هەمان ئازادی و هەڵبژاردن کە لە بوونیدا ڕەچاوکراوە بۆی، چارەنووسی خۆی لە خراپە بۆ خاسی بگۆڕێت و ڕۆحی خۆی لەدۆزەخەوە ڕاگوێزێتە نێو بەهەشت، بە واتەیەکی دی، مرۆڤ هەروەکو چلۆن توانای ئەوەی هەیە دۆزەخ یا بەهەشت بۆخۆی بخولقێنێ، توانای ئەگەری کەمکردنەوەی دۆزەخ و زیادکردنی بەهەشتیشی هەیە. لەبەر ئەمە، دۆزەخ بۆ مرۆڤ لەڕوانگەی بیری زەردەشتەوە هەمیشەیی نییە، بەڵکو کەمێك درێژخایەنە، لەبەندی ١١ یەسنا ٣٠ دەبێژێ:

(خەڵکینە، هەرکاتێك لە یاسای (خۆستی و ڕەنج) کە ئافەریدگاری ژیر و دانا ئافراندویەتی تێبگەن و بزانن کە لەئاکامدا ڕەنجی درێژخایان سزای درۆزنان و بەدکارانە، خۆشی و بەختەوەری هەمیشەیی پاداشتی پەیڕەوانی ڕاستی دەبێت، ئەوسا بێگومان بەهەڵبژاردنی ڕاستی دەگەنە بەختەوەری).

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە گۆڕێ، ئایا لەروانگەی جیهانبینی زەردەشتەوە، پاش ئەوەی ڕۆحی مرۆڤ لە لەشی جیادەبێتەوە، لەو بەهەشت یادۆزەخەی کە تووشی بووە ڕزگاری دەبێت، یاخود ئەم (خۆشی)یە یا (خراپترین حاڵەتە) هەتاهەتایە هەروا بۆ ڕۆح دەمێنێتەوە؟ زەردەشت لەنێو گاتاکاندا بە ڕاشکاوی ئاماژەیەکی ڕوون و ڕۆشن و ڕاستەوخۆی بۆ ئەم مەسەلەیە نەکردووە.

لێرەشدا دووبارە زەردەشت نەچۆتە نێو باسی جیهانی پاش مردن و ئەو شتانەی کە لەتەك هەستی مرۆڤدا پەیوەندییان نییە.

زەردەشت، بیر لەم ژیانە دەکاتەوە، کە چلۆن مرۆڤ بتوانێت خاستر تیایدا بژی و سوود لە خۆشییەکانی وەربگرێت و بەرەو پوختەیی و بێ خەوشێتی بڕوات. بەڵام ئەوەی شایانی باس بێت

ئەوەیە کە ئەگەر بە وردی سەرنجی وشەکانی زەردەشت بدەین و بچینە نێو قووڵایی بڕێ لەپەیامەکانی، دەتوانین هەندێ شتمان وەدەست بکەوێت، بۆنموونە:

لەسروودی ١١ یەسنا ٣٠، هەروەکو لەمەوبەر باسمان لێکرد، دۆزەخ بە درێژخایەن، نە هەمیشەیی باسدەکات.

لەسروودی ١١ یەسنا ٤٦ دا، بۆ پەیڕەوانی درۆ، دۆزەخی بە هەمیشەیی داناوە.

لەسروودی حەوتەم لەیەسنای ٤٥، نەمرێتی بەهەشتی بۆ پەیڕەوانی رێگەی راست و دۆزەخی هەمیشەیی بۆ خراپەکاران ناساندووە.

ئێستا ئیدی، بە لێبوردنەوە و چونە نێو قووڵایی دەریای پەیامەکەی زەردەشت و رەچاوکردنی ئامانج و ئارمانەکانی ــ کە بریتین لە چاکسازی بیر و کرداری مرۆڤ و پێشخستن و ئاوەدانی ژیان لەم جیهانەدا ــ دەتوانین بێژین کە:

خاسترین یاخراپترین حاڵەتێك کە رۆحی مرۆڤ لەم جیهانەدا تووش و دووچاری دەبێت، پاش مردن و لەناوچوونی لەشیش، هەر بارە بەسەر رۆح و ڕەوانی ئەو کەسە، بەم شێوەیە، بەهەشت یا دۆزەخ کە بە هۆی بیر وکرداری مرۆڤ خۆی هاتۆتە دی، لەتەکیا لەم جیهانەدا بەرەو جیهانی دیکە دەڕوات.

کەوایە، دووبارە ئەمە مرۆڤ خۆیەتی کە دەبێ تا هێز و توانای هەیە هەوڵ و کۆششی خۆی لەژیاندا بەکاربهێنێت بۆئەوەی ئەو دۆزەخەی، لەژیاندا باری سەر ویژدانی بووە بەرەبەرە کەمبکاتەوە تا رزگاردەبێ لێی و بەهەشت بکاتە جێنشین، بۆئەوەی لەژیانی جیهانەکەی دیکە ڕەوانی لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەهەشتە دەروونییە، ئارامی و شادمانی هەمیشەیی وەدەست بکەوێت.

دیدی زەردەشت لەبارەی درێژخایاندنی دۆزەخ بۆ مرۆڤ، پەیوەندی بە ژیانی ئەم جیهانەوەیە، مانای ئەوەیە کە مرۆڤ تا ئەو رۆژەی زیندووە، دەرفەتی ئەوەی هەیە کە بەگۆڕینی هەڵسوکەوت و رەفتاری خۆی، بەرەو خاسێتی و راستی بڕوات، لەدۆزەخی دەروونی خۆی ــ هەرچەندە درێژخایەنیش بێت ـ کەمبکاتەوە و لەهەمیشە بوونی رزگاری بکات.

بە گوێرەی ئەوەی تائێستا دەربارەی بەهەشت و دۆزەخ لەروانگەی زەردەشتەوە باسی لێکرا، دەتوانین زۆر بەکورتی دەربارەی ئەم باسە بێژین:

مرۆڤ، هاوجووت لەتەك هێز و توانای بیرکردنەوەدا ئافەریدە بووە، بە گوێرەی یاسای ڕاستی (ئاشا) کە یاسای بوون و ویستی ئافەریدگارە، ئازادە لەچۆنێتی بیرکردنەوە و هەڵبژاردندا. ئەم ئازادی هەڵبژاردنەی بەرپرسیاری دەکات بەرامبەر جۆری هەڵبژاردنەکەی، هەروەکو چلۆن دژە کرداری رەفتار و هەڵسوکەوتی هەر بەو شێوەیەی هەیەتی بۆخۆی دەگەڕێتەوە، ئەم یاسای گەرانەوەش بەشێکە لە

یاسای نەگۆڕی (ڕاستی) کە ژێرخان و فەرمانڕەوایی ئەم (بوونە)یە، کەوایە لەم ڕوانگەیەوە، بەهەشت (یاخود باشترین حاڵەتی دەروونی) و دۆزەخ (یاخراپترین حاڵەتی دەروونی) ئافەریدگار بۆ مرۆڤی نەخوڵقاندووە، بەڵکو ئەمە مرۆڤ خۆیەتی کە بۆ خۆی دەخولقێنێ، ئەمە لەراستیدا دژەکرداری سروشتی و منتیقی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ خۆیەتی و بێ هیچ کەموکوڕییەك بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. کەوایە، مرۆڤ ئەم توانایەی هەیە لەکاتی ژیانیدا لەم جیهانەدا بە هۆی دووڕەیەڕێزیکردن لە خراپە و ناڕاستی، بەرەو خاسی و ڕاستی و دروستی هەنگاو هەڵهێنان، لەدۆزەخی دەروونی خۆی کەمبکاتەوە و بەهەشتی ژیانی خۆی زێتر بکات.

بەم شێوەیە، ڕۆح و ڕەوانیش پاش ئەوەی لە لەش جیادەبێتەوە و رزگاری بوو لەتاریکی و ئازارەکانی دۆزەخ، وتێر و پڕ لەرووناهی ئارامبەخشی بەهەشت، نەمرانە ڕزگاری بێت.

باوەڕ بە نەمرێتی ڕۆح و ژیانی پاش مردن لەنێو ئایینە جۆراوجۆرەکاندا هەر لەمێژەوە تا ئیمڕۆ جێگەی باس و گفتوگۆبووە. لەئایینی خواپەرستی زەردەشتیدا (پێش دەستکاریکردن و تێکەڵاوبوونی ئەفسانە و باوەڕە ئاینییەکانی دیکە) و هەروەها وتە ڕەسەنەکانی خودی زەردەشت، زۆر کەم باسی تەوەرەکانی سەرو سرووشتی (ماوراو الطبیعة) کراوە. ئەگەر تەنیا لە روانگەی گاتاکاندا بڕوانینە ئەم ئایینە، دەبینین زۆربەی زۆری ئامۆژگارییەکانی دەربارەی چلۆنایەتی چەرخاندنی ژیانی ئەم جیهانەیە و چی بکەین کە خاس بژین. بۆ ئەم کارەش زێتر بایەخ بە ئاکارەکانی ژیان دراوە، ئەو سێ بنچینە بەناوبانگەی کە ئایینی خواپەرستی (زەردەشتی) لەسەر بونیادنراوە، سەرجەم لە هەموو جیهاندا ناو و ناوبانگێکی تایبەتی هەیە و جێگەی خۆی کردۆتەوە کە بریتین لەبیری چاك، وتەی چاك و کرداری چاك، سیفات و ڕەوشتی ئەهریمەنیش دروست دژی ئەم سێ بنچینەیەیە واتە بیری خراپ، وتەی خراپ و کرداری خراپ. زەردەشت هەمیشە خەڵکی هانداوە لەم دوو ڕێگەیە، ڕێگەی چاکە هەڵبژێرن، بۆئەوەی لەم جیهانەدا پاداشتی مادی و لەجیهانی پاش مردن پاداشتی مەعنەوی وەربگرن.

دەربارەی پاداشتی مادی ئەم جیهانە، بە هۆی کار و کۆشش لە ڕێگەی ڕاست و دروست، مرۆڤ پاداشتی خۆی وەردەگرێت و ژیانێکی بەختەوەر و پڕ لەخۆشی و ئاسایشی پێدەگات.

بە پێچەوانەوە، تەمەڵی و تەوەزەلی دەبێتە هۆی دابارینی خەم و خەفەت و ناخۆشی و دەردەسەری بەسەر ژیانی مرۆڤ دا(کە ئەمە ویست و ئارەزووی ئەهریمەنە).

لە گاتاکاندا، باسی هیچ شتێك بە ڕاشکاوی دەربارەی ڕۆح و چۆنێتی جیابوونەوەی لە لەشی مرۆڤ نەکراوە. بەڵام دەربارەی هەڵسەنگاندنی باوەڕی مرۆڤ بە بوونی کردگاری تاك و تەنیا، باسی سێ جۆر

یا دەستە(٦٢) دەکات، هەروەها دەربارەی سێ جێگە یا پلە قسەکراوە، کە دەتوانین ئەو سێ جێگەیە بە بەهەشت و دۆزەخ و بەرزەخ دابنیێن. لەیەسنا هات ٢٨ بەندی ١١ دەبێژێ:

(.. لەم رووەوە ئەی مەزدا بە هۆی ئەقڵەوە تێم بگەیەنە، کە ژیانی داهاتوو(پاش مەرگ) چلۆن دەبێت؟).

لە زۆر جێگەی گاتاکاندا، بە گوێرەی شێوەی تەفسیر و هەندێ هۆی دیکە بڕێ جار دەتوانرێت بەهەشت و دۆزەخ و کارکردنەسەر هەستی مرۆڤ دەربارەی خۆشی و ئەشکەنجە بە دیاردەیەکی ویژدانی بژمێرێت.

واتە، هەرکەسێك کاری چاکە بکات، ویژدانی ئەوەندە ئاسوودە و ئارام دەبێت، هەست بەخۆشی بەهەشتی دەکا، بەپێچەوانەوە مرۆڤێك کە کاری خراپ و ناشایست بکات، ئەوەندە ویژدانی نارەحەت دەبێت، کەوا دەزانێ لەئاگری دۆزەخدایە.

هەروەکو لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد، لەنێو گشت ئایینە ئاسمانییەکان و باوەڕ و مەکتەبەکانی دروستبووی دەستی مرۆڤ، پاش ماوەیەك (کەم یا زۆر) گۆڕین و زیادە خستەسەر و کەمکردنەوە لەئەسڵی فەلسەفی ئەو باوەڕانە روودەدات. ئایین و بیر و باوەڕ و فەلسەفەی زەردەشتیش لەم مەسەلەیە جیا و بێ بەش نییە. پاش ئەو هەموو کارەساتانەی بەسەر ئەم ئایینە و پەیڕەوانیدا هاتووە، بەتایبەت هێرشی ئەسکەندەر و عەرەبەکان بۆ سەر ناوچەکەو سووتاندنی زۆربەی زۆری کتێبەکان و دەربەدەرکردن و ڕەشکوژی پەیڕەوانی زەردەشت، دیارە کە گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر بنچینە فەلسەفیەکانی ئەم ئایینە پیرۆزە دا هاتووە، بەتایبەتی دەربارەی ژیانی پاش مەرگ، هەندێ لەهۆکارەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ خودی پیاوە بەناو ئایینییەکانی سەردەمی دوای زەردەشت خۆی.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم زۆر بەکورتی باسی چارەنووسی ڕۆح و رۆژی پاش مەرگ و پەسڵان بکەم. پوختەی ئەوەی خراوەتە پاڵ. ئاڤێستا و لەیەشتەکان و بڕێك لەنووسینەکانی پەهلەوی باسکراوە دەبێژێ:

.. پاش مردنی مرۆڤ تا سێ رۆژ رۆح لە لەشی جیانابێتەوە، لەرۆژی سێیەمدا، ئیدی رۆح لە لەشی مردووەکە جیادەبێتەوە و بۆ گەیشتنە پاداشت یا سزای کرداری خۆی، بەرەو پردی چینوەت دەڕوات.

لە کتێبی ڤەندیداد، بەشی ١٩، بەندی ٢٤ــ ٢٧ دەبێژێ:

(ئەی دروستکەری جیهان، چارەنووسی ئەو کارە خاسانەی کە کەسێك لەجیهانی مادیدا بۆ رۆحی خۆی کردوویەتی، پاش مردن بۆ کوێ دەچێ و لەکوێڕا خردەبنەوە؟

ئاهورامەزدا دەفەرموێ: پاش ئەوەی مرۆڤ دەمرێ، ئەگەر گوناهبار بووبێت، لەپاش سێیەمین شەودا و لەبەردەیاندا، فریشتەی میهر دێتە سەر کێوێکی درەخشان و تیرۆژی خۆر هەڵدێت:

ئەی زەردەشت، دێوێك کە ناوی (ڤیزەرەش)ە Vizares، رۆحی ئەو کەسە گوناهبارە دەبەستێتەوە و لەتەك خۆیدا دەیباتە سەر پردی چینیوەت، لەوێ هەر کارێکی لە جیهانی مادیدا کردووە، لێپرسینەوەیەکی تەواوی لێدەکرێت.

هەر لەوێرا کار وکرداری خاس خۆی لەشێوەی کیژۆڵەیەکی فرەجوان و نەرمونیان، خۆش ئەندام و باڵابەرز، ژیر و دانا بەناوی نائیریکا Nairika دەنوێنێ و خۆی دەردەخات.

رۆحی مرۆڤە خاسەکان لەکێوی ئەلبورزەوە تێدەپەڕێنێ و لەسەر پردی چینیوەت دەگوزەرێ و دەیانگەیەنێتە جێگەی دیاریکراویان. ئا لەم کاتەدا، فریشتە وەهومەن لەبارەگای رووناهییەوە هەڵدەستێت و دەبێژێ:

ئەی پیاوخاس، چلۆن لەجیهانی کاتی (مادی)یەوە بەرەو ئەم جیهانی هەمیشەیی و نەمرە هاتیت؟ رۆحی مرۆخاسەکان بەخۆشی و شادییەوە دەگەنە خزمەت ئاهورامەزدا و فریشتەکانی و دەچنە نێو بەهەشت و تێکەڵ بە پیاوخاسانی دیکە دەبن).

لێرەدا ئەوەی شایانی باسەو دەبی ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە ئەم گۆڕانکارییانە دەربارەی بەهەشت و دۆزەخ چلۆن وا بە ئاسانی تێکەڵ بەم ئایینە بووە؟، چونکە لەسەردەمی زەردەشت و پیرەوە نزیکەکانی لەم بارەیەوە، هەرکام لە چاکە و خراپە کە مرۆڤ دەیکا، پاداشت و سزاکەی بە هۆی ویژدانی ئەو کەسەوە پێی دەگاتەوە.

لە بیستەمین نەسکی ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکان، کە بە ناوی (هادوخت نەسك)ەوەیە، دەربارەی چارەنووسی رۆح هەروەکو لەسەرەوە باسمان کرد دووپاتکراوەتەوە. ئەم نەسکە کراوە بە سێ بەشەوە، بەشی یەکەمی دەربارەی سوودی هەندێ لە وێرد و نزا دەدوێت، بەشی دووەمی ویژدانی پیاوخاسان و چارەنووسیان پێشان دەدات و بەشی سێیەم ویژدانی خراپەکاران و گوناهباران پیشان دەدا.

لەم نەسکەدا لەبەشی دووەمدا دەبێژێ:

(زەردەشت لە ئاهورامەزدا دەپرسێت، کاتێك پیاوخاسێك لەم جیهانەوە دەردەچێت، ئەو شەوە رۆحی لەکوێرا دەگیرسێتەوە و پشوودەدات؟

وەڵامی دەدرێتەوە کە ئەو شەوە رۆح لەنزیك لەش دەمێنێتەوە و یەکێ لەخۆشترین و شادترین شەوانی تا ئەوسا دەبێت و بەسەر سەری لەشەوە دەست دەکا بە نزا و نیایشکردن و داوای لێبوردنی بۆ

دەکات، زەردەشت دەربارەی شەوی دووەم و سێیەم هەمان پرسیاردەکاتەوە. هەمان وەڵامی پرسیاری شەوی یەکەم دەبیستێت. بەم شێوەیە، رۆح بۆ ماوەی سێ شەو و ڕۆژ نزیك لەجەستەی خاوەنەکەی دەمێنێتەوە.

پاش تێپەڕبوونی سێیەمین شەو، بەرەبەیانی رۆژی چوارەم شەماڵێکی فێنکی بۆن خۆش لەباشوورەوە هەڵدەکا و رۆح دەخاتە خۆشی و شادییەوە، چونکە ئەو بۆنەی بەسەریدا دێت. هەرگیز تا ئەوکاتە، بۆنی وای نەکردبوو، پاش ئەوەی ئەو بۆنە بەسەریدا دێت، ویژدانی لەشێوەی کیژۆڵەیەکی یەکجار جوان.

باڵابەرز، دەموچاو سپی، سینەپڕ و بە شەرم و حەیای پانزە ساڵانە، خۆی پێشان دەدات. کیژۆڵەیەك بەئەندازەیەك جوان، کە هەرچی جوانی و خاسی هەیە تیایدا کۆبۆتەوە. رۆحی پیاوچاکەکە لێی دەپرسێت:

ئەی جوانترین کیژۆڵە، تۆ کێیت؟

کیژۆڵە ناسکەکە لەوەڵامدا دەبێژێ:

ئەی پیاوخاسی وتە خاسی کردار خاس، ئەز ویژدانی تۆم، ئەتۆ کارێکت کرد کە من بەم شێوەیە جوان و سەربەرزم، لەجیهاندا، لەکاتی ژیانتدا، کاتێك کە خەڵکی دیکە خەریکی خراپەکاری بوون، ئەتۆ رێگەی خاسیت گرتەبەر و بە هۆی کردار و هەڵسوکەوتی شایستەتەوە، منت کە جوان بووم جوانترکرد. پاشان ئەو کیژۆڵە جوانە، یاخود ویژدانی پیاوە خاسەکە، رۆحی ئەو پیاوە خاسە بەختەوەرە دەگەیەنێتە یەکەمین مەنزڵگا کە بیری خاسە، پاشان دەیباتە دووەمین مەنزڵگا کە وتەی خاسە، سێیەمین مەنزڵگا مەڵبەندی کرداری خاسە. ئەوسا رۆحی پیاوە خاسەکە لەتەك ویژدانیدا یەکدەبن و دەچنە نێو بەهەشت یا دەبنە رووناکی هەمیشەیی).

لەبەشی سێیەمی ئەم نەسکەدا، هەموو ئەم رووداوانە دووپات دەبنەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، بۆ خراپەکاران و بەم شێوەیە کە سێ شەوی یەکەم، رۆحی خراپەکار دووچاری ئەشکەنجە و نارەحەتییەکی یەکجار زۆر دەبێ، پاشان بەرەبەیانی رۆژی چوارەم، ویژدانی لە شێوەی پیرەژنێکی یەکجار ناحەز و ناشیرین خۆی دەنوێنێ و رۆحەکە بە سێ قۆناغی دۆزەخ تێپەڕدەکات (بیری خراپ وتەی خراپ و کرداری خراپ) و لە کۆتاییدا لە بۆشاییەکی تاریکی بێ پایان بەرەڵای دەکات.

بیری چاك، وتەی چاك و کرداری چاك، ئەم سێ بنچینە بنەڕەتییە ئاکارییەی کە کۆڵەکەی ئایینی زەردەشتین، بریتین لەسێ قۆناغی تەکاملی ئاکاری مرۆڤ، کە هەرکات کەسێك پەیڕەوی لە یەکێکیان بکات، بێ هیچ چەندو چۆنێك پەیڕەوی لەدوانەکەی دیکە دەکات. بێگومان ئەگەر بە وردی بڕوانینە

هەموو لایەنەکانی ژیان، دەبینین گشت بنچینەکانی ئوسولی ئاکاری بە شێوەی کردار لەجیهانـدا، لـەم سێ بنچینە یا ئەسڵە خوڵاسە دەبێت. هەرکەسێك ئەم سێ ئەسـڵە پاکـە بەدروسـتی ئـەنجام بـدات و باوەڕی پێ بێت، لە هەموو بوارەکانی ژیانـدا سـەرکەوتوودەبێ، ئەگـەر هـەموو بـەم کـارە هەڵسـن، کۆمەڵگایەکی پڕ لەئاشتی و ئاسایش و هێمنایەتی و میهرەبانی و تەبایی مان دەبێـت. ئەوسـایە کـە دەگەینە ژیانێکی پڕ لەخۆشی و کامەرانی مادی لەم جیهانەدا و لە ڕووی مەعنەوییەوە بـۆ هەمیشـە ویژدانێکی ئاسوودە و بێ دەردەسەریمان دەستدەکەوێت. ئا لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکـەوێت، کـە چـلۆن زەردەشت زۆر ژیرانە توانیوێتی ئەو سێ پلەیـەی بەهەشـت و دۆزەخ و بـەرزەخ، وەسـتایانە و دانایانـە ببەستێتەوە بەم بنچینە ئاکارییـەوە. بـەڵام لەنووسـینەکانی زەردەشـتییەکان کـە لـەپاش زەردەشـت نووسراونەتەوە، باس لـەوەکراوە کـە یەکـەمین مـەنزڵگا لـەنێو هەسـارەکاندایە، دووەمـین مـەنزڵگا لەدەوروبەری(مانگ)دایە و سێیەمیشیان لەبەرزترین دوندی ڕووناکایەتیدایە. لەباسی ئـەم داسـتانەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مرۆڤ پاش ئەوەی لەم سێ قۆناغە ئاکارییە تێپـەڕدەبێت، ئەوسـا دەگاتـە جێگەی بێ خەوشی مرۆڤایەتی و بارەگای (نور الانوار) و دەگاتە پلەی خواوەندێتی. هەرچەندە لەوتـەو ئامۆژگارییە ڕەسەنەکانی خودی زەردەشت ئەوەندەمان بۆ نەماوەتەوە، بەڵام هەر لەئەمـەی کـە لەبـەر دەستدایە و بەخاسی پارێزراوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەوڵ و کۆششی ئەوە بووە کە ڕەسـەنێتی مرۆڤ و پلەوپایەی بپارێزێت و ڕێزی لـێ بگیرێت. هەوڵیداوە کە خەڵك بـە هـۆی هێـزی بیرکردنـەوە و توانایی خۆیان، ڕێگەی ڕاستی و د ڕستی ژیانیان هەڵبژێرن.

ئەوەی کە بۆمان ئاشکرا و ڕوونە، ئەوەیە کە زەردەشت باوەڕی پتەوی بـە نـەمرێتی ڕۆح هـەبووە. ژیانی پاش مەرگی بە تەواوکەرەوەی ژیانی مادی ئەم جیهانە داناوە. هەرکەسێك ژیانی لـەم دنیایـەدا بەدروستی و خاسی و پاکی بردبێتەسەر، لەو دنیاش (لـەجیهانی نـەمرێتی) هـەر بـەو شـێوەیە ژیـان دەباتە سەر، پاداشتی هەڵبژاردنی ژیانی ڕاسـتی و دروسـتی ئـەم دنیـا وەردەگرێـت. بەپێچـەوانەوە، ئەوانەی کە لەم دنیا مادەپەرست و پەیڕەوی ڕێگەی درۆ و خراپە بوون، لەژیانی پـاش مـەرگیش هـەر بەو شێوەیە دەبن و سزای کرداری خۆیان وەردەگرن، جگە لە ڕەنج و ئەشکەنجەی ڕۆحـی و پەشـیمانی، هیچیان دەستگیرنابێت. ئەوسا دەزانن کە دووچاری سزای کرداری خۆیان بوون و بەس.

پوختەی ئەم باسە:

پتر لەسێ هەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر، زەردەشت دەربـارەی خێـر و شـەڕ، چـاکە و خراپـە، باوەڕ و بێ باوەڕی، پاکی و ناپاکی، بەختەوەری و بەدبەختی، هەروەها ئازادی هەڵبـژاردن و ویسـت و

خواستی مرۆڤ ، بەرنامەیەکی وەهای داڕشتووە، کە تا ئێستا مرۆڤ لەم سەردەمەشدا هێشتا نەیتوانیوە بگاتە ئەو بەرنامەیە و دایڕێژێ.

بە باوەڕی زەردەشت، کاتێك مرۆیەکی راست و پاك دین و ویژدان، لەڕووی هۆشیاری و بە هۆی ژێرێتییەوە توانی ئافەریدەگاری دانا و مەزن بناسێت، بەئازادی و بەویستی خۆی رێگەی ڕاستی هەڵبژاردو پەیڕەوی لێکرد، ئەوسا ئیدی دەگاتە سیفاتی کەمالییەی ئافەریدگار و دەتوانێ بەکردار ببێتە دیارگەی ئەوسێ بنچینە رەسەنەی پەیامی زەردەشت (بیر و وتەو کرداری خاس). ئا لەم حاڵەتەدایە کە مرۆڤ دەگاتە دوندی ژیانێکی پڕ لە ئاسایش و ئارامی و تەبایی و بەهەشتی ڕاستەقینەی بۆ ئامادەدەبێت و دەڕەخسێت.

لەم بەهەشتەدا نە جێگەی کەشیشو مەلا و کاهن دەبێتەوە، نەدەبێتە لانەی ڕابەر و سەرۆك و سوڵتان و .. ئەو بەهەشتە مەڵبەندی مرۆڤی ئازادو رزگارە، ئازاد لەحوکمڕان و زۆرەملەیی دەرەکی و رزگار لەبیری خراپی نێو دەروون. مرۆڤ بەو شێوەیەی کە دەبی ببێت نە بەو شێوەیەی کە هەیە. بێگومان ئەم رێبازە فرە چەتون و درێژخایانە. فرە لەپیاوچاکان بیریان لەمەکردۆتەوە و هەوڵیان داوە بۆ چەسپاندنی کۆمەڵگایەك کە ئەم راستیانەی تێدا رەچاوبکرێت، بەڵام نە لەکاتی زەردەشتدا و نە تا هەنووکەش، مرۆڤ نەیتوانیوە بە تێکڕایی بگاتە ئەم ئامانجە. دەتوانین بێژین تا مرۆڤ بەتاك و کۆر و کۆمەڵەوە، یاخود بەلایەنی کەمەوە بێژین زۆربەی زۆری خەڵك ئەم رێبازە نەگرنەبەر و خۆیان لەتەك یاسای راستی و نیزامی ئافراندن هاوئاهەنگ نەکەن، خۆپەرستی و تاك ڕەوی نەخەنە لاوە، کۆمەڵگا ناگاتە رۆخی دەریای ئارام، ئاسایش و خۆشی و بەختەوەری بەچاو نابینێت.

بەهەشت و دۆزەخێك، کە زەردەشت باسی دەکات، بەهیچ جۆرێك لەتەك ئەو بەهەشت و دۆزەخەی کە لەئایینە ئاسمانییەکانی دیکە باسی لێکراوە چون یەك نییە، ئەم بەهەشت و دۆزەخەی زەردەشت، شێوەیەکی تایبەتی نییە و لە ڕووی مادییەوە بەهیچ جۆرێك لە گاتاکاندا باسی لێنەکراوە، نە پەیوەندی بە کاتەوە هەیە و نە بە جێگە. واتە نە جێگەیەکی تایبەتی هەیە و نە کاتێکی تایبەتی و سەردەمێکی دیاریکراو.

لەزۆر لەسروودەکانی زەردەشت بە ڕاشکاوی ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە بەهەشت و دۆزەخ، هەر لەم جیهانەدایە، لەبیر و ویژدانی مرۆڤدایە و سزا و پاداشتیش هەر لەژیانی مرۆڤدایە، ئاکامی بیر وکردار و وتەی خودی مرۆڤە کە بۆی دەگەڕێتەوە.

زۆربەی زۆری توێژەران لەو باوەڕەدان، کە بەهەشت و دۆزەخی گاتاکان شتێکی دەروونی و مەعنەوییە، بەڵام بڕێك جار لەنێو گاتاکاندا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە و یاخود بۆچوونی وای تێدا دەبینین، کە ئاماژە بۆ ژیانی پاش مردن دەکات.

دەربارەی باسی پردی چینیوەت، هەرچەندە دەتوانین بێژین کە لەبەرئەوەی ماناکەی دەبێتە پردی دادوەریکردن، دەتوانین بێژین کە مەبەستی هەر لەم جیهانەدایە، بەڵام هەرچۆنێك بێت باسێکی ژیانی پاش مردنیش دەگرێتەوە.

کەوایە دەتوانین بڵێین، ئایینی زەردەشت باسی ژیانی پاش مردنیشی کردووە، بەڵام نە چۆتە نێو وردەکارییەکانییەوە.

هاوسەر خواستن لەئایینی زەردەشتیدا:

باشترین نیشانە بۆ پێشکەوتن و شارستانییەتی کۆمەڵگایەك و میللەتێك دەتوانین بە بەراوردکردنی پایەی ژن لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا بناسین. هەر کۆمەڵگایەك کە ڕێز لەئافرەت نەگرێ، ژن بەکەم و بەچاوێکی سووکەوە تەماشا بکات و لەمافی تایبەتی بێ بەشیان بکەن، بێگومان ئەو کۆمەڵگایە دواکەوتوو نەزانە. کۆمەڵگایەك کە هەست بە پایە و شوێنی گرنگی تایبەتی ئافرەت نەکا، ڕۆحی ڕەسەنی و چاکە لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا نییە.

دەتوانم بێژم کە ڕێزگرتن لەئافرەت، بەشداریکردنیان لەمافە کۆمەڵایەتییەکان، باشترین نموونەن بۆ ناسینی کۆمەڵگا و میللەتانی پێشکەوتوو جیاکردنەوەیان لەکۆمەڵگایەکی دواکەوتوو. کۆمەڵگای کوردەورای، ئەم ڕەوشەی ڕێزگرتن لەئافرەت لەباوو باپیرانی بۆ ماوەتەوە، لەمێژەوە چ لەناو شارەکان و چ لەناو گوندەکان و لەنێو کۆچەرەکاندا هەموو بەچاوی ڕێزەوە ڕوانیویانەتە ئافرەت. ئەگەر تەماشای مێژووی نەتەوەکەمان بکەین، زۆر نموونەی سەرنجڕاکێشەر دەبینین، کە تیایدا ئافرەت چ ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و تەنانەت ئیشوکاری جەنگیشدا. ئەم ڕەوشتە بەرزە، هەروەکو گوتمان لە باپیرانمان بۆمان ماوەتەوە، زەردەشت زۆر زۆر جەختی لەسەر ئەم باسە کردووە، پێش هەزاران ساڵ لەمەوبەر لە کتێبی پیرۆزی ئاڤێستا پلەو پایەیەکی تایبەتی بۆ ئافرەت داناوە و بە بەشێکی گرنگی لە کۆمەڵگادا داناوە و لە هەموو مافێکی کۆمەڵایەتی تەنانەت لە ڕێورەسمی ئایینیشدا، شان بەشانی پیاو بووە.

لە ئاڤێستادا ستایشتی پاکدامەنی و پاکیزەیی ئافرەت کراوە. لە گاتاکاندا، یەکێ لەئامانجە سەرەکییەکانی پێکهێنانی خێزان لەسەر بنچینەی خۆشەویستییەکی پاك و ڕێز لەیەکگرتنی ژن و پیاو داناوە. یەکێك لە نوێژەکانی زەردەشتییەکان ستایشتی ئەو ئافرەتە پاکانەی کردووە، کە ڕێگەی ڕاستی و دروستییان گرتۆتەبەر، ئەو ئافرەتانەی کە لەتەك هاوسەرەکانیان بە ئەمەکن و فیداکارن و فەرمانەکانیان جێبەجێ دەکەن.

لەئایینی زەردەشتیدا، هاوسەرخواستن بە مەبەستی پێکهێنانی خێزان و بەرپاکردنی ژیانێکی خۆش و پڕ لەشادی و کامەرانی و زاوزێ کردن، بە شێوەیەکی وەها لەسەر بنەمایەکی ڕاستی و دروست و بەهێز لەبەر چاوگیرابوو، کە خۆی لەخۆیدا دەبێتە دەستەبەری (زامنی) بەردەوامبوونی ژیانی هاوبەشی و خۆشەویستی لەنێوان ژن و مێرد هەتاهەتایە.

زەردەشت لە گاتاکاندا (یەسنا هات ٥٣ بەندی ٥) ئامۆژگاری ئەو کیژۆڵە و کوڕانە دەکات کە پێکەوە پەیمانی هاوسەریتییان بەستووە و پێیان دەبێژێ:

(ئەم گوفتارانە ئاراستەی ئێوە دەکەم
ئەی تازە بووك و زاوایان،
بە بیرێکی خاس، گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانم ڕابگرن
لە ڕێگەی ویژدانی خۆتان هەڵیسەنگێنن و بەکاری بێنن:
هەمیشە بە بیری خاس و خۆشەویستییەوە بژین،
هەر یەکەتان لەڕاستیدا
پێشبڕکیی لەیەکتری بکەن
تا ژیانێك و خێزانێکی خاس پێکەوە بنێن)

لەئایینی زەردەشتیدا، بۆئەوەی تەکوزی لەئیشوکاری جیهاندا بەردەوام بێت و جڵەو لەبێ ڕەوشتی و بەرەڵایی بگیرێت، جەخت لەسەر هاوسەرخواستن کراوە، ژیانی تەنیایی و گۆشەگیری و پێکنەهێنانی خێزان، بەکارێکی خراپ و ناپەسەند باسی لێکراوە.

لەڤەندیداد، بەشی چوارهەم، بەندی ٤٧، ئاهورامەزدا دەبێژێ:

(ئەی ئەسپەنتمان زەردەشت، ئەز، هەمیشە پیاوی ژندار لە پیاوی بێ ژن، پیاوی خانەدار لە پیاوی بێ خانوومانن بەخاستر دەزانم).

هەروەها لەبەندی ٤٤ دەبێژێ (ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە کە برای ئایینی خۆی هانبدات و ڕێنمایی بکات و یارمەتی بدات بۆ ژن هێنان و بەرپاکردنی ژیانی هاوسەرێتی)

هاوسەر خواستن، لەئایینی زەردەشتیدا، بەجوانترین و باشترین شێوە چارەسەرێتی و رێگە و رێنمایی بۆ رەچاوکراوە. تەوەری ژن هێنان و شووکردن و چۆنێتی پەیوەندیکردنی ژن و پیاو بۆپێکهێنانی خێزانێکی بەختەوەر و پاك کە بنچینەی کۆمەڵگایەکی دروست و پاکە، دەربارەی تەندروستی جەستەو رەوانی کچ و کوڕ پێش ئەوەی ئەم پەیوەندیە پیرۆزەیان دەست پێبکات، بەدوور و درێژی باس کردووە و بەرنامەی بۆ دارێژراوە، هەروەها دەربارەی چۆنێتی و کێ و کێ دەبێ بەیەکەوە هاوسەربن باس کردووە.

ژن و پیاوی زەردەشتی، لە ژیانیاندا تەنیا دەتوانن یەك هاوسەر بۆ خۆیان هەڵبژێرن، هیچ ژن و پیاوێك تا لەژیاندان، بۆیان نییە و ناتوانن بە گوێرەی ئایینی زەردەشتی لەیەك هاوسەر زێتر هەڵبژێرن، بەڵام پاش مردنی یەکێکیان، ئەوەی دیکەیان پاش تێپەربوونی ساڵێك بەسەر مردنی هاوسەرەکەی دەتوانێت ژن بهێنی یا شو بکات. جیابوونەوەی ژن و پیاو لەیەکدی، واتە رەهایی، لە ئایینی زەردەشتیدا نییە و قەدەغەیە، مەگەر ئەوەی لەیەکێ لەدوو هاوسەرەکە (ژن یا پیاو)، کارێکی ناشایستی رەوشتی دەرکەوێت، ئەوسا بە گوێرەی دادوەرێتی پیاوە ئایینییەکان و گەورە پیاوان لە یەکدی جیادەکرێنەوە. ئەوەی شایەنی باسە، ئەم جیابوونەوەیە (رەهایی) زۆر ئاسان نییە، هەندێ کۆسپ و بە رنامەی سەخت لەبەردەم ئەم کارە دانراوە، کە بەراستی بۆتە کارێکی چەتوون بۆیان.

یەکی لەو کۆسپانە ئەوەیە کە ناوی ئەو ژن و پیاوە کە لەیەکدی جیادەبنەوە لەناو کۆمەڵگای زەردەشتییەکاندا وەها بە بەدناوی بلاودەکەنەوە، کە هەردوو لایان ئەوەندە شەرمەزاربن، ڕووی ڕوانینە هاوئایینییەکانی خۆیان نابێت.

لە ئایینی خواپەرستی زەردەشتیدا، تەمەنی هاوسەر خواستن بۆ کوڕ پانزە ساڵان و بۆ کچ چواردە ساڵان رەچاوکراوە. دەربارەی هاوسەر خواستن لە تەك بێگانە (واتە زەردەشتی نەبێت) و مەسەلەی رێکەوتنی خوێنی ژن و پیاو، تا ئەندازەیەك ڕێ و شوێنی بۆ دیاریکراوە، بەڵام وا بەباش دەزانرێ کەهەر کەسێك لە تەك هاونەژاد و لەنێو نەتەوەی خۆیدا و هاوئایینی خۆی هاوسەر هەڵبژێرێت و تا ئەو شوێنەی دەتوانێ هاوسەر لەنێو بێگانەدا هەڵنەبژێرێت. چونکە ئەو پەیوەندیی رۆحی و باوەڕ و کەلەپوور و..... ئەگەر سست بێت و یا هەر نەمێنێت، لە پاشاندا دووچاری گرفت و مەترسییان دەکات.

لە ئایینی زەردەشتیدا جووت بوون (نکاح) لەتەك ئەم خزمانەدا قەدەغەیە: باوك، دایك، خوشك، برا، پورزا، دایەن، برازا، خوشکەزا، پور (خوشکی دایك و باوکی) نەنك (دایك و باوك)، ژنی باپیر، باوەژن، کوڕەزا، کچەزا، ژنی کور، خەسووی کچ ، خەسووی کوڕ، دایەگەورەی ژنی کوڕ، خوشکی

باوکی ژن، خوشکی دایکی ژن، براژنی باوك، براژنی دایك، ژنـی بـرازا و خوشـکه زا، میـردی بـرازاو خوشکه زا، هاوشیره.

شێوه و جۆری مارەکردن و هاوسەر خواستن:

لای زەردەشتییەکان مارەکردن و ژن خواستن پێنج جۆرە:

پاتشا ژنی:

ئەم شێوە مارەکردنە بریتییە لەوەی کە کوڕ و کچ بۆ یەکەمین جار و بە رەزامەنـدی دایـك و بـابی هەردوولا و دڵ وەشییان، ژن بهێنن و شوویکەن. بەم جۆرە ژنانە دەبێژن پاتشا ژن

ئەیوك ژنی:

ئەیوك بە مانای (کچی تاقانەی بی برا) یە، واتا پیاوێك بیەوێت تاقانە کچی خێزانێـك بخوازێـت. لەبەر ئەوەی کچ ناتوانێت پاش مردنی بـاوکی مـاڵ و مـوڵکی بـاوکی بـۆ خێزانێکـی دیکـە ببـات، بۆئەوەی ئەو دارایيە هەر لەنێو خێزانەکەدا بمێنێتەوە، پێویستە کە پاش ئـەوەی شـوویکرد، یەکـەمین کوڕی خۆی بەناوی باوکی خۆیەوە (واتە باوکی کچەکە کە دبێتە باپیری منداڵەکـە) نـاونووس بکـات، بەم شێوەیە هەموو دارایی باوکی کچەکە بۆ منداڵەکەی دەبێت بەم جۆرە ژنانە دەبێژرێت ئەیوك ژن.

شایەنی باسە ئەم جۆرە هاوسەرخواستنە لە رۆژگاری دوور باوبووە، ئێستا لەبەر ئەوەی بی ئاگایـان تووشی بەدگومانی بوون و وایاندەزانی، کە باوك کچی خۆی مارەکردووە و ئەو منداڵـەی کچـەکە لـە باوکێتی، لەبەر ئەمە، ئەم رەوشە ئیدی بەکارنایەت.

کولفەت ژنی (چاکرژنی):

ئەم جۆرە مارەکردنە بۆ بێوەژن یان بێوەپیـاو دەبێـت، کـە دەیانـەوێت پـاش مـردن یـا رەهـایی هاوسەری یەکەمیان، دووبارە هاوسـەرێکی دیکـە هەڵبـژێرن. لەبەرئـەوەی لـە ئـایینی زەردەشـتدا، یەکەمین هاوسەر لەم دنیا و لەو دنیاش هەر بۆ یەکتر دەبن، شا و شاژنی یـەکترن، کەوایـە هاوسـەری دووەم، پلەو پایەی کولفەتی هەیە بەرامبەر هاوسەری یەکەم. هـەروەها ئەگـەر پیاوێـك کـە ژنەکـەی منداڵی نابێت، گەرەکی بێت بۆ منداڵ بوون ژنێکی دیکە بخوازێت، یاخود پاتشا ژن تووشی نەخۆشـی شەپڵە (ئیفلیجی) یا شێتی بێت و نەتوانێت بە ئـەرکی سـەر شـانی بـەرێوەبردنی نـاو مـاڵ وەك کـە یبانوویێك هەڵسێت، ئەوە ژنی دووەم لەبەرامبەر ژنەکەی یەکەمی پلەی کولفەت ژنی هەیە، واتە وەك کولفەتی ژنەکەی یەکەمی دەبێت.

خودسر ژنی:

ئەم جۆرە مارەبڕینە بریتییە لەوەی کە کوڕ و کچێکی باڵغ، پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی بیست و یەك ساڵی، گەرەکیان بێت بێ رەزامەندی دایك و بابیان، پێکەوە بژین لەم حاڵەتەدا (موید) بۆی هەیە و دەتوانێ مارەیان ببڕێت، بەڵام تا ئەو کاتەی رەزامەندی دایك و بابیان وەرنەگرن، لە هەموو میرات و دارایییەك بێ بەری دەبن (کیژان لە تەمەنی شانزە ساڵیدا و کوڕان لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دەتوانن بە رەزامەندی دایك و بابیان هاوسەر بخوازن).

سەتەر ژنی (ستر زنی):

کاتێك کوڕێك، پاش ئەوەی دەگاتە تەمەنی باڵغی و پێش ئەوەی ژن بهێنێت، بمرێت، دایك و بابی یا هەر کەسێك لە خزمەکانی، پێویستە لەسەریان کە کچێك بە ناوییەوە مارەبکەن و بیدەن بە شوو (دەتوانێت ئەو کچە خوشکی کوڕە مردووەکە بێت). یەکەمین کوڕێك کە لەو کچە دەبێت بەناوی کوڕە مردووەکەوە ناودەنرێت. هەرچی دارایی و ماڵ و مولکی کوڕە مردوەکە هەیە، بۆ ئەو کوڕە دەبێت. ئەم جۆرە رەوشە. هەروەکو ئەیوك ژنی، خەڵکی ناناگا دووچاری دڵڕەشی دەکا و وادەزانن کە ئەو کچە کە خوشکی کوڕە مردووەکەیە. شوویکردووە بە برای خۆی. لەبەر ئەمە ئەم رەوشی ژن هێنانەش ئێستا ئیدی لەنێو زەردەشتییەکاندا باوی نەماوە و ئەنجام نادرێت.

ئەنجومەنی مارەبڕین:

ئەنجومەنی مارەبڕین: بە مەبەستی پەیوەندی نێوان بووك و زاوا پێکهاتووە. لە (موید) و حەوت کەسی دیکە کە شاهێدی خۆیان لە دەفتەری تایبەتی دەنووسن. سەرەتا (موید) مەراسیمی مارەبڕین ئەنجامدەدات، گوێ لە رەزامەندی هەردوولا، واتە بووك و زاوا دەگرێ. پاشان دەست دەکات بە ئامۆژگاری هەردوو بووك و زاوا و دەبێژێ:

(ئێستاکە چەند ئامۆژگارییەکی پێویست هەیە پێتان رادەگەینم، گوێڕایەڵی بن و لە ژیانی خۆتاندا بەکاری بهێنن بۆئەوەی ئاهورامەزدا خۆش وەش بکەن و خۆشتان بەختەوەر بن:

یەکەم: ستایشی هورمزی (ئاهورامەزدای) دادگەر بکەن و بیپەرستن، چونکە لە دادپەروەرێتی خۆی ئێمەی بێ بەش نەکردووە، بۆیە پێویستە لەسەرتان هەر پێنج فەرزەی نوێژ ئەنجام بدەن.

دووەم: بێگومانبن لە پەیامبەرێتی زەردەشتی پاك و مەزن، پابەندی ئایینی خاسی خواپەرستی بن، هەمیشە رێبازی پاکی و راستی بگرنە بەر، لەم جیهانەدا بە بیر و وتە و کرداری خاس بژین.

سێیەم: کەمتەرخەمی مەکەن لەنزاکردن بۆشادی رەوانی مردوەکان و یارمەتی بێدەرامەتان.

چوارەم: بیرەوەری یادی کۆچی دوایی دایك و باوك و باپیر و دایە گەورەکان لەیاد مەکەن و نوێژی تایبەتیان بۆ بخوێنن.

پێنجەم: هەرگیز بێ (سدرەوکشتی) مەبن، منداڵەکانتان لەکاتی خۆیدا سدرەوکشتی بپۆشن و ببەستن.

شەشەم: رێز لەدایك و باوك و مامۆستاکانتان بگرن. خۆش وەشی ئاهورامەزدا لە خۆش وەشی ئەم سیانەیە.

حەوتەم: یەکێ لەم ئیزەدانە (مهر، ئەشتاد، وە رهرام)(٦٣)" هەڵبژێرن، لەو رۆژەدا ستایشی ئاهورامەزدا بکەن. ئەو ئیزەدەی هەڵتانبژاردووە چاودێرتان دەبێ وە لە هەموو گوناه و کاری خراپ دەتانپارێزێت. ئێستا ئەو ئیزەدەی هەڵتانبژاردووە ناوی بەرن.

هەشتەم: پێویستە لە ژیانتانا، رێنمایەکی دانا و تێگەیشتوو هەڵبژێرن، بۆئەوەی لە هەموو کارەکانتاندا راوێژی لە تەکابکەن و گوێرایەڵی ئامۆژگارییەکانی بن، چونکە زانست بەرفراوانە و هیچ کارێك بێ رێنمایی مرۆڤی دانا بەخاسی ئەنجام نادرێت. ئێستا ناوی ئەو کەسەی هەڵتانبژاردووە ببەن (زاوا دەبێ هەر لەو ئەنجومەنەدا پیاوێکی دانا و خاسکردار هەڵبژێرێت و ناوی ببات).

نۆیەم: یاسای ئاهورامەزدای توانا و دانا، کە مرۆڤی بەهێز و توانای دانایی و گوفتار لە هەموو ئافەریدەکانی دیکەی جیهان، مەزنترو بەرزتر ئافراند، خۆشەویستی خەڵکە. کەوایە هەرگیز حەڵك

مەرەنجێنن و ئازار مەدەن نە بەبیر و نە بە گوفتار و نە بە کردار. (موبد)ە کە درێژە بە ئامۆژگارییەکانی دەدا و دەبێژێ:

ئەگەرکو رێبوارێك لەرێوە گەیشت، جێگە و خواردنی بۆ دابین بکەن. پیاوچاکان لە برسێتی و تێنوویتی و سەرما و گەرما رزگاربکەن. لەتەك بێدەسەڵاتان و ژێردەستەکانتاندا میهرەبان بن. رێز لە گەورە پیاوان بگرن. رێگە و یاسای ئەمشاسپەندەکان، کە سیفاتی ئاهورامەزدان بگرنە بەر بۆئەوەی لێتان کەیف وەش بن.

رێگە و یاسای ئەمشا سپەند وەهومەن، ئاشتی و بیری خاسە کینەدار و شەرخواز مەبن. بیرخاس و چاك پیشە بن. خراپە مەکەن و هاورێتی بەدکاران مەکەن. زانیاریتان فرە بکەن لەبیری خراپ وەدوورین و گەشە بە فەرهەنگتان بدەن. لەتەك هاورێیان و دۆستاندا نەرم و خۆشبین و بێ فیزین. لەتەك ناحەزان و نەیاراندا سنگ فراوان بن بەخاسی لەتەك ئاژەڵە سوودمەندەکان رەفتار بکەن، بێ ئەندازە و لەتوانا بەدەر کاریان لی مەکێشن. رێگە و یاسای ئەمشاسپەند ئوردی بەهەشت، راستی و

پاکییه. هەمیشە دەروون و رواڵەتتان بە پـاکی و خـاوێنی رابگـرن. دووربـن لـە ناپـاکی و چـەپەڵی. رێبازی یاسای (ئاشا) بگرنە بەر، چونکە لـە هـەموو جیهانـدا یـەك رێگـە هەیـە، ئـەویش پـاکی و راستییە. خاس بیربکەنەوە، خاس بیژن و خاس کاربکەن.

لەتەك یەکتردا یەك زمان و یەك دڵ بـن. دوورەپـەرێزین لـە درۆ و سـوێندخواردن و جـادووکردن. رێزلەئاگر بگرن کە نیشانەی پاکییە.

رێگە و یاسای ئەمشاسپەند شـەهریوەر، توانـایی و کـاری ئـازادە. هەمیشـە لـە پێشـکەوتن و سەرکەوتندابن و لەم رێگەیەدا تێبکۆشن. گوێرایەڵی سەرۆك و گەورە پیاوانی دادپـەروەر بـن و رێزیـان لێبگرن. لە رێگەی کرداری خاس و حەڵاڵەوە سەرمایە پێکەوە بنـێن. خـاس کـار و کۆشـش بکـەن. دووربن لەتەمەڵی و دەست درێژکردن و سواڵکەری. چروك و رژد مەبن. رێگە و یاسـای ئەمشاسـپەند سپەندارمزد، میهرەبانی و بێ فیزییە. لەژیاندا بێفیز و ئازادە بن، لەتەك یەکتردا میهرەبـان و دڵۆڤـان بن. لە خۆڕازی و لووت بەرز مەبن. خۆشباوەڕ و خۆشبین بن. بەچاوی سووك مەڕوانـنە کەسـوکارە بـێ دەرامەتـەکانتان، لـەوەی کـە هەتانـە یارمـەتییان بـدەن. خەسـتەخانە و قوتابخانـە و جێگـە خزمەتگوزارییەکانی دیکە دروست بکەن، هەروەك زەوی دەست بڵاو و سوودبەخش بن. زەوی ئـاوەدان بکەن و بەپاك و خاوێنی ڕایبگرن. کون و کەلەبەر و لانەی جانەوەرە زیانکارەکان وێران بکەن، پیسـایی و لاشە لەژێر زەویدا مەشارنەوە.

رێگا و یاسای ئەمشاسپەند خورداد، خۆشی و ئاوەدانییە. هەناوی خۆتان خـوردەم و لەشـتان پـاك بێت، چونکە پاکی لەش پاکی رۆح و ڕەوانـە. غـەمناك و سـپڵە مـەبن. بەچـاوی رۆشـەن و پاکـەوە تەماشای جیهان بکەن. شادبن و لەبیری ئاوەدانکردنەوەدا بـن. ئـاو کەمایـەی ئـاوەدانی و خۆشـییە، هەمیشە بە پاکی ڕایبگرن و پیسی و لاشەی تێفڕێ مـەدەن. کـارێز و کانیـاو هەڵکـەنن زەوی وشـك ئاوەدان بکەن. رێگا و یاسای ئەمشاسپەند ئەمرداد، تەندروستی و تەمەن درێژییە.

پارێزگاری لەشتان بکەن و دروسـت و توانـا ڕایبگـرن. دووربکەونـەوە لـە نەخۆشـی و چـەپەڵی. جلوبەرگ و ناومالتان هەمیشە پاك و خاوێن بێت. زۆنگاو و ئاوی مەنگ وشك بکەنەوە و لەجێگایـدا تۆ و دارو دەرەخت بچێنن. نەمام مەبڕنەوە. میوەی پێنەگەیشتوو مەچننەوە. پەرستاری لە نـەخۆش و دەردە داران بکەن و دەرمانیان بدەنێ.

پاش ئەم ئامۆژگاریانە، بووك و زاوا دەستی پەیوەندی و هاوسەرێتی دەخەنە نێو دەسـتی یـەکتر و بەدەوری ئاگردا دەسوڕێنەوە و دابونەریتەکانی دیکە ئەنجام دەدەن.

ئەو خاڵانەی دەبنە هۆی ڕەهایی (طلاق):

لە ئایینی زە ردەشتیدا، ڕەهایی، واتە جیابوونەوەی ژن و مێرد لە یەکتری (تەلاق) ئاسان و ئازاد نییە، لەبەر ئەوە هیچ جۆرە مارەبیەك لە ئارادا نییە. بەڵام بڕێك هۆ دێتەئاراوە، کە ناچار ژن یا پیاو داوای ڕەهایی لە هاوسەرەکەی دەکات. ئەو خاڵانە بریتین لە:

یەکی لە دوو لایەنەکە(ژن یا مێرد)شێت بێت، بەمەرجێك لایەنی دووەم لە کاتی مارەبڕیندا بەمەی نەزانیبێت. هەر کاتێك لایەنە ساغەکە بیەوێت، دەتوانی داوای ڕەهایی بکات. بەڵام ئەگەر دوای مارەبڕین و گواستنەوە، یەکێکیان شێت بوو، ئەوسا لایەنی دووەم بۆی نییە و ناتوانی داوای ڕەهایی بکات.

لەکاتێکدا کە پیاوەکە بۆماوەی سێ ساڵ بژێوی ژنەکەی نەدات، ژنەکە دەتوانی داوای ڕەهایی بکات.

لەکاتێکدا کە پیاوەکە، پیاوەتی نەبێت، ژن دەتوانی داوای ڕەهایی بکات.

هەرکاتێك بسەلمێنرێت کە ژن خیانەتی جنسی لە مێردەکەی کردووە، پیاوەکە دەتوانێ داوای ڕەهایی بکات. هەروەها ئەگەر سەلمێنرا کە پیاوەکە خیانەتی لە ژنەکەی کردووە، ئەوسا ژنەکەی دەتوانێ داوای جیابوونەوە بکات.

هەرکاتێك پیاو ئازاری ژنەکەی بدات و ژیانی ژن لەمەترسیدا بێت، دەتوانێ داوای ڕەهایی بکات.

ئەگەر ژن بێ فەرمانی مێردەکەی بکات و گوێڕایەڵی نەبێت و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری جێی مەترسی بێت، مێردەکەی دەتوانێت داوای ڕەهایی بکات.

ئەگەر پیاوەکە ژنێکی دیکەی هەبێت و لەکاتی مارەکردندا باسی نەکردبێت و یاخود ژنەکە مێردی دیکەی هەبووبێت و باسی نەکردبێت، لەم کاتەدا مارەی دووەم هەڵدەوەشێتەوە.

ئەگەر ژن یان پیاو، هەر کامێکیان دەست لەئایینی زەردەشتی هەڵبگرن، ڕەهایی ئەنجام دەبێت.

لێرەدا بڕێك لەو ئامۆژگارییانەی گەورە پیاوانی زەردەشتی دەربارەی ژن گووتویانە، دەخەمە بەر چاو:

(ڕێز لە ژنان بگرن، ستەمیان لی مەکەن، ژیان بۆ ژن و منداڵ ئاسان و هەمواربکەن، ئەگەر ژنێك بخەیتە گریان دواجار ڕۆژگار دەتخاتە گریان، لەتەك ژندا پەیمان شکێن مەبە بۆ ئەوەی پەیمانت نەشکێنرێت، ئابڕووی ژن مەبە تا ڕۆژگار بی ئابڕووت نەکا، هێلانەی ژن تێك مەدە تا هێلانەت وێران نەبێت، ئازاری ژن مەدە تا ڕۆژگار ئازارت پی نەگەیەنێت، ئەی پیاو ڕەفتارت لەتەك ژندا بە خاسی و نەرمی بێت بەڵام کۆیلەو ژێردەستەی ژن مەبە بۆئەوەی سووك و ریسوانەبیت، ئەی ژن لەتەك پیاودا

لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕێکبکەوە، بەڵام مەبە بە کوڵفەتی پیاوو بوکە شوشەی دەستی، ئەی ژن خۆت بناسە و نرخی خۆت بزانە و هەرگیز نەبیتە بەردەی پارەوپوڵ و گەوهەر و شکۆ و خۆنواندن و خۆدەرخستن، نرخی بوونە دایك و بەڕێوەبردنی خێزان بۆتۆ دوندی هەموو بەهاکانە، ژن سەرچاوەی خۆشی و شادی و بونیادی ژیانە، ئەو پیاوەی هاوسەری خۆی خۆش دەوێت خواو ژیان و جوانی خۆشویستووە، ئەو کەسەی بە تەنیایی دەژی گوناهکارێکە، کە تەنیا گوناهەکەی بە هاوژین خواستن پاکدەبێتەوە، مەزنترین و بەرزترین کار لەژیاندا پەیوەندی ژن و مێردایەتییە، ژیانی ژن و مێردایەتی ئەگەر لەسەر بنچینەی مادەی واتە بۆ پارەو پول و پلەو پایە بێت پاشەڕۆژی خاسی نابێت، پایە و بنچینەی ژن و مێردایەتی تەنیا دەبێ بۆ مەبەستی پێکهێنانی خێزان و خۆشەویستی بێت، زێتر لە جەستەی ژن دڵ و دەروون و ڕۆحیتان مەبەست بێت و ڕێزی لێ بگرن، دژی بێ بەندوباری و بەرەڵایی بن، ڕێز لەژنی دووگیان بگرن و ئازاری پێ مەگەیەنن.

نوێژ و ڕۆژوو لەئایینی زەردەشتیدا:

لەئایینی زەردەشتیدا، هەر زەردەشتییەك پێویستە لەسەری لەنێوان شەو و ڕۆژێکدا پێنج جار نوێژ بۆ ئاهورامەزدا بکات.

سەرەتای هەموو نوێژێك بەم شێوەیە دەست پێدەکات (ئاهورامەزدا ئافەریدەگاری بێ هاوتا ستایش دەکەم)، پاشان نوێژەکەر. دەستدەکات بە تۆبەکردن لەو کارانەی کە دژ بەئامۆژگارییەکانی زەردەشتن. کورتەی مانای نوێژی زەردەشتییەکان بەم شێوەیەیە:

(ئەی ئافەریدگاری توانا و بێ هاوتا، پەشیمانم لە گشت بیر و وتار و کرداره ناپەسەندەکانم. پەشیمانم لە هەموو ئەو گوناهانەی کە بەدەستی ئەنقەست و یا لەڕووی نەزانینەوە کردوومە. داوای لێبوردنت لێدەکەم. نیازمەندم و داوای بیری خاس، وتەی خاس و کرداری خاست لێدەکەم بۆ پاشەڕۆژ . هیوادارم ئیدی عەودالی خراپەکاری نەبم، بۆئەوەی لە ژیانی داهاتوودا لەتەك پیاوچاکان و خاساندا تێکەڵ بم.)

وێڕای ئەوەی خاسترین ستایش و پەرستنی ئاهورامەزدا لای هەر زەردەشتییەك ئەوەیە کە بە بیر و وتە و کرداری خاس، ئاهورامەزدا خۆش وەش بکەن. بەڵام بۆئەوەی فرەتر سوپاسی ئاهورامەزدا بکەن بۆ ئەو بەخشینانەی کە پێی داون، لەشەو و ڕۆژێکدا، هەروەکو ئاماژەمان بۆ کرد، پێنج جار ڕی و رسمی ئایینی بەجێدێنن و نوێژدەکەن،

یەکەم جار لەکاتی خۆرهەڵاتن تا نیوەڕۆ، کە پێی دەبێژن: گاھ هاوەن.

دووەم جار لەکاتی نیوەڕۆوە تاکو کاتژمێری سێی پاش نیوەڕۆ و پێی دەبێژن گاھ ڕەپیتون.

سێیەم جار لە کاتژمێری سێی پاش نیوەڕۆ تا خۆرئاوابوون و پێی دەبێژن: گاھ ئوزیرن.

چوارەم جار لەکاتی خۆرئاوابوونەوە تا نیوەشەو و پێی دەبێژن: گاھ ئەئیوی سروترم.

پێنجەم جار لە نیوەشەوەوە تاوەکو خۆرهەڵاتن و پێی دەبێژن: گاھ ئەشەهن. هەروەکو ئاماژەمان پێدا ، ئەنجامدانی ئەم پێنج وادە نوێژە بۆ هەموو زەردەشتییەك پێویستە، بەڵام ئێستا تەنیا (موبد)ەکان بەم ئەرکە هەڵدەستن و زۆربەی زۆری زەردەشتییەکان تەنیا نیایش و وێردی سەرلەبەیانیان دەخوێنن.

هەر زەردەشتییەك پێش ئەوەی دەست بکات بە نوێژ و ستایشی ئاهورامەزدا، پێویستە پێویستییەکانی نوێژکردن بزانێت و ئەنجامی بدات. ئەم پێویستیانە بریتین لە:

پاك وتەمیزبوونی لەش.

لەبەرکردنی سدرەو بەستنی کشتی.

پاك وتەمیزی جلوبەرگ.

شتنی دەست و دەموچاو.

خاوێنی جێگەی نوێژکردن.

ڕووکردنە ڕوگە (قیبلە).

ڕووگەی زەردەشتییەکان:

لەکاتی نوێژکردندا، هەموو زەردەشتییەك دەبێ بیری خۆیان پاك بکەنەوە لە هەموو مادیاتێك و دەست بەسینە ڕوو بکەنە قیبلە، قیبلەی زەردەشتییەکان ڕووناهی و نورە. لەبەرئەوەی ناتوانرێت جێگە یان لایەکی تایبەتی بۆ ئافەریدگارکە ئافەریدەی گشت گێتییە، دابنرێت، ئاشکرایە کە هەموو ڕووناهییەکان لەسەرچاوە ڕووناکییە هەمیشەییەکانی ئاهورامەزدا هەڵدەقوڵێت، بۆیەکا زەردەشت فەرموویەتی کە لە کاتی نوێژکردن و پەرستنی خوای تاك و تەنیا، ڕوبکرێتە ڕووناکی بۆئەوەی تیشکی ڕووناکی دەروون لەتەك ڕووناکی بە چاوبینراودا، کە بریتییە لە تیرۆژ و تریفەی مانگ و هەموو ڕووناکییەکانی دیکە وەك ئاگر، چرا.....، یەکبگرن و بگەنە ڕووناکی ڕاستەقینە کە دەبێتە ڕێنمای بیری خاسی مرۆڤ بۆ گەیشتنە گەوردیی و دادپەروەرێتی و خۆشەویستی داوەری یەکتا.

ڕۆژووگرتن:

زەردەشتییەکان لەسەرەتای مانگی خاکەلێوە (نەورۆز)، ڕۆژوویەکیان هەیە پێی دەبێژن: (ڕۆژووی ڕپتون)، ئەم ڕۆژووە لە یەکەمین ڕۆژی خاکەلێوە تا پێنجەمین ڕۆژە، جەژنەکە دەکەوێتە ڕۆژی سێیەم و پێی دەبێژن: (ئوردی بەهەشت روز). ڕپتون بەمانای (گەرمایە) و هەروەها ناوی فریشتەی گەرماشە. لەبەرئەوەی مانگی خاکەلێوە سەرەتای داهاتنی گەرمای بەهار و هاوینە، بۆیە ئەم ڕۆژ و جەژنە بەبۆنەی داهاتنی گەرمایە، کە لە ڕۆژژمێری کۆندا پێی دەبێژن: هاوینە گەورە (لەسەرەتای خاکەلێوەوە تا کۆتایی ڕەزبەر). لەم جەژنەدا، زەردەشتییەکان بە تایبەتی مویدەکان، لە نیوەڕۆ تا سێ کاتژمێر پاش نیوەڕۆ، لە ئاتەشگا خڕدەبنەوە دەست دەکەن بەخوێندنەوەی (خورشید نیایش) و (مهر نیایش) و (گاه ڕپیتون) و (یەشت ڕپتون). لەم ڕۆژەدا پێویستە لە هەموو کارێك کە بۆنی گوناه و خراپی لێدێت دوورەوپەرێزبن. ئەمە ڕۆژووی زەردەشتییەکانە. کە بەهیچ جۆرێك باسی دوورەوپەرێزی لە خواردن و خواردنەوەی تێدا بەدیناکرێت، بەڵکو دووری لە هەموو جۆرە گوناه و خراپەیەك. لە (بندهش) بەندی ٨٣ دەبێژێ، پێویستە خۆمان لە ڕۆژووگرتن بپارێزین، چونکە لە ئایینی ئێمەدا بە هیچ جۆرێك ڕەوا نییە، کە ڕۆژێکی تەواو هیچ نەخورێت و نەخورێتەوە، چونکە ئەم کارە بە گوناه دەژمێرێت. ڕۆژووی ئێمە ئەوەیە کە بە چاو و زمان و گوێچکە و دەست و پێ و گشت هەست و نەستمان بەڕۆژوو بین، بە بیر و وتە و کردار هیچ جۆرە گوناهێك نەکەین.

شایەنی باسە کە لە مانگدا چوار ڕۆژ خواردنی گۆشتی ئاژەڵی حەلاڵ گۆشت نارەوا و قەدەغەیە، ئەم کارە تەنیا لەبەر پەیڕەویکردن لە تەندروستییە و بەس. ئەم چوار ڕۆژە بریتین لە ڕۆژانی: وەهمەن، ماه، گوش و رام، کە بە ناوی چوار فریشتەی چاودێری ئاژەڵی سوودمەندن.

ئاشتی و ئاسایش:

ئەزموونەکانی ژیان و ئەو شتانەی کە لەبەر چاون دەیسەلمێنن کەوا ئاشتی پڕشنگێکە لە پڕشنگەکانی بیری پاك و ویژدانی ڕۆشەن و ڕووناك. لە ئاڤێستادا بەشێوەیەکی زۆر شاعیرانە باسی ئاشتی و ئاسایش لەنێو خێزان و کۆمەڵگا و جیهاندا دەکات، هەمیشە ئاشتی بە هاوبەشی بیری چاك دادەنێت، فەرمان دەدات کەوا پێویستە هەمیشە هەوڵ بدرێت بۆ بەدیهێنانی ئاشتی هەمیشەیی و دوورخستنەوەی بوغز و ڕق و کینە. لێرەدا پێویستە ئەوە بێژین کە ئاشتی لە ڕوانگەی پەیامبەر و شۆڕشگێڕی بەرزی کورد، خۆبەدەستدان و پەسەندکردنی ژێردەستی نییە. ئاشتی لە دیدی زەردەشت، کاتێك دێتەدی کە بەسەر ئەهریمەنی خراپە و دوژمنان و نەیارانی ئاهورامەزدا و خاك و نەتەوە

سەرکەوین. کاتێك ئاشتی ڕەوایە، کە هەموو نەتەوەیەك یەکسان بژی و خراپە و خراپەکاران لەناو بچن.

زەردەشت فەرمویەتی کە مرۆڤ نابێت بچێتە ژێرباری جەورو ستەم و پێویستە هەمیشە بە چەك و هەموو توانایەکییەوە بەرگری لە مافی ڕەوای خۆی بکات، بەرگری لە نیشتمان و هاوولاتیانی بە ئەرکێکی ئایینی و مرۆڤایەتی داناوە.

ئیمرۆ، لەم ڕووەوە، قوتابیانی بیری نەتەوایەتی لە کوردستاندا، ڕێبازی باپیرە گەورەی خۆیان گرتۆتەبەر، دەربارەی ئاشتی دەبێژن:

ئاشتی لای ئێمە ژێر دەستی نییە
ژیانی دیلی، سەربەستی نییە
کاتێ کوردستان گەیشت بەهیوا
بەسەربەرزی تیا، هەڵکرا ئاڵا
ئەوساکە ئاشتی پێمان ڕەوایە
بۆ کوردایەتی: کالای بالایە

لەڕاستیدا ئاشتی لەپیرۆزترین و بەرزترین ئاواتەکانی هەموو کوردێکی بەشەرەفە، کە خاوەنی بیروباوەڕی کوردایەتی راستەقینە بێ. بەڵام بە سەربەرزییەوە، نەك بە سەرشۆڕی. چونکە هیچ کاتی نەبووە مەڕ و گورگ لەیەك کانی و بەیەکەوە ئاو بخۆنەوە، یان زۆردار و زۆر لێکراو قۆڵ بکەن بە قۆڵی یەکدا. هیچ کاتێکیش پیاوی بەشەرەف ئاشتی ناوێ بە دیلی، ئاشتیش بەرپانابێ هەتا هەموو گەلانی جیهان، ورد و درشتیان، پێشکەوتوو و پاشکەوتوویان بە تەواوی ئازاد و سەربەخۆ نەبن و بۆ ئامانجی بەرز و پیرۆزیان هەوڵنەدەن دوور لەچەوساندنەوە و ماددەپەرستی. بۆیە پێویستە لووتی زۆرداران بشکێنرێ و سەریان پێ دابنوێنرێ. دیارە ئەوەش بە خۆبەهێزکردن و چاکە بەلاداکردن و دەسەڵات پەیداکردن و شوێن کەوتنی بیروباوەڕی راست و بێ خەوش دەبێ. بیروباوەڕێك کە بۆ بەرزی و گەشەپێدان و پێشخستنی نەتەوە هەوڵ بدات بێ ئەوەی بەقەد موویەك لە سنووری مرۆڤایەتی دەربچێ. بیروباوەڕێك کە گیانی یەکسانی و دادپەروەری بڵاوبکاتەوە بێ دروستکردنی دووبەرەکی و ناکۆکی. بیروباوەڕێك کە ئەوەندە نەمر بێ ، هەتا بێ پاڵ بەخەڵکەوە بنێ و بۆ پێشەوە بیباو نەیەڵێ موتەکەی نائومێدی سواری کولەی سنگی بێ و پشتی سارد بکاتەوە. بیروباوەڕێك کە تەنیا لەسەر بنچینەی ماددە پەرستی، یان خەیاڵ خوازی رووت دانەمەزرابێ. بەڵکو چاکە و باشەی هەردوو لای لەیەك بوتەدا تواندبێتەوە و کردبێتی بە بناغەی خۆی.

ئەبێ ، ەبێزین بۆئەوەی ئاشتی
ببێ بەکاڵا بۆ کوردایەتـــــــی
ئەبێ تەقەڵای بێ ووچان بدەیـن
ئاشتی خەڵاتی کوردستان بکەین
کاتێ میللەتان ئەژین وەك بـــــرا
هەر یەك بە هیوا و ئامانجێ بگا))(٦٤)

لە یەسنا ١٢ـــــ١٢ دا دەبێژێ :

(ستایشی ئایینی یەکتا پەرستی دەکەم، ئەو ئایینەی لایەنگری چـەك داماڵینـە و دژی جـەنگ و خوێن ڕێژییە).

لە یەسنا ٦٠ ـــــ ٥ دەبێژێ :

(..... ئاشتی و سەلامەتی لەم خێزانەدا بەرقەرار بێت)

لەسروش یەشت دەڵێ:

(ئێمە ئاشتی و ئاسایش ستایش دەکەین کەوا جەنگ و ناخۆشی لەناوبەرێت).

لە دین یەشت، فەقەرەی ٣ دەبێژێ :

(ئاشتی ببێتە بەشی ئێمە تاکو هەموو ڕێگاکان بەرەو شوێنی خاس بگات، کێوەکان ببنە ڕێـڕەوی چاکان و لە بێشەکاندا بە باشی بترنین تێپەربین و لە ڕووبارەکان بە خۆشی کەشتیوانی بکەین.....)

هەروەها هەمیشە ستایشی فەرمانڕەوای چاك کراوە، فەرمانڕەوایـەك کـە مەبەسـتی بـەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایش بێت بۆ کۆمەڵگا. بۆیە لە (دین یەشت) فەقەرەی ١٩ دەبێژێ:

(سەرۆك و گەورەی وڵاتێك کە ئاشتی و ئاسایشی هاووڵاتیانی لا مەبەستە، ستایش دەکرێت).

گوناه لەروانگەی زەردەشتەوە:

زەردەشت ئارەزووی گەیشتنە دوندی ئاکار لـە کۆمـەڵگادا بـە بـەرزترین و گـرنگترین ئـارەزوو و ئامانجەکانی ژیان دەژمێرێت. بە ڕاشکاوی بە خەڵك رادەگەیەنێ کـە تـەنیا بـیر و کـردار و گوفتـاری خاس دەتوانێ وەڵامی پێداویستەکانی ئاکاری بێت، ژیان بەرز و بەنرخ بکات.

زەردەشت، بە ئاشکراکردنی ئەم راستییە کە سەختترین و دژوارترین سزای بـەدکاران و خراپـەکاران بریتییە لە نائارامی و بێ ئۆقرەیی ویژدان، پێشانیداوە تـاچ ئەندازەیـەك چـۆتە نـاخی دڵ و مێشـك و هەناو و ڕۆحی مرۆڤ وە لە نهێنییەکانی گەیشتووە، چونکە دەزانێت کە خراپترین و سەختترین سـزایەك

کە بەسەر کەسێکدا بێت بریتییە لە نائارامی رۆح و ڕەوان. لەم ئایینەدا، پێوانەی بایەخ و نرخی ئادەمیزاد بە ململانێ کردنە لە تەك خراپە، بۆیە زەردەشت تێکۆشاوە ئایین و بیروباوەڕی خۆی لەسەر بنچینە و ئوسولی ئاکاری دابمەزرێنێت.

یەکێ لەو خراپیانە کە مرۆڤ گیرۆدە دەکا و بەرەو هەڵدێری دەبات بریتییە لە گوناه و گوناهکردن.

گوناه بریتییە لەهەر شتێك کە تیشکی ڕووناکی مرۆڤ ئالوودە و پیس دەکات، بەرەو خراپەی دەبات. گوناه دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لەخێر و خۆشی و شادی و چاکە. هەرچەندە گوناه هەیە و بوونێکی واقعییە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە ناتوانرێت لێی دووربکەوینەوە، چونکە مانای واتەی گوناه لەئایینی زەردەشتیدا لەتەك ماناکەی لەئایینی مەسیحییەت و ئایینەکانی دیکە جیاوازە. ئەوان دەبێژن کە گوناه بریتییە لەهێزێکی شەڕخواز، کە لەهەناوی ئادەمیزاددا هەیە و هەمیشە مرۆڤ بەرەو گومڕایی و خراپە ڕادەکێشێ. بەڵام زەردەشت دەبێژێ: هێز و ویست و خواستی ئادەمیزاد بەهێزترە لە وەسوەسەکانی گوناه، مرۆڤ دەتوانێ بە ویست و خواستی خۆی، لە هەموو گوناهێك دووربکەوێتەوە، یاخود پەیڕەوی لێبکات. واتە بەختەوەری و بەدبەختی و تەنانەت گوناهکردن و دووركەوتنە لێی لەچوارچێوەی ویست و خواستی خۆمانە. مرۆڤ بە هۆی ئازادی هەڵبژاردن و ویست و خواستی خۆیەوە، دەتوانێ ژیانی خۆی پڕ لەخۆشی و شادی و یا خەم و پەژارە بکات.

هەر کەسێك گەر ڕەوشی دژایەتی لەتەك گوناهدا بگرێتەبەر، بەختەوەر دەبی و ئەگەر لەتەك خراپەدا ململانێ نەکا و خۆی تووشی شەڕ و هەرا بکات، ئەوا گیرۆدەی بەدبەختی و ناخۆشی دەبێت.

لە ڕوانگە و دیدی ئاڤێستا و پەرتوکە ئایینییەکانی زەردەشتییەکاندا، گوناهە گەورەکان بریتین لە:

پەیمانشکێنی، درۆ و درۆزنی، خۆپەرستی، چاوچنۆکی و بەخیلی، بێدادی، خۆ بەزل زانین و لووتبەرزی، جادووگەریتی، دزێتی، ڕق و کینە، تووڕەیی، سووکێتی، بتپەرستی، سووخواردن، جاسوسی، قسەهەڵبەستن، بەرەڵایی ئاکاری، ستەمکردن بە ئاژەڵ، سوالکردن و دەست پانکردنەوە، تەمەڵی، بێ ڕەوشتی، فرە ژن هێنان، خۆکوشتن، کوشتنی خەڵك، گریان و شین و شەپۆڕ بۆ مردوو، تەماح، زینا، نێریازی، منداڵ لەبار بردن، خیانەت، خاوەدرگرتن، بی باوەڕی، زوڵم و ستەم، گەندەڵی، ڕێزنەگرتنی دایك و باوك.

زەندو پازەند:

پاش هێرشی ئەسکەندەری مەقدۆنی، ئەو رووداوە دڵتەزێنانەی بەسەر ئاڤێستادا هات بە درێژایی رۆژگار، ئەو زمانەی کە ئاڤێستای بێ بێژرابوو نووسرابۆوە کە زمانی مادەکان، واتە زمانی کوردی کۆن بوو وەك زمانێکی وتووێژ، هێدی هێدی لە ناو چووە و تەنیا وەك زمانێکی ئایینی ئەویش بە شێوەیەکی زۆرکەم مابۆوە.

لەبەرئەوەی تێگەیشتنی ئاڤێستا بۆ خەڵك و تەنانەت بۆ پیاوە ئایینییەکانیش سەخت و دژوار بوو، بۆیە لە ژێر هەر دێڕێکی ئاڤێستا، بە شێوەیەکی ئازاد ڕاڤە و لێکدانەوە و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی پەهلەوی دەنووسرایەوە.

ئەم ڕاڤە و وەرگێڕانەوەیە پێی دەبێژری (زەند).

کەواتە زەند بریتییە لە وەرگێڕان یا ڕاڤەی ئاڤێستا. لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا، ڕاڤەی ئاڤێستا بە زمانی پەهلەوی و زاراوەی ئەشکانی بووە. لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە زمانی پەهلەوی و زاراوەی ساسانی بووە.

ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی بەرە بەرە ئەو زمانەی کە ئاڤێستای پێنووسرابوو، واتە زمانی کوردی کۆن، لە یاد بچێت و پاش ماوەیەك تەنیا پیاوە ئایینییەکان دەیانتوانی لێیتێبگەن.

ئەم گۆڕانکارییە لە زمان و زاراوە و نووسینا بووە هۆی ئەوەی خەڵك ئیدی بە خاسی و دروستی نەتوانن لە ناوەڕۆکی پەیامەکەی زەردەشت بگەن، کە بریتی بوو لە بیست و یەك نەسك ئاڤێستای ڕەسەن.

گەر بە دیدێکی زانستانە بڕوانینە ئاڤێستا دەبینین هەر یەکێ لە بەندەکانی دوو جۆرە بۆچوون و لێکدانەوە و تێگەیشتنی هەیە، یەکێکیان تێگەیشتنێکی ڕواڵەتی و ئەوەی دیکەیان بۆچوونێکی دەروونییە.

لەم دیدەوە زەند یاخود ڕاڤە و لێکدانەوەی ئاڤێستا بە دوو بەش دابەشدەکرێت. زەندی گەورە و زەندی گچکە.

زەندی گەورە واتە ڕاڤە و لێکدانەوەی واقعی ئاڤێستا کە تایبەتە بۆ چینی عارفان و ڕۆشنبیران، زەندی گچکە بریتییە لە لێکدانەوەی ڕواڵەتی کە تایبەتە بۆ خەڵکی ڕەشۆك و ڕواڵەتبین.

هەر یەکێ لەو بەندانە و لە ناخی هەر وشەیەك لە وشەکان و هەر ڕستەیەك لە ڕستەکاندا ماناو واتایەکی قووڵتری تێدایە، کە تەنیا ڕۆشنبیران و عارفەکان دەتوانن لێیتێبگەن و هەستی پێبکەن.

بۆ نموونە:

کاتێ کە ئەمشاسپەند وەهومەن (بەهمەن) بە زەردەشت دەبێژێ چاوت بقونجێنە تا بتبەمە خزمەت ئاهورامەزدا، خەڵکی ڕەشۆك وەهومەن وەك مرۆڤێك دێننە بەر چاوی خۆیان و چاوقونجاندنی زەردەشت هەروەك شتێکی ئاسایی بە چاو داخستنی مرۆڤێك دەبینن، چوونە خزمەت ئاهورامەزداش بە شیواز و شتێکی ماددی دەبینن. لەکاتێکدا لای عارف و رۆشنبیران، هومەن وەك وزەیەکی ئەقل و بیر و هزر و قونجاندنی چاو بە چاوپۆشین لە هەموو شتێکی ماددی و رووکردنە مەعنەویات و ئاهورامەزداش بەسەرچاوەی رەها و ڕاستییەکی تەواو سەنگ دەبینن و هەژماردەکەن.

هەروەها لە زۆر جێگەدا لە ئاڤێستادا کە ئاماژە بە سەربڕینی ئاژەڵ و قوربانیکردن دەکات، مەبەستی کوشتن و زاڵبوونە بە سەر هەوا و هەوەسی نەفسانی و شەهوەتی ئاژەڵی نێو مرۆڤە بۆ گەیشتنە ڕاستی و دروستی مەعنەوی.

ئەم تێنەگەیشتنە لە ناوەرۆك و مانا ڕاستییەکەی ئاڤێستا، بووە هۆی ئەوەی ڕاڕایی و دوودڵی بکەوێتە نێو پەیڕەوانی ئایینییەکە و هەر یەکە بە جۆرێك و بە بۆچوونی خۆی سروودەکانیان لێکدەدایەوە.

هەروەکو لەمەوبەر باسمانکرد، لەسەردەمی شاپووری دووەمدا و بە بڕیاری ئەو، ئەنجومەنێکیان پیکهێنا بە سەرۆکایەتی ئازەرباد کوڕی مهراسپند و لێکدانەوەیەکی نوێیان بۆ ئاڤێستا دانا.

وشەی زەند لە یەسنا هات ٥٧ بەندی ٨ بەشێوەی ئازەئین تی Azainti هاتووە و بەمانای ڕاڤە، لێکدانەوە و وەرگێڕان یا گوزارشە.

ئازەئین تی لە بنچینەی زان zan ی ئاڤێستاییەوە وەرگیراوە کەهەمان (زانین)ی کوردیە.ئەو زەندە یاخود ڕاڤە و وەرگێڕانەی ئاڤێستا کە بە پەهلەوی دەنووسرایەوە، ئەمیش پاش ماوەیەك و بڕێك جار بە سەختی و دژواری ماناکەی بۆ خەڵك ڕووندەبۆوە، چونکە وشەی (ئارامی) و (سامی) فرە تێکەڵاو بە زمانی پەهلەوی بوو بوو، لەبەرئەوە بۆ سادەکردن و زێتر ڕوونکردنەوەی زەند، ئەو وشانەیان لێ لابرد و وشەی فارسییان خستە جێگەی. ئەم گۆڕین و ڕاڤە تازەیەی زەند پێی دەبێژرا (پازەند) کە لە دوو بەش پێکهاتووە.

پەئی تی Paiti بە مانای (دژ) و ەخاوەن) وە (دووبارە) یە ئازەئین تی Azainti بە مانای ڕاڤە و لێکدانەوە و وەرگێڕانە.

کەوایە پازەند کورتکراوەی (پات زەند)ە و بەمانای دووپاتکردنەوەی ڕاڤە لێکدانەوەی زەند ئاڤێستایە. وشەی دووپاتکردنەوەی کوردی لە (پات) وەرگیراوە.

ئەوەی تا ئێستا بۆمان ڕوون و ئاشکرابووە ئەوەیە کە، زەند و پازەند هەردووکیان بریتین لە ڕاڤە و لێکدانەوەی ئاڤێستا، واتە نە خودی ئاڤێستان و نە کتێبێکی جیاوازن.

مەجووس (مەگووش، مۆغ):

لە هیچ یەکێ لە پەرتوکە پیرۆزە ئاسمانییەکانی سامییەکان، واتە: (تەورات، ئینجیل، قورئان) بە ڕاشکاوی باسی ئاڤێستا نەکراوە.

هەرکاتێك گەرەکیان بووبێت باسی ئایینی زەردەشتی بکەن، بە وشەی مەجوس ناویان بردوون. بڕێك لە نووسەرە ئیسلامییەکان لەو باوەڕەدا بوون، کە مەبەست لە مەجوس هەمان خۆرپەرستەکان بووە.

نووسەری کتێبی (گفتاری درباره دینکرد)، محمد جواد مشکور لە لاپەڕەی ١٣٠ کتێبەکەیدا دەبێژێ:

(.... گەلێ دەبێژن کە ئەم وشەیە وشەیەکی ئێرانییە و لە مەگوش Magush وەرگیراوە و لە فارسی کۆندا مەگوش یا موگو mogu بووە، لە ئاڤێستادا ئەم وشەیە مەغو maghou یا moghu و لەنێو گاتاکاندا چەندین جار بەشێوەی مەگ (ماگا) maga بەکارهاتووە (یەسنا ٢٩ هات ١١ ، یەسنا ٤٦ هات ١٤ ، یەسنا ١١ و ١٦ و یەسنای ٥٣ هات ٧)، لە زمانی پەهلەویدا مەگوی یا مۆگ mug و لە زمانی فارسی نوێدا بۆتە موغ.

هەروەها ئەم وشەیە بە عبری بۆتە مەگ mag و بە سریانی بۆتە مەگوش Magusho، کە بە مانای موبدی زەردەشت و مەجوسی و ئاگرپەرست و ساحیر و جادووگەر لێکدراوەتەوە.

هەروەها دەتوانین بێژین: وشەی مەجوس لە قورئاندا لەم وشە سریانییە (مەگوشا) وەرگیرابێت. مەجوس لە زمانی سانسکرێت بە ماگها magha بە کاردێت و بە مانای پاداشت و پێشکەشییە، لە ریگ ودا بە مانای سەروەت و وزە و جۆرێك لە گوڵ لێکدراوەتەوە.

لە زۆربەی زۆری زمانە ئەوروپاییەکان بە شێوەی ماژ mage دەرهاتووە و وشەی ماژیك، کە بە مانای سیحر و جادوو دێت هەر لەم وشەیە وەرگیراوە، چونکە مۆغەکان شارەزاییەکی یەکجار زۆریان لە زانستەکانی ئەستێرەناسین و پزیشکی و.... هەبووە، بۆیە وایاندەزانی کە ئەمانە جادووکەرن و سیحر دەکەن.

هیرۆدۆت، مەجوسی بە شەشەمین خێڵی مادەکان داناوە.

هەروەها ا.م. دیاکونوف لە کتێبی (تاریخ ماد)، گۆڕینی بۆ فارسی لە لایەن کەریم کشاورز لە لاپەڕە ٣٤٦ دەبێژێ:

(تا ئەو شوێنەی ئاگادارم، تا ئێستا ئەم تەوەرە سەرنجێکی تەواوەتی پێنەدراوە کە لە سەر تاشەبەردە نووسراوەکانی بێستون، داریوشی یەکەم وشەی (مۆغەکان)ی بەمانای توێژێك یا کەسانێکی خاوەنکار باس نەکردووە، بەڵکو بە مانای نەتەوە یاخود خێڵ باسی لێکردوون).

لە کتێبی (الألفاظ الدخيلة في اللغة العربية) نووسینی قەشە گوییا العنیس الحلبی اللبنانی، چاپی میسر ساڵی ١٩٣٢ لاپەڕە ٦٨ دەبێژێ:

مەجوس لە زمانی ئارامیدا بۆتە مەجوشا و بە یۆنانی magos و بەلاتینی magus و بە عبری بۆتە مەج – رب مەج rab mag (مەج ماج وشەیەکی ئاشوورییە و بە مانای مەزن و گەورەیە).

لە قاموسی (کتاب مقدس) کە بریتییە لە ڕاڤە و لێکدانەوەی وشە و ناوەکانی نێو تەورات و ئینجیڵ، سەبارەت بە مەجوس دەبێژێ:

(مەجوس وشەیەکی کلدانی یا (مادی)یە، کە مەبەستی پیاوە ئایینییەکانە کە پلەو پایەیان لەنێو کۆمەڵگادا لەنێوان فەرمانڕەوا و خەڵکدایە، بە خزمەتگوزارەکانی ئایینی زەردەشتییان دەگوت مەجوس. ئەمانە بە هۆی جلویەرگی تایبەتی خۆیان و گۆشەگیری، ناوبانگیان دەرکردبوو، یەکێ لە ئەرکەکانی سەرشانیان ئەوە بوو، کە هەمیشە لە ئاتەشکەدەکانی هورموزدا چاودێرییان لە ئاگردەکرد و ململانێیان لە تەك خراپییەکانی ئەهریمەن دەکرد، ئەمانە فرە زانا و دانا بوون و خەڵکیان فێری فەلسەفە و ماتماتیك و زانیاری هەسارەکان و زانستەکانی ئەو سەردەمە دەکرد و لەتەك پاتشاکاندا دەچوونە گۆڕەپانی شەڕ و نەبەردەکان.)

لە ئینجیلی (مەتی)دا باسی چەند مەجووسییەك دەکا، کە لە کاتی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا بە ڕێنمایی هەسارەیەك دەچنە (بیت لحم) بۆ زیارەتی.

بەپێویستی دەزانم لێرەدا کورتەیەك سەبارەت بە ڕۆڵی مۆغەکان لە سەردەمی دەوڵەتی ماد باسبکەم.

پاش ئەوەی مادەکا لە سەدەی حەوتەمی پ.ز و پاش ڕوخاندنی دەوڵەتی ئاشوور، هێز و توانایەکی زۆریان لە ناوچەکەدا پەیداکرد، ئەرکی سەرشانی مۆغەکان، کە تیرەیەکی گەورەی مادەکان بوون بریتی بوو لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئایینی.

زۆری نەخایاند، فارسەکان بەڕابەرایەتی کورش (کە دایکی کورد بوو و ناوی ماندانا کچی ئاستیاگ دوا ئیمپراتۆری مادەکان بوو) لە ساڵی ٥٥٠ پ.ز و لە چەند شەڕێکی خوێناویدا، کە سێ ساڵی خایاند و بەهۆی خیانەتی هەندێ لە سەرکردە سەربازییەکانی ماد، دەوڵەتی مادی ڕوخاند و دەوڵەتی هەخامەنشی دامەزراند.

هەرچەندە لە سەرەتادا فارسەکان پاش ئەوەی فەرمانڕەوایەتی ڕامیاری و ئایینییان زەوت کرد، نەرمونیانییان بەرامبەر مادەکان ئەنجامدا،لێ پاشان لە سەردەمی کەمبو جیەی دووەهەم کوری کورش (٥٢٢ – ٥٢٧ پ.ز)، بارودۆخی ژیانی مادەکان رۆژ بە رۆژ بەرەو خراپی دەڕۆیشت وخەڵك بێزاربووبوون.

زۆری نەخایاند کە هەمیسانەوە مۆغەکان لە هەموو لایەکدا ئاگری شۆڕش و یاخیبوونیان خۆشدەکرد.

لە بەرئەوەی مۆغەکان لە بواری ئایینیدا توانایەکی زۆریان هەبوو، توانییان دڵی خەڵك بۆ لایخۆیان ڕابکێشنەوە، بەم هۆیەوە سەرەتا سەرکەوتنیان بە دەستهێنا و خۆیان ئامادەکرد بۆ شۆڕشێکی رامیاری – ئایینی و گەڕانەوەی فەرمانڕەوایەتی بۆ مادەکان.

ململانێی ئایینی – نەتەوایەتی بە ڕابەرایەتی مۆغەکان بەردەوام بوو تا لە سەردەمی پاتشایەتی کەمبوجیە کوڕی کورش مۆغێکی کورد (ماد) بە ناوی گۆماتا بزووتنەوەیەکی ڕامیاری – ئایینی لە مانگی نەورۆزی ساڵی ٥٢٢ پ.ز، لەنێو دەرباری هەخامەنشییەکانەوە، دەستپێکرد بۆ گەڕانەوەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی مادەکان.

لەو ماوەیەدا، بڕێك کاری چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئیداری و ئابووری بە سوودی خەڵك ئەنجامدرا.

ئەم سەرکەوتنە زۆری نەخایاند (٧ مانگ)، لە ئەنجامدا بە هۆی داریوشی هەخامەنشی دووبارە دەسەڵات کەوتەوە دەست هەخامەنەشییەکان و گۆماتا کوژرا، کومەڵکوژییەکی دڕندانە دژی مۆغەکان دەستپێکرد.

بە درێژایی رۆژگار، مادەکان و فارسەکان هێدی هێدی دوژمنایەتی نێوان خۆیان فەرامۆشکرد، مۆغەکان کە لە ڕابردوودا تەنیا پێشەوایەتی ئایینی مادەکانیان دەکرد، بوونە پێشەوای ئایینی زەردەشتی لەنێو مادەکان و فارسەکان، بەم هۆیەوە پێگەو پلە و پایەیەکی گەورەتریان دەستکەوت و لە بارەگای پاتشاکانی هەخامەنشی ڕێزیان لێدەگیرا و بوونە خاوەنی پێگەی بڵند.

پاش هێرشی ئەسکەندەری مەکدونی و ڕوخاندنی ئیمپراتوریيەتی هەخامەنشی و ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەی بە سەر ئایینی زەردەشتی و پەرتوکەکانیان هات، هەمیسان لە سەردەمی ساسانییەکان، مۆغەکان دەسەڵاتی ئایینیان گرتەوە دەست، ئایینی زەردەشتی بۆوە بە ئایینی فەرمی وڵات.

لێرەدا بۆچوونی ا .م دیاکونوف دەخەمە بەرچاو کە لە کتێبی (تاریخ ماد) لاپەڕە ٣٤٩ دەبێژێ:

(لەوە دەچێت مۆغەکان خێڵێك بووبن کە ئامۆژگارییەکانی زەردەشت، لە پێش خەڵکی دیکە، لەنێو ئەواندا بڵاوبۆتەوە (بێ گوێدانە ئەوەی ئەو ئایینە لە کوێدا هاتۆتەئارا).

پاشان ئەم مۆغانە ئەنجومەنێکی ئایینی — سیاسیان پێکهێناوە. ئەترەوان (چاودێری ئاگر) نازناوێکی فەرمی بووە، کە کاهینەکانی خێڵی مۆغەکان بۆ خۆیانیان هەڵبژاردبوو.

خەڵکی دەڤەرەکانی دیکە زانیارییەکیان دەربارەی ئەو خێڵە بچووکە نەبووە، یا ئەگەر بووبێتیان زانیارییەکی زۆر کەم بووە.

خەڵکی دەوروبەریان تەنیا لە تەك کاهینەکانی ئەو خێڵە ئیشوکاریان هەبووە. هەر کاهینێك کە پەیڕەوی ئامۆژگاری و پەیامەکەی زەردەشت بووە، مۆغ بووە، بەڵام مەرج نەبووە هەموو مۆغێك کاهین بووبێت.

بەم شێوەیە مۆغ بووە وشەیەك هاوسەنگ لە تەك کاهینی زەردەشتی).

پێشەوایانی ئایینی زەردەشتی:

یەکەمین پێشەوا لە ئایینی زەردەشتیدا پێی دەبێژرێت (دەستوور)، دەستوور بە مانای پێشەوا و دانایە وە گەورەترین پێشەوای ئایینی شارێك یا وڵاتێکە.

دەستوور، ڕاوێژکاری پاتشا یا فەرمانڕەوای ناوچەکەیە.

دەستوور دەشێ لە ڕووی گوفتارو بیرکردنەوە و زانیاری ئایینی و هوشیاریدا لە هەمووان بەرزتربێت، دەبێ لە بیرکردنەوە و گوفتارو کرداردا وە لە ڕووی ناسینی ئاهورامەزدا دا پلەی لە هەمووان بەرزتربێت.

پاش دەستوور، ئەوەی لە ژێر فەرمانی دەستوور دایە پێی دەبێژرێ (موید)،

موید بە مانای دانا و گەورەی مۆغەکانە. ئەم وشەیە سەرەتا (مغ پت) بووە بەمانای گەورەی مۆغەکان. لە زمانی پەهلەویدا (پت) بەمانای سەرۆك و گەورە بووە، بۆتە (بد).

وشەکە بەسەریەکەوە بۆتە (مغبد) و پاشان بۆتە (موبد). پێویستە (موبد) گشت زانیارییەکانی ئایینی زەردەشتی بزانێت و لە بیر و کردار و گوفتاردا ڕاست و پاك بێت، کارەکانی بۆ ئافەریدگار ئەنجام بدات نە بۆ مەبەستی تایبەتی ومادی .

جیاوازی نێوان (موبد) وە (مربد):

لە ئاڤێستادا هەردووکیان یەك مانایان هەیە، بەڵام جیاوازییەکەیان لە وەدایە کە لەبەر ئەوەی کەسێك کە هەموو ئاڤێستا جگە لە ڤەندیداد بزانێت، بیر و کردار و گوفتاری خۆی بەرامبەر ئایینی یەکتاپەرستی ڕاست و پاك و بێ خەوش بێت، بیەوێت و خوازیاری گەیشتنە پلەی (موبد)ی بێت، لە تەك ئەم تایبەتمەندییانەی پێی دەبێژرێ (هیربد).

بەڵام کاتێك کە (ڤەندیداد) و هەموو یاساکانی ئایینی یەکتاپەرستی بە تەواوەتی بزانیت و زانیارییەکی تەوای هەبێت لێیان، ئەوجا دەبێتە (موبد).

دەتوانین بێژین: هیربد بەمانای مامۆستایە و موبد بەمانای پاسەوانی فەرمانەکانی ئافەریدگار و دەستوورەکانی ئایینییە.

یەکێکی دیکە لە پلەوپایەکانی پێشەوایەتی، پلەی (زەرەتشترومە)یە

Zarathushti u termah کە بەمانای (وەك زەردەشت) یا (زەردەشت مانند)ە.

هەروەکو باسمانکرد پلەی (دەستوور) لەسەرووی (موبد) و (هیربد)ەوەیە، (زەرەتشترومە) پلە و پێگەی لەسەرو هەموو ئەمانەدا بووە، نازناوێك بووە، کە دراوە بەو کەسانەی لە بواری بیر و کردار و گوفتاردا بە ئەندازەیەك پاك و بێخەوش بوونە، کە نزیکبۆتەوە لە تایبەتمەندییەکانی زەردەشت. ئەم پلەیە ئیدی ئێستا لە ئایینی زەردەشتیدا نەماوە.

زەردەشت و شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئابووری:

کۆمەڵگایەك کە ئارەزوو و هیوای زەردەشت بوو، کۆمەڵگایەکە کە بە ڕەوشێك و شێوازێکی زانستییانە بە رنامەرێژی بۆ بکرێت. کۆڵەکەی دیوەخانی ئەم کۆمەڵگایە، کاروکۆششی بێ وچان و دروستە. بێکاری و تەمەڵی و تەوەزەلی و گۆشەگیری و دەروێشی بە هیچ جۆرێك پەسەند نەبوو وە ڕێگەی پێنەدەدرا.

زەردەشت، لە ڕووی ئیلاهیات و میتافیزیك، باوەڕی بە ئافەریدگارێکی تاك و تەنیا هەبوو بە ناوی ئاهورامەزدا، لە ڕووی فەلسەفییەوە باوەڕی بە بوونی دوو هێزی سالب و موجەب یاخود چاك و

خراپ هەبوو کە پێی دەگوتن سپەنتامینو (بیری خاس) و ئەنگرەمینو (بیری خراپ) کە هەمیشە لە ململانیدان دژی یەکتر، بەڵام ئازادی تەواوی بۆ مرۆڤ بە ڕەوا دانـاوە بـۆ هەڵبـژاردنی ڕێگـەی ژیـانی خۆی.

زەردەشت، هەمیشە تێکۆشاوە و هانی ئەوەیداوە کە پرسی ڕامیاری لە ئایین جیابکاتەوە.

پەیامی زەردەشت، پەیامی ئازادیخوازی، داد و هیوایە، پەیامی ڕزگارییە لە داوی نەخوێنـەواری و ئەفسانە و قوربانی و ڕێوڕەسم و تەشریفاتی قورس و بێجێی ئایینی، دژی ئیتاعەتی کوێر کوێرانەیـە و داوا لە خەڵك دەکات بە وردی لە تەك هزری خۆیاندا ڕاوێژبکەن و بە بیرێکی ڕووناك و چاکەوە ڕێگـەی ڕاست و دروستی ژیانی خۆیان بدۆزنەوە، کە ئەویش هیچ ڕێگەیەك نییە جگە لە ڕاستی و دروستی.

هەزاران ساڵ لەمەوبەر، لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم پەیامبەرە مـەزن و شۆڕشـگێڕە، چـەرخێکی نـوێ پەیدابوو لە گۆڕان و گۆڕین و پێشکەوتنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی. زەردەشت، مانایەکی تازە و دروسـتی بۆ وشەی ئایین هێناوە، کە دەڵێت: بریتییە لە ویژدان و نەفسی دەروون. دەبێـژێ: ئـایین تـەنیا بـریتی نییە لە پەرستنی ئافەریدگارێك و بەس، بەڵکو هۆیەکە بۆ خۆناسین و پەیوەندییەکـە لـەنێوان مـرۆڤ و ئافەریدەگار بە هۆی بیرکردن و تێفکرین.

زەردەشت دەبێژێ، جیهان و هەرچییەکی تێدایە لە پرشنگی حیکمـەتی ئاهورامـەزدای مەزنـەوە ئافەریدە بووە، بۆیە ژیان لە دیدی زەردەشتەوە بریتییـە لـە ڕووناکی و وپرشـنگ، ژیـن بریتییـە لـە ناسینی مەعنەویات و هوشیارکردنەوە و زیندووکردنەوەی پرشنگی ڕووناکی ئـاهورایی لـە دەروونـی مرۆڤ .

پرشنگی مەعنەوییەت لە گیانی هەموو کەسێکدا دەدرەوشێتەوە و ڕووناککەرەوەی بیر و هەسـت و پاکی و میهرەبانی و خۆشەویستییە.

پەیدابوون و دەرکەوتنی مەعنەوییەت هەروەکو ژیان کـارێکی سرووشـتییە، مرۆیـەکی ڕۆشـنبیر هەرگیز ناتوانێت بەبێ ئەقڵ و بوونی لۆژیك (منتیق) و هیوا و ئارەزوویەکی تایبەت، بژی.

مەبەستی ڕاستی ژیان و کاروکۆششی مرۆڤ تەنیا لە ڕێگـەی پەیوەنـدیکردنی لـە تـەك وێـژدان و دەروونـدا پەیدادەبێت. بۆ پەروەردەکردنی ئەم مەعنەوییەتە دەشێ هێـزی بیرکردنـەوە بـەهێز بکـەین، ناتوانین تەکوزی و ڕێکوپێکی ڕۆحی و مەعنەوییەت بە هیچ جۆرێك بە تۆپزی بەدەست بێـنین، بـەڵکو کەسایەتی ئەو کەسە و پرشنگی خودی خۆی دەبێ ڕەوشت و مەعنەوییەت دەربخات، بەمانای ئەوەیـە کە وا ڕەوشت و کردار و هەڵسوکەوتی هەموو کەسێك بە دەست خۆیەتی.

هەموو کەسێك دەشێ پێش هەموو شتێك خۆیناسێت و ئەم خۆناسینە کارێکی دەروونییە و زەردەشت لە ئامۆژگارییەکانیدا زۆر بە سادەیی و ڕاشکاوی بەیانیکردووە.

مرۆڤ کاتێك دەتوانێت خۆی بناسێت کە بەهۆی بیرکردنەوە وە، لە ڕووی قەناعەتەوە باوەڕی بەبوونی ئافەریدگاری تاك و تەنیا هەبێت، جونکە کاتێك کە ئەو باوەڕی هەبوو، ئەوجا دەتوانێت دەربارەی ژیان و چۆنێتی ئافراندن و هەڵسوڕاندنی هەموو کە شکەڵانەکان زانیاری تەواو پەیدابکات و ئەوسا خۆشی بناسێت، بەهۆی ئەم خۆناسینەوە دووردەکەوێتەوە لە هەموو کار و بیرێکی خراپ، بەهۆی گشت ئەم زانیاریانەوە تەکاملی ڕۆحی پەیدادەکات و بەرەوپێشەوە دەڕوات.

لە ڕاستیدا، بەهۆی ئەم هەموو کاروکاردانەوانەدا لە ئەزموونەکانی ژیانیدا بۆی ڕووندەبێتەوە، کە هێزێکی نادیار ئاگاداری هەموو هەڵسوکەوتەکانێتی.

لێرەدا دەبینین کە هەموو مرۆڤێك شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لە دەروونی خۆیدا بەرپادەکات و دووردەکەوێتەوە لە گەندەڵی و خۆپەرستی و تاوان و خوێنڕێژی و.....

لە ئامۆژگارییەکانی زەردەشت، ئەوەمان بۆ ئاشکرادەبێ، کە مەبەست لە ئافراندنی مرۆڤ و هۆی ژیان ئەوەیە، کەوا هەموو کەسێك بەشدارێت لە ئاوەدانکردنی جیهان و بەختیاری خەڵك، بەهۆی بیر و کردار و گوفتاری خاسەوە بگاتە دوندی پوختەیی و بەختیاری و نەمری.

هەروەکو ئاماژەمان پێکرد، یەکەمین هۆ بۆ ئەم مەبەستە ئەوەیە کە خۆمان بناسین.

زەردەشت دەبێژێ، ئەو ڕۆحەی کەوا لە جەستەی هەموو کەسێکدایە لە سەنتەری ڕاستییەکەوە هاتووە و پرشنگێکی پیرۆز و نەمرە کە لە جیهانی ڕۆحەکانەوە هاتووە و لە جەستەی مرۆڤدا جێگیر بووە، ئەم جیهانە ماددییە نیشانەیەکە لە جیهانی ڕۆحانی و بارەگای هەمیشەیی ئاهورامەزدا.

بە پێچەوانەی بڕێك لە ئایینە ئاسمانییە سامییەکان، پەیامی زەردەشت، ڕوو لە ژیانێکی پڕ لە خۆشی و بەختەوەری و دارایی وەرناچەرخێنێت.

زەردەشت، ژیانی ماددی بە پووچ نازانێت و هەمیشە داوای لە پەیڕەوانی خۆی و هەموو خەڵك کردووە سوود لە خۆشی و جوانی سروشت وەربگرن، دەبێژێ لەبەر ئەوەی مرۆڤ خاوەنی جەستە و ڕۆحە، پێویستە لە خۆشی وشادی و جوانی ماددی ومەعنەوی بەهرە وەربگرێت، هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە دژی گۆشەگیری و دوور کەوتنەوە لە خەڵکە، دژی ژیانی دەوارنشینییە، بۆیە دەتوانم بێژم زەردەشت کەسێکە کەوا ڕێگای ڕاستی پێشان خەڵك داوە بۆ دابینکردنی ژیانێکی پڕ لە بەختیاری لە جیهاندا وگەیشتنە بەختەوەری ڕاستەقینە لە جیهانی مەعنەویدا.

لە دیدی زەردەشت، ژیان پڕ لە خۆشی و پیرۆزییەکانە بۆ مرۆڤ، خەڵاتێکی یەزدانییە، نابێ خۆمانی لێبێبەش بکەین.

هەژاری و دەستکورتی و بێدەرامەتی و تەمەڵی کاری ئەهریمەنییە، نابێت بە بیانو و هیوای وەرگرتنی پاداشت لە رۆژی پەسڵاندا چاو لە خۆشییەکانی ئەم جیهانە بپۆشین.

بێگومان، پەرێشانی و دەستکورتی و هەژاری لەم جیهانەدا نابێتە هۆی سەرمایە و ئابرو بۆ رۆژی پەسڵان.

بە پێچەوانەوە، لە جیهانی داهاتوودا پاداشتی چاکە بە کەسێك دەدرێت کە لە ژێر سایەی کاروکۆششدا زەوی ئاوەدان کردبێت و خەڵکی شاد و بەختەوەر کردبێت و خەندانی کردبن و کاروکردای خاسی لە پاش خۆی بەجێهێشتبێ.

زەردەشت، وەك بودا بیرناکاتەوە و بەخەڵك نابێژێ کە:

(ڕزگاری هەر کەسێك بە لە ناوچوونێتی و دەبێ دەستبەرداربین لە هەموو خۆشییەکی ماددی و گۆشەگیربین و خەریکی ریازەت بین)، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێژێ مرۆڤ بۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتی و پوختەیی و بێ کەمایەسی و خاس دروستکراوە، ژیان بریتییە لە ململانییەکی هەمیشەیی لەنێوان چاکە و خراپە و ئێمە پێویستە هەمیشە پشتیوانی چاکە و ڕاستی بین و دژی خراپەکاری بین.

ئەم ئامۆژگارییانەی زەردەشت جیاوازییەکی زۆری هەیە لە تەك ئامۆژگارییەکانی ئەو کەسانەی پێیانوایە مرۆڤ ژیانی بە گوناهێکی گەورە دەستپێکردووە و مرۆڤ گوناهبارە و ژیانی هەر لە سەرەتای ئافراندندا لەکە دارە، تەنیا بەهۆی ریازەت و کوشتنی هەموو ئارەزووە دەروونییەکانی خۆی و خۆڕاگرتن بەرامبەر ناخۆشی و ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی و ڕۆحی و هەڵبژاردنی رێگەی دەروێشی دەتوانێت بەختیاری ڕاستەقینەی ئەو دنیا دابین بکات.

لێرەدا هەندێ لەو دیاردانەی کە لە شۆڕشە مەزنەکەی زەردەشت لە کۆمەڵگادا بەرچاو دەکەوێت دەخەمە بەر دیدی خوێنەران کە لە ڕاستیدا (مشتێك نموونەی خەروارێکە):

ڕاستی:

لەبەر ڕۆشنایی پەیامی زەردەشت و وتەکان و ئامۆژگارییەکانی، یەکەمین وگرنگترین سیفەتی ئاهورامەزدا بریتییە لە ڕاستی و دروستی کە پێی دەبێژرێ (ئاشا وەهیشتا).

لە زۆر شوێنی گاتاکاندا زەردەشت ئەم هەقیقەتەی چەندین جار دووپاتکردۆتەوە کە ئایینی یەکتاپەرستی لەسەر بنچینەی ڕاستی و دروستی بونیادنراوە. لە یەسنا هات ٤٩ بەندی ٣ دەبێژێ:

"ئەی مەزدا،
تۆ، بەدروستی ئەم باوەڕ و ئامۆژگارییەت
بۆ هەموان داناوە کە،
ڕاستی سوودبەخشە و درۆ زیانبارە.
لەبەر ئەمەیە کە،
ئەز، ئاواتە خوازی بیری خاسم،
خۆم و خەڵك لە نزیکبوونەوە لە درۆ و خراپە دووردەخەمەوە. "
لە زۆر شوێنی دیکەی گاتاکاندا ناوی ئاهورامەزدا لە تەك وشەی (ڕاستی)دا پێکەوە هاتووە.
فیثاغورس، فەیلەسەفی یۆنانی و مولتون دەبێژن:
" لەبەر ڕۆشنایی ئایینی زەردەشت، خوا و ڕاستی یەکێکن "
لە یەسنا، هات ٢٨ بەندی ٥ دەبێژێ:
" ....
ئەی دیاردەی ڕاستی و پاکی (ئاشا)،
کەی بە دیدارت شاد دەبم؟ "
هەروەها لە یەسنا هات ٢٩ بەندی ٧ دەبێژێت:
" ئەم ئاخافتنە پیرۆزە کەشادی و بەختەوەری دەهێنێ،
لە لایەن ئاهورایەکە
ویست و خواستی لە تەك ڕاستیدا (ئاشا)، هاوئاهەنگە).

زەردەشت، هەمیشە دژی درۆ و درۆزنانبووە، درۆی بە گەورەترین مەترسی ژیان و دەردەکانی کۆمەڵگا هەژمارکردووە.
لە (ئوردیبەهەشت یەشت) لە بەندی (١٧)دا دەبێژێ:
(درۆ دەبێ پووچەڵ بکرێت و نەمینێت، لە جیهانی ماددیدا پێویستە ڕاستی بەسەر درۆدا زاڵ بێت).
ڕاستی، پرشنگێکی یەزدانییە لەنێو دەروونی هەموو مرۆڤێکدا و لە ویژدانی هەموواندا پێگەی تایبەتی خۆی هەیە.

دانا و دروستکردار ئەو کەسەیە کە هەوڵ و کۆشش بدا کە ئەم ڕاستییەی لە دەروون دایە بەکاربهێنێت و ڕێگایەك وە شێوازێك بۆ ئەم پرشنگە پر لە ڕووناکییەی نێو دەروون بدۆزێتەوە بۆئەوەی بتوانێت لە دەروون و بوونی خۆیەوە، پرشنگی ڕووناکییەکەی، ژینگە وجیهان ڕۆشەن بکات.

ڕاستی و ڕاستگۆیی، هیوا و ئارەزووی زەردەشت بووە و تێکۆشاوە بۆ پەرەسەندن و بڵاوکردنەوەی ڕاستی و دروستی لە کۆمەڵگادا و دەبێژێ:

باشترین بەختیاری، ڕاستییە، بەختیار ئەو کەسەیە کە خوازیاری باشترین ڕاستی بێت.

هەروەها دەبێژێ، یەك ڕێگا لە جیهاندا هەیە ئەویش ڕێگای ڕاستییە.

لە یەسنا هات ٣٥ بەندی ٨ دەبێژێ:

(بە هۆی ڕاستی و دروستییەوە هەموو کەسێك دەتوانێت بەختەوەری هەردوو جیهان بەدەستبهێنێت).

لە ئاڤێستا و هەموو پەرتوکە ئایینیکانی زەردەشتیدا باسی خراپەی درۆ و درۆزنان کراوە، درۆ بە یەکەمین هۆی هەمەجۆرە گوناهێك هەژمارکراوە، درۆزن بە هاوڕێ و هاودەمی ئەهریمەن دانراوە و لەبەر چاوی خەڵکدا، بێ کەڵك و وبێ ئابڕووە، لەو دیناش مایەپووچ و شەرمەزارە.

پەیمان:

زەردەشت، بایەخ و گرنگییەکی زۆری داوە بە پەیمان، هەمیشە خەڵکی هانداوە کە کاتێك پەیمان دەدەن، دەبێ بەجێبهێنن، تەنانەت ئەگەر ئەو پەیمانە لە تەك مرۆیەکی خراپەکاریش بێت.

داوادەکات کە هەرگیز لە ژیاندا پەیمان نەشکێنین، چونکە ئەو کەسەی پەیمان دەشکێنێ دەبێتە هاوڕێی درۆزن. پەیمانشکێنی لە ئاڤێستادا بە بەشێك لە درۆ هەژمارکراوە.

لە ئاڤێستادا، میترا (مهر) بەفریشتەی پەیمان دانراوە.

لە (مهریشت بەندی ٢) دەبێژێ:

(ئەی زەردەشت، پەیمانشکێنێك دەتوانێ سەرجەم کیشوەرێك یا دەڤەرێك وێران و خاپووربکات، ئەی ئەسپیتمان، تۆ نابێت هەرگیز پەیمان بشکێنی ئەگەرچی ئەو پەیمانە لەتەك درۆزنێکیشدا بەسترابێت. دەبێ هەوڵبدەیت پەیمانەکەت بەجێبێنی، چونکە پەیمانبەستن لەتەك ڕاستگۆ و درۆزندا، هەردوو ڕاست و پیرۆزە و پێویستە ئەنجامبدرێت).

لە یەسنا ٦١ بەندی ٣ دەبێژێ:

(ئێمە دژی ئەو کەسانەین کە پەیمانی خۆیان دەشکێنن و وەفای پێناکەن).

ویل دورانت، لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا (مێژووی شارستانییەت) بەرگی یەکەم لاپەڕە ٤٢٦ ی وەرگێڕاوی فارسییەکەی دەبێژێ:

(لەبەر ئەوەی پەیڕەوانی ئایینی زەردەشت، ئەم جیهانەیان بە گۆڕەپانی ململانێ نێوان هێزی چاکە و خراپە دەزانی، بەم شێوە بیرکردنەوەیان، بیریان لە بزوێنەرێکی بە هێز و توانا، یاخود هێزێکی میتافیزیك دەکردەوە کە مرۆڤ هانبدات کاری چاکە بکەن و لە پاشاندا پاداشتی چاکەشیان بداتەوە..... بەم شێوە بیرکردنەوەیە یاسایەکی ڕەوشتی زۆر سادە و جوان هاتەئاراوە کە پاڵی نابوو بەم ڕاستییەکە (تەنیا ئەو کەسە خاسە کە هەرشتێکی بۆ خۆی بە باش نەزانی، بۆ خەڵکیش بە باش نەزانێت)

بە گوێرەی دەستووری ئاڤێستا ئەرکی سەرشانی مرۆڤ سێ شتە:

- یەکەمیان ئەوەیە کە نەیارەکەی بکاتە یار و دۆست.
- دووەمیان مرۆڤی ناپاك و خراپ بکاتە پاك و خاس.
- سێیەمیشیان ئەوەیە کە مرۆڤی نەزان و نەخوێندەوار بکاتە دانا و زانا.

هەروەها دەبێژێ، شاکانیش کە پەیڕەوی ئەم ئایینە بوون، ئاکاری بەرز و جوانیان هەبووە، بۆ نموونە سەبارەت بە یۆنانییەکان کە زۆر پەیمان شکێن بوون، ئەمان پابەندی پەیمان بوون و هەرگیز پەیمانیان نەدەشکاند و شانازییان بەوە دەکرد کە ئەگەر پەیمانێکیان دابێت هەرگیز لێی پاشگەز نەبوونەتەوە. شتێکی دیکە کەسەرنجی نووسەری ڕاکێشاوە ئەوەیە کە لە مێژووی ماد و پارس کە زەردەشتی بوون هەرگیز دیاردەی جاشێتی نەبووە و نەچوونەتە ریزی دوژمن دژی میللەتی خۆیان.

پاکی و پاکدامەنی:

لە ئاڤێستادا گرنگییەکی تایبەتی دراوە بە پاك ڕاگرتنی جەستە، بە یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی سەرشانی هەموو مرۆڤی داناوە، خراوەتە ڕیزی سیفاتی بەرزی وەك ڕاستی و دروستی، بە نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵگادانراوە.

لە گاتاکاندا دەبێژێ:

(لە یەکەمین چرکەی ژیانی مرۆڤ ، پاك و تەمیزی و خاوێنی و چاودێری لەش ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە. لەبەر ئەوەی هەموو کەسێك لە جەستەو ڕۆح پێکهاتووە، پێویستە لە سەرمان ئاگاداری هەردووکیان بکەین.

بە چاودێری و خاوین ڕاگرتنی جەستە، تەندروستیمان باش دەبێت. کاتێك تەندروستیمان باش بوو، ورەو مەعنەویاتمان بەرز دەبێت و بەچاوێکی ڕوون و گەشەوە دەڕوانینە جیهان، بەڵام بە پێچەوانەوە هەرگیز مرۆڤێکی نەخۆش ناتوانێت بە چاوێکی گەشەوە تەماشای ژیان بکات و لێی وردبێتەوە. بۆیە هەمیشە ڕۆحیشیان لە ناخۆشیدادەبێت).

زەردەشت، گرنگی و بایەخێکی تەواوی داوە بە پاکدامەنی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا، بەتایبەتی هانی پاکیزەیی ئافرەتانی داوە، کە بەهۆی بیر و کردار و گوفتاری خاسەوە کێبەرکێیەکی ئاکاریانە لەتەك پیاواندا بکەن.

ئازادی هەڵبژاردن:

یەکێ لە هەرەگرنگترین و بایەخدارترین دیاردەکانی پەیامی زەردەشت، کە گشت توێژەران و ئاڤێستاناسان یەکدەنگن لەسەری، بریتییە لە ئازادی و توانایی مرۆڤ بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەی ژیان و چارەنووسی خۆی.

لەنێو گاتاکاندا بە ڕاشکاوی باس لەوە کراوە کە مرۆڤ بە ئازادی ئافەریدە بووە، تەنیا خودی خۆیەتی کە ڕێگە و چارەنووسی خۆی هەڵدەبژێرێت.

زەردەشت پاش ئەوەی پەیامەکەی ئاشکرا و ڕوون بلاودەکاتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە مرۆڤ دەبێ بە ئازادی و بە ویست و هۆشی خۆی ڕێگەی ژیانی هەڵبژێرێت.

ئەم بیرە لەنێوگاتاکاندا زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژەی بۆ کراوە. لە یەسنا هات ٣٠ بەندی ٣ دەبێژێ:

" .....

مرۆی ژیر ودانا، ڕاستی و دروستی هەڵدەبژێرێت و

نەزان و بێهۆش، خراپە هەڵدەبژێرێت. "

هرتسفلد، لەو باوەڕەدایە کە زەردەشت نە تەنیا لە بواری کۆمەڵایەتی، ئازادی هەڵبژاردنی بە مرۆڤ داوە، بەڵکو تەنانەت باوەڕی بەوە هەیە کە بۆ باوەڕهێنان بە ئافەریدگار و چۆنێتی پەرستن نزاکردنیش دەبێ مرۆڤ بە بیر و هۆشی خۆی بگاتە ئەو ڕاستییە لە یەسنا، هات ٣٠ بەندی ٥ دەبێژێ:

ئەوکەسەی بە کار و کرداری ڕاست و دروست و باشی خۆی ئاهوراخۆشنود دەکات، مەزدا هەڵدەبژێرێت.

ئالتهایم، باوەڕی وایە کە زەردەشت ئەم باسەی زۆر بە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ ڕوونکردۆتەوە کە ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێك ئەوەیە کە دژی درۆ و خراپە، ململانێ بکات بۆئەوەی بگاتە ڕاستی

و دروستی. لەم ڕێبازەدا پشت و پەنای هەر کەسێك تەنیا خۆیەتی و بەس، دەبێ باوەڕی بە هۆش و هزری خۆی هەبێت، واتە کەسوکار و بنەماڵە و پەیوەندییەکانی دی کە خۆیان بە تکاکار لەنێوان خەڵك و ئافەریدگار دادەنێن (ئافەریدە و ئافەریدەگار)، هیچ سوودێکیان بۆ مرۆڤ نییە.

ئیشپیگل و ویندیشمان دەبێژن:

ئەو رۆشناییەی لە تەوێڵی ئایینی زەردەشتدا دەدرەوشێتەوە بریتییە لەوەی کە هەرکەسێك سەرنجی گاتاکان بدات و بیانخوێنێتەوە، تێدەگات کە ئەم ئایینە بەهۆی باوەڕبوونی بە (ئازادی هەڵبژاردن) و باوەڕی بە بیر و وتە و کرداری خاس، گرنگترین دەستگا و ڕێکخراوەی لە مێشکی هەموو کەسێکدا دامەزراندووە.

گێگر، ئازادی هەڵبژاردن بە یەکێك لە گرنگترین بنچینەکانی ئایینی زەردەشت دەزانێت.

ویل دورانت، باوەڕی وایە، ئەم بۆچوونەی زەردەشت سەبارەت بە ئازادی هەڵبژاردن، شکۆ و مەزنایەتییەکی وەها زۆر بە ژیانی ئاسایی دەبەخشێ، کە لە هەموو شێوەی بیرکردنەوەکانی دیکە بەرزتر و بایەخدارترە.

ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە مرۆڤ لەوە ڕزگاردەکات، کە وەك کرمێکی بێ دەسەڵات و یاخود مەکینەیەکی خۆکاری میکانیکی یا مۆرەی شەترەنج تێی بڕوانرێت، بەڵکو مرۆڤ لە ململانێی نێو ئەم جیهانەدا بەشدارە و ئازادی هەڵبژاردن و ڕێکخستنی هەیە، چونکە ئاهورامەزدا خواستی ئەوە بوو، کە مرۆڤ ڕەسەن بێت.

زهنر، دەبێژێ: ئایینی زەردەشت بە تەواو ماناوە باوەڕی بە ئیرادەی ئازادە، هەر کەس زوو یا درەنگ دەگاتە ئەو ڕاستییەی دەبێ لەنێوان ڕاستی و درۆدا یەکێکیان هەڵبژێرێت.

زەردەشت لە یەسنا، هات ٣٠ بەندی ٢ جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە لەنێوان دوو دیاردەی ڕاستی و درۆدا، هەرکەس دەبێ خۆی بە ئارەزووی خۆی یەکێکیان هەڵبژێرێت و دەبێژێ:

" کە وایە،

گوێڕایەڵی خاسترین وتەکان بن،

بە بیرێکی ڕۆشنەوە هەڵیسەنگێنن،

هەر یەکە لە ئێوە بۆخۆی

لەم دوو ڕێبازە، یەکێکیان هەڵبژێرن،

پێش ئەوەی ڕووداوی مەزن ڕوو بدات

هەر یەکەتان بە دروستی ئاگاداربن،
لەم پەیامە تێبگەن وبلاوی بکەنەوە. "
هەروەها لە یەسنا، هات ٣١ بەندی ٢ دەبێژێ:
" لەبەر ئەوەی بە هۆی دوودڵی و ڕاڕاییەوە
هەڵبژاردنی ڕێگەی ڕاست و دروست، ئاشکرا و ڕۆشن نییە،
ئەز، کە ڕابەر و مامۆستا یەك
کە هەڵبژاردەی مەز دایە،
بۆ ڕێنمایی ئێوە نێردراوم،
کە هەردوو دەستە فێربکەم
چلۆن لە ژێر سایەی ئایینی ڕاستیدا، بژین. "
هەروەها لە هات ٤٣ بەندی ١٦ ، دیسانەوە زەردەشت پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە " ئەی ئاهۆرامەزدا، زەردەشت لە بۆ خۆی ئەو گەوهەرەی کە هی تۆیە، هەڵبژارد..... "
لە هات ٥١ بەندی ٨ دەبێژێ:
(جاماسپ، بەهۆی بیری خاسی خۆیەوە، ئایینی ڕاستی هەڵدەبژێرێت.....)
هات ٣١ بەندی ١١ دەبێژێ:
" ئەی مەزدا،
هەر لەو ساتەوە و لەسەرەتاوە کە
بە بیر و هۆشی خۆتەوە،
ژیان و ویژدان و هۆشت بۆ دروستکردین،
و گیانت کردە نێو لەشمان،
توانایی گفتوگۆ و کارکردنت پێبەخشین،
هەر لەو کاتەوە ویستت کە ئێمە بەشێوەیەکی ئازاد،
باوەڕ و ڕێ و ڕەوشی ئایینی خۆمان هەڵبژێرین. "
جەلالەدین ئاشتیانی لەم بارەوە دەبێژێ:
(ئیدی لەمە ڕۆشنتر، ناتوانرێت لە ٣٥٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە دەربارەی ئازادی و هەڵبژاردنی ئادەمیزاد قسەبکرێت.)

مافی مرۆڤ:

مافی مرۆڤ، دەستەواژەیەکی یاسایی و ڕامیارییە لەم چەرخەی ئێمەدا.

لەنێو ئایینە پیرۆزەکاندا ئەم دەستەواژەیە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە بەرچاو ناکەوێت. بەڵام ئەرزش و بەهاکانی ئاکاری و دادی کۆمەڵایەتی کە ناوەڕۆکی مافی مرۆڤ پێکدەهێنن، کەم تا زۆرێك بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە یا بە هێماکردن لە زۆربەی زۆری ئایین و ئایینزاکاندا بەرچاو دەکەون.

لە دیدی ناوەڕۆکی مافی مرۆڤ، ئایینی زەردەشتی لەنێو گشت ئایینەکانی دیکەدا، لە لوتکەی هەموویانە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو بونیادی باوەڕ کە بریتین لە:

یەکەمیان ئەوەیە کە ئاهورامەزدا سەرچاوەی هەموو چاکییەکانە و خراپە لە قەلەمڕەویدا نییە.

دووەمیان ئەوەیە کە مرۆ وەك هاوکاری ئاهورامەزدا، دەشێ لە کار و کردارەکانیدا لێی فێربێت و وەك ئەو ڕەفتار بکات.

لەنێو ئایینی ئیسلامدا مرۆڤ (عبد الله) یە واتە بەندەی خوایە.

لە ئایینی مەسیحیدا مرۆڤ کوڕی خوایە، بەڵام لە ئایینی زەردەشتیدا مرۆڤ هاوکاری ئاهورامەزدایە.

هەموو کار و کردارێکی ناپەسەند لە گاتاکاندا، ئەوانەن کە هەڕەشە لە مافی مرۆڤ دەکەن، تووڕەبوون و ڕق وکینە، درۆکردن و بێدادی، گەندەڵی بە هەموو شێوەکانی، پاڵپشتی کردن لە فەرمانڕەوای ستەمگەر، ژێر پێ ستنی یاسا و جیاوازیخستن لەنێو خەڵکدا، و..... لە گاتاکاندا بەهەموو جۆرو شێوەیەك، بە ناڕەوا و ناشایست هەژمار کراوە.

سەبارەت بە ئازادی مافی مرۆڤ لە بیرکردنەوە و هەڵبژاردن، بەتایبەتی هەڵبژاردنی چۆنێتی ژیان بردنەسەر و هەڵبژاردنی ئایین، بۆچوونی گاتاکانمان باسکرد، ئێستا بڕێك نموونەی دیکە دەربارەی باوەڕ بە مافی مرۆڤ دێنمە بەرچاو.

باوەڕ بە یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە پەیامی زەردەشتیدا زۆر بە ڕاشکاوی و بێ پەردە ئاماژەی بۆ کراوە.

لە هەر شوێنێکدا زەردەشت بانگهێشتی بۆ خەڵکی کردبێت بۆ گوێڕایەڵی لە پەیامەکەی، ئاماژەی بۆ ژن و پیاو وەك یەك کردووە.

هەروەها دەربارەی هەڵبژاردنی هاوسەر، ژن و پیاوی وەك یەك بەرپرسیارکردووە و ئامۆژگاری کوڕ و کچانی کردووە کە پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکەن و پەیمانی ژنێری ببەستن، دەبێ لە تەك بیر و هزری خۆیاندا ڕاوێژ بکەن و بە ئەقل و دڵ و گیانەوە هاوسەر بۆ خۆیان هەڵبژێرن، لە هیچ شوێنێکی

گاتاکاندا وشەی بەردە یا کۆیلە وەك توێژیکی کۆمەڵایەتی بەکار نەهاتووە و ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەم ئایینە و بە تایبەتی زەردەشت خۆی باوەڕی بە توێژێك بە ناو کۆیلە نەبووە و هەموو خەڵکی بە چاوی یەکسان و ئازاد بینیوە.

بەڵام ئەگەر بڕوانینە ئایینەکانی دیکە دەبینین هەموویان باسی کۆیلە و کۆیلایەتی دەکەن و هەموویان داوای ئازادکردنی بەردە دەکەن، بەڵام هیچ یەکێکیان کۆیلایەتییان حەرام نەکردووە و زۆربەیان یاسای تایبەتییان بۆ بەردەداری داناوە.

لە پەیامی زەردەشتیدا، هەموو مرۆڤ لە بەرامبەر یاسادا یەکسانن، هیچ کەسێك لە هەر پلە و پایە و پێگەیەکدا بێت لە سەرووی یاساوە نییە.

لە گاتاکاندا بە ڕاشکاوی و بێ هیچ پێچوپەنایەك دەبێژێ، کە نابێ مرۆی خاس پەیڕەوی لە فەرمانڕەوای ستەمکار و گەندەڵ و بێداد و درۆزن بکەن.

پرۆفیسۆر جون هینلز لە کتێبی

The Theory and Practics of Human Rights in Zoroastrianism , apaper presented to Fourth world Zoroastrian congress , Bom boy , 1985 .

دەبێژێ: ئەشێ ئایینی زەردەشت بە یەکەمین ئایینێك هەژمار بکرێت کە داکۆکی لە مافی مرۆڤ کردووە.

کورش کە دامەزرێنەری دەوڵەتی هەخامەنشی بوو، زەردەشتی بوو، هەر ناوچە و وڵاتێکی داگیربکردایە، سەبارەت بە دیلەکان مافی مرۆڤی ڕەچاودەکرد.

بە گوێرەی نووسینی سەر تاشە بەردەکان، هەقدەستی کارکردنیانی بە تەواوەتی و بێ هیچ کەموکوڕییەك پێدەدان، خەڵکی ئەو شوێنانەی داگیری دەکردن، ئازادی تەواوی پێدەدان بۆ پەرستنی بتە خواکانیان.

باشترین بەڵگە بۆ ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ لەو سەردەمەدا ئەم جارنامەیەیە، کە لە ساڵی ٥٤٦ پ.ز لە لایەن کورشەوە بە بۆنەی تاج خستنە سەرییەوە بڵاوکراوەتەوە.

دەقی جارنامەکە دەبێژێ:

دەقی جارنامەی کورش:

ئێستا کە بە یاریدەی مەزدا تاجی پاشایەتی ئێران و بابل و وڵاتانی هەر چوار دەوروبەرم ناوەتەسەر، ڕایدەگەیەنم کە تا ئەو ڕۆژەی زیندووم و مەزدا پاشایەتیم ڕادەگرێ و بەردەوامە، ڕێز لە ئایین و ئایینزای هەموو ئەو خەڵکانە دەگرم، کە ئەز پاشایانم و ناهێڵم فەرمانڕەوا و نێراوەکانم و گشت ئەوانەی فەرمانبەرداری منن ئایین و ئایینزای ئەو خەڵکانە و هیدی ڕەچاونەکەن، بە چاوی سووکەوە تەماشایان بکەن.

ئەز، تا ئەو ڕۆژەی زیندووم ڕێگەنادەم هیچکەس بە بێگاری و تۆپزی کار لە خەڵك بکێشێتەوە و بێ کرێ و هەقدەست کاریان پێبکات.

ئەز، ئیمڕۆ ڕایدەگەیەنم هەموو کەسێك ئازادە بە خواستی خۆی هەر ئایینێك هەڵبژێرێت و پەیڕەوی لێبکات، هەر شوێنێك دڵی دەیخوازێت تیایدا بژی، بۆ خۆی هەڵبژێرێت. بەڵام بەمەرجێك لە وێڕادا دارایی هیچکەس بە زۆر وستەم زەوت نەکات، هەر پیشەیەك کە پێی خۆشە هەڵبژێرێت، سامان و دارایی خۆی بەهەر شێوەیەك کە خۆی گەرەکێتی بیچەرخێنێت بەمەرجێك کە زیان بە کەس نەگەیەنێت.

ئەز، تائەو ڕۆژەی بە یاریدەی مەزدا پاشایەتی دەکەم، ڕێگە نادەم ژنان و پیاوان وەك بەردە بفرۆشرێن.

فەرمانڕەواکان و ئەوانەی ئەز دایاندەمەزرێنم دەبێ ڕێ لە کڕین و فرۆشتنی ژنان و پیاوان بگرن، ڕەوشی بەردەداری لە جیهاندا دەبێ بنبڕبکرێت.

(بەبۆنەی تاج خستنە سەر کورش لە ساڵی ٥٤٦ پ.ز)

کار و کۆشش:

هەوڵ و تێکۆشان لە پێناوی کاری چاك، یەکێکە لە پێویستییەکانی سەرشانی هەموو زەردەشتییەك، ئاشکرایە کە زۆربەی کردارە خراپەکان بە هۆی بێ کارییەوە دەوەشێتەوە.

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ژیان لە دیدی یاسای ڕاستیدا (ئاشا)، تێکۆشان و کارکردنی هەمیشەییە لە پێناوی پێشکەوتن و ئاوەدانی و گەیشتنە پوختەیی، تەمەڵی و تەوەزەلی کارێکی ئەهریمەنییە.

لە هەموو کار و کردارەکانماندا دەشێ دڵ و دەروون و بیر و هزرمان دووربخەینەوە لە دوژمنایەتی و درۆ و تووڕەبوون، پەرەبدەین بە ڕاستی و دڵۆڤانی وگەشەی پێبدەین.

گاتەکان ئامۆژگاریماندەکەن کە خاسگەلەکان هەموو دەبێ یەکبگرن، کەسانێك بە رابەرایەتی هەڵبژێرن کە ڕاستگۆ و دانابن و هەنگاو هەڵبێنن و کاربکەن بۆ نوژەنکردنەوەی کۆمەڵگا و هەموو جیهان.

پەیامی زەردەشت دژی تەرکە دنیا و گۆشەگیرییە، هاوسەر نەخواستن بە کارێکی ناپەسەند هەژمار دەکرێت، لە پەیامی زەردەشتیدا، هەرگیز نابێ ئایینی ڕاستی ودروستی پەنهان بکرێت و بشارێتەوە تەنانەت ئەگەر ئەم نەشاردنەوەیە بێتە هۆی مەترسی لەسەر ژیانی ئەوکەسە.

ململانێی ئاکاری سەرەتا دەبێ لەنێو دەروونی مرۆڤ خۆیەوە دەستپێبکات، پاش ئەوەی بەسەر خراپ بیرکردنەوەی نەفسی خۆماندا زاڵبوین، ئەوسا دەبێ دەستبکەین بە ڕێنمایی کردنی خەڵك، واتە دەبێ ئەوە ڕەچاو بکەین کە چاککردنی خۆمان پێش چاککردنی کۆمەڵگایە.

گاتاکان ئامۆژگاریمان دەکەن کە پێویستە مرۆڤ کاری خاس و دروست تەنیا لەبەر خاسی ئەنجامبدات نەك لە پێناوی وەرگرتنی پاداشت، ڕاستی و چاکە خۆی لە خۆیدا پاداشتی خاس بۆ مرۆڤ دابین دەکات.

زەردەشت ستایشی لە هەموو خۆشییەکانی ژیان دەکرد و دەیگوت دەبێ چێژ لە خۆشییەکان بگرین و هەوڵ بدەین بەسەر ناخۆشییەکاندا زاڵ بین و دەبێ بەرهەمی ئیشو کاروکۆششی خۆمان بخۆین و نابێ هیچ کەسێك بە تەمەڵی و بێکاری بژی.

لە ڤەندیداد دەبێژێ:

ئەز، بەرەنگاری دێوی تەمەڵی دەوەستم کە دەیەوێت بەهۆی بێکاری و تەمەڵی ڕەنجەڕۆمان بکات.

هەروەها لە ڤیسپرد دەبێژێ:

(ئەی یەکتا پەرستی زەردەشتی، دەست و پێ و هۆش وعەقڵی خۆت بەکار بهێنە بۆ بەدیهێنانی ئەرکەکانی سەرشانت بەرامبەر خەڵك لە کاتی پێویستیدا، لە هەموو کارێکی خراپ خۆت دووربخەرەوە، هەمیشە بۆ بەدیهێنانی کاری چاك و دەستگرتنی ئەوانەی پێویستییان بە یارمەتیت هەیە، هەوڵ و کۆشش بدە).

کەوایە، دەتوانین بێژین، پەیامی زەردەشت ئایینی کاروکۆششە و ئەرکی سەرشانی هەموو زەردەشتییەکە (وەك تاك) هەوڵ بدات لە ڕێگەی کارکردن بە بیرێکی خاسەوە و دوور لە تەمەڵی بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا و گەشەپێدانی.

لە یەسنا هات ٢٤ بەندی ١٤ دەبێژێ:

(ئەرێ ئەی مەزدا، باکەسێك لەم جیهانەدا بەهرە لە پاداشتە بەنرخەکانت ببات کە خەریکی کاروکۆششە و مەڕومالاّت و بەرزە ولاّخ بەخێودەکات ....)

ژینگە پاراستن:

زەردەشتییەکان بایەخێکی تەواو سەنگ دەدەن بە ڕاگرتنی پاك و تەمیزی (پاکژی) ئاو، خاك، هەوا و ئاگر، واتە ئەم چوار هێمانەی کە بنەمای بەدیهاتنی بوونەوەرانن.

لەم بارەوە یۆنانییەکان زۆر باسیانکردووە. هیرودت و زەینە فۆن باس لەوە دەکەن و دەبێژن:

ئێرانییەکان هیچ شتێکی پیس ناخەنە نێو ئاوەوە و پارێزگاری لە خاك و زەوی دەکەن وناهێڵن پیس بێت.

لە ئایینی زەردەشتیدا گشت ئەوشتانەی کە ئاهورامەزدا بە مرۆڤی بەخشیوە، پاك و خاوێنن.

جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئایینی زەردەشتی و ئایینەکانی دیکە کە مادده و جەستە بە کاری ئەهریمەنی دەزانن، زەردەشتییەکان جەستە و ماددەش بە بەخشش و خەڵاتێکی ئاهورایی دەزانن و شایانی پارێزگایکردنن.

ئەرکی سەرشانی مرۆڤە کە مادده لە ڕێگەی خراپدا بەکار نەهێنن، فەرهەنگی پەیامی زەردەشت، فەرهەنگی شادی و خۆشییە، زەردەشت دەبێژێ کە ئافەریدەگار ئەم جیهانە پڕ لە خۆشی و شادییەی بە هەموو جوانییەکانی ئافراندووە بۆئەوەی بەهرەی لێوەربگرین و خۆشی لێببینین، لەبەر ئەمە پێویستە بیپارێزین و بەهایەکی تایبەتی بۆ توخمەکانی سروشتی دابنێین، ئەم بەهایە دانپێنانە بە مەزنایەتی ئافەریدەگار و سوپاسە بۆ خەڵات و بەخشیشەکانی.

هەروەکو لە باسی ئەمشاسپەندەکاندا ئاماژەمان پێدا، بۆ پاراستنی توخمەکانی سروشتی وژینگە و پێشگیری کردن لە پیسبوون و لەناوچوونیان، زەردەشتییەکان (پاش مردنی زەردەشت) بۆ هەر یەکێ لە توخمەکانی سروشتی، ئەمشاسپەندێکیان دانا بۆ پارێزگاری لێکردنیان بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانن پارێزگاری لەو توخمانە بکەن.

هەروەها شێوەی ناشتنی مردووەکانیان یەکێکە لەو باسانەی کە زەردەشتییەکان چەندە بایەخیان بە پاراستنی ژینگە داوە (لە باسی دەخمەدا زیاتر لەم بارەوە دەدوێین).

لە ساڵی ١٩٧٣ دا لە کونفراسێکدا دەربارەی (میترالیزم) کە لەشاری شیرازی ئێرانـدا گیرا، Dhalla . H. لە ڕاپۆرتێکدا دەبێژێ:

ئایینی زەردەشتی بە یەکەمین ئایین هەژمار دەکرێت کە هەوڵی پاراستنی ژینگەی بە شێوەیەکی کرداری داوە.

کشتوکێڵ و پەروەردەی ئاژەڵ:

دیاردەیەکی دیکە لە شۆڕشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی زەردەشت،شۆڕشی کشتوکێڵە.

بێگومان هەموو دەزانین لە دێر زەمانەوە تا ئیستا کشتوکێل و پەروەردەی ئاژەڵ ڕۆلێکی بەرجەستە و باڵای هەبووە و هەیە بۆ پێشخستنی کومەڵگا، هەروەها دەزانین بۆ هەڵسوڕاندنی ئەو ئیشوکارانەی بە دەست مرۆڤ وەبەردێت، پێویستی بەجەستەیەکی بە توانا و بیرێکی پاك هەیە.

هیچ کەسێك ناتوانێت خاوەنی ئەم هێزە بێت ئەگەر خواردنی تەندروست نەخوات، ئەم خواردنەش زۆربەی زۆری بریتین لە بەرهەمەکانی کشتوکێل (ئاژەڵی و ڕووەکی)

زەردەشتی ژیرو دانا هەزارەها ساڵ لەمەوبەر، هەستی بەم پرس و بابەتە کردووە، بۆیە هەمیشە خەڵکی هانداوە کە نیشتەجی بن و دەست لە کۆچەرێتی هەڵبگرن و خەریکی کشتوکێڵ و پەروەردەی ئاژەڵ بن، قوربانیکردنی ئاژەڵی لە بۆنە ئایینییەکاندا قەدەغەکرد بۆ ئەوەی بە هۆی ئەو قوربانییە بە کۆمەڵەی ئاژەڵ چیدی قڕ نەکەوێتە نێویان و ئەو سامانە لە ناو نەچێت، پەروەردەکردنیان زێتر سوود لە بەرهەمەکانیان وەربگیرێت.

زەردەشت، ڕووناکی و هەموو شتێکی چاك و باشی ستایشت کردووە، کشتوکێڵ و پەروەردەکردنی ئاژەڵی سوودمەندی لە سەرو ئەم ئیشە چاکانە هەژمارکردووە، هەمیشە دژی خراپە و ناپاکی بووە و دوژمنی بیابانی ڕووت و زەوی و دەشتی بەڕەڵابووە وە حەزی لە ئاوەدانی و کشتوکێڵ کردووە.

لێرە دا بڕێك لەو نموونانە دەهێنمە بەر چاو کە پشتڕاسکەرەوەی ئەم شتانەن:

زەردەشت لە ئاهورامەزدا دەپرسێت:

((ئەی ئافەریدەگاری جیهانی ماددی، ئەی پاکترین پاکان، چوارەمین کەسێك کە زەوی بەڕادە بەدەر دەبوژێنێتەوە کێیە؟))

ئاهورامەزدا لە وەڵامدا دەفەرموێت:

((ئەو کەسەی کە لە هەموان زێتر گەنم بچێنێ و زیاترین سەوزە بڕوێنێ و زێترین درەخت و نەمامی بەردار بڕوێنێ. کەسێك کە زەوی دێم و وشك ئاوبدات و زەوی زۆنگاو وشك بکاتەوە و کشتی بکات)) (ڤەندیداد_ بەشی سێیەم بەندی ٢٣)

زەردەشت دەبێژێ:

((چەندە بەدبەخت و بێکەسە ئەو زەوییەی ماوەیەکی زۆرە بی(تۆو) و تۆو وەشێنە و چاوەڕێی جووتیارێکی چالاك دەکات هەروەك کیژۆڵەیەکی جوان، کە ماوەیەکی زۆر بێ منداڵ ماوە و چاوەڕێی هاوسەرێکی خاسە)) ڤەندیداد- بەشی سێیەم – بەندی ٢٤

هەروەها، زەردەشت پرسیاردەکا و دەبێژێ:

((ئەی ئافەریدەی جیهان، ئەو شوێنەی زەوی کە شادمانترین شوێنە لە کوێیە؟))

وەڵامدەدرێتەوە:

((ئەو شوێنەیە کەوا ئاژەڵی سوودمەند و ڕانێکی زۆری تێدا بێت وە رۆژ بە رۆژ زێتر بێت))

-ڤەندیداد-بەشی سێیەم-بەندی ٥-

ئێستا ئیدی ئەوەمان بۆ ئاشکرا و ڕووندەبێت، کە زەردەشت گرنکی و بایەخێکی زۆری داوە بە کشتوکێڵ و پەروەردەکردنی ئاژەڵی سوودمەند بۆیە دووبارە پرسیاردەکات:

((ئەی ئافەریدەی جیهان، پێنجەمین شوێنیك لە سەر گۆی زەوی کەوا زۆر شادمانە کوێیە؟))

وەڵامدەدرێتەوە:

((ئەو شوێنەی کە ئاژەڵ و ڕانی پتر بێت و ئەندازەیەکی زۆر پەینی تێدابێت))

ڤەندیداد- بەشی سێیەم- بەندی ٦

هەروەها ئاهورامەزدا دەبێژێ:

((ئەی زەردەشت سپەنتمان، کەسێك بە دەستی چەپ و راست زەوی دەکێڵی، لە ئاکامدا زەوی بە چەپ و راست بەرهەمی فراوانی بۆ بەرهەم دەهێنی، هەروەکو دڵدارێك کە لە تەك دولبەری خۆیدا منداڵێکی زۆر دروستبکەن، هەروەها زەوی بۆ ئەو کەسە بەرهەم وەبەر دێنێت.))

ڤەندیداد–بەشی سێیەم– بەندی ٢٥-٢٩

زەردەشت هەمیشە ئامۆژگاری خەڵکی کردووە و پێی ڕاگەیاندوون کەسێك کە خەریکی کشتوکێڵ و پەروەردەی ئاژەڵی سوودمەند نەبێت، دوو چاری پاشەگەردانی دەبێت و لە ئاکامدا دەکەوێتە گە دایی و سوالکردن بۆ پارچە نانێك و لەنێو خەڵکدا ڕیسوا و سەرگەردان دەبێت.

پەراوێزەکان:

١) لە کتێبی (قاموس قرأن) نووسینی سید علی اکبر قرشی، بەرگی٣، ٤ _ل ٨٨، دەربارەی وشەی (رس) لە سورە (ق) و (فرقان)دا دەبێژێ:

(وا دەردەکەوێت کە ناوی جێگە و شوێنێك بێت کە نەتەوەیەك تیایدا جێگربووبن).

لە نهج البلاغە خوتبەی ١٨٠ عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەبێژێ: (أین اصحاب مدائن الرس الذین قتلوا النبیین)، لەم وتەیەدا وا دەردەکەوێت کە چەندین شار هەبووبێت بە ناوی رس، کە خەڵکی ئەو شارانە پەیامبەرەکانیان کوشتووە.....

لەوە دەچێت مەبەست لە (رس)، ڕووباری ئاراسی ئێستا بێت کە دەکەوێتە باکووری ئازەربایجان و درێژایی ٨٠٠ کیلۆمەترە، سەرچاوەکەی لە کێوەکانی باکوری کوردستان و پاش ئەوەی بە دەشتی موغان تێدەپەڕێت، لەتەك ڕووباری (کورا) یەکدەگرن و دەڕژێنە نێو دەریای خەزەرەوە. لە بەشێك لە دەورو بەری ئەم ڕووبارە گەورەیەدا، شارستانییەتێکی مەزن هەبووە کە ئێستا نەماوە، شارەکانی (رس) کە لە نهج البلاغە باسیان لێکراوە، بریتین لەو شارستانییەت و شارە دێرینانەی ئەو سەردەمە.

هەروەها مەحمەد عەبدە لە شیکردنەوەی ئەو خوتبەیەی نهج البلاغە دەبێژێ کە مەبەست لە (رس)، ڕووباری ئاراسە

صافی، لە ڕاڤەی قورئاندا دەبێژێ:

((رس) ڕووبارێکە لە ناوچەی ئازەربایجاندایە)

شایانی باسە، بێژین، لە وانەیە مەبەست لە (مجوس) کە لە ئایەی (١٧)ی سورەی حەج هاتووە، هەمان اصحاب الرس بێت، یا خود (مجوس) نەوەی ئەوان بن.

٢) ئاریاییەکان: ئەو خێڵە کۆچەریانەن کە لەمێژەوە لە چەندین قۆناغدا، لە باکووری ئەوروپا یا باشووری رووسیاوە کۆچیان کردووە. بە گەیشتنیان بۆ دەڤەری ئێران وبج دەستەیەکیان بەرەو هندستان ڕۆیشتوون، بەشێکیان لەناوچەی هەرات و خۆراسان نیشتەجی بوون، دەستەیەکیشیان لە ڕێگەی (هشترخان) و (کریمە) بەرەو کوردستان و ئازەربایجان کۆچیان کردووە.

زمان و فەرهەنگ و بڕێك تایبەتکاری هاوبەشی دیکەش لەنێو ئەو خێڵانەدا هەبووە، تەنانەت ئەو ئاریاییانەی، کە لە ڕێگەی (ئاسیای چکۆلە)وە بەرەو یۆنان و ئەوروپا کۆچیان کردووە، ئەوانیش هەر بەم شێوەیە بوون.

خێڵە ئاریاییەکان کە بەرەو دەڤەری ئێران ویج هاتوون لەتەك دانیشتووە ڕەسەنەکانی ناوچەکەدا تێکەڵاوبوون. یەکی لە و خێڵانە (ماد)ەکان بوون کە لە دەوروبەری ٢٠٠٠ پ.ز بەرەو ناوچەی کوردستان کۆچیان کردووە.

شایانی باسە، ئەوانەی بەرەو هیند و ئێران کۆچیان کردووە، خۆیان بە ئاریایی دەناسێنن.

کۆنترین نووسراو کە دەربارەی ئاریاییەکان نووسراوە، کتێبی ریگ ویدایە rig veda لە هیندستان و کتێبی ئاڤێستای زەردەشتە. لە هەردوو کتێبەکەدا وشەی ئاریا بەمانای ڕەسەن و میواندار لێکدراوەتەوە.

لە ئاڤێستادا، خاکی ئاریاییەکان بە ئاریا نام وایجا arya naum vaeja وە یا ئاران وژ (ئێران ویج) ناوبراوە. لە تەوراتدا، ئاریاییەکان لە نەوەی یافث کوڕی نوح لە قەڵەم دراوە.

دکتۆر عبدالعظیم رەزایی لە کتێبی: (تاریخ دە هزار سالە ایران)

بەرگی یەکەم. ل ١٨٠ دەبێژێ:

((فەرەیدون هەموو ئەو ناوچانەی لەژێر دەستیدا بوون بەسەر سێ کوڕەکەی خۆیدا دابەشکرد. دەڤەری ئێرانی دا بە یەکێك لە کوڕەکانی، کە ناوی ئیرەج بوو. هەر لەو کاتەوە ئەم دەڤەرە بە ئاریا ویج یا ئارین ویج یا ئارین واج ناودەبری و بەمانای سەرزەمینی ئێرانییەکانە.

پارسەکان و مادەکان خۆیان لە ڕەچەڵەك و نەژادی ئەمانە دەزانن)).

م.ئاورنگ، نووسەری کتێبی (بررسی یسنا – هات ٩ لاپەڕە ١٠٦) دەبێژێ: یەکەمین جار کە زەردەشت ستایشی ئاهورامەزدا دەکات لە دەڤەری ئێران ویج بووە، سەبارەت بەم ناوە دەبێژێ:

(وشەی ئاڤێستایی (ئەئیرین واجە) یا (ئەئیریەنە واجەنگە) کە بە پەهلەوی و فارسی بۆتە (ئیران ویج)، (ئاریا ویج)، (ئاریا ویژ) پێکهاتووە لە دوو بەش، بەشی یەکەم (ئەئیریەنە) لە (ئەئیریە) وەرگیراوە بە مانای (پاك نەژاد)، (نەژادی ڕەسەن و مەزن)، (بەڕێز)، (ئازاد). ئێستاش بۆتە (ئاریا).

بەشی دووەمی (واجە) یا (واجەنگە) بەمانای (مایە) و (توخم) و (دانە و نەژاد) و (بنج و بناوانە). تێکرا وشەکە بە مانای (توخمی ڕێزدار)، (نەژادی ڕەسەن)، (نەژاد ئازاد)، (پاك بونیاد) و (توخمی شیاو)ە. نووسەر دەبێژێ: بە گوێرەی نووسینەکانی ئاڤێستا (ئاریا ویج) لە دەوروبەری ڕووباری (دائیتی)یە کە زۆر بە پیرۆزی ناوی لێبراوە، زۆربەی زۆری لێکۆڵە ڕەوەکان ئەم ڕووبارە بە ڕووباری (ئاراس)ی دەزانن، نووسینە کۆنەکان بە زمانی پەهلەوی زۆر بە ڕاشکاوانە(ئێران ویج) بە دەڤەری ئاتەرپادەگان دەزانن و شوێنی لەدایکبوونی زەردەشتیش هەر بەو شوێنە دەزانن،گرنگترین بەڵگەی نووسراو لەم بارەوە کتێبی (بوندهش)ە کە لە بەشی ٢٩ بەندی ١٢ دەبێژێ ئێران ویج لە دەڤەری ئاتەر پادەکانە. هەروەها لە بەشی ٣٢ بەندی ٣ دەبێژێ: کاتێك زەردەشت پەیامەکەی ڕاگەیاند، سەرەتا لە

ئێران وێج ستایشی ئاهورامـەزدای کـرد و (میـدیوماه)ی ئـامۆزای پـەیڕەوی لـە ئایینەکـەی کـرد. هەروەها دەربارەی ڕووباری (دەرەجە)ش کە باوکی زەردەشت لە کەنار ئەو ڕووبارەدا ژیـاوە لـە کتـێبی (ڤەندیداد) بەشی ١٩ بەندی ٤ دەبێژێ ماڵی پوروشەسب باوکی زەردەشت لەسەر بەرزاییەك لە کـەنار ڕووباری دەرەجە بووە. لە بەشی ٢٠ بەندی ٣٢ هەمان کتیب (بوندهش) دەبێژێ ڕووباری (دەرەجە)لـە دەڤەری (ئیران وێج)ە. تێکرا و پوختەی ئەم باسە ئەوەمان بۆ ڕوون و ئاشکرادەکات کە دەڤـەری ئـیران وێج و ڕووباری (دائیتی) و ڕووباری (دەرەجە)، هەر سێکیان لە یەك ناوچەدا بـوون و ئـەو ناوچەیەشـی کوردستانە، باوکی زەردەشتیش و خودی خۆشی لە وێڕادا ژیاون.

زاناکان سەبارەت بە کات و مێژوو و ڕێڕەوی ئەم کۆچـە بـە ١٨٠٠-٢٠٠٠ سـاڵ پ.ز دەزانـن و هەندێکیان بە ٤٠٠٠-٥٠٠٠ پ.ز دەزانن. هۆی کۆچی ئاریاییەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە لـە سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز، خێڵە ئاریاییەکان لە خوارووی ڕوسیا لە ناوچـەی دەریـای ئـاراڵ تـا وەکو ڕووباری وەلگای خوارەو و سەروو قەوقاس بە شێوەیەکی جیاجیا و بلاو لە یەکترده ژیان.

هەر لەو کاتەوە بە هۆی داهاتنی سەرما و سـەهۆڵبەندان و کەمبوونـەوەی لـە وەرگـا و... کـۆچ دەست پێدەکات. هەر وەکو ئاماژەمان پێکرد (ماد)ەکان بـەرەو کوردسـتانی ئێسـتا کۆچـیان کـرد و تێکەل بە دانیشتووە ڕەسەنەکانی ناوچەکە بوون کە بۆ ئەو سەردەمە خـاوەنی شارسـتانییەتێکی بـاش بوون، بۆیە زوتر لە کۆچەرەکانی دیکە یەکیان گرتووە و شار و دەوڵەتیان پێکناوە.

٣) تیشتەر: ئەستێرەی تیشتەر، تیشکدەر، هەمان هەسارەی گەلاوێژە.

٤) ماد: وشەی ماد هەر لەمێژەوە بەم شێوانەی خوارەوە باسی لێکراوە:

لە ئاڤێستا بە ناوی مرۆ marou_

لەسەر خشتەی نووسراوەکانی هەخامەنشییەکاندا مادا mada_

بە زمانی ئەرمەنی مار mar_

بە زمانی پارتییەکان مات mat _

لە کارنامەی ئەر دەشێری بابەکان مادیك madik _

لە سەردەمی ساسانییەکاندا مای may _

لە سەردەمی ئیسلامدا ماه، ماژ، ماد _

بە زمانی ئیلامی ماتابە matabe _

بە زمانی عبری کۆن مادای maday _

بە زمانی ئاسووری ماتای matay و ئامادی amady _

بە زمانی یۆنانی کۆن مدی، مد made _mady

هەروەها سەرزەمینی ماد لە ئاڤێستادا (ڤەندیداد بەشی یەکەم – بەندی ٦) بەم شێوەیە باسکراوە:

(ئەز کە ئاهورامەزدام، لە خاسترین شوێن و جێگاکاندا، سێیەمین کیشوەرم دروستکرد، کە (مرۆ)یە و خەڵکەکەی دلێر و ئازا و پیرۆزن. لە وێرادا ئەهریمەنی خوێنرێژ دژایەتی خەڵکەکەی کرد و خراپەی بڵاوکردەوە. هێرۆدت، مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنان، ناوی شەش خێڵ یا تایفەی هێناوە، کە دەبێژێ:

مادەکان لەم شەش خێڵە سەرەکییە پێکهاتبوون:

١- بوسی یەکان Bousia
٢- پارتکن Paretakenoi
٣- ستروخات Strukhat
٤- ئیری زانتو Air Zantos
٥- بودی Boudid
٦- ماگوی،ماژ،ماکوش،مۆغ Magoi

کە ئەمەی دواییان لە ناوچەی کوردستاندا ژیاون، سەبارەت بە مۆغەکان لە پاشاندا زانیاری زێتر دەخەمە بەر چاو.

ا.م. دیاکونوف لە کتێبی (تاریخ ماد) ل-١ دەبێژێ:

(... لە سەردەمی زۆر دێریندا ،دەوڵەتی ماد و پێش ئەویش دەوڵەتی ماننا ، دوو دەوڵەتی فرە مەزن و شکۆیان پێکهێنابوو.)

دەوڵەتی ماد لە تەك ئەوەی کە زۆری نەخایاند (٧٢٧-٥٤٩ پ.ز) بەڵام ئەرکێکی مێژوویی گرنگی لەسەر شان بوو. مادەکان توانییان ئەو کۆتو زنجیرەی کە ئاشوورییەکان کردبویانە گەردەنی میللەتانی هەموو ناوچەی رۆژئاوای ئاسیا بپچڕێنن و خەڵکەکە لەو زۆر و ستەمی ئاشوورییەکان رزگار بکەن. مادەکان هێرشی سەکاییەکانیان ڕاگرت و زۆر لەو خێڵ و میللەتانەی کە بە شێوەیەکی زۆر دواکەوتوو دەژیان ، خستە نێو بازنەی شارستانییەتی ئەو سەردەمە و فەرمانبەرداری یاسای دەوڵەتی کردن.

لە ڕاستیدا ئەو ئامۆژگاری و پێگەیاندنانەی کە لە پاشاندا بووە کۆڵەکە و ژێرخانی پەیام و ئاینی زەردەشت، وە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پێشخستن و تکاملی بیر و هزری هەموو خەڵکی ئەو سەردەمە ، لە سەرچاوەی قەڵەمڕەوی دەڤەری پاشایەتی ماد هەڵقوڵا و پەرەی سەند.

زۆربەی زۆری سەرزەمینی ماد لە دەڤەرێکدا بوو کە کەوتبووە باشووری ڕوباری ئاراس)

یەکەمین فەرمانڕەوای مادەکان کە شاری ئـە کباتـانی (هەمـەدانی) بونیاتنـا و بـەردی بناغـەی دەوڵەتی مادی دامەزراند ناوی دیاکو (دیوك Deiokes) بووە و ٥٣ ساڵ فەرمانڕەوایەتیکردووە (ئەم دەوڵەتە پێکهاتبوو لە یەکگرتنی ١٥ خێڵی سەرەکی ناوچەکە). پاش ئەو کورەکەی بە ناوی فرەوەرتیش Phraortes ماوەی ٢٢ ساڵ فەرمانڕەوایەتی کردووە و پارسەکان (فارسەکان) و نەتەوە و خێڵەکانی دیکەی ئاسـیای خسـتۆتە ژێـر رکێفـی دەوڵەتەکەیـەوە، دژی ئاشـوورییەکان کەوتۆتـە شـەڕ، بـەڵام سەرنەکەوتووە و شکستی خواردووە. کەیئوخسار (هوخشترە) کوڕی فەرەوەرتیش سەرلەنوێ سوپایەکی گەورەی پێکەوەناوە و ماوەی ٤٠ ساڵ فەرمانڕەوایـەتیکردووە. ویسـتی شـاری نەینـەوای پایتـەختی ئاشوورییەکان بگرێت، بەڵام شکستی خوارد، چونکە سوپای سەکاییەکان یارمەتی ئاشوورییەکانیان دا و لەو جەنگەدا رزگاریانکردن.

کەیئوخسار سەکاییەکانی بەزاند و پاشان لـە تـەك بابلییەکانـدا لـە سـاڵی ٦١٢ پ.ز دەوڵـەتی ئاشوورییەکانیان بە یەکجاری لەناوبرد، پاش کەیئوخسار، کوڕەکەی واتە ئاسـتیاگ (ئیشـتوویگو)بۆتە فەرمانڕەوا و ماوەی ٣٥ ساڵ حوکمڕانیکردووە. دواجار لە ساڵ ٥٤٩ — ٥٥٠ پ.ز بە هۆی خیانـەتی بڕێك لە سەرکردەکانی سوپای ماد بە تایبەتی (هەرپاگە) کە لە تەك کورشی فارسـیدا رێـك کـەوتن و دەوڵەتی ماد شکستی هێنا. بە بۆچوونی هیرودت مادەکان ماوەی ١٢٨ ساڵ فەرمانڕەوایەتیان کردووە.

بەڵام بە بۆچوونێکی دیکە ماوەی ١٧٤ ساڵ فەرمانڕەوایەتییان کردووە و بەم شێوەیە بووە:

دیاکو ٧٢٧ — ٦٧٥ پ.ز / ٥٢ ساڵ

فرەوەرتش ٦٧٤ — ٦٥٣ پ.ز / ٢١ ساڵ

مادەکان و سەکاییەکان ٦٥٢ — ٦٢٥ پ.ز / ٢٧ ساڵ

کەیئوخسار ٦٢٤ — ٥٨٥ پ.ز /٣٩ ساڵ

ئاستیاك ٥٨٤ — ٥٤٩ پ.ز / ٣٥ ساڵ

کۆی هەموو١٧٤ ساڵ

٥) دوغدو: بە مانای شیردۆش (بێریڤان)ە، دوغدو لە گوندی (لەج، رەج) لە (شارۆیران)ی مەهاباد لەدایکبووە.ئەم (لەج)ە لە کۆندا بە زمانی ئاڤێستایی (رەگا) بووە.

دەبێژن گۆڕی دوغدو لە گوندی (ئەمبی، ئەمبە) لە رۆژهەڵاتی کوردستان نزیك شاری ورمێیە.

٦) زەردەشت: هەندێ لە مێژوونووسان دەبێژن زەردەشت سەرەتا ناوی (سپەنتمان) بـووە، کـە بـە مانای سپیترینە و پاش ئەوەی لەلایەن ئاهورامەزداوە بە پەیامبەری هەڵبژێرا، ناوی (زەردەشـت)ی لـە خۆی ناوە، کە ماناکەی دەبێتە (ڕووناکی زێڕین).

٧) گات : یاخود گاپ، گرنگترین بەشی ئاڤێستایە کە لە وتەکانی زەردەشت خۆیەتی، لە پاشاندا لە باسی ئاڤێستادا بە دوور و درێژی باسی لێدەکەین.

٨) کەیان: کەیانییەکان، خونکارانێك بوون کە لە رۆژهەلاتی ئێران و خۆراسانی ئێستا فەرمانڕەوا بوون. هەندێ لە رۆژهەلاتناسان لەو باوەڕەدان، کە لەبەرئەوەی یۆنانییەکان بە هیچ جۆرێك باسی ئەم کەیانییانەیان نەکردووە، دەبی ئەمانە ئەفسانە بووبن و لە مێژوودا نەبووبن. بەلام ئیمرۆ دەتوانین بێژین کە کەیانییەکان هەبوون و لە ئاڤێستادا ناویان لێبراوە.

نووسەرە ئیسلامییەکان دەربارەیان زۆر شتیان نووسیوە. بەناوبانگترین خونکارانی کەیانی بریتیبوون لە: کەیقوباد_کەیکاووس_سیاوەش_کەیخوسرەو_لوهراسەب/ویشتاسەب یا گوشتاسەب_ئەسفەندیار_زەریر. خوالێخۆشبوو ئایەتوللا مەردوخی کوردستانی لە کتێبی (برجستگان جیهان) ل_١١٩ دەربارەی کەیانییەکان دەبێژێ:

(دامەزراندنی دەولەتی کەیانییەکان بەم شێوەیە بووە:

پاش مردنی گەرشاسەب کە دوا خونکاری پێشدادییەکان بووە، ناوچەکە تووشی نوشوستی و بەرەلاییەکی ترسناك بووە.

سەرەك هۆزەکانی زابولستان و کابولستان، کەیقوبادی کورد، کە سەرەك هۆزی (بوز) بووە، لەبەر ئەوەی پیاوێکی ژیر و دادپەروەر و لێهاتوو بووە، هەلدەبژێرن بۆ خونکاری. لە سالی (١٤٧٥)ی پێش کۆچی (هجرت)، لەسەر کورسی خونکارێتی دادەنیشێت. ئەفراسیاوی پێشدادی کە لە ناوچەی تۆران بووە خۆی بە جێگر و جێنشینی گەرشاسەب داناوە، وتویەتی بە گوێرەی نەریتی **(وراثت)**، ئەو دەبێ ببێتە خونکار. لەبەرئەوە دژی ئەو هەلبژاردنە راوێستاوە و شەڕی نێوان ئێران و تۆران ئیدی هەر لەوێوە دەست پێدەکات. رۆستەمی زاڵ لەم شەڕانەدا ناوبانگی دەرکردووە. رەچەلەکی ئەفراسیاو دەگاتەوە سەر جەمشیدی پێشدادی بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەفراسیاو کوڕی پەشەنگ کوڕی زادشەم کوڕی تور کوڕی فەرەیدون کوڕی ئابتین کوڕی جەمشیدی پێشدادی. بەلام رەچەلەکی کەی قوباد کە یۆنانییەکان پێی دەبێژن (ئارباسی کورد)، دەگاتەوە سەر کوردۆ کوڕی مادای بەم شێوەیە:

کەیقوباد کوڕی زاك کوڕی نورگان کوڕی سوسان کوڕی ئارمین کوڕی ئارجان کوڕی ئارشین کوڕی ئاروین کوڕی ئارجان کوڕی مانیشاد کوڕی توژگان کوڕی نورگان کوڕی سوسار کوڕی کوردۆ کوڕی مادای کوڕی یافث کوڕی نوح .

لە فەسڵی ٣١ (بندهش) ڕەچەڵەکی کەیانییەکان بەم شێوەیەیە:



* هەئوس رە وە: لە ئاڤێستادا بە مانای (خۆشناو) یا (ناوخاس)ە، پاشای دەڤەری خونیرەس (خونیرث) بووە.

٩) دینکرد: ئەم کتێبە یەکێکە لە گەورەترین و بەناوبانگترین ڕاڤەکانی ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکان کە گۆراوەتە سەر زمانی پەهلەوی. ئەو ڕاڤانەی کە لەم کتێبە دا دەربارەی ئایینی زەردەشتی و مانالێدانەوەی ئاڤێستا کراوە، بۆتە سەرچاوە بۆ زۆربەی زۆری ئەو کتێب و نووسینانەی کە لە پاشاندا بە زمانی پەهلەوی نووسراونەتەوە. ئەوەی لە شێوەی نووسینی کتێبی دینکرد وەبەرچاودەکەوێت وا پێشاندەدا کە ئەم کتێبە لە سەردەمێکی دیاریکراو و بە دەست تاکە یەك کە سەوە نەنووسراوە، بەڵکو لە سەردەمی جیاواز وە بە دەست چەندین زانای زەردەشتی کە هاوچەرخی یەکتریش نەبوون نووسراوەتەوە.

بە گوێرەی داستانی زەردەشتییەکان ئەم کتێبە بۆ یەکەمین جار لە سەردەمی گوشتاسەب شای کەیانی و بە دەستی یەکێ لە قوتابییەکانی خودی زەردەشت نووسراوە.

ئەم کتێبە لە سەردەمی ئەسکەندەری مەقدونیدا لە کتێبخانەی (دژنپشك) سووتێنراوە. لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە هۆی (تەنسەر)ەوە کە یەکی لە گەورەترین زاناکانی ئەو سەردەمە بووە، دەستکراوە بە کۆکردنەوەی ئەو نووسینانەی (دینکرد) کە پەرشو بڵاو و هەرەیەکە لە شوێنێکدا بووە. لە سەردەمی مەئمونی عەباسی (١٩٨ — ٢١٨) هجری ئەمجارەیان لەلایەن ئازەرفەرنبوغ کوڕی فەروخزاد دووبارە کۆکرایەوە، پاشان لەلایەن ئازەربوود کوڕی هەمەد تەواوکرا و بە شێوازی کتێب دەرهات. ئەم ئازەربوود کوڕی هەمەدە، کە پێشەوایەکی زەردەشتییەکان بووە دەبێژێ: (ئەز کە پێشەوای ئایینی مەزداپەرستم بە یارمەتی ئەهورامەزدا دەستم کرد بە کۆکردنەوەی هەموو ئەو ئاسەوارانەی بە شێوەی پەرشوبڵاوەوە لە هەر لایەك بووبێت کۆمکردنەوە و کارم لە سەر کردن و توانیم کتێبێك بنووسمەوە.)

١٠) پلینووس: مێژوونووسی بەناوبانگ، پاڵپشتی ئەم ڕووداوەیە و دەبێژێ زەردەشت تەنی کەسێك بووە کە لە کاتی لەدایکبووندا پێکەنیوە.

١١) خوالێخوشبوو پورداود کە یەکێك بووە لە مەزنترین ئاڤێستاناسانی ئێران دەبێژێ:

شیز یا (گنجك) لە ڕۆژهەڵاتی گۆڵی ورمێ بووە، ئیمرۆ پێی دەبێژن (تخت سلیمان). لەم شارەدا ئاتەشکەدەی ئازەرگوشەسبی لێبووە. ئەم ئاتەشکەدەیە، یەکی لە سی ئاتەشکەدە هەرە گرنگ و

پیرۆزەکانی کۆن بووە. ئەم ئاتەشکەدەیە شوێن نزرگەی خونکاران و سەردارانی ئەو سەردەمە بووە، پایەیەکی بەرز و تایبەتی هەبووە.

گەنجینە و سامانێکی یەکجار زۆری تێدا حەشار درابوو، بۆیە پێیان گوتووە: (گنجك).

(پیوفانس)، مێژوونووسی یۆنانی (٧٥٠ — ٨١٧م) لە مەڕ سامانی گنجك دەبێژێ:

پەرستشگایەکی گەورە بووە، گەنجینەیەکی گەورەی هەبووە هەر وەك گەنجینەی کرزوس (Kroisos)ی شای لیدی وابووە. هراکلیوس، بە سوپایەکی ١٢٠ هەزار یەوە هێرشی بردۆتە سەر ئەم شارە پیرۆزە لە سەردەمی شایەتی خەسرەو پەرویز و ئاتەشکەدەی ئازەر گوشەسبی وێران و تالان کردووە.

بۆئەوەی خوێنەری هێژا پتر دەربارەی شیز یا تەختی سلیمان شارەزایی پەیدابکەن، وای بە باش دەزانم کورتەیەك دەربارەی ئەو شارە باس بکەم:

تەختی سلێمان، شوێنەوارێکە لە ناوچەی هەوشار کە ئیمرۆ لە رووی جوغرافییەوە بەشێکە لە ئازەربایجانی رۆژئاوا لە رۆژهەلاتی کوردستان، لەلای باکووری رۆژئاواوە لکاوە بە شاری مەراغە و ورمێ، لەلای باشووری رۆژهەلات بە (خەمسەی زەنجان)، لەلای رۆژئاواوە بە بەشێك لە پارێزگای کوردستان و لەلای خوارەوە بە شاری (سنە)ی رۆژهەلاتی کوردستان و ناوچەی (گەروس)ی بیجار. تەختی سلیمان ١٥٠ کلیۆمەترێك لە شاری ورمێوە دوورە. ئەم شارە لە پاڵ کێوی (بەلقیس) بە سەر تەپۆلکەیەکەوەیە، کە نزیکەی ١٥ مەترێك لە زەوییەکانی دەورووبەری بەرزترە. شوورەیەکی بە دەورەوەیە، کە دوو دەروازەی هەیە، یەکێکیان رووە و باشوورە و ئەوی دیکەیان رووە بە باکوورە. لە ناوەڕاستی شوورەکەدا گۆلێکی بازنەیی وەبەرچاو دەکەوێت، کە بازنەکەی نزیکەی ١٠٠ مەتر دەبێت و قووڵاییەکەی ٤٧ مەترە.

لەنێو شوورەکەدا، شوێنەواری چەندین تەلار و باڵەخانەی رووخاو وەبەرچاودەکەوێت، ئەم شوێنەوارانە وا پێشاندەدەن، کە کاتی خۆی ئەم ناوچەیە ئاوەدان بووە و تەلارەکانی فرە شکۆمەند و گەورە بووە. تەپۆلکەیەك لە بەشی دەرەوەی باکووری قەلاکە بەرچاودەکەوێت، کە بە ئاتەشکەدە ناسراوە. لە رۆخی رۆژئاوای زرێبارەکە، ئاسەواری چەندین خانوو و کۆشکی تایبەتی بەرچاودەکەوێت، کە لەوە دەچێت لە کاتی ئاوەدانی ناوچەکە، فرە شکۆمەند و کۆشکی شایەتی بووبێت. لە نزیك تەختی سلێماندا، چاڵێکی فرە قووڵ هەیە پێی دەبێژن: زیندانی دێو.

١٢) ڕووباری دائی تی:

یەکی لە گەورەترین و گرنگترین سەرچاوەکانی ڕووبارێکە بە ناوی (شهرچائی)، کە لە زنجیرە چیاکانی زاگروسدایە و دەکەوێتە سەر سنووری نێوان ئێران و تورکییە، لە ٥٠ کلیۆمەتری باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری ورمێیە.

لە نەخشەی (سازمان جوغرافیای ایران) بە ناوی دائیوتاپ (دائی تی اب) تۆمار کراوە،

١٣) بە گوێرەی بۆچوونی بڕێك لە نووسەرانی زەردەشتی، نووسەری کتێبی (زراتشت نامە)، بهرام پژدو نەبووە، بەڵکو ئەم تەنیا هەڵساوە بە لە بەر نووسینەوەی ئەو کتێبە. نووسەری ئەو کتێبە کەسیك بووە بە ناوی کەی کاووس پور کەی خەسرەو پور دارا.

١٤) خوالێخشبوو عمادالدین دولتشاهی، لە کتێبی (جغرافیای غرب ایران یا کوههای ناشناخته اوستا) ل - ١٥٠ دەبێژێ:

ئەم وشەیە بە مانای شوێنێکە کەئاودڕ بێت و ناوی کێوێکە لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم شارە (سنە) لە دامێنی ئەو چیایەدا بونیادنراوە، بەرزایی ئاویدەر (ئاویەر) ٢٠٠٠ مەترە و لە سەر لوتکەکەیدا کانیاوێکی لێهەڵدەقوڵێت و هەروەها لە بەرزاییەکانی دیکەی ئەم کێوەدا چەند کانیاوێکی سارد و شیرینی دیکەی لێهەڵدەقوڵێ. هەر بەم بۆنەیەوە یە کە پێی دەبێژن ئاویەر، واتە شوێنێك کە ئاوی لێهەڵدەقۆڵێ.

١٥) گەوهەر، جەوهەر، مانای زات، هەوێن، بنیات، بوون و ڕاستی هەر شتێکە.

١٦) گرەهما: یەکی لە نەیارە سەرسەختەکانی زەردەشت بووە.

کەرپەن: پیاوی ئایینی خۆرپەرستی و لە نەیارانی زەردەشت بوون و لە ئاڤێستادا بە گومڕا باسکراوە و دەبێژێ کە ئەمانە کەسگەلێکن کە گوێیان هەیە بەڵام نابیستن.

١٧) کاوی، کەوی، کەی:

لە سەردەمی زەردەشتدا، کەوییەکان فەرماندەی خێڵ و هۆز بوون و لە هەمانکاتدا سەرۆکی ئایینی ئەو تیرە و هۆزەش بوون.

کەوایە کەوییەکان سەرۆکی خێڵ و گەورەی پیاوە ئایینییەکانی ئەو سەردەمە بوون. بەردەبەرە کەوییەکان دەسەڵاتیان پتر بوو، بوونە دەسەڵاتداری یەکەم واتە حاکم یا پاتشا، کە کاوی قوباد (کەیقوباد) و کاوی خەسرەو (کەی خەسرەو). وادەچێت کە وشەی (کاکە) کە لە زمانی کوردی سەردەمدا بۆ ڕێز لێنان بەکاردەهێنرێت لە وشەی (کەی) ئاڤێستایی وەرگیرابێت.

١٨) هوم: گیایەك بووە لەو سەردەمەدا لە ناوچە شاخاوییەکانی ئێران بە تایبەتی لە ناوچەی کوردستاندا بووە. ئەم گیایە لەو سەردەمەدا بی باوەڕەکان ریزێکی تایبەتیان لێدەگرت.(ئاو) یا شیلەی ئەم گیایەیان دەخواردەوە و پێی مەست دەبوون، داوای یارمەتی و هاریکارییان لێدەکرد و قوربانییان پێشکەش دەکرد.

دوکتور عبد العظیم ره زابی لە کتێبی (تاریخ تمدن و فرهنگ ایران) ل — ١٨٥-١٨٧

دەبێژێ: ئەم گیایە لە ئاڤێستادا پێیی دەبێژری هەئوما وە بە زمانی سانسکرێت سوما و لە فارسیدا (هوم)ە. لە سەردەمی فرە دێریندا لە ناوچەی ئێران بە هۆی پیرۆزی ئەم گیایەوە ئێزەدێکیان بۆ دیاریکردبوو بە ناوی ئێزدەی هەئوما کە ئەرکی پاسەوانی بووە لەم گیایە. بە گوێرەی داستانە کۆنەکان وا دەردەکەوێت کە پزیشکێك بە ناوی هەئوما ئەم گیایەی دۆزیوەتەوە و ناساندوویەتی. لە یەسنای ١٠ بەندی ١١ شوێنەوار و ژینگەی ئەم گیایە لە کۆنەوە بەشیك لە کێوەکانی هندوکش (لە رۆژهەلاتی کوردستان) و ناوچەی رۆژهەلاتی کێوی ئەلبورز (هەرەبەرزە) بووە. ئێستا ئەم گیایە پتر لە ئەفغانستان و تەبەت و کشمیر و دامێنی هندوکش دەڕوێت. بە شیلەی ئەم گیایە دەبێژن پراهوم و سیفەتی نەمرێتی پێدراوە. دروستکردنی ئەم شیلەیە لە گیای هوم بە هۆی بڕێك ڕێورەسمی تایبەتییەوە لەلایەن شەش کەس لە پیاوە ئایینییەکانەوە ئەنجامدەدرێت. رەنگی شیلەکە قاوەییە و تامی لەنێو دەمدا تفتە. حەکیم مۆمن لە کتێبی (تحفه المؤمنین) دەبێژێ: هومی مەجوسەکان گیایەکە پێکهاتووە لە لاسکێکی باریك و ڕەق ، گوڵەکەی زەردیکی مەیلە و تۆخە و هەروەك گوڵی یا سەمەن وایە و گەڵاکانی فرە وردن و لە تیرەی ئەرخەوانی زەردە. لقی وشکبووەوەی ئەم گیایە بەبێ گەڵا و پڕە لە گرێ ، هەروەك لقی ڕەز(ترێ) وەهایە و بە هۆی ئەستووری و ڕەنگییەوە لە (کا)ی گەنم دەچێت.

١٩) بڕوانە کتێبی: زرتشت، مزدیسنا و حکومت — نووسین جلال الدین اشتیانی ل - ١٦٠

٢٠) بۆ زێتر شارەزایی وەرگرتن لەم بارەوە، بڕواننە ئەم سورەتانە لە قورئانی پیرۆز :

سورەی ئیبراهیم ئایەتی ٤

سورەی ئەنعام ئایەتەکانی ٢٥ — ٥٩-١٠٤-١٠٧-١١٢-١٢٥

سورەی رەعد ئایەتەکانی ١٣-٢٦-٢٧

سورەی ئەعراف ئایەتی ١٥٥

سورەی فاطر ئایتەکانی ٨-١١-٢٨

سورەی نحل ئایەتی ٩

٢٣) خاوەنی دەشتی پان و بەرین، سیفەتێکە کە هەمیشە بۆ میترا (میهر) بە کار دێت، چونکە میترا ئیزەدی دوستایەتی و پەیمان و راستی و تیشك و ڕووناکییە، سەرانسەری ڕووی زەوی و دەشتی پان و بەرین جێگە و گۆرەپانی تێکۆشانییەتی. هەمو شتێك دەبینی و ئاگادارێتی.

٢٤) باپیری ئەردەشێر بە ناوی ساسان لە خێڵی چوپانان (شبانکارە — شوان کارە)ی کورد بوو و دایکی بابەك کچی یەکێ لە سەرەك هۆزەکانی بازرنگی کورد بووە و لە ناوچەی کوردنشینی فارس پەروەردە بوون، (رەشید یاسەمی کتێبی — کرد و پیوستگی نژادی او — ل ١٧١).

هەروەها لە کتێبی (تاریخ الرسل و الملوك، نووسینی طبري — ج٢ ، ل ٨١٧) دەبێژێ:

(کاتێك ئەردەشێر بانگەوازی پاشایەتی کرد، لەلایەن ئەردەوانی پێنجەم کە دواشای ئەشکانییەکان بووە، نامەیەکی بۆ دەچێت کە تیایدا دەبێژێ:

(أنك قد عدوت طورك و اجتلبت حتفك ايها الكردي المربي في خيام الاكراد، من أذن لك في التاج الذي لبسته...)

٢٥ . ئەو رووداوانەی لەو کتێبەدا (الفهرست) باسی لێکراوە دەبێژێ:

(ئەسکەندەری پاتشای یۆنان، کە لە یەکێك لە شارەکانی رۆم کە پێیی دەبێژرێت مەقدونییە، هێرشیکردووەتە سەر ئێران. دارای کوڕی دارا کە پاتشای ئەوسای ئێران بوو، کوشت و دەستی بە سەر وڵاتەکەیدا گرت. شارو کۆشك و تەلارە مەزنەکانی وێران و خاپوورکرد. بڕێکی زۆر لەو شتانەی، کە دەربارەی زانستەکانی ئەو سەردەمە بوو و لە سەر بەرد و چێو هەڵکەندرابوون و هەندێکی بە سەر دیواری کۆشکەکاندا هەڵکەندرابوون لە ناوبرد.

پاشان فەرمانی دەرکرد هەموو ئەو کتێبانەی کە لەلایەن پاتشاکان لە کتێبخانەکان (دیوانەکان) و گەنجینەکانی شاری (ئەستەخر) پارێزرابوون، لە پێشاندا بێگۆرنە سەر زمانی یۆنانی و قبطي و پاشان هەمووی بسوتێنن. بەڵام ئەو نووسینانەی دەربارەی زانستی پزیشکی و ئەستێرەناسی و سروشت بوون وە یۆنانییەکان پێویستیان پێبوو، لە تەك ئەو هەموو زێر و دەستکەوتانەی دەستیان کەتبوو، ڕەوانەی یۆنانی کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بڕێك لەو نووسراوانەی کە کاتی خۆی زەردەشت و جاماسب و پاتشکانی ئەو سەردەمە ناردبوویانە وڵاتی چین و هندستان مابوون، چونکە زەردەشت و جاماسب خەڵکیان ئاگادار کردبوو و پێشبینیان کردبوو کە کەسێك بە ناوی ئەسکەندەر هێرش دەکاتە سەر وڵاتەکەیان و داگیری دەکا و نووسراوەکانیان دەسووتێنێ. لەبەرئەوە بری لەو نووسراوانەیان ڕەوانەی ئەو ناوچانە کردبوو.

٢٦) دەخمە: (شاری خامۆشان)

بریتییە لە ساختمانێك کە لە سەر کێوێك یا بەرزاییەك دوور لە شار دروست دەکرا. جەستەی مردوو یان دەخستە نێو ساختمانەکە لە سەر بەردێك یا تەختێکی ئاسن. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا (یەك دوو دەمژمێر) باڵندە لاشخۆرەکان هەموو گۆشت و ناوسکی مردووەکەیان دەخوارد و تەنیا ئێسکەکانی دەمایەوە. ئەمە لە راستیدا کارێکی سروشتییە، چونکە لە سروشتدا هەموو ئاژەڵە گۆشتخۆرەکان، ئاژەڵی دیکە ڕاودەکەن و گۆشتی ئاژەڵی مردوو دەخۆن، واتە لاشە و جەستەی ئاژەڵ دەبێتە خۆراك بۆ ئاژەڵە گۆشتخۆرەکانی دیکە، بەم هۆیەوە پێشگیری لە پیسبوونی ژینگە دەکرێت.

پاش ئەوەی گوشتی جەستەی مردووەکە لەلایەن لاشخۆرەکان خورا، چاودێرەکانی دەخمە ئێسکەکان کۆدە کەنەوە و رۆیدەکەنە نێو چاڵێك کە لە نێودڕاستی دەخمە کەدایە و قسڵ و گۆگردی پێدا دەکەن بۆئەوەی بسووتێت و ببێتە خۆڵەمێش، لە پاشاندا بە هۆی ئاوی بارانەوە دەچێتە نێو چوار چاڵی دیکە کە لە چواردەورەی چاڵە سەرەکییەکەیە. بن و بەدەنەی چاڵە سەرەکییەکە بە بەرد و چیمەنتۆ داپۆشراوە بۆئەوەی تا ئەو کاتەی ئێسکەکان هێشتا بە هۆی قسڵ و گۆگردەکانەوە نەڕزیون و پاکنە بوونەتەوە، میکرۆبەکان تەشەنە نەکەن.

دواجار، پاش ئەوەی ئێسکەکان بوونە خۆڵەمێش و پاکیزە بوون، بە هۆی بارانەوە دەشۆرێن و دەچنە نێو چاڵەکان و پاش ئەوە بە هۆی تێپەربوون بە چەندین دەستگای پاڵاوتنەوە دەچنە نێو ناخی زەوی.

٢٧) مەبەست لەم ئاخافتنە پیرۆزە (سروودی پیرۆز)، سروودی (ئەهونەر)ە، کە لە ڕوانگەی زەردەشتییەکانەوە کۆنترین و گرنگترین و پیرۆزترین و پاکترین وتە و فەرمانی ئاسمانییە، کە لەلایەن ئاهورامەزداوە ئیلهام بووە. پەیڕەوی لەم سروودە، بەختەوەری و خۆشی مرۆڤ و پێشکەوتنی جیهان و بارودۆخی ژیانی خەڵك خاستر دەکات.

لەم سروودە پیرۆزەدا سێ جۆر ئامۆژگاری وەبەرچاودەکەوێت:

یەکەم: پەروەردەی دیاردە و نیشانەکانی راستی و دروستی و پاکی، دوورەپەرێزی لە خراپە.

دووەم: هەر کارێك ئەنجام دەبێت، پێویستە لە ناخی دڵەوە و بە ناوی ئاهورامەزداوە ئەنجام بدرێت. ئەو کەسەی بە کارێك هەڵدەستێت نابێ تەنیا بەرژەوەندی خۆی رەچاوبکات، بەڵکو بەرژەوەندی کۆمەڵگای زێتر مەبەست بێت. لەم رووەوە دەتوانی لە بەخشین و خەڵاتی (وەهومەن) یانی بیری خاس و ویژدانی ڕووناك و هۆشی خواپێداو سوود وەربگرێت.

٣٣) پردی چینوەت: لە گاتاکاندا چەندین جار باسی پردی چینوەت (CH invat peretu) کراوە، کە دەتوانین لە بەراوردکردندا ئەم پردە و پردی سیرات (صراط) چون یەك بزانین. چینوەت بە مانای دادوەریکردنە، کەواتە پردی چینوەت بە مانای پرد یا ریگەی دادوەرییە، لە یەسنا هات ٤٦ بەندی ١١ دەبیژیّ:

(رۆح و ویژدانیان کاتیك لە پردی چینوەت نزیك دەبنەوە، دەکەونە ترس و لەرز...)

بە گوێرەی داستانەکانی پاش زەردەشت (داستانەکانی پەهلەوی) ئەم پردە، ریگەیەکە کە رۆح پیایدا تیپەڕدەبی. کاتیك کە روحیانەتی خاسگەلان دەیگەنی، پانوپۆر دەبیت و زۆر بە ئاسانی بە سەریان تیپەڕدەبن و دەگەنە بە هەشت. بەلام هەر کە خراپەکاران دەیگەنی لە موو باریکتر و لە تیغ تیژتر دەبیت و ناتوانن ریگەکە ببڕن و دەکەونە بنی دۆزەخ.

هەروەها بە گوێرەی نووسینەکانی پەهلەوی لەجیهانی پاش مردن ئەوانەی لە تەك رۆحدا دادوەری دەکەن و لیّیان دەپرسنەوە، بریتین لە ئیزەدی میترا (میهر) ئیزەدی سروش و ئیزەدی رەشەن.

بەلام علی اکبر جعفری لە کتیبی پیام زرتشت، چاپی سیّیەم، ل - ١٠٢ دەبیژیّ:

(...ناوی ئەم پردە - چنوت پەرتو یا پردی جیاکردنەوەیە. ئیستا با بزانین زەردەشت کە داهیّنەری ئەم وشەیەیە، سەبارەت بەمە چی دەبیژیّ:

((ئەی مەزدا ئاهورا،

ئەز، بە دروستی دەبیژم،

هەر کەسیّك، چ پیاو چ ژن،

ئەو شتەی کە تۆ بە خاسی دەزانیت بۆ ژیان، ئەنجام بدات،

لە ژیر سایەی ئەندیشەی خاس،

بەهرە وەربگریّت لە پاداشتی راستی و توانایی مەعنەوی و خزمەتکردنی خەلك ئەز ئەو جۆرە کەسانە

رینمایی دەکەم، کە ستایشت بکەن، لە سەر پردی دووریانی چاکە و خراپە (پردی چینوت)

رینماییان دەکەم.)) یەسنا، هات ٤٦ بەندی ١٠

هەروەها لە یەسنا هات ٤٦ بەندی ١١ دەبیژیّ:

((کاوییەکان و کەرپەنەکان، یەکیان گرتووە،

لە تەك پیاوەکانیاندا،

بە کردەوە ناشیرینییەکانیانەوە،

ژیانی خەڵك ئاڵۆز و پەرێشان دەكەن.
بەڵام، ڕەوان و ویژدانیان،
كاتێك كە دەگەنە سەر پردی دادوەری (چینۆت)،
دژیان ڕادەوێستن،
بۆ هەمیشە دەچنە مۆڵگەی درۆزنان و خراپەكاران.))
هەروەها لە یەسنا، هات ٥١ بەندی ١٣ دەبێژێ:
((بەم شێوەیە،
خراپەكار، كە لە ڕێی ڕاست لای داوە،
ویژدانی خۆی دووچاری خراپە كردووە،
لەسەر پردی چینوت،
بەرامبەر بە ئاشكرابوونی كردارەكانی،
ڕۆحی دووچاری سەرزەنشت دەبی،
چونكە بە هۆی كردار و گوفتاری خۆیەوە،
لە ڕێی ڕاست دووركەوتۆتەوە.))

كەوایە دەبینین تەنیا ڕاستكاران لە ئەوانەی دیكە جیادەبنەوە و لەم پردە تێپەڕدەبن، درۆزنەكان و خراپەكاران لەرز دەكەوێتە جەستەیان و لەڕاستیدا ئەم پردە بۆ ئەوان نییە. لەم سێ بەندەدا كە زەردەشت باس لە پردی چینوت دەكات، بە هیچ جۆرێك باس لە پانایی و باریكی و كەوتنە نێو دۆزەخ یان چوونە نێو بەهەشت ناكات. ئەم پردە مەعنەوییە تەنیا حسابی ڕاستكاران لە درۆزنان جیادەكاتەوە و هیچی دیكە. ئاشكرایە ئەم جیاكردنەوەش هەر لەم جیهانەدا ڕوودەدات. ئەو كەسەی ڕاستكارە، ڕزگاری دەبێت و دەگاتە پلەی نەمرێتی، ئەوەی كە درۆزنە و خراپەكارە، لە مۆڵگەی درۆ و خراپیدا دەمێنێتەوە و بە هۆی ویژدانی خۆیەوە تووشی كوێرەوەری و ڕەنجكێشان دەبێت و دەمێنێتەوە تا ئەو كاتەی ئەویش پاك دەبێتەوە و ڕزگاری دەبێت و نەمرێتی ئەویش دەگەیەنێتە سەرای ئەندێشەی خاس.

ئەم پردە، پردێكی زاراوەییە و هیچ بوونێكی مادی نییە. زەردەشت مەبەستی لەم زاراوەیە ئەوە بووە كە مانای ئەو جیاكردنەوەی نێوان خەڵكی دوور و درۆزنەكان هەیە، دەربڕێت. درۆزنەكان و

٤٩) سروش: یەکێکی دیکە لە ئیزەدەکانی هاوکاری میترایە.

٥٠) بڕەك نبە مانای بەرازی نێرە، لەمێژەوە لەم ناوچانە دا بە نیشانەی هێز و توانا دانراوە.

٥١) زەوت: یەکێکە لە موبدەکانی زەردەشتی کە لەنێو ئاتەشکەدەکاندا لە کاتی نیایش و نزادا، لە تەك ئامادەکردنی (زەور) ڕێ و ڕەسمە ئایینییەکان ئەنجام دەدات.

٥٢) هاوەنەن: گەورەترین پێشەوابووە کە ئەرکی دروستکردنی (هوم)ی بە سەرەوە بوو. شایانی باسە کە وشەی (هاوەن) لە (هاوەنەن) وەرگیراوە کە تیایدا شیلەی گیای (هوم) دەگیرایەوە.

٥٣) لەم بەندەدا باسی بڕێك پێداویست دەکات، کە لە کاتی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئایینیدا بە کاردەهێنرا، دار بۆ سووتاندن لە ئاگرداندا، شیر بۆ ئاوێتە کردن لە تەك (زەور)دا، هاوەن بۆ کوتاندن و ئاولێگرتنی (هوم).

٥٤) بەرسەم Barsam: لە ئاڤێستادا پێی دەبێژێ Baresman، ناوی لقێکی باریکە کە لە کاتی بە جی هینانی نیایشتەکاندا، دەیانگرتە دەستیان و بۆ بە کارهێنانیان ڕێوڕەسمێکی تایبەتییان بە کار دەهێنا. بۆ زێتر ئاگایی لە (بەرسەم) بڕواننە باسی ئیزدەی ئازەر (ئاگر).

٥٥) گرەزمان Garzamen، گروسمان، گروشمان، گرئاسمان یا سەرای سروود: گەورەترین مەڵبەندی مەعنەوی ئاهورامەزدایە، جێگەی تیشك و ڕووناکی هەمیشەییە. لە ئایینی ئیسلامدا (عرش)ی پێدەوترێت.

٥٦) دات: فریشتەی نوێنەری یاسا و دادوەرییە.

٥٧) ئەرشتاد : فریشتەی ڕاستی و دروستییە.

٥٨) مەبەست لە ئیزدەکان، ئەمشاسپەندەکان و فرەوەهرەکانە، کە لە پێش ئافراندنی ئەم جیهانە خولقاون.

٥٩) ئازەر: لە ئاڤێستادا ئاتەر atar یا ئازەر فریشتەی پاسەوانی ئاگرە. هۆی ئەوەی کە لە کاتی ناوهێنانیدا دەیلکێنن بە مەزدا ئاهورا ئەوەیە، کە زێتر بایەخ بە ئاگر بدرێت. هەروەها کاتێك دەبێژن ئازەر کوڕی ئاهورامەزدایە، لە ڕووی مەجازی دایە و بۆئەوەی بایەخی زێتری پێبدرێت دەڵێن کوڕی ئاهورامەزادیە، دەنا زەردەشتییەکان وەك یۆنانییەکان بیرناکەنەوە کە خواکانیان لەنێو خۆیاندا خێزان پێکبێنن.

٦٠) ئەپەم نەبات: یەکێکە لە فریشتەکانی پاسەوانی ئاو و یاریدەدەری ئاناهیتایە.

٦١) گەهنبار: داستانی ئافراندن لای نەتەوە ئاریاییەکان، هەر وەك لای جوولەکەکان و ئایینە سامییەکانی دیکە تا ڕادەیەك وەك یەك وایە. لە ئایینی زەردەشتیدا باس لەوە دەکرێت کە جیهان و

هەموو گیتی لەلایەن ئاهورامەزداوە بە شەش قۆناغ دروستکراوە. وەلی ئاهورامەزدا وەك یەهوەی جوولەکەکان و خوای ئایینە سامییەکان بە پەلە ئەم کارەی ئەنجامنەداوە، کە لە شەش رۆژ بەسەریەکەوە کاری ئافراندنی ئەنجام دابێت، لە رۆژی حەوتەمدا شەکەت و ماندوو بووبێت و پشووی دابێت، بەڵکو ئاهورامەزدا ئەم ئافراندنەی بە شەش قۆناغ و لە ماوەی ساڵێکدا ئەنجامداوە. ئەم شەش قۆناغەی ئافراندنی جیهان بە زمانی پەهلەوی پێی دەبێژرێت (گاسنبار) و بە فارسی (گاهنبار) یا (گهنبار)، بریتییە لە بەشێك کە وەرگیراوە لە (هادخت نەسك) واتە بیستەمین پەرتووکی ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکان.

لە رۆژگارانی دێریندا و تا هەنووکەش لە کاتی داهاتنی هەر یەك لەم رۆژانەدا، زەردەشتییەکان جەژنیان دەگرت و بە خۆشی و شادییەوە پێشکەشییان پێشکەش بە موبدەکان و پێشەوا ئایینییەکانی دیکە دەکرد. یاخود دەیانبەخشی بە هەژاران و دەستکورتەکان. گهنبار، بریتییە لە شەش جەژنی گەورە کە هەر یەکە لەم جەژنانە نیشانەیە بۆ وەدیهاتنی یەکێ لە ئافەریدەکانی ئاهورامەزدا.

بەرپاکردنی ئەم جەژنانە سوپاسە بۆ ئاهورامەزدا بۆ ئەو بەخشینانەی بە مرۆڤی داوە. شایانی باسە بۆ هەر یەکی لەم جەژنانە سرووود و نیایش و رێورەسمی ئایینی تایبەتییان هەبووە. هەر یەك لەم جەژنانە ماوەی پێنج رۆژی خایاندووە، ناوی ئەم جەژنانە بەم چەشنە بووە:

١. مئیز یوئی زرمی کە بە پەهلەوی دەبێژری میدیوزرم: بە مانای ناوەڕاستی وەرزی بەهارە، لە چل و پێنجەمین (٤٥) رۆژی ساڵدا بووە، واتە لە رۆژی پانزەهەمی گوڵانەوە دەست پێی دەکات و پێنج رۆژ دەخایانی. لەم قۆناغەدا ئاسمان دروستکراوە.

٢. مئیزیوئی شم، بە پەهلەوی دەبێتە میدیوشەم: بە مانای ناوەراستی وەرزی هاوینە و کاتی درەوکردنە و لە سەدو پێنجەمین (١٠٥) رۆژی ساڵدایە، واتە لە ١٥ ی پوشپەر. لەم قۆناغەدا ئاو دروستکراوە.

٣. پئی تیش هھی، بە پەهلەوی دەبێتە پەتیەشەهیم: بە مانای پێگەیشتنی دانەی گەنمە، کاتی خەرمانانە و لە سەدوو هەشتایەمین (١٨٠) رۆژی ساڵدایە، واتە لە سێیەمین (٣٠) رۆژی مانگی خەرمانانە. لەم قۆناغەدا زەوی دروستکراوە.

٤. ئایا سەریم: بە مانای گەڕانەوەی ڕان و گاگەلە لە لەوەڕگاکانی هاوین و کاتی جوتبوونی مەڕە. لە دووسەدودەهەمی (٢١٠) رۆژی ساڵدایە، واتە سێیەمین (٣٠) رۆژی مانگی ڕەزبەرە. لەم قۆناغەدا گژوگیا دروستکراوە.

سەرچاوەکان

ژ	بابەت	نوسین
١.	قورئانی پیرۆز	وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار
٢.	زردشت باستانی و فلسفه او	تألیف حاجی میرزا عبدالحمد خان ایرانی مودب — چاپی میسر ١٩٣٣
٣.	ائینه ائین مزدەپرستی	کیخسرو شاهرخ چاپ سێیەم ١٣٣٧
٤.	گاتا ، سرودهای زردشت	استاد پورداود چاپ سێیەم ١٣٥٤
٥.	یشتها (جلد اول)	استاد پورداود — چاپی بومبای
٦.	خرده اوستا	تفسیر و تألیف استاد پورداود /چاپی بومبای
٧.	سوشیانت موعودمزدیسنا	استاد پورداود ١٩٢٧
٨.	جهانبینی زردشتی	موبد رستم شهزادی / سازمان انتشارات فروهر چاپ یەکەم ١٣٧٧
٩.	خداشناسی زردشتی از باستانی ترین زمان تا کنون	نوسینی / مانك جی نەوشیروان جی دهالا — وەرگێڕانی د.روستم شهزادی چاپی یەکەم ١٣٧٧
١٠.	زردشت و اموزشهای او	موبد رستم شهزادی/ چاپی یەکەم ١٣٧١
١١.	گاتها ، سرودهای مینوی زردشت	گزارش د. حسین وحیدی - چاپی دووەم ١٣٦٦
١٢.	جهانبینی زردشتی و عرفان مغان	د. حسین وحیدی
١٣.	دین پایه زردشتی	د. حسین وحیدی - رشید شهمردان چاپی یەکەم ١٣٥٩
١٤.	خرده اوستا	د. حسین وحیدی - چاپی یەکەم ١٣٦٨
١٥.	سوشیانت یا سیر اندیشه ایرانیان درباره موعود اخر زمان	علی اصغر مصطفوي — چاپی یەکەم ١٣٦١
١٦.	دبستان المذاهب	علی اصغر مصطفوي — چاپی یەکەم

		۱۳٦۱
.۱۷	نگرشی بر اسلام و زرتشت	موریس شیخی/ چاپی یەکەم ۱۳۷٦
.۱۸	بررسی مختصری ازتاریخ ادیان کردان	پرۆفیسۆر توفیق وهبی / ترجمه سید جمال الدین حسینی چاپی یەکەم ۱۳۱ انتشارات سیدیان
.۱۹	زرتشت پیامبر ایران باستان	هاشم رضي چاپی دووەم ۱۳۸۰
.۲۰	اوستا(یسنا، گاتا، یشتها، ویسپرد، خرده اوستا)	ترجمه و تحقیق هاشم رضي ۱۳٦۳
.۲۱	متون شرقی و سنتی زرتشتی	نوشته و پژوهش هاشم رضي جلد ۱ و ۲ - چاپی یەکەم ۱۳۸٤
.۲۲	اوستا(نامه مینوی ائین زرتشت)	جلیل دوستخواه چاپی سیّیەم ۱۳٦۱
.۲۳	گات ها ، سرودهای زرتشت	ترجمه و تفسیر موبد فیروز اذرگشسب — سازمان انتشارات فروهر — جلد ۱و۲
.۲٤	بخشی از فرهنگ اوستا(و نگبیق ان با فارسی و کردی)	گرداورنده : موبد فیروز اذرگشسب۱۳۳۷ خورشیدی
.۲۵	اتش در ایران باستان	موبد اردشیر اذرگشسب — چاپی دووەم ۱۳۵۳
.۲٦	هفت رمز فروهر	د. رحیمچاوش اکبری — چاپی یەکەم ۱۳۷٦
.۲۷	زرتشت پیامبری که از نو باید شناخت	ارباب کیخسرو شاهرخ — چاپی سیّیەم ۱۳۸۱
.۲۸	زروان ، سنجش زمان در ایران باستان	فریدون جنیدی — چاپی یەکەم ۱۳۵۸
.۲۹	زندگی و مهاجرت نژاد اریا بر اساس روایت ایرانی	فریدون جنیدی — چاپی یەکەم ۱۳۵۸
.۳۰	تاریخ تمدن و فرهنگ ایران	د. عبدالعظیم رضائي
.۳۱	تاریخ ده هزار ساله ایران	د. عبدالعظیم رضائي — جلد اول چاپی شانزەیەم ۱۳۸٤

٣٢.	اصل و نسب و دین های ایرانیان باستان	د. عبدالعظیم رضائي –چاپی حەوتەم ١٣٨٤
٣٣.	پیامهای والای زرتشت به جهانیان (ویژه زرتشتیان اریایی)	د. عبدالعظیم رضائي – چاپی یەکەم ١٣٨٦
٣٤.	زرتشت – (مزدییسنا و حکومت)	مهندس جلال الدین اشتیانی –چاپی یەکەم ١٣٦٦
٣٥.	مدیریت نه حکومت(جلد اول و دوم)	مهندس جلال الدین اشتیانی –چاپی چواردم ١٣٦٧
٣٦.	جغرافیای تأریخی شهر بزرگ هگمتان و انشان	جواد صدقی ١٣٥٣
٣٧.	بدانیم و سربلند باشیم	د.منوچهر منوچهرپور . چاپی دووەم ١٣٥٧
٣٨.	ایران، از زرتشت تا قیام های ایرانی	رضا اصفهانی . چاپی یەکەم ١٣٦٦
٣٩.	مزدك	خسرو خسروی . چاپی یەکەم ١٣٥٩
٤٠.	فروهر	نشریه سازمان فروهر
٤١.	نور، اتش، اتشکده در ائین زرتشت	موبد د. جهانگیر اوشیدری . چاپی یەکەم ١٣٧٩
٤٢.	گفتاری درباره دینکرد	د. محمد جواد مشکور ١٣٢٥
٤٣.	الفرق بین الفرق در تاریخ و مذاهب اسلام	تالیف : ابو منصور عبدالقادر البغدادی ترجمه: د. محمد جواد مشکور چاپی دووەم ١٣٤٤
٤٤.	زرتشت چه میگوید	تالیف :ژان وارن ترجمه عنایت شکیباپور
٤٥.	بینش زرتشت	خداداد خنجری . چاپی دووەم ١٣٨٠
٤٦.	دیدی نو از دینی کهن (فلسفه زرتشت)	د.فرهنگ محمد.چاپی چواردم ١٣٨٠
٤٧.	شایست و ناشایست	ترجمه : کتایون مزداپور . چاپی یەکەم

		١٣٦٩
.٤٨	قرص باردار (نمادمقدس مشترك در خـاور نزديـك باستان)	نسرين عتيقه‌چى . چاپى يه‌كه‌م ١٣٨٣
.٤٩	دين بهى (فلسفه دين زرتشت)	مهرداد مهدى چاپى دووه‌م ١٣٨٠
.٥٠	تاريخ ماد	ا.م.دياكونوف . ترجمه كـريم كشـاورز – چاپى دووه‌م ٢٥٣٧
.٥١	قاموس قران	سيد على اكبر قرشى جلد٣و٤
.٥٢	فلسفه و ائين زرتشت	تحقيق و پژوهش : احمد عباسيان – چاپى يه‌كه‌م ١٣٨٥
.٥٣	اثار الباقية	تأليف ابو ريحان برون ترجمه _اكبر دانا سرشت – چـاپى دووه‌م ١٣٥٢
.٥٤	جغرافياى غـرب ايـران يـا كوههـاى ناشناخته اوستا	عمادالدين دولتشـاهى – چـاپى يه‌كـه‌م ١٣٦٣
.٥٥	دينكرد	فريدون فضيلت ١٣٨١
.٥٦	بررسى يسنا	م. اورنگ
.٥٧	زند و هومن يسن (كارنامـه اردشـير پاپگان	صادق هدايت . چاپى يه‌كه‌م ١٣١٢
.٥٨	مزداپرستى در ايران قديم	ارتور كريستنسن ترجمـه: ذبيح الله صفا . چـاپى پيّنجـه‌م ١٣٨٢
.٥٩	زرتشتيان (باورها و اداب دينى انها)	تاليف : مرى بويس ترجمه : عسكر بهرامى . چاپى هه‌شـته‌م ١٣٨٦
.٦٠	كتاب مقدس	عهد عتيق / چاپ فارسى ١٩٨١

٦١.	کرد و پیوستگی نژادی او	رشید یاسمی
٦٢.	برجستگان جهان	ایت الله مردوخ کردستانی
٦٣.	گاتا – سروده پیرۆزەکانی زەردەشت	بابان سقزی ٢٠٠٦
٦٤.	هل کان زرادشت نبیا؟	ممدوح الزوبی المکتبه الپقافیه – بیروت ١٩٩٨
٦٥.	پیام زرتشت	علی اکبر جعفری – چاپی سێیەم ١٣٦١

جلوبەرگی خانمێکی زەردەشتی لە کاتی نیایشدا



نمونەیەك لە جل وبەرگی مویەدەكان



پۆشاکی ئافرەتی زەردەشتی

نمونەیەك لە جل وبەرگی ئافرەتی زەردەشتی



شێوازی بەستنی کشتی (پشتێنی ئایینی)



سدرە (ژێرکراسی ئایینی)



کشتی (KOSHTI) (پشتێنی ئیتاعەت)



دوورنەمایەك لە داهما (دەخمە)ی زەردەشتییەكان



دیوی ناوەوەی داهما،جێگای دانانی جەستەی مردوو



دیواری دەرەوەی داهما

داهما ، دیمەنێکی دوور بەسەر بەرزاییەکی دوور لە ئاوەدانی



زەردەشت ، پەیامبەری کورد

زەردەشت ، پەیامبەری کورد

زەردەشت ، پەیامبەری کورد

زەردەشت ، پەیامبەری کورد



زەردەشت ، پەیامبەری کورد

زەردەشت ، پەیامبەری کورد



زەردەشت لە کاتی گفت وگۆ لە تەك گوشتاسب شا و دەربارەکەیدا

یەکێك لە ئاتەشکەدەکانی زەردەشتییەکان

پەیکەری فرەوەهر لەسەر مەزاری کەیخەسرەوی ماد لە ئەشکەوتی قزقەپان لەسەر ڕێگەی سلێمانی - چەمی ڕێزان



ئاتەشکەدەی چارستین (چوار کۆڵەکە) — دهۆك

فرەوەهر

دیمەنێکی دوور لە شیز(تەختی سولەیمان)لە نزیك شاری تیکاب لە رۆژهەڵاتی کوردستان



ئاتەشکەدەی گوشتاسەب



لە ساختمانەکانی ئاتەشکەدەی گوشتاسەب لە فیروز ئاباد لەسەردەمێکدا کە ئاوەدان بوو.



شیز (تەختی سولەیمان) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەشێك لە تەختی سولەیمان



گۆڕی زەردەشتییەك لە گۆرستانی تایبەت بە پەیرەوانی ئایینی زەردەشت لەم سەردەمەدا

مەزارگای ئەناهیتا لە سەحنەی کرماشان - ڕۆژهەڵاتی کوردستان



کەعبەی زەردەشت

پەیکەری فرەوەهر لە تەختی جەمشید

رێورەسمی تایبەتی زەردەشتییەکان



موبەدێك لە كاتی نیایشدا

ڕێورەسمی بەرپاكردنی جەژنی سەدە

ڕێورەسمێکی ئایینی زەردەشتییەکان

ڕێورەسمی ئایینی



ڕێورەسمی جەژنی بالغ بوونی میر منداڵێکی زەردەشتی



یەکێك لە ئاگرە پیرۆزەکان بەلای زەردەشتییەکانەوە



هەڵگیرسانی ئاگر لە شەوی چوارشەممە سووری



ڕێورەسمێکی زەردەشتییەکان



ڕێورەسمێکی ئایینی زەردەشتییەکان



ڕێورەسمێکی ئایینی زەردەشتییەکان بە خوێندنەوەی ئاڤێستا

بیری چاک

وتەی چاک کرداری چاک

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
MUKIRYANI HOUSE FOR PRINTING AND PUBLISHING
www.Mukiryani.com
2013